

گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق

«دەستەی کورد»

بەرگی شازدەهەم و حەڤدەهەم

۱۹۸۷

چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق

بەغدا

KITAB - I ARZAN
Barnarpsgatan 31
553 16 Jönköping/Sweden
Tel: (+46) 36-14 80 31
Telefax: (+46) 36-71 09 99
Mobil: (+46) 70-492 69 24

بەشی نووسەوانی :

دکتۆر جوامێر مجید سلیم ــ سەرۆك

دکتۆر حسن کتانی ــ ئەندام

دکتۆر کامل حسن البصیر ــ ئەندام

عبداللطیف عبدالمجید ــ ڕازگر

بەراوردێکی پیرەمێرد لەگەڵ شێخ ڕەزا لە وێژەدا

بە قەڵەمی :
شێخ محمـدی خاڵ

لە ساڵی ١٩٤٠دا قازی بووم لە چەمچەماڵ ، ناوبەناو ئەچووم بۆبەغدا بە ئیشی خـۆم ، ئەو سـەردەمە لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا بە شەمەندەفەر هاتوچۆئەکرا ، منیش لەبەر ئەوە لە ئوتێلی « ئەحمەدپەڵاس » دائەبەزیم وە دوای عەسران ئەچووم بۆ لای خوالێخۆشبوو ـ سـەید ئەحمەدی خانەقا وە لەوێ بە خزمەت زۆر لـە مەلاو مامۆستاو خوێندەوارانی تـر ئەگەیشتم ، وە هەموو جارێك تووشی کۆڕێکی وێژەیی ، یـا دینی ، یـا زانیاری ، یا مێژوویی ئەبووم ، جارێکیان یەکێك لە مەلاکان کەمەلا ئەحمەدی مەلا حکیم بـوو لێی پرسـیم وتی : فلاّن کەس شێخ ڕەزا شاعیر تر‌ە یـا پیرەمێرد ؟ منیش نەمتوانی کوترپڕ وەلاّم بدەمەوە ، بەڵکو لابەلا ڕۆیشتمو وتم شێخ ڕەزا لە ڕەشیدی ئامۆزای دڵگیربووە وە چوارینەیەکی سەختی تێ گرتووە ، پیرەمێردیش لە ڕەشـید ئەفەندی ناوێکی خـزمی خـۆی دڵگیربووە ، ئەمیش چوارینەیەکی سـەختو تاڵی تێ گرتووە با هەردوو چوارینەکە بخوێنینەوە بزانین کامیان جوانترو بەهێزترە ؟

شێخ ڕەزا بە ڕەحمەت بێ بە ڕەشیدی ئامۆزای ئەڵێ :

ڕەشە ڕەشاشی کەری‌ڕەش بەڕەشت
تا ڕەشت ماوە ڕەشو سوور بە ڕەشت

چڵوچێوی چەمی ڕەشنەش بە ڕەشت
بە بەشت هەم بە لەشت هەم بە ڕەشت (١)

پیرەمێردیش بە ڕەشید ئەفەندی خزمی خۆی ئەڵێ :

پەندی پێشینیانە بۆز بە لەڕی
جاشە ڕەشمان بە دەنکە جۆێ زەڕی

ڕەشە بەختم بە خەڵقی سەگ ئەوەڕێ
ڕەشەمێ بوو بەمن پشیلە وەڕی

لەگەڵ ئەم چوارینەیەم خوێندەوە هەموو دانیشتووان ئەبڵەق بوون ، چاویان کرایەوەو دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو ، بێپەروا وتیان : بەخوا ئەم چوارینەی پیرەمێردە گەڵێ لە چوارینەکەی شێخ ڕەزا جوانترو ڕەوانترو بەماناترە ، منیش ئنجا وتم پیرەمێردیش شاعیرێکی گەورەیە وەك شێخ ڕەزا لە کوردیو فارسیو تورکیدا .

لەپاشا وتم هەموو دوو شاعیرێکی ڕاستەقینەی وەك شێخ ڕەزاو پیرەمێرد کە بەراورد بکرێن دەرئەکەوێ کە گشتیو تایبەتی جیاوازی « عموم وخصوصی من وجه » یان لە ناوایە ، واتە ئەویان لە چامەیەکا لەمیان بەرزترو ڕەوانتر ، وە ئەمیان لە چامەیەکی ترا لەویان بەرز ترو ڕەوانتر ، وە هەردووکیان لە چامەیەکی ترا وەك یەك وان .

با وێنەیەکیش لە زبانی فارسیدا بێنینەوە بۆئەم دوو شاعیرە .

ئەگێڕنەوە کە شێخ ڕەزا بەینی زۆر خۆش بووە لەگەڵ بەگزادەکانی جافا ، نەخوازەڵا لەگەڵ خانمو وەسمان پاشادا ، هەموو سالێ یا بە تایبەتی چووە بۆ هەڵەبجە بۆ لایان ، وە لەوسەرەوە بە خەڵاتو بەراتێکی زۆرەوە گەڕاوەتەوە ، وەیا نەچووەو ئەوان دیاریان بۆ ناردووە ، وا دەرئەکەوێ

(١) ئەم چوارینەیە لە دیوانەکەی شێخ ڕەزادا نییە .

ئەو ساڵە دیاریەکەیان دواکەوتووە ، کە ئەمەش بۆ شێخ ڕەزا زۆر بووە ، لەبەر ئەوە شێخ ڕەزا ئەیەوێ پلارێك بهاوێ ، خۆ نابێ بی گرێتە خانم و وەسمان پاشا ، ناچار پلارەکە ئەگرێتە نووسەر « کاتب » ەکەی خانم کە ناوی مەلا محمدی سنەیی بووە ، وە ئەم چوار شیعرە فارسیەیە ئەنێرێ بۆ خانم ، ئەڵێ :

کجا شد آن کرامتهای دیرین
کجا شد آن عنایتهای پیشین

نه گاهی پرسدم پاشا نه خانم
نه یادم میکند خسرو نه شیرین

ازین جانب نمی‌دانم سبب چیست
ازین جانب مگر ملای بی دین

نترسد از زبان آتشینم
جعلناها رجوما للشیاطین (۲)

واتە : بۆ کوێ چوو پیاوە تیەکانی جاران ، کوا بەتەنگەوە بوونەکانی پێشوو •

نە جارێ پاشا لێم ئەپرسێ و خانم ، نە جارێ خوسرەو یادم ئەکاو نە شیرین کەنیزەکێکی زۆر جوان بووە ، پاشای ساسانی خوسرەوی پەرۆێز حەزی لێ کردووەو مارەی کردووە) •

لە لای خانم و پاشاوە هیچ هۆیەك نابینم ، مەگەر هۆ هەر لە لای مەلا محمدی بێدینەوە بێ •

---

(۲) ئەم چوار شیعرە لە دیوانەکەی شێخ ڕەزادا نییە ، هەروەك شیعرەکانی پیرەمێردیش لە دیوانەکەیا ناونەبراوە .

مەلا محمـــد بۆ ناترسێ لە زمـــانی ئاگرینم • کە دامناوە بۆ ڕەجمی پیاوخراپان •

مەلا محمدی سنەیی کە ئەم شیعرانە ئەبینێ لە ترسانا ئەتۆقێو ورە بەرئەدا ، وە ناتوانێ بە چەند شیعرێك وەلامی بداتەوە با بۆ شێخ ڕەزاشی نەێرن ، تا بۆ پاشەڕۆژ بمێنێتەوە ، خانمو پاشاش زۆر هەوڵ ئەدەن کە یەکێك پەیدابکەن وەلامی شێخ ڕەزا بداتەوە ، وە لەم ڕووەوە زۆر مشوور ئەخـــۆن بەڵام کەســـیان دەستناکەوێ ، ئێوارە وەختەیەك دەمەوڕۆژئاوا تەحسیلدارێکی شانومل داچەکاو بە سواری وڵاخێکی کەرتەلەڕەوە پەیدا ئەبێ ــ کە پیرەمێردئەبێ وە ئەو حەلە پێی ووتراوە تۆفیقە فەندی محمـــود ئاغا ، وە سەرماو باران سوارەکەشو وڵاخەکەشی شپرزەکردووە ، سوارەکە ڕوو ئەکاتە ماڵی وەسمان پاشا وە ئەچێتە دیواخان ، پیاوەکان خەبەر ئەدەن بە خانم کە تۆفیقی محمود ئاغای تە حسیلدار میوانمانە ، خانم لە خۆشیانا ئەگەشێتەوە ، وە ئەڵێ : خێرا ئاگری بۆ بکەنەوەو چای بۆ لێبنێنو نانی گەرمو گوڕی بۆ بەرن ، وە مـــەلا محمـــدی کاتبیش ئەێرێتـــە لای کە بەخێرهاتنی بکاو قسەی خۆشی بۆ بکا وە لە میانەی خۆیا شیعرەکانی شێخ ڕەزاشی بۆ بخوێنێتەوە ، کە مەلا محمـــد شیعرەکانی بـــۆ ئەخـــوێنێتەوە پیرەمێرد ئەڵێ : من وەلامی ئەدەمـــەوە ، شەو کە پیرەمێـــرد مانـــدووی ئەحەسێتەوە دەستئەداتە قەڵەم وەلامی چوار شیعرەکەی شێخ ڕەزا بـــە چوار شیعری فارسی وە بە هەمان « عین »وەزنو قافیە ئەی‌نووسێ ئەڵێ :

رضای تلخ‌کامت خواند شیریـــن
دهانش ریش باد آن مردی کج‌بین
که کی خسرو به کیخسرو شبیه‌است
کجا شیرین بود چون حـــوری عین

تو آن حوری که از پاداش نیکی
ز جنت آمدی با عز و تمکین

ملا محمل کش و نادر ندیماست
رضا نبود که خوانندش شیاطین

واتە ڕەزای دەمبۆگەن تۆی کرد (ئـەی خانم) بـە شیرین ، دەمی داوەشێ ئەو مەردومە کەچبینە کە وا ناوی خانم بە شیرین ئەبات ، هەروەك شیرینیش دەمودانکرمۆك ئەکا .

لە کوێ خوسرەوی پەرویز ئەبێ بە کەیخوسرەوی کەیانی ، لە کوێ شیرینی دڵداری خوسرەو ئەبێ بە حۆریی عین (کـە خانمی ژنی وەسمان پاشایە) .

تۆ ئەو حۆرییەیت کە لە پاداشی چاکیدا لە بەهەشتەوە هاتوویت بۆ لای وەسمان پاشا .

مـەلا محمدی نووسەری خانم کەژاوەڕاکێشو هاودەمێکی نایابو یەکتایە ، ڕەزا نیە کە پێی بڵێن شەیتان ، یاخۆ شێخ ڕەزا نیە کە شایستەی ئەوە بێ پێی بڵێن : شەیتان .

ئاشـکرایە لە هـەموو کەسێکەوە وەلاّمدانەوە لە هەموو شتێکا لە پرسیار قورستر و گرانتڕە ، چـونکە یەکەم جار وێژەر « شـاعیر » مەلی زەینی لە ئاسـمانی مەبەستا بەرەڵاّو ئازادە ، ئەتـوانێ چی هەڵئەبژێرێ هەڵیبژێرێ لە سەرباسو ، لەوەزنو ، لە قافیەو ، لە مەبەستا ، تەنانەت لە وتەکانیشیا ، بەلاّم لە وەلاّما تۆ بەستراویتەوە بە وەزنو بە قافیەو بە مەبەستو بە وتەکانی پرسیارەکەشـەوە وەك دەڕئەکەوێ لە شیعرەکانی پیرەمێردا ، ئەگەر ڕاستت ئەوێ ئەم وەلاّمی پیرەمێردە بۆ پلارەکانی شێخ ڕەزا « سەد قەڵوبەردە » واتە چۆن سەد قەل بە تاقە بەردێك هەڵئەفڕێنرێ ، پیرەمێردیش

به تاقه بەردێك سەد پلاری شێخ ڕەزای هەڵفڕان .

هەزار ئافەرین بۆ تۆ ئەی پیری مەرد بۆ خۆتو وەڵامت . داخەکەم شێخ ڕەزا ئەم وەڵامەی نەدیوەو نیشانی نەدراوە تاتێبگەیشتایە بە تەواوی کە سلێمانی ڕۆڵەی چۆنی هەیە .

بێ گومانم چۆن پیرەمێردو شێخ ڕەزا شان بە شانی یەك ئەڕۆن لە کوردیو فارسیدا ، هەرواش شان بە شانی یەك ئەڕۆن لە تورکیدا ، بەڵام شێخ ڕەزا لە عەرەبیشا وەك سێ زبانەکەی تر بەزرو بالایە کە پیرەمێرد لێرەدا دەفی دەنگنادا ، بە ڕاستی هەر دوولا مەشخەڵێکی ڕووناکن بۆ وێژەرانو نووسەرانو بوێژان ، وە لەم سێ زبانەدا مەگەر هەر درۆزن جیایان بکاتەوە .

بۆچوونەکانمان

لە کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردەواریدا

ئەندامی کارا
د . کامل بصیر

تۆژەر ، چەند بیەوێ زانستیانە بیربکاتەوەو پێنووسەکەی لە داوی کەسایەتی سەرفراز بکات ــ پێی ناکرێت دەرگا لە ڕووی کارتێکردنی دەرفەتو قۆناغی مێژوویی و ویستەمەنی و ئارەزووەکانی دابخات .

کێشەی گرنگ لەم بوارەدا ــ دەپرسێت : تا چ ڕادەیەك ئەو دەرگایە کراوەتەوە ؟ ئایا خراوەتە سەر گازی پشت یاخود بە ڕادەی سروشتی هەموو زانستیەکی مرۆڤایەتی درزێکی بۆ هەناسە دانی داهێنانی کەسایەتیو زۆرانی بیری کراوەتەوە ؟ ئێمە ، کە کۆمەڵە هۆیەکی کەسیو نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەریو مرۆڤایەتی پاڵی بەرەو کۆڕی وێژەو ڕۆشنبیری پێوە ناوین ، بە وردی هەنگاو بەهەنگاو ئاگامان لەو کێشەیە هەبووەو هەیە ، بۆیە بەر لەهەموو شتێك لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە ، کە هەرگیزاوهەرگیز نە مانوتووە بۆچوونەکانمان لە کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردەواریدا وەکو (خشتەی لێدان) لە زانستی بیرکاریدا لە سەتاسەت ڕاستو ڕەوانو شایەنی مشتومڕو بەرپەرچدانەوە نین ، بەڵکو بەکورتی دەڵێین : هەموو بۆچووێکمان دەشێ جێگای قایل بوون نەبێتو هەندێ تۆژەر بە هەڵە لە قەڵەمی بدەن .

ئەم بارە ــ هەڵبەت ــ ئاسایییە ، بەڵام دیسانەوە دەبێ دووپاتی

بکەینەوە ، کە ئەنجامدانی پێویستی بە تەرازوویەکی دادپەروەری هەیە ، کە بە هۆیەوە نەیاری بۆچوونەکانمان پێیان بکرێت بە چاوی وێژدان هەڵە لە بوختانهەڵبەستن جیا بکەنەوە .

بواری لە دایك بوونی هەڵوێستمان : ــ

مرۆڤ ئەگەر هــاتو بڕوای بە زانستو هێزی کاری گەری ژیــان هەبوو ــ بە هیچ جــۆرێك مل کەچی ڕەشەبای ڕۆژگار نابێتو جڵەوی چارەنووسی بە دەست ڕێکەوتو دۆخی هەمە چەشنەی دەوروبەری یەوە نادا ئەم ڕاستیە ــ هەرچەندە ــ بە ئاسانی نایەتە دی ، بە تایبەتی ئەگەر هاتو بڕواپێکەرەکەی لە ژێر چەپۆکی باریکی ناهەمواردا دەژیا ، بەڵام هەموو توانایەکمان بۆ داگیرساندنی مۆمێك لە مۆمەکانی لە شەوەژەنگی ژیانماندا خستەکار :ــ

ڕەنگە لێرەدا پێمانناخۆش کلیلی ئەو نهێنیە بدۆزینەوە کە هێزێکی بێهاوتای خســتە دەروونمانەوەو دڵمانی بەرامبــەر بە تەوژمی نائومێد ڕاگرت ، بەڵام ئەم نهێنیە لەوەدا خــۆی دەنوێنێت کە مرۆڤێو لە ژانی نەتەوەیەکی ڕەســەنەوە لەدایکبووین ... هــەر چــۆنێك بێت بــاری ئابووریی بنــەماڵەو کۆژانەوەی چــاوو گوزەران لە ژینگەیەکی هــەرە دواکەوتووداو چەند باریکی دی ســەختو ناهەموار پێیانناخۆش مێشكو هەستو نەستمان بە کۆتوزنجیری نەزانێو خۆپەرستیو بێ سوودی لە قوژبنێکی گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی بەغدا ببەستنەوە .

ئەم تۆژینەوەیەمان بێ گــومان نووسینی یادداشت نیە بۆیە بەو هێمایە قایــل دەبێو دووپاتی دەکەینــەوە ، کە هەڵبــژاردنی ڕێگای ڕۆشنبیریی کوردەواریمــانو تەرخــان کردنی ژیانی بیریمان بۆ هێنــانەدیی ئامانجی نەتەوەکەمان ــ بە هیچ جۆرێك لەبەر هۆیەکی کەسی نەبووە .

بواری خــوێندەواریمــان لە ساڵەکانی چــڵو پەنجــاکانداو ماوەی

پێداوین که له زمانو وێژەو ڕەخنەسازیی عەرەبیدا پسپۆڕ ببینو له هەمان کاتدا دەختی ئەو پسپۆڕیەیە به ڕۆشنبیری کوردی ئاو بدەین .

ئەم دەختە له بواری وەهادا ڕەگو ڕیشەی داکوتاو سەوز بووو لقو پۆپی هاویشت ، که هەمیشە بەرەنگاری ئاووهەوایەکی ناساز دەبووو زۆر جار خەریك بووو وشك هەڵگەڕێتو ببێ به گۆچانی نان وەچنگ هێنانو پەیداکردنی فەرمانبەرییێکی پسپۆڕیی دوور له کۆڕی زۆرانی بیری .

پاش تەواوکردنی قۆناغی بەکەڵۆریۆس له بەشی عەرەبی کۆلێجی زانستو وێژە له بەغدا ، بڕیارماندا نامەی ماجستێرەکەمان دەربارەی بابەتێکی زانستیو ڕۆشنبیریی عەرەبیی فراوان بێتو خۆمان نەبەستین به باس کردنی هەستیارێکەوە که هەڵبەستەکانی ئاوازی خواپێ داوان بن .

سەرئەنجام پەخشانی هونەری عەرەبیمان لەسەر دەمی سەرەتایی پەیدابوونی ئاینی ئیسلامدا هەڵبژارد ، که نامەکانی ئیمام (علی) بڕبڕەی پشتی بوون.

ئەم جۆرە بابەتە ــ هەروەکو ئاشکرایە ــ به دەیان کێشەی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو زمانەوانیو ڕەوانبێژیی فراوان قوڵپ دەداتو توێژەرەکە دەستەوێخە بەرامبەر به بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسو لاسایی کارەکانیاندا ڕادەگرێت . بابەتی وەهاش هەرچەندە لەسەر شانماندا قورسو گرانبوو ، بەڵام ئاکامەکانی تا بڵێی به سوود بوون ، به تایبەتی ئەگەر هاتو زانیمان پەیوەندیی کورد بەنەتەوەی عەرەبەوە لەم سەردەمەدا دامەزراو دەیان کێشەی بیریو جوغرافیو مێژوویی به زمانی عەرەبی هێما بۆ ئەو پەیوەندییە دەکەن .

ئەم جۆرە ئاکامانە هۆی سەرەکیی هە ڵبژاردنی بابەتی نامەی دکتۆراکەمان پێك دەهێنن ، که پسپۆڕیەیە له شیکردنەوەی ڕێبازە کانی

تۆژینەوەی خوازەو وێنەی هونەری زمانی قورئانی پیرۆز ، چونکە ئەم بابەتە دیسانەوە سەرچاوە ڕەسەنە جۆربەجۆرەکانی کتێبخانەی عەرەبی لەبەر دەستماندا کردەوە ، کە بە وردی باسی ڕەوتی گشت زانستە بیری و ڕۆشنبیری یە ئیسلامی یەکان دەکەنو زۆرانی جۆربەجۆر لە تێوانی زانای ڕاستەقینەو قەلەم هەڵگری خۆپەرستدا وێنە دەکێشن •

ئەگەر لێرەدا بە تەواوی نەگەڕێینەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی یادداشتمان ، بۆمان هەیە کە بڵێین : ماوەی وەرگرتنی شەهادەتنامەی ماجستێرو دکتۆرامان نزیکەی چواردە ساڵی خایاندو هەنگاوەکانی ئەم ماوە دوورو درێژە بە زۆری لە شاری سلێمانیدا هەمان ڕێچکەی پێکهاتنی بیرو هەستمانیان بڕی ، کە بە ڕووداوی کەسیو نەتەوایەتیو نیشتمانیو مرۆڤایەتی لە شاری بەغدا نەخشەکێشرابوو •

ئێمە ، کە بە باڵی ئەم هەنگاوانە بۆچوونەکانمان بنیاتدەنران هەمیشە تێبینیماندەکرد ، کە نەتەوەی عەرەب هەرچەندە خاوەن کەلەپوورو زانستو ڕۆشنبیری یەکی ڕەسەنە ، ئەم ڕەسەنی یە لەبەر چەند هۆیەکی نازانستی بە پرسیاری گومان ئاڵوقە دەدرا :ــ

بۆ نموونە لە ڕوانگەی پسپۆڕیمانەوە بەرەنگاری ئەو بیروڕایە بووین ، کە بە ناحەق دەیوت : پەخشانی هونەری عەرەبی لەسەر دەستی نووسەرێکی یونانیدا کە ناوی (سالم)ە لە دایك بوو ، ئەمجا وردە وردە پەرەی سەند هەتاکو پاش (ابن العمید)ی فارسی مردو ڕێبازەکانی ڕەوانبێژی عەرەبیش بە کارتێکردنی ڕەخنەسازی ئەغریقی ملی ڕێگای چەسپاندنیان گرتە بەر • بە درێژاییی ماوەی وانەوتنەوەمان لە زانکۆی سلێمانیو زانکۆی المستنصریەدا چەندین تۆژینەوەمان بە زمانی عەرەبی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو بیروڕایانە نووسی •

جا بۆ زانینی نرخی زانستیی ئەم تۆژینەوانەمان ، سەرنج بۆ ئەوە

ڕادەکێشین کە لە لایەن زانایانی دەرەوەی عیراق و ناوەوەی عیراق هەڵسەگێڕانو بەبێ دواکەوتن لە کاتی خۆیدا پلەی پرۆفیسۆریان وەچنگ هێنا .

ڕەسەنیی نەتەوەی کوردمان لە هەمان بارەوە ، تووشی دەیان بڕیاری گومان بەخش بوو ، سامناکیی ئەم بڕیارانە هەرچەندە بابەتی تۆژینەوەکەمان نیە ، لێرەدا پێویستە هێما بۆ ئەوە بکەین ، کە سازکەرانی ، ئەو بڕیارانە چەند پرسیارێکی چارەنووسیان دەربارەی بوون و کەسایەتی و تایبەتی بەتی نەتەوایەتیمان دایەوە .

ئەم بواره بە هەموو ئەو لایەنانەیەوە ئامێزو باوەشی لەدایك بوونی هەڵوێستمان لە ژیاندا پێك دەهێنێ . دەربڕین لە هەڵوێستیش بە جۆرێکی کاری گەرو بەرهەمدار پێویستی بە دابین کردنی هۆ هەیە ، ئەگینا وەکو ئاو لە چوارچێوەی هیواو خۆزگەدا پەنگ دەخواتەوە و دەبێتە زەلکاوێك بۆیە کۆششێکی سەختمان بۆ بەدی هێنانی ئەو هۆیەمان کردو لە ئاکامدا بووین بە ماموستای زمانی عەرەبی لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی زانکۆیی و بەڕێوەبردنی سەرۆکایەتیی لێکۆڵینەوەی کوردی و بەشی زمانی کوردی و بەشی زمانی عەرەبی و عەمادەی کۆلێجی ئاداب ــ زانکۆی سلێمانی پێمان سپێررا ، ئەمجا بووین بە ئەندامی کارا لە دەستەی کورد ــ کۆڕی زانیاری عیراق و ئەندامی پشتگیرلە کۆڕی زمانی عەرەبیی ئوردونی و سووری .

بەدرێژاییی نزیکەی سی ساڵ لەو دامودەزگایەنەدا گەلاڵەکراوو بەرهەم گەلێکمان هێنایەدی[1] ، کە جەمسەریان لەبەر تیشکی هەڵوێستماندا چ لە ڕووی ڕێباز چ لە ڕووی ئامانجەوە بەرپابوون .

کەوابوو بۆچوونەکانمان بۆ دەربڕین لەم هەڵوێستە ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتیان هەیەو چلۆن کارێکیان لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردەواریسان کردووە .

ڕۆشنبیری و ڕەسەنی : ـ

زاراوەی ڕۆشنبیری ، کە بـە زمانی کوردی بەرامبـەر بە زاراوەی (الثقافة)ی عەرەبی و (کەلچەر)ی ئەوروپایی یە ، لەم سـالانەی دوایی دا داتاشراوە ، لە لایەن ڕووناکبیرەکانمانەوە بە وردی سازنەکراوە : ـ

هەندێك لـەم ڕووناکبیرانە لەگەڵ چەمکی شارستانیەتی دا تێکەڵی دەکەن و وەکو وشەیەکی هاوواتا بەرامبەر بە زاراوەی (الحضارة)ی عەرەبی بە کاری دەهێنن هەندێکی تریشیان هیچ سنوورێکی واتایی بان بۆ ڕانەگیشاوە • ئاکامی سامناکی ئەم بارە لەوەدا دابین دەکرێت ، کە زۆربەی تۆژەرە کوردەکانمان لەو باوەڕەدان کە ڕۆشنبیری دیاردەیەکی جیهانی یەو ناشێ چوارچێوەیەکی نەتەوایەتی و نیشتمانی بۆ بچەسپێنرێ و کۆسپ و تەگەرە بخرێتە ڕێگای گۆڕین و دەستکاری کردنیەوە : واتە چلۆن میللەتی کورد ـ بۆ نموونە ـ پێویستی بە تەکنۆلوجیای ئەوروپایی هاوسەردەم هەیە ـ هەروەها پێویستە بەرهەمی بیرو هەستونەستی بیانیش وەربگرێت و لاسایی بکاتەوە • سەرئەنجام لە بواری ڕەخنەسازی و مێژووی وێژەی کـوردی دا ـ تێبینی دەکـەین زاراوەی گەلێکی ئـەوروپایی وەکـو کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و ڕیالیـزم بۆ لێکۆلینەوەی هەستیارە دێرین و هاوچەرخەکانمان قوت دەکرێنەوە و بەبێ گوێدان بە تایبەتیەتی و کەسایەتیی نەتەوەی کورد تۆژەرەکانمان ئەو زاراوە بیانی یانە بۆ باس کردن لە بەرهەمی نەتەوایەتیمـان گلۆر دەکەنەوە • بۆ چوونمان بەرامبەر بەم شـوێنەوارە ناهەموارە هەمیشە دووپاتی دەکاتەوە ، کە چەمکی ڕۆشنبیری لە فەرهەنگی هەموو نەتەوەیەکی زیندوودا بەو جۆرە نیە ، بەڵکو بۆ دەربڕین لـە هەرە تایبەتیەتیی نەتەوایەتی لە کۆڕی هونەرو وێژەو نەریتو خووو ڕەوشتو گشت ئاکامێکی گیانی دا بەکار دێت ؛ بـۆیە ڕەسەنی مەرجێکی گرنگە لە پێناوی بوونی ڕاستەقینەی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەکدا • بەم پێیە ڕۆشنبیری ئەگەر هاتو تایبەت بە نەتەوەیەک نەبووو شوورەی پاراستنی لە چەپۆکی

کارتێکردنی بیانی پتەو سازنەکرا بووو بە شێوەیەکی بەرەڵلاّ ڕێگای لاسایی کردنەوەی گرتبووە بەر ــ بە هیچ جۆرێك شایەنی ناوەکەی نیەو هیچ ئەرکێك لە ئەرکەکانی بەدی ناهێنێ .

هەستیاری نەمری کورد ماموستا گۆران هەرچەندە لە هەڵبەستە پایە بەرزەکەی (دەرویّش عەبدوڵلاّ)دا زاراوەی ڕۆشنبیریی بەکار نەهێناوە ، بەڵام لە هەمان بۆچوونەوە وتوویەتی :ــ

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە .
میزاجی کوردەواریم تێك‌چووە ، دەرویّش عەبدوڵلاّ .
دەخیلت بم دەسا بەو لاوك‌و ئای‌ئای‌و حەیرانە .
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی ماتو چۆڵم‌کە !
لە بیتهۆڤن گەڵێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای ، وەڵلاّ .
دە ، ئەی دەرویّش ، سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کڵوڵم‌کە .

وشەی (میزاج) کە بە زمانی عەرەبی واتای کەیف‌و مەیل‌و ئارەزووی کەسی دەگەیەنێ ، لەم هەڵبەستەی ماموّستا گۆرانْدا بە خستنەپاڵی وشەی کوردەواری چەمکی ڕەسەنی ڕۆشنبیریی مۆسیقای نەتەوایەتی دەردە بڕێت .

هەروەها دەربڕینی (زەوقی‌میللی)و واژەی (ڕۆحم) لە هەڵبەستەکەدا هەمان چەمك دووپات دەکەنەوەو دەیسەلمێنن ، کە (خرۆشی ڕۆحی بێگانە)یا مۆسیقای بیتهۆڤنیش بێت ــ هەڕەشــە لە مانو بوونی (لاوك‌و ئای‌ئای‌و حەیرانی)ی کوردەواری دەکەن .

جا کە ئەمە بێت هەڵوێستی ماموّستا گۆران دەربارەی ڕۆشنبیریی مۆســیقای جیهانیی بەربلاّو ، دەبێ هەڵوێستی بەرامبــەر لقــەکانی دیی ڕۆشنبیریی کوردەواری لە زمانو وێژەو ڕەخنەسازی چلۆن بێت ؟! .

ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت ، کە دەبێ توێژەرانی کورد لەسەر ڕەســەنیی ڕۆشنبیریی کوردی سووربن‌و

بانگەوازی پاراستنی ئـەم ڕەسـەنیەیە بـە گۆشەگیریو ڕەگەزپەرستی لەقەڵەمنەدەن .

ئێمە لەمێژەوە بە تۆڕێنەوە گەلێك ئەو بانگەوازەمان لە کۆڕی ڕەخنەسازیو[٢] زمانەوانیو[٣] ڕێبازی وێژەییدا[٤] شیکردۆتەوەو دووپاتمان کردۆتـەوە کە پێویستە کەسایەتیی نەتەوایەتیسـان **بپارێزینو** خودیەتیسان لە زەریای لێشاوی بیانیپەرستیدا بدۆزینەوە :ـ

ئەم بۆ چوونەمان ـ بێگومان ـ ئەوە ناگەیەنێت کە بڕوامان بە پەیوەندی لە نێوانی میللەتانداد نییەو ڕامان وایە کە دەبێ خۆمان لە جیهان بپچڕێنین ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە لەو پەیوەندییەمان کۆڵیوەتەوەو سەلماندوومانە[٥] کە ئاکامێکی ژیانیەو وەکو هەتاو بە بێژنگی دوورەپەرێزی ناشارێتەوە . ئەمە ڕاستییەکە هیچ کەسێك پێیناکرێ پشتگوێی بخات ڕەوانیە کەی بە تەپو تۆزی ڕقو کینە لێڵ بکات ، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە لە چۆنیەتیی بۆچوونمان دەربارەی پەیوەندیی ڕۆشنبیریی نێوانی میللەتانداد ڕوونیکەینەوە ، کـە بـە هیچ جـۆرێك ئەو پەیوەندییە بـە تواندنەوەی کەسایەتیی نەتەوایەتیو خۆدۆڕاندن نازانین ، بۆیە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە دەبێ بە زاراوەی (التقلید)و (التأثر) و (التأثیر) قایل نەبین ، کـە هەندێ تۆژەر بـە ناوی ڕۆشنبیریی جیهانی پاکانە بـۆ وزکردنی خوودیەتیو کەسایەتیی نەتەوایەتیسان بەکاریان دێننو لە کۆڕی ڕەشکردنی لاپەڕەدا دەیانکەن بە گۆچانی دەستی پسپۆڕیان :ـ

زاراوەی (التقلید) کـە بـە وشەی (لاسایکردنەوە)کراوە بـە کوردی ـ ئەوە دەگەیەنێ ، کـە لاسایکار جگە لە جوینەوەی بەرهەمی بیانی هیچ ئاکامێك نادات بە دەستەوەو ئاوێنەی هەستو نەستی نەتەوایەتی دەشێوێنێ ، بۆیە بە تۆڕێنەوەی پەڕەوی کردن ئەم دیاردەیەمان بە زەقی

لە هۆزاوەی دێرینکاریی[٦] کوردیدا خستە بەرچاوو سەرچاوەکانیمان چەسپاندووە . زاراوەی (التأثیر) کە بە واژەی (ڕەنگدانەوە) وەری دەگێڕینە سەر زمانی کوردی ــ سەرەنجامەکەی تێکدانی ڕەنگو بۆنی ڕەسەنی ڕۆشنبیریەو بە هێزی وەها لە قەڵەمی دەدەین کە دەنگی زوڵاڵی ڕۆشنبیر کپ دەکاتو پەت دەخاتە ملی پێنووسەکەیو بە دوای خۆیدا ڕای دەکێشێت .

بۆ ئاشکراکردنی ئەم دیاردەیە ڕوونمان[٧] کردۆتەوە کە ناشێت ڕێگا بە بۆچوونی ڕوانگەی بیانی بدەین لە لوتکەکەیەوە زەلکاوماڵ تێبەربدات‌و تەوومان بکات‌و ڕەنگو بۆنی کەسایەتیمان بشواتەوە .

زاراوەی (التأثر) کە بەرامبەرەکەی پڕبەپڕی بە زمانی کوردی وشەی (شوێنپێهەڵگرتن)ە ــ دیسانەوە لە کۆڕی ڕۆشنبیریدا دووپاتیدەکاتەوە کە ئاوازەکەی ناڕێکە ، چونکە کاردانەوەی سەر گەردانیەو لە داهێنانی بەرهەمی ڕەسەندا ڕێگا لە هەستونەست‌و بیرکردنەوەی ڕەسەن وندەکات .

ئێمە کە بەو جۆرە لە زاراوەی لاسایی‌کردنەوەو ڕەنگدانەوەو شوێنپێهەڵگرتن تێدەگەین‌و لە هەمان کاتدا بڕوامان بە پەیوەندیی تێوانی میللەتان هەیە لێرەدا پرسیارێك ڕووی دەممان تێدەکات‌و دەپرسێت : ئەو پەیوەندییە سروشتەکەی چییەو چلۆن لە بۆچوونەکانتاندا سنووری کێشراوە ؟ .

بوونی نەتەوایەتی‌و پەیوەندیی لەگەڵ میللەتاندا : ــ

بیری هاوچەرخی باو ، کە ڕووکارە سەرەکییەکانی لە ئەورووپادا چەسپاون ــ لەبەر تیشکی ــ باری ڕامیاری‌و فەلسەفەی ئابوری‌دا لە سەدەی هەژدەیەمەوە چەند پێناسەو چەمکی جۆربەجۆری دەربارەی زاراوەی نەتەوەو چین‌و میللەت خستۆتە ڕوو .

هەروەها ، کە هێزی ئیمپریالیزمو بەرژەوەندی چینایەتی لە هەمان شوێنوکاتدا پەرەی سەندو ــ بە چەند بیردۆزەیەک هاتنە مەیدانەوەو تێکۆشانی کێشەی نەتەوایەتیو پەیوەندیی تێوانی میللەتان سنوور بکێشن .

ئەوەی لەم دۆخەدا ــ بە لامانەوە گرنگە ــ زۆربەی زاناو ڕۆشنبیرە ڕۆژهەلاتیەکان لاسایی ئەوروپاییکانیان لەم مەیدانەدا کردووەتەوەو بە زۆرەملێ پێوانەکانیان بەسەر باری نەتەوەو میللەتەکانیاندا سەپاند .

باسکردن لەم ئاکامە سامناکە لێرەدا زۆر دەخایەنێ ، بۆیە خاڵێکی گرنگ لە بۆچوونەکانماندا دووپات دەکەینەوە کە سی ساڵ لەمەوبەر لە ژیانی ڕۆژانەو تۆژینەوەکانماندا هەستونەستمان بە ئاگری ئەو ئاکامە سامناکە هەڵقرچاو تووشی زۆرایێکی دەروونیو بیری بووین .

ئاوێنەی ئەم تووشبوونەمان لە دەیان وتارو تۆژینەوەو کێبماندا وێنەکێشراوە .

ئەم وێنەیەیش بە ڕوونی لەوەدا دێتە بەرچاو کە وێستوومانە[٨] چۆنیەتیی خەباتی میللەتی (فلسطین) لە چوارچێوەی سنووری دەست کردی دەوڵەتی ئیسرائیلیدا بکێشینو بە دەقی وێژەییو ڕووداوی مێژوویی وەڵامی سێ پرسیاری سەرەکی بدەینەوە ، کە وڵامەکانیان ڕاستەوخۆ جۆرە وتووێژێکی بیریە لەگەڵ بیردۆزە ئەوروپاییەکاندا دەرحەق بە باری میللەتە ڕۆژهەلاتیەکان .

وێژەی ڕاستەقینە کە دەنگی زوڵاڵی باری نەتەوەی ستەملێکراوە ، بە بۆچوونی ئێمە پێویستە لە ڕووی ناوەرۆکو شێوەوە بە پێوانەی زۆرانی بیریو هونەری شی بکرێتەوەو هەڵبسەنگێندرێ .

ئەم ڕاستیە چەند پێماننکرابنو دەرفەتمان بۆ هەڵکەوتبێت ــ هەمیشە ڕابەری پێنووسەکەمان بووەو بۆ چوونەکانمان بە شەونمی پاکی پشکوتوونو سەوزبوون .

بۆ پەرەوی‌کردن لەم ڕووەوە نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەمەوپێش ، بە دەقی وێژەیی ، چۆنیەتیی پەیوەندیی چینی دەستەڵاتداری میللەتی فارس‌و نەتەوەی کوردی ستەملێکراومان یەکاڵا[9] کردەوەو پیشانمانداچۆن خەباتی نەتەوایەتیی ڕاستەقینە کارێکی ڕەسەنەو زیان بە هیچ بنەڕەتیەکی مرۆڤایەتی ناگەیەنێ •

ئەم بۆچوونەمان بە زەبری ئەوەی کە مێژوو درۆ ناکات ، بە بۆنەی جەنگی قادسیەی صەدامەوە دیسانەوە هاتە مەیدانەوەو بە هەمان پێوانە چەند کورتە چیرۆکێکی کوردیی خستە بەر[10] باس‌و پیشانی دا کە زۆربەی ئەم چیرۆکانە لە سووچی ناوەرۆك‌و شێوەوە پێیان نەکراوە ئەرکی نەتەوایەتی‌و هونەریان بەجێ بهێنن •

ئەم هیمایەمان لێرەدا پێویستی بە چەسپاندنی دووخاڵی سەرەکی هەیە :ــ

یەکەم : بۆچوونمان دەربارەی زۆرانی نەتەوایەتی ناشێ ئەوە بگەیەنێ، کە بڕوای بە دۆستایەتیی لەگەڵ جەماوەری ئەو میللەتەدا نیە کە دەرفەت بە چینی دە ستەڵاتدارانی داوە ببن بە ستەمکارانی نەتەوەیەك‌و بۆ بەرژەوەندی خۆیان‌و جەماوەرەکەیان ئەو نەتەوەیە بچەوسێننەوە •

دووەم : کێشەی سەرەکی لەم جەنگەڵەدا بەرژەوەندی کەسی‌و چینایەتیی‌یە ، بۆیە بۆچوونمان هەرگیزاوهەرگیز پشت بە هیچ کەسێك‌و هیچ تاقمێکی بیانی نابەستێ‌و ماستاویان بۆ ساردناکاتەوە •

بەڵگەی چەسپاندنی ئەم ڕاستیی‌یە لەوەدا دێتە بەرچاو کە بۆچوونمان هەمیشە بە ناخی دەروونی مێژوودا دەچێتە خوارەوەو سەرچاوەکان دەپشکنێ‌و تێدەکۆشێ ئاوێك بەسەر ئاگری شەڕوشۆڕدا بکات •

ئاکامی ئەم بۆچوونەمان وەڵامی پرسیارێکی ئایدیۆلۆجی دەربارەی

هەڵوێستی بیروباوەڕی و مێژوویی و کەلەپووریی ئەو میللەتانە دەربارەی بوونی نەتەوایەتیمان دەداتەوە ، کەڕامان دەگرێتو خێوەتێکی ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەسەرماندا هەڵدەدا .

بە گوێرەی زانیاریمان ، کە سەرئەنجامی پسپۆڕیەکی ڕێبازی و بیریە ــ تەنها میللەتی عەرەب لە نێوانی ئەو میللەتانەدا بیروباوەڕانە نزیکەی هەزارو چوارسەد ساڵ لەمەو پێش مێشکو هەستو نەستی نەتەوایەتیان بەوە ڕابەری کراوە کە هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە تایبەتیەکانی زمانی خۆی بپارێزێو بوونی کەسایەتیو قەوارەی میللیی بچەسپێنێ .

ئەم ڕاستیە بە ڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا دێتە بەرچاو کە کێبی نەتەوایەتیو ئایینی میللەتی عەرەبەو بە بنەڕەتە ژینیەکانی پێی کراوە دەیان میللەت بەرەو ئاسۆ فراوانەکەی ڕابەری بکات .

جالێرەدا ئەگەر پێویست بێت درێژە بەم بابەتە بدەین هێما بۆ دوو ئایەتی قورئانی پیرۆز دەکەین ، کە یەکەمیان[11] سەرنج بۆ جیاوازیی زمانی میللەتان وەکو بەڵگەیەک لە بەڵگەکانی خوای مەزن ڕادەکێشێو دووەمیان[12] دووپاتی دەکاتەوە کە خەڵکی لە سەر ئەم زەوییەدا میللەت میللەت خوڵقاون ، بۆ ئەوەی یەکتر بناسنو لە کۆڕی هەڵسەنگاندنیاندا پێوانەی پەیڕەوی کردنی بنەڕەتی خێرمەندیو چاکخوازی بەکاردێت .

مێژووناسی زانستی بەم بۆنەیەوەئەگەر هاتو پرسی : بۆچی زۆربەی نەتەوەی کورد چووە ژێر ئالای ئایینی ئیسلامەوەو ڕۆشنبیرەکانی لە دێرترین سەردەمەوە مێشکو دڵیان بۆ قورئانی پیرۆز کردەوە ، بۆی هەیە ئەو دوو ئایەتەو دەیان ئایەتی پیرۆز لە قورئاندا بهێنینەوە یا دووپاتیکاتەوە کە نەتەوەی کورد بیردۆزانە بوونی نەتەوایەتیی خۆی لەگەڵ بیروباوەڕی ڕاستەقینەی میللەتی عەرەبدا بە زیندوویی دەبینێو هەمیشە پێی دەگرێ

به بـەڵگەکانی ئەم بیـروباوەڕە زۆرانێکی ئایدیۆلۆجی دژ بەو کەسـانە بەرپابـکات ، کە بە ناوی ئایینی ئیسـلامەوە بیانەوێ قەوارەی میللەتە موسڵمانەکان بتوێننەوە •

هـەر چـۆنێك بێت بۆچـوونمان لەم ڕوانگەیەوە دەگاتە ئاکامێکی ڕۆشنبیری گرنگ ، کە دەڵێ : پەیوەندیی نێوانی میللەتان یەکترناسـینە ، بۆئەوەی هەر میللەتێك سەربەستانە بە گوێرەی تایبەتیی‌یەکانی بەرهەمی جیاواز لە گشت کۆڕەکانداسازبکاتو بە بۆنوبەرامەی هەرە تایبەتی‌یەکەی خوانی مرۆڤایەتی بڕازێنێتەوەو خۆی لە کۆتو زنجیری لاسایی‌کردنەوەو ڕەنگدانەوەو شوێن‌پێهەڵگرتن ڕزگاربکات ، کە بۆدەقەی مردنی دەختی نەتەوایەتێو ئاکامیان تاقە ڕەنگێکە حەوت ڕەنگەکەی تیشـکی هـەتاو دەکوژێنێتەوە •

پێنووسی کوردەواریو ڕۆشنبیریی عەرەبی :ـ

پێنووسی ، کە هێڵە گشتی‌یەکانی ڕۆشنبیریی عەرەبیی ڕۆشنبیریی ئایینی ئیسـلامو پاش هاتنەخـوارەوەی قورئانی پیرۆز دەهێنێتە بەرچاو دوو ڕاستیی سەرەکی لەبەر دەستیدا بە ڕوونی دەچەسپێن :ـ

یەکەم : ئەم ڕۆشنبیری‌یە لەسەردەمی جاهلی‌یەتدا لە خێرمەندیو گیانی مرۆڤایەتیو بنەڕەتی دۆستایەتی بێبەری نەبوو •

ئـەم ڕاستی‌یە لەوەدا دێتەبەردەست کـە دەیان وێژەرو چاڵخـواز بیرۆکەی ئاشتیو یەکسانیو ژیان پەرستیان وێنەکێشاو باوەڕیان بە ئادەمزاد هەبوو : بۆ نموونە مێژوونووس لـەم ڕووەوە سەرنج بـۆ بەرهەمەکانی (زهیر ابن ابی سـلمی)و (الشـعراء الصعالیك)و (اکثـم الصیفی)و (ابن ابی دؤاد)و (ورقة ابن نوفل)و (ابو ذر الغفـاری) •• هتـد ، ڕادەکێشێ کە سەلماندوویانە : نەتەوەی عەرەب شایەنی پەیڕەوی کردنی بنەڕەتەکانی قورئانی پیرۆزە •

دووەم : کۆمەڵگەلێك لە هەڵگرانی ئەو ڕۆشنبیرییە لەبەر چەند هۆیەك دەستەویەخە دژ بە ئایینی ئیسلام جەنگانو بەشداریی زۆرانێکی ئایینیو ئابووریی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا کرد .

ئەوەی بە ڕاستی نرخی قورئانی پیرۆز لەم کۆڕەدا دەچەسپێنێ ئایەتگەلێك لەم کتێبە پیرۆزە بە وردی ئەم ڕاستییە دەخاتە ڕووو دووپاتی دەکاتەوە کە کەرێکی فراوان لە نەتەوەی عەرەب بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دژ بە بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام ڕاوەستان .

ئەم دوو ڕاستییە بەش بە هەڵوێستی پێنووسی کوردەواری ڕەسەن پرسیارێك بەرپادەکات کە دەپرسێت : بەرهەمی ئەم پێنووسە چ جۆرە بارێکی ڕۆشنبیریی کوردی لە سەدە سەرەتایەکانی پەیدابوونی ئایینی ئیسلام دا وێنە دەکێشێت ؟ . بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بیردۆزانە تێکۆشاین[١٣] پەیوەندیی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتیی کوردیی پێش ئایینی ئیسلام لەگەڵ ڕۆشنبیریی عەرەبیدا یەکالا بکەینەوە ، بۆ ئەوەی بزانین ئەم پەیوەندییە ، بە هەموو لایەنەکانییەوە ، بە پێوانەی زۆرانی دوو ڕۆشنبیریی جیاواز — چۆن بووەو چلۆن ئۆقرەی گرت .

ئەم کۆششەمان لەم ڕووەوە هەڵبەت ئەڵقەیەکە لە زنجیرە تۆژینەوەگەلێکمان ، کە بە دەق ، نەك بە قسەی بیردۆزەیی باری ڕۆشنبیریی کوردییان خستۆتە بەر باسو لێکۆڵینەوە ، بە نیازی ئەوەی ڕەسەنیی ڕۆشنبیریی کوردی دەستنیشان بکەنو ڕێگای خەملاندنی تەخت بکەنو ڕووناکبیری کورد مافی خۆ دۆزینەوەی بە کار بهێنێت ، کە قورئانی پیرۆز بەو جۆرەی سەرەوە چەسپاندوویەتی .

هەرچۆنێك بێت تۆژینەوەکانمان لەو ڕووەوە دووپاتیدەکەنەوە ، کە زۆربەی هەستیارە دێرینکارەکانمان لە سووچی ڕەوانبێژیو[١٤] ڕەخنەسازییەوە زاراوەی عەرەبییان لە هەڵبەستەکانیاندا تۆمار کردووەو

به پێـوانەی بەرهەمی دێرینی هۆزاوەی عەرەبی وێنەی هونەریـان سازکردووەو لە بنیاتی هەڵبەستو کێش و سەروادا دیوانی عەرەبیان بە کلاوڕۆژنەی خـۆیان داناوەو زمانی هـۆزاوەییان بە وشـەو زاراوەی فەرهەنگی عەرەبی ئاخنیوەو بە ئایەتی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەرو (دەخ) ڕووداوی میژوویی تێهەڵکێشیان کردووە •

تۆیژەری زانستی کە ئـەم دیاردەیە دەخاتە ڕوو باش دەزانێ ، کـە ڕووداوێکی قۆناخی‌یەو هۆیەکانی بەرپابوونی ئاشکراو ڕوونن •

هەروەها تێبینی‌دەکات کە کۆمەڵێك لە هەستیارەکانمان چوونەتە پیر باری پەیوەندیی ڕامیاریی نەتەوەی کوردو میللەتی عەرەبەوەو دەیان هەڵبەست بۆ برایەتیی کوردو عەرەب و قەوارەی عیراق هۆنیوەتەوە •

بۆچـوونمان لەبەر دەستی ئـەم ڕاستی‌یەدا پشتی بەو هەڵبەستانـە بەستووەو[١٥] بە ڕێبازیکی ڕەخنەسازی و بیری و زمانەوانی و هونەری ئەو هەڵبەسـتانەی شی‌کردۆتـەوەو بە ڕووکارێکی عیراقی لە قەڵەمی داوە •

جەمسـەری ئەم کارەمان بـە ئاکامێکی زانستی ڕووت دەژمێرێ ، چونکە لە دۆخێکی ڕووداوی دەکۆڵێتەوەو هەڵبەستی ئایدیۆلۆجی ڕابەری دەکات •

مەبەستمان لەم هێمایە ، سـەرنجڕاکێشانە بۆ بۆچوونێکی دی ، کە تێکۆشاوە چۆنیەتیی پەیوەندیی کوردو عەرەب لە باخچەی هۆزاوەدا وەکو هیوایەکی دوورئامانج شی‌بکاتەوەو نەخشەیەك بـۆ ڕۆشنبیرانی عەرەبو کورد لە پێناوی خەباتی چارەنووسی‌دا پێشنیار بکات •

سەرەنجام بەرهەمێکی بیری و هونەری و میژوویی هاوچەرخمان سازکرد[١٦] کە لە سێ بابەتی سەرەکی پێك هاتووە : ــ

یەکەم : یەکالاکردنەوەی زەمینەی ڕامیـاری و کۆمەڵایەتیی نێوانی کوردو عەرەب بەدرێژاییی میژوو •

دووەم : شی‌کردنەوەی ئەو هەڵبەستانەی کە هەستیارە عەرەبەکان دەربارەی کێشەی کوردی دایان‌ناوەو باسی نەتەوەی کوردیان کردووەو هەستونەستیان دەربارەی‌جەماوەری کوردستان نواندووە .

سێیەم : کۆکردنەوەی ئەو هەڵبەستانە کە هەستیارە کوردەکان بۆ پشت‌گیری‌کردن لە خەباتی نەتەوەی عەرەب هۆنیویانەتەوەو بە دڵو بە گیان لە گەڵ شۆرشی جەزائیرو بەرگریی میسرو خەباتی میللەتی (فلسطین)دا ژیاون . بۆچوونمان لەم بەرهەمە ڕەخنەگرەدا دووپاتی دەکاتەوە کە پێویستمان بە دەمەتەقەیەکی بیری هەیە بۆ خەملاندنی پەیوەندیی هەردوو میللەتو ڕابەری کردنی بۆ گەیشتن بە ئامانجمانو سەرکەوتنمان دژ بە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو زەوتکەرانی مافی جەماوەر .

مەرجی سەرەکی بۆ هێنانەدیی ئەو جۆرە خەونو ئاواتە لەوەدا دابین دەکرێت ، کە کوردو عەرەب پێویستە بە قوولی یەکتر بناسن ، فێربوونی زمانیش ڕێگایەکی بنەڕەتە بۆ ئەو یەکترناسینە ، بۆیە بوچوونمان لەم‌ڕووەوە دووپاتی‌دەکاتەوە[١٧] کە پێویستە زمانی عەرەبی بە ڕێبازێکی تازە لە ناوچەی کوردەواری‌دا لە ڕووی کەرەسەو کاتژمێری وانەکانو چۆنیەتیی دانانی کتێبی قوتابخانەو ئامادە کردنی مامۆستاوە بووترێتەوەو بخرێتەبەر لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان .

هەروەها ئەگەر هات فێرکردنی زمانی کوردی بۆ برا عەرەبەکانمان بە پێویست زانرا[١٨] ، دەبێ ڕێبازێکی تازە بگرینە بەرو بڕانین لە سووچی زمانو بیرۆکەو میژووەوە چلۆن کتێب دابنێین .

بۆچوونمان کە بەو وێنەیە لە ڕوانگەی ڕۆشنبیری‌یەوە لە پەیوەندیی نێوانی کوردو عەرەب تێدەگاتو بنەڕەتەکانی یەک دەخات ، ڕێگای بە پێنووسوکەمان داوە لەبەر تیشکی ڕێبازێکی بیری‌دا کەسایەتیی ئیسلامی دێرینو[١٩] هاوچەرخ[٢٠] بخاتە بەر باسو بیانناسێنێو بەرهەمی هۆشمەندیو هەستو نەستیان یەکالا بکاتەوە .

هەروەها بەرەو پشکنینی کەلەپووری عەرەبیی ڕەسەن لەسەر بناغەیەکی بەراوردکاری‌دا ڕابەری بکات ، بۆ دۆزینەوەی[٢١] خاڵی یەکدگیری‌و جیاوازیی نێوانی ئەم کەلەپوورەو ڕۆشنبیریی کوردەواریمان‌دا هانی بدات .

بەرەو زمانی نەتەوایەتیمان : ــ

زمانی نەتەوایەتی زاراوەیەکی بیری‌و ڕامیاری‌و زانستی‌یەو بۆچوونمان که هەڵی‌بژاردووەو پشت لە زاراوەی زمانی ئەدەبی‌و زمانی یەك گرتوو زمانی‌ستەندەری کردووە ، مەبەستی سەرەکیی لە دوو خاڵدا دێتە بەرچاو :ــ

یەکەم : ئەم جۆرە زمانە سەر بە تەنیا زارێکی خێڵایەتی‌و ناوچەیی‌لە زارە کوردی‌یە لە یەکتر پچڕاوەکان نی‌یە ، بەڵکو زمانی گشت جەماوەری کوردەو دەربڕینی هەموو ناوچەیەکی کوردەواری‌یە .

دووەم : ئەم زمانە لە جوغزی لقێك لە لقەکانی ڕۆشنبیری‌و شارستانیەتی‌دا پەنگ ناخواتەوە ، بگرە ئامرازی نواندنی گشتلایەنەکانی ژیانو کەلەپووری دێرین‌و بەرهەمی هاوچەرخە .

بۆ گەیشتن بە زمانی نەتەوایەتیمان ، کە بەو وێنەیە دێتە بەردەست ــ نەخشەیەکی هەمە ڕەنگەمان[٢٢] بۆ بۆچونەکانمان لە ڕووی دەنگ‌و زاراوەو ڕستەسازی‌و ڕێنووسی فەرهەنگەوە دارشتووە .

سنووری جیاکەرەوەی زمان لە زارو قسەی ڕۆژانە بە زەقی بنیات دەنێت‌و دووپاتی‌دەکاتەوە کە قسەی ڕۆژانە ناشێ بکرێ بە بەڵگەی دانانی هیچ بنەواشەیەکی زمانی کوردی .

بەم پێیە زارە کوردی‌یەکان ئەگەر هات‌و بەدەقی ڕەسەن گەیشتبوونە دەستمان ، سەرچاوەی زمانی نەتەوایەتیمان پێك‌دەهێنن‌و ڕێگای دۆزینەوەی گشت لایەنەکانی دەخەنە بەر دەستمان .

ئەم بیردۆزەیە ، کە بەدوورودرێژی شیمان[٢٣] کردۆتەوە هەمیشە

بۆچوونه زمانەوانیيەکانمانی لەسەر بناغەی پەتی دەنگ‌و واژەو وشەو زاراوەو داڕشتنی ڕستەی کوردیدا دامەزراندووە .

ئاکامی ئەم بۆچوونانەمان لە دەستنیشانکردنی[٢٤] ڕێبازەکانی لەدایکبوونو پێناسەی[٢٥] زاراوەدا بە ئاشکرا خۆیان دەنوێنن . هەروەها لە سنوورکێشانی تایبەتی جیاکردنەوەی[٢٦] زمانی کوردی لە زمانەکانیدی بە ڕێبازیکی بەراوردکاری‌و پەیڕەوی‌کردن[٢٧] ، نموونەگەلێك دەدەن بە دەستەوەو دەی‌سەلمێنن کە زمانی کوردی پێیدەکرێ بە پەتی ببوژێتەوەو بژی‌و پەرەبسەنێ‌و بە هیچ جۆرێك پێویستی بە زماتیکی بیانی نەبێت .

ئەم بۆچوونانەمان ئاشکرایە دەنگدانەوەی دەرفەتێکی گشتین ، بۆیە هەمیشە تێکۆشاون زمانی کوردی بەسەربەخۆیی لە چاو زمانە هیندو ئەوروپاییەکان پیشانبدەن‌و پشت بکەنە ئامانجی چەند ڕوونالێیرێکی کورد کە لە سووچێکەوە پەیوەندیی بە نەریت‌و میژووی کوردەوە هەیە ، لە سووچێکی تریشەوە سەرئەنجامی جۆرە واق‌وڕمانێکە لەبەر دەستی شارستانێتیی ئەوروپاییدا .

جا کە وابوو بۆچوونەکانمان لە هەمان ڕوانگەوە باسی ڕەسەنیی وشەی نەورۆزیان کردووەو بە سێ تۆژینەوەی[٢٨] فراوان ئەو ڕەسەنییەیان چەسپاندووە .

هەروەها پێشانیان داوە ، کە زمانە ئەوروپاییەکان[٢٩] بەرهەمی زەمینەیەکی جیاوازن لە چاو کێڵگەی ڕۆشنبیریی کوردیی ڕەسەندا .

وێژەی کوردی لە کوێوەو بەرەوکوێ : ـ

لەو ڕۆژەوەکە هەستو نەستو هۆشمان چاویان هەڵبڕیوە،تێگەیشتین کە هەموو لایەنە کەرەستەییەکانی ژینی‌نەتەوەی کورد ڕەنگە دەستکاری

بکرێنو بەرەو دۆڵی نەمان گلۆر بکرێنـــەوە ، جـــگە لە وێژەی ڕەسەنی کوردی .

ئەم بیروباوەڕە ئێمەی ڕاکێشـــا بۆ دۆزینەوەی ڕەگو ڕیشەی ئـــەو وێژەیەو بۆچوونمان لەم کۆڕەدا دووپاتیدەکاتەوە کە وێژەی کوردی وەکو چیاکانی کوردستان دێرینو نەمرە .

بۆچوونی وەهاشمان پێویستی بـــە بەڵگە هەبووەو هەیە ، چـــونکە چەند پێنووسێك لە عاستیدا هاتنـــە مەیانەوەو دەیان قیـــژاند[٣٠] کورد وێژەیەکی ئەوتۆی نیە کە شایەنی نەمری بێت .

دەرفەتی ئەو جـــۆرە قیژاندنە تا بڵێی ســـەختو دژوار بوو ، بـــۆیە بۆچوونەکانمان هەرچیان نووسی شانی چاپخانە لەو ڕۆژانەدا پێی نەکرا هەڵی گرێ ، سەرئەنجام لە کاتی خۆیدا زیندە بەچاڵ کران[٣١] .

هەرچۆنێك بێت هێڵە گشتیەکانی ئەم کێشـەیە لە سێ خاڵی سەرەکیدا ڕەنگو قەوارەکانیان وەرگرتووە :ـ

یەکـــەم : کە وتـــراوە لە ســـاڵی ٣٣٠ ــ ٣٢٠ پ . زدا دوو دەقی هۆنراوەیی کوردی دۆزراونەتەوەو یەکەم هەستیاری کورد کە هەڵبەستەکانی بە دەســـتمان گەیشـــتووە بـــۆمان هـــەیە کـــە بڵێین : لـــەم مێـــژووە دوورودرێژەدا کە هەزار ساڵی خایانـــدووە ڕەوا نیە وا بزانین کە زمانی هۆنراوەی کوردی بەسترابۆوەو دڵو مێشکی هەستیارە کوردەکان وشەی کوردیی پیرۆزیان خنکاندبوو ، بەڵکو ڕەوا ئەوەیە کە بڵێین : بە درێژاییی ئەو سەردەمانەدا دیوانی کوردەواری بە پیتو دەوڵەمەند بووە ، هەرچەندە ئەم جۆرە دیوانە تا ئێستا بە تەواوی نەدۆزراوەتەوە ، نەدۆزینەوەیشی بەڵگە نادا بە دەستەوە کە نەبووەو نیە .

دووەم هونراوەی کوردی لە بابە ڕاخەوە ٢٤٠ی کۆچی تا سەردەمی دۆزینەوەی چاپخانە ، چەند بە ڕووکاری لاسایی کارو لاواز بێتە بەر چاو ،لە

هەمان کاتدا ڕووکاری ڕەسەنی تێیدا شەپۆلی داوەتەوەو شەوقی کوردە واری بە دڵی هەستیارە کوردە پەیامدارەکان بەخشیوە •

سێیەم : شی‌کردنەوەی‌وێژەی کوردی بۆ دەستنیشان کردنی ڕێبازەکانی بە بیردۆزەی ڕەخنەسازی ئەوروپایی ناگاتە هیچ ئاکامێکی زانستی‌و ڕووداوی‌و تاقە پێوانە لەم ڕووەوە یەکخستنی ئەڵقەکانی بزووتنەوەی کاروانی وێژەرە کوردەکانە •

سەرئەنجام بە سەرسوڕمانێکەوە پرسیومانەو دەپرسین :ـ

یەکەم : بۆچی ڕێبازی هۆنراوەی نەتەوایەتی لە لای حاجی قادری کۆیی‌دا پەیوەندیی بە هەستیاری نەمری کورد علی تەرمۆکی‌یەوە ، نەبێت؟! •

دووەم : تازەکردنەوەی هۆنراوەی کوردی لە ڕووی کێش‌و سەرواو وێنەی هونەری‌یەوە لەسەر دەستی‌شێخ نوری شێخ سالح ، بۆچی هەر دەبێ لە کلاوڕۆژنەی هەستیارە تورکەکانەوە وەکو خێرپێ کردێك باربێت !؟ •

ئەم هێلە گشتی‌یانەو پرسیارە سەرسوڕمانەکانی کە بە کێشەو تۆزینەوە ڕێگای لەچاپدانیان گرتە بەر ، ڕەنگێکی تایبەتی‌یان بە بۆچوونەکانمان دا ئەم ڕەنگە ئەگەر لەم ڕۆژانەدا جێگای مشتومڕ بێت ، هەڵبەت ڕۆژێك دێت نەیارەکانمان نرخی خۆی دەدەنێ •

جاهەتاکو ئەو ڕۆژە دێت لێرەدا پێویستمان بەوە هەیە کە بڵێین : بۆچوونەکانمان بە دوای ئەم ڕاستی‌یەداگەڕاونو بە هیچ جۆرێك ئامانجیان سوودی کەسی نەبووەو قینو کینەشی سووتەمەنی ئاگریان نەبووە •••

« چەند بەرهەمێك لە كتێب و توێژینەوەكانمان »

١ ــ (كێشەكانی زمان و وێژەی كوردی لەبەر دەستی كۆڕی زانیاری‌دا) : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ/ژمارە ٩٨ی تەموزی ساڵی ١٩٨٣ی زایینی/ل/٣٢ .

٢ ــ (لاسایی‌كردنەوەو ڕەسەنی لە ڕەخنەسازیی كوردی‌دا) : بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ژمارە ٨٣ كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨١ی زایینی/ل/٤ .

٣ ــ (زمانی عەرەبی و كێشەی زاراوەی كوردی) : بڕوانە گۆڤاری كۆڕی زانیاری كوردی بەرگی دووەم ــ بەشی یەكەم ساڵی ١٩٧٤ی زایینی/ل/٧٥ .

٤ ــ (هۆنراوەی كوردی و زاراوەی كلاسیزم لە ڕەخنەسازیی ئەوروپی‌دا): بڕوانە گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٥ كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٨١ی زایینی/ل/١٣ .

٥ ــ (وێژەو ئاشتی و جەنگ) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ : ژمارە ١٠٧ ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٥ زایینی/ل/٦ .

٦ ــ كتێبی « من قضایا المرأة بین آیات قرآنیة واتجاهات شعریة » چاپخانەی كۆری زانیاری عیراق بەغا ساڵی ١٩٨١ی زایینی .

٧ ــ (ڕەخنەسازێك و بیردۆزەی هۆنراوە) : بڕوانە گۆڤاری زانیاری عیراق ــ دەستەی كورد بەرگی دەیەم ساڵی ١٩٨٣ی زایینی/ل/٣ .

٨ ــ وێژەو ئاشتی و جەنگ) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٧ ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٥ی زایینی/ل/٦ .

٩ ــ (خەباتی چینایەتی لە چیرۆكی پێش‌مەرگەدا) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ١٥ ، ٢ ساڵی ١٩٦١ی زایینی .

١٠ ــ (كورتە چیرۆكی كوردی و جەنگی قادسیەی صەدام) : بڕوانە

گۆڤاری بەیان ژمارە ٩٦ مایسی ساڵی ١٩٨٤ی زایینی/ل/٧ .
١١ ــ سـورة الروم / الاية ٣٠ .
١٢ ــ سـورة الحجرات الآية ٤٩ .
١٣ ــ بڕوانە پێشەکی‌یەکمان دەربارەی چوارینەکانی بابا طاهری هەمەدانی مامۆستا احمد دلزارەوە .
١٤ ــ (بنەڕەتەکانی ڕەخنەسازیی‌و هۆنراوەی دێرینی کوردی : گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد ژمارەی ساڵی ١٩٨٠ی زاینی/ل/١٩٦ .
١٥ ــ (یەکێتیی عیراق لە هۆنراوەی کوردیدا) : العراق ژمارە ٢٢٠٣ ، ٢٢٠٩ ، ٢٢١٤ ، ٢٢٢٠ ، ڕۆژانی ٢٧ نیسانو ٤ ئایارو ١١ ئایارو ١٨ ئایار ساڵی ١٩٨٣ی زاینی .
١٦ ــ الترابط الفنی بین العرب والاکراد في قضية الاخاء والسلام : پاشکۆی گۆڤاری زانکۆ بەرگی ٤ ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٨ .
١٧ ــ (تطویر تعلیم اللغة العربية في منطقة الحکم الذاتی عوائقه والسبیل الی تذلیلها) : بڕوانە پاشکۆی گۆڤاری زانکوی سلێمانی بەرگی ٣/ژمارە ٢ ساڵی ١٩٧٧ ز .
١٨ ــ زمانی کوردی بۆ دەستپێکەران : چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ساڵی ١٩٧٧ی زاینی .
١٩ ــ (أبو ذر الغفاری) : بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد / ژمارە ١٥ ، ساڵی ١٩٨٦ی زاینی /ل/١٦ .
٢٠ ــ (شێخ محمد عبدەو بزووتنەوەی ڕۆشنبیری نوێخواز) : بڕوانە گوڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠٩ ئاداری ساڵی ١٩٨٦ی زاینی ل/١١٥ .
٢١ ــ زانستی ئاوەڵواتا لە ڕەخنەسازیی یۆنانی‌و ڕۆمانی‌و عەرەبی‌و ئەوروپی‌یەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی : چاپخانەی کۆڕی زانیاری

عیراق ــ دەستەی کورد سالّی ١٩٨١ی زایینی بەغا ٠

٢٢ ــ من مشــكلات اللغة الكردية وأدبها : گۆڤاری کۆڕی زانیــاری عیراق بەرگی ٣٤ ، بەشی ٢ سالّی ١٩٨٣ی زایینی /ل/٩٦ ٠

٢٣ ــ زمانی نەتەوایەتیی کوردی : چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق سالّی ١٩٨٤ی زایینی ٠

٢٤ ــ زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن : چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق سالّی ١٩٧٩ی زایینی بەغا ٠

٢٥ ــ (پێناسینی زاراوە) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ : ژمارە ١١١ ، سالّی ١٩٨٦ی زایینی/ل/٢١٣ ٠

٢٦ ــ (ئامرازی پێناس لێ کۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن) :
بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد بەرگی ١٤ سالّی ١٩٨٦ ی زاسینی ل ٣ ٠

٢٧ ــ (بەراوردکاریەك لە نێوانی زمانی کوردیو زمانی عەرەبیدا) :
بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد بەرگی ١٣ سالّی ١٩٨٥ی زایینی/ل/٣ ٠

٢٨ ــ بڕوانە (نوروز وفن المسرحية في الادب الكردي) :
وەرزی ڕۆشنبیریی یەکەمی زانکۆی سلێمانی چاپی ڕۆنیۆیی سالّی ١٩٧٣ی زایینی ، هەروەها بڕوانە ڕۆژنامەی العراق ژمارە (٢٤٧٣ ، ٢٤٧٦ ، ٢٤٧٧ ، ڕۆژانی ١٩ ، ٢٢ ، ٢٤ ی ئازاری ١٩٨٤ی زایینی ٠
هەروەها بڕوانە کوردایەتیی جەژنی نەورۆز :
گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ١٠١ ، سالّی ١٩٨٤م زایینی/ل/٧٥ ٠

٢٩ ــ (هۆنراوەی کوردیو زاراوەی کلاسیزم لەڕەخنە سازیی ئەوروپیدا):
کتێبی (دیداری شیعری کلاسیکی کوردی) ، دانانی حەمەسەعید حەمە کریم دار الحرية للطباعة سالّی ١٩٨٦ی زایینی/ل/٢٦١ ٠

٣٠ ــ (نەء ، ئەدەبەکەمان دوا کەوتوو نیە) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ : ژمارە ١١ (شباط) ساڵی ١٩٦١ی زایینی/ل/٦٥ .

٣١ ــ بڕوانە پێشەکیی بەکەی کتێبی کامران شاعر من کردستان : چاپخانەی کامەران سلێمانی ساڵی ١٩٦٠ ی زایینی .

٣٢ ــ (مرۆڤایەتی لە شیعری کوردیا) : بڕوانە گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ٨ ، ٩ کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٦٠ ی زایینی ، هەروەها کتێبی : (من قضایا المرأة بین آیات قرآنیة واتجاهات شعریة) چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق .

٣٣ ــ (حسیب قەرەداخیو هۆنراوەی کوردی ڕەسەن) : ڕۆژنامەی عیراق ژمارە ٢٣٥٢ ، ٢٣٦٦ ، ٢٣٨٠ ، ٢٣٨٦ ، ڕۆژانی ١٢/١١ ، ١٦/١١ ، ٣٠/١١ ، ٧/١٢ ، ١٩٨٣ ی زایینی .

٣٤ ــ شێخ نوری شێخ ساڵح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا : چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد بەغدا ١٩٨٥ی زایینی .

٣٥ ــ ڕەخنەسازی : مێژووو پەیڕەوی کردن :چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق ــ بەغدا ١٩٨٣ ی زایینی .

٣٦ ــ (وێژەو تۆژینەوەی) : بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد بە ڕگی ١١ ساڵی ١٩٨٤ی زایینی /ل/١٢ .

٣٧ ــ (مامۆستا فایق بێکەس لە کۆری ڕەخنەسازی کوردیدا : گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق ــ دەستەی کورد . بەڕگی ١٢ ساڵی ١٩٨٥ی زایینی/ل/٣٠ .

کورتە

«بەراوردێ»

د . امین علی موتابچی
زانکۆی بەغدا
کۆلێجی ئەدەبیات

میللەتی کورد دەبێ هەمیشە شانازی بە شاعیرو ئەدیبانی یەوە بکا ، کە لەگەڵ ئەو هەموو ناهەمواری‌و نالەباریی باری ژیان‌و نەبوونیی دام‌و دەزگاو زرووفی تایبەتی ،کە دەبنە هۆی گەشەکردنی ئەدەبیات‌و هونەر لە کونجی مزگەوت‌و خانەقاو ماڵە میرەکانی‌دا زاناو پیاوی شارەزاو بلیمەتی وای پێ گەیاندووە کە هەتا هەتایە جێی شانازی‌و مایەی فەخرن بۆ ڕۆڵەکانی دوای خۆیان .

بەڵێ میللەتەکانی دراوسێی کورد ، چ عەرەب چ ئێرانی‌و تورك بە هۆی دین‌و دەوڵەت‌و توانی سیاسی‌یەوە شاعیرو ئەدیبی بەرزیان تێدا هەڵ کەوتووە ، کە جێی شانازین بۆ میللەتەکانی خۆیان‌و هەموو میللەتە موسڵمانەکانی دی .

بەڵام ئەگەر بێت‌و ئەمان لەگەڵ شاعیرانی کورددا بەراورد بکەین دەبینین زۆر گرنگ نی‌یە ئەگەر هات‌و زرووفی شاعیران‌و زانایانی کورد بخەینە بەر چاو ، چونکە ئەوان هەموو ئەو مەرجانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەدیبان‌و زانایان ، بۆیان ئامادە بووبوو .

من لێرەدا ئا لەم چەند دێڕەدا دەمەوێ بەراوردێکی سەرپێیی بکەم ، لەم ڕووەوە ، جا لەم باسەدا دەست بە شاعیرە ئێرانی‌یەکان دەکەم :

دەبێ ئەوە بزانین کە شاعیرو ئەدیبی هەر میللەتێ لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی میللەتەکەی خۆی‌و شاعیرانی دراوسێی وەیا شـاعیرانی هاودین‌و خاوەن فەرمانڕەوای‌دا دەبێ •

شاعیرای کـورد هەروەکو دەی‌زانین بە هۆی ئاین‌و باری سیاسی‌و جـوغرافیایی‌و فەرمانڕەوایی‌یەوە لـە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی عەرەبی‌و ــ هەر وەکو ئێرانی‌یەکان‌و تورکەکان ــ ئێرانی‌و تورکی‌دا بووە ، هەر یەکە لە نۆرەی خۆی‌داو لەبەر هۆیەك وەیا چەند هۆیەك لەو هۆیانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد •

شاعیرانی کۆنمان تا ڕادەیەك لە ژێر کاریگەریی شاعیرە کۆنە ناوداڕەکانی ئێراندا بوون • بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هێندێ لەو شاعیرانەمان ئەوەندە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی‌دا دەستیان بالآ بووە ، کە خۆیان لەوان بە کەمتر نەزانیوە ، کە ئەمە شتێکی زۆر ئاشکراو دیارە •

بۆ وێنە ئەگەر بە ڕێز دەستپێبکەین‌و چەند شاعیرێك لەو شاعیرانەی کە بە بەرهەم‌و شیعریان کاریان کردۆتە سەر شاعیرە بەرزەکانمان لە «نظامی ، عطار ، مولوی ، سعدی ، حافظ‌و جامی »یەوە بگرە تا « کلیم‌و بیدل‌و هتد » دەبینین شاعیرەکانمان شانیان لە شانیان داوەو لەگەڵ ئەوەشا ، کە شاعیرەکانی ئێمە ئەو هەل‌و دەرفەتەیان بۆ نەهاتۆتە کایەوە •

من لێرەدا دەمەوێ ئەوە پیشان بدەم کـە شاعیرەکانمان درێغی‌یـان نە کردووەو توانیویانە ئەگەر لەوان باشتر نەبن لەوان کەمتر نەبن •

سەرنج :

پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەوە بـە پێویستی دەزانم کـە سەرنجی خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم دوو خاڵە ڕاکێشم :

١ ــ ئەو بەیت‌و شیعرانەی لێرەدا نووسراون بە ئیملاو نووسینی ئەو کتێب‌و

سەرچاوانەی لێم‌وەرگرتوون وەکو خۆی نووسراون بێ دەستکاری لەبەر ئەمانەتی عیلمی .

٢ ــ هەر وەها بەیت‌و شیعرە فارسی‌یەکانیش بە شێوەی خۆی « فارسی نووسران » بە پێی کتێب‌و سەرچاوە ، بێ دەستکاری .

بۆ وێنە « نظامی » وەردەگرین[1] :

« نظامی : جمال‌الدین ابو محمد الیاس » شاعیری سەدەی شەشەمی کۆچی‌یەو یەکێکە لە شاعیرە داستان‌نووسەکانی شیعری فارسی‌و خاوەنی « مخزن الاسرار ــ خسروشیرین ــ لیلی‌و مجنون ــ هفت‌پیکرو اسکندرنامە »یە .

جگە لە دیوانی قەسایدو غەزەل .

لێرەدا بێ سوود نی‌یە ئەگەر بڵێم لەگەڵ ئەوەشا کە چ ئێرانی‌یەکان‌و چ ئازەربایجانی‌یەکان ، هەردوو لایان نیزامی بە هی خۆیان دەزانن ، بەڵام ئێمەی کوردیش بەشمان پێوەی هەیە چونکە دایکی کوردەو خۆی لە « لیلی ومجنون »ەکەی‌دا دەڵێ :

گر مادر من رئیسەء کرد
مادر صفتانە پیش من مرد[2]
از لابەگری کرا کنم یاد
تا پیش من آردش بفریاد

واتە :

دایکە سەرۆکی کوردەکەم دایك‌ئاسایی کۆچی دواییی کرد هاوار بۆ کێ بەرم بە گریانەوە تا بێ بە هاوارمەوەو بیهێنیتەوە بۆم هەروەها کە یادی خاڵی دەکاو دەڵێ :

گر خواجە عمر خال من بود
خالی شدنش وبال من بود

از تلخ گـواری نـوالهام
در نـای گلو شکست نالهام

واته :

مردنی خالم خواجه ــ سید عمر ــ بهلا بوو بۆ من ــ دهنگم نووساوه له هاوارو شیوهن .

یا « نهمانی خالم بهلا بوو بۆ من ــ له نای گهروومانالهم پساوه » دیاره خالی نیزامی کوڕی ڕهئیسی کوردان بووهو پشتو پهنایهکی باش بووه بۆ نیزامی .

بهلای ئیمهوه نیزامی کورد بێ یا نا به چاوێکی ڕێزهوه سهیری دهکهین، چونکه شاعیرێکی سهرکهوتووی پایهبهرز بووه .

بهلام زۆر شانازی به « خـانای قوبادی »یهوه دهکهین ، چـونکه شاعیرێکی بهرزی کورد بووهو بهرههمێکی بهرزی بۆ بهجێ هێشتووین ، ئهویش « شیرین وخسرهو » ، به کوردیشێوهی گۆرانی . ههروهکو کاك « محمـدیمهلاکریـم » له پێشهکیی « شیرین وخسرهو »هکهی خـانای قوبادیدا دهڵێ[۳] :

[شیرینو خوسرهوی خانای قوبادی تهنها چیرۆکێکی دڵداریی شیرینو خـوسرهوو کارهسـاتی فهرهادو سـهرهنجامی تراژیدیایینانو خـۆتێ ههڵقورتاندنی پڕلهنهگبهتی « شێرۆیه »ی کوڕی خوسرهو نیه له ژیانی یاوکیدا بهر لههرچی شاکارێکی ئهدهبیه له شێوهی داستانێکدا ــ ئهوهی فارسیو گۆرانی بزانێو بهراوردێکی خـوسرهوو شیرینهکهی شـاعیری بهناوبانگ ، به دایك کوردو به باوك ئازهربایجانی بکا .....بۆی دهردهکهوێ کارهکهی نیـزامی گهنجـهوی لهچاو کارهکهی ئهمدا ، وهك ئهسکاڵێك دێته پێش چاو ، خانا به پیشانهدانی دیمهنی جـوانو وهسفی وردو دهربڕو ڕهوانبێژیانهی گۆشتو دهمارو پێستی پێ پۆشیێو خوێنی تێزایاندبێو گیانی کردبێ بهبهردا] .

نیزامی له سەرەتای « خوسرەووشیرین »ەکەیدا دەڵێ :

خـداوندا در توفیق بگشـای
نظامیرا ره تحقیق بنمـای
دلی ده کو یقینترا بشـاید
زبانی کافرینترا سـراید(٤)

خودایە دەرگای سەرکەوتنو پیرۆزی بکەرەوە ، نیزامی بخەرە سەر رێی ڕاست « ڕێگای ڕاسـت پیشانی نیـزامی بدە » دڵێکی بدەرێ کە شایستەی یەقینت بێ ، زمانێك کە ئافەرینت بڵێ •

خانای گورد دەڵێ :

بە نام ئەو کەس « شیرین » ئەرمەن
پەیدا کەرد « فەرهاد »پەیش بی بەکۆکەن

هەر سوب تا ئێوار نە پای بێستوون

نەراش چەندین جەور ، چەند جەفا بەردش •
ئاخر بە ناکام ئەروا سپەردش

« تعالی » جە صونع پەروەردگاریش
جە کار شیرین شیرین کرداریش(٥)

ئەگەر بە دیقەتو وردی هەردوو بەرهەمەکە بەراوردبکرێ دەردەکەوێ خانای قوبادی لە ڕووی وەسفو ناسکیی ڕستەو بەیتی پڕواتای شاعیرانەوە ئەوپەڕی هونەری داسـتانو چیرۆکنووسیو ئەندێشەو خـەیاڵی بەرزی پیشاندداوە • بێ لایەنگری ، کارەکەی خانا گیانو هەستی بە داستانەکە داوەو ، چێژو تامێکی تایبەتی پێبەخشـیوە • داستانەکە گیانێکی کوردیی پێبەخشیوە •

سەیری ئەم چەند بەیتە ناسکە بفەرموون :

چون شەوبۆی بەهار بە شاهۆکۆوە •
بکەرەن سەوزەی خەطت وە بۆوە •
دەستەی کاکۆلت بگیروون بە دەست •
تا بە ڕۆی مەحشەر جەبۆش ببوون مەست •
پشتان بوون وە بەژن بالای تووڵ نەی •
شەو وێنەی لاولاو پای نەمام نەی •
پەیاپەی پەیوەست چون ساقیی سادە •
بنۆشۆن جە لەعل مەیگوونت بادە[٦] •

دوای خانا با بێینە سەر « ئەحمەدی خانی » •

خانی شاعیری سەدەی یانزەهەمی کۆچی ، خاوەنی « مەمۆزین »ە دەبینین کە خانی ئەم داستانیدڵداریو خۆشەویستییەی بە جۆرێکیوا داڕشتووەو گیانی کردوە بەبەردا کە لە لایەکەوە وەک شاعیرێکی وەستا ، لەولاوە وەکئەفەیلەسووفێکی وردبین لە ڕوویەکی تەرەوە وەک سۆفیو عارفێکی پایەبەرز کە شارەزای هەموو پلەکانی مەسلەکی تەسەوفبێ ، بە جۆرێکیوا هێناو ێتیەوە کە دەتوانین لە زۆر شوێندا بە چاوی « ملحمە »وە تەماشای بکەین • کاواتە ئەگەر خانا وەیا خانی بەرهەمی نیزامی کاریتێکردبن هیچ عەیبنییە ، چونکە توانیویانە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە بۆ زانایانی ئەدەبدۆستیان بچەسپێنن کە لەوان کەمتر نینو جێی شانازیی میللەتی کوردن • ئەم بەیتانە نموونەیەکن لە شیعری « خانی » کە هەروەکو هەموو شاعیرێکی ئیسلامی دەربارەی ستایشتی پەروەردگار لەسەرەتای داستانەکەیدا دای ڕشتوون :

سەرنامۀ نامە نام الله
بی نام تە ناتمامە والله

ای مطلع حسن عشقبازی
محبوب حقیقی‌و مجازی
نامی تیه لوح‌نامیا عشق
اسمی تیه نقش خامیا عشق
بی نقش ته نقش خامه خامه
بی نام ته ناتمامه نامه(۷)

نیزامی له پێشه‌کیی « لیلی‌و مجنون » ه‌که‌ی‌دا ده‌ڵێ :

ای نام تو بهترین سرآغار
بی نام تو نامه کی کنم باز
ای یاد تو مونس روانم
جز نام تو نیست بر زبانم
ای کارگشای هرچه هستند
نام تو کلید هرچه بستند
ای هیچ خطی نگشته از أول
بی حجت نام تو مسجل(۸)

[ئه‌ی ئه‌وه‌ی که ناوت باشترین سه‌ره‌تایه ، بێ ناوی تۆ نامه که‌ی بکه‌مه‌وه « به واتا که‌ی ده‌ستپێبکه‌م »به واتا هه‌موو نووسراوێك ده‌بێ به ناوی خودای گه‌وره ده‌ستپێبکا به‌واتا به « بسم الله .. » .

ئه‌ی که یادت هاوده‌می ڕه‌وانم « گیانم »ه ، جگه له ناوت نیه له‌سه‌ر زمانم .

تۆ کارگوشای هه‌رچی هه‌یه ، ناوت کلیله بۆ هه‌ر به‌ستراوێك به واتا بۆ هه‌ر داخراوێك بۆ هه‌ر «موشکله‌یه‌ك» .

ئه‌ی ئه‌وه‌ی که هیچ خه‌تێ نه‌کێشراو نه‌کرا له ئه‌وه‌ڵه‌وه ، بێ حوجه‌تی ناوی تۆ » .

سەیری بکە ئایا دەتوانرێ خانی لە نیزامی بەکەمتر دابنرێ ، نەخێر ، ئەگەر زیاتر نەبێ لە ڕێزی ئەوە ، بەڵام کارێگەریی نیزامی لەسەر خانی وەکو گوتمان ، لە پایەی خانی کەم ناکاتەوە • چونکە کاری گەریی شاعیرانی خۆو دراوسێ شتێکی ئاسایی‌و باوە[9] •

نیزامی لەسەرەتای داستانەکەی « لیلی‌و مجنون »دا دەڵێ[10] :

گویندهٔ داستان چنین گفت
آن لحظه که دُرّ این سخن سفت
کز ملك عرب بزرگواری
بوده‌است به خوب‌تر دیاری
بر عامریان کفایت اورا
معمورترین ولایت اورا
خاك عرب از نسیم نامش
خوشبوی تر از رحیق جامش
صاحب هنری بمردمی طاق
شایسته ترین جملهٔ آفاق
سلطان عرب به کامکاری
قارون عجم به مال‌داری
درویش نوازو میهمان دوست
اقبال درو چو مغز در پوست

واتا :

[گێڕەندەی داستان ئەئاوای گوت لەو کاتەدا کە دوڕی ئەم قسەیەی سفت « سمی »•بە واتا کە ئەم شیعرانەی هۆنیەوە •

کە لە مولکی عەرەب گەورە پیاوێ هەبوو لە باشترین دیارێ بۆ عامریان لێهاتوویی ئەو بەس بوو ، ئاوەدانترین ولاتی ئەو بوو خاکی عەرەب

له سروه‌ی «شه‌مآل»ی ناوی ــ بۆن خۆشتر بوو له شه‌رابی جامی .

خاوه‌ن هونه‌رو به‌مه‌ردی تاك ، شایسته‌ترینی هه‌موو ئافاق ، سوڵتانی عه‌ره‌ب به خۆش‌به‌ختی ، قاروونی عه‌جه‌م بــه ماڵداری ، ده‌رویش‌نه‌وازو میوان‌دۆست ، ئیقبالی وه‌کو مه‌غز«ناوك» له ناوپێست « توێکڵ » پۆست . به واتا وه‌کو ناوك له‌ناو توێکڵه‌که‌یدا .

خانیی کورد ده‌ڵێ[11] :

نقــاش صحیفهٔ حکایت
نقـــاد ســبیکهء روایــت
کیشــا بقی طرحی رسم‌و آیین
لیدا بقی طرازی ضرب‌و تزیین
کو پادشاهك زمان ســابق
رابــو د حکومتا خــوه فائق
اجنــاس ملل مطیع‌و منقـــاد
نســلا وی عــرب أمیر اکراد
تخت وی جــزیرو بخت مسعود
طالع قویّ مقــام محمــود
روم‌و عــرب‌و عجــم د فرمان
مشــهور بنــاقی میــر بهتــان

. . . . . .

. . . . . .

محتــاج ســخاو تاوی حاتــم
مغلوب شجاعتا وی رســتم
حاتــم ژ کمال همّتا وی
طومار سخاو تا خــوه گرتی «طی»

ئنجا بابێینه سەر [سعدیو حافظو جامی]و شاعیرانی‌کورد :

سعدی(١٢) :

[مشـــرف کـــوری مصلح شـــیرازی] شاعـیری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شیراز لەدایك‌بووەو هەر لەوێش لە دەوروبەری ســالآنی ٩٦٤ی کۆچی‌دا کۆچی دوایی کردووە • خاوەنی [گولستانو بۆستان]ە •

شاعیرێکی بەرزو سۆفی‌یەکی لە خـواترس‌بووەو خـاوەنی دیوانێکی تەواوە •

حافظ(١٣) :

حافظ(١٣) : [خواجە محمـد شمس‌الدین کوڕی بهاءالدین] حافزی شیرازی شاعیری سەدەی هەشتەمی کۆچی‌یە بە مامۆستای غەزەل بەتایبەتی غەزەلی « عیشقو عیرفان » دادەنرێ لە سالی «٧٩١»ی کۆچی‌دا لە شیراز کۆچی دوایی کردووە • خاوەنی دیوانێکی تەواوە •

جامی(١٤) :

[نور الدین عبد الرحمن کوڕی احمد جامی] :

سۆفی‌و شاعیری سەدەی نۆهەمی کۆچی‌یە ، بەرهەمێکی زۆری هەیە لـە شیعرو پەخشان [هفت اورنگ]ی بریتی‌یە لە [سلسلة الذهب ، سلامانو ابسال ، تحفة الاحـرار یوسفو زلخـا ، لیلی‌ومجنون ، سبحة الابرارو خردنامەء اسکندری] جگە لە دیوانی قەسایدو غەزەلو گەلێ بەرهەمی‌تر ، وەکو نفحات‌الانس •••••

لە سالی ٨١٧ی کۆچی‌دا لەدایك‌بووەو لە سالی ٨٩٨ی کوچی‌دا کۆچی دوایی‌کردووە •

بەڵێ هەروەکو گوتمان ئەمانە پایەو ستوونی بەرزی ئەدەبیاتی زمانی خۆیانن • جا هەر لەبەر ئەوە بووە کە شاعیرانی ئێمەش لە هیندێ لادا ، لە

ژێـر کاری گەریی بەرهەمی ئەمانەدا بووڕو تا گەیشتوونەتە ڕادەیەك کە خۆیان لەوان بە کەمتر نەزانن لەگەڵ ڕێزیان بۆیان •

بۆ وێنە مەلای جزیری گورد(٥) :

شاعیرو عارفی کوردی ناوەڕاستی سەدەی دەهەمی کۆچییە دەڵێ :

گر لؤلوئی منثور ژ نظمی تو دخوازی
در شعر ملی بین تە بشیراز چە حاجت

شیراز وەیا شیرازی بێ : مەبەستی لـە سەعدیو حافزی شیرازی دێت : بە واتا ئەگەر مـرواری هۆنراوەت دەوێ لـەنەزم وەرە شـیعری مەلای « جزیری » ببینە مەچۆ بە دوای شیعری حافزی شیرازی یا سعدیو چ پێویستت پێیەتی •

هەروەها کە سەیری ئەو قەسیدەیە دەکەین کە مەلای جزیری لەگەڵ غەزەلە بەناوبانگەکەی حافزی شیرازیدا تێهەڵکێشی کردووە ، ئەو پەڕی بەرزیو بیری وردو ئەندێشەفراوانی تیادا دەبینین ، بە جۆرێك وەها کـە دەتوانین بڵێین کە لە ڕووی چێژو مۆسیقاوە ئەگەر بەیتەکانی حافز بەرزتر نەبن کەمتر نین کە دەڵێ :

نوایا مطربو چنگی فغان آفیتە خرچنگی
وەرە ساقی حتا کنگی نشوین دل ژ ڤی ژنگی
حیانا دل میـا باقی بنوشـین دا بمشتاقی
الا یا أیهـا السـاقی أدر کأسـاً وناولهـا

وەیـا وەرە سەیری ئـەم چەنـد بەیتە بکە لـەو قەسیدە بەرزە (١٩) بەیتیبەی داو بەراوردی بکە لەگەڵ جوانترین قەسیدەی سعدی وەیا جامیدا دەبینین زۆر لەوان جوانترو ڕوانترو دڵگیرترە کە ئەمەیە مایەی شانازیو فەخر بۆ ئێمەی کورد کە دەڵێ(١٧) :

گر ژ وی حوری سرشتی عشوەیك اِظهار بت
دی به بت نار خلیل اللەو دوژه سار بت
ور ژ بر پردی یدی بیضا به معجز بیته در
شمس‌و کوکب دی هلین عالم تژی انوار بت
ور ژ عکسی خمریان قوس‌وقزح دت یاسمین
دی گـل‌و ریحان ببارن‌تیك‌و تیـك گلزار بت
شمع دی جـان دت ژ شوقی بیته بـر صبحی نفس
نارت آخـر گر به مویـك بحث زلفا یـار بت
سلسلا بحثی ژ خونا دل بـر آن زلفا به چین
دی خطابـت ناف مسـك ار نافـهٔ تاتار بت
طوق گـردن حلقـهٔ زنار زلفا یار من
دی کلیتا کلب عشقی حلقه یا زنار بت
عقد احرامی د عشقیدا کو پـیر عشق بست
دی چـه غـم گـر خرقـه رهـن خانهٔ خماربت

هەتا دوایی قەسیدەکە بەم ناسکی‌و رەوانی‌و جوانی‌یەوە وەسفی یار دەکات کە مەگەر هەر خۆی زانیبێتی چی دەڵێ جگە لە کوردی . جزیری بە عەرەبی‌و فارسیش شعیری گوتووە . لەم قەسیدە فارسی‌یەدا دەڵێ :

یا رب این گلدسته یا نرگس رعنا است این
سرو گلشن یا الف یا قامت یکتااست این

واتە :

خوایە نازانم ئەمەی لەبەر چاومە ئایە چـەپکێ گوڵی جـوانە یا نیرگسی رەعنایە یا سـەروی رەوانە لە گوڵزاردا یا وێنەی نەخشی ئەلفە یا بالای یارە ... لێرەدا جزیری تا ڕادەیەك پەیڕەوی « استقبال »ی قەسیدەیەکی « جامی »کردووە کە دەڵێ :

قامت‌است این یا الف یا سرو یا نخل مراد
یا مگر گلدستهء باغ جهان آراست این[۱۸]

دوای ئەم با بێینە سەر (مولوی ــ جلال الدین‌ڕومی)و مەولەوی خۆمان بە واتا (معدوم) :

جــلال الدین ڕومی « مولوی » جــلال الدین محمـــد کــوڕی بهاء الدین] خەڵکی بەڵخی خۆراسانە ــ شاعیرو سۆفی سەدەی حەوتەمی کۆچی‌یە . لە منالی‌یەوە لەگەڵ باوکی‌دا دەچێ بۆ حەج‌و لەوێوە بۆ شــام ئنجا بۆ ئاسیای بچــووك « تورکیا »ی ئێستاو لە شــاری « قونیــە » جێگیربوون‌و هەر لەوێش وەفاتیــان کردووە . بەرهەمێکی زۆری هەیە (مثنوی ، قەسائیدو دیوانی شمس)و جگە لە نووسراوی‌تر بە پەخشان[۱۹] .

مەولەوی خۆمان [سید عبدالرحیــم کوڕی مەلا ئەسعەد]خەڵکی ناوچــەی تاوگۆزی‌یەو لە « ۱۲۲۱ »کۆچی‌دا لە سەرشاتە لەدایك‌بووە . مەلاو سۆفی‌و شاعیرێکی پایەبەرزی کوردە . جگە لە دیوانی شعیری ، دوو عەقیــدەی هەیە بە شیعر ، یەکێکی بە کوردی‌و ئەوی‌تریان بە فارسی‌یە . مەولەوی لە پێشا « تخلص »ی « معــدوم » بووە بەڵام دوای ئەوەی کــە گەیشتۆتە پلەی عیرفان‌و پێ‌گەیشتووە ، بە هۆی ئیرادەو خۆشەویستی‌یەکی تایبەتی کە هەی بووە بۆ « جلال الدینی ڕۆمی » لە ڕێگای بەرهەمەکانی‌یەوە « مەولەوی » کردووە بە « تخلص » . مەولەوی ئێمەش هەروەکو چــۆن مولانا « جلال‌الدیــن ڕۆمی » شیفتەو شەیدای « شمس‌تبریزی » بووە ، ئەمیش شێتو شەیدای پیری زاناو عارفی دانا « شێخ‌سراج‌الدین » بووە ، چونکە ئەم زاتە کارێکی تەواوی کردۆتە سەر هۆش‌و گۆشی مەولەوی . کە ســەیری بەرهەمی مەولەوی خــــۆمان دەکەین ئەگەرچی لە ڕووی قەوارە « کمیە »وە لەچاو بەرهەمی مولانادا « جلال‌الدین‌ڕومی » کەمە ،

بەڵام لە ڕووی بەرزی‌و هێزەوە کەم نی‌یەو شـانی لە شـانی غەزەڵەکانی مەولانا دەدا جـگە لەوەی ، کە حافزیش کاری تێکردووەو ئەمەی حافز هەڵدەگرین بۆ باسیکی دی .

هەروەها عەقیدە کوردی‌یەکەشی ئەگەرچی کەمە بەڵام ویستوویەتی لەسەر ڕێوشوێنی « مثنوی »ی « جلال‌الدین » دای‌ڕێژێ جگە لە عەقیدە فارسی‌یەکەشی .

مەولەوی « جلال‌الدین ڕومی » مەثنەویەکەی بەم جۆرە دەستپێدەکا .

بشنو از نی چون حکایت می‌کند

وز جـدائیها شـکایت می‌کنـد
کز نیستان تا مرا ببریده‌اند
از نفیرم مرد و زن نالیده‌اند(۱۹)

واتە :

گوێ بگرە لە نەی « شمشاڵ »چۆن حیکایەت دەکا « چۆن دەڵێ » لە جیابوونەوەو دووری شکات دەکات ، کە لە قامیشەڵان منیان بڕی‌یەوە لەبەر هاوارم ژنو پیاو نالآنیان ... « بە واتا : لەو ڕۆژەوەی منیان لەوەتەنم دوورخستەوە لەبەر هاوارم ژنو پیاو نالآندیان(۲۰) .

مەولەوی ئێمەش لە غەزەلێکا بەم جۆرە دەڵێ(۲۱) :

خامە سـەرارێز نە چای سیایی
مەڕێزۆ ئەسرین شـەکوای جیایی
نامەی صەد شکەنج وەهەم پێچ دەردەن
چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن(۲۲)

جێی شانازی‌یە کە مەولەوی ئێمەش ئەگەرچی مەولانا کاری تێکردووە بەڵام شیعرەکانی لەڕووی واتاو مەبەستو ڕەوانی‌یەوە لە هینەکانی ئەو کەمتر نی‌یە .

لێرەدا : خامە : هەمان (نەی)یە ، چونکە جاران قەڵەم لە نەی « قامیش » دروستدەکرا وەیا هەمان شمشاڵە کە ئەویش لە نەی دروستدەکرێ .

مەولەوی هەمان مەبەستی مەولانای ڕۆمی لە شیعرەکانیدا پیشانداوە بە جۆرێکی زۆر شارەزایانە . چونکە « نەی » لای هەر دووکیان هاوارپانە لە دەست جیابوونەوە ، لە شوێنی خۆیان .

ئەمەش خۆی گوایا ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە ئادەمو حەوا چۆن جیابوونەوەو لە بەهەشت کە شوێنو ئەسڵی خۆیان بوو دەرکران . لەبەر ئەمە دەبێ ئینسان هەتا هەتایە لە ناڵەو هاواردابێ وەکو ئەوان[٢٣] .

پێش کۆتایی باسەکەمان ، دێینە سەر « عطار »و فەقێ تەیران .

[عطّار] : [فرید الدین محمد کوڕی ابراهیم]ی نیشاپووری شاعیرو عارفی بەناوبانگی سەدەی شەشەمو سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچییە . « عطار » جگە لە قەسائیدو « غەزەلیات » گەلێ مەثنەویی هەیە وەک .

[الهی‌نامه ، مصیبت‌نامه ، اسرارنامه ، وصیت‌نامەو منطق الطیرو هتد][٢٤] .

[عطار] لە [منطق الطیر]دا کە لەسەر زمانی تەیرو دەربارەی گەیشتن بە حەقی « ئیلاهی »و بڕینی ڕێگای « سیروسلوك »ی عرفانییەو جۆرێکە لە میعراج ، حیکایەتی شێخی سەنعانی « صنعان »ی هەیە کە حیکایە تێکی زۆر شیرینو پڕواتایە ئەویش دەربارەی شێخێکی سۆفیی خاوەن « ٤٠٠ »مریدو هەموو عومری لەدەوری « کعبه »دا ڕابواردووە ــ لەپڕ عیشقی کچە گاورێك[٢٥] وای لێدەکا واز لە هەموو شتێ بهێنێو بچێ بۆ ڕۆم بە دوای ئەو کچەداو ببێ بە گاورو لە دوایدا خوا ڕزگاری بکاو کچەکە دوای ئەم بکەوێو ببێ بە موسڵمان[٢٦] هتد .

ئەم جارەش دەڵێم مایەی شانازیو جێی فەخرە ، کە « فەقێ تەیران »ی شاعیری کورد هەمان چیرۆکی دارشتووە بە شێوەیەکی گەلێك شیرینو

دلگیرو جـوان ــ به ناوی حیکایەتی « شێخی سەنعان »ەوە . کە کاتێ بەراوردی دەکەین دەبینین هینەکەی « فەقێتەیران »نەك لە هی « عەتتار » کەمترنییە بەڵکو گەڵێ تەڕو پاراوترو زیندووترە .

« عطار » : دەڵێ :

شیـخ صنعان پیر عهـد خـویش بود
در کمـال از هرچـه گویـم پیش بـود
شـیخ بـود اندر حـرم پنجاه سـال
با مریدی چار صـد صاحب کمال[۲۷]

واتە :

شێخی سەنعان پیری کاتی خۆی بوو کەمالی لە هەر شتێكدا کە بڵێیم لەپێش بوو « واتا لە هەموو شتێکا بە پلەی کەمال گەیشتبوو » . شێخ بوو پەنجا ساڵ لە حەرەمدا .

فەقێ تەیران دەڵێ :

گوە بدیرین نطقی عاشقان[۲۸] .
دا از بخوتم ڤی خطی .
حمدو ثنایا خالقی .
سبحان ژ شاهی قدرتی .

بەم جۆرە پێشەکییەکی « ۳۲ » بەیتە دوای ئەوە دەست پێدەکات و دەڵێ[۲۹] :

شیخك هبو صنعانیان .
سرداری پانصد صوفیان .
چو بو مقامی اولیان .
دائم د ذکرو طاعتی .

١ ــ شێخی « صنعان »ەکەی عەتتــار دەوری « ٤٥٠ »بەیتە بە شێوەی « مثنوی » دای‌ناوە .

٢ ــ شێخی « صنعان »ەکەی فەقێ تەیران دەوری « ٣١٣ » چوارینەیە بە کێشی حەوت وەیا هەشت هیجایی‌یە .

٣ ــ لای عەتتــار « ٤٠٠ » موریدی هەبووە ، بەڵام لای فەقێ تەیران شێخ « ٥٠٠ » موریدی هەبووە .

ئا بەم سەرنجە کورتە سەرپێی‌یە بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرانمان بەڕاستی شاعیرو زانابوونو جێ شانازی‌و مایەی فەخری میللەتی کوردن .

جا لەبەر ئەوە دەبێ هەمیشە میللەتی کورد بە ڕێزو دوروودەوە ناویان بهێنێ‌و لە یادیان نەکا .

پەراوێزو سەرچاوەو کتێب :

١ ــ دکتر « ذبیح‌الله صفا » گنج سخن ــ تهران ١٣٥٤ جلددوم ل •

٢/أ ــ مؤسسهء انتشارات امیر کبیر ــ کلیات خمسهء حکیم نظامی گنجه‌ای تهران ١١٣٥ شمسی ل٤٥٨ •

ب ــ مامۆستا « محمدی مەلاکەریم »واتای ئەم دووبەیتەی بەم جۆرە نووسیوە : [ئەگەر دایکی من کە سەرۆکی کوردبوو (یا ناوی « رئیسه »بوو کورد بوو) دایك ئاسایی بەر لەمن یا لەبەر دەمی منا ، مرد ، من لە کوڕووزانەوەی خۆما هاواربە کێ بکەم تا بێ‌بە هاوارمەوەو بیهێنێتەوە لام] •

شیرین‌و خوسرەو ــ خانای قوبادی ــ محمدی مەلا کریم ــ ١٩٧٥ بەغدا ل ٩ •

ج ــ دوکتۆر « عبد النعیم محمد حسنین » دەڵێ :

« غیر اننا نکاد نحس بمکانة والده من اشارته الی والدته ــ علی أنها کانت بنت احد رؤساء الکرد ، حینما یقول متحسراً علی وفاتها « لقد تُوفیت والدتی رئیسة الکرد ــ ولکن حنان الأمومة ما زال ماثلاً امام عینی ، فمن ادعــوه لنصرتی بکثرة العویل ، حتی یعیدها الی بالبکاء ؟! ••••

نظامی الگنجوی ــ شاعر الفضیلة ــ الدکتور عبد النعیم محمد حسنین ــ الطبعة الاولی ١٣٧٣هـ ــ ١٩٥٤م ــ مصر ــ ص ٨٦ •

٣ ــ « محمدی مەلا کریم » ــ شیرین خوسرەو ــ خانای قوبادی بەغدا ١٩٧٥ ل ٩ •

٤ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە «٢» ل١٢٠ •

٥ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە « ٣ » ل١ •

٦ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە « ٣ » ل٦١٠ ــ ٦١١ •

٧ ــ م ب • رودنکو ــ احمد خانی ــ مەم‌و زین ــ موسکو ١٩٦٢ ل١ •

٨ ــ سەرچاوەی ژمارە « ٢ » ل٤٢٧ .
٩ ــ چهار مقاله ــ احمــد بن عمر بن علی النظامی العروضی السمرقندی ٥٥٠ هجری چاپی لیدن ١٩٠٩م ل٢٩ ــ ٠،٣٠
١٠ ــ سەرچاوەی ژمارە « ٢ » ل٤٦٤ .
١١ ــ سەرچاوەی ژمارە « ٧ » ل٤٤ .
١٢ ــ سەرچاوەی ژمارە « ١ » ل١٨٤ .
١٣ ــ سەرچاوەی ژمارە « ١ » ل٢٩٨ .
١٤ ــ سەرچاوەی ژمارە « ١ » ل٣٥٥ .
١٥ ــ أ ــ احمد بن ملا محمد البهتی الزفنگی ــ العقد الجوهری في شرح دیوان الشیخ‌الجزری ــ قامشلی ١٩٥٨ جا ل١٢٩ .
ب ــ صــادق بهاء الدین ــ دیوانا مەلایێ جزیری ــ بەغدا ١٩٧٧م ل١٤٦
لێرەدا ئەم بەیتە بەم جۆرەیە :
گەرلوئلوئی مەنثور ژ نەظمێ تو دخوازی .
وەر شعرێ مەلێ بین تە ب شیرازێ چ حاجەت .
١٦ ــ هەمان ســەرچاوەی ژمارە « ١٥ أ » ل٢ وەیا سەیری ژمار ١٥ ب ل٢ وەیا سەیری ژمارە ١٥ ب ل ٨٣ بۆ ئیملا تازەکەی بکە .
١٧ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە « ١٥ أ » ل ١٠١ وە بۆ ئیملا تازەکەی سەیری سەرچاوەی ژمارە « ١٥ ب » ل ١٣٥ بکە .
١٨ ــ أ ــ هەمان سەرچاوەی ژمارە « ١٥ أ » ل ٤٢٩ .
بــ هەمان سەرچاوەی ژمارە « ١٥ ب » ل ٢٩٩ .
١٩ ــ سەرچاوەی ژمارە « ١ » ل ١٤٧ .
١٩ ــ کتاب مثنوی چاپی لیدن ل ٣ .
٢٠ ــ مثنوی جــلال الدین الرومی ــ الکتاب الاول ــ ترجمــه وشرح ودراسه ــ الدکتور محمد عبد السلام کفافی ــ بیروت/١٩٦٦ ل ٠،٧٣

٢١ ــ مه لا عبد الكريم مدرس ــ ديوان مەولەوی ل ١٩٢ .

٢٢ ــ دوور نیيە ئەم غەزەلەی مەولەوی يەكەم غەزەلی بووبێ .

٢٣ ــ لە هەڵێكی‌تردا باسی ئــەو بەیتو غەزەلانە دەكەین كــە تیایاندا مەولەوی لەسەر ڕێو شوێنی « جلال‌الدین ڕۆمی »و حافیزی شیرازی ڕۆییشتووە .

٢٤ ــ سەرچاوەی ژمارە « ١ » ل ١٠٨.

٢٥ ــ وشەی گاور : لە زمانەكانی ئەم ناوچەیەدا وشەی « ترسا » بــۆ مەسیحی بەكارهاتووە شێخی سەعدی دەڵێ :

ای كریمی كه از خزانهٔ غیب
گبر و ترسا وظیفه خورداری
دوستان‌را كجا كنی محروم
تو كه با دشمنان نظر داری

وشەی «گبر» بۆ غەیری موسڵمانو مەسیحیو جوولەكە بەكارهاتووە ، بە زۆری بۆ « زەردشتی » بەڵام ئەم وشەیە لە كوردیدا وردە وردە تەلەفوزو شێوەكەی گۆڕاوە بەم جۆرە : « گبر » ــ گور ــ گاور . وە بەكارهاتووە بۆ مەسیحی . تەنانەت یەكێ لە دەربەندەكانی قۆپی قەراخ ــ ئەوەی بەرامبەر « تەكێ »یە پێی دەڵێن دەربەند « گورِ ــ گەورِ » بــە واتا ، دەربەندی « گاور » وە مەبەستیان لەوە هاتووە كــە هینی موسڵمانان نیيە چونكە پەیكەری پێش ئیسلامی لێیە . ئەگەرچی هێندێ دەڵێن وشەی گاور لــە وشەی « كافرە »وە هاتووە . بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم .

٢٦ ــ ئەم حیكایەتە لــە ئەدەبی عەرەبیدا هەیەو هەروەها لــە ئەدەبی خەڵكیش ــ فۆلكلۆریشدا چ لای كوردو چ لای میللەتەكانی دراوسێی كورد .

سەیری ١ ــ : ــ عطارنامه ــ د . احمد ناجی القیسی ــ ١٩٧٨ بغداد ل ٦٠٥ ــ ١٠٦ بكه .

٢ ــ منطق الطير لفريد الدين العطار النيسابوری ــ الدكتور بديع جمعه دار الاندلس للطباعه والنشر والتوزيع ــ الطبعه الثالثه ١٩٨٤ م بيروت ل ٧١ بكه •
٢٧ ــ دكتر محمد جـواد مشكور ــ منطق الطير ــ شيخ فريد الديـن عطار نيشاپوری ــ تهران ١٩٦٨ ل ٧٧ •
٢٨ ــ حيكايت شيخ صنعان ــ چاپ موسكو ل ٦٧ •
٢٩ ــ حيكايت شيخ صنعان ــ چاپ موسكو ل ٦٩ •
جگەلەو سەرچاوەو كتێبانەی لە پەراوێزەكانداا ناويان هاتووە سەيری ئەمانەش كراوە •
٣٠ ــ علاء الدين سجادی ــ ميژووی ئەدەبی كوردی ــ بەغدا ــ چاپی دووەم ١٩٧١ •
٣١ ــ مؤسسهٔ مطبوعات امـير كبير ــ ليلی ومجنون ــ حكيم نظامی گنجوی تهران ١٣٣٥ •
٣٢ ــ محی الدين صبری نعيمی ــ العقيده المرضية ــ تأليف العلامه فقيد العلم والادب السيد عبد الرحيـم « الحسينی » الشـهير بالمولوی والمتخلص بمعدوم ــ مطبعة السعاده بجوار محافظة مصر ــ الطبعه الاولی ١٣٥٢ هـ •
٣٣ ــ الدكتور عز الدين مصطفی رسول ــ احمد خانی ــ شاعراً ومفكراً وفيلسوفا ١٩٧٩ بغداد •
٣٤ ــ الدكتور كامـــل حسن عزيـــز البصير ــ رەخنەسازی ميژووو پەيرەوی كردن ١٩٨٣ بەغداد •
٣٥ ــ ميژووی ئەدەبی كوردی ــ علاء الدين سجادی ــ ١٩٧١ چاپی دووەم بەغدا •

ملخص البحث

مقارنة قصيرة

الدكتور امين على موتابجى
جامعة بغـداد
كلية الآداب

يتحدث الكاتب في مقدمة بحثه المعنون « مقارنة قصيرة » ، بايجاز ، عن الظروف القاسية التى مر بها الشعب الكردي بالنسبة الى الشعوب المجاورة ، ليخلص من ذلك بالتالى الى تثبيت المقام الرفيع للشعراء الكرد ، لما أبدعوه من شعر متقدم رغم ظروف شعبهم القاسية تلك . وبعد أن يتطرق الى الابداع الشعري لشعراء الشعوب المجاورة من عرب وفرس وترك ، يقارن بين شعر الاكراد وشعر هذه الشعوب أيضاً .

ثـم يتحدث الباحث عن حقيقة تأثـر أدب كل شعب بشعر جيرانه من الشعوب الاخرى ، والى دور الدين والثقافة السائدة والسلطة السياسية في ترجيح كفة التأثير لصالح الشعوب السائدة على جيرانها ، ويبين أن كثيراً من الشعراء الكرد ورغم هذه الظروف لم يكونوا يرون أنفسهم أقل من أقرانهم في الشعوب الاخرى من الشعوب الجارة السـائدة وكانوا على صـواب في ما يقيمون به انفسهم وابداعهم ، ويذكر في هذا المضمار على سبيل المثال عدداً من فحول الشعراء الآذريين والفرس وشعراء شعوب آسيا الوسطى الاسلامية ابتداء بامثال نظامى وفريدالدين عطار وسعدى وحافظ وانتهى بكليم وبيدل ، ويقول ان هؤلاء في طليعة من تأثر بهم الشعراء الكلاسيكيون الكرد ، ومع ذلك فقد نافسهم بعض الشـعراء الكرد في مستويات ابداعهم رغـم البون الشاسع في ظروف هؤلاء واولئك .

وفي هذا المضمار يبدأ بمقارنة بين نظامى گنجوى الآذربيجاني (الكردي من جهة الام) وبين خاناى قوبادى الكردي في القصة التى كتبها كل منهما عن (خسرو وشيرين) ، وبين الاول وبين احمدى خانى في القصة الشعرية التى كتبها كل منهما عن ليلى ومجنون ويبرهن على مدى سمو التصوير لدى خاناى قوبادى واحمدى خانى عنه لدى نظامى گنجوى • كما يجـري مقارنة بين قصائد لكل من سعدى وحافظ وعبدالرحمن جامى والملا احمد الجزري من الاكراد ، وبين مولانا جلال‌الدين رومى وعبدالرحيم المولوى من المتصوفة وبين فريدالدين عطار من الفرس وفقى طيران من ذوى الاتجـاه الفلسفى ، ويتحدث عن نماذج في طرح كل من هؤلاء واولئك لافكارهم ، ويبين الاوجه البلاغية وروعة الاداء لدى كل منهم ويذكر افضليات الشعراء الكرد في ذلك بالنسبة لاقرانهم من الآذريين والفرس وشعراء شعوب آسيا الوسطى ، مما يدل على انه حتى ان لم يكن الشعراء الكرد افضل في اساليبهم وطروحهم من زملائهم من الشعوب الجارة ، فانهم يقفون واياهم جنباً الى جنب على الاقل • ويستند الكاتب في بحثه الى جملة من المصادر الادبية ويذكر نماذج مختلفة من شعر هؤلاء وأولئك في اللغتين الفارسية والكردية ، ويخلص في النهاية الم الاشادة بفضل اولئك الشعراء الاكراد ويؤكد على مكانتهم الادبية ويذكر ان على الشعب الكردي ان يعتز باولئك الشعراء ويشيد بدورهم في اعلاء شأن شعبهم وأدبه •

به زمانی ڕووسی

چی لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراوە (١)

د. ئەورەحمانی حاجی مارف
بەشی کوردی ـ کۆلێجی پەروەردە
زانکۆی بەغدا

ف . ئی . ئابایێف :

١ ـ دیسان دەربارەی دۆزینەوەیەکی درەنگ ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ژە ، ل ١٦٨ ـ ١٦٩ . ئەم نووسینە باسی وتاری .

Gender in Kurdish, BSOS, 1954, vol. 16, pt 3, pp. 528 - 541
D. N. Mackenzie,)

دەکات .

یو . یو . ئاڤالیانی :

٢ ـ جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی نزیك لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، « کارەکانی زانکۆی ئوزبەکستان »، ١٩٥٦ ، ب ٦٢ ، ل ١٤١ ـ ٢٣٣ .

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی لە جۆرەکانی واتای دەمی ڕابوردووی نزیکی لە زمانە ئێرانی‌یەکاندا کۆلیوەتەوە .

٣ ـ جێناو لە زمانی کوردی‌دا ، لێنینگراد ، ١٩٤٠ ، ٣ ل .
ئەم نووسینە کورتەی نامەی دوکتۆری‌یەکەیەتی .

٤ ـ دابەش کردنی کرداری ناسادەو کێشەی تێپەڕاندنو تێنەپەڕاندن لە کرمانجی‌دا ، کتێبی کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣ ـ ٥ .

ئاڤالیانی لەم کورتە وتارەدا لە شێوازی دابەش‌کردنی کرداری ناسادەو

هەندێ کێشەی کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا دواوە .

٥ ــ دەستووری ڕێژەی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی کرمانجیی خواروو) ، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی ڕۆژهەلاتناسان » ، باکۆ، ١٩٦٣ ، ل ٦ ــ ٧ .

ئەم وتارە کورتەی ئەو باسەی ئاقالیانیيە ، کە لە کۆنفرانسی ڕۆژهەلاتناسانداً ، کە لە (١١ تا ١٦)ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە باکۆ بەسترا ، خوێندوویەتیيەوە . کورتەی ئەم باسانە لەلایەن زانکۆی ئازربایجانەوە چاپکراوە .

٦ ــ کرداری ناسادە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان » ، ب ٩٥ ، ١٩٥٩ ، ل ١٣٧ ــ ١٥٠ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کردارە ناسادانە دەکات ، کە بە یاریدەی ناو ڕۆنراون .

٧ ــ کرداری ناسادە و کێشەی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣ ــ ٥ .

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە ، کە یو. یو. ئاقالیانی لەو کۆنفرانسە زانستیيەدا خوێندوویەتیيەوە کە شارەزایانی زمانە ئێرانیيەکان ساڵی ١٩٦٢ لە زانکۆی لێنینگراد گرتیان .

٨ ــ کرداری ناسادەی لە ناو و کرداری یاریدەدەری (کردن) سازبوو لە زمانی کوردیدا ، « کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان » ، ١٩٥٩ ، ب ٩٥ ، ل ١٦٩ ــ ١٧٧ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو جۆرە کردارە ناسادانەی زمانی کوردیی کردووە کە لە ناوێك و کرداری (کردن) پێکهاتوون .

ـ کەرەستە لەبارەی کرداری ناسادەی زمانی کوردیدا ، سەمەرقەند ، ١٩٦٢ .

ئەم کتێبە (١٠٠) لاپەڕەیە و دەربارەی ڕۆنانو جۆرو واتای کرداری ناسادە لە زمانی کوردیدا دەدوێ .

١٠ ـ کێشەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوو ئیدیۆمی کرداری (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی زانکۆی سەمەرقەند » ، سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل ٤٠ ـ ٤٣ .

ئەم وتارە کە لەبارەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوو ئیدیۆمی کرداریدا دەدوێ ، کورتەی ئەو باسەیە کە یو. یو ئاڤالیانی لە کۆنفرانسی چوارەمی زمانناسی لە سەمەرقەند خوێندوویەتیەوە .

١١ ـ لەبارەی جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی بەردەوامەوە لە زمانە ئێرانیەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، « کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان » ، ١٩٥٩ ، ب ٦٠ ، ل ٧٩ ـ ٩٧ .

نووسەر لەم وتارەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی باسی جۆرەکانی واتای کرداری دەمی ڕابوردووی بەردەوامی لە زمانە ئێرانیەکاندا کردووە .

١٢ ـ لەبارەی هەندێ ڕێگەی گەشەکردنی ڕۆنانی کرداری لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا ، « کێشەی ئیدیۆمو شێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەلاتیەکان » ، سەمەرقەند ١٩٧٢ ، ل ٢٨ ـ ٤٠ .

ئاڤالیانی لەم وتارەدا باسی ئەو ڕێگایانەی کردووە کە کرداری داڕێژراوو لێکدراویان پێسازدەکرێو بەمە جۆری گەشەکردنی کرداری دەستنیشان کردووە .

١٣ ــ واتای کرداری ڕابوردووی نزیك له زمانه ئێرانیەکاندا (به کەرەستەی زمانی کوردی) ، له کتێبی « کۆبوونەوەی زانستی بڕۆفیسۆرانو مامۆستایانی زانکۆی ئوزبەگستان لە نیسانی ١٩٥٦دا ــ کورتەی باسەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٥٦ ، ل ٩٥ ــ ٩٦ .

نووسەر لەم کورتەیەدا بە کەرەستەی زمانی کوردی باسی واتای کرداری دەمی ڕابوردووی نزیکی کردووە لە زمانە ئێرانیەکاندا .

١٤ ــ هەندێ حاڵەتی ئیدیۆمی کرداری له زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان » ، ژ ١١٣ ، ١٩٦١ ، ل ٨٥ ــ ٩٩ .

ئەم وتارە لەو ئیدیۆمانە دەدوێ ، کە کردار دەوری سەرەکی دەبینێ لە ڕۆنانیاندا .

١٥ــ هەندێ کێشەی بینای وشەی ڕووسیو جیهانی له زمانی تاجێکیدا ، « کورتەی هەواڵەکانی زانکۆی ئوزبەگستان ، ١٩٥٩ ، ل ٧٢ ــ ٧٧ .

له لاپەڕە (٧٦)ی ئەم وتارەدا باسی ئەو وشە کوردییانە کراوە کە چوونەتە زمانی تاجێکییەوە .

ئێ . م . ئۆرانسکی :

١٦ ــ زمانە ئێرانیەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ .

ئەم کتێبە (٢٠٣) لاپەڕەیە . نووسەرەکەی لەژێر سەر ناوی « زمانی کوردی » (ل ١٣٥ ــ ١٣٩)دا دەربارەی ناوچەکانی کوردنشینو دەورەکانی زمانی کوردی و لێکۆڵینەوەی کوردناسانو ڕێزمانی کوردی کۆڵیوەتەوە . له باسی « زمانە ئێرانیەکانی سەرووی ڕۆژئاوا » (ل ١٧٣ ــ ١٧٤)یشدا کەمێ له زمانی کوردی دواوە .

ئەنسیکلۆپیدیا :

١٧ ــ ئەنسیکلۆپیدیای بچووکی سۆڤێتی ، چاپی سێیەم ب ٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ .

لە لاپەڕە (٢٦٧)دا باسی زمانی کوردی کراوە .

١٨ ــ ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی ، ب ٢٤ ، مۆسکۆ ١٩٥١ . « زمانی کوردی » (ل ٩١) .

١٩ ــ ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی ، چاپی سێیەم ب ١٤ ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ .

لە لاپەڕە (٧١)دا باسی زمانی کوردی کراوە .

ئەورەحمانی حاجی مارف :

٢٠ ــ لەبارەی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیوی موکریانی یەوە ، « نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » ، لێنینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ١٧١ ــ ١٧٥ .

نووسەر لەم وتارەدا بە کورتی باسی فەرهەنگی « ڕابەر » و « کۆلکەزێڕینە » و « مەهاباد » ...ی کردووە و لەدەوری مامۆستا گیوی موکریانی لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا کردووە .

٢١ ــ مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیو شێوازی دانانی فەرهەنگی ڕووسی ــ کوردی ، لێنینگراد ، ١٩٧٢ .

ئەم نامیلکەیە کورتەی دوکتۆرییەکەیەتیو (٢١) لاپەڕەیە . لە پێشەکیو دوو بەشو سێ فەسلو ئەنجامو پاشبەند . پێناسەکانووە .

ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم :

٢٢ ــ ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوو لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتی و (٢٣) لاپەڕەیەو بریتییە لەپێشەکی و سێ بەش و ئەنجام • سێ بەشەکەش ئەمانەن :

١ ــ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بە ئامراز لە ناو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوودا •

٢ ــ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری بێ ئامراز لە نێو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتوودا •

٣ ــ دەوری وشەی تەناسوبی لە نێو ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووو ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەریدا •

ل • ئا • پیریتکۆ :

٢٣ ــ بەراوردکردنی تایبەتێتیی کرداری ڕابوردووی تێپەڕ لە زمانی کوردی و تالیشیدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ •

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییە و (١٦) لاپەڕەیە •

ڕ • ل • تسابۆلۆف :

٢٤ ــ لەبارەی مێژووی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ •

ئەم کتێبە (١٠٤) لاپەڕەیە • دەربارەی پەیدابوون و گۆڕان و گەشەکردنی دەنگە بزوێنەکانو کۆنسۆنانتەکانی زمانی کوردییە •

٢٥ ــ لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ •

ئەم کتێبە (٩٢) لاپەڕەیە • دەربارەی پەیدایوونو گۆڕانو گەشەکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردییە •

ئی • ئی • تسوکەرمان :

٢٦ ــ ئەندامی نادیاری کۆ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « زمانناسیی سۆڤیەتی » ، لێنینگراد ، ١٩٣٧ ، ب ٤ ، ل ١٠١ ــ ١٠٣ •

ئەم وتارە لەو حاڵەتانە دەدوێ ، کە چۆن ناو بێ ئەوەی نیشانەی کۆی پێوەبێ مانای کۆ دەگەیەنێ .

٢٧ ــ خاسیەتی ڕستەی نیهاد ڕستەیی لە زمانیکوردیدا ، « گــۆڤاری ، فەلەســتین » ، ب ١٣ ، ژ ٧٦ ، مۆســــکۆ لێنینگراد ، ١٩٦٥ ، ل ١٦٠ ــ ١٦٥ .

نووسەر لەم وتارەدا لەســەر بناغەی هەندێ تێکستی فۆلکلۆر لەو جۆرە نیهادانە دواوە ، کە نە بە وشەیەك یان بە دەستەواژەیەك هاتوون ، بە ڕستەیەکی سەرلەبەر دەربڕاون .

٢٨ ــ دۆخەکانی ناو لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤێتدا، لێنینگراد ، ١٩٣٩ ، ٤ ل .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆریەکەیەتی .

٢٩ ــ دۆخەکانی ناو لە شــێوەی کوردیی خــۆراساندا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » لێنینگراد ، ١٩٧٣ ، ل ١٤٢ ــ ١٤٤ .

نووسەر لێرەدا لــە دۆخی ڕاستەوخۆو دۆخی تیانی بەبێ نیشــانەو لەگەڵ نیشانەی کۆو نەناسیاوی دواوە .

٣٠ ــ دوو کێبی ڕێزمانی پرۆفیسۆر خاچاتۆریان ، گۆڤاری « زمانناسیی سۆڤیەتی » ، لێنینگراد ، ١٩٧٧ ، ب ٤ ، ل ٥٣ .

ئەمەوتارە ڕەخنەیەلە : ١ ــ کێبی «زمانناما کورمانجی»ی پرۆفیسۆر خاچاتۆریان ، کە ساڵی ١٩٣٢ لە یەریڤان بڵاوی کردۆتەوە ، ٢ ــ کێبی « زمانناما ژە کورمانجی » . پرۆفیسۆر خاچاتۆریانو حاجی جنــدی . ١٩٣٥ لە یەریڤان چاپیان کردووە .

٣١ ــ دەربارەی هەندێ تایبەتێتیی دووەم پاشکۆ لە زمانی کوردیدا ، « بیر و زمان » ، مۆسکۆ ، ١٩٤٨ ، ب ١٠ ، ل ٣٦٤ ــ ٣٧٥ .

٣٢ ــ دیاریکردنی واتای کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا ، « گۆڤاری

فەلەستین » ، ب ١١ ، ژ ٧٤ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٦٤ ، ل ٣٩ •

نووسەر لەم وتارەدا لە رێگەی هێنانەوەی چەند نموونەیەکی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕەوە لە هەندێ فەرهەنگی کوردیو بەراوردکردنیانو نیشاندانی دەوریانەوە هەوڵی داوە ماناو دەوری کرداری تێپەڕ دەست نیشان بکات •

٣٣ ــ ڕستەی خاوەنێتیی لە بەشە دیالێکتی خۆراساندا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » مۆسکۆ ، ١٩٧٠ ، ل ١٦٩ ــ ١٧١ •

نووسەر لەم وتارەدا لە کرداری « بوون »ەوە خاوەنێتی باس‌کردووەو لە دۆخی ئیزافە دواوە •

٣٤ ــ ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ •

ئەم کتێبە (٢٤٠) لاپەڕەیەو دەربارەی کرداڕە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا •

٣٥ ــ سەرنج لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردیەوە ،« کۆکراوەی ئێرانناسان » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٥٩ ــ ١٦٥ •

نووسەر لەم‌وتارەدا لەبارەی دیاردەی بوونی به (ی ــ ا) یەوە دواوە •

٣٦ ــ شوێنی وشەی سەرەکی لە دەستەواژەی دژواتادا ، « گۆڤاری فەلەستین » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ب ٧ ، ژ ٧٠ ، ١٩٥٩ ــ ١٩٦١ •

ئەم کورتە وتارە لەسەر بنچینەی لێکۆڵینەوەی دەستەواژەی وەك : « دایك و باوك » ، « شەوورۆژ » ، « ژنوپیاو » ، « ئەرزوئاسمان » •• دامەزراوە •

٣٧ ــ شێوەی کوردیی خۆراسانیو لێکۆڵینەوە لە تێکستەکانی ، نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی میژووی کولتووری گەلانی

ڕۆژهەڵات » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٦٠ ــ ١٦٦ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو کەرەستەی فۆلکلۆرە دەکات ، کە بە شێوەی کوردیی خــۆراسانەو کۆی‌کردۆتەوەو لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیدا بۆ چاپ ئامادەی کردووە .

٣٨ ــ کۆی ناو لە بەشە دیالێکتی خۆراساندا ، « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ٢٣٢ ــ ٢٣٧ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی‌ئەم نیشانانەو ئەو حاڵەتانەی کردووە ، کە لە بەشە دیالێکتی کوردیی خۆراساندا کۆ سازدەکەن .

٣٩ ــ لەبارەی ڕێزمانی کوردیی‌یەوە ، گۆڤــاری « کارەکانی ئامۆژگای زمانناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٤ ، ل ٥ ــ ٥٨ .

ئەم وتارە لەبارەی جنسەکانی ناوەوەیە لە زمانی کوردیدا .

٤٠ ــ لەبارەی ڕێزمانی کوردیی‌یەوە ، لە کێبی « زمانە ئێرانیی‌یەکان » ، ب ٢ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٥٠ ، ل ٧٨ ــ ١٤٤ .

ئەم نووسینە بریتی‌یە لە دوو باسی گەورەو بایەخدار :

١ ــ گەردانی کرداری تێپەڕ .

٢ ــ حاڵەتەکانی ناو .

٤١ ــ لەبارەی یەکێتیی ڕەگەزی نیشانەی کرداری کاتی ئێستاو حاڵەتی حازرەوە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروووی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری «کێشەی ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ب ٢ ، ل ١٤٨ ــ ١٥٥ .

ئەم وتارە لەســەر لێکدانەوەی ڕێزەی : ١ ــ ئەز بکەقم ، ئــەزێ بکەقم ، ٢ ــ ئەز بکەتاما ، ئەزێ بکەتاما ... سازکراوە .

٤٢ ــ مانای فۆرمی لێکدراو (بە کەرەستەی زمانی کوردی ، « گۆڤاری ئەنجومەنی زانستیی ئامۆژگای زمانناسی » لێنینگراد ، ١٩٦٣ ، ل ١٤ ــ ١٥ .

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە کە تسوکەرمان لە کۆڕێکی فراوانی ئەنجومەنی زانستی ئامۆژگای زمانناسی لە لێنینگراد خوێندوویەتی‌یەوەو بە کەرەستەی زمانی کوردی واتاو مانای وشەی لێکدراوی لێکداوەتەوە .

٤٣ ــ نیشانەی نەناسیاویی کۆ لە بەشە دیالێکتی خۆراساندا ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١٠٧ ــ ١١٠ .

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی نیشانەی (ینی/نی)ی کۆی نەناسیاوی دواوە .

٤٤ ــ هاوڕەگەزایەتیی نیشانەی کاتی ئایندەو نیشانەی حاڵەتی غائیب لە زمانی کوردی (کرمانجی)دا ، کێشەی ڕۆژهەڵاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ژ ٢ ، ل ١٤٨ ــ ١٥٥ .

نووسەر لەم وتارەدا ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە لە زمانی کوردی (دیالێکتی ژوورو)دا نیشانەی کاتی ئایندەو نیشانەی دۆخی غائیب لە یەک سەرچاوەوە هاتوون .

هەروەها ژ : ٤٥ ، ٨٤ ، ٨٥ ، ٨٦ .

ئی . ئی . تسوکەرمانو ژ . س . موسیلیان :

٤٥ ــ فەرهەنگی کوردی ــ ڕووسی ئەکادێمی ئی. ئا. ئۆربیلی ، «کورتەی وتارەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد » ، مارت ١٩٦٦ ، ل ٦٩ ــ ٧٠ .

نووسەران لەم وتارەدا دەربارەی ناوەرۆکو بایەخی دەستنووسی ئەو فەرهەنگە کوردی ــ ڕووسی یەی ئەکادێمی ئی . ئا . ئۆربیلی دواون ، کە لە ساڵانی بیستدا نووسیوێتی‌و ئێستا لەلایەن کار گێڕانی بەشی کوردی لێنینگرادەوە بۆچاپ ئامادەکراوە .

چەرکەزی بەکۆ (چ . ح . : باکایێف) :

٤٦ ــ بنچینەی ڕێنووسی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٣ .

ئەم کتێبە (٢٧٢) لاپەڕەیەو باسی چۆنیەتیی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی سلاڤی دەکات و بریتییە لە : پێشەکی (ل ٣ــ٨) ، ١ ــ ئەلفوبێو ڕێنووس (ل ٩ ــ ٦٠) ، ٢ ــ خاڵبەندی (ل ٦٠ ــ ٧٠) ، ٣ ــ فەرهەنگی ڕاستنووسینی وشە (ل ٧١ ــ ٢٠١) ، ٤ ــ هەندێ تێکستی کوردی (ل ٢٠٢ ــ ٢٦٩) .

٤٧ ــ بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢[٣] .

ئەم کتێبە (٢٧٠) لاپەڕەیەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ٣ ــ ٧) ، فۆنەتیک (ل ٨ ــ ٢٧) ، مۆرفۆلۆژی (ل ٢٨ ــ ١١١) ، وشەڕۆنان (ل ١١٢ ــ ١١٩) ، سینتاکس (ل ١٢٠ ــ ١٣٠) ، جیاوازیی شێوەی کوردەکانی تورکمەنستان لە زمانی ئەدەبیی کوردی (ل ١٣١ ــ ١٣٥) ، پاشکۆ ــ تێکستو فەرهەنگۆک (ل ١٣٦ ــ ٢٦٨) .

٤٨ ــ پۆستپۆزیشنی وەک کەرەستەی دەربڕینی پێوەندیی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا ، لێنینگراد ، ١٩٥٠ .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتی .

٤٩ ــ پۆستپۆزیشنی (ڕا) وەک کەرەستەی دەربڕینی ڕێزمانی لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کۆنگرەی زانایانی لاو » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٤٩ ، ل ٤١ ــ ٤٢ .

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە ، کە مامۆستا چەرکەزی بەکۆ لە کۆڕی بیرەوەری ئەکادێمی ن٠ یاء ماردا خوێندوویەتییەوە .

٥٠ ــ دەوری پێوەندیی زمان لە پێش‌کەوتنی زمانی کوردەکانی سۆڤیەتدا، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ .

ئەم کتێبە (٢٨٨) لاپەڕەیە . لە پێشەکیو چوار فەسڵو هەندێ تێکستی فۆلکلۆرو فەرهەنگێکی وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا پێکهاتوون ... لە پێشەکیدا ١ ــ ڕوونکردنەوەی پێوەندیی زمانانو

٢ ــ باسی کوردەکانی سۆڤێت)ی کردۆتە مەبەست • (ل ٧ ــ ٢١) • فەسڵی یەکەم بە ناوی « دەوری زمانی عەرەبی لە پێشخستنی زمانی کوردیدا » وەیە (ل ٢٢ ــ ٤٨) • فەسڵی دووەم سەرناوی « دەوری زمانی تورکی لە پێش‌خستنی زمانی کوردیدا » ی وەرگرتووە (ل ٤٩ ــ ٦٨) ، فەسڵی سێیەم « دەوری زمانی ئەرمەنی لە پێش‌خستنی زمانی کوردیدا فەسڵی چوارەم « دەوری زمانی ڕووسی لە پێش‌خستنی زمانی کوردیدا » (ل ١٢٩ ــ ١٤٦) •

٥١ ــ زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥[٣] •

ئەم کتێبە (٢٨٤) لاپەڕەیەو نووسەر بە شێوازێکی فراوان لە فۆنەتیك (ل ١١ ــ ٢٧)و مۆرفۆلۆژی (ل ٢٧ ــ ٩٠)و وشەڕۆنان (ل ٩٠ ــ ٩٧)و سینتاکس (ل ٩٧ ــ ١٠٥)ی شێوەی کوردەکانی ئازربایجان دواوەو ئنجا جیاوازیی بنچینەیی ئەو بەشە دیالێکتەی لەگەڵ زمانی ئەدەبی‌دا (ل ١٠٥ ــ ١١٥) باس کردووەو لە کۆتاییشی‌دا هەندێ تێکست (ل ١١٦ ــ ١٨٩)ی تۆمارکردووە و فەرهەنگێکی کوردی (بەشە دیالێکتی کوردی ئازربایجان) ــ ڕووسی داوە (ل ١٩٠ ــ ٢٨١) •••

٥٢ ــ زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣[٤] •

ئەم کتێبە (٣٥٢) لاپەڕەیەو نووسەر تێی‌دا بەراوردی لە نێوان بەشە دیالێکتەکانی سۆڤیەت‌دا کردووە • لە پێشەکی‌دا (ل ٥ ــ ٢٣) دەربارەی کوردەکانی سۆڤێت‌و مێژووی لێکۆڵینەوە لە زمانیان دواوە • لە چوار فەسڵی گەورەدا لە : فۆنەتیك (ل ٢٥ ــ ٥٦) ، مۆرفۆلۆژی (ل ٥٧ ــ ٢٣٨)، وشەڕۆنان (ل ٢٣٩ ــ ٢٧٢) ، سینتاکس (ل ٢٧٣ ــ ٣٠٧)ی کۆلیوەتەوە• لە کۆتاییشی‌دا هەندێ تێکستی بلاوکردووەتەوە •

٥٣ ــ زمانی کوردی ، گۆڤاری « زمانە خاوەن نووسینە تازەکانی میللەتانی سۆڤیەت » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ ، ل ٤٦٨ ــ ٤٧٤ •

ئەم وتارە لەبارەی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیەوە دەدوێ لە یەکێتیی سۆڤێت .

٥٤ ــ لەبارەی کێشەی گەردانی سوبیەکت و تۆبیەکتی کرداری تێپەڕەوە لە زمانی کوردیدا ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ژ ٤ ، ل ١٠٣ ــ ١٠٦ .

٥٥ ــ مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی لە ڕووسیاو یەکێتیی سۆڤێت ، « لەبارەی مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانیەکانەوە مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ١٠٠ ــ ١١٧ .

مامۆستا بەکۆ لەم وتارەدا باسی زۆربەی ئەو کارە زمانەوانیانەی کردووە کە بەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیای قەیسەریو دوای شۆڕش لە یەکێتیی سۆڤێت لەبارەی زمانی کوردیەوە نووسراون .

٥٦ ــ هەندێ کێشەی سازبوونی زمانی ئەدەبیی کوردیی یەکێتیی سۆڤێت ، کێشەی ئیدیۆمو شێوازو پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەلاتیەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٥٣ ــ ٦٢ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی مێژووی ئەو ئەلفوبێیانە دەکات کە کوردەکانی سۆڤێت بەکاریانهێناوەو لە پێش کەوتنو گەشەکردنی نووسینو سازبوونی زمانی ئەدەبیی ئەو کوردانە دواوە .

٥٧ ــ هێز لە بەشە دیالێکتی کوردیی تورکمەنستاندا ، « کۆکراوەکانی ئێرانناسی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٦٦ ــ ١٧٢ .

ئەم وتارە لەوە دەدوێ کە هێز (النبرة ــ Stress) لە بەشە دیالێکتی کوردیی تورکمەنستاندا لە چ شوێنێکی وشەدا دادەنرێو دەوری چیە .

ئا . س . چیکۆباڤا :

٥٨ ــ سەرەتایێکی زمانناسی ، ب ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٥٢ .

لە لاپەڕە (٢٠٢) و (٢٠٤)ی ئەم کتێبە ڕووسیدا باسی زمانی کوردی کراوە .

ل . ئا . خێتاگوروڤ :

٥٩ ــ حاڵەتەکانی جنس لە زمانە ئێرانییەکاندا ، « نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٩ ، ب ١ ، ژ ٢٠ ، ل ٥٠ ــ ١٧ .

لە لاپەڕە (٥١ ــ ٦٦ ، ٧٩ ــ ٩٧)دا باسی حاڵەتەکانی جنس لە زمانی کوردیدا کراوە .

م . ب . ڕودینکۆ :

٦٠ ــ ئەرکی کرداری (گریان) لە تێکستی ئەدەبی کوردیی سەدەکانی ناوەڕاستدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو) ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست » ، لێنینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ٢٠٠ ــ ٢٠٣ .

نووسەر لەم وتارەدا لەبەر ڕووناکیی دەستانی « یوسفو زلێخا »ی سەلیم سلێمانو « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانیو « لەیلو مەجنوون »ی حارسی بتلیسیدا لە ڕێژەی جۆربەجۆری کرداری « گریان »ی کۆلیوەتەوە .

٦١ ــ دەربارەی هەندێ تایبەتێتیی ڕێنووسی دەستنووسە کوردییەکان ، « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ١٩٨ ــ ١٩٩ .

ئەم وتارە دەربارەی بەکارهێنانی هەندێ پیتی جیاوازە لە دوو دەستنووسی « یوسفو زلێخا »دا .

٦٢ ــ هەندێ تایبەتێتیی زمانی ئەدەبیی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١٠٤ ــ ١٠٧ .

نووسەر لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە داستانی « یوسف و زلێخا »ی سەلیمی سلێمانەوە هەندێ تایبەتێتیی زمانی کوردیی ئەو سەردەمەی لە

بەکارهێنانی وشەو ڕێزەدا دیاری‌کردووە .

زانێ یوسف (ز . ئا . یوسوپۆڤا) :

٦٣ ــ ئەرکی پارتیکلی (ئەوا) و (وا) لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » ، مۆسکو ، ١٩٧٤ ، ل ١٦٦ ــ ١٦٨ .

ئەم وتارە باسی ئەو ئەرکانە دەکات کە وشەی (ئەوا)و (وا) بەجێی دێنن .

٦٤ ــ ئەرکی جێناوی لکاوی (ێ) لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، دووشەمبە ، ١٩٦٦ ، ل ٣٢٥ ــ ٣٢٧ .

ئەم وتارە بە نموونەوە لەوە دەدوێ کاتێ جێناوی لکاوی (ێ) دەچێتە سەر پریپۆزیشنی : (لە ، بە ، دە) دەیانکاتە (ڵ ، بێ ، دێ) ...

٦٥ ــ بینای ئیزافە لە شێوەی سلێمانیدا « زمانناسیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٨١ ، ل ٢٣٨ ــ ٢٤٢ .

ئەم وتارە باسی ئەو نیشانانە دەکات ، کە لە شێوەی سلێمانیدا ئیزافە سازدەکەن .

٦٦ ــ پریپۆزیشنو پۆستپۆزیشن لە دیالێکتی خواروووی کوردیدا ، لێنینگراد ، ١٩٦٥ .

ئەم کارە کورتەی نامەی دوکتۆریی زانێ یوسفەو (١٩) لاپەڕەیە و لە سێ بەش پێکهاتووە : ١ ــ پێشەکی ، ٢ ــ خاسیەتی ناو لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە : ٣ ــ پریپۆزیشنو پۆستپۆزیشن

٦٧ ــ پریپۆزیشنو پۆستپۆزیشن لە سۆرانیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، لێنینگراد ، ١٩٦٥ ، ل ٥٤ ــ ٥٦ .

ئەم وتارە بە کورتی باسی ئەرکی دەوری پریپۆزیشن و پۆستپۆزیشن دەکات لە دیالێکتی خواروی کوردیدا .

٦٨ ــ پۆستپۆزیشنی (ەوە) لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) ، کورتەی هەواڵەکانی ئاموژگای میللەتانی ئاسیا » ، ژ ٦٨ ، ١٩٦٤ ، ل ٤٠ ــ ٤٧ .

نووسەر لەم وتارەدا لە شێوەو دەورو ئەرکی پۆستپۆزیشنی (ەوە) لە دیالێکتی خواروی کوردیدا دواوە .

٦٩ ــ دیالێکتی سلێمانیی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

ئەم کتێبە (١٤٤) لاپەڕەیە و بریتییە لە : پێشەکی (ل ٩ ــ ٢٠) ، ئەلفوبێو ڕێنووس (ل ٢١ ــ ٢٤) ، فۆنەتیك (ل ٢٥ ــ ٣٠) ، وشەناسی (ل ٣١ ــ ٣٣) ، مۆرفۆلۆژی (ل ٣٤ ــ ١٠٨) ، سینتاکس (ل ١٠٩ ــ ١٣٠) ، پاشکۆ (ل ١٣١ ــ ١٣٧)[٥] ...

٧٠ ــ فەرهەنگی کوردی ــ ڕووسی ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، لێنینگراد ، ١٩٦٩ ، ل ١٦٧ ــ ١٦٩ .

نووسەر لەم وتارەدا کەمێ دەربارەی شێوەی کارکردنو شێوازی دانانی ئەو فەرهەنگە کوردی (کرمانجیی خواروو) ــ ڕووسییە دواوە ، کە لەگەڵ قەناتی کوردۆدا خەریکی دانانی بووە .

٧١ ــ کرداری کارابزر لــە زمانی کوردیدا (بــە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو) ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات » ، لێنینگراد ، ١٩٧٣ ، ل ١٩٤٧ ١٥٠ .

ئەم وتارە باسی چۆنیەتیی پێکهاتنی ڕێژەی کرداری کارا بزر لەکاتی ڕابوردووو ڕانەبوردوودا دەکاتو تایبەتێتی نیشاندەدا .

٧٢ ــ گرووپەکانی کردار لە بەشە دیالێکتی کوردیی سلێمانیدا ،

« نووسراوه دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلآت » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ ، ل ٢٧٥ ــ ٢٧٩ .

نووسەر لەم وتارەدا شەش گرووپ کرداری دیاری کردووەو نموونەی بۆ هەر یەکێکیان هێناوەتەوەو لە کۆتاییشیدا خشتەیەکی بۆ ڕێکخستوون[٦] .

٧٣ ــ لەبارەی تایبەتێتیی بەکارهێنانی پرپۆزیشنی (بۆ)ەو لە دیالێکتی خواروووی کوردیدا ، گۆڤاری « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١١١ ــ ١١٣ .

٧٤ ــ لەبارەی هەندێ تایبەتێتیی بەکارهێنانی پرپۆزیشنەوە لە زمانی کوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست» ، مۆسکو ، ١٩٧٠ ، ل ١٧١ ــ ١٧٣ .
نووسەر لەم وتارەدا لە چەند تایبەتێتیەکی پرپۆزیشنی (بۆ ، لە ، لێ ، پێ ، تێ)ی کۆلیوەتەوە .

ئەم وتارە بە کورتی باسی زوربەی ئەو تایبەتیانەی تێدا کراوە کە نە بەکارهێنانو دەورو گەیاندنی واتای پرپۆزیشنی (بۆ)دا هەیە .

ل . زاگورسکی :

٧٥ ــ ئەلفوبێیەکانی قەفقاس ، « هەوالەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافی ڕووسی ئیمپراتۆری » ، تفلیس ، ١٨٨٧ ، ب ٩ ، ژ ٢ ، ل ١ ــ ٣٢ .

لە لاپەڕە (٣)ی ئەم وتارەدا باسی هەوڵی سەرنەکەوتووی سازاندنی ئەلفوبێیی ئەرمەنی بۆ زمانی کوردی کراوە . لە لاپەڕە (١٥)شدا باسی هەوڵی پ . لێرخ لە بەکارهێنانی ئەلفوبێیی لاتینیدا بۆ زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێ .

زمانەکانی ئاسیاو ئەفەریقا :

٧٦ ــ زمانەکانی ئاسیا و ئەفەریقا ، ب ٢ ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

ئەم کتێبە کۆمەڵێك زانا نووسیویانە . بەرگی دووەم (٤٤٠) لاپەڕەیەو سەرپاکی باسی زمانە ئێرانییەکانە . لە لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانییە نوێکانداو کاتێ باسی لقی سەرووی ڕۆژئاوا کراوە (ل ١١٠ ــ ١٥٦) دەربارەی فۆنەتیکو مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو لێکسیك ... ی زمانی کوردی گەلێ زانیاریی خراوەتە پێش چاو . ئەم بەشە (ل . ئا . پیرێسکە ، د . ئی . ئێدێلسان) نووسیویانە .

ئی . ئا . سمیرنۆفا :

٧٧ ــ پێوەندیی ڕەگەکانی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) ، « کورتەی هەوالەکانی ئاموژگای میللەتانی ئاسیا » ، ژ ٦٧ ، ١٩٦٣ ، ل ٣٨ ــ ٤٠ .

نووسەر لەم وتارەدا دەربارەی پێوەندیی نێوان ڕەگی کردارو ، بناغەی کردار لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا دواوە .

٧٨ ــ شێوەی ژمارەی ناو لە زمانە ئێرانییەکاندا ، لێنینگراد ، ١٩٧٤ .

ئەم کتێبە (٢٢٤) لاپەڕییە ، کە باسی شێوەی ژمارەی ناو لە تێکڕای زمانە ئێرانییەکاندا دەکات ، لە (ل ١٥٨ ــ ١٩٠)دا دەربارەی ژمارەی ناو لە بەشە دیالێکتی موکریدا دواوە[٧] .

٧٩ ــ گەردانیکرداری تێپەڕ لە دیالێکتی خواروویکوردیی (سۆرانی)دا ، کتێبی « کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٢٣ ــ ٢٤ .

ئەم نووسینە کورتەی ئەو وتارەیە ، کە ئی . ئا . سمیرنۆفا لەو کۆنفرانسە زانستییەدا خوێندوویەتییەوە ، کە شارەزایانی زمانە ئێرانییەکان

سالّی ١٩٦٢ له زانکۆی لێنینگراد گرتیان • نووسەر لێرەدا بە چەند خاڵێك شێوەی چۆنیەتیی گەردانی کرداری تێپەڕی لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا باس‌کردووە •

هەروەها ژ : ٨٠ ، ١١٣ •

ئی • ئا • سمیرنۆڤا ، ك • ڕ • ئەیووبی :

٨٠ ــ فۆنەتیکی زمانی کوردی (دیالێکتی موکری) ، لێنینگراد ١٩٨٥ •
ئەم کتێبە (٣٤٠) لاپەڕەیە‌و بەدوورو درێژی باسی گشت ڕووی‌ەکی تێکڕای دەنگەکانی بەشە دیالێکتی کوردیی موکری دەکات •

ق • س • سۆکۆلۆڤا :

٨١ ــ بەڵگەی نوێ دەربارەی فۆنەتیکی « زمانە ئێرانی‌یەکان » ، لە کتێبی « زمانە ئێرانی‌یەکان » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٥٠ ، ل ٥ ــ ٢٨ •
لە لاپەڕە (١٠ ــ ١٤)دا نووسەر هەندێ بەڵگەی لەبارەی فۆنەتیکی زمانی کوردی‌یەوە هێناوەتەوە •

٨٢ ــ لە بارەی فۆنەتیکی زمانە ئێرانی‌یەکانەوە ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٥٣ •

ئەم کتێبە (١٥٠) لاپەڕەیە • لە لاپەڕە (٧٨ ــ ١٠٣)دا دەربارەی زمانی کوردەکانی تورکمەنستان کۆڵراوەتەوە‌و باسی بزوێنەکان‌و کۆنسۆنانتەکانی ئەو بەشە دیالێکتە کراوە •

٨٣ ــ لێکۆڵینەوە لەبارەی فۆنەتیکی زمانە ئێرانی‌یەکانەوە ، لێنینگراد ، ١٩٥٤ •
ئەم نامیلکەیە (٣٦) لاپەڕەیە‌و کورتەی نامەی دوکتۆریی ناوکە • لە لاپەڕە (١٥ ــ ٢٠ ، ٣٢ ، ٣٥)دا باسی فۆنەتیکی زمانی کوردی کراوە •

ع . شەمۆ ، ئی . تسوکەرمان :

٨٤ ــ لەبارەی کێشەی بزوێنی (i)ی کوردیەوە ، گۆڤاری «نووسین و شۆڕش » ، ژ ١ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٣٣ ، ل ١٧٩ ــ ١٨٠ .

ئــەم وتارە لەبارەی بوونو دەوری بزرۆکە (کسرة مخلسه)ی (i)ەوە دەدوێ .

ع . شەمۆ ، ئی . تسوکەرمان ، ق . کوردۆ :

٨٥ ــ دەربارەی کێشەی جنس لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « نووسینو شۆڕش » ، ژ ١ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٣٣ ، ل ١٦٠ ــ ١٧٨ .

بەر لە بلاوبوونەی ئەم وتارە مەسەلەی جیاکردنەوەی نێرو مێ لــە زمانی کوردیدا باس نەکرابوو . لەم وتارەدا سێ جنسی نێرو مێو بێلایەن دیاری کراوە .

ع . شەمۆ ، ق . کوردۆ ، ئی . تسوکەرمان :

٨٦ ــ دەربارەی ئیزافە لــــە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « شۆڕشو نووسین » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٣ ، ژ ١ ، ل ٥١ ــ ٥٦ .

بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردناسیدا لەم وتارەدا نیشانەکانی ئیزافە دیاری کراوە .

فاروق عومەر صدیق :

٨٧ ــ ڕۆژانی ناو[٨] لە زمانی ئەدەبیی کوردی عێراقدا ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ .

ئەم نامیلکەیە کە کورتەی نامەی دوکتۆرییە ، نووسەر تێدا دەربارەی ئەو پێشگرو پاشگرانەی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری داڕێژراوو ئــەو حاڵەتانەی ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکرداری لێکدراویان لێپەیدا دەبێ دواوە . ئەم بەرهەمە (٢٤) لاپەڕەیەو بریتییە لە پێشەکیو چوار فەسڵ .

ئۆ . ل . فیلچێنسکی :

٨٨ ــ ئەنجامی پشکنینی ئاسەواری زمانە ئێرانییە زیندووەکان ، لــە

کتێبی « ئەکادیمیای زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادێمیك ن. یا. مارر » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٣٥ ، ل ١٩١ ــ ١٩٨ .

نووسەر لێرەدا کە لە ڕێگای هەندێ ئاسەواری کۆنەوە باسی ئەسڵی زمانە ئێرانییەکانی کردووە ، لە زمانی کوردییش دواوە .

٨٩ ــ کورد ــ سەرەتایێك لە مێژووی ئەتنۆگرافی گەلی کورد ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .

ئەم کتێبە (١٦٢) لاپەڕەیەو پێك‌هاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ــ ٤)و هەشت فەسڵ (ل ٥ ــ ١١٦)و هەندێك سەرنج (ل ١١٧ ــ ١٦٢) . نووسەر لە فەسڵی پێنجەمدا (ل ٦٧ ــ ٧٨) ڕای د . م . میخایلیس و أ . ل . شیلتیسر و چەند زانایەکی تری ئەوروپاییو ڕای هەندێك زانای ڕووس : کۆنیكو لێرخی نیشانداوە ، کە دەڵێن کورد بە ڕەگەز خالدییەو بە زمان ئێرانییە . لەپاشا نووسەر تێۆری ن . یا . مارر و ف . ف . مینۆرسکی دەهێنێتەوە سەبارەت نەژادو زمانی کوردی . لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەو تێۆرییەی پەسەند کردووە ، کەزمانی کوردی بە یافیتی دادەنێ[٩] .

٩٠ ــ کەرەستەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی شێوەی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ، گۆڤاری « زمانە ئێرانییەکان » ، ب ١ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٤٥ ، ل ١٣ ــ ٣٠ .

قیلچێڤسکی لەم وتارەدا وا نیشانەدا کە کورد میللەتێکی ڕەسەن نییەو خاوەنی یەك زمان نییە ، بەڵکو لە جیاتی یەك زمان کە هەموو کۆمەڵی کورد تێی بگەن ، خاوەنی سێ چوار زمانن‌و چ لە چۆنیەتیی دروستبوونداو چ لە چۆنیەتیی پێشکەوتن‌دا زۆر لە یەکتر جیاوازن[٥] .

٩١ ــ لەبارەی زاراوەی « پاڵە »ی کوردییەوە ، گۆڤاری « زمان و بیر » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٥ ، ب ٥ ، ل ٩٧ ــ ١٠٢ .

نووسەر لەم وتارەدا لە چۆنیەتیی پەیدابوونو گەشەکردنی وشەی « پاڵە »ی کوردی دواوە .

٩٢ ــ یەکەم کۆنفرانسی گشتیی کوردناسیو کێشەی زمانی ئەدەبیی کوردی سۆڤێت ، گۆڤاری « زمانو بیر » ، ژ ٦ ــ ٧ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٦ ، ل ٣٣٣ ــ ٣٣٧ .

نووسەر لەم وتارەدا بە کورتی باسی ئەو کۆنفرانسەی کردووە و لە ئەنجامو بڕیارەکانی سەبارەت بە زمانی ئەدەبیی کوردی دواوە .

قەناتی کوردۆ (ك . ك . کوردۆیێف) :

٩٣ ــ پاشگر لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی هەواڵەکانی ئاموژگای میللەتانی ئاسیا » ، ژ ٦٧ ، ١٩٦٣ ، ل ٣٢ ــ ٣٧ .

نووسەر لەم وتارەدا لە زوربەی ئەو پاشگرانە دواوە ، کە ناوو ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار سازدەکەنو بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشی کردوون .

٩٤ ــ پێشگر وەك کەرەستەی ڕۆژانی وشە لە زمانی کوردیدا ، « کێشەی ئیدیۆمو شێوازو پێکهاتووە ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان » ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل ٤٠ ــ ٥٣ .

مامۆستا کوردۆ لەم وتارەدا لەو پێشگرانە دواوە ، کە دەچنە سەر ناوو ئاوەڵناوی سادەو دەیانکەنە ئاوەڵناوی داڕێژراو .

٩٥ ــ حاڵەتەکانی جنسو بینای بەرکار لە زازادا ، « فیلۆلۆژیی ئێرانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ ، ل ١٠٤ ــ ١١٨ .

نووسەر لەم وتارەدا وەڵامی ئەو بیروڕا هەڵەیەی داوەتەوە ، کە زازا بە بەشە دیالێکتی زمانی کوردی دانانێو دوایی لە ڕێی هەندێ بەڵگەوە بەتایبەتی لە مەسەلەی وێکچوونی جنسەکانی ناوو بینای بەرکارەوە بیروڕای خۆی چەسپاندووە(١٠) .

٩٦ ــ دەربارەی دوو بنچینەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی » ، ١٩٥٩ ، ب ٢٩ ، ل ٦٥ ــ ٧٤ .

ئەم وتارە لە مەسەلەی داڕشتن و لێکدان دەدوێ لە ڕۆنانی وشەی ناسادەی کوردیدا .

٩٧ ــ دەربارەی کێشەی ڕۆنانی وشە لــە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری کێشەی ڕێزمانو مێژووی زمانــە ڕۆژهەلاتیەکان » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٥٨ ، ل ١٠٩ ــ ١٤٢ .

ئەم وتارە بە شێوەیەکی گشتی لە دوو کێشە دەدوێ :

١ ــ جووتە وشە لە ڕووی واتاو ڕێزمانەوە ؛ ٢ ــ ڕۆنانی ناوی واتا لــە زمانی کوردیدا .

٩٨ ــ دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

ئەم کتێبە کــە (٢٩٢) لاپەڕەیە کاری هــەرە گەورەو دیارو زانستیانەی مامۆستا کوردۆیەو بریتیە لە : پێشەکی (ل ٣ ــ ٢٣) ؛ فۆنەتیک (ل ٢٤ ــ ٤٢) ؛ مۆرفۆلۆژی (ل ٤٣ ــ ٢٨٠) ؛ ئەنجام (ل ٢٨١ ــ ٢٨٤) ؛ سەرچاوە (ل ٢٨٥ ــ ٢٨٨)[١١] .

٩٩ ــ دیســان لەبارەی فــۆرمی کۆی ناوەوە لە زمــانی کــوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست » .

ئی. ئا. سسیرنۆڤا لە لاپەڕە (١٥٨)ی کتێبی « شێوەی ژمارەی ناو لە زمانە ئێرانیەکاندا » (لێنینگراد ، ١٩٧٤)[١٢] وای داناوە کە لە بەشە دیالێکتی کوردی موکریدا نیشانەی (ان)ی کۆ تەنیا لە دۆخی تیــاندا

بەرچاوەکەوێ . مامۆستا کوردۆش لەم وتارەدا بە بەڵگەی تەواوەوە نیشانیداوە کە نیشانەی (ان)ی کۆ لە بەشە دیالێکتی موکریدا بە ڕەوانی لە دۆخی ڕاستەوخۆش‌دا دێت .

١٠٠ ــ ڕۆنانی کرداری ئاسادە لە زمانی کوردیدا ، لێنینگراد ، ١٩٤٠ .
ئەم نامیلکەیە (٤) لاپەڕەیەو کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتی .

١٠١ ــ ڕەخنە لە بیروباوەڕی هەڵە لەبارەی زمانی کوردییەوە ، گۆڤاری « کورتەی دەنگوباسی ئاموۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی » ، ب ١٢ ، ١٩٥٥ ، ل ٤٣ ــ ٦١ .

ئەم وتارە ڕەخنەیە لە بیروباوەڕی هەڵە لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردیو شوێنی لە نێو زمانە ئێرانییەکان‌دا ... بیروڕای ناڕاستو دوور لە زانستییانەی ن. ماڕڕو شاگردانو لایەنگیرانی شی‌دەکاتەوە[١٣] .

١٠٢ ــ ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .
ئەم کتێبە (٣٤٤) لاپەڕەیەو دەربارەی ڕێزمانی دیالێکتی کرمانجیی ژووروەو بریتییە لە : پێشەکی (ل ٣ ــ ١٤) ، فۆنەتیك (ل ١٥ ــ ٣٠) ، بەشەکانی ئاخاوتن (ل ٣١ ــ ٢٩٢) ؛ وشەڕۆنان (ل ٢٩٣ ــ ٢٩٩) ؛ پاشکۆ ــ هەندێ تێکست (ل ٣٠٠ ــ ٣٣٥) ؛ سەرچاوە (ل ٣٣٦ ــ ٣٣٨).

١٠٣ ــ زمانی کوردی ، گۆڤاری « ئێرانی ئەمڕۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ٦٠ ــ ٧٥ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەسڵی زمانی کوردیو هەندێ کێشەی ڕێزمانی کوردی دەکات .

١٠٤ ــ زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .
ئەم کتێبە (٨٢) لاپەڕەیەو دەربارەی ڕێزمانی هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکە (کرمانجیی ژووروو خواروو)ی کوردییە پێك‌هاتووە :

پێشەکی (ل ٧ ــ ١٠) ؛ فۆنەتیك (ل ١٠ ــ ١٥) ؛ لێکسیکا (ل ١٥ ــ ١٩) ؛ مـۆرفـۆلۆژی (ل ١٩ ــ ٦٦) ؛ سینتـاکس (ل ٦٦ ــ ٧٢) ؛ هەندێ تێکست (ل ٧٣ ــ ٧٩) .

١٠٥ ــ شوێنی وشـەی پێوەندی لە زمـانی کوردیدا ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلآت » ، لێنینگراد ، ١٩٦٩ ، ل ١٣٦ ــ ١٣٨ .

نووسەر لەم وتارەدا بەتایبەتی لە مۆرفێمی (ژ ــ ش/یش)دواوە .

١٠٦ ــ گەردانی ئۆبێکتیو سوبێکتی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەسـتەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو خـــوارروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

ئەم وتارە (٩) لاپەڕەیە و بۆ کۆنگرەی (٢٥)ەمی ڕۆژهەلآتناسان لە مۆسکۆ نووسراوە .

١٠٧ ــ گەردانی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری « وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیستو چوارەمی ڕۆژهەلآتناسیدا » ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٩ ــ ٢٠ .

مامۆستا کوردۆ لەم وتارەدا بـە کەرەسـتەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو خواروو بە کورتی لە شێوەکانی کرداری تێپەڕ دواوە .

١٠٨ ــ لەبارەی ئەلفـوبێی کێبـە ئاینیـیەکانی یەزیـدیەکانەوە ، « نووسراوە دێرینەکانو مەسەلەی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست » ، لێنینگراد ، ١٩٧٢ ، ل ١٩٦ ــ ١٩٩ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی ئەو ئەلفوبێ تایبەتییە دەکات ، کە هەندێ لە کێبە ئاینیـیەکانی یەزیدیەکانی پێ نووسراوەو بە لێکۆلینەوەوە تێکڕای نیگارەکانی ئەو ئەلفوبێیەی خستووەتە پێش چاو .

١٠٩ ــ ماناو دەوری ڕێزمانیی کرداری (چوون) لە زمانی کوردیدا ،

« نووسراوه دێرینەکانو مەسەلەی مێژووی کولتووری گـــەلانی ڕۆژهەلآت » ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٣٨ ــ ١٤١ •

نووسەر لە سەرەتای ئەم وتارەدا کرداری « چوون »ی لەگەڵ هاوواتای لە ئاوێستـــاو فارسی کۆندا بەراوردکردووەو ئنجـــا دەوری ڕێزمانیی لێکداوەتەوەو لە واتاو تایبەتێتیی دواوە •

١١٠ ــ مانـــاو فەرمانی پاشـــگری (ك ــ ەکە) لە زمانی کوردیدا ، « لێکۆڵینەوە لە مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلآت » (بۆ بیرەوەریی ئەکادێمی ئی• ئا• ئۆربیلی) ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٦٠ ، ل ٣٦١ ــ ٣٦٨ •

نووسەر لەم وتارەدا لە ماناو فەرمانی پاشگری (ك ــ ەکە) دواوەو لەگەڵ ئەو پاشگرانەدا بەراوردی کردوون کە هەمان مانا دەگەیەنن و هەمان فەرمان دەبینن •

١١١ ــ وشە ژمارەییەکان لە زمانی کوردیدا ، « کورتەی دەنگوباسی ئاموژگای ڕۆژهەلآتناسی » ، ١٩٥٦ ، ب ٢٢ ، ل ٢٨ ــ ٣٦ •

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیە لـــەو وشانەی واتای ژمارەیان تێدایە • هەروەها ژ : ٨٥ ، ٨٦ •

کوردستان هەبدوڕەحمان لەتیف :

١١٢ ــ دیارخەرو شێوەکانی دەربڕینی پێوەندییە دیارخەرییەکان لـــە زمانی کوردیدا ــ دیالێکتی سۆرانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٦ •

ئەم نامیلکەیە کورتەی نامەی دوکتۆریی دە• کوردستان موکریانییە و بریتییە لە پێشەکییەک و سێ بەش و ئەنجامی لێکۆڵینەوە[١٤] •

کەریمی ئەیووبی (ك • ێ • ئەیووبی)و ئی • ئا • سمیرنۆڤا :

١١٣ ــ دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ •

ئەم کتێبە (٢٧٠) لاپەڕەیەو پێکهاتووە لە : پێشەکی (ل ٣ ــ ٧) ؛

فـۆنەتیك (ل ٨ ــ ١٨) ؛ مـۆرفۆلۆژی (ل ١٩ ــ ١٣٠) ؛ سینتاکس (ل ١٣١ ــ ١٨٤) ؛ تێکست (ل ١٨٥ ــ ٢٦٧) .

هەروەها ژ : ٨٠ .

ف . گیازیمۆف :

١١٤ ــ هەڵسەنگاندن ، « کێشەی زمانەوانی » ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ژ٢ ، ل ١٣٤ ــ ١٣٨ .

نووسـەر لەم وتارەدا لەبارەی کێبی « لە بارەی فۆنەتیکی زمانـە ئێـرانیەکانـەوە »ی ف . س . سۆکـۆلۆف (مۆسـکۆ ــ لێنینگراد ١٩٥٣)ی هەڵسەنگاندووە (بڕوانە : باسی ژ ٨٢) .

ڕ . س . گیلیاریڤسکی ، ف . س . گریفنین :

١١٥ ــ جیاکردنەوەی زمانەکانی جیهـان بەپێی نووسین ، مۆسـکۆ ، ١٩٦٠ .

ئەم کێبـە (٢٩٦) لاپەڕەیە . لە لاپـەڕە (١٥)دا باسی « زمانی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێت »ی کردووەو لەلاپەڕە (١٦٠ ــ ١٦١)دا لە « زمانی کوردە کانی هەندەران » دواوە .

پ . لێرخ :

١١٦ ــ لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردەکانی ئێرانی ، خالدیەکانی باکووری باوباپیرانیانەوە ، پیترسبورگ ، بەشی یەکەم ١٨٥٦ ؛ بەشی دووەم ١٨٥٧ ؛ بەشی سێیەم ١٨٥٨ .

کێبی یەکەم :

نووسـەر دوابەدوای پێشەکیو باسی سروشتی کوردستان دەوری کورد لە مێژوودا هاتۆتە سەر باسی زمانی کوردیو لەم بەشەدا لە تێکڕای ئەو کارانە دواوەو کۆڵیوەتەوە کە هەر لە زووەوە تا دەرچوونی کێبەکەی ئەو لەبارەی زمـانی کـوردیەوە نووسراون ، وەك : م. گارزۆنی ، گ. گیورنای ، ی. ڕیودیگێر ، ئا. پۆت ، ئا. خۆدسکۆ ، ف. دێتێل ، خ.

ئابۆقیان ، ئی• بیریزین ••• هتد • لێرخ جگه له خستنه ڕووی ئەو کارانەو ناوەرۆکیانو ئاشکراکردنی نرخی زانستیان ، هەروەها له ڕێگەی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی تایبەتێتیو هەستکردنی خۆی لـــه ڕەســـەنیو سەربەخۆیی زمانی کوردیو تێزیکایەتیی له گەڵ زمانی فارسی دواوەو گەلێ ڕای چەوتو هەڵەی دوورخستووەتەوە •

کێشەی دووەم :

لـــەم بەشەدا باسی پێتەکانی عەرەبیو باش نەگونجانی بـــۆ نووسینی کوردی کردووە ••• له فۆنەتیکی کوردی دواوەو له دیاریکردنی ژمارەی دەنگە بزوێنەکانو نەبزوێنەکاندا کۆششێکی زۆری کردووەو له چۆنیەتیی دەربڕینی هـــەر دەنگێکو شـــێوەی بەدەمداهاتنی کـــۆڵیوەتەوەو چەنـــد خشتەیەکی بۆ نیشاندانی شوێنیان له چـــۆنیەتیی دەربڕیندا کردووە ••• پاش ئەمانە کەوتۆتە باسی سەربەخۆییو تایبەتێتیی زمانی کوردی له تێوان زمانە ئێـــرانیەکاندا ••• لـــه کـــۆتاییشدا دەربارەی دیالێکتو بەشـــه دیالێکتەکانی کوردی دواوە •••

کێشەی سێیەم :

لێرخ لەم بەرگەدا فەرهەنگێکی کـــوردی (کرمانجیی ژووروو) ــ ڕووسی (ل ١ ــ ٨١)و کوردی (زازا) ــ ڕووسی (ل٨٥ــ١٠٨) داناوە[١٥] •

ن • یا • مارێ :

١١٧ ــ دیســـان دەربارەی وشەی چەلەبی ، «دەستنووسەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتناسیی کۆمەڵی ئارخیۆلۆژی » ، پیترسبورگ ، ١٩١٢ ، ب ٢٠ ، ل ٩٩ ــ ١٥١ •

نووسەر لەم وتارەدا لەبارەی چۆنیەتیو پەیدابوونو مێژووی وشەی « چـــەلەبی »یەوە دواوەو لـــه ئەنجـــامی لێکۆڵینەوەی له مانای وشـــەی « چەلەبی »و هەروەها وشەی « کورد »ەوە ئەسڵی کوردو زمانی کوردی بە یافیتی داناوە[١٦] •

ئی . مارۆگولۆف :

١١٨ ــ ئەلفوبێی کوردی ، کولتوورو نووسینی ڕۆژهەلآت » باکــۆ ، ١٩٢٨ ، ب ٢ ، ل ٤٣ ــ ٥٧ .

نووســەر لەم وتارەدا دەربارەی ئەو ئەلفــوبێ لاتینییە دواوە کە کوردەکانی سۆڤێت بەکاریان دەهێنا .

مەکسیمی خەمۆ (م . ی . خامۆیان) :

١١٩ ــ دیالێکتی بادینانی کوردی عێراق (بامەڕنیو ئەتروش) یەریڤان ١٩٦٥ .

ئەمە کورتەی نامەی دوکتۆرییەکەیەتیو (٣١) لاپەڕەیە . بریتییە لە پێشەکیو سێ فەسڵ ــ فۆنەتیك ، مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس ــ و ئەنجام .

١٢٠ ــ زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، « ولآتانو میللەتانی ڕۆژهەلآتی نێــزیكو ناوەڕاست » ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٥٧ ، ل ٢٧٣ ــ ٣٨٢ .

ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دوورو درێژە لەبارەی شــێوەی کوردیی بادینانەوە . ئەم کارە بریتییە لە : پێشەکی (ل ٢٧٣ ــ ٢٨٤) و باسی فۆنەتیك (ل ٢٨٥ ــ ٣٢٤)و مۆرفۆلۆژی (ل ٣٢٤ ــ ٣٦٦) ؛ بەراورد لە نێوان شێوەی بادینانو زمــانی ئەدەبیی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤێتدا (ل ٣٦٦ ــ ٣٨١) ؛ کورتەی باسەکە بە زمانی ئەرمەنی (ل ٣٨٢) .

١٢١ ــ لەبارەی ئیدیۆمی زمانی کوردییەوە ، یەریڤان ، ١٩٧١ .

ئەم کتێبە (١٠٠) لاپەڕەیە . نووسەر لە ســەرەتادا بە شــێوەیەکی زانستی لە ئیدیۆم دواوەو ئنجا بە وردی هەموو ڕوویەکی ئیدیۆمی کوردی بە نموونەو بەڵگەوە باس کردووە .

١٢٢ ــ لەبارەی دوو دەستنووسی ســەدەی حەوتەمەوە کە لە ناوچەی سلێمانی دۆزراونەتەوە ، « کێشەی ئیدیۆمو شــێوازو پێکهاتنی

ڕێزمانی زمانە ڕۆژهەلاتییەکان » ، سەمەرقەند ، ۱۹۷۲ ، ل ۸۲ — ۸۹ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی نووسراوی سەر ئەو دوو پێستە دەکات ، کە نزیکەی شەست ساڵێك لەمەوبەر لە ئەشکەوتی (جاسەنە)و (هەزارمێرد)ی نزیك شاری سلێمانی دۆزراونەتەوەو نووسەرەکەی ئاشکرا نییەو بە ئەلفوبێی ئارامی نووسراوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایین .

۱۲۳ — مێژووی لێ کۆڵینەوەی زازا ، کێشەی ئیدیۆم‌و شێوەی پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەلاتییەکان » ، سەمەرقەند ، ۱۹۷۲ ، ل ٦۹ — ۸۲ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی زوربەی ئەو کارانەی کردووە کە دەربارەی بەشە دیالێکتی زازا نووسراون‌و خۆشی هەندێ زانیاری لەبارەی فۆنەتیك‌و مۆرفۆلۆژی ئەو بەشە دیالێکتەوە تۆمارکردووە .

د . ن . مەکەنزی :

۱۲٤ — کرمانجی‌و کوردو گۆران ، گۆڤاری « میللەتانی ئاسیاو ئەفەریقا » ، مۆسکۆ ، ۱۹٦۳ ، ژ۱ ، ل ۱٦۲ — ۱۷۰ .

نووسەر لەم وتارەدا باسی دیالێکت‌و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیی کردووە .

ب . ف . میللێر :

۱۲۵ — دەربارەی زمانی دانیشتوانی ئازربایجان ، « نامەی زانایانی ئامۆژگای ڕەگەزناسی‌و کولتووری نەتەوایەتیی میللەتانی ڕۆژهەلات » ، ب ۱ ، مۆسکۆ ، ۱۹۳۰ ، ل ۱۱۹ — ۲۲۸ .

لە لاپەڕە (۲۱٦ — ۲۱۷ ، ۲۱۹ — ۲۲۱)ی ئەم وتارەدا هەندێ زانیاریی لەبارەی زمانی کوردی‌و ئەسڵی‌یەوە خراوەتە پێش‌چاو .

١٢٦ ــ دەورە جۆربەجۆرەکانی زمانە ئێرانیەکان ، لە کتێبی « ئەکادیمیای زانستی سۆڤێت بۆ ئەکادیمی ن٠ یا٠ مارِر » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ١٩٣٥ ، ل ٢٩٣ ــ ٣١٩ ٠

لەم وتارەدا هەندێ بەڵگەو زانیاری لەبارەی رِێزمانی کوردییەوە هێناوەتەوە ٠

١٢٧ ــ رِێزمانی کوردیی بێیدار ، گۆڤاری « نووسین و شۆرِش » ، ژ١ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٣ ، ل ٢٢٧ ــ ٢٣٣ ٠

ئەم وتارە رِەخنەو ڕاخاندنی ئەو کتێبی « رِێزمانی کوردی »یەی پاول بێیدارە کە ساڵی ١٩٢٦ لە پاریس بڵاوی کردۆتەوە ٠

١٢٨ ــ زمانی کوردی ، « ئەنسیکلۆپیدیای ئەدەبی » ، ب ٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٣١ ، ل ٧٥٣ ــ ٧٥٤ ٠

میللێر لەم نووسینەدا هەندێ زانیاریی گشتی لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردیو شێوەکانیەوە نیشانداوە ٠

١٢٩ ــ زمانی کوردی ، « ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤێتی » ، ب ٣٥ ، مۆسکۆ ، ١٩٣٧ ، ل ٥٣١ ــ ٥٣٢ ٠

نووسەر لێرەدا هەندێ زانیاریی گشتیی لەبارەی ئەسڵی زمانی کوردیو شێوەکانیەوە خستۆتە پێش‌چاو ٠

١٣٠ ــ کارەکانی زانایانی ڕووس لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانە ئێرانیەکاندا ، « نامەی زانایانی زانکۆی مۆسکۆ » ، مۆسکۆ ، ١٩٤٦ ، ب ٣ ، ژ ١٠٧ ، ل ٧١ ــ ٨٥ ٠

لە لاپەڕەکانی (٧٢ ، ٧٦ ، ٨٠ ــ ٨١)ی ئەم وتارەدا باسی زمانی کوردیو لێکۆڵینەوەی لە یەکێتیی سۆڤێت کراوە ٠

١٣١ ــ نموونەی شێوەی کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤێت ، گۆڤاری

« کارەکانی ئاموژگای زمانناسی » ، ۱۹۵٦ ، ب ٤ ، ل ۳٤۳ ــ ۳۵۵ .

ئەمە کــۆمەڵێ تێکستە کە مانگی ئابی ۱۹۳۵ لە چــەند گوندێکی کوردنشینی ئازربایجانی سۆڤێت تۆمارکراوە . هەروەها کراوە بە ڕووسی و هەندێ مەسەلەی زمانەوانیشی لەسەر بنیاد نراوە .

۱۳۲ ــ نیشانەی (ان)ی کۆ لە زمانە ئێرانیەکاندا ، لە کتێبی « یادی ئەکادێمی ن. یا. مارڕ » ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ۱۹۳۸ . ل ۱۹۰ ــ ۱۹۵ .

لە لاپەڕە (۱۹۰ ــ ۱۹۲ ، ۱۹۵)دا دەربارەی نیشانەی (ان)ی کۆ لە شێوەی موکریو سلێمانیو جزیردا دواوە .

۱۳۳ ــ هەندێ گیروگرفتی فۆنەتیکی کوردی ، گۆڤاری « زمانە ئێرانیەکان » ، ب ۲ ، مۆسکۆ ــ لێنینگراد ، ۱۹۵۰ ، ل ٦۱ ــ ۷۷ .

نووسەر لەم وتارەدا ویستوویەتی نیشانی بدا کە فۆنەتیکی زمانــی کوردی ، وەک فۆنەتیکی زمانە یافیتیەکانە . وا دەداتە قەڵەم هەندێ دەنگ لە زووداناقۆڵا بوون ، بەڵام کە بە دەوری یافیتیدا تێپەڕین چاک بوون ، یا وەک میللێر دەڵێ : « فراوان بوون »[۱٦] .

ف . ف . مینۆرسکی :

۱۳٤ ــ کورد . سەرنجو تێبینی ، پێترۆگراد ، ۱۹۵۳ .

ئەم بەرهەمە (٤۳) لاپەڕەیە . لەفەسڵی چوارەم ــ زمانو ئەدەبو نووسین ــ دا دەربارەی ئەسڵی زمانی کوردیو دیالێکتەکانی دواوە .

نەسرین محەمەد فەخری :

۱۳۵ ــ کردار لە زمانی کوردیدا ، باکۆ ، ۱۹٦۵ .

ئەم نامیلکەیە کورتەی نامەی دوکتۆریەکەیەتیو (۲۳) لاپەڕەیەو

لە پێشەکی‌یەکەو سێ بەش پێکهاتووە : پێشەکی (ل ٤ ــ ٥) ؛ بەشی یەکەم (ل ٥ ــ ١٢) ؛ بەشی دووەم (ل ١٣ ــ ١٦) ؛ بەشی سێیەم (١٧ ــ ٢٣) .

ن . یاکۆڤلێڤ :

١٣٦ ــ ئەنجامی بوونە ئەلفوبێی لاتینی لە یەکێتیی سۆڤێت ، « شۆڕش‌و نووسین » ، مۆسکۆ ، ١٩٣٢ ، ژ ٤ ــ ٥ ، ل ٢٥ ــ ٤٦ .

لەم وتارەدا هەندێ بەڵگەو زانیاری دەربارەی دانانی ئەلفوبێی لاتینی بۆ کوردەکانی سۆڤێت دەبینرێ .

پەراوێزەکان :

(١) هەرچی فەرهەنگ‌و هەندێ کاری دیی‌یە لەم بیبلۆگرافیایەدا . تۆمارنەکراون ، چونکە لەگەڵ سەرناوی وتارەکەدا ناگونجێن .

(٢) بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر دەربارەی ئەو بەرهەمە ، بڕوانە : د . ئەوڕحمانی حاجی مارف ، چەرکەزی بەکۆ (باکاێێف) لە مەیدانی کوردناسی‌دا ، « پاشکۆی عێراق » ، ژ ١٥ ، بە غدا ، ١٩٧٨ ، ل ١٢ .

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢ .

(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢ .

(٥) بۆ زانیاری پتر لەبارەی ئەو کێێبەوە ، بڕوانە : د . کوردستان موکریانی ، بەرهەمێکی نوێی زمانەوانی زەرێ یوسوپۆڤا ، ڕۆژنامەی « هاوکاری » ، ژ ٨٣٧ ، بەغدا ، ١٩٨٦/٤/٢٤ ، ل ٦ .

(٦) ئەم وتارە د . کوردستان موکریانی لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی ، بڕوانە : د . زارێ یووسف ، گرووپەکانی کردار لە دیالێکتی سلێمانی‌دا ، گۆڤاری « ئاسۆی زانکۆیی » ، ژ ٣ ، ساڵی ١ ، سلێمانی ، ١٩٧٧ ، ل ٨٦ ــ ٨٩ .

(٧) سەبارەت بەم کێێبە ، بڕوانە : باسی ژ ٩٩ .

(٨) مەبەستی (باب الاسماء)ە .

(٩) بۆ زێدە زانیاری لەبارەی ئـەو کتێبەی ئیلچێئسکیـیەوە بڕوانە : پڕۆفیسۆر قەناتی کوردۆ ، هەندێك بیروڕای هەڵە لەبارەی زمانو مێژووی کوردەوە ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٢١ ــ ١٤١ .

(١٠) ئەم وتارەد . ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم کردوویە بە کوردی ، بڕوانە :

(أ) « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٣٧ ــ ٢٦٣ .

(ب) گۆڤاری « هیوا » ب ٣ ، پاریس ، شوباتی ، ١٩٨٥ ، ل ١١٨ ــ ١٣١ .

(١١) ئەم کتێبە د . کوردستان موکریانی کردوویە بە کوردی ، بڕوانە : ك . ك . کوردۆیێف ، ڕێزمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی) ، هەولێر ، ١٩٨٢ .

(١٢) بڕوانە : باسی ژ ٧٨ .

(١٣) ئەم وتارە د . ئەورەحمانی حاجی مارف کردوویە بە کوردی ، بڕوانە : پڕۆفێسور قەناتی کوردۆ (کوردۆیێف) ، هەندێك بیروباوەڕی هەڵە لە بارەی زمانو مێژووی کوردەوە ، بە غدا ، ١٩٧٣ ــ ١٩٧٤ ، ل ٩٦ ــ ١٠٥ .

(١٤) لەبارەی ئەو نامیلکەیەوە بڕوانە :

(أ) د . ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، کورتە پێشچاوخستنێکی نامەی دوکتۆرای کوردستان عەبدورەحمان لەتیف ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »، ژ ٥٧ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٥٣ ــ ٥٥ .

(ب) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، بـەر کوڵێکی هەڵە زانستیـیەکانی کورتەی نامەی دوکتۆریـیەکەی د. کوردستان موکریانی ، گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »، ژ ٧٠ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ١١ ــ ١/١ .

(١٥) بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی ئەو بەرهەمە ، بڕوانە :

(أ) قەناتی کوردۆ ، نووسراوەکانی لێرخ لەبارەی کوردەوە ، « گۆڤاری

کۆڕی زانیاری کورد » ، ب ۲ ، ژ ۱ ، بەغدا ، ۱۹۷٤ ، ل ٦۲٤ ــ ٦٦۳ .

(ب) د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، کــارە زانستییەکانی پێتەر لێرخ ، گۆڤاری « بدیان » ، ژ ۳۲ ، بەغدا ، ۱۹۷۵ ، ل ۱ ــ ۵ .

(١٦) بڕوانە :

(أ) باسی ژ ۱۰۱ .

(ب) پەراوێزی ژ ۱۳ .

نەخشەی
شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکان‌دا
لەگەڵ ناوی حاکم‌و موتەسەڕڕیفەکان

جمال‌بابان

پێشەکی‌یەکی کورت‌و چەند خاڵێکی پێویست ٠

بەر لەوەی بچینە ناوەرۆکی ئەم باسەوە ، بەپێویستم زانی تۆزێك لەو شۆینانە بدوێم کە لە پێش شـــاری سلێمانی‌دا مەڵبەندی وڵاتی بابان‌و پێش بابانەکانیش مەڵبەندی وڵاتی شارەزوور بوون ٠ جارێ شارەزوور خۆی کـــە ئەمڕۆ ناوچەیەکە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شـــاری سلێمانی‌یەوە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بـــۆ پێش‌زایین ، کـــەوا لەوساکەوە ، ناوچەیەکی ئاوەدان بـــووە ٠ هەندێك کەسیش گومانی لەوەدا نی‌یە ، کـــە لەوەپێش شارەزوور شارێکی گەورەی ئاوەدان بووە ، کە ڕەنگ هەیە لە (گرێزەو موان)ی ئەمرۆوە دەستی پێکردبێت تا نزیك (خورماڵ) ٠

هەندێکیش بڕوایان وایە کە (خورماڵ)ی ئێستا شاری شارەزوور بووە ٠

بەدرێژاییی ڕۆژگاری مێژوو ، شارەزوور ئەم‌دەست‌و ئەودەسی کردووە تا لە سەدەی شانزەهەم‌دا کەوتۆتە دەست فەرمانڕەواکانی بابان ٠

ئەمە لە بابەت شارەزوورەوە بەڵام لەبابەت (مرکز) یاخود مەڵبەندی وڵاتی بابان کـــە ویلایەتی شارەزووریشیان پێ ئەووت ، فەرمانڕەواییی بابانەکانی (ئەم دوایی)یە لەم شۆینانەوە دەست پێ ئەکات :

یەکەم : (مەرگە) ، دێیەکی گەورەیە لە ناوچەی (بنگرد)ی سەر

به (پشدەر) • به بڕوای من (مەرگە) لەکاتێکدا مەڵبەندی فەرمانڕەواکانی بابان بووە ، کە (فەقێ ئەحمەد) کە دامەزرێنەری بڕبڕەی پێنجەمین بنەماڵەی بابانە ، هێشتا لە دێی (دارەشمانە)ی نزیک (قەڵادزە) سەری‌هەڵنەدابوو •

ئەمەش ئەکاتە ڕۆژەکانی دواییی (سوڵتان سلێمانی قانوونی) ، نزیکەی ساڵی ١٥٩٦ ز (٩٧٤ ك) •

واتە ئەم کاتە سەردەمی فەرمان ڕەواییی ئەو بابانانە بووە کە لە (شەرەفنامە)دا ، ناویان هاتووە •

دووەم : (دارەشمانە) • ئەم دێیە لەسەردەمی فەقێ ئەحمەدا بووبە مەڵبەندی میرنشینی بابان لەسەدەی شانزەی (ز) ، یانزەی (ك)دا •

سێیەم : (ماوەت) سەر بە ناوچەی شارباژێڕ ، ڕەنگ هەیە ، لەسەردەمی فەرمانڕەواییی (پیربوداق) یاخود (بوداق‌کەیغان) ی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەدا لەساڵەکانی (١٦٦٤ ــ ١٦٦٩ ز) بەرامبەر بە (١٠٧٥ ــ ١٠٨٠ ك)[1] مەڵبەند بووبێت •

چوارەم :(قەڵاچوالان ــ قلعة چوالان) ، لە دامێنی شاری (چوارتا)ی ئێستادایە لە ناوچەی (شارباژێڕ) داو ئەکەوێتە سەر (چەمی قەڵاچوالان) ، ناوی (قەڵاچوالان) یش ئەوەندە کۆنە ، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام •

قەڵاچوالانی ئەوسا ، شارێکی گەورەو گەشاوە بووە ، مەڵبەندی زانینو زانایان بووە ، پڕبووە لە مزگەوتو قوتابخانەو کتێبخانەو خانووبەرەو شوێنی تر[2] ، بە جۆرێک لە هەر لایەکی کوردوستانەوە ڕوویان تێ

---

(١) سەیری میژووی حوکمدارانی بابان بکە ــ نووسینی تۆفیق قەفتان .
(٢) سەیری کتێبی (الشیخ معروف النودهي البرزنجی) بکە ل١٢ نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ .

کردووه ، چاویان به ئاوەدانیو (شـانو شکۆو نـەریت)ی نەتەوەکەیان ڕووندکردۆتەوە • ئەمەش لە بەینی سـاڵەکانی (١٦٦٩ ــ ١٧٨٤ز) بەرامبەر بە (١٠٨٠ ــ ١١٩٩ك) بووە • جا هەرچەندە (قەڵاچوالان)و شوێنەکەی هەندێك ڕووی میژووییو ستراتیجییان هەبوو ، بەڵام عەیبو کەمو کووڕیی گەلێك زیاتر بوو ، چونکە لە شوێنێکی چەپەڵو لاڕێو دوور لە ڕێگای هاتوچۆ ، وزەی پەرەسەندنو گەورەبوونی نەبوو ، نزیـك ئێرانو لەژێر چەپۆکیابوو •

جگە لەمانە هەموو ، برایمپاشای بابان[٣] ، سەردەمی منالّی لەبەر چەند هۆیەکی ڕامیاری لە بەغدا ڕابوارد ، کـە ئەوساش بەغدا پێتەختی وڵاتی عیراقی سەر بەعوسمانی (سەر بە ئاستانە)و میرنشینی بابانیش لە ڕێی والیی بەغداوە هـەر سەر بـە دەوڵەتی عوسمانی بـوو ، بۆیە لـە شوێنێکی (دواکەوتووی وەك قەڵاچوالانی ئەوسا لەچاو بەغدای ئەو ڕۆژەدا) هەڵی نەکرد ، لە ڕاستیدا ئەیویست ناوو شۆرەتێك بۆ خۆیو بۆ بنەماڵەکەی وەدەست بێنێ • ئەمانەو گەلێك شتی تر بوون بەهۆی ئەوەی برایم پاشا قەڵاچوالان بەجێبێلێتو بێ لەم دیو شاخی گۆیژەوەو لەدامێنیدا لە نزیك دێی (مەڵکەنی) ئەوسادا ، لە ساڵی (١٧٨٤ز) (١١٩٩ك) سلێمانی دروست بکات •

(ڕابەرو نەخشەی شاری سلێمانی)

نەخشەی یەکەم جاری سلێمانی (لە سەردەمی بابانەکاندا) :

پێش ئەوەی باسی نەخشەی یەکەم جاری سلێمانی بکەم حەز ئەکەم ئەم چەند خاڵە ڕوون بکەمەوە • پێش ئەمانەش ئەمەوێ دەری بخەم کەوا

---

(٣) بنیاتنەری شاری سلێمانی ، ئێستا گۆڕی لـە موسڵ لە مزگەوتی (نبی یونس) ٥ .

ئەم شتانەی لێرەدا ئەیان لێم زیاتر ، بەئەنجام گەیشی دوای شی‌کردنەوەیە • بەڵام پشتم بە سەرچاوەی میژوویینی وەك کتێبەکانی (سلێمانی‌و ولاتی) ئەمین زەکی بەگ‌و (رحلة في العراق سنة ١٨٢٠)و (رحلة فريزر) و هەندێك کتێبی تر بەستووە ، سەرەڕای بیستنی دەماودەم •

ئنجا ئەڵێم : لەمەوپێش ، واتە تـا سەد ساڵێکیش لەمەوبەر ئەگەر شارۆچکەیەك ، یا دێیەك لە ناوچەی خۆماندا دروست بکرایە خەڵکەکە لە پێش هەموو شتێك‌دا ، ئەم شتانەیان ئەهێنایە پێش چاوی خۆیان ، ئەوسا دەستیان بەئیش ئەکرد : یەکەم : دێیەکە لەسەر چەم یا نزیك کانی‌و کاریز بێت ، چونکە ئاو بۆ ژیانی خۆیان‌و ئاژاڵو دروست‌کردنی خانووەکانیان نەك هەر پێویست بوو ، بەڵکو بێ ئاو هەر نەئەژیان •

دووهەم : لـە میژوویەکی کۆندا ، ئەگەڕان بەدوای شوێنی بەرزو ستراتیجی‌دا ، بـۆ خۆپاراستنی لەدەست دوژمن‌و لافاوو درندەو گەلێك شتی‌تر ، بەڵام لەم دواییەدا پێویستیی زیاتر پاڵی بە خەڵکەکەوە ئەنا ، ئەوەندە گوێیان نەداوەتە ئەم خاڵە (هەرچەندە بەتەواوەتیش پشت گوێیان نەخستووە) واتا هاتنە خوارەوە بۆ دەشت‌و تەختانی •

سێیەم : زیاتر هەوڵیان داوە خانووەکانیان بەرەو (قیبلە) بێت ، واتا پشتی لە (شمال)و ڕووی لە (جنوب) بێت ، ئەمیش بۆ ئەوەی لەسەرمای زستان‌و گەرمای هاوین‌و ڕەشەباو باران‌و بەفر خۆیان بپارێزن ، هەرچەندە ئەم خاڵەش لـە میژوویەکی دواترا ئەوەندە گرنگی نەدراوەتێ ئەویش هەر لەبەر پێویستی •

چوارەم : پیرۆزترین‌و بەڕێزترین شوێن لای دانیشتوان مزگەوت بووە کە ناویان ناوە (ماڵی خوا) ، بەزۆری مزگەوتیان لە قەراخ شار یاخود دێ دروست ئەکرد لەبەر گەلێك هۆ : (هەر لە کۆنەوەو لەپێش ئیسلامیشەوە) ، شوێنی پەرستن دوور لە ئاوەدانی ، لە چۆڵی بووە) بۆ ئەوەی هەر کەسە

بەتەواوەتی خۆی تەرخان بکات بۆ (عبادە) تەکەیو دەنگو هەرا ڕای نەچەتێنێو کەس نەبینێ چەپیاو چۆن کە ئیشەکەی لێ تێك بدا ، تاکو لەم دوایی‌یەدا واتە لە سەردەمی ئیسلامدا موسوڵمانەکان (خەڵوەتخانە) یان بۆ خۆیان دروست ئەکردو ئەچوونە ناوی بۆ خواپەرستی ، دوای ئەوەی بەتەواوەتی خۆیان لە ئاوەدانی دوور ئەخستەوە ، جگە لەوە ئەوسا زێراب‌و ئاوەڕۆ نەبوو ،مزگەوتیان لە قەراغ شار دروست ئەکرد کە ئاوی ئاودەستخانەکانی مزگەوت هەر لە قەراغ شارەوە یا لەوپەڕی ئاوایی‌یەوە دوور کەوێتەوەو بڕوا •

پێش دروست کردنی شاری سلێمانی ، لەم شوێنەی ئێستای شارەکەدا هیچ دێ یاخود ماڵ یا خانوو نەبوو • تەنها دێی (مەڵکەندی) نەبێت ئەویش لە دامێنی گۆیژەدا بوو • بەڵێ چوار پێنج ساڵ پێش دروستکردنی سلێمانی ، مەحمود پاشای بابان مامی برایم پاشا ، لە قەڵاچوالانەوە هات لەم دیو گۆیژە ، گوایە لە شوێن (دەبۆ کۆنەکەی لای حەمامی قشڵە) ، قەڵایەکی دروست کرد • جا ، بۆ ئەوەی شوێنی دێی مەڵکەندیی کۆن دیاری بکەین مزگەوتە تازەکەی ئێستای عەلی کەمال ئەکەین بە نیشان ، بۆ ئەوەی شوێنی قەڵا کۆنەکەی مەحمود پاشاش دیاری بکەین دووکانە تازەکانی ئەمڕۆی شارەوانی ئەکەین بە نیشان (لەسەر شەقامی مەولەوی) بەتایبەتی ئەوانەی نزیکی گەرماوی قشڵەی کۆنن ، ئەو شوێنە بەرزەی کە ساڵەکانی پەنجاش تۆپی ڕەمەزانیان لەوێ ئەتەقاند واتە دەبۆ کۆنەکە) •

ئنجا ئەڵێم : کە برایم پاشای بابان ساڵی (١١٩٩ك) واتا (١٧٨٤ز) قەڵاچوالانی بەجێ هێشتو هات شاری سلێمانیی دروست کرد ، دانیشتووانی شاری قەڵاچوالان کە بە لای کەمەوە دوو هەزار ماڵ ئەبوون ، ئەگەر نەڵێین گشتیان ، زۆربەیان قەڵاچوالانیان بەجێهێشتو لەگەڵ برایم پاشادا هاتنە سلێمانی ، هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کەوا لەملاو لەولاشەوە هەر خەڵکی

بۆ هاتووە ، بێگومان ئەوسا ئەندازیار نەبووە بەواتای ئەمڕۆ ئەندازەی شاری نوێ بگرێ‌و بیر لە هەموو سەرێکی‌و لە پاشەڕۆژی بکاتەوە ، واتە ئەندازیاری نەخشەکێشیی شارو ئەندازیاری (معماری)و ئاوەڕۆ (مجاری)و ئاوڕێژی (اسالة)و کارەباو شتی‌تر نەبووە ، وەستاباشی‌یەك هاتووە ڕەنگ هەیە بە ئامۆژگاریی میر ، بە گوریس‌و بەگەز زەوی‌یەکەیان بەش کردبێت ، بەوەش‌دا هەرماڵە بریتی بووە لە خێزانێکی گەورە ، جگە لەوە وڵاخ‌و ماڵات وەك بارگیرو کەرو ئێستروو مەڕو بزن‌و شتی تریان هەبووە • خۆ وەك ئێستا زەوی بە مەتر دابەش نەکراوە ، ئیشەکە بێگومان هەر هاتۆتەوە سەر گوریس ، جا ئەگەر گوریسێك پێنج مەتر بووبێت ئەوا بۆ زۆربەی کۆچ کردووەکان ، بەڵای کەمەوە دە گوریس بە درێژی‌و دە گوریس بەپانی‌یان دراوەتێ ، تاکو بۆ خۆی‌و ژنی گەورەی بەجیاو ژنی بچووکی لەوڵاوەو ، بووك‌و زاوای کە هەموو پێکەوە ژیاون ئنجا بۆ تەویلەی وڵاخ بۆ ئەوەی بەشی هەموان بکات بەم جۆرە هەر کەسێك دۆنمێکی هەر داگیرکردووە کە ئەکاتە (٢٥٠٠ م٢)ی ئەمڕۆ ، یاخود بەڵای کەمەوە دوو هەزار مەترێکی هەر داگیرکردووە ، بەڵام ماڵی میرو حەرەمسەراو ماڵی پیاوە لەپێشەکان ڕەنگ هەیە ئەوەندەو نیو یاخود دوو ئەوەندەیان داگیرکردبێت •

کەوابوو ، سلێمانیی کۆن ، لە ژوور گەڕەکی مەڵکەندی کۆنەوە (مزگەوتەکەی ئێستای عەلی کەمال) ، دەستی پێکردووە بەرەوخوار هاتووە تاکو گەڕەکی پیرمەسووری ئێستا ، ئنجا بەرەو ڕۆژهەڵات تا گەڕەکی (سابوونکەران)و بە تەواوەتی تا مزگەوتەکەی ئێستای (حاجی شێخ ئەمین) کە ئەوسا بابانەکان لە قەراغ شار دروستیان کردوە ، لەوێوە بەرەوخوار بۆتەوە لە لایەکەوە بەرەو جێی مزگەوتی ئەورەحمان پاشا ، یاخود مزگەوتی سەید حەسەن کە ئەمڕۆ کتێبخانەی ئەوقافی تێدایە ، ئنجا بەرەو خوار بۆتەوە بەرەو جێی (قاوەخانەی سەرچیمەن) واتا بۆ نزیك مزگەوتێکی تری ئەورەحمان پاشای بابان ، یاخود مزگەوتی (شێخ

ئەورەحمانی ئەبوبەکر) ، کە ئەمرۆ مزگەوتی (شێخ باباعەلی قەرەداخی)ی پێ ئەڵێن ، لە وێشەوە بەرەوخوار بۆتەوە بەرەو (خانەقای مەولانا) کە مەحمود پاشای بابان دروستی کردووەو لە بەینی ساڵە کانی (١٨١٣)و (١٨٣٧) پچڕ پچڕ میری سلێمانی بووەو ئەو خانەقایەی بۆ (مولانا خالدی نەقشبەندی) لە ساڵی ١٨١٦ ــ ١٨١٧دا دروست کردووە ، کە پێشەوایەکی ئایینی ئەو سەردەمە بووە ، ئەو خانەقایەی بە هەوڵو کوششی بەڕێز شێخ محەمەدی خاڵ سەر لە نوێ لە ساڵی (١٩٧٠)دا دروست کرایەوەو گەورە کراو ئەکەوێتە لای ڕاستە جادەکەی سەرشەقام[٤] . لە لایەکی ترەوە سلێمانی وەك وتمان بەرەو سەرای ئێستا هاتووە ، ماڵی میرو پیاوە گەورەکان لە دەوروپشتی سەرای ئێستا بوون . بەتایبەتی ماڵی میر نزیك بەجێی حەمامی (فاتمە خان) بوو . کە ئێستا نەماوەو پێش چەند ساڵێك (استملاك) کراو خرایە سەر سەرا . ئەو گەرماوە ، گەرماوی تایبەتی ماڵی میربووەو لە بنەڕەتا (بە فەرمانی فاتمەخانی کچی سلێمان پاشا دروست کراوە) . سلێمان پاشا لە ساڵی ١٨٢٩دا بۆ یەکەم جار بووە بە فەرمانڕەوای سلێمانی) . (سەرا)ی کۆنیش هەر لەشوێن (سەرا) ی ئێستادا دروستکراوە کە ئیمڕۆ (مدیریەتی شرطەی محافظە) یە . ماڵی میر لەسەراوە نزیك بووە ، ئەمەش لەبەر ئاسانیو پارێزگاریی میر لە هاتوچۆدا (لەسەر پەڕەوی کردنی ئاستانە ــ ئەستەمبوول) کە حەرمسەرای سوڵتان نزیك یاخود تەنشت (دیوانی هەمایون) بووە . ئنجا خانوو لەوێوە بەرەو ڕۆژاوا تا مزگەوتی گەورە ڕۆیشتووە کە ئەویش لە قەراغ شار بووە . تاکو زۆری ئەو دارو پەردووەی کە مزگەوتی گەورەیان پێ دروست کردووە ، لە مزگەوتەکەی قەڵاچوالانەوە بۆیان هێناوە ، دوای ئەوەی بەداخەوە هەڵیان تەکاندووەو ڕووخاندوویانە .

---

(٤) باسی ئەم خانەقایە (مدرسە)کەیو حوجرەو حەوزو سەوزەو شوێنی بازو کەوشەك ، دوورو درێژ لە چامەکەی نالیدا هاتووە . سەیری (دوو چامەکەی نالیو سالم بکە) نووسینی علاءالدین سجادی ساڵی ١٩٧٣ .

بازاڕی سلێمانی بە ڕای من لە تەنیشت سەراوە دەستی پێکردووە .(واتا جێی ڕیزە دووکانەکانی مەلا عەلی مەلکەندی‌و ئەوان کە ئێستا شوێنەکانیان شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبیلە) تا نزیك مزگەوتی (عەزیز ئاغای مەسرەف واتا مزگەوتەکەی ئێستای ناوبازاڕ .. ئەوسا قەیسەریەکان نەبوون ، لە سەردەمی عوسمانیەکانداقەیسەری (نقیب)و (قەیسەری وەسمان پاشا)ی جاف دروست کراون . ئەمانە لە دواییدا دووڕو دڕێژ باس ئەکەین .

لەشکرگا ، یاخود (معسکر) هەر ئەو قەڵایە بووە کە مەحموود پاشای مامی برایم پاشا بۆ پارێزگاری‌و ئاسایشی ناوچەکە دروستی کردووەو لەم دواییەدا (قشلە) یان پێئەووت تاکو حەمامەکەی (حەماغای ئەورەحمان ئاغا)ش هەر بەو ناوەوە ناونرا (حەمامی قشلە) .

(مستەر ڕیچ) کە باڵیۆزی ئینگلیز بوو لە بەغدا لە ساڵی ١٨٢٠ دا هاتووە سەری لە سلێمانی داوە ، واتە (٣٦) ساڵ دوای دروستکردنی شارەکە هاتووە بۆسلێمانی لە کاتێکدا کە (مەحموود پاشای بابان کوڕی ئەورەحمان پاشا) فەرمانڕەوای سلێمانی بووە .

ڕیچ لە کتێبەکەیا ئەڵێت : ئەوسا سلێمانی دوو هەزار ماڵی ئیسلام سەدوسی ماڵە جوولەکە ، نۆ ماڵی کلدان ، پێنج ماڵی ئەرمەنی ، پێنج حەمام ، پێنج مزگەوت ، پێنج خانی تێدابووەو ئەڵێت : لە مزگەوتەکان یەکێکیان‌و لەحەمامەکان یەکێکیان باش‌بوون .

کەوابوو ئەوسا سلێمانی هەمووی ٢١٤٤ ماڵ یاخود خانوو بووە ، جگە لە مزگەوت‌و خان‌و حەمام‌و شتی‌تر .

جا ، لام وایە ، ئەگەر دڕێژیی ئەو سەردەمەی سلێمانی بهێنینە پێش چاو ، واتا لە مزگەوتەکەی ئێستای عەلی کەمالەوە (لە مەلکەندی کۆنەوە) بەرەو خوار بڕۆین تا سەرا لەوێوە بۆ خوارەوە تا خانەقای (مەولانا) ، ئەم

ئەندازەیە بەلای منەوە سێ کیلۆمەترە ئەبێت • واتــە (٣٠٠٠مەتر) ، وپانی سلێمانی لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمینەوە بیگری تا مزگەوتی گەورە ئەویش دوو کیلۆمەترە ئەبێت واتە (٢٠٠٠م) • کەوابوو پانتایی یاخود (مساحە)ی سلێمانی (٣٠٠٠م × ٢٠٠٠م) ئەکاتە (٦٠٠٠٠٠٠م٢) • ئەم پانتاییە کــە شەش ملیۆن مەتری چوار گۆشەیە ، یەك ملیۆن مەتری چوار گۆشەی لێ دەرکەین بۆ بۆشاییو کۆلآنو رێگاو شوێنی تر • پێنج ملیۆنی ئەمێنێتەوە • پێنج ملیۆنەکەش دابەش کەین بەسەر (٢٠٠٠) مەتری چوار گۆشە یاخود بەسەر (٢٥٠٠م٢)دا کە ئەندازەی هەر خانوویەك بووە لەو رۆژەدا ، نزیکەی دوو هەزار خانوومان بۆ دەرئەچێت • کە ئەمە حسابێکی نزیکە لەو ژمارەیەی کە مستەر ریچ داویەتی •

مزگەوتەکانیش کەباسیان ئەکات ، یەکەمیان مزگەوتی گەورە بووە ، ئەوە مزگەوتە باشەکەیانە کە باسی ئەکات ، مزگەوتەکانی تریش مزگەوتی حاجی شــێخ ئەمــینو مزگەوتی سەید حەسەنو مزگەوتی شــێخ باباعەلی قەرەداخی ، بەلآم لە پێنجەمیان دلّنیا نیم ، ئایا مزگەوتی ناو بازارە یاخود مزگەوتی تەکیە رووتەیە ، یا مزگەوتەکەی مەلّکەندی بووە کە ئەویش وسو پاشای بابان دروستی کردووە • یاخود مزگەوتی حاجی ئەحان بووە کــە ئەویش هەر لەکاتی بابانەکانْدا دروست کراوە •

هەر لەسەر ئــەم بناغەیە ئەتوانین بڵێین کەوا گەرەکی گۆیژە (بــە سابوونکەرانو قاوەخانەی سەرچیمەنْو گەرەکی گاوران)ەوە کۆنترێــن گەرەکی سلێمانییەو لەوێوە بنیاتو خانوو دەستی پێ کردووە دوای ئەوە گەرەکی دەرگەزێن دێت ، ئەویش ئەو کەسانە ئاوایان کردۆتەوە کــە لــە گەرەکی دەرگازێرینی شاری هەمەدانەوە هاتبوونو هەر بەو ناوەشەوە ناویان ناوە ، ئەمەش لە مالّەکانی سەرشەقام جیا نەئەکرایەوە تا دوای راگێشانی شەقامەکە • دوای ئــەو دووانە گەرەکی کانیئاسکان دێت ، کە هەر لــە

سەردەمی بابانەکانـدا سنووری گەیشتبووە (شەقامی ئەمین زەکی)ی ئێستا • دوای ئەوانە گەڕەکی چواربـاخ دێت کە لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانـدا هەبووە کە ئەویش دوا میری بابان بوو ، واتا دەوروبەری سـالّی ١٨٤٠دا • ئەو باخە ، لە سەرەتادا بریتی بووە لە (چوار باخ) • هەر باخە جۆرە دارێك و جۆرە میوەیەکی تێدابووە ، دوای وێران بوونی ، باخەکان بوون بەخانوو • ئەمە لە کاتێکدا گەڕەکی (کانیئاسکان) یش پێش بنیات نانی شاری سلێمانی بێشەیەکی چڕو پڕکانی و ئـاو بووە ، ئاسك و ئاژاڵ هاتوون ئاویان لەو کانی و ئاوە خواردۆتەوە ، کە ئێستا شارەوانیی سلێمانی دەستی بەسەرا گرتووەو ئاوەکەی بە بۆری بردووە بۆ ماڵان • بەڵام بەوەدا کە ئێمە ئێستا باسی نەخشەی شاری سلێمانی ئەکەین لە سەردەمی بابانەکانـدا ، پێویستە ئەوە بڵێین ، هەر لەو سەردەمەدا ، دەشتی کانیئاسکان لـە کانی ئاوو بێشەو چەمو چۆردەوە وردە وردە بوو بـە خانووبەرەو شوێنەکەی بووبە شوێنی ڕمبازی و مەیدانی (جریدبازی)[٥] ئەمانەش لەمەودوا زیاتر ڕوون ئەکەینەوە •

سنووری شاری سلێمانی لەسەردەمی بابانەکان دا •

ئەوەی لەمەوپێش لە بابەت سلێمانیەوە وتمان ، زۆری وەك پێشانـدا لەسەر شی کردنەوەو وەدەستهێنانو بۆچوون بـوو ، ئـەو بۆچوونانەش پشت بە هەندێك سەرچاوەی مێژووین بوون • لەڕاستیشـدا ئەوانەی لە بارەی ئەم جۆرە شارانەوە ئەنووسرێنو نەخشەیان بۆ ئەکرێتو شوێنی هەندێك جێگای گرنگو مێژووینی تیا دیاری ئەکرێت ، هەموو لەم بابەتەن ، ئەگینا خۆئەو شارانە لەکاتی بنیاتنانیـدا نەخشەیان هەڵنەگیراوە

---

(٥) سەیری هەڵبەستەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بکە (لەبیرم دێ سلێمانی کە داروارلکی بابان بوو .... تاکو ئەڵێت : درێخ بۆ ئەو دەمە ، ئەو عەسرە ، ئەو ڕۆژە ــ کە مەیدانی جریدبازی لە دەشتی کانیئاسکان بوو) .

تاکو ئەمڕۆ[٦] . ئەم بۆچوونەمان شتێکی سەرەتایی‌یە ، ئومێد ئەکەین لە پاشە ڕۆژدا پەرە بسێنێو یەکێکی شارەزاش نەخشە (خەریتە) یەکی ڕێکوپێکی بۆ بکاتو ئەگەر هەڵەیەک لەم نووسینەی ئێمەدا هەبێت ڕاستی‌بکاتەوە، چونکە مەبەستی هەمووان وەدەستەوەدانی زانیاری‌یەکی ڕاستە لەم ڕووەوە.

شاعیری گەورەو بەناوبانگی کورد مەلا خدری (نالی) کە لەم دووایی‌یەی فەرمانڕەوایی بابانەکانـدا ژیاوە ، واتە وەفاتی سلێمان پاشاو هاتنی ئەحمەد پاشای بە چاوی خۆی دیوە[٧] ، بگرە قلب‌بوونەی میرنشینی بابانیشی هەر دیوە .

شاعیری مەزن وەک هەندێک سەرچاوە باس ئەکەن[٨] ، گوایە لە ساڵی (١٨٣٠)دا سلێمانی بەجێ ئەهێڵێتو بەنیازی (حەج) ڕووئەکاتە وڵاتی حیجازو دوای حەج گوایە لە ساڵی (١٨٣٤)دا ئەچێتە شامو دوای ئەوە بۆ (ئاستانە ــ ئەستەمبوڵ) ئەڕوات .

لە غەریبایەتی‌و دوور لە وڵات ئاگری نیشتمان لە دڵیا کڵپە ئەسێنێت . چامە بەسۆزو گڕاوی‌یەکەی بە نامەیەک بۆ سلێمانی ئەنێرێت کە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێ ئەکات :

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور .
ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شارەزوور .

---

(٦) سەیری (دلیل خارطة بغداد) بکە نووسین د. مصطفی . جواد و احمد سوسە .

(٧) تا فەلەک دەورەی نەداو سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبی میهری موبارەک طالعی پەیدا نەبوو
تا سلێمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
شاهی جەمجا نالیا (تاریخ جـم) تاریخیە (١٢٥٤ك ــ ١٨٣٨ز)
تا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو

(٨) سەیری دوو چامەکەی نالی‌و سالم ــ علاءالدین سجادی بکە .

که وەلامەکەی لە (ئەوڕەحمان بەگی ــ سالم) وەرئەگرێتەوە ، تەماشا ئەکات ڕۆژگاری چەپگەردو ستەمی (ڕۆمی ــ عوسمانیەکان) ڕێ نادەن بگەڕێتەوە ، بەتایبەتی لەم دووایی‌یەشدا میرنشینی بابان ئەڕووخێتو ولاتی سلێمانی یەکسەر ئەکەوێتە ژێر فەرمانی عوسمانی‌یەکانەوە • شاعیری هونەرمەند (با) یاخود (شەماڵ) ئەکات بە (مراسل ــ یاخود (بساط الریح) ی خۆی و ڕای ئەسپێرێ بگاتە سلێمانی و هەواڵی ئەو جێگاو شوێنو شتانەی بۆ بزانێ (کە دڵی بۆیان لێ ئەدا) ئایا وەك خۆیان ماون یاخود وێران بوونو شوێنەواریان نەماوە • لەو چامە دوورو درێژەدا ، هۆنەری مەزن هەندێك شوێنمان لە سلێمانی‌دا بۆ دەستنیشان ئەکات ، کە ئەتوانین ئێمە لێرەدا بیانکەین بە سنووری ئەو سەردەمەی سلێمانی ، واتا کاتی کوژانەوەی چرای میرەکانی بابانو دەسەڵاتیان[9] :

نالی ئەفەرموێ :

سەیرێ بکە لە بەردو لە داری مەحەللەکان
دەورێ بدە بە پرسشو تەفتیشی خوارو ژوور
داخۆ دەروونی شەق نەبووە پردی (سەرشەقام)
پیرو فتادەتەن نەبووە داری (پیرمە سوور)
ئێستەش بە بەرگو بارە عەلەم داری (شێخە باس)
یا بێ‌نەواو بەرگە گەڕاوە بە شەخسی عوور
ئایا بە جەمعو دائیرەیە دەوری (کانیبا)
یاخۆ بووە بە تەفرەقەو شۆرشو نشوور
سەیوان نەزیری گونبەدی کەیوانە سەبزو ساف
یاخۆ بووە بە دائیرەیی ئەنجومی قوبوور
ئێستاش پڕە لە ئاهووی بەڕ کانیئاسکان

---

(٩) سەیری دوو چامەکەی نالیو سالم بکە ــ نووسینی علاءالدین سجادی .

یاخۆ بووە بە مەلعەبەیی گورگ‌و لووڕە لوور
ئێستەش سوروشکی عەشقی هەیە (شیوی ئاودار)
یاخۆ بووە بە سۆفییی وشکی لەحەق بەدوور
داخۆ دەروونی ساف‌ە گوڕەی ماوە (تانجەڕۆ)
یاخۆ ئەسیری خاکە بەلێلی دەکا عوبوور
سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو (خانەقا) بکە
ئایە ڕەبیعی ئاهووە ، یا چایەری ستوور
تو خوا : فەزای (دەشتی فەقێیان) ئەمیستەکەش
مەحشەر میسالە؟ یا بووەتە چۆلی سەلم‌و توور

ئەمانە هەندێك بەیتی هەڵبژاردە بوون لە چامەکەی نالی کە لە (پردی سەرشەقام)ەوە دەست پێ ئەکات • وەك وتمان شەقامی (سەر شەقام) سنووری خواروو‌ی (جنوب سلێمانی) بووە لە کۆتایی سەردەمی بابانەکان‌دا • وا دیارە ئەو شەقامە لە سەرەتاوە تا دوایی پێنج پردی گەورەی لە سەربووە ، دوانیان تا سالأنی (۱۹۳۰ ــ ۱۹۳۳) مابوون ، لە لافاوەکەی ئەو سالأنەدا ئاوبردنی[۱۰] •

پیرمەسوور (پیرمنصور)یش لەخوار مەلکەندی‌یەوە دەستی‌پێ ئەکرد تا نزیك مزگەوتەکەی (شێخەلی) قسن‌و شەخسەکە ئێستاش هەرماوەو کەمتر خەلك زیارەتی ئەکەن • کەوابوو پیرمەسوور سنووری ژوورووی سلێمانی بووە تاکو دێی مەلکەندی •

شێخە باس : یاخود (شێخ عەباس) ئەمیش هەر شەخسێك بوو لە خواروو‌ی شاری سلێمانی نزیك بە دێی (قەرەتۆغان)و بەرامبەر ماڵەکانی (وڵوبە) • ئەم شوێنە لە سەردەمی عوسمانی‌یەکان‌داو دوای ئەوان ، ئاواکراوەتەوە ، جوولەکەی تێدا دادەنیشت‌و ناونرا گەڕەکی جوولەکان کە

(۱۰) بڕوانە دوو چامەکە ل۳٦ .

هەر گەڕەکی (شێخە باس) ئەگرێتەوەو[11] جوولەکەکان لەکاتی خۆیدا (خومچی) بوون لە قەڵاچوالانەوە هاتوونە سلێمانی .

کانیبا : کانیو سەراوێکی بچکۆلەیە لە سلێمانی لەپشت گردی (سەیوان)ەوەیە بەو ڕێگایەدا کەبۆ هەڵەبجە ئەچوو ، واتا لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە . لە گردی سەیوان ئاوا ئەبیو بەسەر (زێڕینۆک)دا ئەڕۆی ، شۆینەکەی وا بەسەر گردێکەوە . ئەم کانیبایە مەزار بووەو شوێن سەیرانی دانیشتوانی شاری سلێمانیش بووە . خۆم لە ساڵەکانی چلدا لە چوارشەماندا سەیرانم لێکردووە ، ئەمڕۆ ماڵو خانوو گەیشتوونەتە گردی سەیوانو کانیباو بگرە بەولاتریشەوە چوون .

سەیوان : گردێکی گەورەیە بەلای ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە ، لەپێش دروستکردنی شاری سلێمانیدا سەیوان باخو ڕەزو دارستان بووە . لەبەر ئەوە ئەمگردە ، شوێن سەیرانی میرەکانی بابان بووە ، کە چادر یاخود دەواریان بردووە لەوێ هەڵیان داوەو دوو سێ شەوێکی تیا ماونەتەوە بۆ هەر جارێك . جا ، ناوەکەی کە سەیوانە لە چادر یاخود چەترەوە هاتووە .

ئەم گردە دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی ، کراوە بەگۆڕستان ، بۆ مردووەکانی شارەکە . گۆڕی سلێمان پاشای بابانو گەلێکی تر لە بابانەکانو شێخمارفی نۆدێیو ناسراوانی شارەکەی پێوەبوو ، ئەمڕۆ بەتەواوەتی پڕبۆتەوەو خانووش گەیشتۆتە بن گردەکە . (فرەیزەر) کە ئەویش گەشتیارێکە لەکاتی فەرمانڕەواییی سلێمان پاشای بابانداهاتۆتە سلێمانی و باسی گردی سەیوان ئەکات کە ئەوسا گۆڕستان بووەو مردووی تیا شارراوەتەوە .

---

(11) سەیری دوو چامەکە بکە . داری ئەم شەخشە زۆر گەورە بووە ، وەك ئەڵێن جێی هەزار سەیران کەری لەژێرا بۆتەوە ، . ساڵی ۱۹۱۸ عوسمانییەکان دارەکەیان بڕیەوە .
شێخەباسو پیرمیکائیلو مولاناخالیدو پیرمەسوور چوار ، (ابدال) واتە چوار (قطب) یان پێ ئەڵێن .

هەروەها شێخ ڕەزای تاڵەبانیش باسی گردی سەیوان ئەکات‌و ئەڵێت :

لە بیرم دێ سلێمانی کە دارولحوکمی (بابان) بوو
نە مەحکوومی عەجەم ، نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا صەفیان ئەبەست شێخ‌و مەلاو زاهید
مەطافی کەعبە بوو ، ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

کانیئاسکان : لەمەوپێش بەتەواوەتی باسمان کـرد پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە تەنهـا ئەوە نەبێت ، حەزرەتی نالی کـە ئەفەرموێ (ئاهوویی بەر) مەبەسی ئاسکی دەشتی وشکانیەیە کە لەدەشتەوە هاتوون لەوێ ئاویان خواردۆتەوەو هەر بەو بـۆنەیەشەوە ناونراوە کانیئاسکان • ئێستا خانوو نەك هەر ئەو ناوە بەڵکو گەڵێك لە ولاتریشی پڕکردۆتەوە •

شیوی ئاودار[١٢] : شیوێك بووە لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی بەلای سەرووێەوە ، لەپشتی قۆریە شـکاوەوە بەلای سەرچنارەوە • ئاوی ئـەم شیوە لە کارێزە وشکەوە لە بەهاردا هاتووەو لەوەدوا وشکی کردووە ، وا دیارە بەپێچەوانەوە پێیان وتوە شیوی ئاودار ، وەك ناوبردنی هەر شتێك بەناوی دژیەوە • ئێستا هەموو ئەو ناوە پڕبۆوە بە خانووبەرە ، تا ئەگاتە سەر چنارو بەولاتریشەوە • لەکاتێكدا کە لەسەردەمی (نالی)دا ئەو شیوە سنووڕێکی دووری ژووروی ڕۆژاوای شاری سلێمانی بووە •

تانجەرۆ : ڕووبارێکە ئەکەوێتە دامێنی شاری سلێمانی واتە ئەکەوێتە (خواروو ــ جنوب)ی شـارەکە • ئاوەکەی لـە سـەرچنارو قلیاسانو چەقچەقۆ هەندێ جۆگەی تر پەیدا ئەبێت ، بەرەو شارەزوور ئەڕوات ، دێی (خاك‌و خۆڵ)ی مەڵبەندی شاعیری گەورەمان نالی ئەکەوێتە سـەر ڕۆخی تانجەرۆ لە ناوچەی شارەزوور ، لە دووایی‌یا تێکەڵ بە ئاوی سیروان ئەبێت کە بەرەوخوار ئەبێتەوە بۆ ڕووباری (دیالە) ئەو ڕووبارەش ئەڕێتە

(١٢) سەیری دوو جامەکە بکە .

(دجله)وه .

ناوی تانجەرۆ ، هەندێك ئەڵێن لە (تانجی ڕەو)ەوە هاتوە واتە ئاوەکە لە ڕۆیشتنیا ئەوەندە بەگوڕو بەهێزەو تیژڕەوە وەك تانجی وایە[١٣] ، ئەمیش لەکۆندا باوبووە ، ناوی زێ یاخود زاب بە (زابی گورگان)و ناوی دجلە بە (تایگرس ــ پلنگ) ئەبرا ، ئەم لێكچواندنانەش هەر لەبەر تیژی‌و زۆریی ئاوەکەیە بەتایبەتی لە کاتی لافاودا کە هەرچی‌یەکی بێتە بەر ڕای ئەدات ، تاکو بە (سیروان) یش ئەڵێن (سیروانە شێتە) . بەڵام هەندێکی تر ئەڵێن ناوی تانجەرۆ لە بنچینەدا (تاج ــ روود)ە ، واتا ئاوی میری یاخود تاج یا سوڵتان بەوەدا کە ئەوسا لەسەردەمی عوسمانی‌یەکاندا زەوی‌و ئاو هەموو میری یاخود موڵکی سوڵتان بوون .

خانەقا : مەبەسی خانەقای مەولانایە لە سەرشەقام کە لێی‌دواین ، شاعیری مەزن نالی وا دیارە ڕۆژگارێکی زۆری لەم خانەقایەدا بەسەر بردووە لە کاتی فەقێ‌یەتی‌و مەلایەتی‌دا ، واتە دوای ئەوەی کە (أجازە)شی وەرگرتووە هەر لەم خانەقایەدا ماوەتەوە . ئەم خانەقایە ئێستا ناوەڕاستی شاری سلێمانی‌یەو نوێژی (جمعە)ی تێدا ئەکرێت .

دەشتی فەقێیان : دەشتێك بووە لە بەینی کارێزی دایکی پاشا (سەرکارێز)و (گردی سەیوان) بەلای (گردی حاجی ئەولا) وە لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی . پردێکی دارینەی بچووك هەبووە لەسەر شیوەکەی سەرقەبران پیاپەڕیونەتەوە بۆ دەشتی فەقێیان . فەقێکان ئێوارانی هەینی‌و سێشەموان بەتایبەتی لەبەهاردا ئەچوون لەوێ یاری‌یان ئەکرد وەك : کەوشەڵکو قەڵەمرداڕێو جغزێنو تۆپێن[١٤] . دانیشتوانی شارەکەش ئەچوون بۆ سەیرو ئەوەندە قەڵەبالغ ئەبوو وەك نالی ئەفەرموێ ئەبوو

(١٣) سەیری دوو چامەکە بکە ل٤٨ . ب

(١٤) سەیری دوو چامەکە بکە

به ڕۆژی حەشر • ئێستا ئەم دەشتە هەر نەماوەو هەمووی بەخانوو پڕبۆتەوەو بستێك زەوی بەخاڵیەتی نەماوەتەوە •

هەندێك شوێنی‌گۆنی تری سلێمانی :

پێش ئەوەی دەست بکەین بە باسی کارێزەکانو گۆڕستانەکان بە پێویستی ئەزانم باسی چەند شوێنێك بکەم بۆ ئەوەی بەسەریانا تێنەپەڕین و خوێندەواری بەڕێز لەبارەیانەوە زانیاریەك پەیدابکات •

شەخسەکان :

شەخسەکان : ــ پیر میکائیل : ئەکەوێتە بەشی ژووروی ڕۆژهەلاتی سلێمانیەوە نزیك پردەکەی (هۆمەرە کوێر)ی جاران • پیرمیکائیل وەك لەمەوبەر پەنجەمان بۆ ڕاکێشا گوایە یەکێك بووە لەچوار (قطب)ەکان • تا ئەم دوایەیەش شوێنی زیارەتی دانیشتوانی سلێمانیو دێهاتەکانی ئەوناوە بووە جگە لەوەی سەیرانگاشی بوو چونکە ئاوی نزیك بوو •

ــ شێخ جافر : دوو شێخ جافر (جعفر) هەبوون لەناو شاری سلێمانیدا ، یەکێکیان نزیك گۆڕەپانی نالی لەسەر شەقامی نالی نزیك ماڵەکەی جارانی ڕەشیدو مەجید بەگی حاجی فەرەج بەگەوە • ئەوی تریان لە گەڕەکی شێخان بوو لەکاتێسکان •

ــ وەیس : لە شوێنی (ئوتێل ئاشتی)ی ئێستا بەملاوە قسێك هەبوو ، ئەیان وت ئەمە جێنەزەرگەی وەیسی قەرەنیە • خەڵکو بەتایبەتی ئافرەت ئەچوون بۆ زیارەتیو گۆڕانیەکی فۆلکلۆریشی دەربارە هەیە •

بابچینە سەر وەیس ، وەیسی خۆمانە لە وەیس بپرسین خەتای کامانە ؟

ــ باسی پیرمە سورو (منصور)و شێخەباسمان کرد •

دێی وڵوبە : دێیەکی کۆنە ، ئەکەوێتە خواروی شاری سلێمانیو ئێستا بووە بە گەڕەکێك لە گەڕەکەکانی شارەکە • بە بڕوای خواڵی خۆشبوو

زەکی بەگ • ناوی ئەم دێیە زۆر گرنگەو ڕەنگ هەیە پەیوەندیی بە ناوی (لۆلۆ)وە هەبێت کە باپیرانی کوردەکانی ناوچەی سلێمانیو هەندێك شوێنی ترن •

بەکرە جۆ : یاخود بەکرە جۆگە ، واتا جۆگەی بەکر بەگ یاخود بەکرە سووری بابان ، کوڕەزای فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە کە لە ساڵی (١١١٥)ی کۆچیدا ، فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناو جۆگەکە لەکاتی خۆیدا بەکر بەگ ڕای کێشاوەو ئێستا شارۆچکەیەکی ڕێك وپێکی لەسەرەو ئاوەدانە ، ئەو شارەش شاری بەکرەجۆیە نزیك سلێمانی جۆگەکەش ئاوەکەی زیاتر لە سەرچنارو قلیاسان وەرئەگرێت •

سەرچنار : جاران کانیی ئاوو باخو باخات بووەو (مستەر ڕیچ) لە سەردانەکەیدا بۆ سلێمانی باسی کردووەو (مێجەر سۆن) یش بە (سوورچینار) ناوی ئەبات ، هەندێك سەرچاوەی مێرووین ئەڵێن گوایە لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوامیری بابانداە لەشکرگا (معسکر) بووە ، گوایە میر لە فەرەنسەوە پسپۆڕی هێناوە بۆ ڕێك خستنی سوپا کەیو مەشق پێ کردنیانو چەکی نوێی بۆهێناون ، ئەمەش هۆیەکە لەهۆکانی ڕووخاندنی میرنشینی بابان ، چونکە کە عوسمانیەکان بەمەیان زانی ترسانو زوو دەستی خۆیان وەشاند • سەرچنار خوا ئاوەدانتری کات ئێستا شارێکی گەورەی ڕازاوەو جوانو نەخشینە ڕەنگ هەیە ناوەکەشی لە (سوورەچنار)ەوە هاتبێ •

بەندیخانەی بابانەکان : بەندیخانە لەگەڵ سەراوا لە بیناکانی (سلێمانی) ئەوڵاغا)دا بووە ، حەوزێکی گەورە لە حەوشی بەندیخانەکەدا هەبووە ، شوێنەکەی کەوتبووە پشت ئەم سەرایەی ئێستای سلێمانیەوە نزیك بە مزگەوتی (بن تەبەق) کە لەم دواییەدا مزگەوتی مەلا فتحاللەشیان پێ ئەووت •

ئەمەش باسێکی دوورو درێژە کە لە بەیتەکەی مستەفا بەگی کوردیدا دەرئەکەوێ کە ئەڵێ :

گەر دەپرسن مەنزڵو شکڵو لیباسو تائیفەی
مالیان نەزدیك بە بەندیخانەوو ئاشی ئەحان[١٥]

ئاشەکەش کەوتبووە پشت مزگەوتەکەوە ، بەڵای پیرمەسوورەوە • ئەم بەندیخانەیە ، لە شوێنی خۆیدا ، تا ساڵەکانی پەنجاش مابوو ، بەڵام کرابوو بە (موقف) چونکە بەندیخانەکە ، هەر زوو گوێزرایەوە بۆ (شەقامەکەی ــ پیرەمیرد ــ ی ئێستا) • کەوابوو ئەو بیناو شوێنانەی لەگەڵ دروستکردنی شاری سلێمانیدا ، کە لە پێش هەموو شتێکەوە ڕەچاو کراون ئەمانەبوون :

١ ــ لەشکرگا (معسکر) : ئەوەبوو وەك وتمان لە شوێنی دووکانەکانی ئێستای شارەوانی لەسەر شەقامی مەولەوی بەرەو مزگەوتی گەورە ، ئەو بەرزاییەی کە ئێستاش ماوەو لەکاتی خۆیدا (دەبۆ کۆنەکە)یان پێئەوت نزیك بە حەمامی قشڵە تاکو لە سەردەمی ئینگلیزەکانو شێخ مەحمودیشدا مایەوەو هەتا ماوەیەك وەك لەشکرگا بەکار ئەهێنرا تاکو شێخی نەمر کە لە گەڵ ئینگلیزەکان تێك چووو هەندێکی لێ گرتن ، هەر لەوێ بەندی کردن تا لە دوایىدا ناردنیەوە بۆ کەرکووك ، بێ گومان ئێستا شوێنەواری ئەو لەشکرگایە نەماوە .

جا ئایا لەبەرچی لەشکرگا لەو شوێنەدا دروست کرا ؟

ئەوی گومانی تێدا نییە ، لەسەردەمی کۆندا ، هەمیشە خەڵك پەنایان ئەبردە بەر شوێنی بەرز ، بۆ خۆپاراستن ، بەتایبەتی لە سەردەمی بگرەو بەردەی خێڵەکاندا (عشائر) ، ڕاستیشدا خۆپاراستن هەر تەنیا لە

(١٥) سەیری میژووی ئەدەبی کوردی بکە نووسینی علاءالدین سجادی معارف ساڵی ١٩٥٢ لاپەڕە (٣٠١) .

دوژمنی چەك هەڵگر نەبوو ، بەڵکو لە لافاوو لە درندەو شتی‌تر ، بۆیە یەکەم جارهەولێر لەسەر تەلاکە بیناکراو کەرکووکیش هەروەها ... کەوابـوو ، لەشکرگا لەو شوێنە بەرزەدا بنیات‌نرا لەبەر بەرزی،ئەویش بۆ یەکەم جارکە لە لایەن مەحمود پاشای مامی برایم پاشاوە بەقەڵایەك یاخود قوللەیەك دەستی پێکرد چەند ساڵێك پێش دروست‌کردنی شاری سلێمانی ، وەك هەندێك سەرچاوە ئەڵێن گوایە لە ساڵی (١٧٨٠) دا بووە .

٢ ــ مـزگەوت[١٦] . ناوی مزگەوتە کانمـان بـرد ، کـە لەپێش هەموویانەوە مزگەوتی گەورە بوو . مزگەوتی ئەوسا بریتی بوو لەپێش هەموو شتێك‌دا لە ژووری نوێژ یاخود (جماعە)و ژووری مامۆستا یاخود مەلاو یەك دوو (حوجرە) بۆ فەقێکان و حەوز بۆ دەست‌نوێژشتن‌و حەوزی (وسڵخانە)و ئاڵخانە ، سەکۆیەکی هاوینەش بۆ نوێژ . بەڵام مەرج نیە هەموو مزگەوتێك بەم جۆرە بووبێ ، یاخود بەڵای کەمەوە ، لە سەرەتاوە لەکاتی دروست‌کردن‌دا بچووك بوون‌و وردە وردە لە دوایی‌دا دەستیان پیاهاتووەو پەرەیان سەندوە .

٣ ــ خانووبەرە : وتمان ئەو سەردەمەی مستەر ڕیچ سەری سلێمانی داوە ، سـاڵی (١٨٢٠)بوو واتە (٣٦)ساڵ دوای بنیات‌نانی شـارەکەو مەزەندەی خانووبەرەی لە بەینی (٢٠٠٠ ــ ٢١٦٠)[١٧] کردووە ، ئەڵێ : خانووەکانیان لە خشتی کاڵو قوڕ لە شـێوەی چوارگۆشەداو یەك نهۆم دروست کردووە ، یەك دوو ژووری لـە ناوەوە گەچکاری کراون یاخود بەگەچو قسـڵ تەڕاو دراون (هێڵەساو) ، سـەری بەدارو گڵ گیراوە ، هەیوانێك لەبەر دەمیا بووە ، بۆ نووستنی هاوینان تەنها هەژارەکان چوونەتە

---

(١٦) باسێکی تایبەتی دوورو درێژم هەیە لەسەر مزگەوتی گەورەو (خانەقای مەولانا)و باسی مزگەوتەکانی تری سلێمانی (کۆن‌ونوێ) خوابێکات لـە دەرفەتێك‌دا بڵاوی ئەکەینەوە .

(١٧) لەمەوپێش ژمارەی هەر یەکێکیانمان باس کرد .

سەربان بۆ نووستن ، ئەم خانووە لە ناوەڕاستی حەوشەیەکی گەوردەدا بووە، بەڵکو لە ماڵە گەورەکانیدا حەوشەی دیوەخان بە دیوارێك لە حەوشەی ماڵ (حریم) جیا کراوەتەوەو دەرگایەك لەبەینیدا بووە ، لە حەوشەدا داری تووو چناریان ئەڕوان ، بە زۆری جۆگەیەك ئاو بە حەوشەکەدا تێئەپەڕی کە لە شـاخ یاخود کارێزەوە ئەهات ، هەندێك مـاڵ سەکۆی تێدابوو ، هەتیکیش سارداوی تێدابوو کە ئەمە شوێنێکی فێنك بوو ، بەڵام زۆر تاریك بوو ، هەندە ماڵێکی تر هەر لە حەوشەکەدا حەوزو ئاوی تێدا بوو ، بە هاوین لە سەر حەوزەکە ساباتێکیان ئەبەست بۆ سێبەر، یاخود دەوارێکیان هەڵ ئەداو لەژێریا ئەژیان ، چونکە کێچ ئەوەندە زۆر بوو ، لەهاوینیدا لە ژووروەوە ئـۆقرەیان نەئەگرت ، ژووروەکانی ناوەوەش لەسـەر دالآنێکی دوورو درێژو تاریك بوون ، خانووەکانی تر تاریك‌و لـە شێوەی کۆخت یاخـود تەویلەدابوون ، بـە کورتی شارەکە لـە دێیەکی گەورەی عەرەبی ئەکرد ، بەوەدا کە بەری بەرەڵلآ بوو ، ئەم شارەش نزیکەی دە هەزار کەسی تێدا دائەنیشت(١٨) .

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی‌و دوای ئەوەی جۆری بیناو خانوو پەرەی سەند چاو لە خانووبەرەی دراوسێکان ئەکرا ، خانووی سلێمانی ، بەتایبەتی خانووی چینی ناوەڕاست‌و چینی دەوڵەمەند بەم جۆرەی لێهات :

کەرەسەی خانوو : خشتی گڵی سووروەوەنەکراوو قورِوقسڵ‌و گەچ‌و کۆڵەکە (حمّال)‌و داری‌چنار یاخود بەڕوو بۆ دارەڕاو گەلآو زەل‌و قامیش‌و نیرگەو بەردی رِێك‌و تەلەبەردو تەختـەبوون . خانـوو بە زۆری یـەك نهۆمبوو ، لەم دوایی‌یەدا بوو بە دوو نهۆم . خشتی سوورەوە کراوو شەڵاڵ‌و شیش‌و چیمەنتۆ‌و ئەم باقی ئەم کەرەسانەی ئەمڕۆ هەر نەبوون .

---

(١٨) بڕاونە (رحلـة ريچ في العراق عـام ١٨٢٠) وەرگێڕانی لە ئینگلیزی‌یەوە بۆ عەرەبی (بهاءالدين نوری) چاپخانەی سکك ، بەغدا ١٩٥١ لاپەرە ٥٩ــ٦٠

نهۆمی خـــواره‌وه : بریتی بوو له حه‌وشـــه‌و ژوورو هه‌یوانو پشت هه‌یوانو که‌له‌گی‌و گه‌نجینه‌و دووده‌ری‌و • • • پێنج‌ده‌ری (به‌گوێره‌ی ژماره‌ی ئـــه‌و په‌نجه‌ره قوولانه‌ی لـــــه ژووره‌که‌دا هه‌بوون)و ڕاره‌وو له‌ده‌ریشه‌وه سه‌کۆو خواجه‌نشینی (له‌بەر ــ مدخل ــ ی نهۆمی سه‌ره‌وه‌دا له‌م لاولای پێپیلکه‌کانه‌وه ئه‌کرا) •

دیواره‌کان به خشتی کاڵو قورِ یاخود به‌ردی ناڕێك ئه‌کراو له ناوه‌وه هه‌ر به‌قورِ سواغ ئه‌دراو هه‌نـــده ماڵێك به‌گه‌چ یاخود ئاوی قسڵ ســـپی کاریان ئه‌کرد • سه‌ربان داره‌را ئه‌کراو دوای ئـــه‌وه قامیش یاخود زه‌ل له‌سه‌ر داره‌کان دائه‌نرا دوای ئه‌وانه‌ش گه‌ڵای داربه‌ڕوو ، دوای ئه‌وه گڵه‌بان ئه‌کراو کڵاوڕۆژنه‌یه‌کیان له ناوه‌ڕاستی سه‌ربانه‌که‌دا بۆڕووناکی ئه‌هێشته‌وه (کونێك) بوو به زستان دائه‌پۆشرا بۆ ئه‌وه‌ی بارانی لێ نه‌یه‌ته خواره‌وه ، سه‌ربان به زستان به (باگردێن) ئه‌گێڕراو ئه‌کوترایه‌وه‌و کای پێوه ئه‌کراو به دوو سێ ساڵ جارێك سه‌ربان سواغ ئه‌درایه‌وه ، بۆ ئه‌وه‌ی دڵۆپه نه‌کات • له ژووره‌کان‌دا تاق‌و ڕه‌فه هه‌بوو که شتیان تێ ئه‌خست‌و تیا دائه‌نا هێجگار حاجه‌ت‌و شتومه‌کی جوان وه‌ك (تحف) په‌نجه‌ره هه‌بوو شووشه‌ی تێدا نه‌بوو له‌زستان‌دا ئه‌ئاخنرا • ئه‌و ژوورانه‌ی په‌نجه‌ره‌شیان تێدابوو ، شووشه‌ی په‌نجه‌ره‌کان ئاوی یاخود زه‌ردو سوور بـــوون ، به‌ڵام هه‌رگیز په‌نجه‌ره نه‌ئه‌خرایه ژووری سه‌رکۆڵان له‌بەر ئاسایش‌و ده‌رنه‌که‌وتنی ناوه‌وه •

وه‌ك وتمان هه‌ندێك ماڵی دوونهۆم واته باڵه‌خانه) هه‌بوو ، به‌پێپیلکه (قاڵدرمه) بـــۆی سه‌ر ئه‌که‌وت ، له‌وشه‌وه هـــه‌ر به پێپیلکه سه‌رئه‌که‌وته سه‌ربان به‌ڵام له‌ڕاستی له‌یه‌ك‌دانی پێپیلکه‌و سه‌ربان‌دا ژووڕێکی بچـــووك ئه‌کرا بۆ ئه‌وه‌ی باران‌و ساردی‌و سه‌رما گل بداته‌وه ، پێیان ئه‌وت(هه‌وره‌بان) به‌رامبه‌ر (بیتونه)ی عه‌ره‌بی ، ئه‌وه‌ی له ناوه‌ڕاستی عیراق‌و خواروو‌ی‌دا هه‌یه‌و پێی ئه‌ڵێن (شناشیل) لای ئێمه پێیان ئه‌وت (شانشین) واتا شوێنی

دانیشتنی (شـا) که ئەمە مەبەستی لەبەرزی‌و خۆشیی ژورەکەیە ، بەڵام هێجگار بەو جۆرە نەبوو • حەوشەی ماڵان گەورە بوو ، جۆگە یەك ئاوی پێدا ئەڕۆیشت یاخود هەندێك ماڵ (بیر)یان هەڵئەکەندو هەندێك ماڵ حەوزی تێدابوو • ماڵـە گەورەکان دوو حەوشەیان هەبـوو ، یەکێکیان حەوشی دیواخان ، ئەوی تریان حەوشی ناوماڵ یاخود (حرم ــ حەرەمسەرا) • ئاودەستخانە وەك ئێستا لە ناوماڵدا نەبوو ، چونکە بۆنی ئەهات ، لەبەرئەوە لە شوێنی دوور لەماڵ ، واتە لەوپەڕی حەوشەکە دروست ئەکراو بە تەلەبەرد ڕێی بـۆ ئەکرایەوە ، هـەروەها چێشتخانە (موبەق ــ مطبـخ) ئەویش لەدەرەوەی خانووەکەو لەگەڵ سەرتەنوردا لەیەك ئەدران بۆ ئەوەی گڕی ئاگرو بۆنی خەڵووزو دووکەڵی دار بەناو ماڵا بڵاو نەبێتەوە ، چونکە ئەو دەمە (طباخی کارەباو غازو نەوتو گیزەر)و••• ئەو جۆرە شتانە نەبوون • دیـواری ماڵەکە هەر بەخشتی کاڵو قـوڕ بەرز ئەکرایەوە ، سەرەکەی (گوێسوانە)ی بـۆ ئەکراو بەزەڵو گەڵا ئەویش دائەپۆشراو دوای ئەوە گڵەبان ئەکرا ، تاکو بارانی زستان خشتو قوڕەکە نەتلیسێنێتەوە • دەرگای حەوشەش دووتاك یاخود تاکیك‌بوو ، لە دیوی دەرەوە هەندێکی بە بزماری سەرپان یاخود قوببەیی بزمار کوت ئەکراو دەستکێکی گەورەی پێوە بـوو بۆ لێدانی دەرگاکە ، ئەو دەستکە ئەی‌دا بە ئاسنێکی تەخت لەژێر خۆی‌دا بۆ ئەوەی دەنگ بداتەوەو دەرگاکە بکرێتەوە ، هەندێك دەرگاش ئەڵقەڕێزو دوولایی هەبوو ، کە دانیشتوان بچوونایە دەرەوە دەرگاکەیان بەهۆی‌ئەو ئەلقەڕێزەوە بە قفڵێك دائەخست ، قفڵی ئەوسـاش گەورەو تۆکمەبـوو ، هەندێکیان لە هەشتەرخانی ڕووسیاوە ئەهێنا واتا لە(استراخان) هوە • بێ گومان ماڵی هەژارە دەست کورتەکان بەم شێوەیە نەبووە ، بەڵکو وەك شوێنی مەڕەبێرە بووە ، هەندە جارێك دیواریان لە تەیمان دروست ئەکرد (داری تێهەڵکێش) و قاپی‌یان لە چـەپەر ئەکرد • کولانەی مریشکیان لەماڵدا هەبوو ، جگە لە تەویلەی ولاخو ئاژاڵ • کۆڵانەکانی شاری سلێمانی

وەك هی شاری بەغدای کۆن تەسك نەبوون بەڵکو فراوانتر بوون ، هەروەها شەقامەکانیشی .

٤ ــ بازاڕ : وەکــو بیستوومەو بە مەزەنــدەی من ، بازاڕی سلێمانی ئەودەمە ئەو بازاڕە بووە کە لای (ئەسحابە سپی)ی ئێستاوە دەست پێ ئەکات تا مزگەوتەکەی ناوبازاڕ ، دوای ئەوە ، وردە وردە پەرەی سەندووە ، ڕەنگ هەیە چەند دووکانەکەی تەنشت ســەرا کە یەکێکیان دووکانی مەلا عەلی مەلکەندی بــوو ، ئەوانیش کۆن بــوون ، دوای ئەوانەو لەســەردەمی عوسمانیەکانداا قەیسەریەکان : قەیســەری نەقیب کــە شێخ مستەفای نەقیب کوڕەزای حاجی کاك ئەحمەدی شێخو قەیسەری وەسمان پاشا کــە عثمان پاشای کوڕی حەمە پاشای جاف دروستی کــرد ، هاتنە کایەوە ، دوای ئەوانە دووکانەکانی تر دروستکران ، بۆ نموونە ئەڵێم : حەوزەکەی ناوبازاڕ کە ئێستا شوێنەواری نەماوە ، لەسەردەمی ئینگلیزەکانداا بەولای قەیسەری نەقیبو وەسمان پاشاوە ، نزیك سەراجخانەکە دروستکرا ، لام وایە (تصمیم)ەکەی لەلایەن خوالێخۆشبوو مەحمود جەودەتو مستەفاصائبەوە بوو . ئەوەشمان لــە بیر نەچێت کە (بازاڕە بچکۆلە) لە مزگەوتی گــەورە بەولاوە بــەرەو مزگەوتی قامیشەکان و دووکانەکانی سابوونکەرانیش کۆنو هەندێکیان ئەگەڕێنەوە بــۆ ســەردەمی عوسمانیەکان[١٩] ، نەخشەو شێوەی دارشتنی قەیسەریەکانیش لە ولاتانی دراوسێوە وەرگیراوە ، بەتایبەتی لەوانەی شارەکانی ولاتی عوســمانی ، هێجگار ئەستەمبوڵ ئەوەی کە شایانی باسە بیستوومە کە لەکاتی خۆیدا قەیسەریەکیش هەبووە بەناوی قەیسەریی عوسمان پاشای بابانەوە[٢٠] ، ئازانم ئێستا شوێنەکەی کامەیە ؟

---

(١٩) لە بەینی ساڵی (١٨٥٠)وە ساڵی (١٩١٨) ئەگرێتەوە .

(٢٠) ئەمە عوسمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمانپاشای بابانە کە مستەر ڕیچ لــە کتێبەکەیا زۆر باسی ئازایەتیو سوارچاکیو شێربازیی ئەکات .

٥ ــ باخو باخات : وادیاره وەکو مستەر ڕیچ لەکتێبەکەیا ئەڵێت : ڕەنگ هەیە ئەگەر لە هەموو ماڵێکدا داروددرەخت نەبوو بێت ، لەزوربەی ماڵەکانیدا هەبووبێت ، داری تووە ، شاتوو ، سپیدار ، چنار ، مێو ، هەنارو هەندێک شتی تر ، بەڵام لەو بڕوایەدا نیم هەوشەی ماڵ کرابێت بە چیمەن بۆ دانیشتنی ، ئەو دارانەش زیاتر بۆ سێبەر بوون یاخود بۆ ئەوەی سوودی لێوەرگرن بۆ سەرگرتنی خانوو •

باخچەی گشتی نەبووە ، لــەم دواییەدا ئەحمەد پاشــای بابان[٢١] چواریاخی دروست کرد کە ئێستا یەکێکە لە گەڕەکە گەورەکانی سلێمانیو هەر بەوناوەوە ماوەتەوە • بۆیە ناویش نراوە چۆارباخ چونکە لەڕاستیدا چواریاخ بووەو هەریاخە هــی جۆرە میوەیەک بووە ، وەک ئەڵێن داوێنی (گردەگڕۆێ)و[٢٢] دەوروبەری ، زۆربەی ڕەز بووە لەگەڵ هەندێک داری بەردار • شاخی گوێژەش بەزۆری دەوەن بووە •

٦ ــ حەمام (گەرماوە) : مستەر ڕیچئەڵێت : سلێمانی پێنج حەمامی تێدابووە یەکێکیان زۆر جــوان بووەو لــە یادداشتی ڕۆژی ١٢ی مایسی (١٨٢٠)دا ئەڵێت : حەمامێکی تــری وەهام نەدیبەوە ، تەنها لە شامو ئەسەمبوڵو قاهیرە نەبێت ، بەڵکو لە هەندێک ڕووەوە ، پارسەنگی بە سەر حەمامەکانی ئەو ناوانەشدا هەبوو • ڕووناکو پاکبوو ، بۆیەیەکی جوانکرا بوو حەوزەکانی فوارەیان تێدابوو ، پاشــای ئەمڕۆ لەسەر حسابی خۆی دروستی کردووە[٢٣] ، وەستای تایبەتی لەملاولاوە بۆ هێناوە ، هەروەها

---

(٢١) لە ساڵی ١٨٤و دەورو بەریدا .

(٢٢) گردێــکە بە دواێنی گوێژەوەو لێی جیانابێتەوە ، ئەکەوێتە ژووروی گەڕەکی (هەواڕە بەرزە)ی ئەمڕۆوە ، شــوێنی ڕووداوی میژوویینەو ئێستا هەندێک داری تێدا نێژراوە .

(٢٣) مەبەستی مەحموود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشایە ، کە ئەو سەردەمە فەرمانڕەوابوو ، هەر ئەم مەحموود پاشایە کە خانەقای مەولانای دروست کرد .

حەمامێکی تری لەم بابەتەشی لـە ژوورەوە لە (حەرەم) دروست کردووە ، ئەمەش لە بڕوای ئیسلامەکانەوەیە ، کە پارەی باش خەرج ئەکەن بۆ حەمام دروستکردن کەپەیوەندیی بە خواناسینەوە هەیە ، تاکو سوپای دوژمنیش هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە زیان بەحەمام بگەیەنن[٢٤] .

وادیارە ئەم بڕوائاینیەیە پەیوەندیی بەپاکو تەمیزیی (وسڵدەرکردن)ەوە هەیە ، چونکە نەك لەو سەردەمەدا ، بەڵکو تاکو ساڵەکانی چلو پەنجاش کەم مارّ لە سلێمانیدا لە ماڵەکەی خۆیدا حەمامی تایبەتی هەبوو ، بەپێچەوانەی ئێستاوە کە هەرکەسێك پێش ئەوەی خانووەکەی دروست بکات بیر لـە حەمامو سەرشۆرگو ئاوەڕۆ ئەکاتەوە .

بە هەر حاڵ ئێمە ئـەو پێنج حەمامەی ئەوسا نازانین کامانەنو ڕەنگ هەیە تەمەنیان کورت بووبێت . بەڵام بێگومان حەمامی فاتمەخان (کـە لای سەراوەبوو ـ استملاك ـ کراو خرایە سـەر سەراو ئێستا شوێنەواری نەماوە)و حەمامی گازێو[٢٥] حەمامی حاجی غەنی... ئەمانە هیچ کامێکیان یەکێك لەو پێنج حەمامە نەبوون کـە مستەر ڕیچ باسیان ئەکات ، چونکە دروستکردنو مێژووی ئـەم حەمامانەی دوایی ئەکەونە دوای ساڵی ١٨٢٠ ئەو ساڵەی کە ڕیچ چۆتە سلێمانی تەنها وەك لەم دواییەدا بۆمان ڕوونبۆتەوە حەمامێك هەبووە بەناوی (حەمامی وەسمان پاشـا (عثمان پاشای بابان)ەوە ، کە لە شوێنی چایخانەکەی حەمە ڕەق (بەرامبەر گەراجی نەقیب ، حاجی فەرەج) نزیك دەبۆ کۆنەکەو نزیك مزگەوتی گەورەو ئێستا شوێنەواری نەماوە ، ڕەنگ هەیـە ئەوە یەکێك بووبێت لەو پێنج

---

(٢٤) لاپەڕە ٦٠ ، ٦٦ (رحلة ريج فى العراق سنه ١٨٢٠) .

(٢٥) کە هـەر لەشوێنی حەمامی گازێی ئێستادا بوو کـە ئەکەوێتە نزیـك ئۆرزدی باك . حەمامە کۆنەکە برایم ئەفەندی فەرخە دروستی کردوەو لە سەردەمی مێجەرسـۆنا ڕووخێنراوە لـەبەر جوانیی حەمامەکە بەناوی (گازێ)ی ژنی ئەحمەدی عەزیز ئاغای (مصرف)ەوە ناونراوە .

حەمامانەی باسی ئەکات •

ئەوەی شایانی باسە : حەمامی فاتمەخان لە لایەن سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشـــای بابانەوە یاخود لەلایەن فاتمە خانی کچیەوە ســـاڵی (١٨٣٥) دروستکرا • حەمامی حاجی غەنیش لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو ، لەمدواییەدا نیوەی بەر جادە کەوت : تۆفیق ئەفەندی ئاغا فتحاللە نیوەکەی تری تازە کردەوە حاجی غەنی لەکاتی فەرمانڕەواییی ئەحمەد پاشای بابانەدا پیاوێکی دەوڵەمەند بووە ، ئەو حاجی غەنییە کە ئەوڕەحمان بەگی سالم لە هەڵبەستەکەیدا کە بۆ عەزیز بەگی بابانی وتووە ، لە بەیتێکدا باسی ئەکات ئەڵێ :

کەس نەچێتە پێشەوە ، حاجیغەنی تەدبیرییە
مەئموری سەبتی نفووسەو شاغیلی باجی دووکان

ئیتر حەمامەکانی تری سلێمانی وەک حەمامی قشلەو حەمامی موفتیو حەمامی شێخ مارفو حەمامی سوورەتو حەمامی حاجی ئەولاو••• هەمووی هی سەردەمی عوسمانیو دوای ئەو سەردەمەن •

٧ ــ شوێنی یاری : بە یادداشتەکەی مستەر ڕیچدا ، وا دەرئەکەوێ کە لەبەر هەرماڵێکدا (ساحە) یەکی گەورە یا بچووک هەبووە بۆ یاری ، یاری ئەوساش شەڕە کەوو شەڕە کەڵەشێرو شـــەڕە سەگو شەڕە بەرانو شێربازیو جلیت بازیو غارغارێنێی ولاخو زۆرخانە بووە•بەرماڵی مەحمود ئاغای مەسرەف (سەرۆکی وەزیران) تەختانییەکی گەورەو گۆڕەپانێکی فراوان بووە ، هەمە جـۆرە یاری تێـــدا کراوە، بەڵام غارغارێن بە ولاخو جلیت بازیو یاریی تر لە دەشتی کانیئاسکان بووە ، لەم دووایییەشدا یاریی قوتابیانی ئایینی لە دەشتی فەقێیان بووە نزیک گردی سەیوانی ئێستا •

٨ ــ شیوو ئاوەڕۆ : بڕوا ناکەم لەگەڵ بنیات نانی شاری سلێمانیدا لەسەرەتادا ، بیر لە ئاوەڕۆ نەکرابێتەوە ، چونکە کورد هـــەر بەسروشت

لەکاروباری پیسایی‌و ڕەت کردنی‌دا پاکی‌و تەمیزن ، وەکو بیستوومە لە کاتی خۆی‌دا لە قەڵاچوالان ئاوەڕۆ هەبووە ، جا نازانم سەری گیراوە یان نا؟ بۆیە لەو بڕوایەدام هەندێك لەشیوەکانی سلێمانی (واتا زێراب ومجاری) لەگەڵ دروست کردنی شارەکەدا ، یاخود دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم بنیات نراون ، ئەم شیوانە جگە لەپیسایی گواستنەوە ئاوی لافاویشیان گرتۆتە ئەستۆ ، لام وایە ئێستاش شوێنەواری هەندێك شیو ماون لەپشت مزگەوتەکەی مفتی‌و خواریشەوە لەگەڕەکی جوولەکانی جاران‌و دەوروبەری .

٩ ــ کانی‌و کارێز : سلێمانی لەسەر دەریاو لەسەر ڕووبار بنیات نەنراوە ، هەموو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەو شتنی‌و باخ‌و ئاژاڵ‌و ئاودان ، هەرکانی‌و کارێز بووە . کانی ئەوەیە کە خۆی هەبووەو ئاوەکەی لەبەر ڕۆیشتووەو دەوروبەرەکەی داری سەوزی لەسەر ڕووەو وەك کانی‌یەکەی کانیاسکان کە پێش دروستکردنی شاری سلێمانی هەر هەبووەو ئاسك‌و زیندەوەری تر ئاویان لێ خواردۆتەوە .

بەڵام کارێز بیرێکی قوڵە ، هەڵکەنراوە ئاوەکەی لەخوارترەوە بەهۆی چەند بیرێکی ترەوە لە ژێرەوە وردە وردە سەرخراوەتە سەر زەوی‌و ئاوەکە بە هۆی گونجەوە گەیشتۆتە شوێنی مەبەست ، هەندێك کارێزیش هەر بەبەرد ئاوەڕۆکەی هەڵچنراوە کە جارجاریش پێویستی بەپاك کردنەوەو دەردان هەبووە ، ئەگینا قوڕو زیخ بەری ئاوەکەی ئەگرت . ئەوکارێزانەی لە سلێمانی‌دا لە سەردەمی بابانەکانەوەو لەدوای ئەوان هەڵکەنراون‌و هەتا ئەم دواییەش ، بگرە هەندێکیان تا ئێستاش ماون ئەمانەن :

ــ کارێزی دایکی پاشا : ئەم کارێزە لە گەڕەکی دەرگەزێن‌و لەبەردەمی مااڵی عەزمی بەگی بابان‌دا بوو کەئێستا هیچیان نەماون ، نیوەی ئاوەکەی ئەچووە مااڵی عەزمی بەگەوە ، نیوەکەی تری لە کارێزەکە سەری هەڵئەدا ، لە کاتی خۆی‌دا بەناوی دایکی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابانەوە

بوو که دووا میری بابان بوو • ئێستا گۆڕەکەی لەپاریسە •

ــ کارێزی عەزیز ئاغا ، بەناوی عەزیز ئاغای (مصرف) هۆیەوە ئەو دروستی کردووە ، ئاوەکەی لەم دواییەدا وەرئەگیراو خرابووە سەر بەلووعەکانی ناو شاری سلێمانی •

ــ کارێزی کانێسکان : ئەم کارێزە لە گەڕەکی کانێسکانەو ئێستاش ماوە ، ئاوەکەی خراوەتەسەر بەلووعەکانی ناوشار ، لە کاتی خۆیدا ئەوڕەحماناغای فەرخە (باپیری حاجی فارس ئەفەندی) ، دروستی کردووە •

ــ کارێزی خانە سووتاو : ئێستاش ماوە لە خانە سووتاوایەو لە کاتی خۆیدا قادرئاغای عومەرئاغا (باپیری حاجی رشیدو میرزا غفورو ئەحمەد ئاغای کوڕانی حاجی سەعیدی قادراغا) دروستی کردووە •

ــ کارێزی سەرا : ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان دروستی کردووە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٤٠داو ئاوەکەی وەختی خۆی ئەڕۆایە حەمامی فاتمە خانەوە •

ــ کارێزی مەلا مەردان : ئەمیش هەر لەگومرگە سووتاوایە ، ئەم کارێزە هی حاجی سەعید ئاغا بوو ، ئاوەکەی ئەڕۆایە حەمامی تازەوە لەسەر شەقام •

ــ کارێزی حاجی بەگ : بەناوی حاجی بەگ (باپیری یەکتا بەگ)هۆوە لە بناری گۆیژە بوو ، ئاوەکەی ئەمیش ئەڕێتە سەر ئاوی خواردنەوەی ناوشار •

ــ کارێزی ئەحمەد زەنگەنە : ئەکەوێتە پشت سەرای کۆن (مودیریەتی شورتەی موحافەزەی ئێستا) ، وا ئەزانم ئێستا کوێربۆتەوە •

ــ کارێزی مفتی : بە ناوی مفتییە کەڕەوەیە (مفتی گوێ گران)و ئاوەکەی بۆ حەمامی شێخ مارف ئەبرا •

ـ کاریزی وەستا شەریف : ئەمە وەك کاریزەکانی تر کۆن نییە ، لە دەرەوەی سلێمانیو نزیك گردی مامەیارە ، وەستا شەریف ناوێك دروستی کردووە ، دەشتەکەی بەر ئەم کاریزە شوێنی سەیرانەکانی جەژنی نەورۆز بوو کە لە کاتی خۆیدا هۆنەری بەرزی کورد خوالێ خۆشبوو حاجی تۆفیقی پیرە مێرد سازی ئەکرد .

ـ کاریزی حسێنی عەزە جۆلاّ : ئەم کاریزە لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین دەر ئەچێت لە گەڕەکی سابوونکەرانو ئێستاش ماوە .

ـ کاریزی ئەحمەدی ساغا (أحمدی عیسی آغا) ، لە کاتی خۆیدا هەندێکی لەماڵی ئەوڕەحمـاناغای ئەحمـەد پاشا دەرئەچـوو کە ئێسـتا شوێنەواری نەماوەو لەسەر شەقامی ناڵی بوو ، ئەم کاریزە سەید ئەحمەدی بابا ڕەسوڵ لەکاتی خۆیدا دروستی کردبوو .

ـ کاریزی تووی مەلیك : لە ژووروووی سلێمانی نزیك بە شەقامی ئێستای شێخ مەحمود ، لەبابەت ئەم کاریزەوە سەیری کێبی (چیم دی)ی مامۆستا ئەحمەد خواجە بکەکە باسی کردووە .

ـ کاریزی مشیراوا : لە نزیك ڕێگای کەرکووك ـ سلێمانیو لە خوار ئەو گردەوە بوو کە ئێستا ماڵی (کمال عارف حکمت)ی موحامیی پێوەیە بەرامبەر ئەوگردەی خانووی ئەندازیارەکانی پێوەیە ، ئـەم کاریزەش لەسەردەمی عوسمانیەکانداپێشەوایەکی سەربازی عوسمانیەکان لەپایەی (مشیر) دا ناوی (اسماعیل پاشا)بووە ، ئەو دروستی کردووە .

ـ کاریزی ئەمین حاجی : نزیـك گەڕەکی جوولەکان بـوو ، هی عەبدوڵلاّ تاجی بوو ، باوکی حەمە پاشاو خوالێخۆشبوو دکتۆر کەمال .

ـ کاریزی قـادری حەمەی بـاوە : قادر خـۆی لەسەردەمی عوسمانیەکانداـ لـە سلێمانی مەئموری تاپۆ بـووە ، کاریزەکە لـە گەڕەکی سەرشەقامەو لەم دواییەدا بووبوو بەمولکی حاجی سەعید ئاغا .

ـ گونجی حەسەن بەغدایی : لەلای باخی تەکیەی جارانو ئێستا لە باخەکەی شێخ لەتیفی دانسازدایە .

١٠ ـ گۆڕستان :

ـ گردی سەیوان : لەڕاستیدا (گـردی سەیوان)ی ئێستا کـە گۆڕستانەو ئەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی شـاری سلێمانی لـە سەرەتای دروست کردنی سلێمانیدا ، شوێنی سەیرانو گەشتو هەڵپەرکێ بووە ، بگرە هەندێك جار میرەکانی بابان چوون لەوێ دەواریان هەڵداوەو دوو سێ شەو ماونەتەوە ، لەگەڵ دەستەو دایەرەیاندا بە خۆشی ڕایان بواردووە ، گوایە ناوەکەشی هەر لەو دەوارەوە هاتووە کـە وەك چەتر هەڵیان داوەو سەیرانیان لە ژێردا کردووە ، یاخود لەو دارئەرخەوانانەوە کە وەك چەتر هەڵ کەوتونو ئێستاش هەموو ماونو سێبەر بـۆ خەڵك ئەکەن هەر لـە سەردەمی بابانەکاندا بووە بەگۆڕستان ، چونکە ئەوسەردەمەی (فریزر)[٣٦] چۆتە سلێمانی کـە ئەوسا سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا میری سلێمانی بووە ، ئێستا هەموو گردەکەو ئەملاو ئەولاشی بووە بەگۆڕستان ، گۆڕی گەلێك لە ڕۆڵە نەبەردەکانی سلێمانیی پێوەیە .

ـ گردی عافوان . بە تەنیشت گردی سەیوانەوەیە یاخود لە یەکیان داوەو بەبنیات پڕبۆتەوە . لە دەوروبەری شەڕی گێتیی یەکەمدا ، بەشێکی زۆر لـە خەڵکی سلێمانی بـە نەخۆشیی ڕشانەوە مردن ، لەبەر ئەوەی نەخوشیەکە کوتوپڕو بێ پەروا بوو ، لە ناکاو خەڵکێکی زۆری کوشت ، لەبەر ئەوە ئەو مردووانەی ئەوێ بەخوالێخۆشبوو ، واتا بـە (عفو کراو) ژمێردران ، بۆیە شوێنەکەشیان ناونرا گردی عافوان .

ـ گردی حاجی ئەولا (حاجی عبدالله) لەگەڵ گردی عافواندا لـە ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی ، ڕێگای کۆنی هەڵەبجە لەیەکیان جیا ئەکاتەوە ،

(٣٦) سەیری (رحلة فریزر) بکە .

ئەمە ئەو گردەیە کە سەردەمێك ناوی بەگردی حەپسەخان دەرکردبوو ، حەپسە خانیش ژنی عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف بوو ، بەڵام حاجی ئەولا خۆی ، باپیری خوالێخۆشبوو تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوللایە .

ــ گردی فەرەتتی : ئەکەوێتە نزیك (ئابلاخ)ی کۆن . گوایە ناوەکە لە بنچینەدا (لافرتتی)یەو ناوی ژنێکی فەرەنسییە کە خێزانی یەکێك بووە لەمیرەکانی بابان کە ئەویش ئەبێ ئەحمەد پاشای دوا میری بابان بێت ، چونکە هەر ئەو بووە لەکاتی خۆیدا چۆتە پاریسو لە دوایدا بۆی گەڕاوەتەوەو لەوێش فەرمانی یەزدانی بەجێهێناوەو لەوێ نێژراوە .

ــ گردی شێخ محێدین : ئەکەێتە ڕۆژاوای شاری سلێمانیو لەوێوە ئەچێت بۆ گەڕەکی (ئابلاخ یاخود دێی ئابلاخی کۆن) ، ئەم گردەش بەناوی شێخ محێدینی غەوسەوەیە کە (خطیب جمعه) بوو ، وە گۆڕەکەی لەوێیە .

ــ گردی مامە یارە : ئەکەوێتە بەشی ڕۆژهەلاتی سلێمانیو بەسەر کارێزی وەستا شەریفدا ئەڕوانێ ، نزیك شەقامی برایم پاشای بابانە . مامە یارە خۆی سەربازی تۆپچیی سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان بوو ، خەڵکی کانی دڕکەی شارباژێڕ بووە کەئێستا یاخود تا ئەم دوایییەش پێیان ئەوت کانی دڕکەی سەگەلی مامەیارە ، بە ناوی ئەو سەگە زۆرانەوە کە مامە یارە ڕای گرتبوون بۆ ڕاو ، ئەم گردە گۆڕی هۆنەری گەورەی کورد خوالێخۆشبوو حاجی تۆفیقی پیرەمیردو گۆڕی یەکەم چیرۆك نووس خوالێخۆشبوو (جمیل صائب)ی خوشکەزای پیرەمێردی پێوەیە ، جگە لە گۆڕی مامە یارە خۆی کە کۆڕبۆتەوە .

ــ گردی جۆگە : ئەم گردە ئەکەوێتە بەینی نەخۆشخانەی نوێو دامێنی بیناکانی دانشگای پێشووی سلێمانی ، کە تانکیی ئاویشی پێوەیە . ئەوەی شایانی باسە ئەمڕۆ گۆڕستان ئەوەندە زۆر بووە

بەجارێك بەشی ڕۆژهەلاتی سلێمانی گرتۆتەوە • بەڵام سەیرانگای سلێمانی جگە لە گردی سەیوان ، ئەوساش سەرچنار بوو کە مستەر ڕیچ‌و ومێجەرسۆن هەر دوکیان باسی ئەکەنو ئەمڕۆ بوو بە شارێکی گەورەو ئاوەدان جگە لەو حەوزو ئاوو درەختە جوانانەی کە تیایەتی دڵی سەیرانکەر ڕائەکێشێت •

ئەمە بوو بە کورتی بارو دۆخی شاری سلێمانی لە یەکەم ڕۆژی دروست کردنیەوەو لە سەردەمی برایم پاشای بابانداو ، بێ گومان هەر شارێکیش دروست کرابێت یا دروست بکرێ ، لە سەرەتاوە جۆرێکەو لەدوایدا قاڵبێکی تر وەرئەگرێت ، ئایا بەغدا کە (أبو جعفر المنصور) لە ساڵی١٤٥ك (٧٦٢ز) بەردی بناغەی دانا ، لە سەرەتاوە هەر بەو دەورەدا تێنەپەڕیوە کە شاری سلێمانی پێدا ڕۆیشتووە ؟ وردە وردە گەورەو پەرەی سەندوەو لك‌و لۆو گەڕەك‌و شاری تری لێ بۆتەوەو لەگەڵ ڕۆژگارو پێشکەوتنی زانیاری‌دا ئەویش لە هەموو سەرێکەوە پەرەی سەندوەو پێشکەوتووە تا گەیشتۆتە ڕادەی ئێستا • ئەوەندەی من بۆی بچم‌و لێکی بدەمەوە ، ئەبێ لە بەهار یاخود دەمەو هاوینێ ساڵی ١٧٨٤ دەست کرابێت بە دروست کردنی شاری سلێمانی واتە لە مانگی نیسان بەدواوە ، چونکە لەوە پێشتر لەبەر بەفرو بارانو لافاوو سەرما ، بێ گومان نەیان توانیوە دەستبکەن بە ئیش یاخود بە گواستنەوەی هەندێك کەرەسەو کارێتەو دارو دەرگای خانوو مزگەوتەکانی قەڵاچوالان کە تێکیان‌داو هێنایان لە سلێمانی بەکاریان هێنان •

جۆری خانوو بەرەو مزگەوت‌و حەمام‌و خانی ئەوسای سلێمانی هەمووی لە جۆری ئەو شتانەوە لەوڵاتی عوسمانی بەتایبەتی لەئاستانەو لەشارەکانی ئێران‌و وڵاتی عەرەبەوە وەرگیراوە ، ڕەنگ هەیە ئەندازیارو وەستا باشیشیان هەر لەو شوێنانەوە هاوردبێ ، هەروەك ئەمڕۆ چۆن زانیاریی

(معمـــاری)و (مـــدنی)و٠٠٠٠ له ولاتانی تری ئەوروپاو ئەمەریکاوەبلاو دەبێتەوە ٠

دوای بنیات نانی سلێمانیو دوای فەرمانڕەواییی بابانەکان کە نزیکەی (٦٦) ساڵی هەر لە سلێمانیدا خایاند ، کە عوسمانیەکان هاتنو یەکسەر حوکمی سلێمانیان گرتە دەست شتێکی نوێیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنایە سلێمانیەوە ، شتێکی لە ڕووی ئەندازیاری (معماری ومدنی)یەوە واتا نەخشەی شـــارەکە نە گۆڕاو هەر وەك خـــۆی مایەوە ، نە ڕێگایەکو نـــە شەقامێك ، نە باخچەیەك ، نەخانووبەرەیەکی جیاواز لەوانەی کە هەبوون ، بە دڕێژاییی ئەو (٦٨) ساڵەی حوکمیان کرد (١٨٥٠ ــ ١٩١٨)لە ڕاووڕووتو زۆرداریو برسیکردنی خە لکەکە ٠٠٠زیاتر کردەوەیەکی باشیان نەبوو ، جێماویکی ئەوتۆیان لەپاش نەبێراکە پیاو باسیبکات٠٠بەکورتی لاپەڕەیەکی ڕەشیان لەشارەکەدا بەجێهێشت کە هەتا هەتایە خەڵك نەفرەتی لێبکاتو میژوو بەقێزو پێزەوە ناویان بەرێ ٠

دوای ئەوانیش کە ئینگلیزەکان لە کۆتاییی ســـــاڵی ١٩١٨دا هاتنـــە سلێمانیەوە ، لە زەمانی مێجەرسۆنەدا پارە بلاوکراوەوە بۆ ئەوەی تۆزێك ئەو گرانیو برسیەتیەی لە ئەنجامی فەرمانڕەواییی عوسمانیەکانو بەهۆی شەڕی گەورەی یەکەمەوە ڕۆژی چەندەهاکەسی ئەدا بەزەوی‌داو ئەی‌کوشت، تۆزێك کاری ئەوانە کەم بکەنەوە ، هەندێك ڕێگاو بانو ئیش (اشغال) کـــرا ، ئەویش بۆ ئاوەدان کردنەوەی ولات نەبـــوو ، لەبەر ئەوەی بـــۆ نەهێشتنی برسیەتی بوو ٠

بێگومان لەسەردەمی حوکمی شێخ مەحموودی نەمریشدا هیچی وا نەکرا ، یاخود هەر هیچ نەکرا ٠ چونکە حوکمەکەی شێخ جێ گیر نەبوبوو ، نەی ئەپەڕژایە ســـەر کاروباری ئاوەدان کردنەوە ، بە پێچەوانەوە ، هـــەر خەریکی (بەرهەڵستی) ئینگلیزو پیلانی ئەمو ئەوبوو ٠

بەم جۆرە سلێمانی ئاوەدانیی بەخۆیەوە نەدی ، تاکو لـە سەردەمی (ملك) یشدا کـە ڕۆڵەیەکی خـۆی دووجار بووبە (متصرف) کـە خوالێخۆشبوو ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ بوو ، ئەویش ئەوەندەی کە پیاوێکی دڵسۆزو بەڕێزو بێشتمان پەروەر بوو ، بەڵام لەبەر دەست کورتی میری و هەندێك هۆی تـر سلێمانی هەر لـەدۆخی خۆیا مایەوە ، تاکوسەردەمی (متصرف) ەکانی تریش ئەحمەد عوسمانی هەوڵیری و تۆفیق وەهبی و ئەحمەد تۆفیق جاری دووهەم و سالح زەکی بـەگ ، تا گەیشتە سەردەمی مەجید یەعقووبی ، لەڕاستیدا ئەم پیاوە بە یەکەم کەس دائەنرێیت کە شەقامی نوێ ڕاکێشا (شەقامی مەولەوی)و (شەقامی پیرەمێرد)کە لەلای سەرای کۆنەوە بەرەو (سجن) ئەڕواتو باخچەی گشتی کردەوە (هەر ئەو تەنها باخچەیەیە کە ئێستاش بەشێکی ماوە) ، ئاوەدانیی سلێمانیی بەرەو ڕۆژاوا بـرد ، خانووی (متصرف) کە لەم دواییەدا بووبە شوێنی سەرۆکی دانشگا ــ جامیعەی سلێمانی ، ئەو دروستی کرد واتا ئەم پیاوە نەخشەیەکی نوێی بۆ سلێمانی ڕشتو لە زەمانی ئەوەوە سـلێمانی گۆڕاو بـەرەو گەشانەوە ڕۆیشت ، ئێمە کە ئەمە ئەڵێین ، مەبەستمان ئەوە نییە کە لە نرخی خزمەتو ئیشی بەسوودی (متصرف)ەکانی تر کـەم بکەینەوە بەڵام ئێمە باسی ڕوویەکی مێژووین (معماری و مدنی)و گەشانەوەی شارێـك ئەکەین ، سەرەتاکەی لـە خوالێخۆشبوو یەعقووبییەوە دەستی پێکرد ، هەرچەندە ئەویش لەڕوویەکی تردە وەها نەبوو بەڵام هەرچۆنێك بێت لەو سەردەمەداو ئەوسا لەو ڕۆژانەدا پارەی میریش هەر زۆر کەم بوو .

جا بۆ ئەوەی ڕوونیشی بکەمەوە لە یەکەم ڕۆژی دروستکردنی شاری سلێمانییەوە تا شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ کاروباری بردوە بەڕێوەو هـەر یەکە چەند ماوەتەوە لەگەڵ مێژووی ساڵو مانگەکانا لێرەدا هەموی ئەخەمە ڕوو بێ گومان ئەمەش سوودێکی هەیە .

فەرماندار (حاکم‌ومتصرف)ە کانی سلێمانی

لەڕۆژی دروست کردنیەوە تاکو سالی ۱۹۵۸

سالی حوکم	چەند مانگ؟	چەند سال؟	حاکم یاخود موتەسەڕیف
۱۷۸٤			ابراهیم پاشا کوڕی احمد پاشای بابان دروستکەری شاری‌سلێمانی
۱۷۸٦	—	۲	عوسمان پاشا کوڕی محمود پاشای بابان
۱۷۸۷	—	۱	ابراهیم پاشا (دیسانەوە)
۱۷۸۹	—	۸	عبدالرحمن پاشا کوڕی محمود پاشای بابان
۱۷۹۷	—	٥	ابراهیم پاشا (دیسانەوە)
۱۸۰۲	—	۲	عبدالرحمن پاشا (دیسانەوە)
۱۸۰۲	—	—	علي پاشا
۱۸۰۳	—	۱	عبدالرحمن پاشا (دیسانەوە)
۱۸۰٤	—	۱	خالد پاشای بابان
۱۸۰٤	۳	—	عبدالرحمن پاشا (دیسانەوە)
۱۸۰۸	—	٤	سلێمان پاشا کوڕی ابراهیم پاشای بابان
۱۸۱۱	—	۲	عبدالرحمن پاشا (دیسانەوە)
۱۸۱۳	—	۱	محمود پاشای بابان‌کوڕی عبدالرحمن پاشا
۱۸۱٤	—	—	عبدالله پاشای بابان
؟	؟	؟	محمود پاشا (دیسانەوە)
۱۸۲۱	—	۲	عبدالله پاشا (دیسانەوە)
۱۸۲۳	—	۱	محمود پاشا (دیسانەوە)
۱۸۲٤	—	۲	محمد پاشای بابان کوڕی خالد پاشا
۱۸۲۷	—	۱	محمود پاشا (دیسانەوە)
۱۸۲۸	—	—	سلێمان پاشای بابان کوڕی عبدالرحمن پاشا
؟	؟	؟	محمود پاشا (دیسانەوە)
؟	؟	؟	سلێمان پاشا (دیسانەوە)
۱۸۲۹	؟	؟	محمود پاشا (دیسانەوە)
؟	—	٤	سلێمان پاشا (دیسانەوە)

سالی حوکم	چەند مانگ؟	چەند سال؟	حاکم یاخود موتەسەڕیف
١٨٣٧	؟	؟	احمد پاشای بابان کوڕی سلێمان پاشا
؟	؟	؟	محمود پاشا (دیسانەوە)
؟	؟	؟	احمد پاشا (دیسانەوە)
؟	؟	؟	محمود پاشا (دیسانەوە)
١٨٤٧	؟	؟	احمد پاشا (دیسانەوە)
			(کوژانەوەی فەرمانڕەوایی میرەکانی بابان)
؟	؟	؟	عبداللە پاشای بابان (سەر بە عوسمانیەکان)
؟	؟	؟	قادر پاشای بابان
١٨٥٠	؟	؟	عبدالله پاشا (دیسانەوە) (حوکمی راستەو خۆی عوسمانیەکان)
١٨٥٠	؟	؟	اسماعیل پاشا
؟	؟	؟	نوري پاشا
؟	؟	؟	مظهر پاشا
١٨٧٠ ـ ١٨٧٤			ابراهیم پاشای ماردینی
؟	؟	؟	اشرف پاشا
؟	؟	؟	مظهر پاشا (دیسانەوە)
؟	؟	؟	ابراهیم پاشای ماردینی (دیسانەوە)
١٨٧٧	؟	؟	ثابت پاشا
؟	؟	؟	زیوەر پاشا
١٨٧٩ ـ ١٨٨٥	؟	٦	عالم پاشا
؟	؟	؟	رؤوف پاشا
١٨٨٦	ـ	١	طاهر پاشا
١٨٨٧	ـ	١	بهرام پاشای دیاربکری
١٨٨٨	ـ	١	علی رضا پاشای ارضروملي
١٨٨٩ ـ ١٨٩٢	ـ	٣	میرلوا راسم پاشا
١٨٩٢	ـ	١	عبدالرحمن پاشا
١٨٩٢ ـ ١٨٩٣			صالح پاشای کرکوکلي
١٨٩٤ ـ ١٨٩٥		١	رفعت بگ
١٨٩٥ ـ ١٨٩٦		١	غالب پاشا
١٨٩٧		[1]	عبدالله پاشای دیرەلي

سالی حوکم	چەند مانگ؟	چەند سال؟	حاکم یاخود موتەسەریف
۱۸۹۸ ـ ۱۸۹۹		۱	الیاس سامي بگ
۱۹۰۰ ـ ۱۹۰۱	ـ	۱	صالح سالم پاشا
۱۹۰۲	ـ	۱	جمال بگ
۱۹۰۳	ـ	۱	صالح وصفی أفندی
۱۹۰٤ ـ ۱۹۰٥	ـ	۱	توفیق پاشا
۱۹۰٦	ـ	۱	ضیاء پاشا
۱۹۰۷ ـ ۱۹۰۸	ـ	۱	حسین بگ
۱۹۰۹ ـ ۱۹۱۱	ـ	۲	بایرام فهمی بگ
۱۹۱۲ ـ ۱۹۱٤		۲	شوقی بگ
۱۹۱٤ ـ ۱۹۱٥	ـ	۱	مقصود بگ
۱۹۱٦ ـ ۱۹۱۸	ـ	۲	علی رضا بگ
			(حوکمی ئنگلیزو شێخ محمود)
۱۹۱۸تشرین دووەم			مێجەر نۆئیل
۱۹۱۸	۷	۱	شێخ محمود (جاری یەکەم)
۱۹۱۹ حزیران ـ ۱۹۲۱ مارت	۸	۱	مێجەر سۆن
۱۹۲۱ نیسان ـ ۱۹۲۲ أیلول		۱	گولد سمیت
۹۲۲ تشرینی دووم ـ ۹۲۳ مارت	٥	ـ	شێخ محمود (جاری دووهەم)
۹۲۳ مایس ـ ۹۲۳ تەموز	۲	ـ	ئنگیزەکان
۹۲۳ تەموز ـ ۹۲٤ حزیران	ـ	۱	شێخ محمود جارێکی تر (دژی ئنگلیزو لەشەڕدا)
			(حکومەتی خۆیی ـ وطنی)
۷ ـ ۳ ـ ۱۹۲٥		ـ	احمد بگ توفیق بگ (متصرف)
۱۹ ـ ٤ ـ ۹۲۷	۱	۳	احمد عوسمان هەولێری
تا ۹ ـ ٥ ـ ۹۲۰			
۱۱ ـ ٥ ـ ۹۳۰	۳	ـ	توفیق وەهبی
تا ۲۲ ـ ۸ ـ ۹۳۰			
۲۸ ـ ۹ ـ ۹۳۰	۸	٤	احمد بگ توفیق بگ (دیسانەوە)
تا ۲٤ ـ ٤ ـ ۹۳٥			
۱ ـ ٥ ـ ۹۳٥	۲	۱	صالح زکي صاحبقران
تا ۱۲ ـ ۷ ـ ۹۳٦			
۲٥ ـ ۷ ـ ۹۳٦	۲	۱	ناجي هرمزی (وکیل ـ جێ گر)
تا ۳۰ ـ ۹ ـ ۹۳۷			
۱ ـ ۱۰ ـ ۹۳۷	٤	۱	مجید یعقوبی
تا ۱۷ ـ ۲ ـ ۹۳۹			

سالی حوکم چەند مانگ؟	چەند سال؟		حاکم یاخود موتەسەرڕیف
۱۳ ـ ۳ ـ ۹٤۰	٤	ـ	حاجی رمضان پاشا
تا ۱ ـ ۷ ـ ۹٤۰			
۸ ـ ۷ ـ ۹٤۰	۱۰	ـ	حمید عبد المجید صرصر
تا ٥ ـ ٥ ـ ۹٤۱			
٥ ـ ٥ ـ ۹٤۱	۲	ـ	حسني فوزی
تا ۲۷ / ٦ / ۹٤۱			
۲۸ ـ ٦ ـ ۹٤۱	٤	۲	شێخ مصطفی قرەداغی
تا ۲۳ / ۱۰ / ۹٤۳			
۳۱ / ۱۰ / ۹٤۳	۳	ـ	وفیق حبیب
تا ٥ / ۲ / ۹٤٤			
۱۲ / ۲ / ۹٤٤	٦	ـ	لواء بهاءالدین نوری
تا ٥/ ۸ / ۹٤٤			
۷ / ۸ / ۹٤٤	۸	۱	معروف جیاووك
تا ۳ / ٤ / ۹٤٦			
۱۸ / ٥ / ۹٤٦	۲	ـ	موسی شاکر
تا ۲۷ / ٦ / ۹٤٦			
۱۱ / ۸ / ۹٤٦	٥	۱	حسن طالباني
تا ۱۷ / ۱ / ۹٤۸			
۱۹ / ۱ / ۹٤۸	۳	ـ	سید علي حجازی
تا ۱۳ / ٤ / ۹٤۸			
۱۱ / ٥ / ۹٤۸	٤	ـ	جمیل رشید (وکیل ـ جێگر)
تا ۱۲ / ۹ / ۹٤۸			
۲۱ / ۹ / ۹٤۸	۲	ـ	داود سلمان (وکیل ـ جێگر)
تا ٤ / ۱۱ / ۹٤۸			
٥ / ۱۱ / ۹٤۸	ـ	۲	نجم‌الدین صائب
تا ۲۱ / ۱۱ / ۹٥۰			
۲ / ۱۲ / ۹٥۰	۳	۱	جلال خالد
تا ۳ / ۲ / ۹٥۲			
۲۸ / ۲ / ۹٥۳	٥	۱	مزاحم ماهر
تا ۲۰ / ۷ / ۹٥٤			
۲۲ / ۷ / ۹٥٤	۲	ـ	شامل یعقوبی
تا ۱٦ / ۹ / ۹۰٤			
۱۷ / ۹ / ۹٥٤	۸	۲	لواء عمر علی (وکیل ـ جێگر)
تا ۱٦ / ٥ / ۹٥۷			
۱۸ / ٥ / ۹٥۷	٤	۱	عبد المطلب امین الهاشمی (جاری یەکەم)
تا ٤ / ۹ / ۹٥۸			

سەرچاوەکان

به کوردی :

١ ــ میژووی حوکمدارانی بابان ــ نووسینی تۆفیق قەفتان

٢ ــ دوو چامەکە ــ علاءالدین سجادی ٩٧٣

٣ ــ میژووی ئەدەبی کوردی علاءالدین سجادی چاپخانەی معارف ١٩٥٢

به عەرەبی :

٤ ــ الشیخ معروف النودهی البرزنجی ــ تألیف الشیخ محمد الخال

٥ ــ رحلة ریچ في العراق سنه ١٨٢٠ ترجمة بهاء الدین نوري بغداد ١٩٥١

٦ ــ رحلة فریزر

خزمەتەکانی کیمیا بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ

دوکتۆر زەنوون محەمەد پیریادی
کۆلێجی زانست بەشی کیمیا
زانکۆی بەغدا

پوختەی وتار

بێ گومان زانستی کیمیا ئەمڕۆکە بە جۆرێك فراوان بووە کە هەموو لایەکی ژیانی گرتۆتەوە . ئەتوانین بڵێین زانستی یەکی ئاسایی کیمیا بووە بە پێویستی یەك بۆ گەلێك لەوانەی کە پیشەیان کیمیا نیە ، وەکوو پزیشکایەتی ، دەرمانسازی ، پیشەسازی چەمەنتۆو سابوونو کوتاڵو مەعجوونی ددانو عەترو ماددە مەگەزکوژەکانو دەیەها پیشەسازیی تر . هەروەها کیمیازانی پێویستە بۆ کشتوکاڵێکی نوێو بەرهەمدار .

ئەم لێکۆڵینەوەیە باسی چۆنێتیی خزمەتکردنی کشتوکاڵ دەکات لە لایەن زانستی کیمیاوە . بۆ وێنە دەوری کیمیا چییە لە ئامادەکردنی خاکی ڕواندنو ئاوی ڕوەکئاودانو خوێیەکانی ناویان .

هەروەها باسی ماددەکیمیاییە مەگەزکوژەکانو[1] کیمیای ماددەبژار (گژوگیا) گوژەکان[2] بە دڕێژی دەکات . لە کۆتاییدا باسی پەیوەندیی (کیمیای ژیانی)[3] بە کشتوکاڵەوە ڕووندەکاتەوە . هەر وەها باشترین ڕێگا بۆ هەڵگرتنو عەمارکردنی بەرهەمی ڕوەکی بە هۆی ماددە کیمیاییەکانەوە چۆن جێ بەجێ دەکرێت ...

سەرناوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە :

پێشەکی •

گرنگێتیی کیمیا بۆ ئامادەکردنو خۆشەکردنی خاك •

گرنگێتیی خاك بۆ کشوکاڵ •

کیمیای خاكو کشتوکاڵ •

پەیین •

ئاو بۆ کشتوکاڵ •

مەگەزومێروو •

مەگەزکوژەکان •

گژوگیا (بژارە) زیانبەخشەکان •

چەند هەنگاوێکی نوێ بۆ قەلاچۆکردنی بژار •

داهێنانو دۆزینەوەی پێکهاتووی بژارکوژەکان •

چونێتیی کارکردنی بژارکوژەکان •

هاوبژارکوژەکان •

تێگەیشتنی زانستیانەی ژیانی ڕوەك •

کیمیای زیندەگیو جوتیار •

کۆکردنەوەو عەمارکردنی بەرهەم •

پێشەکی :

چەند مانگێك لەمەوپێش دوکتۆر پایمەتەڵ Pimentel

کە پرۆفیسۆری کیمیایە لە زانکۆی کالیفۆرنیا (ئەمەریکا)و هەڵگری پاداشتی نۆبڵە[٤] ڕاپۆرتێکی (٣٥٢) لاپەڕەیی لە گۆڤاردا بڵاو کردەوە بە ناوونیشانی (هەلەکانی کیمیا) Opportunities ui Chemistry واتە : (فرسەتەکانی کیمیا) •

ئەم ڕاپۆرتە بە ناوی دانەریەوە ناسراوەو زۆر بـە ناووبانگەو پێی دەڵێن ڕاپۆرتەکەی (پایمەنتەڵ) • هـەر بیست ساڵ جارێ ڕاپۆرتێکی گشتی دەربارەی کیمیا لە ئەمەریکا ڕێکدەخرێتو بڵاودەکرێتەوە بۆ ئەوەی هاوولاتیەکانو کاربەدەستان ئاگادارین لە گرنگیتیو پەیوەندیی کیمیا بـە لایەکانی ژیانەوە • بیست ساڵ لەمەوپێش دوکتۆر ویستهایمەر Warren C. Shaw

ڕاپۆرتێکی هەمەچەشنەی[٤] ڕاپۆرتەکـەی (پایمەنتەڵ)ی ڕێکخست بەڵام ڕاپۆرتەکەی (پایمەنتەڵ) زیادتر کیمیای بە لایەکانی ژیانەوە بەستووە • ئەمەیش بێ گومان شتێکی سروشتیە چونکە لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی ڕابووردوودا گەلێك بـواری تازە هاتوونەتە کایەوە کـە زانستی کیمیایان بەکارهێناوە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانیان • بۆ خوێندنەوەی کورتەیەك لە ڕاپۆرتەکەی (پایمەنتەڵ) سەیری ژمارە[٥]ی پەراوێزەکانبکە • لەبەر ئەوەی کشتوکاڵ لایەنێکی گرنگی ژیانە بە تایبەتی لێرە لە وڵاتەکەماندا ، بە باشمان زانی باسی پەیوەندییەکانو خزمەتەکانی کیمیا بۆ کشتو کاڵێکی بەرهەمزۆرو پێشکەوتوو بکەین •

هەر وەکو لەم وتارەدا دەرئەکەوێت ڕوەکچاندنو کشتوکاڵ کارێکی ساکارو ئاسان نییە • بەڵکو پیشەیەکی زانستیانەی گرنگو سەزبەخۆیەو هەمیشە کیمیایەکی زۆریشی تیادا هەیە •

گرنگیتیی کیمیا بۆ ئامادەکردنو خۆشکردنی خاك

گرنگیتیی خاك بۆ کشتوکاڵ :

هەموو دەزانین کە پوختەیی خاك بۆ کشتوکاڵ چەنـد گرنگە • خاك هەیە بە هێزەو بەرهەمدارە ، کەچی خاك هەیە بـە دەگمەن ڕووەکی تێدا دەڕوێت • واتـە پێکهاتووی خـاك لێرەداو چەشنی خوێیەکانی نـاوی پێویستە بزانرێن لە پێش ئەوەی تۆوبکرێت وەیا دارودرەختی لێبنێژرێت • بێ گومان ڕوەکیش وەکوو هـەموو مـاددە زیندووەکان پێویستی بـە

دەوروبەرو[٦] شوێن‌و هەموو توخمە[٦] بناغەیی‌یەکان هەیە بۆ ژیانێکی دروست • خاك هەیە تەنها بۆ جۆرە بابەتێك لە کشتوکاڵ بەکەڵکەو بەکاری بابەتەکانی‌تر نایەت • بۆ وێنە خاکی باشووری عیراق خوێی زۆرە ، لەبەرئەوە بە کەڵکی ڕواندنی برنجی عەمبەرو دارخورما دێت • کەچی خاکی کوردستان خوێی کەمەو بۆ چاندنی دارگوێزو هەرمێو سێوو ترێو میوەکانی‌تر بەسوودە • شیاوی باسە باس‌کردنی جۆری خاك بۆ مەبەستی کشتوکاڵ تەنها لایەکە لە لایەکانی گیروگرفتی ڕوەك‌چاندنو پێگەیاندنیان • هەروەکوو لەمەودوا باسی‌دەکەین گەڵێك مەرجو لایەنی‌تر هەن‌کە بوونیان بۆ پێگەیاندنی ڕوەك پێویستن • بۆ وێنە پلەی گەرمیی شوێنی کشتوکاڵو ئاووهەوای ناوچەکە پێویستە بە گوێرەی سروشتی ڕوەکەکان بن • هەروەها ڕێژەی شێو چەندێتیی باران ، چەشنی تۆو ، وەرزی چاندنو گەڵێك مەرجی تر هەن کە تێکڕا هەموویان پێویستن بۆ کشتوکاڵێکی بەرهەمدار • واتە ئیمە لێرەدا کە باسی خاك دەکەین پێویستە هەر گیز لە بیرمان نەچێت کە گەڵێك هۆو مەرجی تریش هەن بۆ سەرکەوتنی پرۆژە کشتوکاڵی‌یەکانمان •

کیمیای خاك‌و[٧] کشتوکاڵ :

لە هەموو کۆلێجەکانی کشتوکاڵدا بە هەمیشەیی بەشێکی تایبەتی هەیە بە ناوی (بەشی کیمیای خاك) • لەم بەشەدا قوتابی ئاگادار دەکرێت‌و لێکۆڵینەوە جێبەجێدەکات دەربارەی بابەتەکانی خاك‌و جۆرەکانی • هەروەها فێری چۆنێتیی چارەسەرکردنی خاکی بێ هێز دەکرێت • ئەوەی ڕاستی بێ هەموو جۆرە کیمیاکان[٨] لەم بەشەدا دەخوێنرێن کەڵکیان لێوەردەگیرێت •

لە پێش هەموشتێك‌دا قوتابی‌یەکانی ئەم بەشە فێری شی‌کردنەوەی خاك دەبن بۆ زانینی پێکهاتووەکانی خاك •

بێ گومان پێکهاتووی خاك تێکەڵەیەکە لە گەڵێك ماددەی هەمە جۆر وەکوو ماددە ئەندامی‌یەکان[٨] وە ماددە نائەندامی‌یەکان • ڕێژەی هەر

یەکێك لەو ماددانە بە کیمیای شی‌کردنەوە[10] دەدۆزرێنەوە وە لە پاشان بەراورد[11] دەکرێن لەگەڵ ئەو چەشنەکشتوکاڵەی کە مەبەستمانە . لە ماوەی ئەمچەند ساڵەی دوایی‌یەدا زاناکانی ئەوروپاو ئەمەریکا لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان بەجێهێناوە بۆ زانینی سوودەکانی هەر تۆخمێك لە تۆخمەکان بۆ گەشەو هەراش بوونی ڕوەك

پەیین[12] :

بڕێتی‌یە لەو ماددانەی کە لەگەڵ خاکا تێکەڵدەکرێن بۆ ئەوەی هێزو توانای ڕووادن بەو عەردە بدات . هێزو تواناش پێش‌کەش بە خاکدەکرێت بە هۆی پەیینەوە ، چونکە پەیین دەوڵەمەندە لە خوێ‌و تۆخمە پێ‌ویستەکان بۆ پێ‌گەیاندنی ڕووەك . سروشتی‌یە کە هەر درەختێك‌و ڕووەکێك جۆرە پەیینێکی تایبەتی پێ‌ویستە . بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیین دابەش دەکرێتە دوو بابەتەوە :

١ ــ پەیینی[13] سروشتی (زبڵ)

٢ ــ پەیینی کیمیایی[14] یاخود پەینی دەستکرد

پەیینی سروشتی بە زۆری پێك‌هاتووی ئەندامین‌و[15] بڕێتین لە پاشماوەی ئاژەڵ یا ڕووەك ، وەکوو ئێسقان‌و خوێن‌و پیسایی‌و میزو زبڵ . هەروەها گەڵای‌دارو درەخت‌و بەڵمی برنج‌و قەسەڵی گەنم‌و جۆو پووشی گیا . لەڕاستی‌دا ئەم ماددە ئەندامی‌یانەی کە باسمانکردن بە کەڵکی پەیین نایەن ئەگەر شی‌نەبنەوەو نەگۆڕێن بۆ پێك‌هاتووی گەرد بچووك[16] تاوەکوو ماددەکان بتوانن لە ناو ئاودا بتوێنەوەو ڕەگی ڕووەکیش هەڵیان‌بمژێت . بۆیە ئەبینین زبڵی کۆن بۆ کشتوکاڵ باشترە لە زبڵی تازە چونکە زبڵە کۆنەکە شی‌بۆتەوە ، ڕزیوە بە هۆی باران‌و بەکتریاکانی[17] ناوی . بەکتریاکان ماددەکە بۆگەن دەکەن ، واتە شی‌دەکەنەوە بۆ پێك‌هاتووی بچووك‌تر . ئەم پێك‌هاتووە بچوکانە لە ناو ئاو باش دەتوێنەوەو ڕەگی ڕووەك هەڵیان دەمژێت بە ئاسانی .

بۆ گومـان پەیدا دروسـتکردنو ئامادەکردن ئەمڕۆکە بەشـێکی سەربەخۆی کیمیایە ، بە تایبەتی پاش ساڵی ١٩٥٠ کە ئەوە بوو پیشەسازیی پەیدا پەرەی سەندو بوو بە تەکنۆلۆجیایەکی مەزنو سەربەخۆ جگە لـە توخمەکانی کاربۆنو ئۆکسجینو هایدرۆجین کـە هەرسێکیان ئاووهەوا مەڵبەندیانەو ڕووەك وەریاندەگرێت هەمیشە ئەم توخمانەی خوارەوە بۆ ژیانێکی گەشەداری ڕووەك پێویستن :

١ ـ نایترۆجین N_2

٢ ـ فۆسفۆر P

٣ ـ پۆتاسێوم K

٤ ـ کالسێوم Ca

٥ ـ مەغنیسیۆم Mg

٦ ـ گۆگرد S

٧ ـ ئاسن Fe

٨ ـ مەنگەنیز Mn

٩ ـ مس Cu

١٠ ـ زینك Zn

١١ ــ بۆرۆن Cl

١٢ ــ مۆلیبدنیوم Mo

١٣ ــ کلۆر Cl

سەرچاوەی ئەم توخمانەش خاکە • هەندێك لەم توخمانە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ڕووەك پێویستی پێیان هەیە وە هەندێکشیان بە قەبارەیەکی زۆر پێویستن بۆ ژیانی ڕووەك • جۆرو چەشنی ڕووەك جیاوازن لە چەندێتیی پێویستیان بۆ هەر توخمێك لە سیانزە توخمەکانی سەرەوە •. سیان لەو توخمانە پێویستریندو گرنگترین توخمن بۆ هەراش بوونی ڕووەك • ئەو سێ توخمانەش ئەمانەن :

١ ــ نایترۆجین •

٢ ــ فۆسفۆر •

٣ ــ پۆتاسیۆم •

واتە : هەموو ڕووەکێك قەبارەیەکی زۆری لەم سێ توخمانە پێویستە • بە شێوەیەکی کەمتر لەسەرەوە ئەم تۆخمانەی خوارەوەش هەمیشە پێویستن :

٤ ــ کالسیۆم •

٥ ــ مەغنیسیۆم •

٦ ــ گۆگرد •

پێویستی ڕووەك بۆ حەوت توخمەکانیتر کەمترەو خاك بەشێکی کەمی بە هەمیشەیی لێیان تیادا هەیە • لەبەرئەوە پەیینە دەستکردەکان ئەو حەوت توخمەی تیادا نیە •

هەموو پەیینێك پێك‌دێت لە تێکەڵکردنی ئەو خوێو ماددانەی کە

ڕێژەکانی نایترۆجین‌و فوسفۆرو پۆ تاسێومیان زۆرن • هەروەها پێویستە بە پلەیەکی دووهەم‌و بە ڕێژەیەکی کەمتر توخمەکانی کالسیۆم‌و مەغنیسیۆم‌و گۆگردیشیان تیادا هەبێت • بۆ وێنە خشتەی ژمارە(۱) لە خوارەوە ڕێژەکانی چەن توخمێك لە ناو پێكهاتووەکانیاندا نیشان دەدات پێكهاتووەکانیش بە تێکەڵی(۱۸) پەیین دروستدەکەن •

خشتەی ژمارە(۱)

پێكهاتووەکانی پەیین(۱۹)

بۆ توخمی نایترۆجین یەکێك لەم پێكهاتووانەی خوارەوە باشە	یاسای کیمیایی	ڕێژەی توخم
۱ ــ ئەمۆنیۆم نایترات	NH_4NO_3	٪۳٤ر۸
۲ ــ ئەمۆنیۆم سولفات	$(NH_4)_2SO_4$	٪۲۱ر۲
۳ ــ یوریا	$H_2N-\overset{\overset{O}{\|}}{C}-NH_2$	٪٤٦ر۷
٤ ــ سۆریۆم نایترات	$NaNO_3$	٪۱٦ر٥
٥ ــ کلۆریدی ئەمۆنیۆم	NH_4Cl	٪۲٦ر۲

بۆ توخمی فۆسفۆر ئەم پێكهاتووانەی خوارەوە بەکاردەهێنرین		
۱ ــ مونۆ کالسیۆم فۆسفات	$H_4(PO_4)_2 \cdot H_2O$	٪۲٤ر٦
۲ ــ دای‌کالسیۆم فۆسفات	$CaHPO_4$	٪۲۲ر۸


بۆ توخمی پۆتاسیۆم ئەم‌پێكهاتووانە بەكاردەهێنرێن :

١ ــ كلۆریدی پۆتاسیۆم KCl ٪٥٢ر٣

٢ ــ پۆتاسیۆم سۆلفات K_2SO_4 ٪٤٤ر٧

خاكی بەیار[٢٠] هەموو توخمەكانی تیادا هەیەو بە ڕێژەیەكی ئاسایی ، واتە ، ئەو جۆرە خاكانە هیچ پێویست بە پەیین‌كردن[٢١] ناكەن بەڵام پاش كێڵانو بەكارهێنانی عەردەكە بۆ كشتوكاڵ چەن ساڵێك ئەم ماددە كیمیایی‌یانەی كە تیایدا بوون (توخمەكان) كەم دەبنەوەو خاكەكە لاوازو بێ هێز دەبێتو بەرهەمێكی زۆر كەم ئەدات • ئەمجا ئەو خاكە پێویستی بە پەیین‌كردن هەیە بۆ بەرهەمێكی باشی كشتوكاڵ • بەكارهێنانی پەیین لە جیهاندا هەتا بێ زیاد دەكات • بۆ وێنە تەماشایەكی هێڵەنیشانەكەی[٢٢] (١) خوارەوە بكە چۆن بەكارهێنانی پەیین پەرەی‌سەندووە ، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠)و بەدواوە •

وێنەژمارە(١)



بەكارهێنانی پەیین جیهاندا نێوان ساڵەكانی (١٩٠٥ ــ ١٩٥٥)
(لەسەرچاوەی ژمارە (١٦) وەرگیراوە) •

ئاو بۆ کشتوکاڵ

ئاو ماددەیەکی بناغەیی‌یە بۆ کشتوکاڵ • هەرگیز ڕووەك پێناگات‌و سەوز نابێت بەبێ ئاو • ئەبێ پەیوەندیی کیمیا بە ئاوی ئاودانی ڕووەك چی بێت ؟ لەڕاستی‌دا بایەخێکی زۆر بە کیمیای ئاو بۆ کشتوکاڵ نەدراوە چونکە ئەتوانین بڵێین هەموو ئاوێك بۆ ڕووەك بە سوودە بە مەرجێك زۆر سوێر (خوێی زۆر) نەبێت وەکو ئاوی دەریاو دەریاچەکان • هەر وەها ئەگەر هات‌و ئاوی کانی‌یەك وەیا ڕووبارێك ماددەیەکی غەریبی کیمیایی تیادا هەبوو بە ڕێژەیەکی زۆر وەکو گازی ئەمۆنیا وەیا گازی (دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن) وەیا گازی کبریتیدی هایدرۆجین (گۆگردیدی هایدرۆجین) ئەوا ئەو جۆرە ئاوانە بە کەڵکی ڕووەك‌ئاودان نایەن چونکە ڕووەك دەکوژێت • ئەم چەشنە ئاوانە پێیان‌دەڵێن (ئاوی کانزایی)[٢٣] • شی‌کردنەوەی ئاوەکان بۆ زانینی چۆێتی‌و چەندێتیی خۆی‌یەکانی ناویان پیشەی کیمیای شی‌کردنەوەیە •

پارێزگاریی ڕووەك لە ماوەی هەڵاش بوونا

بێ‌گومان لەو کاتەوەکە تۆو دەخرێتە ژێر خاکەوە هەتا ئەو ڕۆژەی بەرهەم ئەدات کۆسپ‌و مەترسی‌یەکی زۆر لەو ڕێگایەدا هەیە • یەکێك لەم کۆسپ‌و گیروگرفتانە بریتی‌یە لە گیروگرفتی مەگەزو[٢٤] مێروو • لە لاپەڕەکانی ئایندەدا باسی ئەم گیروگرفتە دەکەین وە چۆن بە یارمەتیی زانستی کیمیا مرۆڤ توانیویەتی زاڵ بێت بە سەریاو مەگەزو مێروو بفەوتێنێت •

مەگەزو مێروو :

مەگەزو مێروو گیروگرفتێکی زۆر گەورەیە بۆ ڕووەك • هەر دارێك وەیا ڕووەکێك چەند مەگەزێکی دوژمنی هەیەو دەی‌خوات ، هەیە بە سەوزی‌و هەشە پاش بەرهەم‌گرتن بەرهەمەکەی دەخوات • لەبەر گرنگێتیی مەسەلەی مەگەزو مێروو هەموو زانکۆکانی ئەمەریکاو ئەوروپا بەشێکی تایبەتیان هەیە


بۆ خویندنو لێکۆڵینەوەی مەگەزو[٢٥] مێروو . ئەم جۆرە بەشانە پەیوەندە بە کۆڵێجی کشتوکاڵەوە نەك بە کۆڵێجی زانستەوە[٢٦] . بەشێکی مەزنی بەرنامەی خوێندنی ئەم بەشە بڕێتییە لە چۆنێتیی فەوتاندنو کوشتنی هەر مەگەزێك بەجیا .. بۆ وێنە بابڵێین چۆن کوللە قەلاچۆدەکرێت ؟ پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژ زاناکان دەرمانی کوللەکوژیان دروستکردو ئەتوانین بڵێین (٩٥٪) کوللەی جیهانیان قەلاچۆکرد بەو دەرمانانە هەموو لەبیرمانە چۆن کوللە دەهات لە کۆتاییی بەهارداو هەموو دەغڵو دانی جوتیارەکانی دەخوارد لە چلەکانو پەنجاکانی ئەم سەدەیە . بەڵام بە هۆی دەرمانی کیمیایی (مەگەزکوژەوە)[٢٧] سی ساڵیش دەبێت کوللەمان نەدیوە نە لە شارو لە دەشت .

مەگەزکوژەکان[٢٨] :

بێگومان گرنگێتیی ماددە مەگەزو مێروو کوژەکان بۆ کشتوکاڵ لە جیهاندا ئینکار ناکرێت . بە ملیۆنەها تەن ماددە مەگەزو مێروو کوژەکان هەموو ساڵێك دەفرۆشرێن . کومپانیای مونسانتۆ Monsanto لە ئەمەریکا یەکێکە لە کومپانیا مەزنەکانی ئەمەریکا بۆ دروستکردنی زۆر شتی کیمیایی وەکو پلاستیکو نایلۆنو لاستیکو پۆلی ئیستەرو .. هتد . بەڵام یەکەم قازاجی ئەم کومپانییە[٢٩] لە فرۆشتنی ماددە مەگەزکوژەکانەوە دەست کەوت لە ماوەی ئەم سی ساڵەی ڕابوردوودا لێکۆڵینەوەیەکی چالاکو بێوچان هەمیشە بەردەوامە لە ئەمەریکاو ئەوروپادا بۆ دروستکردنی ماددەی کیمیایی نوێ لە چەشنی (مەگەزکوژەکان) . ئەو پارەیەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرفدەکرێت مەگەر تەنها پرۆژەکانی دەرمانسازیو پزیشکایەتی زیادتربنڵێی . زانستی کیمیا ئەمڕۆکە گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزی پێش‌کەوتنو زاناکان ماددەی وا دروستدەکەن لە تاقیگەکانیاندا کە توانی کوشتنی مەگەزێکی تایبەتی هەبێت بەبێ ئەوەی زیان بە ڕوەکەکە بگەیەنێت. لە لایەکی ترەوە مەگەزکوژە نوێیەکان گرانن چونکە بەکارترن .

شیانی باسه بەشێکی گەورەی مەگەزکوژەکان لە ماڵەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ بە خێوکردنی ڕووەکی ناو باخچەکانیان .

ئەوەی ڕاستی بێت لەم چەند ساڵەی دواییەدا قەبارەی ماددە مەگەزکوژەکان کە لە ئەمەریکا دروستدەکرێن و دەفرۆشرێن کەمترەلە ساڵانی پێشوو . هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ماددە مەگەزکوژە تازەکان بەکارترن لە ماددە کۆنەکان واتە قەبارەیەکی کەمتر پێویستی جێبەجێدەکات . وێنەی ژمارە (٨) قەبارەی بەرهەمی ماددە مەگەزکوژەکان (لە ئەمەریکا) نیشانئەدات نێوان ساڵانی (١٩٧٤ — ١٩٨٤ ز)




وێنە ژمارە(٢)
بەرهەمی مەگەزکوژ لە ئەمەریکا نێوان ساڵانی
(١٩٧٤ — ١٩٨٤)

دروستکردنی مەگەزکوژو لێکۆڵینەوەی نوێ بۆ دۆزینەوەی مەگەزکوژی بەکارترو بە سوودتر هەموو پیشەشازیکیمیایە ، بەتایبەتی کیمیای ئەندامی[٣٠] .

هەموو لەبیرمانە چەندێك ماددەی (د . د . ت D. D. T·) بەناوبانگ لە پانزە بیست ساڵێك لەمەوبەر ، لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا (د.د.ت)

بەکاردەهێنرا بۆ کشتوکاڵ • بەڵام ئەوە بوو قەدەغەکرا لەبەر ئەوەی ماددەکە شی‌نەئەبوەوەو لە ناو شانەکانی ڕوەکدا دەمایەوەو دەبوو بە هۆی نەخۆشیی خراپ بۆ مرۆڤ • پێکهاتووی (د.د.ت)لە خوارەوە زۆربەی ماددەکانی




DDT

(Dichloro-diphenyl-trichloroethane)

پێکهاتووی چەند ماددەیەکی مێرووکوژە بەناوبانگەکان لە خوارەوە دەبینرێن


Prolan پرۆلان

ئەم ماددەیە کۆمەڵە ناسکاڵی زیاتری ڕوەک بەپێچەوانەی ماددەی DDT.



prolan پرۆلان


(c) لیندین Lindane:



Lindane لیندین


(Benzene Hexachloride)

١) بێتا - كلۆردێن :




B. Chlordane بێتا - كلۆردێن

٤) سۆلفۆتێپ :




Sulfotepp سۆلفۆتێپ

٥) دای كاپتۆن .




DiCapton دای كاپتۆن

٦) ئێندۆسۆلفان :




Endosulfan ئێندۆسولفان

٧) دای ئازینۆن Diazinon :




Diazinon دای ئازینۆن

رۆنیل Ronnel :




Ronnel رۆنیل

کاربۆفینۆسین Carbophenothion




Carbophenthion کاربۆفینۆسین

کاربامێتەکان Carbamates لەم جۆرە پێکهاتووانە پێکهاتووە کە نیشانەی هاوەوە کێشەیە.



Substituted phenyl-N-Methyl Carbamate کاربامات N-میتیل

سێودرین Ciodrin



Ciodrin سێودرین

سەرەوە توخمی کلۆریان تیادا هەیە • وا دیارە بوونی کلۆر هێزی کوشتنی مەگەزی ماددەکە زیاد دەکات • هەروەها توخمی گۆگردو فۆسفۆریش بەکارن بۆ ئەم مەبەستە •

بێگومان بژار (گیاوگژ) کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێگای کشتوکاڵ • بـۆ وێنە گیروگرفتی هەرە گەورەی چاندنو ڕواندنی سەوزە[٣١] وەکو تەماتەو بامیەو باینجان بڕێتیە لە (بژار) ، واتە هەڵکێشانی ئەو گیـاو گژە بێسوودانەی کە سـەوز دەبن لە دەوروپشتی ڕووەکە کەمان • بە بێ بژارکردنی کشتوکاڵ ڕوەك بەرهەمی زۆر نادات‌و چەشنی بەرهەمەکەشی خراپ دەبێت هەندێك جاریش ڕووەکە پێویستەکەمان دەفەوتێت‌و پێ ناگات بۆ کاتی بەرهەمدان • بە زوبانی ئینگلیزی بە بژار دەڵێن Waed وە بە عەرەبی پێی دەڵێن (دغل) • جۆرتیارەکانی خـۆمان بە ئوسلووبێکی کۆن بژاریان دەکرد ئەویش بەهەڵکێشانی گیاوگژە نەویستەکان[٣٤] بەدەست • ئەمڕۆکە لە ولاتە پێشکەوتوەکان بژار بـە دەسـت ناکەنو لە جـیاتی بژار ماددەیەکی کیمیایی بەسـەر خاکەکەدا دەپژێنن بۆ کوشتنی بژار • بژارکردنو قەلاچۆکردنی گیاوگژ نەك تەنها بەرهەمی ڕووەك زیادەکات بەڵکو چەند سوودێکی تریشی هەیە وەکو :

١ ــ گژوگیا ئاووخوێی خاك هەڵدەمژێت‌و هێزی ڕواندنی خاکەکە لاواز دەکات •

٢ ــ درەوکردنی ڕووەکە بەسوودەکەمان پێناکرێت ئەگەر بژار نەکرێت لە کاتی خـۆیدا • چونکە گیاوگژ کە گەورە دەبن تۆو دەگرنو کـە درەوکران تۆوەکانی تێکەڵ بە تۆوەکانی دانوولەکەی پێویست دەبێت بۆ وێنە گەنم هەندێك جار مرۆری تیـادا هـەیە • مرۆریش لە بژارەوە دێت‌و نرخی گەنم کەمدەکاتەوە

هەروەها برنجی خـراپ داڕووجانی[٣٦] تیادا هەیە چونکە لە کاتی خۆیدا بژار نەکراوەو داڕووجانەکەش تێکەڵ بە برنجەکە بووە • شیانی باسە داڕووجان تامی تاڵەو نرخی برنج کەمدەکاتەوە •

٣ ــ گیاوگژی نەویست واتە بژار دەبن بــە کۆسپێك لە ڕێگای ئاودانی ڕووەك چونکە جۆگاکان دەگرنو ناهێڵن ئاو بــە ئاسانی لە نــاو جۆگاکاندا ڕێبکات .

٤ ــ هەندێك بژار هەیە مرۆڤ ژەهراوی دەکاتو هەستیاریو زام لــە پێستدا پەیدادەکات .

بەکارهێنانی بژارکوژەکان لە ئەمەریکا هەتا بێ پەرە دەسێنێت . بۆ وێنە لە ساڵی (١٩٨١ز) ٦٢٥ ملیۆن پاون لە ماددەکانی بژارکوژ بەکار هێنراوە بەرامبــەر بە ٢٢٧ ملیۆن پاون لە ساڵی ١٩٦٦ز . ئەمەش مەعنــای وایە بەکارهێنانی ئەم جــۆرە ماددانە لەسەدا ١٧٥٪ زیــادی کردوە لە ماوەی پانزە ساڵدا .

زیاتر لە ٩٥٪ی ماددە بژارکوژەکان دستکردنو بڕێتین لە پێکهاتووی ئەندامی لە تاقیگەکانی کیمیادا دۆزراونەتەوەو ئامادەکراون . کارگەکان هەموو ساڵێك دەوری ٧٠٠ ملیۆن پاون لەم ماددە بژارکوژانە بۆ کشتوکاڵ دروستدەکەن نرخیان دوو ملیار دۆلار زیاترە .

بە کورتی سوودو کەڵکەکانی بژارکوژەکان لەم چەند وشەی دوکتۆر وارن شۆ Warreh e. Shaw (٣٧)دا کۆدەبنەوە :

(بژارکوژ کارێکی وای کردووە کە مرۆڤ بتــوانێت لە خاکێکی بچووکدا زیاتر بچێنێتو بە نرخێکی کەمتر) .

ژمارەی بژارکوژەکان زۆرن . لە ساڵی ١٩٥٠ز تەنها (١٥)جۆر لەم ماددانە لە بازاڕدا هەبوون . کەچی ئێستا زیاتر لە (١٨٠)جــۆر ماددەی (بژارکوژ)دروستکراون .

ماددە بژارکوژەکان دابەشدەکرێنە دوو سێ چەشنەوە بــە گوێرەی چۆنێتیی بەکارهێنانیان . جــۆرێك لەم ماددانە پێش چاندنی ڕووەك بەکار دەهێنرێن بۆ ئەوە گیاوگژو بژاربکوژێت . جۆرێکی تر لەم ماددانە پاش

چاندنی ڕووەك بەکاردەهێنرێن واتە پاش سەوزبوونی بژار • هەروەها جۆری کەش هەیە کە بە میکانسمی[٣٨] تایبەتی خۆی بژار دەفەوتێنێت •

چەند هەنگاوێکی نوێ دەربارەی قەلاچۆکردنی بژار :

لە خاڵەکانی خوارەوە بە کورتی باسی هەنگاوە پێش‌کەوتنەکانی زاناکانی کیمیاو کشتوکاڵ دەربارەی قەلاچۆکردنی بژار نیشانئەدەین :ــ

١ ــ ماددەی کیمیایی تایبەتی ئامادەکراون بە جۆرێك وا کە کاربکەنە سەر بژارو بیکوژن کە هیچ زیان بە ڕووەکە پێویستەکە نەدەن •

٢ ــ ماددە بژارکوژە نوێیەکان زۆر بەکارن • واتە قەبارەیەکی کەم لەم ماددە تازانە زۆر باش هەموو بژارەکە دەفەوتێنێت • ئەمە گومانی تیادا نییە کە پێش کەوتنێکی بەنرخە •

٣ ــ زاناکان لەم دواییەدا هەندێك ماددەی کیمیایی تایبەتیان دۆزیوەتەوە کە لە گەڵ بژار کوژەکاندا تێکەڵدەکرێن بە ڕێژەیەکی کەم بۆ ئەوەی ماددە بژارکوژەکە ڕووەکە پێویستەکەمان نەکوژێت وە زیانی پێ نەگات •

٤ ــ زاناکان ئەزانن چۆن هەر ماددە بژارکوژێك کار دەکاتە سەر بژار ؟ واتە لە میکانسمی کارکردنیان شارەزان • چونکە لەوانەیە ماددەیەك بژارکوژ بۆ برنج باشبێت کەچی بۆ تووتن باش نەبێت ؟ زانینی ئەم جیاوازیەش پێویستی بە زانینی کیمیاو فسیۆلۆجی هەیە •

٥ ــ لێکۆڵینەوەی تازە بەردەوامە لە تاقیگەکانی کیمیاو کشتوکاڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆ قەلاچۆ کردنی بژار جگە لە ڕێگا کۆنەکان •

٦ ــ لێکۆڵینەوەی تازە هەوڵ ئەدات بۆ بەکارهێنانی مەگەزو ماسی وەیا زیندەوەری تر بۆ فەوتاندنی بژار •


٧ ــ هەندێك جار گیاوگژە بژارەکان فێری ماددە کیمیاییەبە بژارکوژەکە دەبن وە کاریان لێناکات • لە کاتی وایا پێویستە ماددە بژارکوژەکە بگۆڕێت بە ماددەیەکی تازە •

٨ ــ هەندێك جار دوو یان سێ جۆر لە ماددە بژارکوژەکان تێکەڵ دەکرێنو بەکاردهێنرێن بۆ کشتوکاڵ • ئەمەش بێگومان سوودی زۆرە چونکە بابەتێکی زۆر لە بژار دەفەوتێنێت •

٩ ــ مەسەلەی سەلامەتیو بێزیانی ماددە بژارکوژەکان بــۆ تەندروستی جوتیار ئەمڕۆکە مەسەلەیەکی گرنگە • چونکە دەرکەوت کــە هەندێك لەم ماددە کیمیاییانە زیان بە جۆتیارو مرۆڤ دەبەخشن بۆ وێنە ماوەیەك لەمەوبەر لە ڕۆژنامەیەكدا خوێندمەوە کە گوایە لە وڵاتی کەنســاس (ئەمریکا) ژمارەیەکی زۆر لــە جــوتیــارەکانیان تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە دەبن هەموو ساڵێك • زاناکانی شێرپەنجە دەڵێن هۆی زیادبوونی ئەم نەخــۆشییە لە کەنساس لە ناو جــوتیارەکان بریتییە لە زۆر بەکارهێنانی ماددەی بژارکوژ لەم ناوچەیە •

داهێنانو دۆزینەوەی پێکهاتووی بژارکوژەکان :

هەرچەندە مێژووی ماددە بژارکوژەکان دەگەڕێتەوە بۆ (١٣٥)ساڵ لەمەوپێش بەڵام باوبوونیان لە لایەن جوتیارەکانەوە لە ساڵی (١٩٤٠ز) دەستی پێکردوە • کە ماددەی (4 , 2 ــ دای‌کلۆرۆ فینۆکسی ترشی (2,4 - D) (2,4 - Dichlorophenoxyacetie acid) کەوتە بازارەوە لــە ساڵی (١٩٤٠) جۆتیارەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی زۆر دەستیانکردە بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ • یاســای کیمیایی ئــەم ماددە لە خــوارەوە نیشان ئەدەین :




2,4-D

یەکەم مادەی (بژارکوژ)کە کەوتە بازارەوە
لە ساڵی ـ ١٩٤٠

لە ساڵی (١٩٤٨ز)کومپانیای بۆیاغی ئەمریکی
(Americon Chemieal Paint Conip)

بژارکوژێکی تریان دروستکرد بە ناوی (2, 4 — D)
یاسای کیمیایی ئەم مادەیە لە خوارەوە دەنووسین : —



2,4,5-T

ئەم مادەی دووەمە واتە (2, 4, 5 — T) زۆر بەکارتر بووە لە (2, 4 — D)ی پێشوو وەهەموو بژارێکی دەفەوتان • جوتیارەکانی ئەمەریکا بەکاریاندەهێنا بۆ هەموو جۆرە ڕووەکێك بەڵام بە تایبەتی بۆ برنجو قامیشی[٣٥] شەکر بەکارهێنرا • هەروەها ئەم مادەیە بەکارهێنرا بۆ کوشتنی گیاوگژو بژار لەدەوروپشتی ڕێگای شەمەنەفەر[٣٦] • بەڵام بیست ساڵ لەمەوبەر کاربەدەستانو پسپۆڕەکانی ئەمەریکا گومانیان پەیداکرد

بەرامبەر بە سەلامەتی بەکارهێنانی ئەم ماددەیە بۆ تەندروستی مەندێك کەس ناوی ماددەکەیان نا بە (مرواری مردن)[٤٠] . گومانو مقۆمقۆی هاوولاتیەکاندەربارەی (2, 4, S — T) لە سالی (١٩٦٠ز)دا پەرەی سەند چونکە حکومەتی ئەمەریکا ماددەکەی لە جەنگی ڤیەتنامدا بەکارهێنا . لە شەڕەکەی ڤیەتنامدا هێزی ئاسمانی ئەمەریکا ماددەیەکیان دەپژاندە سەر داروەرەختە چراویەکان بۆ کوشتنی هەموو ڕووەکێك و سەوزی یەك لە ناوچەکەدا . هاوولاتیەکان بەو دەرمانەیان دەگوت (ماددە پرتەقالی یەکە)[٤١] Agent orange

شیانی باسە ئەم (ماددەپرتەقالی یە) بە تێکەڵکردنی نیواونیو لە (2, 4 — D) و (2, 4, S — T) ئامادەدەکرا . ئەمەریکا لە جەنگی ڤیەتنامدا (١٢) ملیۆن گالۆنی لەم ماددەیە بەکارهێنا دژی ڤیەتنام . لە سالی (١٠٩٧٠ز) دا لەپڕ بەکارهێنانی ئەم ماددەیە وەستێنرا لە جەنگا بە بۆنەی چەند ڕاپۆرتێکەوە کە گوایە دەرمانەکە زیان بە تەندروستی هاوولاتی یە ڤیەتنامی یەکان ئەدات وەکو تووشبوونیان بە نەزۆکی و بێبەری و[٤٢] هەروەها منداڵە تازە لەدایك بووەکانیش زۆربەیان نوقسان[٤٣] لەدایك دەبوون هەمیشە ڕابۆرتەکە دەی گوت (ماددە پرتەقالی یەکە)بووە بە هۆی لەبارچوونی[٤٤] گەلێك ژنی سك پڕ . پاش ئەم ڕووداوانە لێکۆڵینەوەی زانستیانە لە ئەمەریکا ئاشکرای کرد کە هۆی ئەو هەموو نەخۆشی یانەو زیانانە هەرگیز ماددەی (2, 4, S — T) وەیا (2,4, P) نین . بەڵکو هۆی ئەو نەخۆشی یانە کەلە ڤیەتنامدا ڕووی دا بریتی بوو لە بوونی کەمێك لە ماددەی (دایۆکسین Dioxin) لەگەڵ دەرمانەکە . کەمێك لە دایۆکسین بە هەمیشەیی لە گەڵ ماددەی (2,4, 5 — T) و (2,4, D) هەیە . ماددەی دایۆکسینیش ماددەیەکی ژەهراوی بە ناوبانگە ، هەندێك جار پێی دەڵێن TCDD لە سالی ١٩٦٨دا زاناکانی (ئامۆژگای میللی شێرپەنجە) :

لەئەمەریکا هەڵسان لێکۆڵینەوەیەکی National Institute of Cancer
زۆریان لەسەر ئەم ماددە بژارکوژانە کردو بەتایبەتی (2, 4, S — T)
لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر هاتو ماددەی (2,4, 5 — T)
رێژەی ٢٨٪ دایۆکسینی تیادا هەبێت ئەوا ماددەکە کاردەکاتە سەر مشك و
لەئەنجامدا بەچکەکانی بە نوقسانی لەدایك دەبن • شیانی باشە ئەو ماددەیەی
(2, 4, S — T)
کە بۆ کشتوکاڵ بەکاردەهێنرێت رێژەیەکی زۆر کەمی (٠٫٠١ — ٠٫٠٢٪)
دایۆکسینی تیادا هەیە •

لەسەر بڕیاری (ئامۆژگای میللی شێرپەنجە) لە ساڵی ١٩٧٠ وەزارەتی
کشتوکاڵ لە ئەمەریکا بەکارهێنانی ماددەی (2, 4, S — T) یان لە شوێنەکانی
مرۆڤنشین وسەیرانگاو ڕابواردندا قەدەغەکرد • لە ساڵی ١٩٧١ز دا بڕیار درا
کە ئەم ماددە (بژارکوژە) تەنها بۆ چاندنی برنج بەکار بهێنرێت • جگە لەمانە
چەند ڕووداوێکیتر هاتەکایەوە کە هاوواڵتیەکانی زیاتر خستە گومانەوە
دەربارەی سەلامەتیی بەکارهێنانی ماددەکە • بۆ وێنە پزیشکێکی ئیەتنامی
لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوەو تیایدا هۆی نەخۆشیی
شێرپەنجەی جەرگ لەناو هاوواڵتیەکانیدا بەم ماددەیەوە
بەستووە • هەروەها کۆمەڵەی (قوربانیەکانی ماددە[٤٥] پرتەقاڵیەکە) لەم
کاتەدا پێك هات بۆ ئەوەی زیانەکانی ئیەتنامیە نەخۆشەکان[٤٦] ببڕێن •

لە ساڵی ١٩٧٦زدا لە ئیتالیا بەڕێکەوت (٣٫٧)پاون لە ماددەی دایۆکسین
پرژووبڵاو بۆوەو لە ناوچەیەکی قەڵەبالغو خێزاننشیندا • جێبەجێ
کاربەدەستان (٥٠٠٠)کەسیان لەو هەڵمە دوورخستەوەو شوێنەکەیان
چۆڵکرد • لەگەڵ ئەوەیشا گەلێك لەو کەسانە ئەزیەت باربوونو تووشی
نەخۆشیی پیس بوون لەپاش ماوەیەك •

لە ساڵی ١٩٧٩زدا بەکارهێنانی ماددەی (2, 4, 5 — T) بۆ هەموو جۆرە کشتوکاڵێك (جگە لە برنج)قەدەغەکرا .

کومپانیای (داو) لە ئەمەریکا Dow Chemical Compcuy

یەکەم مەڵبەندە بۆ دروست کردنی ماددەی (2, 4, 5 — T) . زاناکانو پسپۆڕەکانی ئەم کومپانیایە دەڵێن کە گوایە ئەو ماددەیەی کە لە جەنگی ڤیەتنامدا بەکارهێنرا بۆ کوشتنی دارودرەخت ڕێژەیەکی زۆر کەم لە دایۆکسینی تیادا هەبوو (٩ر١ بەش دایۆکسینی لەهەر ملیۆنێك) (ppm) بەڵام ئەم ڕێژەیە هەمیشە (٢٠٠ ــ ١٠٠)جار زیادترە لە ڕێژەی دایۆکسین لە ناو ماددەی (2, 4, 5 — T) بازرگانی کە جوتیارەکان بەکاری دەهێنن .

بێ گومان پێك‌هاتووە فینۆکسیەکان (Phenoxy) تاقە پێك‌هاتووی بژارکوژ نین . بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە ماددەی کیمیایی نوێ دروست کراون بۆ هەمان مەبەست . بۆ وێنە : ــ

١ــ ــ ترایەزینەکان S — Triazines

٢ــ یوریای ئاڵوگۆڕکراو Substituted Urea

٣ــ پێك‌هاتووی کاربامات‌ەکان Carbamates

٤ــ کاربامات گۆگردیەکان Thio carbamates

٥ــ ئەسیتئەنیلیدەکان Acehanilides

٦ــ ترشە ئەلیفاتیە کلۆراویەکان Chlorinated aliphatie aeieh

٧ــ ترشی بەنزویکی کلۆراوی Chlorinated beuyoie acid

٨ــ فینۆڵەکان Phenolics

٩ــ دای ــ نایترو ــ ئەنیلینەکان Substituted — dinits amilines

پێنج ڕووەکی بنچینەیی هەن لە ئەمەریکا پێوستیان بە ماددەی بژارکوژ هەیە . لە خوارەوە ناویان دەنووسین : ــ

(١) گەنمەشامی •
(٢) سۆیا[٤٧] •
(٣) گەنم •
(٤) پەموو •
(٥) برنج •

لە سەدا ٥٣٪ی هەموو ماددە بژارکوژەکان بۆ بژاری گەنمەشامی لـە ئەمەریکا بەکاردەهێنرێت • هەروەها لەسەدا ٢١٪ی بژار کوژەکان بـۆ بژاری سۆیا و لەسەدا (٦٪)ی بـۆ گەنمو لـە (٥٪) بـۆ پەموو • باقی بژارکوژەکان بـۆ کشتوکاڵی تـــر بەکاردەهێنرێن وەکو سەوزەو میوەو توتنو نیسکو نۆک •







ماددەی ئەترازین Atrazine وئەلاکلۆر Alaehlor زۆر باون بۆ گەنمەشامی • کەچی بـۆ سۆیا ماددەی ئەلاکلۆرو ترای‌فلۆرالین (Triblura lin) باون وە بۆ گەنمماددەی (2, 4 — D) زۆربەی جار بەکاردەهێنرێت • بـۆ پەموویش ماددەی ترای‌فلۆرالینو فلومیتورن Fiumeturm پەسەندکراون لە ئەمەریکا •

خشتەی ژمارە(٢)ناوی بازرگانیو یاسای کیمیایی چەند بژارکوژێکی بەناوبانگ لە ئەمەریکادا نیشان ئەدات •







خشتەی / ژمارە (٢)

ماددە بژارکوژە کیمیاییەکان کە بەکارهێنراون لە نێوان








سالەکانی ١٩٥٠ – ١٩٨٠

ناوی/ئاسایی (بژارکوژ)	ناوی بازرگانی	ناوی کیمیاوی	ساڵی بەکارهێنان
١- ئەسیدی سۆدیۆمی ئەسی فلۆرفین Acifluorfen Sodium Salt	بلازەر Blazer		١٩٨٠
٢- ئەلاکلۆر Alachlor	لاسۆ Lasso		١٩٧٩
٣- بەنیفین Benefin	بالان Balan		
٤- بێنتازۆن Bentazon	باسەگران Basagran		١٩٧٦
٥- بڕۆماسیل Bromacil	هایڤار Hyvar		١٩٦٣
٦- بڕۆموکسانیل Bromoxynil	بڕۆمینال Bromınal		١٩٦٦


پاشماوەی خشتەی ژمارە (٢)

ساڵی بەکارهێنان	پێکهاتەی کیمیایی	ناوی بازرگانی	ناوی زانستی
١٩٦٩		سوتان Sutan	٩- بیوتیلێت Butylate
١٩٦٩		ئەمبین Amiben	٨- کلۆرامبین Chloramben
١٩٧٠		بلادێکس Bladex	٧- سیانازین Cyanazine
١٩٤٥ (٤٠١)		Weedar 64	٦- 2,4-D
١٩٥٣		داوپۆن Dowpon	٥- دالاپۆن Dalapon
١٩٥٦		داکتاڵ Dacthal	٤- DCPA


پاشماوەی خشتەی ژمارە (٢)

ساڵی	یاساکە	ناوی بازرگانی	ناوی زانستی
لەکارهێنان	تێکهڵاوی		
١٩٦٤		بانڤێل Banvel	١- دایکامبا Dicamba
١٩٨٠		هۆیلۆن Hoelon	٢- دایکلۆفۆپ- مەتیل Diclofop-methyl
١٩٤٧ (٤٩)		Dow Selective Weed Killer	١٣- دینۆسێب Dinoseb
١٩٥٤		کارمێکس Karmex	١٦- دایۆرۆن Diuron
١٩٧١		ئێپتام Eptam	EPTC -١٧
١٩٧٤		کۆرتۆران Cortorn	١٨- فلۆمیتۆرۆن Fluometuron
١٩٧٤		ڕاوەند Roundup	١٩- گلایفۆسات Glyphosate


٦٠ - لینیورون Linuron — لۆروکس Lorox — ١٩٦٤




٦١ - میتالاکلور Metolachlor — دوال Dual — ١٩٧٦




٦٢ - میتریبوزین Metribuzin — لێکسۆن، سنکۆر Lexone Sencor — ١٩٧٢ ١٩٧٤




٦٣ - ناپتالام Naptalam — ئەلەناپ ALanap — ١٩٥١




٦٤ - پاراکوات paraquat — ئۆرتۆ-پاراکوات ortho-paraquat — ١٩٧٥




٦٥ - پێبیولێت pebulate — تایلام TiLLam — ١٩٧٠




٦٦ - پایکلۆرام piCLoram — تۆردۆن Tordon — ١٩٦٢




٦٧ - پرۆفلورالین profluralin — تۆلبان Tolban — ١٩٧٥







۲۸ - پرۆنامایید — pronamide — کێرب Kerb




۲۹ - پرۆپاکلۆر — propachlor — بێکستۆن Bexton




۳۰ - پرۆپانیل — Propanil — ستام Stam



۳۱ - سیمازین — Symazine — پرینسیپ princep



۳۲ - 2,4,5-T — Weedone-2,4,5-T



۳۳ - ڤێرنۆلێت — vernolate — ڤێرنام Vernam

چۆنێتیی کارکردنی بژارکوژەکان :

زاناکان لێکۆڵینەوەیەکی زۆریان کردوە بۆ زانینی چۆنێتیی کارکردنی ماددە بژارکوژەکان بەسەر ڕووەك وە ئایا کـام ماددەی بژارکوژ کام ڕووەك دەکوژێت؟ • بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵو تەقەلایە هێشتا بـە تەواوی نەزانراوە کـام ماددەی بژارکوژ کام جۆرە بـژار دەکوژێت واتـە پێوەستییەکی زۆر بە لێکۆڵینەوەی نوێ ماوە •

هەندێك لە ماددە بژارکوژەکان کاری خۆیان لـە ڕووەك دەکەن بـە هـۆی[٥١] بەربەستکردنی هەڵمژینی ئاوو ماددەکانی ناو ئـاو . کەچی هەندێکی تر لـە ماددە بژارکوژەکان وەکو ئەمیترۆڵ Amitrole دەکوژن چونکە بەربەستی جێبەجێکردنی کاری گۆڕینی[٥٢] کلۆرۆفیلی دەکەن . چەشنێکی تر لە ماددە بژارکوژەکان هەیە وەکو ترای‌فلۆرالـین Tnifluralin کـە وا دیارە هەڵدەمژرێن بـۆ نـاو خانەکانی ڕووەك‌و لەوێدا هەرگیز ناهێڵن خانەکان دووپەرت[٥٣] ببن‌و زیاد بکەن .

هاوبژارکوژەکان[٥٤] :

لـەم چەند ساڵەی دواییەدا زاناکان چەنـد ماددەیەکی کیمیایی‌یان دۆزی‌یەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەندێك لە ماددە بژارکوژەکان تێکەڵ بکرێن پێش بەکارهێنان . بەم جۆرە ڕووەکە پێوستەکان بە سەلامتی دەمێنێتەوەو دەرمانە بژارکوژەکە کاری‌لێناکات کەچی بژارەکە (گیاوگژەکان) دەکوژێت . ئەم جۆرە ماددانە لەپاش ساڵی ١٩٧٢ کەوتنە ناو بازارەوە .

تێگەیشتنی زانستیانەی ژیانی ڕووەك

کیمیای[٥٦] زیندەگی‌و جوتیار : بـۆ ئەوەی جوتیاری ئەمڕۆمان بەرهەمدارو سوودبەخش بێت پێوستە ڕۆشنبیری‌یەکی باشی هەبێت دەربارەی کشتوکاڵو ڕووەك . بەشێك لەو ڕۆشنبیری‌یە بێگومان بریتی‌یە لە زانستی کیمیا ، بەتایبەتی کیمیای ژیانی وەیا کیمیای زیندەگی . کیمیای زیندەگیش باسی پێکهاتووەکانی نـاو خانەکانی لەشی زیندەوەرو ڕووەك دەکات : ئایا ئەو هەموو کارلێکە کیمیایی‌یانەی[٥٧] ژیان چین ؟ چ ئەنزیمێك یاریدەی چ کارلێکێك ئەدات‌وجێبەجێی دەکات؟[٥٨] سروشتی‌یە کە جوتیار پێوێستی بە زانیاری کیمیای ژیان زیاترە لە کیمیاکانی‌ترو بەتایبەتی پێوێستی بە کیمیای ژیانی ڕووەکەوە هەیە . بۆ وێنە چۆن ڕووەك ماددەی کاربۆهیدرات (شەکرو نیشاستەو سیللۆز) دروست دەکات ؟ . چـۆن پرۆتین دروستدەکات ؟ وە گەلێك شتی تر .

کۆکردنەوەو عەمارکردنی بەرهەم(٥٩) :

پاش ئــەوەی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ پێدەگەن درەو دەکرێن یا دەچنرێنو پاگژ دەکرێن بۆ ئەوەی بفرۆشرێن یا عەماربکرێن لەناو عەماردا بۆ پاشە ڕۆژ • بۆ وێنە گەنم یا برنج یا پەتاتە پێش ئەوەی بگەن بە دەستی هاوولاتیەکان هەموو کۆدەکرێنەوەو هەڵدەگیرێن ، هەندێك جار بۆ ماوەی چەند ساڵێك • هەندێکیان لەوانەن بۆ حەفتەیەك یا دە ڕۆژ لەناو عەماردا بمێننەوە پێش ناردنیان بۆ بازاڕ • لێرەدا پرسیارێك هەیە کە بریتییە لە : ئایا بەرهەمەکانی کشتوکاڵ چۆن عەمارەدەکرێن بە شێوەیەکی زانستانە بۆ ئەوەی بەرهەمەکان تێك نەچنو بۆگەن نەبن ؟ ئایا دەوری کیمیا دەبێ چی بێت لێرەدا ؟ بێگومان دەوری کیمیا لێرەدا دەورێکی بالآیە • بۆ پارێزگاریی ڕوەکو بەرهەمەکانی گەلێك پێك هاتووی کیمیایی بەکاردهێنرێن بۆ وێنە :

(١) ئەو ماددانەی کــە تەمەنی بەرهەمەکە درێژدەکەن واتە ناهێڵن بۆگەن ببێتو تامووبۆنی بگۆڕێت • بە ئینگلیزی بــەم جۆرە ماددانە دەڵێن (Preservers)

(٢) ماددەکانی دژ بە کەڕوو ــ واتە ماددەکانی (Anti — fungus) ئەم ماددانە بەرهەمەکان لەکەڕوو دەپارێزن •

(٣) ماددەکانی دژ بە ئۆکسیدێن : Antioxidonts

لە کۆتاییی باسەکەماندا دەڵێین ئێمە بەڕاستی تەنها باسی بەشێك لــە بەشەکانی کیمیامانکرد کە پەیوەندیی بە کشتوکاڵەوە هەیە چونکە جێگای نووسینەکەمان بەش ناکات •

پەراوێزو سەرچاوەکان :

(١) مەگەزکوژ = مبيد الحشرات = Insectieide

(٢) گیاوگژکوژ = مبيد الادغال = Herbi Cides

(٣) کیمیای ژیانی = الكيمياء الحياتية Biochemistry

(٤) پاداشتی نۆبل = جائزة نوبل ـ بریتیيە لە خەلاتێکی جیهانی ئەدرێت بە زاناو بلیمەتەکان لە کیمیاوفیزیاو پزیشکایەتیو ئابووریو ئاشتی خواستن .. هتد . خەلاتەکە بریتیيە لە ٢٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی .

(٥) چاوچەشنە = من نفس النوع .

((Opportunities in Chemistry))

Chemieal and Engineering News, october 14, 1982, Pase 9.

(٦) دەوروبەر = البيئة .

(٧) کیمیای خاك = كيمياء التربة .

(٨) ماددەی ئەندامی = المادة العضوية .

(٩) ماددەی نائەندامی = المادة غير العضوية .

(١٠) کیمیای شیکردنەوە = الكيمياء التحليلية .

(١١) بەراورد = المقارنة .

(١٢) بەین = السماد .

(١٣) بەینی سروشتی : السماد الطبيعي .

(١٤) بەینی کیمیایی = السماد الكيميائي .

(١٥) ڕێکخاتووی ئەندامی = المركب العضوي .

(١٦) گەرد = جزيئة .

(١٧) بەکتریا جۆرێکە لە میکرۆب قەبارەی یەك خانەیەو بە چاو نابینرێت لەبەر بچووکی . زەرەبینی باش فەرقیان دەکات . زۆربەی بەکتریا بە ڕووەك دەژمێردرێنو هەندێکیان دەبنە هۆی نەخۆشیيەکانی میکرۆبی مرۆڤ .

(١٨) واتە لە هەر جۆرە پێکهاتوویەك ماددەیەك تێکەڵدەکرێن بۆ ئەوەی تو خمەکانی هەموو تیادا هەبێتو بە ڕێژەیەکی بە سوود .

(١٩) ئەم خشتەیە لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوە :

Kirk Othiner Encyclopedia of Chemical Technology, Enterscience Publisher, 2 nd Ed. vol. 9, p. 25, 1966.

(٢٠) بەیار = الارض البور التی لم تزرع سابقا .

(٢١) پەیین‌کردن = تسمید .

(٢٢) هێڵەنیشانە = خط بیانی .

(٢٣) ئاوی کانزایی = ماء معدنی .

(٢٤) مەگەزومێروو = الحشرات .

(٢٥) ئەم جۆرە بەشە پێی‌دەڵێن بەشی (مەگەزومێروو) = قسم الحشرات .

(٢٦) لە کۆلێجی زانستدا ــ بەشی بایۆلۆجی لقێکی تایبەت هەیە پێی‌دەڵێن ــ فرع الحشرات .

(٢٧) مەگەزکوژ = مبید الحشرات .

(٢٨) ئەمسەرچاوەیە بەکەڵك هێنرا لە نووسینی وتارەکەمان .

P.S. Magee, G.K. Kohn, and J.J. Menn, ((Pesticide Synthesis Through Ratiinal Approach)), Acs Synposium Series 255, 1984.

(٢٩) سەرچاوەی ئەم زانیارییە ئەم وتارەی خوارەوەیە .

W.J. Stork, ((Pesticides Head for Recorery)), Chem. Ens. News, April 9, 1984; p. 32.

(٣٠) کیمیای ئەندامی = الکیمیاء العضویة .

(٣١) سەیری سەرچاوەی ژمارە (١٦) بکە ، لاپەڕە ٦٧٧بەرگی ١١ .

(٣٢) گیاوگژ = بژار = الأدغال والأعشاب والحشائش غیر المرغوب فیها بە ئینگلیزی پێی دەڵێن Weeds

(٣٣) ئەم بەشە کە تەرخانکراوە بۆ باسی گیاوگژو بژار لەم سەرچاوەی خوارەوە پوختەکراوە :

H.J. Sannders, Chew. Eng. News, Aug. 3, 1981; P — 20.

(٣٤) سەوزە = المخضرات او الخضروات .

(٣٥) نەویست = غیر المطلوب او المرفوض او المردود .

(٣٦) دوکتۆر شۆ سەرۆکی پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکانی کشتوکاڵە لە ئەمەریکا
(٣٧) میکانسم = الميكانيكية = Mechanism
(٣٨) قامیشی شەکر = قصب السكر .
(٣٩) ڕێگای شەمەنەفەر = سكك الحديد .
(٤٠) مرواری مردن = لؤلؤة الموت Deadly Peril
(٤١) ئەم دەرمانە ناوبان نا بـە (ماددە پرتەقاڵیبەکە) چـونکە عەمارەکانی ماددەکە بە بۆیاغی پرتەقاڵی ڕەنگکرابوون .
(٤٢) نەزۆکی و بێبەری = العقم والعقر .
(٤٣) نوقسان = معوق ، ناقص .
(٤٤) لەبارچوون = الاجهاض .
Agent Orauge Vietims
(٤٦) ببژێرن = يعوضون عنهم .
(٤٧) ڕووەکێکی ڕۆنداروە بەرەکەی زۆر لە پۆلکە دەچێت . بە تایبـەتی لـە وڵاتی چینو ملایۆو ئەندۆنوسیا دەڕوێت . دانەکانی چەورەو ڕۆنەکەی بۆ خواردن بەکەڵکدێت .
(٤٨) ئـەم ماددەیە لە ساڵی ١٩٤٥دا لە لایـەن کومپانیای یونیەنکاربایـد دروستکرا بەڵام ئێستا زۆر بەناوبانگ نییە چونکە دەرمانی باشتر هاتە بازارەوە .
(٤٩) کومپانیای داو ئەم ماددەیەی خستە بازارەوە .
(٥٠) باسی ئەم ماددەیەمان کرد بە درێژی لە چەند لاپەڕەی پێشوودا .
(٥١) ئەم ماددانەی خشتەیە لە سەرچاوەی ژمارە (٣٠)وەرگیراون .
(٥٢) بەربەستکردن = منع .
(٥٣) گۆڕینی کلۆرۆفیلی = التمثيل الكلوروفيلي Photosynthesis
(٥٤) دووبەرت = انقسام (٥١) المبيدات المساعدة Coherbicides
(٥٥) هاوبژارکوژەکان = المبيدات المشتركة لقتل الادغال .
(٥٦) کیمیای زیندەگی = کیمیای ژیانی = الكيمياء الحياتية Biochenistry
(٥٧) کارلێك = تفاعل .
(٥٨) هەر کارلێکێکی کیمیایی لەناو شانەکاندا ماددەیەکی پرۆتینی تایبەتی هەیە بۆ باریدەدانی . ئەو ماددە پرۆتینییە پێی دەڵێن ئەنزیم .
(٥٩) عەمارکردن = خزن .

خدمات الكيمياء لتطوير الزراعة

الدكتور ذنون محمد عزيز
كلية العلوم جامعة بغداد

الخلاصة :

لا شك أن علم الكيمياء قد دخل في صلب اختصاصات كثيرة في الحياة منها الاختصاصات الطبية والصيدلانية والزراعية والصناعية بحيث أصبح الألمام به أى بعلم الكيمياء أمراً ملحاً للمتخصصين في تلك الحقول . والزراعة هي أحد الحقول التي تستفيد من علم الكيمياء بدءاً بزراعة البذرة وحتى نضوج المحصول ومن بعد ذلك وقبل البذار أيضاً ، حيث تهيئة وأصلاح الري وتوفير الماء الصالح للانبات ومحاولة التخلص من الآفات الزراعية والحشرات الضارة ، وأخيراً كيفية خزن المحاصيل بطريقة علمية صحيحة . كل ذلك وغيرها من الأمور تتم بمساعدة علم الكيمياء . والمقال الحاضر يوضح تلك النواحي التي تدخل الكيمياء فيها من أجل زراعة حديثة ومطورة .

يبحث المقال في بدايته عن دور الكيمياء في مساعدة الباحثين لتهيئة التربة الصالحة للزراعة والتي تتمثل بدراسة الموضوع المعروف (بكيمياء التربة) ثم الاسمدة الكيميائية في هذا المجال . كذلك دور الماء الصالح للزراعة من وجهة كيميائية .

ثم ينتقل المقال الى شرح موضوع الآفات الزراعية كالحشرات الضارة التي تقضي على الزراعة وتقلل المنتوج وكيفية مكافحتها بطرق كيميائية .

كذلك كيفية القضاء على الأدغال والحشائش الضارة بواسطة المواد الكيميائية والاكتشافات الحديثة في هذا المجال .

هذا وينتهي البحث بشرح دور علم الكيمياء في خدمة الزراعة من حيث فهم التفاعلات الكيميائية الحياتية التي تحدث داخل الخلايا النباتية والتي لها علاقة بنمو النبات وثمرته ، أضافة الى توضيح طرق الخزن الصحية بمساعدة المواد الكيميائية التي تمنع التعفن وتلف المحصولات .

مێژووی کورد
لە سەدەی ١٦ هەمدا

((شەرەفنامە))ی شەرەفخانی بدلیسی وەک سەرچاوەیەکی مێژووی نەتەوەی کورد

نووسینی : د. شەمسی موحەمەد ئیسکەندەر
شوکور مستەفا
لە ئازەربایجانیەوە کردوویە بەکوردی

هەوالنامەی کێشە

بەرایی

لە دوادوای سەدەی پازدەهەم ــ سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا ، بەرەبەرە توندو تیژبوونو پەرەساندنی کێشەو هەرای تێوان دەولەتی عوسمانیو دەولەتی سەفەوی لەسەر داگیرکردنی کوردستان ، بە نیازی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەربلاو ، گۆڕانی گەورەگەورەی لەزیانی ئابووری ــ کۆمەلایەتیی نەتەوەی کورددا هێنایە گۆڕێ • سەروارو سەرەکەھۆزو تیرە کوردەکان ، کە ناوبەناو ، سەربەخۆو ، جاروبار ، نیوەسەربەخۆ مافی میرایەتیی خۆیان پشتاپشت پاراستبوو ، نەیاندەتوانی لەژیانی ئابووری ــ کۆمەلایەتیی نەتەوەی کورددا هێنانە گۆڕێ • سەروەرو دەستەپاچەو بێلایەن بمێننەوە •

لە مێژووی گەلی کورد ، لە سەدەی شازدەهەمدا ، کۆلینەوەو لە باری ژیانی ئابووری ــ کۆمەلەکیی گەلی کورد لەو سەردەمەدا تێگەیشتن ، گرفتێکە لەو گرفتانەی ، تا ئێستایش لە مێژووناسیی سۆڤێتیش‌دا هێشتا

هەر خـاو نەکراوەتەوە • بێ گومان ، مێـژووی گەلی کورد ، مێـژووی نەتەوەیێکی هەرە کۆنی ڕۆژهـەلاتی نزیـك ، سـەرنجی بڕێ زانـای بزواندووەو خستوونیە سەر کەلکەلەی وردکردنەوەو شیکردنەوەی ، بەڵام تاوەکوو ئێستایش ، شیکردنەوەی ئەم مێژووە ، لە نێگای کۆنو هاوچەرخ بەولاوە ، بستێ نەترازاوە •

مێژووی گەلی کورد لە سەردەمی سەدەکانی ناوەنددا ، بە تایبـەت هەواری بە چڵەپۆپەگەیشتنی گەشەکردنی ئاغایەتی هەر وەکو خۆی بە تاریکی ماوەتەوەو ڕچەی نەشکاوە • تەنانەت ئەم سەدەی شازدەهەمە ، کە ناڵەبارترین سـەردەمی مێـژووی کوردو کوردستانە ، مێـژوونووسو لێکۆڵەوانی سۆڤێتیش شەمەیان لێنەکردووەو هەر وا بە کاڵی ماوەتەوە •

جا بـۆ ئەوەی لە نێگای زانستەوە مێـژووی کوردو کوردستان ـ گرێکوێرەی ناکۆکیەکانی تێوان دوو دەوڵەتی گەورەی وەك دەوڵەتی ئێرانو عوسمانی ، شیبکرێتەوە ، سەرچاوەیێك ، لە کتێبی «شەرەفنامە» ی شەرەفخانی بدلیسی بە نرخترو لەپێشتر نیە •

دیارە بۆچـوونە ژێرباری کارێکی وا گەورەوگران تەنیـا پشت بە کتێبەکەی شەرەفخانی بدلیسی سەرناگرێ ، بەڵکو دەبێ لە بڕێ سەرچاوەی دیکەیش ، کە تا ئەو سەروبەندە لەمەڕ مێژووی کورد نووسراون ، کەڵك وەربگیرێ •

بەڵام نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە لە ڕیزی ئەو کتێبانەی ، لە سەدەی شازدەهەمدا ، لەمەڕ مێـژووی کوردو کوردسـتانو شارستانێتیی کورد نووسراون ، تەنیـا هەر شـەرەفنـامەیە ، یەکێ لەو جێگا گرینـگانەی پڕکردووەتەوە • جا بە ڕاستی ، ئێمە تا ئێستا ، هێشتا کتێبێکی پلە دووهەمی ئاوەهای سەر بەو سەردەمەشمان وەگیرنەکەوتووە • هەر لەبەر ئەمەیشە ، بە ناچاری کەلکمان لەو سەرچاوە ئازەربایجانیو ئێـرانیو تورکیانەیش

وەرگرتووە ، کە لە ڕووی مێژووەوە ، کەم تا کورتێ ، سەروکاریان بە باسی ژیانی سیاسی ــ ئابووری و شارستانێتیی کوردستانی ئەو سەروبەندەوە هەیە ، چونکە شەرەفخانی بدلیسیش ، بۆ نووسینی کتێبەکەی سوودی لەم سەرچاوانە وەر گرتووەو ئەو مێژوونووسانەی لە پاش ئەو هاتوون ، ئەوانیش پشتیان بە کتێبەکەی ئەو بەستووە •

هەربەم بۆنەیەوە ، بە پێویستم زانی ئەو ڕووداوانەی بابەتی بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکەمانەو لە کتێبی « شەرەفنامە »دا ڕوون کراونەوە ، هەر لەگەڵ ئەو ڕووداوانە خۆیاندا کە لەو سەرچاوانەدا باسیکراون ، بەراورد بکەین و هەڵیان بسەنگێنین •

جگە لەمە ئەم کتێبانە ، نەڕوانینە ئەوەی ڕووداوەکانیان لە یەک سەرەوە تێدا ڕوونکراونەوەو لە لایەن نوێنەرانی چینی بەدەسەڵاتو حوکمڕانەوە نووسراون ، لە مێژووی کوردستانو تەرزی ژیانو گوزەرانی گەلی کورد ، کەم تا زۆرێ ، دووانن •

سەبارەت بەمە وا لە پاینەوە بڕێ لەو سەرچاوانەی لە مێژووی کورد دووانن ، شیدەکەینەوە • شایانی یادداشتکردنە ، بڕێ لە مێژوونووسانی سەدەکانی ناوەند ، (لە عەرەب ، لە ئێرانی ، لە تورکوهتد •••)لەمانە هەمەکارەی بەناوبانگی دەوڵەت ، ڕەشیدوددین فەزلوڵڵا[1] ، گەلی کوردیان بە ڕێگرو تاڵانکەرو ئاژاوەگێڕ ناوزڕاندوونو تا ڕادەی سووکایەتیپێکردن گزارەیان لەم نەتەوەیەو لە بوونی بوون ئاساییی ئەم نەتەوەیە کێشاوەو بۆسۆو بەدناویان کردوون • ڕەشیدوددینیش ، وەک هەر زۆرناژەنو بە شانو باهو هەڵدەرو مێژوونووسێکی دیکەی دەرباری دەوڵەت ناوی نەتەوەی کوردی ، کە لە بەرابەر داگیرکەرو زۆردارو دەسەڵاتداران گۆی شەرەفی خۆپارێزیو داکۆکیان بردۆتەوە ، بە ناوونانۆرەیوا سووک بەدناوکردووە •

ڕەشیدوددین لە کتێبی « مکاتبات رشیدی »[٢] یەکەی‌دا ، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێ قسەی سووکو تۆمەتو بوختانی ناڕەوای لە هەق کورد نووسیوە ، تەنانەت بیری سەرلەبەر قڕکردنی ئەو نەتەوەیەی زۆر بە سووکو سانایی‌یەوە هێناوەتە گۆڕێ • نەك هەر فەزڵوڵڵا ، بگرە بڕێ نووسەری دیکەی سەدەی شازدەهەم ، هەر لە سەر ئەم ڕایە بوونو بە هیچ جۆرێ نەتەوەی کوردیان بۆ قووت نەچووە ، لەبەر ئەمە پێویستە جارێکی تر بەم کتێبانەدا بچینەوەو بە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنێکی وردەوە ، کەڵکیان لێوەربگرین •

وەك لە پێشەوە گوتمان ، شەرەفخانی بدلیسی بۆ نووسینی « شەرەفنامە »کەی کەڵکی لە بڕێ کتێبی میژوونووسانی دیکەی پێش خۆی ، بە نسوونە ، کتێبی « نزهەالقلوب[٣] »ی حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی وەر گرتووە • حەمدوڵڵای مستەوفی لەو کتێبەی‌دا باسو خواسێکی بە داوێنی لەمەڕ جوغرافیای کوردستانو بە جیا ــ جیاویلایەتەکانی کوردستانو پێوانەی خەرجوباجی ویلایەتەکانی کوردستانی سەدەی چواردەهەم نووسیوەو هەر ئەم میژوونووسەیشە کە بۆ یەکەم جار ناوی نیشتمانی کوردی لە کتێبەکەی‌دا بە کوردستان ناو هێناوە •

نووسیارێکی دیکەی سەدەی پازدەهەم کە لەمەڕ ویلایەتی بدلیس ، میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێماوەکەی خاوەنی « شەرەفنامە »دوواوە مەجدوددین موحەممەد فەیروزابادی‌یە • فەیروزابادی ئەم باسوخواسەی لە کتێبی « القاموس »دا نووسیوە • بدلیسی سوودی لەم کتێبەیش وەرگرتووە • میژوونووسی ئەرمەنی ف • میتسۆپسکی ، لە کتێبی «میژووی تەیموورلەنگو جێنشینەکانی »دا بڕێ باسوخواسی لە بارەی میژووی کوردستانەوە نووسیوە • میژوونووس لەم کتێبەی‌دا ، کە لە شێوەی سالنامەدا داینراوە ، لەو هێرشانە بە دوواوە کە تەیموورلەنگو قەرەیوسفی

قەرەقۆیونلوو جێنشینەکانی لـە سالاّنی ١٣٨٨ دا بۆ سەر کوردستانیان کردووە دەدوێ • ئەم کتێبە لە سالی ١٨٦٠ی زدا ، شانەزەریان بۆ لە چاپدانی ئامادەکردووەو لە پاریس بلاّوکراوەتەوە • ڕووداوەکان لەم کتێبەدا ، بـە ڕێکوپێکی نووسراون ، بەلاّم لـە گۆڕینی سـاڵە کۆچییەکان بـە ساڵە زایینییەکاندا ڕێگا بۆ بڕێ کەموکووڕی خۆش کراوە •

یەکێ لـە سەرچاوە فارسییەکانی دیکەی سەدەی پازدەهەم کتێبی « ظفرنامە »ی مەولانا شەرەفوددینی عەلی یەزدییە • ئەم کتێبە بـە سەرپەرشتیو چاودێریی میرزا ئیبراهیم ، والیی فارس ، لە ساڵی ١٤٢٥ دا ، بە ناوی میرزا شاهروخی باوکیەوە نووسراوە • نووسیار لەم کتێبەدا بـە فرەوانی باسی ئەو هێرشانەی کردووە کە تەیموری لەنگ بۆ سەرکوردستانی کردووەو لـەو بەربەرەکانێ گەورانە دوواوە کە لـە لایەن بڕێ میرنشینی کوردەوە بەرەنگاری بووە • شەرەفخانی بدلیسی ئەو ڕووداوانەی ، پشت بە « ظفرنامە »کەی عەلی یەزدی نووسیوە[٤] •

سەرچاوەیێکی دیکەی فارسیی سەر بە میژووی کوردستان لە سەدەی پازدەهەمدا « مطلع السعدین و مجمـع البحرین »ی مەولانا عەبدوڕەزاقی سەمەرقەندییە • نووسیار لەم کتێبەدا ، لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٤٠٣ ــ ١٤٧٠ دا بـە فرەوانی لەمەڕ هاتنی قەرەیوسفو میرزا شاهروخ بۆ کوردستانو سەروکاریان بە میرە کوردەکانەوە دوواوە • دانەری « شەرەفنامە »یش لەم کتێبەی ئەو کە لە بارەی کوردستان دەدوێ ، کەلکی وەرگرتووە • بدلیسی ، تەنانەت باسی لـە لایەن شاهروخەوە ناردنی عەبدوڕەزاق سەمەرقەندیی بۆ هیندستانی پشت بـە « مطلع السعدین و مجمع البحرین » نووسیوە[٥] •

سەرچاوەیێکی تر لەو سەرچاوانەی باسی میژووی کوردستانیان لـە سەدەی پازدەهەمدا کردووە « زبدة التواریخ »ی مەولانا نوورەددین کۆڕی

لوتفوللاّ (حافظ ابرو)وه که به زمانی فارسیی نووسیوه • لهم کتێبهدا بڕێ زانیاری لـه بارهی مێژووی کوردستانهوه ههیه • هـهر لـهم کتێبهدا باس‌وخواسێکی بهداوێن له بارهی هۆزو تیره کوردهکانی لوڕستانیشهوه نووسراوه • بدلیسیش ههر ئهو ڕووداوه مێژووییانهی لـه کتێبهکهیدا تۆمار کردووه[٦] .•

سهرچاوهیێکی دیکه لـــهو سهرچاوه فارسیبانهی لهمهڕ مێژووی کوردستان دهدوێن‌و سهروکاریان به ڕووداوه له مێژینهکانی ئهو سهروبهندهوه ههیه ، کتێبی « ظفرنامه »ی نیزامهددینی شامیه ، دانهر لـه باسی سهرکهوتنهکانی تهیموری لهنگدا ، باسی ئـهو شهڕوشۆڕانهی ، لـــه ههڵکوتانهسهر ماردیـــن‌و ئامێدو بدلیس‌و میرنشینهکانی دیکهی کـــوردا کردوونی به بهربلاوییهوه نووسیوه[٧] •

عهلی یهزدی‌و نیزامهددینی شامی‌و بدلیسی کـــه لهمهڕ هێرشهکانی تهیموری لهنگ بۆ سهر کوردستانیان نووسیوه ، له ناوهڕۆکدا ، تێکڕا ، یهکدهگرنهوه • واتا : بدلیسی بۆ خۆیشی باسی ئهوهی نووسیوه ، کـه سوودی لـــهم دوو مێژوونووسه وهرگرتووه ، چونکه ئهمیش ههروهک مێژوونووسانی سهدهی ناویـــن ، ئهوانهی نووسیارانی پێش خـــۆی نووسیوانن ، بێ ئهوهی کهموکوڕی‌و له یهک سهرچاوه ئاونهخواردنهوهو وهسهریهکنهچوونهوهو یهکنهگرتنهوهیان دهستنیشانبکاو لـــه سهنگی محهکیان بدا ، دووپاتهی کردوونهوه •

سهرچاوهیێکی تر لهو سهرچاوانهی دهربارهی مێژووی کوردستان له ئاخروئۆخری سهدهی پازدههمدا ، زانیاریی بهداوێنتری تێدا تۆمارکراوه «کتاب دیاربکریه»ی ئهبوبهکری تههرانیه به زمانی فارسی • نووسیار لهم کتێبهدا که بریتیه له دوو بهش ، لهمهڕ سهربهوردی دامهزرێنی دهولهتی ئاققۆیونلو ، حهسهنبهگ‌و شهڕوشۆڕهکانی لهگهڵ میرنشینهکانی کورد ،

وەك بدلیس و ئەخلات و موش و ...هتد ، بە فرەوانی و داوێن شۆڕی یەوە دەدوێ • بەشی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٢ و بەشی دووەمی لە ساڵی ١٩٦٤دا لە ئەنقەرە بڵاوکراونەتەوە • ئەمەیش بۆ یەکەم جارە لە میژووناسی دا کەڵك لە بەشی دووەمی ئەم کتێبە وەردەگیرێ •

هێندێ لەو ڕووداوانەی لە کتێبی « دیاربکریە »دا نووسراون لە ناوەرۆکدا لەگەڵ ڕووداوگەلێکی«شەرەفنامە»باسی کردوون ، یەکدەگرنەوە• لەبەر ئەوە ڕێی تێدەچێ دانیاری « شەرەفنامە » ئەو ڕووداوانەی یا لەم کتێبە بە وەرگرتن وەر گرتبێ ، یا بە بیستن ، هەر بەو تەرزەی بیستبێ • کتێبی « تذکرة الشعراء »ی دەوڵەتشای هاوچەرخی عەبدوڕەحمانی جامی کە لە ساڵی ١٤٩١دا نووسیویە یەکێکە لە سەرچاوە فارسیی بە گرینگەکان • نووسیار ئەم کتێبەی لە بنەڕەتدا زێتر بۆ باسی شاعیرانی سەردەمی خۆی نووسیوە • بەڵام لە بارەی میژووی بدلیس و ئەخلات و موشەوەیشی کە سەروکاری بە هاتنەکەی سوڵتان جەلالەددینی خارەزمشاهەوە هەیە بۆ بدلیس لە سەدەی سێزدەهەمدا ، بڕێ باس وخواسی نووسیوە • کتێبی « تذکرةالشعراء » لە ساڵی ١٨٤٣ دا لە ئەستەمبوڵ بە زمانی تورکی لە بورهانەددین خاوەندشاهە کوڕی کەمالەددین مەحمودی بەڵخی چاپ دراوە • لە ساڵی ١٩٣٩ یشدا لە لایەن ئەدوارد براونەوە بەزمانی ئینگلیسی لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە لە پاشان موحەمەدی عەباسیش کردوویە بە فارسی(٨) •

یەکێ لەو کتێبانەی لەبارەی میژووی کوردستانەوە لە دوادوای سەدەی پازدەهەم ــ سەرەتایەکانی سەدەی شازدەهەمدا بڕێ باس وخواسی تێدا نووسراوە ، کتێبی « روضة الصفا »ی میرمحەمەدی کوڕی سەید (میرخوند)ە • ئەم کتێبە کە لە پاش مردنی میرخوند (١٤٩٧)ڕەزاقولیخانی هیدایەت دریژەی پێداوە ، بڕێ باس وخواسی کوردستانی ، کە سەروکاریان

به مێـژووی سـەفەوی‌یەکانەوە هەیە ، تێدا تۆمار کـراوە • بدلیسی بۆ نووسینی « شەرەفنامە » با کەمیش‌بێ ، سوودی لە کتێبی « روضة الصفا » وەرگرتووە • ئەم کتێبە لەپاش سالی ١٨٥٨ لە شاری لاکناو شاری بۆمبەی چەند جارێ لە چاپ دراوە •

کتێبی « حبیب السیر »یش کە لە ساڵەکانی ١٥٢١ ــ ١٥٢٤دا لە لایەن «غیاث‌الدین ابن خواجه همام‌الدین خـوندمیر»ەوە نووسراوەو لە بارەی مێـژووی کوردستانەوە بڕێ زانیـاریی تێدایە ، یەکێکە لە سـەرچاوە فارسی‌یـەکان • ئـەم کتێبە کە بریتی‌یـە لە سێ بـەرگو دەربـارەی داگیر کاری‌یەکانی مەغوولو فەرمانڕەواییی تەیموری لەنگو سـەرەتاکانی یەکەم سەردەمی بنەماڵەی سەفەوی‌یەکان دەدوێ ، سێیەم بەرگی دەربارەی مێژووی کوردستانیش ئەوەندەی سەروکارو پێوەندیی بە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەوە هەبێ زانیاری‌یەکی بەسەروشوێنێتێدایە ، بەڵام لەمەڕ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ــ ئابووریی کوردستان هیچی تێدا نییە • بدلیسی لە داناتی کتێبەکەی‌دا کەڵکی لە شـێوازو تەرزی ئەم کتێبەیش وەرگرتووەو ئەو زانیاری‌یانەی سەروساختیان بە مێـژووی کوردستانەوە هەیە ، هەمووی ڕاگوێزتوونە تێو کتێبەکەی •

کتێبی « تاریخ آل عثمان »ناوی لوتفی پاشا ، کە یەکێکە لە نووسیارە تورکەکانی سەدەی شازدەهەمو باسی مێژووی کوردی کردووە ، یەکێ لە سـەرچاوە هەرە بە نرخەکانە • نووسیار بۆ خـۆی لە دەرباری سوڵتانەدا هەمەکارە بووەو لە ناو زۆر ڕووداوە گرینگەکانی ئەو سەردەمەدا ژیاوە • ئەو زانیاری‌یانەی لەمەڕ شەڕی چاڵدیرانو شەڕوشۆڕەکانی دیکەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران کە لە سەرخاکی کوردستان لە بڕانەوە نەدەهاتن ، ئەوەندەی سەروکاریان بە مێژووی کوررەوە هەبێ لە واقیعی‌یاتە هەرە بەرچاوەکانە • لوتفی پاشا ئەم کتێبەی لە بنەڕەتدا بۆ مێژووی بنەماڵەی

عوسمانی‌یەکانی سەدەکانی دوازدەهەم ــ شازدەهەم نووسیوە • نووسیار لەپاڵ مێژووی ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندەدا بڕێ شیعرو چامەو پەسنیشی نووسیوە • هەروەها ناوی سەرچاوە پێشینەکانیشی تێدا نووسیوە • ئەم کتێبە لە لایەن نەجیب عاسمەوە سەروبەرنراوەو لە چاپ دراوە • ئەم کتێبە یەکەم جارە لە مێژووناسیی کورددا کەڵکی لێوەردەگیرێ •

کتێبی « تحفەسامی » کە یەکێکە لە سەرچاوە فارسی‌یەکانی سەدەی شازدەهەمو سامیرزای کوڕی شائیسماعیلی سەفەوی داینناوە (١٥١٧ ــ ١٥٧٥) کەمو زۆرێ لە بارەی مێژووی کوردستانەوەی زانیاری تێدایە • هەروەها لەمەڕ شاعیرانی ئازەربایجانو ئێران دەدوێو تێوی سەروبەندیانی بە ڕێز نووسیون • ڕووداوە مێژووییەکانی لەم کتێبەدا نووسراوە ، تەنیا بۆ سەرکەوتنەکانی شائیسماعیلو شەڕوشۆڕەکانی تەرخانکراوە •

یەك لەو کتێبانەی لە سەدەی شازدەهەمدا نووسراوە کتێبی « تاریخ جهان آرا »یە کە زانیاری‌یەکی بەسەروبەرو دەوڵەمەندی تێدایە • نووسیاری کتێبەکە قازی ئەحمەد ، کوڕی موحەممەد غەفاری قەزوینی‌یە (١٤٩٥ ــ ١٥٦٨) • قەزوینی مێژوونووسو نووسیاری بەناووبانگی سەروەختی خۆی بووە • شازادەو ئەمیرانی سەفەوی زۆریان ڕێزلێگرتووە • نووسیار ، کتێبەکەی لە ساڵانی (١٥٦٥ ــ ١٥٦٨) دا دەستپێکردووەو هەر لەو ساڵانەیشدا تەواوی‌کردووە • قەزوینی لەم کتێبەدا ، لەمەڕ ئەو تیرەو هۆزە کوردانەی ، بە سەر کوردستان ڕاگەیشتوون ، نووسیوە • ئەز باس‌وخواسانەی قازی ئەحمەدی قەزوینی لەمەڕ شەڕی چاڵدیرانو ئەو شەڕو شۆڕانەی پاش ئەو شەڕە لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران ، لەسەر کوردستان درێژەی دەکێشا ، ڕێگای لە دژایەتیی ئابووری ــ کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کۆڵینەوەی ئەو سەروبەندەی بۆڵێکۆڵەوانانخۆش‌و هەموار کردووە • ئەمە یەك لەو کتێبە مێژووییانەیە

که شەرەفخانی بدلیسی زۆری کەلک لێوەرگرتوون ، لەبەر ئەمە ئەو زانیاریانەی لەمەڕ مێژووی کورد ، لە هەردوو کتێبەکەدا نووسراون ، هەر یەکن .

کتێبێکی دیکەی قازی ئەحمەدی قەزوینی کتێبی «تاریخ نیگارستان» ە. قەزوینی ئەم کتێبەی لە سالی ١٥٥٢ دا نووسیوە ، بەڵام باس‌وخواسی مێژووی کوردستان لەم کتێبەدا زۆر کەمە .

کتێبێکی دیکەی سەدەی شازدەهەم « تذکرة الطهماسب » ە . ئەم کتێبە زانیاریەکی زۆر بە کەڵکی لەمەڕ مێژووی کوردو کوردستان ، بەتایبەت ئەو زانیاریانەی بە دەم باس‌کردنی بارودۆخی سیاسی ئەو سەروبەندەوە نووسراون ، تێدایە . خاوەنی ئەم کتێبە بە قەوارە گچکەیە ، لەبارەی مل‌ملانێو ڕکەبەرایەتیی نێوان عوسمانیو ئێران ، لەبارەی مۆڵخواردنی لەشکری عوسمانیو قزڵباش لە خاکی کوردستان‌دا ، کە هەمیشە مەیدانی ئەم مل‌ملانێو ڕکەبەرایەتییە بووە ، لەبارەی تاڵان‌کردنو سووتاندنی شارە کوردنشینەکانەوەی زۆر بەداوێنو بەربڵاوی‌یەوە نووسیوە .

لەبەر ئەوەی نووسیاری «تذکرة الطهماسب»و نووسیاری «شەرەفنامە» هەردووک هاوچەرخی یەکدین ، ئەو زانیاریانەی لەسەر مێژووی کوردستان ، بەتایبەت ، لەسەر میرنشینی بدلیسیان نووسیوە ، کوتومت لێکدی دەچنو ڕێی تێدەچێ شەرەفخان لە « تذکرة الطهماسب»ی وەر گرتبێ . بەڕاستی ئەوەی بیەوێ لە کێشەو هەرای نێوان ئێرانو عوسمانی لەسەر کوردستان ، بگاو بزانێ چ جۆرە سیاسەتێ بەرانبەر بە نەتەوەی کورد بەکاربراوە ، دەتوانێ کەلکێکی زۆری لێوەرگرێ . کتێبەکە سەرچاوەیێکی زۆر بەسەروبەرە .

نووسیارێکی دیکەی سەدەی ١٥ ــ ١٦ هەم ، کە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی نووسیوە بوداقی قەزوینی‌یە . ئەم دێرۆکناسە لەم کتێبەی‌دا کە

« جواهرالخبر »ی ناوه ، زانیاریەکی چاکو پڕوپوختەی لەمەڕ مێژووی کوردستانو سەربهوردی نووسیاری « شەرەفنامە » ، شەرەفخانی بدلیسی نووسیوە .

دەسنووسی ئەم سەرچاوە ئاستانکینە دەوڵەمەندەی سەدەی شازدەهەم لە نمونەنامەکەی ب . دۆزنەوە .

کتێبی « أحسن التواریخ »یش لە ڕووی باسوخواسی ڕووداوی کۆمەلایەتی ئابووریو سیاسییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو زۆر بەکەڵکە . نووسیاری ئەم کتێبە حەسەن بەگی ڕووملو ، لە ساڵی ١٥٣١ دا لەدایکبووەو لە دەرباری شادا پەروەردە بووە . ئەم مێژوونووسە بۆ خۆی ، لەو هێرشانەدا ، شاتاماسبی یەکەم ، بۆ سەر گورجستانو کوردستانی بردوون بەشداربووە . هەرلەبەر هەندێکەیشە ئەم کتێبە لەچاو سەرچاوەکانی دیکەی سەدەی شازدەهەم زانیاریەکانی دەربارەی مێژووی کوردستان دەوڵەمەندیشو ڕاستیشن .

کتێبەکە دوازدە بەرگە ، بەڵام تەنیا هەر بەرگی دەیەمو یازدەیەمی بەم سەردەمە ڕاگەیشتوونو بۆمان ماونەوە . کتێبی « أحسن التواریخ » لە ساڵانی ١٩٣١ ــ ١٩٣٤ دا ، چارلز سێددۆن سەروبەری ناوەو لەچاپیداوە . بەرگە دووهەمەکەی کە لە ڕووداوەکانی ساڵانی ١٤٩٥ ــ ١٥٧٧ دەدوێ ، لەبەر ئەوەی لەسەر مێژووی کوردستان پتر دەڕوا ، ئێمەیش لەم کاری لێکۆڵینەوەیەی خۆدا پترمان کەڵك لەمەیان وەرگرتووە .

کتێبی « دۆن جوانی ئێرانی »یش کە لە دوادوای سەدەی شازدەهەم ــ سەرەتایەکانی سەدەی حەقدەهەمدا نووسراوە ، لەمەڕ مێژووی کوردستانو شەرفخانی بدلیسی زانیاریو باسوخواسی چاکی تێدایە . نووسیاری ئەم کتێبە ئۆروج بەگی کوڕی سوڵتان عەلی بەگی بەیاتە . ئەم پیاوە لە سەروبەندی شاهەباسی یەکەمدا (١٥٨٨ ــ ١٦٢٧) لە تەك حوسەین بەگی

بەیاتدا چووە بۆ ئیسپانیاو لەوێ ئەم کتێبەی بە زمانی ئیسپانیۆلی نووسیوە • کتێبەکە قەشەیێکی (ڕێمۆن)ناو دای ڕشتۆتەوەو لە ساڵی ١٦٠٤دا لە شاری ڤیلیادەلید ، لە ئیسپانیا ، لەچاپدراوە •

ئۆروج بەگی بەیات لەبەر ئەوەی کە لە ئیسپانیا بە ناوی دۆن‌جوانەوە ناووبانگی ڕۆیشتووە ، کتێبەکەیشی هەر بە ناوی « دۆن جوانی ئێرانی »یەوە ناووشۆرەتی دەرکردووە •

ئەم کتێبە ، نەڕوانینە ئەوەی کە بە شێوازی گەشتنامە نووسراوە ، باس‌وخواسێکی فرەوانو بەربڵاوی لەمەڕ شەڕی چاڵدیرانو ناکۆکیو کێشەو هەرای تێوان عوسمانیو ئێرانو میژووی کوردوکوردستان تێدایە •

لە ساڵی ١٩٥٩ دا مەسعوودی ڕەجەبنیا کتێبەکەی لە زمانی ئینگلیسی‌یەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی • « فتوحات »ی عبدالفتاح‌فومەینی دەربارەی ڕووداوەکانی گیلان لە سەدەی شازدەهەمدا ، نووسراوە • ئەم کتێبە لە ساڵی ١٦١١ دا نووسراوەو لەمەڕ سیاسەتی سەفەوی‌یەکان لە گیلانو ئەو ناوە ، دەدوێ •

نووسیار باسی میژووی کوردی نەکردووە ، تەنیا لەمەڕ شەرەفخانی بدلیسی کە سەردەمانێ لە تۆنیکابۆن[٩] فەرمانڕەوا بووە ، دەدوێ • ئەم کتێبە ، هەر ب • دۆرنی ئەکادێمیك بە چاپی گەیاندووەو ناوی لێناوە ــ هەقیشی بووە ــ « تاریخ گیلان » • ئەم کتێبە ، بۆ یەکێ بیەوێ لە میژووی گیلان بکۆڵێتەوەو تێی‌بگا باس وخواسێکی زۆری تێدایە •

سەرچاوەیێکی دیکەی بە پێزو بە بڕشت ، « تاریخ عباسی »ی جەلالەددینی محەممەدی مونەجیمی یەزدی‌یە کە بە فارسی نووسراوەو لەمەڕ باس‌و خواسی ڕووداوەکانی سەدەکانی ١٦ ــ ١٧ هەم دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە • ئەم کتێبە زۆر بە بەربڵاوی‌یەوە ، لە شاهەباس ، لە ڕۆژی لەدایبكبوونیەوە تا دوادوای فەرمانڕەواییی ، دەدوێو لەبارەی میژووی

کوردو کوردستانه ، بەتایبەت هەرچی‌یەکی پێوەندیی بە میژووی ئێرانەوە هەبێ زۆر شتی ڕوون کردووەتەوە • ئەمە بۆ یەکەم جارە میژوونانسی سۆفیێت کەڵك لە دەسنووسی ئەم سەرچاوەیە وەردەگرێ •

میرزا بەگ ، حەسەنئەلحوسەین گونابادیش لە کتێبی « روضة الصفویة »دا کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا بە فارسیی نووسیوە ، کاتێ دێتە سەرباسی بنەماڵەی سەفەوی‌یان ، بە درێژی دەربارەیان دەدوێ‌و باسی شەڕوشۆڕەکانیان دەکاو بەم بۆنەیەوە زانیاری‌یەکی زۆری لەمەڕ کوردستان‌و میرنشینەکانی کورد نووسیوە • نووسەر کەموزۆرێ لەمەڕ کێشەوهەرای عوسمانی‌و ئێرانی لەسەر کوردستان نووسیوە • بەڵام کتێبەکە لە بنەڕەتدا باسی ڕووداوەکانی خۆراسان دەکا •

سەرچاوەیێکی دیکەی زۆر بە نرخ کە بە زمانی فارسی نووسراوە ، « تاریخ عالم آرای عباسی »یە کە ئیسکەندەر بەگی مونشی نووسیویە • کتێبەکە لە (١٥٦١ ــ ١٦٥٨) دا نووسراوە • ئەم کتێبە کە بە بۆنەی سی ساڵ فەرمانڕەوایی شاعەباسی یەکەمەوە نووسراوە بریتی‌یە لەسێ بەرگ • کتێبەکە لەمەڕ باس‌وخواسی ئێران‌و ئازەربایجان‌و گورجستان‌و وڵاتانی دیکە نووسراوە • بەش‌بەحاڵی کوردو کوردستانیش زانیاری‌یەکی فرەوان‌و بەربڵاوی تێدایە • بڕێ لەو باس‌وخواسەی لە « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسیش‌دا بەرچاوەکەوێ لەم کتێبەش‌دا نووسراوە • چونکە هەردوو میژوونووس هەرچی‌یەکیان بە چاوی خۆیان دیتووە ، زۆریان بە وردی نووسیوە •

ئەم سەرچاوەیە لەچاو سەرچاوەکانی دیکە ، گەلێ فرەوانترەو لەمەڕ میژووی کورد زۆری بەربڵاوتر نووسیوە ، تەنانەت یەکێ بیەوێ زانیاریی تەواوی دەسکەوێ ، لە دوای شەرەفنامە ، دەتوانێ زۆری لێهەڵێنجێ • ئیسکەندەر بەگی مونشی ئەم کتێبەی لە ١٦١٦ دا دەستپێکردووەو لە ١٦٢٩ دا دواییی پێهێناوە • ئەم کتێبە بۆ باس‌وخواسی ئەو سەردەمە سەرچاوەیێکی هەرە بە نرخە •

یەکێ لەو سەرچاوە بەنرخانەی تر کە دەربارەی میژووی کوردستان باس‌وخواسێکی بە پێزو بەسەروبەری تێدایە «جهان‌نمان»ی کاتب‌چەلەبی‌یە. کتێبەکە هی سەردەمی (١٥٩٢ ــ ١٦٥٧)ە . ئەم کتێبە بەنرخە بــە زمانی تورکی نووسراوەو لە زۆر بابەت دەدوێ ــ ، لە میژوو ، لە جوغرافیا لــە ئەستێرەناسی‌و هتد ... کاتب چەلەبی بۆ نووسینی ئەم کتێبە زۆری کەلك لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی وەرگرتووە . واتە کاتب چەلەبی یەکەمین نووسیارێکی‌ڕۆژهەلاتی‌یە کە کەلکی لــە شەرەفنامە وەك سەرچاوەیێکی میژووین وەرگرتووە . ئەم نووسەرە گەورەیە ، لەبەر ئەوەی لە دەربارێ عوسمانی‌یان‌دا پەروەردەبووە ، دیارە ڕووداوەکانی لە یەکسەرەوە باس کردووەو ولاتی کوردستانی بــە بەشێ لە خاکی دەولەتی عوسمانی لــە قەلەم‌داوە . بەلام کوردستان لە هێندێ بارو دۆخ‌دا ، با سەر بە دەولەتانی بەهێزو زەبربەدەستیش بــووبێ ، بــووە بــە ولاتێکی سەربەخۆو خاوەن‌قەلەمڕەوی خۆی . کاتب چەلەبی ، نووسیاری بیلیۆگرافیایەکە باسی چەندین کتێبی بە زمانی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی نووسراوی کردووەو ناوی (کشف‌الظنون)ە . یەکێ لەو نووسیارانەی لــە (کشف الظنون)دا ناوی هێناون شەرفخانی بدلیسی‌و « شەرفنامە »کەیەتی .

سەرچاوەیێکی دیکەی میژووی کورد ، کە بە زمانی تورکی لە سەدەی ١٧ هەم‌دا نووسراوە (تاریخ ســولاق زاده)ی موحەممــەدی حــەمدی سولاق‌زادەیە . ئــەم کتێبەیش لەمەڕ تێگەیشتنی هێندێ ڕووداو ، کــە سەروکاریان بــە میژووی کوردەوە هەیە کتێبێکی بەبایەخە . نووسیار لە نووسینی میژووی دەولەتی عوسمانی‌دا لە سالانی ١٣٠١ ــ ١٦٤٣دا ، بڕێ زانیاریی لەمەڕ میژووی کوردو کوردستان نووسیوە . ئەو زانیاری‌یانەی لە بارەی پێش بڕکێی تێوان دەولەتی عوسمانی‌و دەولەتی ئێران ، بەتایبەت لەسەر کوردستان ، زۆر بەخەسیەتن . نووسیاری ئــەم کتێبە لەمەڕ شەڕو شۆڕەکانی تێوان عوسمانی‌و ئێران لە چالدیران‌و ئەو شەڕانەی لە پاشان ،

لـه خاکی کوردستاندا بەردەوام بووڕو لـه بڕانەوەنەدەهاتن ، زانیاریی بەربلاوو بەداوێنی تێدایە • هەر لەم کتێبەدا ، لە بارەی مێژووی میرنشینی بدلیسەوە ، زانیاریی زۆر سەرنجبزوێن دەخوێنیەوە • کتێبی (تاریـخ سولاقزادە) سەردەماتێکی دوورودرێژ ، هەروا بـە دەسنووسی ، بێ کەلکلێوەرگرتن مابۆوە • لـه بەراییی کتێبەکـەدا نووسراوە : « لەبەر ئەوەی نوسخەی ئـەم کتێبە بەنرخە زۆر بـە دەگمەن دەست دەکەوت ، بلاوکردنەوەی ئاسان نەبوو • ئەمە یەکەم جارە ، لە کوردناسیدا کەلـک لەم کتێبە وەردەگیرێ ، بەڵام نووسیار لە ڕوونکردنەوەی هاوسەروکارێتیو هاوپێوەندایەتیی کوردستانو عوسمانیو ئێراندا ، وەک هەر مێژوو نووسێکی تورکی دیکە بە لای دەرباری عوسمانیاندا مەیلی بزووتووە •

سەرچاوەیێکی دیکەی سەدەی ١٧ هەم «سیاحتنامەی ئەولیاچەلەبی»یە• نووسیاری ئەم کتێبە ، لە گەشتێکدا ، کە لە ناوەندی سەدەی ١٧ هەمدا ، لە کوردستان کردوویە ، لە بڕێ میرنشینی کورد ، بە تایبەت ، لە شـاری بدلیسدا ماوەتەوەو ، کتێبەکەی لـه سالی ١٦٤٦ دا نووسیوەو دووایی پێهێناوە• ئەولیا چەلەبی لە بارەی مێژووی کوردستانو بدلیسەوە ، هێندێ ڕاستیی لـه «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بدلیسیەوە ڕاگوێزتووە • ئـەم کتێبە ، کە خۆی لـه دەوروبەری چوار بەرگ دەدا ، لـه سالی ١٨٩٦ دا ، نووسیاری تـورک ئەحمەد جەودەت ، بـۆ لەچاپدانی سەروبەری ناوەو بلاوی کردۆتەوە •

گەڕیدەی فەڕەنسەیی ژان باتیسـت تاڤێرنێ ، لـه سالەکانی ١٦٣٢ ــ ١٦٦٨ی سەدەی ١٧ هەمدا ، نۆ جاری سەفەر بۆ ولاتانی ڕۆژهەلات کردووەو شەش سەفەری لەم سەفەرانەی بـۆ کوردستانو ئازەربایجانو ئێرانو تورکیا کردووەو لەم ولاتانە ماوەتەوە • تاڤێرنێ لە کتێبەکەیدا کە ناوی « گەشتنامە »ی لێناوە ، لە بارەی کوردستان ، بە تایبەت میرنشینی

بدلیسەوە زانیاریی بە سەروبەری نووسیوە • بەو پێیە نووسەر بۆ خۆی نووسیویە ، لەگەڵ میری بدلیس ، ئەبدالخان ، خۆیدا چاویان بە یەك گەوتووەو دیاریی پێشکێشی کردووەو دیاریی لێوەرگرتووە • گەڕیدەی فەرهەنگی وا دیارە لە هێندێ لەو ڕووداوانەی لە « شەرەفنامە »دا نووسراون ، دووا وە ، بەڵام هیچ دیاردەیەکی بۆ ئەوە نەکردووە کە کەڵکی لە کتێبەکەی شەرەفخان وەرگرتووە • ئێمە پێمان وایە ، ئەم نووسیارە فەرهەنگییەی کەڵکی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە ، هەر ئەو کەسەیە کە « شەرەفنامە »ی بە دەسنووسی ، بۆ یەکەم جار لە کوردستانەوە گەیاندووەتە ئەورووپا • چونکە ئەو ئەبدالخانەی کە میری بدلیس بووەو ژان باتیست تاڤێرنێ بە دیداری گەیشتووە لەگەڵ زانستو شارستانێتیدا سەروساختی زۆر خۆشبووەو کتێبو کتێبخڕکردنەوەی زۆر مەراق بووە • ئەم میرە کتێبخانەیێکی زۆر گەورەونایابی هەبووەو بەشی زۆری کتێبەکانی دەسنووسی خۆی بوون • هەر لەبەر ئەمەیە کە تاڤێرنێی ئاشقە کتێب ، وا پێدەچێ چەند کتێبێکی لە کوردستانەوە بە دانسقەو وەك شتی ئەنتیکەو کەمیاب بۆ ئەورووپا بردبێ • لە میژووناسیی کورددا ، ئەمە یەکەم جارە سوود لە « گەشتنامە »ی تاڤێرنێ وەردەگیرێ[10] •

جگە لەو سەرچاوە جۆراوجۆرانەی لە نوواوە باسمان کردن ، لە « منشآت سلاطین »[11] یش‌دا ، کە دەربارەی میژووی کورد ، لە سەدەی ١٦ هەدا ، وەك سەرچاوەیێکی میژووییە ، بەڵگەو دەساوێژو نامەی ڕەسمیی تێدا تۆمارکراوە ، سوود وەرگیراوە •

هەروەها ، بۆ ئەوەی لە تەرزی دەستووری باج‌گری ، کە میرنشینەکانی کوردستان لە سەری دەڕۆیشتن ، بە وردی بگەین ، کۆمەڵە قانوونامەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، کە لە ١٥٤٠دا هاتوونە گۆڕێ ، سوودێکی گەورەی لەم کاری لێکۆڵینەوەی ئێمەدا بووە •

ئەو مێژوونووسە بۆرجوا هاوچەرخانەی لە بنەچەکەی کوردو زمانی کوردو ئەو خاکو ولاتەی کوردی لەسەر ژیاوەو دەژیو لەمێژووی کوردیان کۆلیوەتەوە ، نەهاتوون ئـەو ناکۆکیە کۆمەلایەتیو ئابووریانەی لـە مێژووی کورددا سەریان هەلداوە ، شیبکەنەوە،بەلکو هاتوون ئەو ناکۆکیە سیاسیانەی مەگەر هەر لە کۆمەلی بۆرجوا بوەشێنەوە ، بەدەستوبردو مەهارەتێکی تایبەت بـە کۆمەلی بۆرجوایان شیکردووەتەوەو لـە بارەی مێژووی کوردستانەوە لە سەدەکانی ١٥هەمو ١٦هەمدا زانیاریەکی ئێکجار سەرپێیانەی بێبارستیان نووسیوەو بەمە مەسەلەکەیان وا لە قەلەمداوە کە کارەکە بڕاوەتەوەو ئیدی هیچ کێشەیێکی لەسەر نیە • بەلام ئەوی لە مێژووی ڕابردووی نەتەوەیێ بدوێ ، دەبێ باری کۆمەلایەتیو ئابووریی ئەو نەتەوەیە بەڕاستەقانی شیبکاتەوە •

هێندێ لە مێژوونووسانی هاوچەرخی کورد لە لێکۆلینەوەی مێژووی نەتەوەکەیاندا دوو ڕێیان گرتووەتە بـــەر : ئەوانە یـا مەسەلە بنەڕەتە مەبدەئیەکانی مێژووی کوردیان ـــــ، ناکۆکیە کۆمەلایەتیو ئابووریەکانیان لـە بیر خۆیان بردووەتەوە ، یا لە نیگای ئـەو نەتەوە فەرمانڕەوایانەوەی بە سەریان ڕادەگەنو گوێبەفەرمانیانن ، یا بە تەئسیری دەمارگیرانی نەتەوەیی وە ، مێژووی ڕاستەقینەی نەتەوەیێکیان هەلگێراوەتەوە • لەو مێژوونووسە بۆرجوایانەی ، بەتایبەت لەوانەی لـە ڕیزی کوردە هاوچەرخەکانی ئێران هاتوونە گۆڕێ ، دەتوانـین چەنـد نموونەیێ بێنینەوە • موحەمەد مەردۆخی کوردستانی کتێبەکەی ، کـە بە ناوی « کتاب تاریـخ مردوخ »ەوەی داناوە ، بـۆ مێژووی کوردی تەرخانکردووە • نووسیار دەلێ ، کوردەکان لە سەدەی ١١هەمو ١٣هەمدا ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی هۆزەکی (ملوكالطوائف)یان پێكهێناوەو چیوچیی دیکەیان کردووە ، بەلام ئەو نەك هەر دەربارەی هۆیە کۆمەلایەتیو

ئابووری‌یەکانی ئەم ئیمپراتۆری‌یەتەو هۆیە کۆمەڵەکی‌و ئابووری‌یەکانی بـە دوو پارچەوەکرانی کوردستانی لە سەرەتایەکانی سەدەی ١٦هەمدا هەرگیز پیشان نەداوە ، بگرە هۆیە سیاسی‌یەکانیشی زۆر سەرپێی‌یانەو بێ بارست نووسیوە • موحەممەدی مەردۆخ لە هەردوو بەرگە کتێبەکەی‌دا ، هەر لـە سەدەی نۆهەمەوە تا ئەم سەردەمە ، هەرچی شاعیرو نووسیارو مێژوونووس‌و جوغرافیانووسی کورد هەبوون ، لە بارەی سەرلەبەری نووسیون • بەڵام ئەم پیاوە سەرەڕای ئەوە کـە کەڵکی لـە « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی ، وەك سەرچاوەیێکی مێژووی کورد ، وەرگرتووە ، کەچی ناوی بەو جۆرە نەبردووە • ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە شەرەفخانی لەبەر چاو کەوتبێ ، چونکە شەرەفخان لـە دوادوای ژیانی‌دا مەیلی بـە لای دەرباری عوسمانی‌یان‌دا بووە • ئـەو بـە هەموو جۆرێ ویستوویە ئـەوە بەخەڵك بسەلمێنێ کە هەرچی تیرەو هۆزی کوردی ئێران هەن لە بنەچەکڕا فارسن • کتێبەکەی لێی نەنووسراوە لە چ سالێك‌دا بلاوکراوەتەوە ، بەڵام لە بەرگی دووهەم‌دا نووسیار ڕووداوەکانی تـا سالی ١٩٣٥ دریژەپێ‌داوەو ڕوونی کردوونەوە •

نووسیاری کتێبی « کردو پیوستگی نژاد تاریخی او » ، ڕەشید یاسەمی مێژووی کوردی لـە سەردەمی هـەرە کۆنیەوە تاوەکو سەدەی ١٥هـەم نووسیوە • ئەمیش لەم کتێبەی‌دا ، ڕەنجێکی زۆری داوە کورد لە ڕووی بنەچەکۆ ڕەگەزەوە بەرێتەوە سەر فارس • کوردناسی کوردی سۆفێت ، قەناتی کوردۆ ، ڕەشید یاسەمیی ، هەقیشیە ، بە پان‌ئیرانیست ناوبردوە • چونکە ڕەشید یاسەمی کاتێ لـە مێژووی ڕابردووی نەتەوەکەی خـۆی دەدوێ ، هێندەی زاتو ئازایەتی بە خۆیەوە شك نەبردووە ، نەتەوەکەی خۆی وەك نەتەوەیێکی جیاواز پیشان بدا •

هەرچی نووسیاری بۆرجوای کوردی هاوچەرخ ، عەبدولعەزیز یامولکیشە لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی « کردستان و کرد اختلالری »یەوەی نووسیوە ، لـــە بنەچەکو ڕەگەو ڕەگەمای کـوردو مێژووی کـوردی کۆلیوەتەوە . ئەم نووسیارە لەم کتێبەدا کە بە زمانی تورکیی نووسیوبە ، پاش ئەوەی بڕێ لە شایەکانی ئێران ، بە نموونە ساسانیەکانی بە کورد لە قەلەم داون ، نووسیویە : « باووباپیرانی حەزرەتی (محمد)یش (د) کورد بوون . لەبەر ئەوە عەرەبەکان لەو بڕوایەدان کە لە پاشان بوون بە عەرەب . » بێ گومان بیروبڕاوەیەکی وا چەوتو چێڵ لەبارەی بنەچەکو ڕەگەو ڕەگەمای نەتەوەیەکەوە ، واتە هەڵگێڕانەوەو شێواندنی مێژووی ئەو نەتەوەیە[١٢] .

ئەم نووسیارەی کە وەک مێژوونووسێکی کورد ڕەفتاری کردووە سیما مێژووییەکانی کوردیشی بەڕاستو بێ چەوتو چەوێڵی نەنووسیوە . ئەم پیاوە کە هاتووەتە سەر باسو خواسی سیاسەتی سوڵتان سەلیم لە کوردستان لە دەمەدەمی شەڕوشۆڕەکانی چاڵدیراندا ، دەنووسێ : « شەرەفەددینی بدلیسیی زانای کوردی بە ناووبانگ (شەرەفخانی بدلیسی ــ م.ش)لەبەر ئەوەی کە زۆری ڕک لە شیعە دەبۆوە ، چڵو شەش میرە کوردی خستە تەک سوپای سوڵتان سەلیم بۆ داگیردکردنی تەورێز » . ئاشکرایە ، نووسیار لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوەدا ، مەولانا ئیدریسی بدلیسیی بە شەرەفخانی خاوەنی « شەرەفنامە » زانیوەو لێی تێـک چووە . چونکە شەرەفەددین بدلیسی ٢٩ ساڵ پاش شەڕی چاڵدیران لە دایکبووە .

نووسیاری کتێبی « تاریخ ریشهٔ نژاد کرد » ناوی ئیحسان نووریش هەر بەو ڕێگایەدا ، نووسیارانی لە سەرەوەمان باسکردن پێداڕۆیشتوون ، ڕۆیشتووە . ئەو کە لە ڕەگەو ڕەچەڵەکی کورد دەدوێ ، دەڵێ ، بە سەرو شوێنەواری زۆر لەمێژینەڕا بـە دیار دەکەوێ ، کە دەسەڵاتداریو فەرمانڕەواییی ئێران لەسەر شانی کوردستان بووە ... هەر لەبەر ئەوە

کاتێ لـە ڕەگەزو ئەسڵی شاکانی ئێرانی کۆن دەکۆڵینەوە ، دەبێ لـە ناو سەرکردەو شاکانی ئەو هۆزەدا بیانبینینەوە .

لەم ئیددیعایەی ئـەم نووسیارە ، کە هەر بـە تەواوەتی لەگەڵ نووسیارەکانی دیکەدا جیاوازە ، ئاکامێکی مەتیقی ئاوها وەدەست دێ کە ، کوردەکان لە ڕەگەزو ڕەگەمادا فارس نـین ، بەڵکو فارسەکان بـە ڕەگەزو بنەچەکە کوردن . بەڵام هەر لە پاشان ، ئەمیش ، بیروبڕوای نووسەرەکانی دیکە دووپات دەکاتەوە ، ئـەوان چۆنی بـۆ چوون ، ئەمیش هـەر وای دەڵێتەوە ...

بەمەدا زۆر بە ڕوونی بە دیاردەکەوێ ، کە مەبەستی لە بنەڕەتدا ڕای ئەم مێژوونووسەو ئەم نووسیارە بۆرجوا هاوچەرخانە ئەوەیە ئینکاری ئەوە بکەن کە کورد بە ڕەگەزو ڕەچەڵەك نەتەوەیێکی جیاوازەو هەمیشە بیانبەنەوە سەر نەتەوەی فارسی بـە دەسەڵاتو فەرمانڕەوا . ئەمەیش بـە کەیفەو خوایشتی ئەو ئایدیۆلۆجیەیە بۆرجوا هاوچەرخەیە کە هەرچی نەتەوەیێکی چکۆلەی لە نەتەوە فەرمانڕەواکانی بە ژمارە کەمتر هەنو چارەنووسیان بە فەرمانڕەواییی بۆرجوای دەسەڵات بەدەستەوە بەندەو تا ئێستا لـە مافی خۆموختاری بێ بەهرەن بە سووکو سانایی بتوێندرێنەوە .

هەرچی مێژوونووسە عەرەبەکانن ئەوانیش هەوڵی ئەوەیانە کوردەکان بە ڕەگەز بە عەرەب پیشان بدەن[١٣] .

هەرچی مێژوونووس و نووسیارانی تورکی هاوچەرخن خۆ ئەوە لـە هیچ نووسینێکیاندا تووشی ناوی کورد هەرگیز نایەنو ناوهێنانی بڤەیە . چونکە ئەوان پێ لەوە نائێن نەتەوەیێکی جیاواز بە ناوی کوردەوە هەبێ .

تەنیا کتێبی « تاریـخ‌الکردوکردستان »ەکەی محمـد امـین زکی ، مێژوونووسی هاوچەرخی کورد ، کـە لـە بارودۆخی کۆمەڵی بۆرجوادا

بەهرەی نووسینی خەڵیوە بۆ ئەوە لەبارە ، لە مێژووناسیی کورددا ، لـە چاو خۆیدا ، بە کێبێکی بە کەڵك بژمێردرێ .

وەك لـە سەرەوە گوتمان ، چ مێژوونووسانی ڕۆژهەڵاتو چ مێژوونووسانی ئەورووپا ، بەش بـە حاڵی ئاخروئۆخری مێژووی کـوردو کوردستان ، واتە ، لە دوادواکانی سەدەی ١٩ هەمەوە بگرە تا ئەم سەردەمە زانیاریی بەربڵاوو بەداوێنیان نووسیوە ، بەڵام هەرچی لە بارەی مێژوویەوەیە لە سەدەکانی ناوین‌دا پێویستی بە لێکۆڵینەوەی گەورەترو بەرفرەوانتر هەیە لەو هەندە زانیاریانەی تا ئێستا گەڵاڵەکراون .

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە بڕێ زانای ڕووس هەن ، لە گەشاندنەوەو خەملاندنی مێژووناسیی هاوچەرخی کورددا ، ڕەنجێکی پیاوانەیان داوەو دەبێ ئەمەیان بە تایبەت بۆ یادداشت کرێ . لە مەیدانی خەڵێو گەشانەوەی کوردناسیی سۆڤێت‌دا ، بڕێ کێبی بە نرخی سەر بە مێژووی کورد لـەم دواییانەدا لە لایەن زانایانی سۆڤێتەوە نووسراون . نەتەوەی کورد ، وەك ئـەم زانا سۆڤێتیانە نووسیویانە ئـەوە نیە کـە نووسیارە بۆرجواکان نووسیویانە ، بەڵکو نەتەوەی کورد لە لێکۆڵینەوەی ئەم زانایانەدا نەتەوەیێکە لە نەتەوە هەرە کۆنو سەربەخۆو تێکۆشەرەکانی ئاسیا . بەم پێیە ئەو زانا ئاسیاییو ئەورووپاپیە هاوچەرخانەو بە تایبەت ئەو زانا سۆڤێتیانەی لـە بنەچەکەو ڕەچەڵەکی کورد ، لـە زمانی کورد ، لـە مێژووی کوردو لـە جوغرافیای کوردیان کۆڵیوەتەوە ، کەڵکیان لە « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی ، وەك سەرچاوەیێکی لەمێژینە وەر گرتووە .

« شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی ، وەك سەرچاوەیێکی مێژووی کورد نوسخەی لە زۆر کۆنو کەڵێنی دنیادا هەیە ، بەڵام ئەو نوسخەیەی شەرەفخان بـە دەستی خۆی نووسیویە لـە ئینگیلتەرە ، لـە کێبخانە

بەناووبانگەکەی بۆدلیان‌دا پارێزراوە • ئەم کتێبە کە شەرەفخان بە زمانی فارسیی نووسیوە لەم دواییانەدا وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمانی بێگانە •

ئیدی بەم ڕەنگە ، هەروەك لە سەرەوە گوتمان ، بە پشتیوانیی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی وەك سەرچاوەیێکی لەمێژینە کەڵكوەرگرتن ، نووسینی کتێبێکی نوێ دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەی١٦ هەمدا بوو بە کارێکی ناچاریو لە خۆڵێ هەڵ بواردن بەدەر بوو • بێ گومان ئەم کتێبە مێژووی تەواوی کورد نانوێنێ • چونکە بۆ بەداوێنتر لە مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوین‌دا کۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی ئەم مێژووە کاری زانستانەی گەورەترو بە پشووتری دەوێ •

بەشی یەکەم

سەرچاوەکانی شەرەفخانی بدلیسی و بەهرەو هونەری

کتێبی « شەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسی ، کە لە مێژووناسیی کوردا ، لە سەدەی ١٥هەم و ١٦هەمدا بایەخێکی گەورەی هەیە، بۆ لە مێژووی کوردو سەروسیما تایبەتەکانی ئەو سەردەمانە گەشتن ، یەکەم سەرچاوەیێکە زانیاریی زۆر بەنرخ و بە کەڵکی تێدابێ • کتێبی «شەرەفنامە» لەمەڕ مێژووی ئازەربایجانو ئێرانیش لە سەدەی شازدەهەمدا زانیاریی بە سوودو بە سەروبەری تێدایە • هەر سەبارەت بەمەیشە کە بە وردی لەم کتێبە کۆڵینەوە بایەخێکی زانستانەی هەیە • نووسیاری کتێبەکە شەرەفخانی کوڕی شەمسەددینی بدلیسییە ، بەڵام هێندێ نووسیارو مێژوونووس بە شەرەفەددینیشی ناو دەبەن (١٣٢ ، ١١٩٨) • بنەماڵەی بدلیسی لە هۆزی ڕووزەکییە (١٤) ، ئەم هۆزە ڕووچەکیو ڕوودەکی (١٥)و ڕۆژەکیو ڕووژەکیشی پێدەگوترێ (٨٣ ، ١٩ ، ٤٧ ، ١٤١) • بەڵام لەبەر ئەوەی دانەری « شەرەفنامە » بۆ خۆی ڕووزەکی نووسیوە ، ئێمەیش پشت بەو دەبەستینو ڕووزەکی پەسند دەکەین (٧٦ ، ٣٥٧) • ئەم بنەماڵەیە لە هۆزێکی کوردنو لە ساڵی ١٣٨٤ەوە تا ١٨٤٩ ناوبەناو سەربەخۆو جاروبار نیوە سەربەخۆ پشتاوپشت فەرمانڕەوای ویلایەتی بدلیس (بتلیس)بوون •

بنەماڵەکە خۆی لە ناو فەرمانڕەواو حوکمدارانی کوردستاندا خاوەنڕێزو دەسڕۆیشتوو بوون و فەرمانڕەوایی یان لە لایەن زۆرینەی شایانی ئەو سەردەمانە ، هی وەك ئەمیرتەیموور (٧٧،٦٨٧،٤١٠،١٥) (١٣٩٣)و قەرەیوسفی قەرەقۆیونلوو (٧٦،٧٢) (١٤١٧)و جێنشینەکانی ئەمیر تەیموورەوە (١٤،٢٠،٧٦،١٥٥)بە فەرمانی ڕەسمی تەسدیقکراوەو بە ڕەسمی

ناسراوه • میرنشینی بدلیس تەنیا هەر ٢٩ ساڵ (١٤٦٦ ــ ١٤٩٥) بە دەست ئاق‌قۆیونلووەکانەوە بووە ، بەڵام بــە تێکۆشانێکی بێ پشووی خەڵکەکە دووبارە ئازادکراوەو سەربەخۆیی خۆی وەگێرکەوتۆتەوە •

دامەزرێنی دەوڵەتی سەفەوی‌یان لــە ئازەربایجان ، شاسماییلی یەکەم (١٥٠١ ــ ١٥٢٤) لە ساڵی ١٥٠٤دا میرنشینی بدلیسی بە ڕەسمی ناسی‌و تەسدیقی‌کرد • بەڵام لە شەڕی چاڵدیران‌دا (١٥١٤) کە شاسماییل بەزی شەرەف‌بەگ (باوکی نووسیاری « شەرەفنامە »)[١٦] پارێزگاریی عوسمانیی قوبووڵکرد • لە سەردەمی میرایەتیی میرشەمسەددینی کوڕی‌دا (١٥٣١ ــ ١٥٣٥) وێلایەتی بدلیس لــە لایەن غــازی سوڵتان سولەیمانی یەکەمەوە داگیرکرا • لەبەر ئەوە شەمسەددین بەگی بدلیسی پەنای وەبەر شاتاماسپی (١٥٢٤ ــ ١٥٧٦) یەکەم برد لە تەورێزو شایش زۆر بە ڕێزلێنانەوە پێشوازی لێکرد • ماوەیێکی زۆری نەخایاند ، بەشی زۆری هۆزی ڕۆژەکی کە لــە وێلایەتی بدلیس بــوون ، لــە دژ ئاغایەتیی عوسمانی‌یان ڕاپەڕین ، بــەڵام ڕاپەڕینەکەیان سەرکوتکرا و ژێرکەوتن‌و بەشێکیان بۆ تەورێز هەڵاتن‌و لەگەڵ شەمسەددین بدلیسیی میریان‌دا یەکیانگرت • شەرەفخانی بدلیسی دەنووسێ : « هەر لــە پاش ئــەم ڕووداوە شەمسەددینی بدلیسی ڕێــزو حورمەتی لە کن شا زێتر دەبێو نازناوی خانی پێدەبەخشێو بۆ بەڕێوەبردنی چەند شوێنێکی لە ئەیالەتی ساراب‌و مەراغە دەتێرێ •» نزیکەی ٤٠٠کەسێ لە هۆزی ڕۆژەکی لە دەوری شەمسەددین خڕببوونەوە (٧٦ ، ٤٤٦ ، ٩٧ ، ٣٧١) • شەمسەددین خان لە چەند شەڕێکی شاتاماسپی یەکەم‌دا هاوبەشیی کردبوو • حەسەن ڕوملوو دەنووسێ : « لــە ساڵی ١٥٥٢ دا ، کاتێکی شاتاماسپ لەشکری وەسەر ولاتی ڕۆمی کرد ، شەمسەددین خانیش لــە تەك سەرکردە قزڵباشەکان‌دا داگیرکردنی ناوچەکانی مووش‌و ئەخلاتی بێ سپێردرا بوو (٥٢ ، ٣٥٦ ــ ٣٦٧) •

شەمسەددین‌خان کاتێکی لە ئێران دەبێ کچی سەرکردەی قزڵباشان ، ئەمیر خانی موسوڵڵوو دێنێ • ئەمیر خان وەختی خۆی لەلەی شاتاماسپی یەکەم‌و فەرمانڕەوای ئەیالەتی خۆراسان بووە (١١٣ ، ٢١٧ ، ٤٧ ، ١٤٠)• شەمسەددین لە ناو قزڵباشەکانداز زۆری ڕێزو حورمەت لێدەگیرا • شەرەف ، نووسیاری «شەرەفنامە» لە ساڵی ٩٤٩ی کۆچیدا ، لە ٢٠ی مانگی (ذوالقعدة)دا (٢٥ ی ڕەشەمێی ١٥٤٣) لە شارۆکەی کەرەهروودی هەرێمی قوم ، لە کچی ئەمیرخانی موسوڵڵوو لە دایك بوو (٧٦ ، ٤٤٩ ، ٩٧ ، ٣٧٦) • بدلیسی هێشتا منداڵ دەبێ ، بەبێ دایك دەمێنێتەوە ، باوکی پێگەیاندنی سەرەتایی بە قازیەکانی کەرەهروود دەسپێرێ • ئەو قازیانە[١٧] لە پێگەیاندنی پیاوی زانـاو لێهاتـوودا ناووبانگی زۆریان دەرکردبوو[١٨] سـام میرزا دەنووسێ : « کەرەهروود لـە پێگەیاندنی زانـاو شاعیرو نووسیاراندا بێمانەندە » (٧٥ ، ١٠٧) •

ف • ڤیلیامینۆڤ ــ زەرێنۆڤ دەنووسێ : «ئەم قازیانە» شاگردەکانیان بە ڕۆحی زانستپەروەری‌و ڕێزلەزاناگیری گۆشدەکرد • شەرەف توانیویە ئەم دوو ئاکارو خەسیەتە گەورەیە تا ئاخروئۆخری ژیانی بپارێزێ (٧٦ ، ٩)

بدلیسی دەڵێ : « لە تەمەنی منداڵیەوە تا ئێستا سوودم لـەو جۆرە زانایانە وەرگرتووە » (٧٦ ، ٤٤٩)[١٩] •

بدلیسی پاش ئەوەی تەمەنی ٩ ساڵانی لـە شـاری کەرەهروود بـە فێربوون‌و پەروەردەبوونەوە خەریـك دەبێ ، بـە پێی داب‌ودەستووری سەردەم ، دەهێندرێتە دەرباری شـا • چونکە ئەو سەردەمانە لـە دەربارو کۆشك‌وتالاری سوڵتانەکانی عوسمانی‌و شا سەفەوی‌یەکان‌دا ، ئەمیرزادەو بەگزادەکان لەگەڵ شازادەکان‌دا پێکەوە پەروەردە دەکران •

لە پاشان وەك کارمەندێکی هەرە بەمتمانەی دەوڵەت بۆ خزمەت‌کردنی دەربار هێندراوە •

بدلیسی له دەرباری شادا ، له پشته جۆراو جۆرەکانی زانستدا ، له یاساو قانوون‌و حوقووق‌شناسیی ئایینی ، لـه شەریعەتی ئیسـلام ، لـه مەشق‌کردن‌و خۆ لەسەر بەندوباوی شەڕوشۆڕ ڕاهێنان‌دا دەستی بە فێربوون کرد • لـه شەرحی حاڵی خۆی‌دا دەنووسێ ، دەڵێ شاتاماسب خـۆ بـه نیگارکێشی‌یەوە خەریك‌کردنیشی دنـه دەداین‌و لـه مەسڵەحەتی دەزانی • چونکه ، شـا پێی وابوو نیگارکێشی زەوق‌و چەشکەی مەعنەویی مـرۆ دەخەملێنێ‌و گەشەی پێ دەدا » (٧٦ ، ٤٥٠) •

ئیدی بەم ڕەنگە بدلیسی تا ساڵی ١٩٥٤ له دەرباردا خەریکی فێربوون‌و پەروەردەبوون دەبێ • میر شەمسەددینی باوکی لەبەر پیری دەست له کاری میرایەتی هەڵدەگرێ‌و هۆزی ڕۆژەکی لـه شا خوایشت دەکەن شەرەفی کوڕی له جێ بکا به میر • لەبەر ئەوە به فەرمانی شا به میری دەشتی ساڵیان‌و مەحمودئاباد و موغانی شیروان دادەنرێ‌و شـێخ ئەمیری بیلباسی کـه له هۆزی ڕۆژەکی‌یە ، دەکرێ به لەلەی (٧٦ ، ٤٥٠ ، ٩٧ ، ٣٧٦) • له چاپی پیتەربورگی « شەرەفنامە »دا وا نووسراوە که ، لەلەی شەرەفخانی بدلیسی موحەممەد شەهەنمانی قەوالسی بووە • بەڵام هەرچی چاپەکەی قاهیرەیەتی دەنووسێ ، موحەممەد شەهەنمان قەوالسیش‌و شـێخ ئەمـیر بیلباسـیش هەردوکیان لەلەیەتی‌یان کـردووە (٧٦ ، ٤٢٠) ی • پ • پێترۆشێفسکی وا پیشان دەدا که ، کاتێکی شەرەفخان کرا به فەرمانڕەوای شیروان ، بـه پێی دەستوورو بەندوباوی ئەو سەروبەندە ، یەکێ له پیاوماقوولانی قزڵباش کرا به لەلەی (٢٤ ، ٣٠) • کەچی شێخ ئەمیری بیلباسی له هۆزی ڕۆژەکی‌یەو له ساڵانی ١٥٣٤ ــ ١٥٣٦ دا هاتۆته ئازەربایجان • لەبەر ئـەوەی • پ • پێترۆشێفسکی لەوەدا که ئەم پیاوەی به یەکێ له پیاوماقوولانی قزڵباش نووسیوە ، به هەڵە چووە • بەڵام له پاش سێ ساڵ شێخ ئەمیری بیلباسی دەمرێ‌و میر شەرەف لەسەر ئەم کارە لادەبرێ • ئینجا پاش ئەوەی لەگەڵ

شاتاماسپدا له ئێلاخی خەرەگان (نزیکی هەمەدانە) یەکدی دەبینن ، شا دەی‌ێرێتە سەرەنجامی فەرمانڕەوای هەمەدان موحەممەدی بەگ[۲۰] . موحەممەدی بەگیش میر شەرەفی بدلیسیی زۆر بەڕێزەوە قوبوولدەکاوکێژی خۆیشی دەداتێ . بەو پێیە شاتاماسپ دەڵێ ، بۆ فەراهەمکردنی بژیوو بەڕێچوونی میر شەرەفو هۆزی ڕۆژەکی کە لە دەوری خڕبوونەوە ، بەشی دەسنیشانکراویان بۆ دادەنرێ . بەم جۆرە میر شەرەف سێ ساڵی تریش لە هەمەدان دەمێنێتەوە (۱۵۵۷ ــ ۱۵۶۱) .

میر شەرەف پاش ئەوەی لە کەرەهروود فێری زۆر شت ببوو ، ئەو ڕووداوە سیاسیو کۆمەڵەکیانەی لە چەندین ولاتدا بە چاوی خۆی دیتبوونی ، کارێکی زۆریان تێکردبووو بەرەو ئاستێکی بەقوولی بیرکردنەوەو توانی شیکردنەوەی تایبەتە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە هەڵکشاندبوو . لەبەر ئەوە هەمەکارانی دەربار ئیتر نەدەکرا خۆیانی لێ نەبانکەنو هەق‌و حەساوی لەگەڵ نەکەن . لەم سەروبەندەدا شازادەی عوسمانی ، بایەزید پەنا وەبەر دەرباری شای ئێرانێ دێنێ . مەیل بە لای دەوڵەتی عوسمانیدا بزوانی شەرەفخان لەو وتووێژانەداکە لەبارەی ئەم پەنا وەبەرهێنانەی بایەزیدەوە دەکرێ لە نێوان عوسمانیو ئێراندا ، شاتاماسپ لە شەرەفخان بەشکەوە دەخاو دڵی لێ کرمێ دەبێ[۲۱] . هەر لە بەر ئەوەیشە شا جارێکیتر شەمسەددینی باوکی دەکاتەوە بە سەرەکۆهۆزی عەشیرەتی ڕۆژەکیو دەیکا بە میری کەرەهروود (۱۵۶۰ ــ ۱۵۶۳) . بەڵام شەمسەددین وەزیفەی میرێتی قوبوولّ ناکاو شایش سەرلەنوێ میرایەتیەکە بە میرشەرەف دەسپێرێتەوەو موچەوبەراتی بۆ دادەنێ . ئیدی بەم جۆرە میر شەرەف لە قەزوێن لە خزمەت شادا دەمێنێتەوە .

بە پێی خواستی ڕۆژگارو سەروبەند ، هەرچی سەرکردەو میرێکی سەر بە دەرباری شا هەبوون دەبوا هەر یەکە بڕێ چەکداری لە هۆزو تیرەی

خۆی هەمیشە تەیارو ئامادەبایەو لە کاتی پێویست کۆمەگیان بە شا کردبا .
میر شەرەفی بدلیسیش خاوەن هێزێکی چەکداری وابوو لە هۆزی ڕۆژەکی .
پاش ئەوەی خان ئەحمەدی فەرمانڕەوای گێلاّن (بیە = پیش) لە دژ فەرمانڕەوایەتیی سەفەوی‌یان ڕادەسێو گێلاّن داگیردەکا ، شەرەفخان لە گەڵ بڕێ سەرکردەی قزڵباش‌دا بۆ بەڕێوەبردنی خاکی ئەو ولاّتە ڕادەسپێرێ (٧٦ ، ٤٥١ ، ١٢١ ، ٤٦٢) . شەرەفخان لە لایەن شاتاماسپی یەکەمەوە کرا بە دەسەلاّتداری تۆنیکابۆن‌و شا قزڵباشێکی زۆری بۆ دەستەڵکردنی نارد . چونکە ئەو یاخی‌بوونەی گێلاّن خان ئەحمەد بەرپای‌کرد هەر نەبڕابۆوە . سوڵتان هاشمیش کە یەکێ لە لایەنگرانی خان ئەحمەد بوو ، ئەویش لە ناوچەیێکی گێلاّن دەسەلاّتدار بوو ، لەگەڵ هێزە چەڵدارەکانی خۆی‌دا هەڵی‌دەکردە قزڵباشان‌و تاڵان‌وبڕۆی دەکردن .

بدلیسی دەڵێ ، لە ساڵی ١٥٦٨ دا سوڵتان هاشم بە ١٨ هەزار سوارەو پیادەوە هەڵی‌کوتایە سەر حوکمڕانی تۆنیکابۆن . میرشەرەفی فەرمانڕەوا بە یارمەتیی ٥٠٠ پیاوی لە نزیکانی خۆیەوە ـــ ، بە کۆمەگی کوردەکان‌و ئەو سەرکردە قزڵباشانەی لە ژێر فەرماندەی‌دا بوون زۆربەیانی شکاندو سێ کەڵەکی لە کەڵەسەریان هە ڵچنی (٧٦ ، ٤٥١ ، ٤٥٢ ، ٧٨ ، ٢٤٠) .

بوداقی قەزوێنی کە باسی‌ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی گێلاّنی نووسیوە ، دەڵێ : « لەشکرێکی دوو هەزار کەسی هەڵیان‌کوتایە سەر شەرەفخانی کورد ، ئەو ٤٠٠ چەڵداری هێز هەبوون . هێندێکیشی کۆمەگ لە قەزوێنەوە ، لەملاو لەولاوە بە فریاکەوت ، شەرەفخان بە هێزێکی نزیکەی هەزار کەسی‌یەوە شکاندنی‌و چوار هەزار کەسێکیشی لێ کوشتن » (٥٤ ، ٣٣٢) .

عەبدولفەتاحی فومەینی دەڵێ ، لە ئاکامی ئەو شەڕەی لە ناوچەی (بیە = پیش)ی گێلاّن بەردەوام بوو ، تاڵان‌و چەپاوو کوشت‌و کوشتاری

خەڵکی بێتاوان لە ڕادەو کێش دەرچوو ، لە کاتێکی وادا دەسەڵاتداری تۆنیکابۆن ، شەرەفخان ، ئەحمەدخانی گرتو ناردیە کن مەعسووم بەگی لاهیجان (٨٦ ، ٣١ ــ ٣٢) •

جا بە مەدا ڕوون دەبێتەوە کە ، ئەم سەرکەوتنەی میر شەرەفو قزڵباشەکان لە ئاکامی ناڕەزایی سەرلەبەری خەڵکەکە لە خان ئەحمەدی گیلانیو لایەنگرەکانی هاتە گۆڕێ • چونکە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لە ژێر ئەسارەتو دیلایەتیی خان ئەحمەددا بوون ، سپاکەی شاتاماسپیان بە هێزێکی ڕزگارکەر تەماشادەکردو بە هەموو جۆرێ یارمەتیو کۆمەگیان دەکرد • خان ئەحمەدی گیلانیو لایەنگرانی ژێرکەوتنو هێزەکانی شا سەرکەوتن •

ئیسکەندەر مونشیش ئەوەی نووسیوە کە ، میر شەرەف فەرمانڕەوای تۆنیکابۆن بووە (٤٧ ، ١٤١)[٣٢] • هەرچی فومەنیە لە کتێبەکەیدا لە باسی ئەو سەرکردانەدا کە شەڕیان بۆ سەفەویەکان دەکرد لە دژ خان ئەحمەدی گیلانی لە ناو ئەو سەرکردانەدا باسی میر شەرەفیش دەکا • پاشان فومەنی کە دێتە سەر باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٩٤ ، زانیاریەکی هەڵەی ئاوهای نووسیوە : « بە فەرمانی شاعەباسی ، بۆ سزادانی یاخیبەکان ، سوڵتان قەمبەرو کوزبەنکولووو[٣٣] سوڵتان سۆفی نیعمەتوڵڵاو حاکمی تۆنیکابۆن ، میر شەرەف بەرەو ناوچەی (بیە) بەڕێکەوتن » • شەرەفخان لەم سەروبەندەدا ، (٨٦ ، ١٢٨) تەڵ لە تۆنیکابۆن ، بەڵکو لە میرنشینە پشتاوپشت بۆ بەجێماوەکەی خۆی ، لە بدلیس بوو (٧٦ ، ٤٥٣ ، ٤٥٤) •

بەم جۆرە شەرەفخان کە لە ئێران بووە ، بە کەمێ ناوبڕیەوە ، دەوروبەری ١٥ ساڵێکی لە ئەیالەتو ویلایەتەکانی ئێران فەرمانڕەوا بووەو ئەودوای لە دەرباری سەفەویان‌دا ، بە خزمەتکردنیانەوە بەسەربردووە •

ئەو خزمەت‌و کارامەیی‌یانەی شەرەفخان لە گیلاّن نواندبوونی ڕێزلێ‌گیرانی هێندەی دیکە لە کن شا تاماسپی یەکەم زێتر دەکاو شا بڕواو متمانەی بـە شەرەفخان ئەوەندەی دیکە قاییمتر دەبێ . شەرەفخان ئەم ڕووداوەی بـە شیعر ئاوها دەربڕیوە :

خاوەن‌بیر هاودەمی شاهانن (٢٤)
پەسندەی دڵی شاهانن
هەم چزوو لە جەرگی زۆرداران ڕادەکەن
هەم هەتوانی دەردی زۆرلێ‌کراوانن (٧٦ ، ٤٥٢ ، ١٢١ ، ٤٦٢) .

میر شەرەف بـەم شیعرە ئەوەمان تێدەگەیێنێ کـە پەیی بە دڵی شاتاماسپ بردووەو خونکاری سەفەوی ، بە پیاوێکی پەسندی هەڵوژێردووەو زۆری ڕێزلێ‌گرتووە . شەرەف حەوت ساڵ لە گیلاّن (١٥٦٨ ــ ١٥٧٦)دەمێنێتەوە . بەڵاّم ئاووهەوای ئەوێ لە هۆزی ڕۆژەکیی بە ئاووهەوای کوێستانڕاهاتوو ناکەوێ‌و زۆریان تووشی دەردو نەخۆشی هاتن‌و مـردن . نووسـیار دەڵێ : « هەوای گیلاّن زۆر ناخۆش بوو ، نەخۆشینی زۆر تێدابوو ، زۆربەی پیاوی هەرە ئازای ڕۆژەکی لەوێ لەناوچوون . منی هەژار گەیلانم لەبەر بێزابوو ، ئەو بێزاریەو پێشیاری جێهێشتنم دە شا گەیاند . لە دوای حەو ساڵ لەوێ بـووم ئیزنی دەرکەوتنم بـۆ هات‌و هاتمە قەزوێن » ــ (ئەمەم هەروا بە تەرجەمەکراوی لە شەرەفنامەوە وەرگرتووە ــ وەرگێڕ) (٧٦ ، ٤٥٣ ، ٩٧ ، ٣٧٧) .

شاتاماسپ لە دووی میر شەرەفی نارد ، هێنایە قەزوێن . شا دەی‌ویست میر شەرەف لە کن خۆی بێلێتەوە .

« قزڵباش لەبێو خۆیاندا دووبەرەکی‌یان تێ کەوتبوو ، میر شەرەف ئەم هەراوبگرەی پێ خۆش نەبوو ، مانەوەی لەوێ بە باش نەزانی ، لـە شای داوا کرد ، بۆ لایەک لـە ولاّتی بێرێ ، ئەویش لە ولاّتێ شیروانێ ،

چەند جێگەیەکی پێ بەخشیو و بژیوو ئازووخەی هۆزی ڕۆژەکیی لە خەرجوباجی مەڵبەندەکانی سەر بە شیروانێ بڕیەوە . ئەو شوێنانەش (تەراکمات)و (ئەرش)و (ئاقداش)و (قیاله)و (باکۆ)و (کەناراب) بوون.» میرشەرەف پاش ئەوەی هەشت ماڵگ بە دەسەڵاتداری لە شیروان دەمێنێتەوە (١٥٧٦)شاتاماسپ دەمرێ . بدلیسی دەڵێ : « لە ئەندەروون . دەبێ بە هەرا ، میرزا حەیدەر دەکوژرێ (٧٦ ، ٤٥٣) ، ئیسماعیل میرزا لە قەڵای قەهقەهە دەردەکەوێ ، دێتە قەزوێنو بە ناوی شا ئیسماعیلی دووەمەوە لەسەر تەختی شایەتیی سەفەویان دادەنیشێ (١٥٧٦ ، ١٥٧٨) .

شای تازەنەفەس بۆ خاوکردنەوەی ڕکێوکینەی سوننیەتی وشیعەیەتیو شەڕو شۆڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ئێران هەرچی سوننی دوورخراوە هەبوون سەرلەنوێ دەیانگێڕێتەوە بۆ ئەندەروونو ڕاوێژکاری دەس هەڵوژێریان بۆ خۆی لێدادەنێ (١٢٥ ، ٢٦) .

ئیدی بەم جۆرە دەبینین ئەو سەروساختو نێوانخۆشیەی شاسماییلی دووەم لەگەڵ میر شەرەفدا نواندیو ئەو سیاسەتە لە چاو خۆدا هەرە نەرمەی دە بەرابەر سوننیەتیو شیعەیەتیدا بە کاری هێنا ، بوو بە هۆی دڕدۆنگیو لالووتی ئەو سەرکردە قزڵباشە دەسڕۆو لەڕمێنو بە بڕەوانەی لە ئەندەروونی سەفەویاندا بوون . ئەمانە لە شاسماییلیان ڕاگەیاند : « میر شەرەف بیری لەوە کردۆتەوە ، بۆ چاکەی سوڵتان میرزای برازات ، تۆ لە ناوبەرێ . » (٧٦ ، ٤٥٤ ، ١٢١ ، ٤٦٤) . لە سەرێکی دیکەشەوە ، لە سۆنگەی ئەوە کە ڕەفتاری دە بەرابەر سوننیەکان چاك بوو ، هەڕەشەیان لە شا کرد . ئەمانە پاش ئەوەی نامەی بە گەفو هەڕەشەیان بۆ دە ژووری خەوتنێی هاویشت ، شا چەند کەسێکی بە تۆمەتی سوننیگەریەوە لە ئەندەروون دوورخستەوە (١٢٥ ، ٢٧) . شا سماییلی دووەم لە سۆنگەی ئەوە کە ٢٠ ساڵی تاڵیی زیندان چێشتبوو لە کێشبەدەر تووشی بەدبینیو بێ وڕەییو

دەسەلاّتکزی هاتبووو متمانەو بڕوای بە کەس نەمابوو • بدلیسی دەڵێ : « لەبەر ئەمە ، پیلانی ناڕازیەکانی ئەندەروون سەری گرتو شا هێندێ لە میرەکانی سزا داو هێندێکشیانی لە کارو دەسەلاّتداری وەلاخست » (٧٦ ، ٤٥٣ ــ ٤٥٤) • بە نیازی دوورخستنەوەی میر شەرەفیش لە ئەندەروون لە (١٥٧٧ دا) بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەتی نەخچەوانێی نارد • بدلیسی لەمەڕ ئەم ڕووداوە دەڵێ : « ئەم ڕەهەنەکرانو دوورخرانەوەیەم بۆ بە خێر گەڕاو بوو بە مایەی خۆشبەختیو نوخشەی سەرفرازیو موژدەی بە زێدو نیشتمانشادبوونەوەم » (٧٦ ، ٤٥٤ ، ٩٧ ، ٤٧٩)•

لەم سەروبەندەدا هەراوکێشە لە ئەندەروونو دەرباری سەفەوییاندا سەرڕێژی دەکرد • شاسماییلی دووەم کوژرابووو سوڵتان موحەمەدی خودابەندە (١٥٧٨ ــ ١٥٨٧)چووبووە سەر تەختی دەسەلاّتداری • لەو زەمانەدا پەرەساندنی ملیملانێی نێوان دەرەبەگە تازەکووەکان ، کە سەرتۆپیان لە سەرکردە قزلباشەکان بوون دەبوو بە مایەی بێ هێزیو کزیی فەرمانڕەواییی لەناوجەرگەوە • سوڵتان مورادی سێیەم سوودی لەم هەلە وەرگرت • بە نیازی داگیرکردنی تەورێزەوە ، بە سەرکردایەتیی عوسمان پاشاوە لەشکرێ دەنێرێتە دەربەند •

بەو پێیەی ئۆروجبەگی بەیات نووسیویە ، هەنگینێ فەرمانڕەوای نەخچەوان ، میر شەرەفیش بە هێزە چەکدارەکانیەوە لە دژ لەشکری عوسمانی وەستا (٤٦ ، ١٨٧) • بە پێی « شەرەفنامە » بدلیسی هەر لەو ساڵەدا (١٥٧٨)ئازەربایجانی بەجێهێشتووە (٧٦ ، ٤٥٤) • چونکە خوسرەو پاشای حوکمڕانی وانێ بە پێی خواستی سوڵتان مورادی سێیەم لەمێزبوو مرخی لەوە خۆشکردبوو شەرەفخانی بدلیسی لە ئازەربایجان دوورخاتەوەو بۆ هەڵکردنەسەر ئازەربایجان سوودی لێوەگیرکەوێ • بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە لە میرەکوردەکان زەینەڵ بەگی حاکمی حەکاریو حەسەن بەگی

موحەمەدیی[٢٥] ڕاسپاردبوو • بدلیسی دەڵێ : « ٣ی شەشەڵانی ساڵی ٩٨٦ ، لە (دێکابری ١٥٧٨دا) لەگەڵ ٤٠٠ کەس‌دا ، دوو سەد کەسیان لە هۆزی ڕۆژەکی بوون ، لە نەخچەوانەوە بەرەو بدلیس بەڕێکەوتین » (٧٦ ، ٤٥٤) • لە پاش ٣ ڕۆژەڕێ ڕۆیشتن شەرەفخان لەگەڵ ئەو کەسانەی پێکەوەبوون گەیشتنە وانێ • لە لایەن خوسرەو پاشەوە بە هەیەتو هووتو سەنسەنەوە پێشوازیان لێکرا • فەرمانی فەرمانڕەوایی‌و شێرێکی کالانزێڕ کە لە لایەن سوڵتان موراد‌ی سێیەمەوە بە مستەفا چاوەش درابوو بە دیاریی ناردرابوو ، لە لایەن خوسرەو پاشاوە پێشکێش بە میر شەرەف کرا • وەزیرەکانی سوڵتان ، بە تایبەت موحەمەد پاشا ڕێزو قەدرزانینی خۆیان بە نامە لە میر شەرەف ڕاگەیاندبوو • مستەفا پاشای سەرداریش خەڵاتو شێری زێڕکفتی خۆی بۆ ناردبوو • لەم ڕاستییانە وا بە دیاردەکەوێ کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەوەی میرشەرەف لە ئازەربایجان دوورخاتەوە پارەوپوولێکی زۆری بە خەرجدابوو کەیەوبەینو کارئامادەییەکی زۆری سەروبەرنابوو • هەرچی میر شەرەفیش‌بوو کە هەستی بە کزیی دەوڵەتی سەفەوی کردبوو ، فەرمانڕەواییی دەوڵەتی عوسمانیی پەسند کرد • ئیدی بەم جۆرە ، میر شەرەفیش وەک ئەو میرەکوردانەی کە بە دوای کێشەوهەرای نێوان دووڵەت کەوتبوون ، پاش ئەوەی سەردەماێکی دوورودرێژ خزمەتی سەفەوی‌یانی کردبوو ، وازی لە ئازەربایجان هێناوەو لە تەمەنی ٣٧ساڵی‌دا هاتووەتەوە کوردستان ، بووە بە میری ویلایەتی بدلیسی پشتاوپشت بۆ بەجێماوی •

هەروەها لە نامەێکی دیکەدا کە سوڵتان موراد‌ی سێیەم بۆی ناردووە ، نووسراوە : « شەرەفخان ! سەرڕاستی‌و دڵسۆزی‌و فیداکاریی ئێوە لە دەرگای بڵیندی ئێمەوە دیارو ئاشکرایەو لە بارەگای ئێمەدا قوبوڵکراون‌و لە بەخششی شاهانەمان بێبەش نین • ئەو ڕەنجو کۆششانەی لەم سەفەرە پیرۆزەدا دەیان‌دەی سەرلەنوێ پلەوپایەتان لەکن ئێمە بڵیندتر دەکا • لەبەر

ئەوە پێویستە ئەو دلاوەرانەی لە قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایێتدان لەگەڵ سوپای ئێمەدا یەکبگرنو ببن بە یەکێ لە سەرکردە گەورەکانم . چونکە لەو هەڵمەتو هێرشە پیاوانەیەی باب و باپیرانت بردوویانە ئاگادارم .

لەوە دڵنیام کە ئێوەش ڕاوتەگبیرتان لەگەڵ ڕاوتەگبیری سپاداری پایەبڵێندەکانمدا لە بەرژەوەندو ڕاوێژی جوانجوان درێغی ناکەن » (٢٨ ، ٢٢٧ ، ٢٢٨) .

لەم نامەیە دیسانەکە وا بەدیاردەکەوێ کە شەرەفخان زۆر شارەزای وڵاتی ئازەربایجانبووەو لە سەرکردایەتیدا بەدەسوبردو بە باشاربووەو دەورێکی زۆر بەبایەخی لەناو سوپای سوڵتانداگێڕاوە . لە ئاکامی ئەو سەفەربەرەی عوسمانییەکان بۆ سەر ئازەربایجانیان کرد شاری تەورێز لە سالی١٥٨٥ەوە تا سالی ١٦٠٢ ، واتە ١٧ سال بە دەست عوسمانییەکانەوە مایەوە . لە سالی ١٥٨٣یشدا فەرهاد پاشای سەردار ، کاتێ یەریڤانی گرتو لەوێ قەڵای ڕۆنا ، شەرەفخانی بدلیسی لەگەڵ حەسەن پاشای میرمیرانی شامدا پێکەوە وەدەسهێنانی خەزێنەی تفلیسو هەموگورجستانو سەرلەبەری ئازووقەی وڵاتەکەی پێسپێردرا . سوڵتان مورادی سێیەم ، ئەم خزمەتە چاکەی شەرەفخان کە لەم سەفەرەدا نوواندبووی لەبەرچاوگرتو میرنشینی (مووشی)یشی کە سالانەی بایی ٢٠٠ هەزار ئاقچەی عوسمانی داهاتهەبوو بۆ خستە سەر میرنشینی بدلیس . بەم پێیە دەرامەتی سالانەی میر شەرەف گەیشتە ٤١٠ هەزار ئاقچە . نووسیار بۆ خۆی دەڵێ : « تا ئەو سەردەمە هیچ یەکێ لە بنەماڵەی ئالی عوسمان بەزەوا دەهندەیی وایان بە هیچ میرێ نەبەخشیبوو » (٧٦ ، ٤٥٦ ، ١٢١ ، ٤٦٥) . بدلیسی شەرەفی حاڵی خۆی بەم ڕستەیە دوایی دێنێ : « ئێستا کلکەی مانگی « ذوالقعده »ی سالی ١٠٠٥ی کۆچی ــ (١٥٩٤)ە . لە سای سوڵتان موحەممەدەوە (١٥٩٤ ــ ١٦٠٣)فەرمانڕەوایەتیی پشتاوپشت بۆ بەمیراتماوەوەم بە دەستی خۆمەوەیە . بەڵام بۆ بەرژەوەندی شەمسەددین بەگی کوڕەگەورەم دەستم لەم کارە گەورەیە هەڵگرتووە» (٧٦ ، ٤٥٧ ، ٩٧ ، ٣٨١) .

٧٣١ ، ٦٩ ، ٢٠٦) .

جا وەك باوی نووسیارانە هێندێ پەندو ئامۆژگاریی لە کێبی « خردنامە »ی عەبدورەحمانی جامی وەرگرتووەو ڕووی دەمی لە کوڕەکەی کردووە : (شیعرەکان تەرجەمەی هەژارە ــ وەرگێڕ) .

وەرە لامەوە کۆڕپە شیرینەکەم
گەشەی باغی ژینو گوڕو تینەکەم
دڵت بێنە سەر هەستو گوێشڵ کەبۆم
بە بڕوا بە دڵسۆزو خەمخۆری تۆم
هەموو پەندی من وەك دوڕو گەوهەرە
ئەگەر ژیری گوێ بێنە گەوهەر بەرە
کە بە گوێم بکەی ؟ دەبیە مەردێکی ڕەند
پەسندیو لە لای هیچ کەسێ نابیە پەند
(٦٧ ، ٤٥٦ ، ١٢١ ، ٤٩٧) .

بدلیسی بەم شیعرانە کوڕەکەی بەرەو ئەوە دنەدەدا ، ببێتە میراتگرێکی زاناو کاربەدەستێکی زەبربەدەستی دەوڵەتو بەبەهرەو هونەرمەند .

ژیانو کارو کردەوەکانی شەرەفخان ، سەردەمی خوێندنو پەروەردە کرانی لێبترازێ . دەتوانرێ ، بکرێ بە دوو سەروەختەوە :

١ ــ سەروەختی یەکەم ساڵانی ١٥٥٤ ــ ١٥٨٦ دەگرێتەوە . بدلیسی لەم سەروەختەدا ، بە پێی سەروبەندی خۆی ، وەك سەرکردەیێکی سەرکەوتووو کاربەدەستێکی وشیاری دەوڵەت ، بە کارامەییەوە خزمەتی شایانی سەفەویو سوڵتانەکانی عوسمانیی کردووە . ئۆروجبەگی بەیات لە ڕیزی کەڵەسەرکردە بەناووبانگەکانی ئازەربایجانێی داناوە (٤٦ ، ١٨٧) .

٢ ــ سەروەختی دووەم لە ساڵی ١٥٨٦ەوە دەستپێدەکا تا دوادواییی ژیانی . ئەم سەروەختە ، سەروەختی بنەڕەتی ئیجاتکاریو داهێنانو

بەهرەو هونەریەتی لە ژیانیدا • نووسیار لەم سەروەختەدا « شەرەفنامە »ی کە بایەخێکی گەورەی لە ژیانی خۆی و نەتەوەکەی و جیهاندا هەیە لە ژیانیدا نووسیوە • شەرەفخان لەم نووسینانەیدا لەمەڕ بەهرەو یارای خۆی ، لەمەڕ لەئایین نۆڕیی ، لەمەڕ سەروساختو هاوسەروکاریی لەگەڵ ئالی عوسمانو بنەماڵەی سەفەویانی بە ڕاشکاوی یەوە نووسیوە • فرێج دەڵێ : « شەرەفخان لەچاو سەردەمی خۆی و بە پێی ئەو ڕۆژگارە زاتێکی تەحسیلدیتەی کاملی پێکەڵی زانای وشیاری بەدینی لەخوداترس بوو » (٩٧ ، ٣٦٠) •

نووسیار لە چ سالێکدا مردووە ، ئەمە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەنووسراوە • بەڵام تەمەنی چەند بووەو چەند ژیاوە ، ئەوە لە شەرحی حاڵەکەی خۆیدا نزیکەی ٦٠ سالێ دەبێ (٧٦ ، ٤٤٩ ــ ٤٥٦) •

ڤیلیانۆڤ ــ زەڕنۆڤ ، دەڵێ ، ئەو پێنج بەشەی لەسەر هۆزی مەحمودی لە «شەرەفنامە»دا نووسراوە لە سالی (١٥٩٨)دا لە لایەن نووسیارەوە بەسەرکراوەتەوە (٧٦ ، ١٧) •

کەواتا گومان بۆ ئەوە دەچێ کە شەرەفخان ٦٠ سالێ ژیابێ (١٥٤٣ ــ ١٥٩٨) •

بدلیسی کەنگێ دەستی بە نووسین کردووە (نووسینی شەرەفنامە) ، ئەمە لە کن میژوونووسانی پاش خۆی لە شێوەی ناکۆکو بێسەروبەردا نووسراوە • بە نموونە ، بە پێی نووسینەکانی ڤیلیانۆڤ پشت بە م • ڤۆلکۆڤ ، گوایە شەرەفخان هەر لە پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ بدلیس (١٥٧٨)یەکسەر دەستی بە نووسینی « شەرەفنامە » کردووە (٧٦ ، ١٠)•

ن•فەلسەفی دەڵێ ، بدلیسی لە سالی ١٥٨١ەوە خەریکی نووسینی بووە (١٢٥ ، ٢٠٤) • هەرچی میژوونووسی هاوچەرخ ، شاکیر خەسباکە ، لە کتێبەکەیدا دەڵێ ، لە سالی (١٥٨٦)ەوە دەستی بە نووسینی کردووە

(۸۰ ، ۱۵) • بەڵام هەرچی شەرەفخانە ، بۆخۆی دەڵێ : « پاش ئەوەی بووە بە میری بدلیس ، لەو شەڕانەدا ، کە سوڵتان مورادی سێیەم دە ساڵانی لە سەر پێوەچووە ، بەشداریی کردووەو دڵسۆزیی و سەرڕاستیی خۆی لە ئاست سوڵتان بەدیارخستووە » (۷۶ ، ٤٥٦) •

جا بەو پێیە نووسیار بۆ خۆی نووسیویە ، بدلیسی بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »ی لە ساڵی ١٥٨٦ەوە ، واتە لەو سەروەختەوە ، شاکیر خەسباك نووسیویە ، دەست پێکردووە • هەرچی نووسینی بەرگی دووەمیە ئەوە بەر سەروبەندی سوڵتان موحەمەدی سێیەم دەکەوێ • چونکە نووسیار ، لەبەرایی ئەم بەرگەدا ، بەو تەرزەی لە زاروپلی نووسیارانی ئەو سەردەمانە دەوەشێتەوە ، دەڵێ : « ئەمن ڕۆژگارێکی دوورودرێژ لەڕیزی خزمەتکارانی ئەم بنەماڵە پایە بڵێندەدا بووم‌و بەتایبەت لەبەر ئەوەی لە شاهەنشا ، دادپەروەرو باوکی هەموو سەرکەوتووانی دنیا ، سوڵتان موحەمەدی سێیەمەوە نزیك بووم ، کەلکەڵەی ئەوەم کەوتبووە سەر ، شەرحی حاڵی سوڵتانی دادپەروەر ، خۆیشی‌و ئەو شانێرانی‌و تووڕانی‌یە هاوچەرخانەی خۆیشیان ،لە ڕۆژی هاتنەسەرتەختی پاتشایەتی‌یەوەیان تا ئەمڕۆکە بنووسم » (۷۸ ، ۳ — ٤) •

بەم جۆرە ، سەردەمی خامەئارایی‌و کتێبنیگاریی بدلیسی بەر سەروەختی هەرە بە ئەزموونو پێکەڵی تەمەنی دەکەوێ • نووسیار زۆری ڕووداو ، لەسەر ئەو هیمە نووسیوە کە بۆ خۆی بە چاوی خۆی دیتوونی‌و تێیاندا هاوبەش بووە • بەڵێ ڕاستە کتێبەکەی لە بنەڕەتدا ، بە پشووی میرووونووسینەوە نووسیوە ، بەڵام لە پاڵ میرووونووسینەوە دەستی داوەتە ئەدەبیات‌و هونەر ئارایی‌یش‌و شیعری زۆریشی نووسیوە •

بدلیسی نەخشەی دانانی « شەرەفنامە »ی بەم جۆرەکێشاوە :

١ — پەسنی خودا •

٢ — پەسنی پێغەمبەر (د) •

٣ ــ گەورەیی خوداو بایەخی قورئان .
٤ ــ پەسنی سوڵتان موحەممەدی سێیەم .
٥ ــ پەسنی میژوو .
٦ ــ شەرحی حاڵی خۆی بــە کورتی .
٧ ــ هۆی دانانی « شەرەفنامە » .
٨ ــ مەسەلەی ناولێنانی کتێبەکە .
٩ ــ بابەتبەندیی کتێبەکە : پێشەکیەک و پاشکۆیەک :

أ ــ لەپێشەکیدا : ڕەگەزی کوردو ژیانو داب و نەریتیان .

ب ــ بەشی یەکەم ، ئەو فەرمانڕەوایانەی لــە کوردستان ئــاڵای سەربەخۆیی یان هەڵکردووەو میژووناسان لە ڕێزی پاتشایانیان نووسیون .

جـ ــ بەشی دووەم : ئەو فەرمانڕەوایانەی زۆر بەسەربەستی ژیاونو زۆریان ، زۆر جــار خودبەیان بــە ناوەوە خوێندراوەتەوەو بەروپشتی دراویان وێنەی خۆیانی لێدراوە .

د ــ بەشی سێیەم : باسی میرانی بدلیس ، کە باوباپیرانی نووسیارن . لــە پاشکۆدا بــە درێژی شەرحی حاڵی نووســیار « شەرەفخان » نووسراوە ... هەرچی بەرگی دووەمی « شەرەفنامە »یــە ، وەك پێشتر گوتمان ، لەبارەی میژووی سوڵتانەکانی ئالی عوسمانو شائیرانیو تووڕانیەیە هاوچەرخەکانیانەوە داندراوە .

ئیدی بــەم ئاوایە ، بدلیسی کاتێکی کــە زۆر لە میژبوو ئارەزووی بەدیهێنانی نووسینی میژووی کوردستانی دەکرد ، بەڵام نەیدەپەرژا ، زۆری بە تاسەوە دەستپێکرد . بدلیسی لە سەرەتاوە چەند ڕووپەڕێ ، لەسەر پەسنی خوداو پێغەمبەرو بایەخی قورئان دەڕوا . ئەوجا لە سوودی میژووو میژووناسیو ئاشــقە میژووناسی دەدوێو دەڵێ : « لەبەر ئەوەی

تاوێستا لەمەڕ فەرمانڕەوایانی کوردستانو سەربهوردو حاڵوباڵیان لە لایەن مێژووناسانەوە بە کێشێب نەنووسراوە ، وام بە پێردا هات بە ئەندازەی وزەو توانی خۆم ئەوەندەی بۆم لوا لە باس و خواسی گەورە پیاوانو خاوەن ناوانو سەرداران و خونکارانی کوردو کوردستان کۆبکەمەوەو ئەوی لە مێژووی عەجەمان دا خۆم دیتوومەو ئەوەی لە پیاوە پیرە ژیرەکانم ڕاستو بێدرۆ بیستووەو ناوی لێبنێم : « شەرەفنامە » (٧٦ ، ٨ ، ٩٧ ، ٩) .

نووسیار ئەو خوێندنو پەروەردەکرانەی لەو هەڵومەرجەدا بۆی ڕەخساوەو لە قوڵەوەو زۆر بە بەربڵاوی و داوێنشۆڕی یەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی دا ئاشنایەتی و سەروساختپەیداکردنی وای لێکردووە بە ناچاری فێری مێژووی لەبیرکراوی نەتەوەکەی بێ . هەر لەبەر ئەوە ، بدلیسی کە هاتووەتە سەر بابەت هەڵوژێرتن ، مێژووی نەتەوەکەی خۆی ، زۆریشی هەق بووە ، لە سەرووی هەموو مێژوویەکەوە گرتووەو زۆری بە دڵگەرمی یەوە نووسیوە .

ف . ئیلیامینۆف ــ زەرنۆف دەڵێ : « ئەم ئەرکەی بدلیسی لە ئەستۆی خۆی گرتووە ، هەر کەسێکی دیکە کردبای ، نەك هەر کارێکی زۆر سەختو دژوار دەبوو ، بگرە لە کردنیش نەدەهات » (٧٦ ، ١١) .

بدلیسی بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »ی لە تەرزی سالنامەدا نووسیوەو پڕ بە ٣١٩ سالی ڕووداو (١٢٨٧ ــ ١٥٩٦) بە کورتی نووسیوە ، بەڵام لە ڕوونکردنەوەی هێندێ ڕووداوان دا دیاردیی بۆ سەردەمانی کۆنتر کردووە .

نووسیار بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »ی کە هەمووی لە بارەی کوردستانەوە زۆر بە داوێنترو پەرۆشێکی تایبەتی یەوە نووسیوە . هەر وەك فرێچ دەڵی : « نووسیاری « شەرەفنامە » ، شەرەفخانی لە خانەدانی نەتەوەی کورد هەڵکەوتوو ئاگای لە هەموو داب و نەرێتێکی کوردو بیروبڕواو ئەفسانەی ناو کوردەواری بوو » (٩٧ ، ٢٢٠) . بەم قسانەی

پرۆفیسۆری ئالمانی لەمەڕ نووسیاری « شەرەفنامە » دڵسان ئاو دەخواتەوە ، بەڵام بەکارهێنانی وشەی نەتەوە لە سەردەمی شەرەفخان‌دا جێی خۆی نییە ، چونکە لە کاتێک‌دا هێشتا کۆمەڵی بۆرجوا نەهاتبێتە گۆڕێ ، قسە لە نەتەوە بێ هوودەیە . نووسیار لەو سەردەمەدا کە دەستی بە نووسینی مێژووی کورد کردووە ، لە باری ئابووری‌و سیاسی‌یەوە ، هەر بە تەواوەتی بە سوڵتانەکانی عوسمانی‌یەوە بەسترابوو • فرێج دەڵێ : « نووسینی کتێبەکەی شەرەفخانی بدلیسی میلیۆنێک‌و چوارسەت هەزار ئاقچەی پارە تێ چووە » (٩٧ ، ٣٦٨) •

لەم جۆرە ڕاستی‌یانە جارێکی تر بەدیاردەکەوێ کە بدلیسی کتێبەکەی لە پێش‌دا بە خوایشتی سوڵتان مورادی سێ‌یەم‌و پاشان بە خوایشتی سوڵتان موحەممەدی سێ‌یەم نووسیوە • بەڵام هەرچی شاکیر خەسباکە دەڵێ ، گوایە شەرەفخان « شەرەفنامە »ی بە پێی داخوازی شاعەباسی دووەم نووسیوە (٨٠ ، ١٥)ئەمە هەرگیز ڕاست نییە ، چونکە شەرەفخانی بدلیسی‌نەک تا سەردەمی شاعەباسی دووەم ، بەڵکو تا سەرەتاکانی سەردەمی شایەتیی شاعەباسی یەکەم ژیاوە • لەم سەردەمەدا شەرەفخان لەبەر ئەوەی کە لە هەموو سەرێکەوە ، سەر بە سوڵتانەکانی عوسمانی بووە لە هەردوو بەرگی کتێبەکەی‌دا ، بە ڕاشکاوی داکۆکیی لە سەنگەری عوسمانی‌یان کردووە •

ڕۆژهەڵاتشناسی سۆڤێت ، (ی•پ پێتڕۆشێفسکی)یش ئەم باری لایەنگری‌یەی لە عوسمانی‌یان لە کتێبەکەی‌دا نووسیوە (٢٤ ، ٣١) • ئەم هەڵوێستەی شەرەفخانی بدلیسی وای کردووە کە بڕێ ڕووداوی مێژوو ، چونکە لەگەڵ بەرژەوەندی بنەماڵەی عوسمانی‌یان‌دا نەگونجاون ، لە « شەرەفنامە »دا بە هەڵەو ناواقیعی ڕوونکرێنەوە • بە نموونە خۆی لەوە نەبان‌کردووە کە لە ئاکامی سیاسەتی داگیرکاریی سوڵتان سەلیمی یەکەم‌و هەڵپەو ئەم‌بەرو ئەوبەری مەولانا ئیدریسی بدلیسی بڕێ لە میرنشینەکانی کورد چۆن ڕەگەڵ فەرمانڕەوایی عوسمانی کەوتوون • هەروەها خۆی

لەوەش بووارددووەکە دەوڵەتی عوسمانی چۆن لەو شەڕوشۆڕو سەفەربەرانەدا کە بۆ داگیرکردنی ئەوروپاو ئاسیاو ئافریقایان هەڵگیرساندوون ، سوودێکی زۆریان لەو میرنشینانەی کوردستان ، کـە خەڵکەکەیان سەرلەبەر کـورد بوون وەرگرتووە (١٣٢ ، ١٢٠٦ ، ٥٥ ، ٩ ــ ٣٢) •

تەنانەت « شەرەفنامە » خۆشی لەوە بواردووە کە لـە ساڵی ١٥١٤ دا واتە نەختێ پێش شەڕی چاڵدیران ، چۆن بە فەرمانی سوڵتان سەلیمی یەکەم نزیکەی چـل هەزار شیعەی ولاتی عوسمانی ، بـە دەسەجەمعی کوژران (٨٣ ، ٣٤٥ ــ ٣٤٦) •

شەرەفخان ئـەم ڕاستیانەی لـە « شەرەفنامە »دا نووسیبا ، دیارە هەڵوێستی سیاسیی ئاشـکرا دەبوو ، ئەمەیش کارێ بـوو نەدەکرا بیکا •

شانبەشانی شتی وا تاقو جووتو لێكناساز کە لە « شەرەفنامە »دا نووسراون ، هەندێ جار لـە گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووییەی دیاریدا تووشی بیروڕاو ڕەمارەی تاقو جووتو لێكناجۆر دێین • بە نموونە نووسیار باسی لەئازەربایجانەوە بۆ بدلیس چوونی لە لاپەرە ٣٥١ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بەم جۆرە نووسیوە : « لە سای هەوڵو کۆششی خوسرەوپاشاوە بەخۆمو هەزار کەسەوە بۆ ولاتی ئیسلامـبۆ زیدو نیشتمانی باب‌و باپیرانمان پەڕینەوە » • دیسان لە لاپەرە ٤٥٤ی هەر ئەم بەرگەدا دەڵێ : « لە ٣ی مانگی شەشەڵانی ساڵی ٩٨٤ی کۆچیدا لەگەڵ ٤٠٠ کەسدا ، ٢٠٠٠ کەسیان لـە هۆزی ڕۆژەکی بوون ، لـە نەخچەوانەوە بەرەو بدلیس بەڕێکەوتین » •

ئیدی بەم جۆرە نووسیار شتی تاقوجووتو نارێك دەڵێو ئەو کەسانەی لەو ڕووداوەدا لەگەڵیدا بوون هەر جارەی بە جۆرێ نووسیون[٢٥] •

ئاشکرایە نووسیار کە لە ئازەربایجانەوە بەرەو بدلیس چوونی بە بەرەو ولاتی ئیسلام چوون لەقەڵەمداوە ، ئەمە هەڵوێستی لە ئاست کێشەی سوننەو شیعە کە لەو سەردەمەدا مەسەلەیێکی زۆر ناسك بووە ، بە دیاردەخاو تەنیا

سەرزەمینی پەیرەوو دەستدای مەزەبی سوننی بە پیرۆز دەزانێ • بە پێی ئەمەو بڕێ ڕاستیی دیکە ناتوانرێ بدلیسی بە مێژوونووسێ بزاندرێ لە بەوان مەزەبی سوننەو شیعەدا بێلایەن وەستابێ •

شەرەفخانی بدلیسیش وەك هەموو گەلێ ڕوملووو گونابادیو عەبدولفەتتاحی فومەنیو ئیسکەندەر بەگی مونشیو هاوچەرخەکانی دیکەی ، ئەو جەماوەرانەی لە دژ سیاسەتی ئاغاو دەرەبەگی زۆردار ڕاپەڕیون بە « تالانکەر »و « یاخی » ناوبردوون •

ئێمە لەبەر ئەوەی ، نەك بە شێوەکردنەوەی ، بەڵکو بە وردکردنەوەی « شەرەفنامە »ەوە خەریکین لە بارەی کەمووکووڕیەکانیەوە نادوێین • ڤ • ڤیلیامینۆڤ گوتەنی « شەرەفنامە » لە چاو سەرچاوەکانی سەدەی ناوین زۆر ڕەوانو بەسەروبەر نووسراوە •

شەرەفخانی بدلیسی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بەم ئاوایە دوایی پێهێناوە :

زۆر سوپاس بۆ خودا کە بە پێی خوایشتی لەگەڵ کردم •
خامەم لە سەرچاوەی زانست بە خوێندەواری پاراوکرد •
چیرۆکی فەرمانڕەوایانی کوردستان تەواوبوو •
لەمە زێتر چی دیکە نالێیم ، وەسسەلام (٧٦ ، ٤٥٩) •

مێژووناسی کوردی سەدەی ١٦ هەم ، شەرەفخانی بدلیسی پیاوێکی مەعاریفپەروەریش بوو • بۆ پەرەپێدانو خەملاندنی ڕۆشنبیری تێکۆشاوەو لە شاری بدلیس پێنج قوتابخانەی بنیات ناوە (٧٦ ، ٣٤٨) • ئەم قوتابخانانە لە ساڵی ١٥٩٠دا تەواو بوونو سوودیان لێوەرگیراوە •

بدلیسی بۆ بەرەی دواڕۆژ کتێبخانەیێکی دەوڵەمەندیشی بە یادگار بەجێهێشتووە ، بەڵام ئەم کتێبخانەیە لە سەروبەندی ئەبدالخانی نەوەی ، میری بدلیس (١٦٥٦ ــ ١٦٦٦) دا ، کە لە لایەن فەرمانڕەوای وانێ ، مەلیك ئەحمەد پاشاوە ، تالانکراوەو لەگەڵ شمەکی ناومالدا بۆ تورکیا

براوه (٤٨ ، ٢١٩ ، ٨٩ ، ٥٠) • ئیتر بەمە داب‌و نەریتی زانستپەروەری‌و ئاشقەڕۆشنبیریی شەرەفخانی بدلیسی لە لایەن داگیرکەری بیانی‌یەوە چۆڕی لێبڕا ، بەڵام « شەرەفنامە » ، ئەو شاکارە چەند نەمرە نووسیارەکەیشی هەر بەو ئەندازەیە بە نەمری دەپارێزرێ •

ئەو سەرچاوانەی شەرەفخانی بدلیسی لە « شەرەفنامە »دا کەڵکی لێوەرگرتوون

شەرەفخانی بدلیسی لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی‌دا ، کە بۆ میژووی کوردو کوردستانی تەرخان کردووە ، ئەو ڕووادوانەی لە ساڵانی ١٢٨٧ — ١٥٩٨دا ڕوویان‌داوە بە کورتیی ڕوونکردوونەوە • نووسیار سەرنجی بنەڕەتی لە ڕووداوە گرنگەکانی سەدەکانی ١٥ — ١٦هەم گرتووە • چونکە ئەو گۆڕانانەی لەم سەروبەندەدا لە ئێران‌و ئاسیای بچووك (تورکیا) هاتبوونە گۆڕێ ژیانی ئابووری — کۆمەڵکی‌و سیاسیی نەتەوەی کوردی دراوسێکانی هەڵنەدەبواردو نەدەکرا کوردی لێدوورەپەرێز بوەستێ • ئەوەتا ، بدلیسی لە نووسینی کتێبەکەی‌دا هەرچی سەروکاری بە میژووی کوردستانەوە هەبووە : لە میژووی ولاتانی دراوسێی وەك ئازەربایجان‌و ئێران‌و ئاسیای بچووك‌و عەرەبستان کەڵکی وەرگرتووە • نووسەر ئەو ڕاستی‌یانەی بۆ میژووی کوردستان پێویست بووە ، تەنیا لە سەرچاوەکانی میژووی ئەم ولاتانەوە فێرەبوو • هەر لەبەر ئەوەیشە ئەو ڕووداوە میژووییانەی ئەو ولاتانە کە بۆ میژووناسیی کوردستان لەبارو بە بایەخن لە «شەرەفنامە»دا بە کورتی ڕوونکراونەتەوە •

یەکەم سەرچاوە کە بدلیسی کەڵکی لێوەرگرتووە کتێبی « روضة الصفا »ی میرخوندە • شەرەفخانی بدلیسی ئەو باسەی لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا لە بارەی بایەخی زانستی میژووەوە نووسراوە ، لە سەرەتای

کتێبەکەی خۆیدا نووسیوەتەوەو ئەوەی دەربڕیوە چەندی حەز لە زانستی مێژووەو تا چ ئەندازەیێکی لە دوو عەودالّە (٧٦ ، ٥ ، ١٢١ ، ٧) .

بدلیسی لە پێشەکیی « شەرەفنامە »دا لەمەڕ ڕەگۆ ڕەچەڵەك ڕوونکردنەوەی نەتەوەی کوردو یەکەم زێدو سەرزەمینی ژیانیان ئەو شیعرەی « شانامە »ی فیردەوسی بە بنەڕەت دێنێتەوە کە لەمەڕ پاتشایەتیی زوحاکی گوتووە (٤٢ ، ٩ ، ٧٦ ، ١٢) .

نووسیار پشت بە کتێبی « تاج التواریخ »ی مەولانا تاجوددینی کوردی (بە خەیرەددین ناووبانگی ڕۆیشتووە)دەڵێ ، فەرهاد لە کوردی کەڵهوڕە . هەروەها پشت بە مەولانا سەیدەدین[٢٦] کە لە کتێبی « رووداوەکانی ئالی عوسمان»دا گوتوویە ، گەلی کوردی بە گەلێکی گوێڕایەڵ لە قەڵەمنەداوە ، دەڵی ، نەتەوەیێکی سەربڕەقن . هەر ئەم کتێبە مێژووی عوسمانییەکانی تا سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم نووسیوە (١٠٣ ، ٢١١) .

بدلیسی لەمەڕ ڕوونکردنەوەی ڕەگۆ ڕیشەی ناوی (لوڕ)کەڵکی لە «زبدةالتواریخ »ی[٢٧] (حافظ ابرو) وەك سەرچاوەیێك وەر گرتووە .

هەروەها پشت بە کتێبی مێژووی « نافع »[٢٨] ئیبن خەلدوون دەڵێ ، خەزنەکەی ئیسماعیلییە لە ساڵی ١١٧١دا لە لایەن سەلاحەددینی ئەیووبییەوە براوەو بڕێ زانیاریی دیکەیشی نووسیوە (٧٦ ، ٧١ ــ ٧٣) .

بدلیسی لە کتێبی « مرآةالجنان »[٢٩] دا لەمەڕ تێکچوونی شاری عەسقەلانو باری نالەباری خەڵکەکەی لە زەمانی مەلیکئەفزەلدا کە لە سەردەمی سەلاحەددیندا حوکومداری دیمەشق بووە ، نووسیوە . شەرەفخانی بدلیسی لە باسی جوغرافیای کوردستاندا سوودی لە کتێبەکەی حەمدوڵلاّی موستەوفی ، کە لە ساڵی ١٣٣٠دا دایناوە ، وەرگرتووەو[٣٠] هەر ئەم کتێبە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە شەرەفخان لە هەمووانی پترکەڵکی لێوەر گرتووە . خۆ کە دێتە سەر باسی چەندوچۆنی خەرجو باجسەندن لە

میرنشینەکانی کوردستان لە سەروبەندی جەنگیزخانەوە ، ئەوە هەر هەمووی لەم کتێبەوە ڕاگوێزتووە (٦٣ ، ١١٧ ، ١٢٩ ، ٣٥٣ ــ ٣٥٦) .

نووسیاری « شەرەفنامە » ڕاستیی کۆژرانی سوڵتان جەلالوددینی خوارەزمیی لە کتێبی « اقبالیە »ی شێخ ڕوکنەددینی عەلائوددەولەی سەمنانیو لە کتێبی « تاریخ گزیدە »ی حەمدوڵڵای قەزوینیو لە کتێبی « تذکرةالشعرا »ی دەوڵەتشای سەمەرقەندی وەرگرتووە . بدلیسی لە یادداشت کردنی هاتنی جەلالوددینی خوارەزم شادا بۆ بدلیسو وێلایەتەکانی دیکەی کوردستان هەر لەم کتێبە سوودی وەرگرتووە (٦٦ ، ١٤٩ ــ ١٦٣ ، ٧٦ ، ٣٥٢ ــ ٣٦٨) .

شەرەفخانی بدلیسی لە باسو خواسی بدلیسدا تۆڕیویەتیە (القاموس)ی فەیرووزابادیو نووسیویە : « بدلیس بە شوێنی ئاووهەواخۆشو سازگار دەگوترێ » (١١١ ، ٢١٤ ، ٧٦ ، ٣٣٥) .

نووسیاری « شەرەفنامە »هەر لەم بەشەدا باسی بڕێ پیاوی زانا دەکا کە لە وێلایەتی بدلیسدا هەڵکەوتوون . هەروەها پێوەدەچێو قسە لە « نفحاتالانس »یش وەك سەرچاوەیێك دەڕانێو دەڵێ ئەم کتێبە عەبدوڕڕەحمانی جامی دای ناوە (٦٧ ، ٣٤٥) . بەڵام هەرچی کاتب چەلەبیە دەڵێ دانەری ئەم کتێبە نەك عەبدوڕڕەحمانی جامی ، بەڵکو ئەبو تاهیری کوردیە (١٠٣ ، ١٥) . بەڵای ئێمەوە بدلیسی کەڵکی لە «نفحاتالانس»ی مەولانا عەبدوڕڕەحمانی جامیشو «نفحات»ی ئەبو تاهیری کوردیش وەرگرتووە ،[٣١] بەڵام ئەو بۆ خۆی ئەمەی نەگوتووە . دانەر باسی داگیرکردنی کوردستانی لە لایەن ئەمیر تەیموورەوە لەساڵی ١٣٩٣دا هەروەك ئەم سەرچاوانەیشان داوە کە لە سەدەی ١٥ هەمدا نووسراون . بەڵام لەێێو ئەو هەموو سەرچاوانەدا ، تەنیا هەر ناوی « مظفرنامە » دێنێ (٧٧ ، ٦٨٧ ، ٧٦ ، ١٢٠) . بدلیسی باسی هاتنی شاڕوخ میرزا (کوڕی ئەمیر

تەیموور) بۆ کوردستان،و ژێردەست کردنی بڕێ لە میرنشینەکانی کوردستانیدا هەروەک سەرچاوەکانی دیکەی سەدەی ١٥ هەم پیشانداوە • بەڵام لەێێو ئەم سەرچاوانەدا تەنیا هەر « مطلع السعدین »و (١٠٨ ، ٤٤٩ — ٤٥٠ ، ٧٦ ، ٣٧٨)و « مجمع البحرین »ی بەسەرچاوەی کەڵک لێ وەرگیراوی خۆی داناوە •

لە وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەدا ، ئەو ڕووداوانەی بدلیسی ڕوونی کردوونەوە لەگەڵ بڕێ لە سەرچاوەکانی سەردەمی خۆیاندا بەراوردکران • گەلێ لە ڕووداوەکان لە ناوەڕۆکدا لێک‌دەچن ، یا دەقاودەق وەک یەک نووسراون •

بەم ڕەنگە دەتوانین بڵێین ، نووسیار لە ڕوونکردنەوەی ڕووداوە مێژوویینەکاندا بە پێی بەڵگەو سەرچاوە ڕێگەی لە قسەهەڵگێرانەوەو ڕاستی‌ئاوەژووکردن گرتووەو ئەویش وەک هەموو نووسیارانی سەدەی ناوین سەرتۆپی ڕووداوەکانی دەقاودەق ڕاگوێزتوونو دووپاتەی کردوونەوە • بدلیسی کە لە بەرگی دووەمی کتێبەکەی‌دا دێتە سەر نووسینی دێرۆکی بەرەی عوسمان ، سوودی لە کتێبی « تاریخ جهان آرا »ی قازی ئەحمەدی غەفاریی قەزوێنی وەرگرتووە • نەک هەر ئەمە بگرە مێژووی ئەو فەرمانڕەوا کوردانەی بە سەر لوڕستان ڕادەگەیشتن هەر پشت بە کتێبی « تاریخ جهان آرا » لە بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »دا نووسیوە[٣٢] (٧٦ ، ٢٠ — ٢٥ ، ١٠٠ ، ١٦٧) ، بەڵام ناوی نەهێناوەو نەی‌گوتووە کەڵکم لێوەرگرتووە • بدلیسی لە نووسینی مێژووی بەرەی عوسمان‌دا ، دەڵێ یەکەم شارێکی بەرەی عوسمانی لێ ژیاون ، شاری مەروە • شەرەفخان لەمەڕ تاوانو کوشتو کوشتارێکی مەغوولەکان لەم شارەیان کردووە ، بە دوورودێژیی نووسیوەو لەم بارەیەوە دەڵێ ، ئەم ڕاستی‌یانەم لە کتێبی « حبیب‌السیر »ی خوندەمیر ڕاگوێزتوون •

شەرەفخان لە نووسینی هەردوو بەرگی کتێبی « شەرەفنامە »دا ، نەك هەر کەڵکی لە سەرچاوەکانی مێژوو وەرگرتووە ، بگرە سوودی لە هونەری ئەدەبیاتیش وەرگرتووە • بدلیسی کە لە تاوانو کوشتاری بێ بەزەیی قزانی خەڵکی شاری مەرو بە دەست مەغوولان ، دەدوێ ئەم چوارینەیەی عومەری خەییام دێنێتەوە :

سەرخۆش دڵی نایە پیاڵەیەك بشکێنێ
هەر تۆزێ لە بارو ڕێگەو پێك بنوێنێ
خوا ئەو هەموو لاشە ناسكو لاوچاکە
بۆچ ڕێك ئەخاو لە داخی کێی ئەڕزێنێ؟!(تەرجەمەی هەژارە ــ وەرگێڕ •) (٨٧ ، ١٠ ، ٧٨ ، ٧) •

بدلیسی لێرەدا کوشتاری خەڵکی شاری مەروی لە لایەن مەغوولەکانەوە لە نیگای مێژووناسێکی مرۆدۆستەوە لەقەڵەمداوە • نووسیار سوودی لە بڕێ دیوانی بەناووبانگی وەك « شانامە »ی فیردەوسیو «دیوانی» حافزی شیرازیو « خردنامە »ی شاعیری تاجیکی(٣٣) عەبدوڕەحمانی جامی و چەند ئەدیبێکی دیکە وەرگرتووەو کتێبەکەی لە ڕووی ناوەرۆکیشو هونەریشەوە پێ ئارایشت داونو دەوڵەمەند کردووە •

بدلیسی وێڕای ئەوە کە ، سەرچاوەیێکی سوودی لێوەرگرتووە ، ناوی نووسیارەکەی دەهێنێ ، کەچی ناوی کتێبەکەی نا هێنێ یا ناوی کتێبەکەی دەهێنێ ، بەڵام ناوی نووسیارەکەی ناهێنێ • لە کاتی لێکۆڵینەوەدا هێندێ لەمانە دەستیشان کراونو خراونە سەر باری خۆیان • وێڕای ئەمە لە کاری لێکۆڵینەوەکەماندا ئەوەیش ڕوونکرایەوە کە ، تەیموری لەنگ لە ساڵی ١٣٩٣دا لە شوێنێکدا کە (جەملیك)ی(٣٤) پێدەڵێن (لە ماردینەوە نزیکە) باروبنەی لەشکری خستووەو هێندێ لە میرانی کوردستان بەوپەڕی تەتەنەو سەنسەنەو هەیتوهووتەوە بۆ دیدارو چاووێکەوتنی چوونو

تەیوری لەنگیش بەوپەڕی دڵگەرمی‌یەوە پێشوازی لێکردوون • بڕێ لە ڕووداوەکانی ئەوسەروبەندانە لە سەرچاوەکانی سەدەی ١٥ هەم ، لە « ظفرنامە »ی شەرەفەددین عەلی‌یەزدی‌و « ظفرنامە »ی نیزامەددین شامی (٧٧ ، ٣٧٢ ، ٣٧٣ ، ١٢٦ ، ١٤٩ ــ ١٥٠)و « روضة الصفا »ی میرخونددا چـۆن چـۆنی نووسراون لە « شەرەفنامە »ی بدلیسیش‌دا (١١٢ ، ٣٥) دەقاودەق بەو ناوەرۆکەوە نووسراون • بە نموونە ، ئەمیر ئەیوور هەر لەو لەشکرگایەوە دیاری‌یەکی بۆ خێزانەکەی کە لە سوڵتانی‌یە بووە ، ناردووە ، لە ڕێگا پیاوێکی شێخ ناو دیاری‌یەکەی لێ ساندووە • ئەم ڕووداوە لـە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمەش‌و « شەرەفنامە »ش‌دا دەقاودەق وەک یەک نووسراوە • بەڵام ئەوەندە هەیە ، شەرەفخان دەڵێ ، ئـەم شێخە کوردێ بووە لە هۆزی بەختی • بە لای ئێمەوە ئەمە ڕاست نی‌یە • چونکە هۆزی بەختی‌و هۆزی ڕۆژەکی ، کە شەرەفخانی بدلیسی بۆ خۆی لەمانە ، تێوانیان زۆر ناخۆش بووەو هەمیشە لە کێشەو هەرادا بوون‌و ، نووسیار هەر لەم گۆشەنیگایەوە ئەو پیاوەی بە یەکێ لە هۆزی بەختی‌یان لەقەڵەمداوە •

ئەو سەرچاوانەی ، بدلیسی کەڵکی لێوەرگرتوون ، تەنیا سەرچاوەکانی سەدەکانی « ١٣ ــ ١٥ » هەمن • بدلیسی زۆری لە ڕووداوەکانی سەدەی ١٦هەمی بە چاوی خۆی دیتووەو وەک خۆی دەڵێ «لە پیرانی ڕاستگۆو جێبڕوای وەرگرتوون » (٧٦ ، ٨) • لەبەر ئەوە ، بدلیسی لەناو ئەو هەموو سەرچاوانەی سەدەی ١٦هەم‌دا ، تەنیا هەر ناوی « تاریخ جهان آرا »ی نووسیوە •

سەدەی ١٦هەم بایەخێکی تایبەتی لە مێژووی نەتەوەی کورددا هەیە • چـونکە هەر لە ســەرەتایەکانی ئەم سەدەیەوە بگرە ، بڕێ لە میرنشینانی سەربەخـۆی کوردان بە هـۆی چوونەژێربالّی دەوڵەتی عوسمانی‌یەوە ،

سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداوەو بوون بە پاشکۆی عوسمانیەکان • بە داخەوە ، هێندێ لەو گۆڕانانەی لەو سەردەمەدا بە دەستی سوڵتانەکانی عوسمانی هاتوونە گۆڕێ ، لە « شەرەفنامە »دا پڕ بە پێویستی خۆیان بەر تیشك نەخراون •

خـۆلاسە ، بدلیسی بۆ نووسینی « شـەرەفنامە » کەڵکی لە بڕێ سەرچاوەی مێژوو وەرگرتووە هەر ئـەو سەرچـاوانەی لە کتێبەکەیدا بەدەنگەوەتەوەو ئەمەشی لە خۆدا بۆ کاری وردکردنەوەو لێکۆڵینەوە زۆر لەبارو بە سوودە •

بدلیسی ئەو زانیاریانەی لە بارەی مێـژووی ئازەربایجانو ئێرانی سەدەی ١٦هەمەوەی نووسیون زۆر بەرچاون • چونکە ئەم زانیاریانەی لەو ڕووداوانە وەرگرتووە کە بە چـاوی خـۆی دیتوونی • زانیاریەکی بدلیسی پشت بە بڕە سەرچاوەکانی پێشینانی نووسیونی ، نووسـیارانی ڕابردوو چۆنیان نووسیون ئەمیش هەر بەو ئاوایەی دەقاودەق ڕاگوێزتوونو دووپاتەی کردوونەوە ، لەبەر ئـەوە ، دەشێ بەر ڕەخنـەکاری بدرێن • چونکە بدلیسی ، لەو ڕوانگەیەوە کە مێژووناسـە ، کاتێ سـوودی لـە سەرچاوە پێشینەکانی خـۆی وەرگرتووە ، دەبوو کەموکوڕیەکانیـانی دەستنیشـان کردبـانو بە تێبینیی خـۆی لە شـەنو کەوی دابـانو ساخیکردبانەوە • ئەم جـۆرە کەموکوڕیە ، نەك هەر لە بدلیسی ، لـە سەرلەبەری مێژوونووسانی سـەدەی ناوینیشدا قەوماوە • لـەبەر ئەمە ، ئەو کەموکورتیانەی لە کتێبی « شـەرەفنامە »دا بەرچـاودەکەون ، چ پێویست بەوە ناکاو ناهێنێ ، لەسەری هەڵدەینێ •

ئەو مێژوونووسانەی لە مێژووناسیدا کەڵکیان لە « شەرەفنامە » وەر گرتووە

بە پێی ئـەو وردەکاریو لێکۆڵینـەوانەی کردوومانو بەشبەحاڵی

ئەو سەرچاوەو بەڵگانەی سوودمان لێبینیون بە دیاردەکەوێ کە مێژوونووسانی دوای شەرەفخانی بدلیسی لە بارەی مێژووی کوردوکوردستانەوە ، لە سەدەی ١٥ — ١٦هەمدا ، سوودێکی زۆریان لە « شەرەفنامە » کە سەرچاوەیێکی دەوڵەمەندە ، لەچاو سەرچاوەکانی دیکە ، وەرگرتووە • بەڵام بەداخەوە ئەم مێژوونووسانە زۆر لە تەنکاوەوە خۆیان لە قەرەی مێژووی نەتەوەی کورد داوە • هۆی ئەمەیش ئەوەیە ، چونکە کوردەکان لە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکو ناوەندا ، لەدژ سیاسەتی داگیرکارانەی سوڵتانەکانی عوسمانیو شایەکانی ئێران لە هەموان سەرسەختتروکۆڵنەدەرتر بوون • ئەو مێژوونووسانەی لە سەدەی ناوین‌دا ، مێژووی سیاسەتی داگیرکارانەی سوڵتانەکانو شاکانیان نووسیوەو بە گێژوگوڵینگەوەیان بەتانوپۆیەڵدا چوون ، مێژووی نەتەوەی کورد نەیبزاوتوونو هێندەی بە پەرۆشەوە نەبوون • دەتوانرێ بگوترێ ، تا پێش « شەرەفنامە » هیچ کتێبێکی تر لە بارەی مێژووی نەتەوەی کوردەوە بە دەستەوە نیە مێژوونووسانی ئەو سەروبەندە وازیان لە نووسینی کتێبێکی وانە بووەو ئارەزووی کارێکی وایان دەرنەبڕیوە • لەبەر ئەمە بۆ لە مێژووی کورد کۆڵینەوە ، دەبوو ، ناچار پەنا وەبەر ئەو سەرچاوەو بەڵگانە ببردرێ کە بە زمانی عەرەبیو فارسیو ئازەربایجانیو تورکی بە پەراگەندەیی شتێکیان لەسەر مێژووی کوردو کوردستان تێدا نووسراوە (٩٧ ، ٨٤) •

« شەرەفنامە » بۆ بە تایبەتو بە جیاوازی فێربوونی مێژووی کورد ، بە دەست ئەوانەوەی لەم دوایی‌یانەدا لێی دەکۆڵنەوە ، وەك سەرچاوەیێکی یە سوود زۆر بە نرخە • ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار نووسیاری بەناووبانگی تورك ، کاتب چەلەبی (١٥٩١ — ١٦٥٦)لە کتێبەکەی‌دا بە ناوی « تاریخ میر شرفخانالبدلیسی »ەوەی نووسیوە •

کاتب چەلەبی کتێبی « شەرەفنامە »ی بە دوو بەرگ نیشان داوەو

دەڵێ ، « یەکێکیان هەر لە فەرمانڕەوایانی کورد دەدوێ‌و دووەمیان کۆواری خەبەرات‌و هەواڵنن » (١٠٥ ــ ٢٣٤) .

کاتب چەلەبی بۆ دانانی کتێبی « جهاننما »کەی کە چل ساڵ دوای « شەرەفنامە » ، واتە ، لە ساڵی ١٦٣٥دای نووسیوە پتری سوود لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە (١٠١ ، ٤١٠ ــ ٤٣٠) .

بە مەدا زۆر بە دیاردەکەوێ کە ، کاتب چەلەبی لە ناو نووسیارانی ڕۆژهەلاتدا یەکەم نووسیارە سوودی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە .

نووسیارێکی دیکە کە کەڵکی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە ، جیهانگەڕی تورك ئەولیا چەلەبیی هاوچەرخی کاتب چەلەبیە . ئەم نووسیارە کە دێتە سەر باسی میژووی ڕۆنانی شاری تفلیس ، دەڵێ : « بە پێی قسەی خاوەنی « شەرەفنامە » کە یەکێکە لە میژوونووسانی ئێرانزەمین ، ئەم شارە (تفلیس) لە لایەن خەزنەداری ئەسکەندەری زوڵقەرنەینەوە بە دروست کردن دراوەو شاری بدلیسی ئەیالەتی وانیش هەر ئەو بە دروستکردنی داوە » (٤٨ ، ٣١٥) .

بدلیسی نووسیویە ، بە پێی نەقڵی ڕاست‌و دروست بدلیس ناوی یەکێ لە خولامانی ئیسکەندەرە . قەڵاکەی بدلیسیش‌و ویلایەتەکەی بدلیسیش هەردووکیان هەر ئەو دروستیکردوون (٧٦ ، ٣٣٥) .

پاشانەکێ ئەولیا چەلەبی لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا ڕاستیەکانی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووەو نووسیویشیە کە وەك سەرچاوەیێکی میژوو کەڵکی لێوەرگرتووە . لەپاش ئەم دوو نووسیارەی ڕۆژهەلاتە ، واتە ، لە ساڵی ١٦٦٩دا ، نووسیاری تورك ، موحەممەد بەگ کوڕی ئەحمەد « شەرەفنامە »ی کردووە بە تورکی (١٣٣ ، ٧٠) ئیدی لەپاش ئەمە ، وا گومان دەبرێ کە « شەرەفنامە » لە ڕۆژهەلاتدا ، سەردەمانێکی

دوورودرێژ ، وەك سەرچاوەیێکی مێژوو سوودی لێنەبینـدراوەو بە بێ کەڵکی ماوەتەوە .

بەش‌بەحاڵی نووسیارانی ئەوروپایش لەوانی سوودیان لە «شەرەفنامە» وەرگرتبێ ، لەسەرەتای سەدەی ١٧هەمەوە ، وەك سەرچاوەیێکی مێژوو ، سەرنجی بزواندووەو ئاوڕیان لێداوەتەوە . لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕووبەڕوە کە لە ساڵانی ١٦٣٢ ــ ١٦٦٨دا جیهانگەڕی فەڕەنسزی ، ژان باتیست شەش جاری سەفەر بۆ ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەندو نزیك کردووە . ئەم جیهانگەڕە فەڕەنسیە لەم گەشتەیدا کوردستان گەڕاوەو خۆی بە شەخسی چاوی بە ئەبدالخانی میری بدلیس کەوتووە .

ژان باتیست وەك خـۆی نووسـیویە ، دیاریی پێشکێش کردووەو ئەبدالخانیش زۆری ڕێزلێ گرتووە (٧٤ ، ٣٨٢) .

ژان باتیست لە کتێبی « گەشتنامە » کەیدا لەمەڕ ڕووداوێکی کە لە « شەرەفنامە »دا نووسراوە ، دەڵێ : « لە ئەیالەتی وان بازرگانێکی دارای دەوڵەمەند زێیەك ، کە ماسیی زۆر دەبێ ، لە پاشا بەکرێ دەگرێو ڕاوکەری بۆ دێنێ ڕاوەماسی بکەن . دەڕوانن هەرچیەکی لێ ڕاودەکەن ، مارە . ئیتر لەو ساڵە بە پاشەوە زێیەکە جارێکیتر بە کرێ نادرێتەوە » (٧٤ ، ٢٨٣) . هەرچی بدلیسیە لەم بارەیەوە دەڵێ ، « لە مانگەکانی هاوین‌دا ، چـونکە ئاوی زێیەکە زیادی دەکرد ، ماسـی لە گۆڵەوە دەهاتنە نـاو زێیەکەوە . خەڵکەکە بە خوایشتی خۆیان ماسییان لێ ڕاودەکرد ، لە زەمانی من‌دا کاربەدەستانی دەوڵەت زێیەکەیان بە کرێ دەدا . بە ڕێکەوت ئـەو ساڵە ماسی لە گۆڵەوە کەناراوی نەگرت ... زێیەکەیش ئیتـر بە کرێ نەدرا » (٧٦ ، ٣٣٥ ــ ٣٥٦) .

ژان باتیست ، نەڕوانینە ئـەو ڕووداوانەی کـە لـە کتێبەکەی بدلیسی خۆیشیو « شەرەفنامە » شدا لێکدەچن ، لـە هیچ شوێنێکی کتێبەکەی خۆیدا ناوی کتێبەکەی ناهێنێ .

چاوکەوتنی جیهانگەڕی فەڕەنسزی بە میری بدلیس‌و باس‌وخواسی ڕووداوی ماسی هەر بەو ناوەڕۆکەوە ، وەك ق • ڤیلیامینۆڤ زەڕنۆڤ نووسیویە ، مادامێکی دەسنووسی هەرە چاکی « شەرەفنامە » لە فەڕەنسایە (٧٦ ، ٢٢)ئەمە دەمانخاتە سەرئەو مەزەنەیە کە ژان باتیست یەکەم ئەوروپاییە ، سوودی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووەو بۆ یەکەم جار دەسنووسەکەی بۆ فەڕەنسا بردووە • تەنانەت تا بەرایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەم ئینجا لە ئەوروپا دەربێلۆ لە وتارێکی‌دا کە بە سەردێڕی « تاریخ الشرفخان البدلیسی »و « تاریخ اکراد »ی نووسیوە لە « شەرەفنامە »دووا‌وە •

ئەم نووسیارە بۆ نووسینی ئەم وتارەی ، سوودی لە جەدوەلی بیبلیۆگرافیاکەی کاتب چەلەبی وەرگرتووەو تەرجەمەی هونەریی ئەوەی کاتبچەلەبی لەبارەی « شەرەفنامە »ەوەی نووسیوە ، پێشکێش کردووە • ئیدی لەم سەردەمە بەدواوە لە ئەوروپا ، کە دەسنووسەکانی «شەرفنامە» وەردە وردە بە دەستدەکەون ، سەرنجی ئەو ڕۆژهەلاتناسانەی بە جیا خەریکی مێژووی کورد بوون ، ڕادەکێشێ • ڕۆژهەلاتناسی ئینگلیزی بەناووبانگ جۆن مالکۆلم لە ساڵی ١٨١٥دا کتێبی « مێژووی ئێران »ەکەی خۆی بڵاوکردەوە • ئەم ڕۆژهەلاتناسە پشت بە « شەرەفنامە » کوردەکانی بە ئێرانی لەقەڵەمداوە (٩٧ ، ٨) •

لە ساڵی ١٨٢٦دا بیری وەرگێڕانی « شەرەفنامە » کەوتبووە ناوناوانەوەو سەرنجی ڕۆژهەلاتناسە ڕووسەکانی ڕادەکێشا • هەر لەو ساڵەدا ڕۆژهەلاتناسی ڕووسی م • ڤۆلکۆڤ بڕێ زانیاریی لەمەڕ « شەرەفنامە »و نووسیارەکەی لەگەڵ وتارێك‌دا ، لە ژمارە ٨ی کۆواری « ئاسیا »دا بڵاوکردەوە (١٣٣ ، ٢١٠) •

ق • ڤیلیامینۆڤ ــ زەڕنۆڤ دەڵێ : « لەپاش ساڵی ١٨٢٦ ، ئینجا « شەرەفنامە » لە ئەوروپا بەهای زانستیی خۆی درایێ • ئەوەی گۆی

ئەم شەرەفەیشی لەم مەیدانەدا بردەوە ڕووسیاو زاناکانی ڕووسیا بوون » (٧٦ ، ١٤) .

لەو ســەروبەندەدا پروفیسۆری ئامۆژگای زمانەکانی ڕۆژهەلاّت لــە پیتەربورگ ش . فرێن خولیــای « شەرەفنامە » وەرگێرانی کەوتە سەر . بەلاّم نەخۆشیی ئەم زانایە بوو بە کۆسپ لە ڕێی بەجێهێنانی کارێکی وادا (٧٦ ، ١٥) .

لە ســالّی ١٨٥٦دا لە پیتــەربورگ بە چاوێریی پیتــەر لێرخ کتێبی لێکۆلینەوەیێك لەمەڕ باووباپیرانی کوردەکان ئامادە دەکرا . بۆ دانانی ئەم کتێبە لە دەسنووسی « شەرەفنــامە » وەك بەڵگەو ســەرچاوە ، ســوود وەرگیراوە (٢٠ ، ٢٥) .

شایانی یادداشتکردنە ، لە دەسنووسە پەرش‌وبلاّوەکانی «شەرەفنامە» کەلك وەرگرتن ، وەك سەرچاوەیێکی مێژوو لە ناو لێکۆلەرەوانی ڕۆژاوادا ، سەبارەت بەمە هەرچی زووتر نووسینەوەی‌و ئامادەکردنی بایەخێکی زانستیی بە خۆیەوە گرت‌و ئیتر لەو ساوە مەسەلەی فێربوونی جوغرافیای کوردستان‌و مێژووی کوردستان‌و لە زمانی کــورد کۆلینەوە بووبە مەسەلەیێکی هەرە پێویست‌و هەرە ڕاستەقانیی وا کە زانایانی ڕۆژهەلاّت‌و جیهانگەڕانی خستە کەلەکەلەو پەرۆشەوە[٣٥] .

ئەم خواستەی زانست‌و سیاسەت لە پێش زانایانی‌دا قــوتی کردەوە کارێکی وای کرد « شەرەفنامە » ببێ بە بابەتێکی جیاوازی لێکۆلینەوەو هەرچی زووترە دەسنووسە پەرش‌وبلاّوەکانی کــۆکرێنەوەو بکرێن بــە کتێبێ . ئــەم کارەیش ڕۆژهــەلاّتناسی بــەناووبانگ‌و بەرچــاو ڤ . ڤیلیامینۆڤ ــ زەڕنۆڤ بەجێهێنا . زەڕنۆڤ لەم بارەیــەوە دەڵێ : « من لەمەڕ مێژووی کورد لــەو ڕێگایەوە تێهەڵچووم زانست پێیدا دەڕوا . بلاّوکردنەوەی « شەرەفنامە »م بە کارێکی پێویست‌و زەروور زانی‌و دەستم پێکرد » (٧٦ ، ٢٠) .

ف . ڤیلیامینۆف ــ زەرنۆف « شــەرەفنامە »ی بە زمــانی فارسی سەروبەر ناو بۆ ئەوەی بە شێوەی کێشب کە بۆ زانست لە بارترە ، بخاتــە ژێر دەستی مێژوونوسانەوە نزیکەی ٣٠ ساڵی خشتی ئەرك پێوە کێشاوە . لەم کاری ساخ کردنەوەو ســەروبەرنانەدا سوودی لە چــوار دەسنووسی « شــەرەفنامە » وەرگرتووە .بەڵام ف . ڤیلیامینۆف ــ زەرنۆف دەڵێ : لــەم چوار دەسنووسانە ، ئەوەی لــە هەمووان پتری سوود پێبەخشیوم نوسخە دەسنووسەکەی م . خانیکۆفو نوســخە دەسنووسەکەی ئەتێکەخانەی ئاسیایە لە ئەکادیمیای ئیمپراتۆر لە پێتەربورگ (٧٦ ، ٢٠) .

ف . ڤیلیامینۆف ــ زەرنۆف ئەم دەسنووسانەی هەموو پێك گرتوونو لەگەڵ یەکدیانی بەراورد کردوونو کێبەکەی هێنــاوەتە ســەر بارتی ڕاستەقینەی خۆی و لە ئاکامدا ، ئەو خزمەتە گەورەیەی لە پێناوی زانستدا پێشکێشی کردووە ، لە ســــاڵی ١٨٦٠دا بەوپــەڕی سەرکەوتنــەوەی جێبەجێ کردووە(٢) .

لە پاش ف . ڤیلیامینۆف ــ زەرنــۆف فەرەنســوا بەرنار شارموا بە وەرگێڕانە سەرزمانی فەڕەنسزیی « شەرەفنامە »ەوە خەریك بووە . بەڵام ئەو لە ساڵی ١٨٦٩دا مردووە . ئینجا لە پاشان بە هەردوو بەرگەکەیەوە ، لە ساڵی ١٨٧٥دا کراوە بە فەڕەنسزیو لە لایەن ئەکادیمیای ئیمپراتۆرەوە ، لە پێتەربورگ بڵاو کراوەتەوە .

ئیتر بەم جۆرە سەروبەرنانو ڕێك خستنەوەی « شەرەفنامە » کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردستان سەرچاوەیێکی هەرە بەســوودە ، بــۆ یەکەم جار ڕۆژهەڵاتە ڕووسەکان ڕەنجیان پێوە کێشاوەو بۆ گەشەپێدانو پەرەپێدانی ئەم دوایی‌یانەی مێژووناسیی کورد ، ئەوان هەڵو مەرجیان بۆ ڕەخساندووە . هەر لەبەر ئەمە ، زۆربەی ڕۆژهەڵاتە هاوچــەرخەکان کە دێنە سەر باسی مێژووی کــورد ، ســەرەتای ســەردەمی گەشــەکردنو خەملانی ، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩هەمەوە حسێب دەکەن . یاسەمی

لەم بارەیەوە دەڵێ : « لە دوای ساڵی ١٨٦٣وە لە بارەی کوردەوە زانیاریی وردتر مان بە دەستەوەیە » (٦٩ ، ١٠٢) .

لە ساڵانی ١٨٩٧ ــ ١٩١١دا جوغرافیاناسی سەرەك ئەنجومەنی زانستیی فەرەنسزی لە ئێران ، ژاك دی مۆرگان ، لە بارەی جوغرافیای ئێرانو ئازەربایجانو کوردستانەوە کتێبێکی دووبەرگیی جوانی نووسیوە . نووسیار بۆ نووسینی کتێبەکەی کەڵکی وەك سەرچاوەیێك لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە (٧١ ، ٢٨٣) .

لە ساڵی ١٩١٥دا زانای ڕۆژهەڵاتناس ، ق . ف . مینۆرسکی کتێبەکەی لەمەڕ مێژووی کورد ، لەپێتەربورگ لەچاپدا . مینۆرسکییش لە نووسینی کتێبەکەیدا « شەرەفنامە »ی کردووە بە سەرچاوەو بەڵگەنامەی نووسینەکەی خۆیو سوودێکی زۆری لێوەچەنگ هێناوەو لە مێژووناسیی کورددا نرخو بایەخی ئەم سەرچاوەیەی بە وردی هەڵسەنگاندووە (٢٢ ، ٩) . هەرلەو ساڵەدا پرۆفیسۆری ئەکادیمیای ڕۆژهەڵاتناسیی بەرلین ، فرێج ، کتێبێکی بە سەردێڕی « کوردەکان »ەوە بڵاوکردەوە . ئەم کتێبەی فرێج لە شێوەی شەرحو ڕوونکردنەوەی « شەرەفنامە »دا نووسراوەو ناوی هێندێ تیرەو هۆزی کوردی بەڕاستو دروستی نووسیوە .

مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی ، عەبدولعەزیز جەواهیر کەلام لە زۆر جێگای کتێبی « آثار الشیعة الامامیة » یەکەیدا ، کە لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاوی کردووەتەوە بڕێ ڕاستیی ، پشت بە « شەرەفنامە » نووسیوە (٨٨ ، ٢٠٥) .

لە ساڵی ١٩٣٠دا پسپۆڕی زمانە ڕۆژهەڵاتیەکان ، پرۆفیسۆر سەیید موحەممەد عەلی عەونی لەقاهیرە « شەرەفنامە »ی بە فارسی بەکەی لەچاپداوە . نووسیار لە هەموو لاپەڕەیەکدا پەراوێزی بە فرەوانی بۆڵێداوە[٣٦] .

لەم سەردەمەدا « شەرەفنامە » لە لایەن فەرەجوللاّ زەکی ئەلکوردیەوە[٣٧] دەکرێ بە عەرەبی[٣٨] • وەرگێڕ لە دەقی ئەو نوسخەیەوەی وەرگێڕاوە کە ڤ ڤیلیامینۆڤ ــ زەرنۆڤ لە چاپی داوە • پێشەکیەکەی و ئەو پەراوێزە بەربلاّوانەی لە سەری نووسیون ، ناوی « ئینسیکلۆپیدیای کورد »ی لێ ناوە (١٢١ ، ٢ ــ ٣) •

« شەرەفنامە » لەم دوایانەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زۆر زمانانی هاوچەرخ و بۆ ئەو زاناو ئەدیبانەی ویستوویانە لە مێژووی کورد تێبگەن ، بوو بە بەلگەو سەرچاوە • لە سالّی ١٩٣٠دا نووسیاری هاوچەرخی کورد ، بلّەچ شێرکۆ ، کتێبێکی بە سەردێڕی « القضیة الکردیة »ەوە داناوە و ڕاستیەکی زۆری لە « شەرەفنامە »وە ڕاگوێزتووەتە نێو ئەم کتێبەیەوە (٥٥ ، ٦ ــ ٩) •

مێژوونووسی هاوچەرخی کورد ، موحەممەد ئەمین زەکیش زۆری کەلّک لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە •

مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی ، عەلی ئەسغەر شەمیمی هەمەدانی ، لە سالّی ١٩٣٢دا کتێبێکی بە سەردێڕی « کوردستان »ەوە لە چاپ داوە • لە بەشێکی زۆری ئەم کتێبەدا گەلێ ڕاستیی پشت بە « شەرەفنامە » پێشان داوە •

ئەم مێژوونووسەیش هەر هەڵپەی ئەوە بووە کورد بەرێتەوە سەر فارس (٣٩) • هەروەها لە ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامدا ، لە باسی مێژووی ئێرانو کوردستاندا بڕێ ڕاستی ، پشت بە « شەرەفنامە » پێشان دراون (١٣٢ ، ١٢٠٦)و ئەمەیش بۆ لێکۆڵەرەوان زۆر بەسوودە •

لە سالّی ١٩٣٢دا ئا • پوکشپانین ئەو کتێبەی لە بارەی کوردەکانی ئازەربایجانی سۆڤێتەوەی نووسیوە یەکەم زانیاریەکانی پشت بە « شەرەفنامە » نووسیوە ، ئەو کوردانەی لە ناوچەی قەرەباخ دەژین

« شەرەفنامە » بە ناوی « بیست‌و چواران » هەیانی ناوبردووە (٧٦ ، ٣٢ — ٣٩ ، ١١ ، ٥٧) •

موحەممەد مەردۆخ کوردستانی لە کتێبی « تاریخ مردوخ »ەکەیدا زۆری شت لە « شەرەفنامە » ڕاگوێزتووە •

کوردناسی سۆڤێت ع•ش• شامیلۆڤیش لە ساڵی ١٩٣٦دا لە دانانی کتێبەکەیدا سوودێکی چاکی ، وەك سەرچاوەیێکی مێژوو لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە •

ئەکادیمی ئ• عەلیزادە لە زانایانی سۆڤێت ، لە باسی مێژووی دەوڵەتی شیروانو شیروانەکاندا ، پشت بە « شەرەفنامە » کۆمەڵێ ڕاستیی دەربڕیوە (٧ ، ٥) •

ی • پ • پیترۆ شیڤسکی لە کارە لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سەر بە مێژووی ئازەربایجاندا ، « شەرەفنامە »ی بە سەرچاوەیێکی مێژووی گرانبەها داناوەو سوودی زۆر لێ وەرگرتووە • پاش ئەوەی سەربهوردی بدلیسیی بە کورتی نووسیوە ، دەڵێ ، بدلیسی لە سەردەمی شاتاماسپی یەکەمو شاسمایلی دووەمدا چەندین کاری جۆربەجۆری دەوڵەتی پێ سپێردراوەو هەر لە سۆنگەی ئەمەوە زۆر شارەزای ئازەربایجان بووەو تەنها لەمەڕ ڕووداوەکانی مێژووی ئازەربایجان لە سەدەی ١٦هەمدا ، زانیاریی زۆر بەنرخی نووسیوە (٢٥ ، ٣٠٤) •

لەبەر ئەوە ، « شەرەفنامە »ی بدلیسی ، نەك هەر تەنها بۆ مێژووی کوردستان بگرە بۆ مێژووی ئازەربایجانو ئێرانیش دەشێ بە سەرچاوەیێکی بە سوود دابندرێ • مێژوونووسی کورد موحەممەد ئەمین زەکی لە نووسینی کتێبی « الدول والامارات الکردیة في عهد الاسلام »دا (١١٩) کە لە ساڵی ١٩٤٥داو لە کتێبی « مشاهیر الکرد وکردستان في عهد الاسلام »دا کە لە ساڵی ١٩٤٧دا (١١٨) ، بڵاوی کردوونەوە ، ڕاستییەکی زۆری لە

« شەرەفنامە »ەوە نەقڵ کردووە • ئەمیزەکی لە دانانی کتێبی « تاریخ السلیمانیة »دا کە لە ساڵی ١٩٥١دا لە چاپی داوە (١٢٠) ، دیسان « شەرەفنامە »ی بە سەرچاوەی نووسینەکەی داناوەو زۆری سوود لێ وەرگرتووە •

مێژوونا‌سی هاوچەرم • جەمیل لە کتێبی « الشرفنامه »کەی‌دا[٤٠] کە لە ساڵی ١٩٥٣دا لە چاپی داوە « شەرەفنامە »ی بە بەربڵاوی‌و فرەوانی‌یەوە شەرح‌کردووە[٤١] •

زانای پۆژهەلاتناس ف • ف • مینۆرسکی لە ساڵی ١٩٥٣دا کتێبێکی بە ناوی « تەشکیلاتی ئیداریی دەوڵەتی سەفەوی »یەوە بە زمانی ئینگلیسی بڵاوکردووەتەوە • بۆ ئەم کتێبە سوودی چاکی لە « شەرەفنامە» وەرگرتووەو لە ڕیزی سەرچاوە گرانبەهایەکانی سەدەی ١٦هەم‌دای داناوە (١١٦ ، ٧١) •

مێژوونووسی هاوچەرخی ئێرانی ، ڕەشید یاسەمی بە نەتەوە کورد ، بۆ نووسینی کتێبی « کوردو پێوەندی‌یە مێژووییەکانی باووباپیرانی »ی بڕێ ڕاستیی سەر بە مێژووی کوردستانی لە « شەرەفنامە »ەوە وەرگرتووە • یاسەمی بۆ ئیسپات‌کردنی ئەوە کورد ، گۆیا ، بە ڕەگەز فارسن ، پشت بە « شەرەفنامە » دەڵێ : « یەکێ لەو نەقڵو ڕیوایەتانەی کە کورد ئێرانی نەژادن ، قسەکانی « شەرەفنامە »یە کە گوایە ناودارانی مێژووینەی ئێران کوردن » (٦٧ ، ١١٧) •

یاسەمیش هەمەدانی ئاسایی ، بە ئێرانی کردنی کوردەکانی لەبەر ئەوەیە کە گۆیا خەباتی گەلی کورد بۆ دابین‌کردنی مافە دیموکراتی‌یەکانیان بۆ یەکێتیی خاکی ئێران زەرەرو زیانی هەیەو ئەم کتێبەیشی بەو بۆنەیەوە نووسیوە[٤٠] •

ئیحسان نووریش بۆ کتێبی « تاریخ ریشەئزاد کرد »ەکەی تەماشای « شەرەفنامە »ی کردووەو زۆری سوود لێ وەرگرتووە (٥٠ ، ٤٧) •

هەروەها نەسرولڵا فەلسەفی کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی ئێران لە دانانی کتێبی « ژیانی شا عەباسی یەکەم »دا لە ساڵی ١٩٥٦دا ڕاستینی زۆری لە « شەرەفنامە » وەرگرتووەو بە کورتی بەسەرهاتی نووسیارەکەیشی نووسیوە (١٢٥ ، ٢٤٠) .

دەستەی پێداچوونەوەی کتێبی « نەتەوەکانی ئاسیای بەرایی » کە لە لایەن ئەکادیمیای سۆڤێتییەوە بڵاوکراوەتەوە « شەرەفنامە »ی بە سەرچاوەیێکی باوەڕپێکراو داناوەو زۆریشی سوود لێوەرگرتووەو نووسیارەکەی بە « ساڵنامەگەری کورد ، شەرەفەددین » ناوهێناوە .

ف . نیکیتین ، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا کتێبی « کورد »ی بە فەرەنسزی نووسیوە ، سوودی چاکی لە «شەرەفنامە» وەرگرتووە (٢٣) . نیکتین لەم کتێبەیدا ، لەمەڕ مێژووی جوغرافیای کوردستانو ڕەگەزی کوردو داب‌و نەریتیان زانیاریی سەرنجبزوێنی نووسیوە . ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٨دا لە چاپدراوە ، هێندێ زانیاریی سەر بە دەوڵەتی سەفەوییان لە سەدەی ١٦ هەمدا ، پشت بە « شەرەفنامە » نووسراون (٣٤) .

م.خ. نیعمەتۆڤا لە ساڵی ١٩٥٩دا کە کتێبی « تێگەیشتنی مێژووی شیروان لە سەدەی ١٤ ــ ١٦هەمدا »ی (٣٩) نووسیوە کەلکی لە « شەرەفنامە »ی بدلیسی ، وەك سەرچاوەیێکی مێژوو وەرگرتووە .

مێژوونووسی کورد ــ شاکیر خەسباك «٤٣» لە ساڵی ١٩٥٩دا کە کتێبی « الکرد والمسألة الکردیة »ی نووسیوە ، چەند ڕاستییەکی سەر بە مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدای ، پشت بە « شەرەفنامە »ی بدلیسی نووسیوە (٨٠ ، ٢٥) .

بە تێکڕایی ، بڕێ مێژوونووسی بۆرجوای هاوچەرخ کە بە مێژووی ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەند لە سەدەی ١٦هەمدا ــ وە خەریك بوون کەلکیان لە « شەرەفنامە » وەك سەرچاوەیێکی مێژوو وەر گرتووە .

ئەو ڕاستیەیە مێژووییناسانەی لە هەردوو بەرگی « شەرەفنامە »ەوە وەرگیراون ، بە زۆری لە کتێبی نووسەرو زانایانی سۆڤێتدا بەرچاو دەکەون • س • ئاشوور بەیلی لە کتێبەکەی خۆیدا ناوی « شەرەفنامە »ی بە تایبەت هێناوەو ئەوەی دەربڕیوە کە سوودی لە تەرجەمە فەرەنسزیەکەی « شەرەفنامە »ی بدلیسی وەرگرتووە (١٠ ، ٣٢٢) •

ئا • ئـ : ڕەحمانی ، بۆ نووسینی کتێبی «تاریخ عالم آرای عباسی» وەك سەرچاوەی مێژووی ئازەربایجان کە لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاوکراوەتەوە سوودی لە هەردوو بەرگەکەی « شەرەفنامە » وەك سەرچاوەیەکی مێژوو ، وەرگرتووە • نووسیار لە تۆمارکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانیدا ، بۆ نووسینی مێژووی ئاخروئۆخری سەدەی ١٦هەم « شەرەفنامە »ی لە ڕیزی یەکەمدا نووسیوەو بە کورتی بەسەرهاتی شەرەفخانی بدلیسیی نووسیوە (٢٨) •

ئۆ • ئـ • ئەفەندییۆڤ لە کتێبی « دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئازەربایجان ، لە سەدەی ١٦هەمدا » کە لە ساڵی ١٩٦١دا بڵاوی کردووەتەوە پشت بە « شەرەفنامە » نووسیوە : ئەم کتێبە بۆ ئەوانەی بە سەردەمی سەفەویەوە خەریکن ، لە ڕووی وەسفکردنی دەوڵەتی قزڵباشەوە ، زۆر بە سوودەو ڕووداوەکانی ئەو سەروبەندەی بە مەوزوعیانە وەسفکردووە (٣٣) •

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤێت ، ئۆ • ل • ڤیلچێڤسکی لە کتێبی (کورد)یدا کە لە ساڵی ١٩٦١دا لە چاپی داوە بڕێ شتی دەربارەی مێژووی کوردو شارستانێتیی کورد لە « شەرەفنامە »ەوە وەرگرتووە (١٣ ، ٩٨ — ١٥٩) •

لە نووسینی کتێبە هەڵوژێردەکەی شاعیری بە نامێی کورد ، حەیران خانمی کیژی کەریم خانی دونبولی (دملی) [وەرگێر] (١١٩ ، ٢٣٣) ،

سەر بەکێهە هۆزی کوردە ؟ ئەمە بە هۆی « شەرەفنامە »ەوە دیاری کراوە (٧٦ ، ٣١١ ــ ٣١٧ ، ٣٧ ، ٥) .

مێژووناسی سۆڤێتی ، م . ب . ڕۆدینکۆ لە بارەی مێژووی کوردەوە، کە دێتە سەر دەسنووسەکانی « شەرەفنامە » بە کورتی سەربەوردی بدلیسیی نووسیوە (١٦٨٩ ــ ١٧٤٨) (٢٩ ، ١١٥) . کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بدلیسی لە ساڵی ١٥٤٣دا لە دایك بووە . هەر مردێتی هیچ شتێکی لەبارەوە نەزاندراوە . بە تێکڕایی ، م . ب . ڕۆدینکۆ لە کتێبەکەیدا ، دیاردیی بۆ سەرچاوەختەکانی لەدایكبوونی بدلیسی ، وەك لە سەرچاوەکانی تردا نووسراوە ، نەکردووە .

زانای سۆڤێتی ج . ئیبراهیموڤ بۆ نووسینی کتێبی « دەوڵەتی دەرەبەگ لە خاکی ئازەربایجاندا لە سەدەی ١٥هەمدا »یەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوکراوەتەوە ، سوودی لە « شەرەفنامە »ی بدلیسی وەك سەرچاوەیێکی مێژوو وەرگرتووەو بڕێ ڕاستیی دیاری کراوی لێهەڵێنجاوە(١٦) .

ه . زەرینزادە بۆ نووسینی کتێبی « وشەی ئازەربایجانی لە زمانی فارسیدا »یەکەی کەڵکی لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە (٣٨) .

ن . ئا . خالفین لەو کتێبەیدا کە لە ساڵی ١٩٦٣دا لە چاپدراوە ئەو کورتە زانیارییەی لەمەڕ مێژووی کوردی نووسیوە ، لە سەدەی ١٦هەمدا ، لە « شەرەفنامە »ی بدلیسییەوەی وەرگرتووە (٣٠) . نووسیار ئەمکتێبەی لە ئەسڵدا دەربارەی ڕووداوەکانی لوڕستان لە سەدەی ١٩هەمدا ، نووسیوە .

نووسیاری عەرەب « محمد رشید الفیل »یش لە ساڵی ١٩٦٥دا کتێبی « کورد لە نێگای زانستەوە »کەی لە پێش هەموو شتێكدا «شەرەفنامە»ی کردووە بە سەرچاوەی خۆیو هەروەها لە بارەی وڵاتی کوردو ژمارەی کوردیشی نووسیوە .

ج • جەلیل لە ساڵی ١٩٦٦دا کتێبێکی بە سەردێڕی « ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی ١٨٨٠دا » نووسیوە • نووسیاری کوردی سۆڤێتی مێژووی ڕابردووی کوردی بە کورتی لە « شەرەفنامە »وە ڕاگۆیزتووە ج • جەلیل لەم کتێبەدا باسی بارودۆخی کوردو ڕاپەڕینەکانی کوردی لە ئێران وتورکیا، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩هەمدا کردووە (١٤ ، ١٣) •

هەروەها نووسیاری کتێبی « کوردی قەفقاز » ئـ • ف • ئاریستۆف ئەو کورتە زانیاریەی کە لەمەڕ میرنشینەکانی کورد لە سەدەی ناوەندای نووسیوە ، لە « شەرەفنامە »ی وەرگرتووە • نووسیار ئەم ڕاستیانەی باسیان دەکا لە بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »دا نووسراون • کەچی ئـەم بەرگەی (٨ ، ٨ ــ ٢٢)بە ناوی بەرگی یەکەمی « ساڵنامە »وە نووسیوە • « شەرەفنامە » کتێبێکی پڕزانیاریی دەوڵەمەندی تەواوو پێکەڵی سەربەخۆی مێژووی کوردو کوردستانە • هەرچی بەرگی دووەمەکەیەتی ، بەڵێ ڕاستە ، لەو ڕووەوە کە ڕووداوەکانی بە پێی ساڵو ڕۆژگار تێدا بە ڕێز نووسراون ، دەشێ بە « ساڵنامە » ناو ببرێو لە نیگای لێکۆڵینەوەی زانستیەوە ، وا ڕاستە ئەم بەرگەیان وا تێو بندرێ •

ئیـدی بەم ئاوایە بـە دیارکەوت کە پتر لە ٥٠ زاناو مێـژووناسو نووسیاری سـۆڤێتو بۆرجـوا ، لـە کاری لێکۆڵینـەوە لە مەیـدانە جۆربەجۆرەکانی زانستدا ، « شـەرەفنامە »ی شەرەفخانی بدلیسیان بە سەرچاوەیێکی مێژوو داناوەو زۆریان سـوود لێوەرگرتووە • ئەم زاناو مێژووناسو نووسیارانە بە زۆری ئەوانەن کە لە مێژووو جوغرافیاو ڕەگەزو زمانی کوردیان کۆڵیوەتەوە •

ئەوەشـمان نابێ لە بیر بچێ کە بڕێ لـە مێـژووناسو نووسیارانی هاوچەرخی دیکەیش کە بە مێژووی ئازەربایجانو ئێرانو سەفەوی یەکانەوە خەریک بوون پتریان کەڵک لەم سەرچاوە دەوڵەمەندە وەرگرتووە •

لە لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژووی کوردو کوردستانەدا لە سەدەی ١٥ ــ ١٦ هەمدا مەسەلەیی هەیە سەرنج زۆر دەبزوێنێ ، ئەویش ئەوەیە کە داخوا مێژووناسان ، چ لە هاوسەردەمانی شەرەفخانی بدلیسی چ لەوانی پاش ئەو هاتوونو سوودیان لە « شەرەفنامە »کەی وەر گرتووە ، چۆنیان تۆڕیوەتە بدلیسیو کێشەکەیو هەڵوێستیان دەربارەی چۆن بووە ؟ •

ئۆروج بەگ‌بەیات ، کە لە هاوچەرخانی نووسیاری « شەرەفنامە »یە ، بدلیسیی نەك بە مێژووناس ، بەڵکو بە فەرمانڕەواو حوکمڕانی نەخچەوانو (٤٩ ، ١٨٧) نووسیاری « فتوحات » ئــ • فومەینی بە فەرمانڕەوای تۆنیکابۆنی داوەتە قەڵەم (٨٦ ، ٢١) •

هەرچی ئیسکەندەر مونشیی‌یە نووسیاری « شەرەفنامە » ، بدلیسیی بە ئەمیرزادەیێکی لە ئەندەروونی شــاتاماسپی یەکەمدا پــەروەردەکراوو فێرکراو لە قەڵەم دەدا (٧٤ ، ١٤١) ، چونکە مێژووناسە ئازەربایجانیو ئێرانی‌یەکانی هاوچەرخی شەرەفخانی بدلیسی ، لە ڕاستیدا ، شەرەفخانیان بە فەرمانڕەواو حوکمڕانی شیروانو تۆنیکابۆنو نەخچەوان لە سەردەمی شاتاماسپی یەکەمو شاسماییلی دووەمدا ــ دەناسی •

هەر لە ناوەندی سەدەی ١٧هەم بەملاوە ، نووسیاری « شەرەفنامە » وەك مێژووناسێ سەرنجی زانایانی ڕاکێشا • هەر لە سۆنگەی ئەمە ، کاتب چەلەبی ، شەرەفخانی بە « شەرەفخانی مێژووناس »و (١٠٣ ، ٤١٤)ئەولیا چەلەبیی بە « مێژووناسی ئێرانزەمین » ناو بردووە (٤٨ ، ٣١٥) •

لە ساڵی ١٦٦٩دا ، « شەرەفنامە »ی بدلیسی ، بۆ یەکەم جار ، کراوە بە تورکی • بەڵام سەبارەت بە گۆڕانی خەسیەتی باری سیاسیی ڕۆژگار ، دەوڵەتی عوسمانی بە جارێ شووڵی لە سیاسەتی وشەی کوردو کوردستان بەتاڵکردنەوە هەڵگێشاو بە تەواوەتی خۆی لێنەبان کرد •

هەرچی مێژوونووسە ڕۆژهەلاتیەکانی دیکە بوون ، ف • ئیلیامینۆف زەرنۆف گوتەنی ، سەبارەت بەوە کە بە ئەندازەی پێویست بە پەرۆشی مێژووی کوردەوە نەبوون ، نوسخەی « شەرەفنامە » لە ڕۆژهەلات کەم بلاوبوونەوە (٧٦ ، ١٢)و ئەم سەرچاوە مێژووییەیە نەك هەر بە کتێبی سەروبەر نەنرا ، بگرە سەردەمانێکی دوورودرێژ ناوی لە کوولەکەی تەرپشدا نەهاتو بەرد خرابووە سەری •

بەو پێیە ، ف • ئیلیامینۆف ــ زەرنۆف نووسیویە ، ڕۆژهەلاتناسی ئینگلیسی ، ج • مالکۆلم ، یەکەم ئەوروپایی بووە ، خێوی نوسخەیێکی « شەرەفنامە » بووبێ • کەچی ئەویش لەمەڕ بلاوکردنەوەی خۆی لە قەرەی نەداوەو هەروا بێ ناز ماوەتەوە • هەر وەك لە پێشەوە گوتمان ، هەر ڕۆژهەلاتناسە ڕووسەکان بوون کتێبی « شەرەفنامە »و نووسیارەکەی ، شەرەفخانی بدلیسیان بە جیهان ناساند •

ف • ئیلیامینۆف ــ زەرنۆف دەڵێ : « شەرفخانی بدلیسی لە ساڵی ١٨٢٦ەوە ئیتر لە ئەوروپا لەکن ڕووناکبیران بە بەرەوو ڕەیێن کەوتو بە بەهای خۆی گەیشت » (٧٦ ، ١٤) •

لە دوادوای سەدەی ٢٠ مدا «شەرەفنامە » بە چەندین زمان (فارسیو تورکیو کوردیو فەرەنسزیو عەرەبی •••)کەلکێکی زۆری بە نووسیارو مێژوونووسان بە خشیوە • ئەو ڕۆژهەلاتناسە ئەوروپاییانەی لە مێژووو جوغرافیاو زمانیکوردیان کۆلیوەتەوە ئەم سەرچاوە مێژووییە جوانەی ڕۆژهەلاتیان کرد بە بنەڕەتی لێکۆلینەوەیان • بەڵام ئەو سەروبەندە ، « شەرەفنامە » لە ڕۆژهەلات هێمان هەر بێ ناز بووو سوودی لێوەرنەدەگیرا • تەنیا مەگەر بڕێ لەو نووسیارە ئێرانیو عەرەبە بە نەتەوە کوردانە نەبن ، کە بە پێی سیاسەتو هەلو مەرجی ڕۆژگار دەستیان بە سوود لە « شەرەفنامە » وەرگرتن کردووە •

هەرچی نووسیارە تورکەکانن ، خۆ ئەوە ببڕای ببڕای لە هیچ نووسینێکیاندا « شەرەفنامە »و ناوی نووسیاری « شەرەفنامە »یان بە قەڵەمدا نایەو خۆیان لێ کەڕ کردووە • پیاو هەق بڵێ لە سەردەمی دەسەڵاتی سۆفیێتدا « شەرەفنامە » تابڵێی پتری سوود لێ بیندراوە •

ئەو سۆڤیتیانەی کەلکیان لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە ، بە پێچەوانەی میژوونووسە بۆرجواکان ، بیروبڕواو هەڵوێستی خۆیان ، دەربارەی « شەرەفنامە »و نووسیارەکەی ، بابە کورتیش بێ ، بە ڕاشکاوی دەربڕیوەو ئەوەیان بە ئاشکراو بێ چەندوچۆن ، ڕوون کردووەتەوە کە شەرەفخان لە چ نەتەوەیەکەو میژوونووسی کێیە گەلەو بەمە داکۆکی لەوە دەکەن کە نەتەوەی کورد نەتەوەیێکی جیاوازو خاوەن میژووی خۆیەتی • هەرچەند ڕەشید یاسەمی شەرەفخانی بە میژوونووسی کورد لە قەڵەم داوە (٦٩ ، ١٣٥) ، بەڵام هیچ میژوونووسێکی ئێرانی دیکە متەقیان لەم بارەوە نەکردووە •

ی • ب • پیترۆشێفسکی وای پێشان داوە کە : « شەرەفخانی بدلیسی لەبەر ئەوەی شارەزای ئازەربایجانبووە دەکرێ لە ڕێزی میژوونووسانی ئێران دابندرێ » (٢٥ ، ٣٠٣) • کەچی عەبدولعەزیز جەواهیر کەلام لە میژوونووسانی ئێران ، لەو کتێبەیدا کە ناوی « کتابخانەء عموم معارف »ی لێناوە ، ناوی بڕێ لەو نووسیارانەی کە بە زانستە جۆراوجۆرەکانەوە خەریک‌بوون هیناوەو زانیاریەکی زۆری لەمەڕ تەنانەت هاوچەرخەکانی بدلیسیشەوە زۆر نووسیوە ، بەڵام هەرگیز خۆی لە قەرەی « شەرەفنامە » نەداوە (٩٢ ، ٤٤٤) •

ئیتر پشت بەم ڕاستیانە ، شەرەفخانێ کە بە میژوونووسێکی ئێرانی نەدرایێتە قەڵەوم بە نەتەوە کورد بووبێو مەبەستی سەرەکیی ئەوە بووبێ میژووی نەتەوەکەی خۆی بنووسێو ئەمە ئامانجی بنەڕەتی بووبێ ، لە ڕووی زانستیشو لە ڕووی مەتیقیشەوە ڕاستتر ئەوە بوو بە یەکەم میژوونووسی کوردی سەدەی ١٦هەم لە قەڵەم بدرایە •

دەوری « شەرەفنامە »
لە مێژووناسیی کورددا

یەکەم زانیاری لەبارەی ئەوەوە کە کورد لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ئاسیایە ، جگە لە سالنامەو تاتەنووسەکانی ئاشوورستان (٦٩ ، ٤٩) ، لە کتێبەکەی گزەنەفۆن ، مێژوونووسی گەورەی یۆنانیدا ، کە لە سەدەی چوارەمی پێش لەدایکبوونی عیسادا نووسیوە ، بە رچاو دەکەوێ • گزەنەفۆن لە « ئاناباسیس »ەکەیدا ، کە ناوی کتێبەکەیەتی ، لەمەڕ خاکی کوردانو کەلەمێردیو گەڕناسیانی نووسیوە •

ئەوەی پێش لە دایکبوونی عیسا لەمەڕ کوردان زانیاریی فرەوانترو بەداوێنتری نووسیبێ ، مێژوونووسو جوغرافیاناسی بەناووبانگو ناسراوی یۆنان ، سترابۆن بووە (٦٩ ، ١٠٩) • لەوان بەم لاوە زانیاری لەبارەی کوردو کوردستانەوە کەمو زۆر لە سەرچاوە ئازربایجانیو فارسیو عەرەبیو تورکیەکانیدا بەرچاو دەکەوێ ، بەڵام ئەمانە هیچیان هێندەی « شەرەفنامە » بە نرخ نیە • چونکە نووسیاری « شەرەفنامە » بۆ خۆی کوردستانی لە بەشی هەرە زۆری مێژوونووسان چاتر ناسیوە •

بدلیسی هەر لە ڕۆژگاری لە ولاّت دوورکەوتنیەوە کەلکەڵەی بیر لە زێدو نیشتمانکردنەوەی کەوتووەتە سەرو زۆر بە وردی دووی هەموو ڕووداوێکی ولاّتەکەی کەوتووەو بۆ بە جیانووسینی مێژووێکی کورد لە هەلودەرفەتی لەبار گەڕاوە • هەر لەبەر ئەمە ، زۆر لە مێژوونووسانی دنیا، هەقیشیان بووە ، ئەویان بە مێژوونووسی کورد داناوەو کتێبەکەشیان بە یەکەم مێژووی کورد لە قەڵەم داوە • « شەرەفنامە »ی بدلیسی کتێبێکی بە جیا بۆ مێژووی کورد نووسراوی پڕ بە بالاّی ئەوتۆیە کە لە پاش سەدەی ١٦ هەم بەملاوە ، لە مێژووناسیی کورددا ، بەهاو بڕەوێکی زانستانەی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوەو دەورێکی تا بڵێی گەورەی گێڕاوە • ف •

ڤیلیامینۆف ــ زەرنــۆف ، لەمەڕ دەورگێڕانی ئەم کتێبــە لە مێژووناسیی کورددا نووسیویە :

« ئەم کتێبە کە مێژووی کوردستانی ئاڵقە بە ئاڵقەو گەو بە گەو بە دوو یەکدا هەڵوێزنیوەو خێوی بەهاو بایەخێکی زانستانەیە ، ئەمە نزیکەی ٣٠٠ ساڵە (١٥٩٦ ــ ١٨٠٦) هەیە .

لەو سەروبەندەوە تا ئێستا ، لە ڕۆژهەڵات کتێبێکی دیکەی بەو جۆرە نەنووسراوە لە تەک ئەمدا لە تای تەرازوویەک بخرێ (٧٦ ، ١١) .

ئەم بڕوایەی کە زانای ڕووسی بەناووبانگ ، سەد ســاڵ لەمەوپێش دەری‌بڕیوە هێشتا بڕەوو بەهای خۆی لەدەست نەداوە ، چونکە زاناکانی ئەم ســەروبەندەی دوایی ، هێشتا نەیانتوانیــوە کتێبێکی دیکەی وەک « شەرەفنامە » بە بایەخ بۆ مێژووی کورد بدۆزنەوەو بیهێننەگۆڕێ .

پیتەر لێرخ ، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ، کە لە ساڵی ١٨٥٠ ــ ١٨٥٦دا کەڵکی لە دەســنووسەکەی « شــەرەفنامە » وەرگرتووە ، لەمەڕ نــرخو بڕەوی « شەرەفنامە » لە مێژووی کورددا نووسیویە :

« یەکێ لەو دەسنووسانەی کە لە پێتەختەکەماندا خڕکراوەتەوەو بۆ پاتشای مەزنان زۆر بــە بایەخە « شەرەفنامە »یــە کــە بــۆ مێژووی کورد بە ســەرچاوەیێکی جــوان دادەنرێ (٢٠ ، ٥ ــ ٦) . ف . مینۆرسکی کاتێ لە باسی « شەرەفنامە »دا کە بۆ مێژووی کوردو کوردستان زۆر بە بەهایە ، نووسیویە : « شەرەفنامە » ساڵنامەیەکە مێژووو جوغرافیای میــرنشینە کوردەکانی ئاخروئۆخــری ســەدەی ١٦ هــەم بەدیاردەخا » (٢٢ ، ٢٨) .

مینۆرسکی وا دیارە بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە »ی بە هەڵە ، بە ساڵنامە تێوبردووە . ئەوی ڕاستی‌بێ ، بەرگی دووەم ساڵنامەیە ، نەک بەرگی یەکەم . بەرگی یەکەم پڕاوپڕ بۆ مێژووی میرنشینە کوردەکان تەرخان کراوەو

لە باسی مێژووی کوردو کوردستانو تیرەو هۆزو ناودارانی کورد بەولاوە لە هیی دیکە نەدواوە (١٠٥ ــ ٢٣٤) •

هێرمان ئیتە ، ڕۆژهەلاتناسی ئەڵمانیایی نووسیویە : « (شەرەفنامە) ، یا (کتێبی مێژووی کوردستان)ەکەی شەرەفخانی بدلیسی بۆ شارەزابوونی مێژووی کورد زۆر بە نرخە » (٥٠ ، ٢٩١) •

ئــا • بــوگشیان نووسیویە : « (شــەرەفنامە) بۆ لە مێــژووی کورد گەیشتن یەکە دەستاوێژە » (١١ ، ٥٧) •

فرێچ لە کتێبەکەیدا کە بە سەردێڕی « کوردەکان »ەوەی نووسیوە لەمەڕ بایەخو نرخی « شەرەفنامە » لە کوردناسیدای نووسیوە ، دەڵێ : « بۆ شارەزابوون لە مێژووی ژیانی تایبەتی میرنشینە کوردەکان ئەوەندەی لە مێژووی نەتەوەکانی دیکەدا باس‌کراون بەش ناکا ، ئەسڵی کارەکە ئەوەیە بایەخ بەو مێژووە بدرێ کە کورد بۆ خۆی نووسیویە ، بۆ ئەمەیش ، لە « شەرەفنامە » بەولاوە چاتر نیە (٩٧ ، ٨٢) •

ئیدی بەم ئاوایە ، جارێکی دیکە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕۆژهەلاتناس‌و زانا ئەوروپاییانەی سوودیان لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە ، ئەم بەڵگەو دەستاوێژە لە مێژینەیان زۆر چاك هەڵسەنگاندووەو نرخیان داوەتێو بــۆ لە مێژووی کورد شارەزابوون ، هێندەی بە بەرەوەبێو هەڵگرێ قسەیان لێکردووەو لە ســەریان نووسیوە • بەش بە حاڵی ئەمــە ، م ، جەمیــل نووسیویە :

« بەو پێیــەی زانا ئەوروپاییەکان خۆیان ددانی پێــدا دەنێــن « شەرەفنامە » کتێبێکی زۆر بە بەهایە ، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی‌و دڵسارديی ئەو کەسانەی بە دەرزی مێژووەوە خەریکن ئەم کتێبە تا ئەم دوادواییانەیش بە کەم زمان تەرجەمە کراوە » (١٢١) •

« شەرەفنــامە »ی شەرەفخانی بدلیسی نەك هەر سەرنجی زانایانی

ڕۆژاوا ، بگرە سەرنجی زاناو میژووناسانی ڕۆژهەڵاتیشی ڕاکێشاوە . بە نموونە لەو نوسخەیەیدا کە موحەممەد عەلی عەونی ئامادەی کردووەو لەسەر ئەرکی فەرجوڵڵا زەکی کوردی ، لە قاهیرە لەچاپداروە ، نووسراوە : « مەبەست ئەوەبوو میژووی تیرەو هۆزە کوردەکانو ئەم شەخسیەتە گەورەیەی ئاسیا « بدلیسی ــ ش . م .) بە خۆیندەواران بناسرێن ... دیارە هەر لەبەر ئەمەیش بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرگی دووەمی «شەرەفنامە» چاوپۆشیمان کردو بۆ هەڵێکی دیکەمان هێشتەوە » (٦٧ ، ١١٧) . ئەو میژوونووسە بۆرجوا کوردانەی تا ئێستا کەڵکیان لە « شەرەفنامە » وەرگرتووە ، بایەخو دەوری ئەم کتێبەیان لە میژووناسیدا بەشێوەی تایبەکار دەربڕیوە . میژووناسانی کورد لەگەڵ بەدیارخستنی بەهای ئیجابیی « شەرەفنامە »دا ناوی نووسیارەکەشیان لە ڕیزی ڕۆژهەڵاتناسە هەرە بە ناووبانگەکاندا نووسیوە (١١٧ ، ١٢٠) .

شاکیر خەسباك لە کتێبەکەیدا کاتێ دێتە سەر باسی پلەوپایەی « شەرەفنامە » لە زانستی میژووناسیدا ، نووسیویە : « شەرەفنامە » یەکەم سەرچاوەیێکە کە بە بەربڵاویەوە لە مەڕ کورد دوواوە » (٨٠ ، ٦) .

میژوونووسی هاوچەرخ ر . یاسەمی لە کتێبەکەیدا نووسیاری « شەرەفنامە » لە ڕیزی زانایانیکورددا دادەنێ (٦٩ ، ١٣٥) .

ئەو زانا سۆڤێتیەیانەی « شەرەفنامە »یان بە سەرچاوەیێکی میژوو داناوەو کەڵکیان لێوەرگرتووە ، زۆریان لە بارەی پلەوپایەو دەوری ئەم کتێبەوە لە میژووناسیی کورددا نووسیوە . ع . ش . شامیلۆڤ لەمەڕ « شەرەفنامە » دەڵێ : « (شەرەفنامە)ی شەرەفەددین یەکە سەرچاوەی سەدەی ١٦هەمە » (٣١ ــ ٣) . ئی . پ . پێترۆشێفسکی نووسیاری « شەرەفنامە »ی بە تاکە میژوونووسی سەدەی ١٦هەم نێوهێناوە (٢٥ ، ٣٠٥) . ئا . ئ . ڕەحمانی ، لە کتێبەکەیدا « شەرەفنامە »ی بە

جوانترین سەرچاوەی مێژووی سەدەی ١٦هەمی ئازربایجان داناوە (٢٨ ، ٥٦) .

ئ . ۆ . ئەفەندییێف وای بەدیارخستووە کە « شەرەفنامە » سەرچاوەیێکی زۆری پێش خۆی لە خۆدا نوواندووە ... لەم سەرچاوەیەدا زانیاریی سەیر سەیرو بەداوێنو هەمەبابەتی لە بارەی مێژووی ئازربایجانەوە لە سەدەی ١٦هەمدا تێدایە » (٣٣ ، ١٩) .

م.ب. ڕۆدینکۆ ، پاش ئەوەی کورتە زانیاریێکی لەبارەی شەرەفخانەوە نووسیوە دەڵێ ، « شەرەفنامە »ی شەرەفخان کە کتێبە بەناووبانگە مێژووییەکەیەتی لە ساڵی ١٥٩٦دا نووسیویە (٢٩ ، ١١٥) .

ن . ئا . خالفین دەڵێ : « شەرەفنامە » بۆ مێژووو شارستانێتیی نەتەوەی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا ، یەکەم سەرچاوەیە (٣٠) .

نووسیاری ئەمریکا دانا ئادەم شمیدت لە کتێبی « گەشتێ بە نێو کەڵەمێردانْدا » یەکەیدا شەرەفخانی بدلیسیی بە مێژوونووسی کوردی بە ناووبانگی سەدەی شازدەهەم لە قەڵەمداوەو لە بایەخو بەهای « شەرەفنامە » دوواوە (١٣٤) .

لە کتێبی « یادگاری شاکارە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵات »دا کە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٦دا بڵاوی کردۆتەوە ، نووسراوە :« (شەرەفنامە) کە لە دوادوای سەدەی شازدەهەمدا شەرەفخانی بدلیسی نووسیویە ، تاکە سەرچاوەی مێژووی کوردە لە سەدەکانی ناوەنددا (٢٧ ، ١٨) .

دەسنووسی ئەم کتێبە بەنرخە بە زمانی فارسیو تورکی لە بڕێ کتێبخانە مەرکەزییەکانی دنیادا هەڵگیراوە . هەروەها چەند نوسخەیێکی دیکەی ئەم کتێبە لە مۆزەخانەی بەریتانیادا پارێزراوە . چەند نوسخەیێکی لەبەرگیراوەوەی « شەرەفنامە » ــ یەکێکیان هینەکەی حەسەنبەگی یەزدی

(١٩٤٥) ، دووەمیان ئەوەکەی حەسەنی کوڕی حاجی موحەممەدی شیروانی (١٦٦٩)و سێیەمیان هینەکەی عەبدولجەواد موحەممەد تاهیر (١٨١٦) دەتوانین بە نموونە بهێنینەوە (١٣٣ ، ٢١٠) .

لەبەشی دەسنووسەکانی زمانی فارسی ، لە کتێبخانەی جەماوەریی دەوڵەت کە بە ناوی س .شیدرینەوە تێونراوە ، لە ناو کەتەلۆگی م . خانیکۆف دا ، دەسنووسی « شەرەفنامە » هەیە . هەر ئەو نوسخەیە لە ساڵی ١٨٣٦دا بە دەسخەتی موحەممەد ڕەزا کوڕی سەبر عەلی نووسراوەتەوە. نوسخەیێکی دیکەی « شەرەفنامە » لە ڤیانا ، ئەگەر وەك ف . ڤیلیامینۆف ـ زەرنۆف ، بڵێین لە کن جەنابی د.ر.باردبووە » (٧٦ ، ٢٢) .

هەروەها نوسخەیێکی دیکەیشی لە بەشی دەسنووسی فارسیدا لە کتێبخانەی میللیی پاریس‌دا پارێزراوە (١٣١ ، ٣٠٤ ، ٥) .

بە پێی نووسینی ڕۆژهەلاتناسی ئاڵمان هێرمان ئێتە نوسخەیێکی « شەرەفنامە » بە دەسخەتی شەرەفخانی بدلیسی خۆی ، لە کتێبخانەی بۆدلیانی بەناووبانگدا لە ئینگیلتەرە پارێزراوە (١٢٢ ، ٢٩١) .

ئەوەی پێویستە لەبیرنەکرێ ، « شەرەفنامە » پێش ئەوەی نوسخەی دیکەی لەبەر نوسخە فارسییەکەی بگیرێتەوە لە ساڵی ١٦٦٩دا موحەممەد بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی میرزا کردوویە بە تورکی‌و هەر ئەم نوسخەیەی ئەویش لە بەریتانیایە (١٣٣) .

نوسخەیێکی دیکەی دەسنووسی « شەرەفنامە » میرزا مەحموود ناوێ لە ساڵی١٨٥٨دا کردوویە بە کوردی (٢٩ ، ١١٥) . پاشتر ، دەسخەتەکانی کراون بە فەرەنسزی‌و ئەڵمانی‌و عەرەبی .

نوسخەی دەسخەتی بە ئازەربایجانی وەرگێڕدراوی « شەرەفنامە » ، لە ئارشیفی ئامۆژگای مێژوو لە زانستگای زانستەکان ، لە ئازربایجانی سۆڤێت هەڵگیراوە . بە ڕووسی وەرگێڕدراوی ، لە ساڵی ١٩٦٧دا ئ.ی. ڤاسیلیێڤا کردوویە بە ڕووسی‌و لەچاپیداوە (٥٢ ، ١٤٥) .

ئەم کتێبە بەنرخە ، کە ڕەنگ بە مێژووی ڕۆژهەلاتی نزیك‌و ناوەند دەداتەوە ، نووسیاری ئێرانی موحەممەد عەبباس لە ساڵی ١٩٦٤دا سەرلەنوێ لە چاپی‌داوەتەوە •

ئەم ڕاستی‌یانە جگە لە ئیسپات‌کردنی بایەخی دەورێکی «شەرەفنامە» لە مێژووناسی‌دا دەی‌گێڕێ‌و ئەو پلەوپایە زانستانەیەی بـە بالای بڕاوە ، دانەرەکەیشی ، شـەرەفخانی بدلیسیی وەك شەخسی‌یەتێکی مێـژووینە خستووەتە بەرچـاو • بڕێ مێژوونووس‌و دانـەری هاوچـەرخ کە لـە ڕەنگ‌وڕووی مێژووی کوردیان کۆلیوەتەوە ، شەرەفخانی بدلیسی‌یان بە مێـژوونووسی کوردی بەناووبانگی سـەدەی شازدەهـەم لەقەلەم داوە (٣٢ ، ٣٦) •

ئیتر بەم جۆرە جارێکی دیکە ڕوون دەبێتەوە کە کتێبی «شەرەفنامە» کتێبێکی ئەوتۆیە ڕەنگی بە مێـژووی کـوردو کوردسـتان داوەتەوەو کتێبێکی مێژووی زانستانەی وایە لە ڕیزی پێشەوەی کتێبە زانستی‌یەکان‌دا جێگەی خۆی دەگرێ • هەروەها لە ڕووی زانیاریی مێژووینەی سەدەی ١٦ هەمی ئازربایجان‌و ئێران‌و تورکیایشـەوە « شەرەفنامە »زۆر بە نرخەو لە سـەرچاوەکانی دیکە زۆر بە بایەختر‌ەو هەر لەبـەر ئەمەیشە بـە یـەکەم سەرچاوەدانانی لـەم بارەیەوە بۆ مێـژووی کوردو کوردسـتان‌و وڵاتە دراوسێ‌یەکانی یەکە کتێبی مێژووە •

پەراوێز (*)

١ ــ « رشیدالدین فضل‌الله » (٦٤٥ك ــ ١٢٤٧ز)خەڵکی هەمەدانە • هەرلەوێ خوێندووە • لە سەرەتادا حەکیمی (ئاباقاخان)ی مەغوول بووە • لە سەردەمی (غازانخان)دا بووە بە وەزیر • لە سەردەمی (ئولجایتوخان)یشدا هەر وەها بوو • یەکێ لە نووسراوە گرنگەکانی ئەو (جامع التواریخ رشیدی)یە کە بەرگی یەکەمی دەربارەی بنەماڵەی مەغوولەکانەو بەرگی دووەمی دەربارەی تەئریخی ئیسلامە • باسی کوردی زۆر تیایە • کتێبەکانی تری ئەمانەن :

١ ــ الأحیاء والآثار (٢٤) بەرگە •
٢ ــ توضیحات (٢١) بەرگە • دەربارەی تەسەووفە •
٣ ــ مفتاح الفکر •
٤ ــ الرسالة السلطانیة •
٥ ــ بیان الحقائق •
٦ ــ لطائف‌الحقائق •

(جەمیل ڕۆژبەیانی) •

جگە لەمانە « مەجموعەی « منشآت »ەکەی کە بڕێتیە لە (٣٥) کاغەز بۆ ئەمو ئەوی نووسیوەو (محەمەد ئەبەرقوئی) کۆی کردۆتەوە •

٢ ــ مەبەستی ئەم مەجموعەی مونشەئاتەیە ــ (جەمیل ڕۆژبەیانی)•

٣ ــ لە فارسیەکەی چاپی (مصر)دا ، لاپەڕە (٤٤٠)بە هەڵە ناوی ئەم کتێبە (زینة القلوب) نووسراوە • کتێبەکە ساڵی ١٣٣٦ی خورشیدی بە کۆششی محەمەد دەبیرسیاقی چاپکراوە • ج : ڕۆژبەیانی) •

٤ ــ ساڵی ١٩٧٢ لە تاشکەند لە سەر نوسخەیێکی خۆش‌خەط ئۆفسێت کراوە • بەڵام زۆر شتی گرانبەهای تێدایە ، کە شەرەفخان سوودی لێوەرنەگرتووە ، وەك لاپەڕەکانی (٢٣١ ، ٢٣٧) • (ج • ڕۆژبەیانی) •

(*) هێندێ لەم پەراوێزانە بۆیە بە ناوی مامۆستا مەلا جەمیلەوە نووسراوە ، چونکە ، وەختی خۆی ئەم باسە بە تەرجەمەکراوی درابووە مامۆستا ، ئەویش ئەم پەراوێزانەی بە تێبینی لەسەرنووسیبوون ــ وەك

٥ ــ ئەم کتێبە ساڵی ١٣٥٣ ، لە تاران چاپ کراوە • ناوی نووسەر « کمال‌الدین عبدالرزاق سەمەرقەندی »یە • شەرەفخان سوودی لێوەرگرتووە ، بەڵام باسی چیرۆکێکی « نازخاتونی ئەمیرەی کوردستانی نەکردووە • (ج • ڕۆژبەیانی) •

٦ ــ حافظ ابرو (شهاب‌الدین‌عبدالله) کوڕی لوتفوڵڵا خەوافی ، ساڵی ٨٣٣ مردووە • یەکێکە لە مێژوونووسانی دەورانی تەیموورلەنگ • چەند کتێبی ناسراوی هەیە : جوغرافیا ، (ذیل ظفرنامهء شامی) ، تەئریخ شاهروخ ، ذەیل جامیع التواریخ ڕەشیدی • بەڵام ئەمیر شەرەف ناوی نەبردووە (ج • ڕۆژبەیانی) •

٧ ــ نظام‌الدین شامی سەر گوزەشتی لەداییکبوونو مردنی نازانرێ • ساڵی ٨٠٤ك ئەم کتێبەی نووسیوەو لە بەیرووت چاپکراوە •• بە ناوی (ظفرنامه) دە دوازدە کتێبی تر هەیە • ئەمیر شەرەف ناوی ئەم کتێبەی نەبردووە • (ج • ڕۆژبەیانی) •

٨ ــ ناوی لە « شەرەفنامه »دا هاتووە • گوێا ئەوەی تیایە کە جەلالەددین خوارەزمی کوردێ کوشتوویە • ئەم کتێبە تورکییە ، کراوە بە فارسی (ج • ڕۆژبەیانی) •

٩ ــ ناوی شارێکە لە مازەندەران • ئەمڕۆ بە (شەهسوار)دەناسرێ • (ج • ڕۆژبەیانی) •

١٠ ــ وا دیارە نووسەر ئەوەی فەرامۆش کردووە کە مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی ٤٠ ساڵ لەمەوبەر ئەم باسەی لەگەڵ « شەرەفنامه »دا تەرجەمەکردووەو ٣٣ ساڵە بڵاوبۆتەوە •

١١ ــ دەبێ مەبەست (مونشەئات)ی فەریدوونبێگ (ئەحمەد فەریدوون بێگ تەوفیقی)بێ کە نامە دەوڵەتییەکانی

گۆکردووەتەوەو لە ساڵی ١٢٨٢دا لە دوو بەرگدا لە ئەستەمووڵ چاپکراوە . ئەم (احمد فريدون بگه) کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (نزهة الأخبار) . (ج. ڕۆژبەیانی) .

١٢ ــ قسەکانی یاملکی لەوێوە هەڵقوڵاوە کە عەرەب خۆیان ئەکەن بە دوو بەشەوە : عەرەبی عاربەو عەرەبی موستەعربە . (ج . ڕۆژبەیانی) .

١٣ ــ لە (مروج الذهب) و (التنبيه والاشراف) و کتێبی تریدا زۆر شتی وەها وتراوەو ئێستەش کاوێژدەکرێتەوە . (ج. ڕۆژبەیانی) .

١٤ ــ کەحێل سوارانی سارای خۆشزووانیو جلیتبازانی دەشتی وێژەوانی بە واژەی ڕاستو زاراوەی ڕەوانیان لەبارەی ڕووزەکیەوە فەرموویانە: وشەی ڕووزەکی فارسیەو بە جیم و شینیش نووسراوە بەڵام بە بنچینە ئەم وشەیە ڕۆژەو (کی)یەکی بۆ یەکیەتی وەدووخراوە ، وەکو : پیاوەکیو شتی تریش . هێندێکی پێتۆڵو زۆرزان دەڵێن کافو یێی بە فارسی باڵدێمی شتی گچکۆکەن ، چیمەکەش کاری عەرەبە ، لە هەرکۆێ (ژ)یان بێتەبەر (ج)یێکی لە جێ دادەنێن . کوردیش زۆر لە جێگەی (ژ) (ش) دەبێژن (ا) . « شــەرەفنامە ــ وەرگێڕ هەژار » .

١٥ ــ (ا) نیازی وایە کە ڕووزەکیو ڕوجکیو ڕوشکی هیچیان ڕاست نینو هەر ڕووژەکیەو وای بەسەر هاتووە ــ هەژار .

١٦ ــ لــەم دێڕەدا لەجیاتیی باپیر بــاوك نووسراوە . هەڵەی چاپە تکایــە ئاگاداربە . ــ وەرگێڕ .

١٧ ــ بە پێی زانیــاریەکی « شــەرەفنامە » نووســیویە ، ئەم قازیانــە تۆرەوســۆزەی ئــەو قازیانە بوون ، لــە کوفەوە هاتبوونە ئێران ، (م.ئــ. شەمسی) .

١٨ ــ نووسەری کتێب لێرەدا بە هەڵە چووە : شــەرەفخان نووسیویە : بیستەمی ذیالقعدەی ٩٤٩ ، ڕێکەوتی (توشقانیل ــ سالی کەروێشك) لە شارۆکەی (کەرەرود)ی سەر بە (قوم) لەداییكبووە . کاتێ کە سەری خستووەتە دەر لەماڵێ لە ماڵەکانی قاضیەکانی (کەرەرود)دا بووە کە بە پشتاوپشت ئەچنــەوە ســەر (القاضی شریح) کە لــە ناو زانایانو هونەروەران‌دا بە پایەبەرزیو شانو شکۆداری ناسراوە . (ل ٥٧٥ ــ ٧٦.)بە فارسیەکەی باسی ئەوەی تێدا نیە کە دایکی مردووە . نووسەر ئەم قسانەی لە کوێوە هێناوە ؟ (ج. ڕۆژبەیانی) .

١٩ ــ ئەمەش هەڵەیە . شەرەفخان نووسیویە : « لە سایەی دوعای خێری ئەم پایەبەرزانەوە هەر لە منداڵیەوە تا ئەمڕۆکە تەمەنم لە ٥٠ سال تێپەڕیوەو خەریکە ئەگاتە سنووری ٦٠ سالێ . هەموو کاتم بە هاوڕێتیو هــاودەمیی زۆرزانو هاونشینیی هونــەروەرانی هونــەربڵاوکــەرەوە

ڕابووردووە و هەرگیز خۆم لەو جۆرە پیاوانە دوور نەدیوە » (ل ٥٧٦ ، بە فارسی‌یەکەی) . (ج. ڕۆژبەیانی) .

٢٠ ــ موحەممەدی بەگ هەروەها خاڵی « میرشەرەف »یشە .

٢١ ــ ئەم هەواڵەی‌کە شاتاماسپ لێی زیزبووبێ نە لە سەرچاوە ئێرانی‌یەکانو نە لە سەرچاوە عوسمانی‌یەکان‌دا نی‌یە ! (ج. ڕۆژبەیانی) .

٢٢ ــ ئەسکەندەر مونشی دوو جار ناوی « شەرەفخانی » نووسەری « شەرەفنامە »ی هێناوە : یەکەم لە لاپەڕە (١٤١)دا بە شەرەفخانی ڕۆژەکی ناوی بردووە ، دووەم لە لاپەڕە (٣٤٠)دا کە بە هەڵە بە زاوای ئەمیرخانی موصڵوی داوەتە قەڵەم ، کەچی شەرەف خوارزایەتی (ج. ڕۆژبەیانی) .

٢٣ ــ سوڵتان قەنبەرو کوزبەکۆلوو : ئەم دوو ناوە هەڵەیە . هەردووکی یەک ناوەو ڕاستەکەی ئەمەیە (سوڵطان قەنبەر بێگ گوزی بویوگلو)ە . ئەم کابرایە لە سەردەمی شاە سوڵتان محەممەدو شاە عەباس‌دا دوو جار چووەتە گیلان لە ساڵانی ٨٨ ــ ٩٩٠و ساڵی ١٠٠٣ ، هەرچی (سۆفی نیعمەتوللایە ئەوە « سوڵطان پیر صوفی »یە . ئەم کابرایە لە سەردەمی شاە عەباس‌دا جارێ چووەتە شەڕی دەربەندو جارێ چووەتە شەڕی موکریان . (٣٧٠ ، ٤٤٩ عالم آرای عباسی .. « ج. ڕۆژبەیانی ») .

٢٤ ــ هەژار ئەم دوو بەیتە شیعرەی لە وەرگێڕانی « شەرەفنامە »دا ئاوها کردووە بە کوردی :

پیاوانێ کە کاربەدەستی خونکارانن .
چاکیان ئەوەنە کە هەوری دوو بارانن .
گا بەردنو سەرشکێنی زۆردارانن .
گا مەڵحەمی زامی دڵبرێندارانن .
(وەرگێڕ) .

٢٥ ــ لەم قسەیەی « شەرەفخان »دا نارێکی نی‌یە . لەوێ وتوویە : چوارصەت کەسی (شەرکەر) لێرە مەبەستی ماڵو منداڵو پیرو جوانە . تەماشای لاپەڕە (٤٥٩) ، چاپی قاهیرە بکە ، نووسیویە : « خوسرەو پاشا ئەوەندە هەوڵو کۆششی کرد ، بەو هۆیەوە ئەم هەژارە توانی بە نزیکەی هەزار کەسێکی لە پیاوو ژنو گەنجو پیرەوە ، کە ساڵەهابوو ئارەزووی دیداری ولاتیان لە دڵدا بوو ، لەگەڵ ئەم هەژارە گەڕانەوە بۆ ولاتی ئیسلام » لەم قسانە وا دەرئەکەوێ (پیرو پیرێژنو پیرەمێرد) لە (نەخچەوان) لە بەشی (ئەرمەنی)نشینەدا بوون .. نەوەک شیعە ، چونکە شەرەفخان دایکی شیعەیە هەرگیز (شیعەی) بە کافر دانەناوە ! (ج. ڕۆژبەیانی) .

٢٦ ــ مەبەست خواجە سەعدەددینە . (خواجە سعدالدین کوڕی حسێن) لە پیاوانی سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم بووو مامۆستای سوڵتان موڕادیش بوو ، کاتێ کە میری مەغنیسیا بوو لە ساڵی ٩٧٢دا . ئەم پیاوە نووسەری کتێبی (تاج التواریخ)ی تورکییە ، کە پێی دەوترێ (خۆجە تاریخی) (ج. ڕۆژبەیانی) .

٢٧ ــ سێ کتێب بە ناوی (زبدة التواریخ) هەن (ج.ڕۆژبەیانی) .

٢٨ ــ مەبەست کتێبی (یافعی)یە . ئەم کتێبە هی (ابو السعادات عفیف‌الدین عبدالله بن اسعد الیافعی)یە ــ ٧٦٨ك) . لە مەککە مردووە . کتێبەکەی ناوی (کتاب مرآة الجنان وعبرة الیقظان فی معرفة حوادث الزمان)ە . (ج.ڕۆژبەیانی) .

٢٩ ــ (مرآة الجنان) هەر کتێبەکەی یافعییە کە لە پێشا بە هەڵە وتی هی (ابن خلدون)ە (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣٠ ــ مەبەستی (نزهة القلوب)ە ، کە لەوەپێش باسمان کردووە . (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣١ ــ شەرفخان نووسیویە : « شیخ ابو طاهر الکردی کە مولانا نورالملة والدین عبدالرحمن جامی » ذکر او در « نفحات کردە از (بدلیس) است . ل (٤٥١)چاپی قاهیرە . بەڵام وا دیارە نووسەر لە قسەکە نەگەیشتووە . (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣٢ ــ باسی فەرمانڕەواکانی (لوڕستان)ی لە تەئریخی گوزیدەی حەمدوڵڵاە موستەوفی وەرگرتووە . قاضی ئەحمەدی غەفاری قەزوینی هاوچەرخی (شەرەفخان)بووە ، لە ٩٧٥دا مردووە . کتێبی (جهان‌آرا)لە سەردەمی شەرەفخان‌دا ئەوەندە بڵاو نەبۆتەوە کە ئەو سوودی لێوەربگرێ . چونکە ساڵی ٩٧٢ دای‌ناوە و پێشکێشی کردووە بە (شاه طهماسپ ،و هەر لەم دەورەدا شەرەفخان لە (گیلان)ەوە گەڕاوەتەوە بۆ قەزوین . ڕەنگە ناوی کتێبەکەی (جهان آرا)ی هەر نەبیستبێ . تەنانەت ئەو لە (٩٨٦)دا ئێرانی بەجێهێشتووە . (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣٣ ــ جامی لە (خەرگەرد)ی سەر بە خۆراسان لەدایكبووە ، باوکیشی لە بنەڕەتدا خەڵقی دەوروبەری (اصفهان)ە ، لە کوێوە بوو بە تاجیکی ؟! (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣٤ ــ بە پێی لاپەڕە ٢٥٥ی (ظفرنامه)ی عەلی یەزدی ، چاپی ئوزبەکستان ئەم جێگەیە ناوی (چیملگ)ە . لەوێ شێخ ناوێك کاروانێکی تەیموورلەنگی تاڵان کردبوو ، لەم سەفەرەدا ئەمیری (ماردین) (ملك عیسی)و ئەمیری (جزیرە) ئەمیر عیززەددین چووبوونە پیریەوە ... (ج. ڕۆژبەیانی) .

٣٥ ــ پێوەندیی بەوەیشەوە هەیەکە سەرمایەداری لە گەرمەی موستەعمەراتی تازەپەیداکردندابوو .

٣٦ ــ بە هــەوڵو تێکۆشــانی ف . ڤیلیامینۆف ــ زەرنۆف بەرگی یەکەمی « شەرەفنامە » چاپخانەی ئەکادیمیای ئیمپراتۆر ــ لە شاری پێتەربورگ لە ساڵی ١٨٦٠داوبەرگی دووەمی لە ساڵی ١٨٦٢دا لەچاپدران .

٣٧ ــ موحەممەد عەلی عەونی خــووالێی خۆشێن ، لە پێشەکیەکی کورتو چەند پەراوێزێکی چکۆلانە زێتر چیدیکەی نەکردووە ... (وەرگێڕ) .

٣٨ ــ « شەرەفنامە » لە لایەن محمدعلیعونی یەوە کــراوە بە عەرەبی ، نەک فەرەجوللاّ زەکی ئەلکوردی .

٣٩ ــ هەمەدانی لە ساڵی ١٩٣٠دا ، پاش ئەوەی ڕاپەڕینی کوردەکان کە لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا دەژین و لە دژ ڕەزا شا ڕاپەڕین و سەرکوتکرا، ئەم کتێبەی نووسیوە . نووسیار بەوەی کە کوردەکانی بە فارس داوەتە قەڵەم خەباتی کوردی لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەدیموکراتیی بەکانیدا، بە زەرەروزیانی یەکێتیی خاکیئێران زانیوە .

٤٠ ــ م.جەمیل ڕۆژبەیانی « شــەرەفنامە »ی لــە فارسییەوە کردووە بــە عــەرەبی وناوی ناوە ، « الشرفنامه » ئەسڵەکەی هی شەرەفخانی بدلیسییە . وەرگێڕ .

٤١ ــ م.جەمیل زۆر جێگای لــە « شەرەفنامە »دا پەراوێز لێداوەو زۆرشتیش کە بدلیسی نەیگوتووە ، ئەو بۆی تەواو کردووە (وەرگێڕ) .

٤٢ ــ ڕەشید یاسەمی ل ١١٧ .
ڕەشید یاسەمی ئەم کتێبەی لە پاش ژێرکەوتنی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردی لە کوردستانی ئێران ، لە ساڵی ١٩٤٥ ــ ١٩٤٦دا نووسیوە .

٤٣ ــ شاکیر خەسباك نەبیستراوە کوردبێ وەرگێڕ .

تێبینی : تکایە لە لاپەڕە ١٦٦ دا دێڕی ١٦هەم زیادة لەجیاتی دێڕی ١٣هەمیبخوێنەوە .

الملخص :

كتاب « الشرفنامه » لشرفخان البدليسى

مرجعاً لتاريخ الشعب الكردى
« تاريخ الكرد فى القرن السادس عشر »

اطروحة دكتوراه للدكتور
محمد شمسى اسكندر
ترجمة : شكور مصطفى من الآذربايجانية

بين يدي القارىء الكريم المدخل والفصل الاول من اطروحة دكتوراه للدكتور محمد شمسي اسكندر التى حاز عليها العام (١٩٧٢) في اكاديمية العلوم لجمهورية آذبايجان السوفيتية (معهد شعوب الشرقين الادنى والاوسط) .

يتالف الكتاب من :

ـ مدخل

الفصل الاول في :

ـ سيرة شرفخان البدليسى وابداعه .
ـ المصادر التى افاد منها المؤلف في وضعه « الشرفنامة » .
ـ المؤلفين الذين افادوا من « الشرفنامة » فى الدراسات التاريخية .
ـ دور « الشرفنامة » فى الدراسات التاريخية الكردية .

وهذا هو الفصل المترجم الى اللغة الكردية ، المنشور فى هذا العدد من المجلة .

الفصل الثانى فى :

ـ حال الكرد وكردستان فى القرن السادس عشر .
ـ الكرد وكردستان .
ـ علاقة الصفويين بالكرد .
علاقة الدولة العثمانية بالكرد .
ـ تمردات الكرد العشائرية (الانتفاضات الكردية ـ المترجم) فى القرن السادس عشر .

الفصل الثالث فى :

ـ امارة بدليس فى القرنين الخامس عشر والسادس عشر على اساس « الشرفنامة » .
ـ الخاتمة (النتيجة) .

میکرۆب تێدان و نەخۆشی[1]
(الخمج والامراض)

(*) INFECTION AND DISEASES

د. ئەورەحمان عەبدوڵلا

ژیان و تەندروستیی مرۆڤ و زیندەوەرو درەخت هەمیشە لەژێر ڕەحمەتی گەلێ جۆرە مێملەیەکدان[2] Parasite بە تایبەتی ئەو گیاندارە هەرە وردانەی بە میکرۆسکۆپ نەبێ نابینرێن کە پێیان ئەڵێن میکرۆب .
Micro — Organisms

لەم سەدەی دوایی‌یەدا زانایان پاش هەوڵ و تەقەلایەکی دوورودرێژ توانی‌یان گەلێك لەو میکرۆبانەی ئەبنە هۆی دەردو نەخۆشی بدۆزنەوە ، ڕەنگیان ، شێوەیان ، ژیانیان ، ڕێی بڵاوبوونەوەیان ، گەشەکردنیان ، پەرەسەندیان ، بەرگری‌کردنیان ، دەرمان‌دۆزینەوە بۆ نەهێشتنیان ، بەرگری لە مرۆڤدا پەیدابکەن بۆ بەرگری‌کردنیان ، لە ئەنجامدا گەلێك لەو نەخۆشی‌یانەی ئەبوونە هۆی مردن لە کاتی ڕاشتی و جەنگدا هاتنەکزی ، هەندێکیان ئەتوانین بڵێین کە هەر نەمان ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش گەلێك میکرۆب هەن کە ئەبنە هۆی نەخۆشی و ئەو نەخۆشی‌یە بڵاو ئەبێتەوە و لەوانەشە ببێتە هۆی مردن .

خۆپاراستن لە نەخۆشیی کارێگەر نابێت بە بێ زانینی سەرچاوەو بڵاوبوونەوەی میکرۆب و بەرگری ئەو کەسانەی میکرۆبیان تێئەدا لەگەڵ زانینی هێزوتوانایی میکرۆبەکە .

سەرچاوەکانی میکرۆبتێدان
SOURCES OF INFECTION

ا ــ مرۆڤ « مرۆڤی‌نەخۆش » .

أ ــ نەخۆش لە کاتی هەڵهێنانی[3] نەخۆشی‌یەکەدا Incubation Period وە لە کاتی بووژاندنەوەدا[4] Convalescent ئەبێتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی نەخۆشی‌یەکەی .

ب ــ هەڵگر[5] Carriers

هەڵگری ساغ Healthy Carrier ئەو کەسانەن نەخۆش نین و
تەندروستی‌یان باشە بەڵام میکرۆبی نەخۆشی‌یەك لەگیانیان‌دا خۆی شاردۆتەوە و
ئەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەو نەخۆشی‌یە لە دەوروپشتی‌دا وەکو میکرۆبی
زریزەیی(٦) Streptocdccus وەیا میکرۆبی(٧) Staphylococcus
وەیا میکرۆبی وناق C — Dyphtheria ... هتد .

هەڵگری بووژاندنەوەش ئەو کەسەیە تووشی نەخۆشی‌یەك ئەبێت و چاك
ئەبێتەوە بەڵام میکرۆبی نەخۆشی‌یەکەی لە لەش‌دا خۆی مات ئەکات هەندێ
جار بۆ ماوەی چەند ساڵێك وەکو میکرۆبی گرانەتا(٨) Typhoid Bacilli

ج ــ خۆتووش‌کردن Autoinfection

لەو ڕۆژەوە مرۆڤ لەدایك‌ئەبێت ، میکرۆب ئەچێتە لەشی‌یەوە ، لەو
میکرۆبانە لەوانەیە هەندێکیان ببنە هۆی نەخۆشی ، بەڵام دەرناکەون ، هەتا
هەڵێکیان بۆ هەڵئەکەوێت ، وەکو کەمبوونەوەی بەرگری نەو کەسە وەکو
ڤایرۆسی تامێسك(٩) Herpec . چارەکردن بە دەرمانەکانی دژی ژیان(١٠)
Anti—Biotics هەندێ جار ئەبێتە هۆی ئەوەی گەڵێ باکتریا بەرگری
پەیدابکەن بەرامبەر بەو دەرمانانەو لەئەنجام‌دا ببنە هۆی نەخۆشی وەکو
سووتانەوەی ڕیخۆڵە بە باکتریای هێشوویی Staphylococcal Enteritis
یاخود ئەگەر جۆرە باکتریایەك بگوێزرێتەوە بۆ ئەندامێکی ڕانەهاتوو بەو
باکتریایە ، نەخۆشی پەیدائەبێ وەکو ستریپتۆکۆکەس ئەگەر لە بۆری‌یەکانی
هەناسەوە بگوێزرێتەوە بۆ برینێك ئەبێتە هۆی سووتانەوەی چنراوەکانی نەو
برینەو دەوروپشتی(١١) Cellulitis

٢ ــ زیندەوەر ــ هەندێ نەخۆشیی زنیدەوەر هەیە مرۆڤیش تووشی ئەو
نەخۆشی‌یانە ئەبن وەکو سیلی مانگا Bovine Tuberculosis ، کرم و
گەڵێ نەخۆشیی تریش کە لە ڕێی ئاسایی‌یەوە تووشی مرۆڤ ئەبن ؛
هەندێکیشیان بە هۆی گەستنەوە ، وەکو هاری Rabies .

٣ ــ خاك Soil ــ ئەو نەخۆشی‌یانەی ئەبنە هۆی دەردە
کۆپان(١٢) (الکزاز) و گازگانگرین(١٣) Gas Gangrene بە ئاسایی لە خاك‌دا
ئەدۆزرێنەوە .

بڵاوبوونەوەی نەخۆشی « میکرۆب‌تێ‌دان »
SPREAD OF INFECTION

گەلێك هۆ هەیە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی وەکو :

١ ــ بە هۆی باوە Air Borne

١ ــ بە هۆی وردە دڵۆپەوە Droplet .

له کاتی قسەکردندا ئەو میکرۆبانەی له ناو لووت و دەم و گەروودا ئەژین لەگەل دلۆپی وردی تفدا دێنە دەرێ و بۆ چەند فووتێك له دەمەوە تێپەڕ ئەبن ، لەگەل کۆکەو پژمیندا بێجگە له میکرۆبی ناو دەم و لووت ئەوانەی لە قوڕگ و قوڕقووڕاگەشدان له ناو ئەو دلۆپە تفە وردانەدا تێپەڕ ئەبن و بۆ ماوەیەکی دوورتر له نەخۆشەکە دەرئەپەڕن ، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو کەسێك فێربکرێت له کاتی کۆکین و پژمیندا دەسڕێکی خاوێن بخەنە سەر دەم و لوتیان و له هەمان کاتدا ڕوو لەوانە وەرگێڕێت کە قسەیان لەگەل ئەکات و زۆر نزیکیان نەبێتەوە .

دوکتۆرەکان و برین پێچەکان پێویستە دەماخ هەڵدەن Mask
بۆ ئەوەی له دەم و لووتیانەوە دلۆپی وردی تف نەکەوێتە سەر برین له کاتی نەشتەرکاری و پێچ کۆڕیندا .

ب ـ / تۆز Dust

کاتێك ئەو دلۆپە تفە وردانەی له سەرەوە باس کران کەوتنە سەر زەوی وشك ئەبنەوە ، میکرۆبەکانی ناویان تۆزێکێکی پرۆتینی دروست ئەکەن و لە ناوی دا ئەتوانن بژین بۆ ماوەیەکی باش ، ئەمانە لەگەل ئەو جل و بەرگ و دەسەسڕانەی میکرۆباوی بوون ، ئەگەر هات و بایەکیان لێبدا تۆزیان لێ هەڵدەستێ ، ئەم تۆزەش پڕە لە میکرۆبی ئەو نەخۆشانەو بەو جۆرە بلاو ئەبنەوە . ئەم جۆرە بلاوبوونەوەیەی میکرۆبە زۆر گرنگە ، بە تایبەتی بۆ ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی ستافیلۆکۆك Staphylococcu و ستریپۆکۆکەوە Streptoetoeoccys له خەستەخانەکان دا بلاوئەبنەوە .

نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەو گەروو پەردەکانی مێشك(١٤) Meningitis و گەڵێ نەخۆشیی منداڵان به هۆی باوە بلاوئەبنەوە ، لەبەر ئەوە پێویستە بایەخێکی تەواو بدرێت به گەسك لێدان به جۆرێکی وەها تۆز بلاو نەبێتەوە ، هەوای ناو ماڵ هەمیشە پاك و خاوێن بێت ، پەنجەرەو دەرگا بگرێتەوە و هەوای بگۆڕرێت و خۆر لێی بدا .

٢ ـ له ڕێی خواردەمەنیەوە Ingestion

خواردن و خواردنەوە به هۆی پیسایی مرۆڤی نەخۆشەوە که میکرۆباوی بوون ئەبنە هۆی بلاو بوونەوەی ئەو نەخۆشیانەی ئەبنە درم(١٥) Epidemic وەکو گرانەتاو ڕشانەوەو زەحیری و چەند جۆرە ژەهراوی بوونی لەشو ... هتد . لەگەل ئەو نەخۆشیانەی به هۆی ڤایرەسی ناوڕیخۆڵەوە بلاو ئەبنەوە وەکو شەپڵەی منداڵان (١٦) Poliomyelitis و سووتانەوەی جگەری ڤایرەسی .

نموونەی سەرچاوەی خواردەمەنیی میکرۆباوی ئەمانەن :

ا ــ دەستی میکرۆباوی ئەو کرێکارانەی لە ئامادەکردنو دابەشکردنی خواردەمەنیو شیردا ئیشئەکەن :

ب ــ دەسکی دەرگاو پەنجەرەو خاولیو پەشتەمال ... هتد .
لە جێی قەلەبالغدا وەکو ئوتێلو گەرماو ... هتد .

ج ــ ئاوەڕۆکەی مالآن بە جۆرێکی زانیاریو باش نەکرابێت .

د ــ مێشو مەگەزو ئەسپێو کێچ ... هتد .

٣ ــ یەکسەر تووشبوون Direct Invation هەندێ نەخۆشی لە نەخۆشێکەوە تووشی ساغێك ئەبێت وەکو ئــەم نەخۆشیانەی خوارەوە :

ا ــ هەندێ نەخۆشیی پێست وەکو ئاگرەو کەچەڵیو گەڕی ...

ب ــ هەندێ سووتانەوەی پەردەی چاو Conjunetivitis وەکو چاوئێشەو تەراخووما .

ج ــ نەخۆشیی فەرەنگی Syphilis سۆزەنەك Gonorrheaو خەیارە Lympho Granuloma Venereum

د ــ کرمی قولاپی Hook Worm و بلهارزیا .

هـ ــ سووتانەوەی کۆئەندامی میز Urinary System بــە هــۆی دەستکاریەوە ، بۆ نموونە کاتێتەر بەکارهێنان(١٧) Catheterization

٤ ــ میکرۆباوی‌بوونی برین‌و زام Contamination of Wdunds

ئەو میکرۆبانەی بە هۆی باوە بلاوئەبنەوە لەوانەیە بچنــە ناو برینەوە بە تایبــەتی لە کاتــی پێچانەوەو گۆڕینداDressinic پیسیوپۆخڵی ، خاکوخۆڵو زەوی بە تایبەتی ئەو زەویەی پەینی تێکرابێ لەوانەیە سپۆری Spore (١٨) میکرۆبی کۆپانەو وگازگانگرینی تێدابێت .

٥ ــ بە هۆی ئەو کەسانەی لە پزیشکایەتیدا ئیشئەکەن وەکودوکتۆرو برینپێچ ، چونکە لەوانەیە ئامرازەکانیان باش خاوێننەکەن Sterilization وەیا بە هۆی خوێنو خوێناو Plaswa گواستنەوەوە .

ماوەی‌هەڵهێنان
INEUBATION PERIOD

ماوەی هەڵهێنان ئەو ماوەیەیە لەو کاتەوە میکرۆبێکی نەخۆشی ئەچێتە لەشی مرۆڤێکەوە هەتا ئەو کاتەی نیشانەکانی ئــەو نەخۆشیەیە دەرئەکەون ، ئەم ماوەیە بە پێی جۆری نەخۆشیەکە ئەگۆڕێ ، بۆ نموونە ، ماوەی هەڵهێنانی

نەخۆشیی وناق (الخناق Dyphtheria) لە ڕۆژێکەوە بۆ چوار ڕۆژە ، هیپی سووریژە نزیکەی دە ڕۆژە هی سووتانەوەی جگەر Hepatitis نزیکەی مانگێکە ، کەچی هی گولی Leprosy لە ساڵێکەوە بۆ چەند ساڵێکە .

بەرگری لە مرۆڤدا
DEFENCE OF THE HUMAN HOST

١ ــ هێڵی یەکەمی بەرگری The First Line of Defence . هێڵی یەکەمی بەرگریی لەش بە گشتی میکانیکی‌یە ، بەندە بەسەر ساغیی پێستو پەردەی چلمینەوە(١٩) Mucous Membrane بۆ نموونە ، ڕێگەی هەناسەدان ئەپاریزرێت بە هۆی تەڕیی لووتەوە ، مووی لووت ، کۆڵەکەی لووت ، گۆڕینی ڕێگەی هەوا ، هەناسە وەرگرتنو هەناسەدانەوەدا ، بەو جۆرە زۆر لەو تەپو توزەی لەگەڵ هەناسەدا ئەچێتە ناوەوە ، بەو پەردە چلمینەی ناوەوەی بۆری‌یەکانی هەناسەی داپۆشیوە ئەگیرسێنەوە ، لە پاشا بە هۆی جوولانەوەی ئەو نووکە تیژە وردانەی لە گەندەموو ئەچن(٢٠) Ciliary دەرئەپەڕێنرێن ، یا لە لووتەوە ، یا لە دەمەوە دێنە دەرێ وەیا قووتئەدرێن .

لە لایەکی تریشەوە هەمیشە دەردانی زراوو شیرەی گەدە کارئەکەنە سەر هەندێ میکرۆبو لە ناویان ئەبەن .

هەندێ میکرۆبیش هەن لە پێستەوە ئەچنە ناو لەش بێ ئەوەی ڕووشانێك وەیا زامێك هەبێت .

٢ ــ هێڵی دووەمی بەرگری Second Line of Defence . کەلەبەرێك کە کەوتە هێڵی یەکەمەوە بە هۆی میکرۆبی نەخۆشی‌یەوە ئەوسا زنجیرەیەك کاردانەوەی پاراستن Protective Reaction ڕووئەدا ــ ئەمەش ئەتوانرێ بکرێ بە سێ دەستە :

(أ) خانەیی Cellular

(ب) شلی ناو لەش Humoral

(ج) میکانیکی Mechanical

(أ) بەرگریی خانەیی Cellular ــ گەلێك لە خڕیلە سپی‌یەکانی خوێنو خانەکانی لەش هاوکاری‌یەکی چالاکانە ئەکەن لەم بابەتەوە ، هەندیك لە خڕیلە سپی‌یەکانی خوێن وەکو نیوترۆفیل پۆلیمۆرفد نیوکلار Nedtrophil Polymorphd Nuclear مۆنۆسایت Monocyte و خانەکانی ڕیتیکۆئیندۆشیلیال ــ ئەمانە هەموو Reticulo Endothilial خانەخۆرن(٢١) Phagocytes

خانەکانی پلاسما Plasma و لیمفۆسایت Lymphocyte
ئەمانە دژی تەن(۲۲) Anti — Body دروستئەکەن .

دەرکەوتووە کە خانەخواردن لە لایەن خانە سپیپەکانی خوێنەوە چاکتر ئەبن ئەگەر ئەنتیبۆدی تایبەتی لە خوێندا هەبێ .

(ب) بەرگری تەڕایبی ناو لەش (شلی و ناو) Humoral Defence

هەر مادەیەکی پرۆتینی بچێتە ناو لەشەوە(۲۲) Antigen ئەبێتە
هۆی دروستبوونی مادەیەکی کیمیایی تایبەتیی گلۆبیۆلین Globulin
[Antibody] کە ئەتوانێ لە سیرۆمی خوێندا بدۆزرێتەوە .

ئەنتیبۆدی و ئەنتیجین یەکئەگرن و ئەبنە مادەیەکی بێ لایەنی مادەی ئەنتیجین کە ئیتر کارناکاتە سەر لەش . ئەگەر ئەنتیجین بە شرنقە لە مرۆڤێک بدرێت نزیکەی هەفتەیەک ئەخایەنێ هەتا ئەنتیبۆدی لە سیرۆمدا دەرئەکەوێت . لە هەندێ نەخۆشیی فایرۆسیدا ئەنتیبۆدی لەوانەیە لە خوێندا دەربکەوێت و لەهەندێکیشیاندا بۆ درێژاییەکەمەن Mechanical Defence

(ج) بەرگری میکانیکی Mechanicol

لە هەندێ نەخۆشیدا پەردەیەک یا تیفەیەک Barrier دروستئەبێ
ناهێلێت میکرۆبەکان بلاوبنەوە ، وەکو ئەو چنراوە ڕیشاڵی (نسیج لیفی)یەی لە نەخۆشیی سیلدا دروستئەبێ وەیا لە نەخۆشیی کیسەی ئاودا Hydatid Cyst .

ئابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە هەندێ میکرۆب هەن مادەی وەها دەرئەکەن ئەو تیفە بەرگریە بێهێزئەکەن و ئەیتوێننەوە ، وەکو ب ـ هیمۆلیتیک ستریپتۆکۆکەس ـ B — Haemolytic Streptococcus مادەیەک دەرئەکات
(Fibrinolysin) ڕیشاڵتوێنەرەوە) ، ڕیشاڵەکان ئەتوێنێتەوە ، یاخود مادەی وەها دەرئەکەن یارمەتیی خۆیان وەیا ژەهرەکانیان بدات کە بە ئاسانی لە لەشدا بلاوبنەوە .

کاردانەوەی لەش و هێزی ئەو کاردانەوەیە بەندە لەسەر چۆنێتی و چەندێتی و هێزی هۆی نەخۆشیەکە (میکرۆبەکان) .

مەجرای نەخۆشیەک بەندە بەسەر حاڵەتی دەروونی (سایکۆلۆجی) و فیزیکی و خۆراکی نەخۆشەکەوە ، بۆ نموونە ، لە سووتانەوەی سیپەکاندا بە نیومۆکۆکەس Pneumococcus ئەگەر نەخۆشەکە تای نەبێت و خڕیلەی سپیی خوێن زیادنەکات ئەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی لەشی نەخۆشەکە بەرگریی ئەو دەردە ناکاو ئەنجامی باش نابێت ، ئەمەش بە زۆری لە پیرو مەیخۆرا ڕووئەدا .

دەمێکە زانراوە ئەگەر نەخۆشێك لە حاڵێکی عەقڵیی باشدا بێت و بڕوا بە چاکبوونەوەی خۆی بکا ، ئەمە زۆر کارێکی باش ئەکاتە سەری و زووتر چاکئەبێتەوە ، لەبەر ئەوە پێویستە دوکتۆرو کەسوکاری نەخۆش هەمیشە زات بنێنە بەری کە بتوانێ بەرگری نەخۆشیەکەی بکا ، چونکە ئەم زاتانەبەرە هەرچەندە بە تەواوی نەزانراوە چۆن کارئەکات بەڵام وەها دەرئەکەوێت کە کار بکاتە سەر هەندێ هورمۆن(٢٤) Hormone و ڕەگەکانی لەش و لە ئەنجامدا سەر مێشك .

هەستیاریی مرۆڤ بەرامبەر میکرۆبتێدان
SUSCEPTIBILITY OF THE HOST TO INFECTION

گەلێك تیرەی زیندەوەرو ڕەگەزی مرۆڤ جیاوازیان هەیە بۆ ڕادەی تووشبوونی نەخۆشی و جۆرە میکرۆبەکان ، بۆنموونە ، پێستڕەشەکان Negros خوێنەسوورەکانی خوێن یان هیمۆگلۆبین (س)یان تێدایە . Glucose 6 — Phosphate — Haemoglobin — 5 Dehydrogenase یان کەمە ، لەبەر ئەوە جۆرە بەرگریبەکیان هەیە بۆ لەرزوتا Malaria . مرۆڤو بەرازی گینی Ginae Pigs تووشی سیلی مانگایی ئەبن Bovine Tuberculosis ، بەڵام تووشی سیلی باڵندە نابن .

یەکەم جار کە سوورێژە Measles گەیشتە دوورگەکانی فیجیبەوە Fiji Islands بووە هۆی کوشتارێکی بێشوومار ، چونکە هیچ جۆرە بەرگریبەکیان بۆ ئەو نەخۆشیبە نەبوو .

ئاووهەوای ناساز ئەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرگری ، بۆ نموونە ، نەخۆشیی کوانەپیسە(٢٥) Anthrax کە زۆر کوشندەیە بۆ وڵاخی بەرزەو بۆ مرۆڤیش ، تووشی مریشك نابێت هەر چەندێك لە میکرۆبی ئەو نەخۆشیبە بکرێتە لەشی مریشکێکەوە ، بەڵام ئەگەر هاتو پلەی گەرما هاتە خوارێو زۆر ساردبوو ئەوسا مریشك تووشی ئەو نەخۆشیبە ئەبێو بە زۆریش مردارئەبنەوە .

هەروەها ئەگەر میکرۆبی نەخۆشیبەك لە مرۆڤێکدا خۆی ماتکردبوو ، وە ئەگەر ئەو مرۆڤە تووشی سەرماوسۆڵەو تەڕایی بوو ، لەوانەیە بەرگریی لەشی کەمبێتەوەو ئەو میکرۆبە ماتبووانە ڕاستبنەوەو ئەو کەسە تووشی ئەو نەخۆشیبە بکەنەوە .

منداڵی ساوا هەتا ئەگاتە تەمەنی شەشمانگە تووشی گەلێك نەخۆشیی میکرۆبی (درم Infectiius Disease) نابێ ، چونکە بەرگریی بۆ ئەو نەخۆشیبانە لە دایکیبەوە وەرگرتووە .

توانایی میکرۆب
VIRULENCE OF MICRO — ORGANISMS

ئەگەر باکتریاو ڤایرۆس لە حالەتی ناسازدا پەرەبسێنن ، هێزیان کەمئەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکیی ئەنتیجینیان Antiginicity کەمئەکاتەوە ، یاخود ئەو باکتریایانەی ئەچنە کیفەوە Capusle کیفەکەیان نامێنن ، بەپێچەوانەش ئەو میکرۆبانەی لە حالەتێکی سازدا پەرەئەستێنن چالاکیان پتر ئەبێت ، ئەم حالەتە ڕەنگە ڕووبدا ئەگەر باکتریا لە یەکێکەوە بچێتە یەکێکی ترەوە لە کاتی درمدا .

توانایی باکتریا پاش ئەوەی چنراوەکانی لەشی بڕیو چووە ناوەوە بۆ ئەوەی ببێ بە هۆی نەخۆشی لەسەر ئەوە بەندە لە حالەتێکی سازدا بێت بۆ پەرەسەندن وەکو ئەوەی سپۆری کۆپانە پێویستی بە جێیەکی بێ هەوا هەیە بۆ Anaerobic Condition پەرەسەندن کە ئەم سپۆرانە لەوانەن ساڵەها لە چنراوی لەشدا خۆیان مات بدەن هەتا حالەتێکی سازیان بۆ هەڵکەوێت پەرەبسێنن و ببنە هۆی نەخۆشی .

بەرگریپەیداکردن بۆ دەرمان
ACQUIRED DRUG RESISTANCE

زۆر جار بەرگری پەیداکردن لە میکرۆبدا بۆ دەرمانێك لەوەوە ئەبێ میکرۆبەکە لە خۆیەوە بگۆڕێت ، هەندێ جاری تر لە گواستنەوەی مادەی جینەوە Genetic Material لە میکرۆبێکەوە بەرگریی هەبێ بۆ میکرۆبێکی تر بەرگریی نەبێ .

نەك تەنیا چارەکردن بە مادەیەکی کیمیایی (دەرمان) کار ناکاتە سەر ئەو نەخۆشەی ئەم جۆرە میکرۆبە تووشی کردوە ، ئەگەر هاتو ئەو میکرۆبە یەکێکی تری تووشکرد کە لەوەپێش نەخۆش نەبووبێت ، دووبارە لەم نەخۆشەشدا ئەو دەرمانە کار ناکات ، بۆ نموونە ، کە سەلفونەماید Sulphonamide تازە دۆزرابۆوە کاری تەواوی هەبوو لەسەر میکرۆبی سووزەنەك Gonococcus ، بەڵام پاش بەکارهێنانی بۆ چەند ساڵێك هەندێ تیرە لەم میکرۆبانە پەیدابوون بەرگریی تەواویان پەیداکرد بۆ ئەم دەرمانەو سووزەنەك وەکو پێشووی لێهاتەوە هەتا پەنەسلین دۆزرایەوە کە ئیستە ئەمیش زۆر کاریگەر نییە .

لە میکرۆبی سووزەنەك گرنگتر ستافیلۆکۆکە Staphylococcus کە چەند تیرەیەکی لێ پەیدابوە بەرگریان بۆ پەنەسلینو چەند دۆی زیانیبەکیتریش Anti Biotics پەیداکردوە کە لەوەپێش بەرگریان بۆیان نەبووە .

دکتۆرەکان ئەبێ لەم بابەتەوە وریابن نەهێڵن تیرەی وەها پەیدابێ بەرگری بۆ دەرمان پەیداکەن ، ئەمەش بەوە ئەبێ دەرمانەکان لەجێی خۆیان‌دا بەکاربهێنن و ژەمی Dose تەواو بدەن بە نەخۆش کە میکرۆبەکان نەهێڵێت .

دەرمانی دژی باکتریا نابێ بەو نەخۆشانەی سەرمایان بووەو تووشی هەڵامەت بوون یا بۆ ئەو نەخۆشیانەی لە ڤایرەسەوە پەیدابوون ، چونکە ئەم دەرمانانە کار ناکەنە سەر ڤایرەس‌و ئەبنە هۆی ئەوەی بەرگری بۆ ئەو دەرمانانە لە هەندێ میکرۆبی تردا پەیدابکەن کە لە لەشی نەخۆشەکەدا ئەژین .

نەهێشتنی میکرۆبێ‌دان
PREVENTION OF INFECTION

نەهێشتنی نەخۆشیەك بە دۆزینەوەی هۆیەکەی ، چارە کردن‌و جیاکردنەوەی نەخۆشەکە باشترین هەنگاوە بۆ کەم‌کردنەوەو نەهێشتنی ئەو نەخۆشیە ، ئەم ڕێگەیە زۆر سەرکەوتووبوو لە نەهێشتنی وەیا کەم‌کردنەوەی گەلێ نەخۆشیی پەتا(٢٦) Infectios Diseases وەکو ئاوڵە ، سووریژە ، وناق ، لەرزوتاو سیل ، ئەو نەخۆشیانەی بە هۆی پیسایی نەخۆشەوە بڵاوئەبنەوە ئەوانیش کەم کراونەتەوە بە هۆی ئامرازی تەندروستی‌یەوە ، لە خەستەخانەکان‌داو لە نەشتەرکاری‌دا پێویستە هەموو ئەو ئامرازانەی بەکار ئەهێنرێن پاك‌و خاوێن بن .

هەڵگری میکرۆب ئەبێ باش چاربکرێن ، ئەگەر پێویست بوو جیابکرێنەوە .

ئەوانەی لە خواردەمەنی‌دا ئیش‌ئەکەن وەکو ئامادەکردنی خواردەمەنی بە تایبەتی ئەوانەی ناو چێشتخانەکان‌و ئوتێلەکان ئەبێ هەمیشە لەژێر چاودێریی پزیشك‌دابن ، مانگی هیچ نەبێ جارێك بپشکنرێن بۆ نەخۆشی ، قاپ‌و قاجاغی ناومان هەمیشە خاوێن‌وپاك بکرێتەوە ، ئەوانەی نزیکی نەخۆشیی پەتان ئەبێ جیابکرێنەوەو لەژێر چاودێری‌دابن .

هەموو کەسێك پێویستە بایەخ بداتە پاراستنی تەندروستی ، خواردنی باش‌و بەڕێك‌وپێکی ، هەوای خاوێن ، وەرزش ، نوستنی‌تەواو ، خانوی پاك‌وتەمیزو خۆر لە ژوورەکانی بدا ، لەگەڵ ئەمانەش‌دا هەندێ هەنگاو ئەبێ بنرێت بۆ پترکردنی بەرگری بۆ هەندێ نەخۆشی،بەتایبەتی نەخۆشی‌یە پەتاکان.

١ ــ بەرگریی چالاك
ACTIVE IMMUNITY

بە شرنقە لێدانی ئەنتی‌جینیکی تایبەتی ، لەش وەهای لێدێت ئەنتی‌بۆدی دروستبکا ، هەندێك میکرۆبێ‌دان نابێتە هۆی پەیدابونی بەرگری‌یەکی

هەمیشەیی کە جارێکی تر لەش بتوانێ بەرگری ئەو جۆرە میکرۆبە بکا وەکو سووتانەوەی سیپەکان Pneumonia و ئەنفلوەنزەو .... هتد .

هەندێ میکرۆب‌ێ‌دانیش ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرگریەکی هەمیشەیی بۆ ئەومیکرۆبە پەیدا ببێ ، ئەم جۆرە بەرگریە ئەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر ئەو کەسە ئەو نەخۆشیە نەگرێتەوە یاخود بە سووکی تووشی بێت ، ئەمە پێی ئەڵێن بەرگری چالاك .

لەم نەخۆشیانەدایە کە دەرکەوتووە بەرگری چالاك کاری‌گەرە بەوەی جارێکی‌تر ئەو نەخۆشیە نەگرێتەوە یا بە سووکی تووشی بێت .

بەڵام کێشە لەوەدایە چۆن مادەیەك بدۆزنەوە لە بابەت ئەنتی‌جینەوە کارگیربێتو لە هەمان کاتدا ژەهر نەبێت ؟ .

ئێستا گەلێك لە نەخۆشیە پەتاکان ئەم جۆرە مادانەیان بۆ دۆزیونەتەوەو ئەنە هۆی بەرگری‌پەیداکردنی هەمیشەیی .

لە وڵاتی خۆماندا ئەبێ هەموو منداڵێك ئەم مادانە کە پێی ئەڵێن ڤاکسین Vaccine بۆ چەند نەخۆشیەکی پەتا لێیان بدرێتو بەرگری هەمیشەییان بۆ پەیدابکرێت کە تووشی ئەو نەخۆشیانە نەبن وەیا ئەگەر تووشیبوون بە سووکی بیانگرێت وەکو وناق Dyphtheria ، کۆکەڕەشە Whpoping Couch ، کۆپانە Tetanus ، سووریژە Measles ، شەپلەی منداڵ Poliomyelitis ... هتد .

کەی پێویست بوو (لە کاتێکدا نەخۆشیەك ببێ بە درم) ئەبێ بەرگری چالاك بۆ چەند نەخۆشیەکی پەتای تر پەیدابکرێت وەکو گرانەتا ، ڕشانەوە ، تاعوون ، ڕەشەگرانەتاو هاری .

بۆ نموونە لەم ڕستەیەی خوارەوەدا پیشانی ئەدەین چۆن بەرگری چالاك لە منداڵاندا پەیدائەکرێت بۆ چەند نەخۆشیەك ، بێجگە لەمانەش بۆ گەلێ نەخۆشیی تریش بەرگری دۆزراوەتەوە .

ڕستەی کوتان
SCHEDULE OF VACCINATION

ماوە	فاکسین	جار	تەمەن
لە چوار هەفتە کەمتر نەبێ لە چوار هەفتە کەمتر نەبێ .	سێجار فاکسینی D.T.P + O.P.V	3	لە سێ مانگەوە بۆ شەش.
	بەهێزکردن Booster D.T.P + O.P.V.	1	١ ــ ٢ ساڵ
	ئاوڵە Small Pox	1	یەکەم ساڵی قوتابخانە
	Booster D.T. + O.P.V	1	
	Booster D.T. + O.P.V	1	٨ ــ ١٢ ساڵی
	بۆ سیل B.C.G For Tuberculosis	1	

تێبینی : ــ D.T.P = وناق ، کۆپانە ، کۆکەرەشە (کۆتانی سێجارە) .
O.P.V = فاکسینی شەپلەی منداڵ بە دەم ئەدرێت .
D.T. = وناقو کۆپانە .

D.T.P. = Dyphtheria Tetanus + Pertussis (Tripple Vaccine)
O.P.V. = Oral Poliomyelitis.

٢ ــ بەرگریی‌سست
PASSIVE IMMUNITY

ئەگەر ئەنتی‌سیرۆمێکی(٢٧) Anti Serum تایبەتی بە شرنقە لە یەکێك بدرێت ، بەرگریی‌یەکی نزیکەی شەش هەفتەیی بۆ پەیدا ئەبێت ، ئەمەش ئەبێ لە پاشا بەرگریی چالاکی بۆ بکرێت بە هۆی ئەنتی جینی تایبەتی‌یەوە . . باشترین نموونە بۆ ئەم جۆرە بەرگریی‌پەیداکردنە دەردەکۆپانەیە ، هەروەها ئەگەر هاتو وناق لە قوتابخانەیەکدا دەرکەوت ، ئەوانەی لەنزیك نەخۆشەکەوە بوون یا لە پۆلەکەی ئەودابوون ئەبێ سیرۆمی دژی وناق لە هەموویان بدرێت — anti Dyphtheric Serum amti.

ئەم جۆرە سیرۆمانە لە ئەسپ وەرئەگیرێن پاش ئەوەی ئەو جۆرە نەخۆشی‌یەی بیانەوێ ئەنتی سیرۆمی بۆ پەیداکەن ، میکرۆبی ئەو نەخۆشی‌یە ئەکەنە لەشی ئەسپەکەوە ، دوای ئەوەی ئەنتی‌بۆدی دژی ئەو نەخۆشی‌یە لە خوێنی ئەسپەکەدا دروستبوو ، ئەوسا سیرۆمی خوێنی ئەسپەکە ئەگرنو بەکاری‌ئەهێنن ، کە ئەم سیرۆمە لە یەکێك درا ئەنتی‌بۆدی سیرۆمی ئەسپ لە خوێنیا پەیدائەبێ ، ئەگەر لەم سیرۆمە لە هەمان کەس بدرێتەوە کە لەوەپێش لێی‌دراوە نەك هەر کەڵکی نی‌یە بەڵکی ئەبێتە هۆی هەستیاری لەوکەسەدا .

٣ ــ بەرگریی‌ناتەواو Defective Defence ئەنجامی میکرۆب‌تێ‌دان بەندە لەسەر ژمارە ، جۆر ، هێزو ئــەو جێ‌یەی میکرۆبەکان لێوەی ئەچنە ناو لەش لەگەڵ توانایی بەرگری ئەو کەسە ، ئەم بەرگرییە لــە هەندێ نەخۆشیی زکماکدا کزئەبێت وەکو هەندێ نەخۆشیی خوێن وەیا لــە هەندێ لەو نەخۆشی‌یانەوە تووشی زەلام ئەبن .

ئەم کزبوونی بەرگرییە بــۆ میکرۆب‌تێ‌دان گەلێ جــار تێ‌بینی ئەکرێت لەوانەدا زۆر مــەی ئەخۆنەوە یاخود خوویان بــــە دەرمانەوە گرتووە Drug Addict ، کەم خۆراکی ، ئەوانەی لە ژێر چارەکردندان بــە دەرمانی ئەدرینۆکۆرتیکۆستیرۆید Adrenocorticosteroids ، یا ئەوانەی نەخۆشیی گورچیلەیان هەیە وەیا تووشی ئەو نەخۆشی‌یانە بوون کە مرۆڤ بێ‌تین‌و لاواز ئەکەن ، ئەمکەسانە ، چونکە بەرگری‌یان کزبووە بە ئاسانی تووشی نەخۆشی‌تر ئەبن . لە لایەکی ترەوە کەمخوێنی لە هەندێ چنراوی لەشدا وەیا شتێکی بێگانە لە چنراوێکدا وەیا بەر بەستی ئەو شلاوانەی Fluids لەش دەریان ئــەدا وەکو زراو ، لیکو فرمێسک ... هتد ئەمانە بــە ئاسانی میکرۆبیان تێدا پەرەئەسێنێ‌و ئەبێتە هۆی سووتانەوە ، وەکو لە لووی‌لیکداو دوومەڵی سی‌و کیسەی زراو ... هتد .

دەم ــ
EPIDEMICS

زانینی سەرەتاو جۆری بڵاوبوونەوەو ڕوودانی نەخۆشی‌یەک لــە کاتی دەمدا یارید‌ەی ئەوەمان ئەدا سەرچاوەکەی بدۆزینەوە . دەردێک بە خێرایی لــە کومەڵگایەکدا بڵاوبێتەوە بە زۆری لــە خواردەمەنی‌و شیرو ئاوی میکرۆباوی‌یەوە پەیدائەبێت . پاش یەکەم شەپۆلی دەمێک کە یەکێک لە یەکێکی ترەوە ئەو نەخۆشی‌یەی تووش ئەبێ‌و لــە پاشا شەپۆلێکی‌تر دەر ئەکەوێت ، ماوەی دەرکەوتنی ئەم شەپۆلە بەندە بە ماوەی هەڵهێنانی ئەو نەخۆشی‌یەوە .

دەمێک بــە هێواشی دەستپێ‌بکاو بگاتە پۆپەی شەپۆلەکە ، ئینجا بــە هێواشی کەم بێتەوە ، ئەو دەمە بە زۆری لەو میکرۆبانەوەیە کە بە هۆی باوە بڵاوئەبنەوە .

گەلێک لەم جۆرە دەمە وەرزین Seasonal وەکو سوورێژە ، ئەم نەخۆشی‌یە پەتایە ، لە هەندێ هەرێمدا نیشتە جێ‌یە Endemic بەڵام لە هەر دوو یا سێ ساڵێکدا ئەبێتە دەمو گەلێ کەس تووش ئەکات لەوانەی بەرگری‌یان نی‌یە .

ئەنفلوەنزە چاکترین نموونەیە کە هەندێ جار ئەبێتە دەمی سەرانسەر Pandemic و هەموو جیهان ئەگرێتەوە . تووش‌بونێکی ئەنفلوەنزە

بۆ دوو سال بەرگری پەیدابەکات تەنیا بۆ ئـەو جۆرە ڤایرۆسەی بۆتە هۆی نەخۆشی‌یەکە ، چونکە سێ جۆرە ڤایرەسی ئەنفلوەنزە هەیە A.B.C ، ڤایرەسی A توانایی ئەوەی هەیە خۆی بگۆڕێتە تیپێکی تر کە ئەتوانێ هەموو کەسێك تووش بـکا وەکـوو درمی سەرانسەری جیهانی ۱۹۵۷ کـە هۆیەکەی ڤایرەسی ئەنفلوەنزەی A2 بوو .

نیشانەکانی میکرۆبێ‌دان
CLINICAL FEATURES OF INFECTION

گەلێك نیشـانەی نەخۆشی هەیە لـە هەموو ئەوانەدا تـایـان لێدێ دەرئەکەون وەکـوو لەشداگیرسان Malaise ، کـەمبوونەوەی ئارەزووی خواردنکردن Anorexia ،داهێزرانو بێتینی Lassitude ، ژانەسەر Headache ، هەست بـە گەرماوسەرماکردن ، موچوڕکەو لەرز . . . بێجگە لەمانە لە هەر نەخۆشی‌یەکی تاداری‌دا چەند نیشانەیەکی تایبەتی‌و جیاواز هەیە جـۆری نەخۆشی‌یەکەیان پێ‌ئەناسرێتەوە .

خێرایی دەرکەوتنی نیشانەکان هەندێ جار تایبەتی‌یە بۆ نەخۆشی‌یەك وەکو لە سووتانەوەی سی‌یەکان‌دا Pneumonia کە زۆر بە خێرایی دەرئەکەون،نیشانە تایبەتی‌یەکانی ئەم نەخۆشی‌یە بریتی‌یە لە لەرز،وشکەکۆکە، ژانی لایەکی سنگ (کەلەکە) لە کاتی هەناسەدان وەیا کۆکین‌دا ، دەرکەوتنی تامێـسك لەسـەر لێو ، ئـەم نیشانانە دەری‌ئەخەن ئـەو نەخۆشە تووشی سووتانەوەی سی بووە .

لە لایەکی ترەوە نەخۆشیی گرانەتا Typhdid ئەوەندە بە هێواشی‌و لەسەرخۆ دەستپێ‌ئەکا ، نەخۆشەکە بۆ چەند ڕۆژێك لە ئیش‌وکاری خۆی ناکەوێت .

ئەم نیشانانەی خوارەوە گشتی‌یە بۆ زۆر لە نەخۆشیی میکرۆبێ‌دان‌دا .

۱ ــ تا Pyrexia گەرمیی لەش بە ئاسایی لە میانی شەووڕۆژدا یەك پلەی سەنتیگراد جیاوازیی هەیە ، لە بەیانی زووەوا نزم تر وەك لەپاش نیوەڕۆدا .

بەرزترین پلەی گەرمیی لەش لە کۆمدا 37. 2° C یا 99° F

لە ناو دەم‌دا 37 C یا 98.4° F ، لەبن باخەڵدا 36.7° C یا 98° F

پلەی بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەی گەرمیی لەش بۆ جۆری نەخۆشی دۆزینەوە زۆر بەکەڵکە . . . لەرز پلەی گەرمیی لەش بەرزئەکاتەوە هەرچەندە نەخۆشەکە هەست بە سەرماو موچوڕکە ئەکا .

گەرمیی لەش بە هۆی کرژبوونی ماسولکەکانی لەشەوە بەرز ئەبێتەوەو بە هۆی تەنگ بوونەوەی دەمارۆلەکانی خوێن لە پێستدا کـە ئەبێتە هۆی ئەوەی گەرما لە پێستەوە کەم بچێتەدەرێ . تابەردان یا لەپر ئەبێ Crisis لە ماوەی نزیکەی شەوورۆژێکدا وەکو لـە سووتانەوەی سیەکاندا وەیا هێواشیو لەسەرخۆ Lysis بەرێئەدا لە ماوەی چەند رۆژێکدا وەکو لە گرانەتادا .

جۆرەکانی (تیپەکانی) تا . Types of Pyrexia

(ا) بەردەوام Contiued (یەکبینە ، پلەی گەرمی لەم جۆرەدا بە بەرزی ئەمێنێتەوە ، جیاوازیی میانیگەرمیی شـەوو رۆژیش لەیەک پلـە تێناپەڕێ وەکو لە سووتانەوەی سیەکاندا .

(ب) Remittent گەرمیی لەش بەرزو نزمئەبێتەوەو لـە پلەیەک پتر جیاوازیی میانی گەرمیی شەوورۆژ ئەبێت ، بەلام هەرگیز نایەتە سەرئاسایی ، ئەم جۆرەیان لەوانی تر زیاتر ڕووئەدا .

(ج) Intermittent پلەی گەرمیی بەرزئەبێتەوە ، بەلام دێتەوە سەرئاسایی وەکو لە لەرزوتادا .

(د) Hectic لەم جۆرەدا پلەیگەرمیی زۆر بەرزئەبێتەوە لـە وانەیە 3° C بەرزبێتەوە لـە شەوا بەلام لە بەیانیدا ئەگەڕێتەوە سـەر ئاسایی ، لەکەم بوونەوەدا نەخۆشەکە عەرەقێکی زۆر ئەکاتەوە . گەڵێ هـۆی تر هەیە بۆ تاڵیهاتن جگە لە نەخۆشیی میکرۆبی وەکو وەرزش ، خۆشتن بـە ئاوی زۆر گەرم ، هەستیاری بۆ هەندێ خواردەمەنیو دەرمان ، کەمخوێنیو نەخۆشیی هوجکن(٢٨) Hodgkin's Disease و ...هتد .

٢ ــ عەرەقکردنەوە Sweating .

لەکاتی تاگرتندا لەش وشکو گەرم ئەبێو سوور هەڵ ئەگەڕێت ، کـە تایەکە هاتە بەردان دەستئەکا بە عەرەق کردنەوە .

لە تای ڕۆماتیزمیدا Rheumatic Fever هەمیشە عەرەقدەرئەدا ، بـە عەرەقکردنەوەی زۆر لەشی نەخۆشەکە هەندێ زیپکەی زۆر ورد دەرئەکا پێی ئەڵێن Sudamina گرمۆنە .

٣ ــ کۆئەندامی دڵو دەمارەکان Cardid — vascular system

دڵئەکەوێتە پەلە ، تەوژمی خوێن بەرزئەبێتەوە ، لە ئەنجامدا پتەی دڵ زیادئەکا ، بۆ هەر نیو پلەی گەرمیی بەرزبوونەوە پتەی دڵ دە ڵێدان زیاد ئەکا ،

بەڵام چەند نەخۆشی‌یەک هەن لەم ژمارەیە تێپەڕ ئەکەن وەکو سیلی تیژ Acute Tuberculosis ، سوورە تا ، سووتانەوەی پۆماتیزمی دل ... هەروەها چەند نەخۆشی‌یەکی تر هەیە ، لەو ژمارەیە کەمتر ئەبێ وەکو نەخۆشی‌یە فایرۆسی‌یەکان ، گرانەتاو هەندێ جاریش سووتانەوەی پەردەکانی مێشک Meningitis .

٤ ــ کۆئەندامی هەناسە Respiratory System .

هەناسە بە پێی تایەکە زیادئەکا ، بە ئاسایی بۆ یەک هەناسە دل چوار جار لێئەدا 4 : 1 بێجگە لە سووتانەوەی سی‌و بۆری‌یەکانی کە ئەبێتە 3 : 1 وەیا 2 : 1 .

٥ ــ کۆئەندامی خواردەمەنی Alimetary System .

نیشانەکانی کۆئەندامی خواردەمەنی بریتین لە دەموشکبوون ، زمان وشکئەبێ‌و بەڵغەمگرێت ، جۆرە بەڵغەمێک لە خواردن‌و باکتریاو لیک دروستئەبێ‌و لە ناو ددانەکان‌و لەسەر لچ‌و لێو بلاوئەبێتەوە ، ئارەزووی خواردن کەمئەبێ ، ڕەنگە دڵتێکەڵهاتن‌و ڕشانەوەو گیراویش پەیدابن .

٦ ــ کۆئەندامی میز Urinary System .

میز کەمو خەست ئەبێ ، چونکە هەندێ ئاوی ناو لەش بە عەرەقکردنەوە ئەڕوات ، ئەلبومین Protein Urea زۆر جار پەیدائەبێ ، بەڵام لەگەڵ چاک بونەوەو تانەمان ئەوێش نامێنێ .

٧ ــ گۆڕین لەخوێندا Blood Changes

گەلێ گۆڕین لە خڕیلەسپی‌یەکانی‌خوێندا — White Blood Corpuscles ڕووئەدا ، لە نەخۆشی‌یە کۆنەکاندا (پیر) جۆرە کەمخوێنی‌یەکیش لەوانەیەپەیدا ببێ .

ناسینەوەی نەخۆشیی پەتا
DIAGNOSIS OF INFECTIOUS DISEASES

ئەگەر یەکێک لە نەخۆشی‌یە میکرۆبی‌یەکان لە ناوچەیەکدا بلاوبۆوە ئەبێ بکەڕێین بۆ سەرچاوەی ئەو نەخۆشی‌یە ، لە کوێوە هاتووە ، چەند کەس تووش بووە ، کێ لەو نەخۆشانەوە نزیکە ، کێ هاتوچۆیان ئەکەن ، کێ هەڵگری ئەو جۆرە میکرۆبانەیە ، کاروئیشی ئەو نەخۆشانە چی‌یە ، لەدەری ئەو ناوچەیەوە هاتوون یانا ؟ ئەبێ وەرامی ئەم هەموو پرسیارانە بزانین وە بزانین ئەو نەخۆشی‌یە چۆن بلاوبۆتەوە .

هەندێک لەو نەخۆشی‌یانەی تایان هەیە نیشانەی تایبەتی خۆیان هەیە وەکو ئاوڵە ، سوورێژە ، ملەخرێ ... هتد ، هەندێکی تریان هیچ نیشانەیەکی

تایبەتی‌یان لێدەرناکەوێت ، لە بەرئەوە ئەبێ هۆیەك بدۆزینەوە بزانین چ جۆرە میکرۆبێك بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەو نەخۆشی‌یە .

ناسینەوەی میکرۆب
IDENTIFICATION OF ORGANISMS

ئەو جۆرە میکرۆبانەی ئەبنە هۆی نەخۆشی ، ئەتوانین بە هۆی پشکنینی یەکسەرەوە ، بە هۆی کێڵگەدروستکردنی میکرۆبەکان وەیا بە هۆی ئەوەی ئەو میکرۆبانە لە گیانداڕێکی تردا پەرەی پێبسێنین‌و بی‌یان‌ناسینەوە .

پشکنینی یەکسەر
DIRECT EXAMINATION

بۆ هەر جۆرە میکرۆبێك پشکنینی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆ نموونە ، میکرۆبی سووزەنەك N — Gonococcus یا میکرۆبی سووتانەوەی پەردەکانی مێشك N — Menincitidis ... ئەگەر نەختێك لە کێمی سووزەنەکدارەکە یا نەختێ لە ئاوی بڕبڕەی پشتی نەخۆشەکەی تر بە میکرۆسکۆپ سەیربکرێت دوای ئەوەی بەڕێگای گرام Gram Method ڕەنگ بکرێن ئەو جۆرە میکرۆبانە بە ئاسانی‌و بە ڕوونی ئەبینرێن ، یاخود میکرۆبی سیل Myco — Tuberculosis لە بەڵغەمی نەخۆشەکەدا بە ڕێگای زیل ــ نیلسون Ziel — Neelson ڕەنگبکرێت ، لەژێر میکرۆسکۆپدا بە جوانی دەرئەکەوێت ... هتد .

٢ ــ کێڵگە CULTURE

هەندێ میکرۆب وەکو میکرۆبی وناق C — Dyphtheriae بە هۆی پارچەیەك لۆکەوە لە قورگ وەرئەگیردرێت ، میکرۆبی گرانەتا S.Typhi لە خۆینەوە ، Esch — Coli لە میزەوە ، باسیلی دیزانتری Dysentery Bacilli لە پیسایی‌یەوە ... هتد ئەمانە لە کێڵگەی تایبەتی خۆیاندا پەرەیان پێئەسێنرێت .

٣ ــ گیانداریکی تر تووشبکرێت
ANIMAL INOCULATION

بۆ نموونە میکرۆبی سیل لە بەرازی گینی‌دا Ginea Pigs پەرەی پێئەسێنرێت .

ناسینی میکرۆبی نەخۆشیەك بە هۆی پێوانی ئەنتیبۆدیی تایبەتی خۆیەوە لە سیرۆمی نەخۆشەکەدا

Diagnosis of infection By the Measurement if specific anti bodies In the patient's serum.

کە نەتوانرا لەو رێگایانەی سەرەوە باس‌کران میکرۆبی نەخۆشیەکە بزانرێت ، لە رێگەی تروە کە ئەویش دۆزینەوەی ئەنتیبۆدیی تایبەتی‌یە لە خۆیناوی نەخۆشەکەدا .

ئەنتیبۆدی بۆ میکرۆبێك ئەبێ هیچ نەبێ هەفتەیەك بەسەر دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی‌یەکەدا تێپەڕبێت لێنجا ئەوەندە پەیدائەبێت کەلکی لێوەرگیرێت .

ئەنتیبۆدی لە خۆیناودا کەلکی زۆری هەیە بۆ دۆزینەوەو ناسینی سالمۆنیلا ، ڕەشەگرانەتا ، فەرەنگی‌و مرخە(٢٩) Glanders و گەلێ نەخۆشیی تریش .

تای هۆنەزانراو

PYREXIA OF UNKNOWN ORIGIN

گەلێك لەو نەخۆشی‌یانەی تایان هەیە هۆیەکەیان میکرۆبە ، زۆر لەم نەخۆشی‌یانەش بەو نیشانە تایەتی‌یانەی لە نەخۆشی‌یەکەوە پەیدائەبن ئەناسرێنەوە ، هەندێکیان کە لە تا بەولاوە هیچ نیشانەیەکی تریان نی‌یە ئەوسا ئەبێ پشکنینی تریان بۆ بکرێت وەکو پشکنینی خوێن Haematological Examination

تیشکی ڕۆنتگەن ، پشکنینی خوێن بۆ باکتریا ، پشکنینی ئەو شلاوانەی Fluids لەش دەریان‌ئەدا ، گەڕان بۆ باکتریا لە پیسایی‌دا ، گەڕان بۆ ئەنتیبۆدیی تایبەتی لە سیرۆم‌دا ... هتد ، ئەگەر بەو هەموو جۆرە پشکنینانە هۆی نەخوشی‌یەکە هەر نەدۆزرایەوە ، ئەوسا بەو نەخۆشی‌یە ئەڵێن تای هۆنەزانراو P.U.O (Pyrexia of Unknown Origin) لە نەخۆشیی وەهادا ئەبێ جارێکی تر لە نووکەوە دەستبکرێتەوە بە پشکنین نەوەکو نیشانەیەکی تازە وەیا هۆیەك دەرکەوتبێت کە لە پشکنینەکانی پێشوودا پشتگوێخرابێت .

گوێو گەروو لە منداڵان‌دا ئەبێ گەلێ جار تەماشابکرێتەوە . هەرچی پشکنینەکان هەن ئەبێ گەلێ جار دووبارە بکرێنەوە ، ئەگەر هۆیەك هەر نەدۆزرایەوە پێویستە یارمەتی لە چەند دوکتۆرێکی پسپۆڕی تریش بخوازرێت .... ئەگەر هیچ ئەنجامێك دەستنەکەوت ئەبێ بیر لە چەند

هۆیەکی تر بکرێتەوە کە میکرۆبی نین وەکو لوو ، نەخۆشیی هۆجکن Hodgkin's Disease ، لووەپیسەی سی ، گورچیلەو Carcinoma Of The Lung گەدەو ڕیخۆلەو ... هتد .

بۆ ئەم مەبەستە ئەبێ بە تیشکی ڕۆنتگەن وێنەی سنگ ، ناوزگ (هەناو)و گورچیلە بگیرێت ، پیسایی بپشکێنرێت بۆ خوێن ، گرێکانی لیمف Lympn Nodes ، جگەر ، مۆخی ئیسکەکان Bone Marrtow وە ئەگەر بە پێویست زانرا زگ هەڵدڕێتەو تەماشای هەموو هەناو بکرێت ، کیلکە بۆ خوێن بکرێت ، خوێناو Serum بپشکێنرێت ، هەستیاریی Sensitivity پێست تاقیبکرێتەوە . بە کورتی هەرچی بە بیری دۆکتورەکان‌دا بێت ئەبێ بکرێت هەتا هۆی تایەکە ئەدۆزرێتەوە (ئەگەر بۆیان دۆزرایەوە ؟) .

پێویستە لە بیرمان نەچێ کە ئەبێ بیر لە فرۆفیلی نەخۆشیش بکرێتەوە بە تایبەتی‌ئەگەر پێستی نەخۆشەکە وشک‌و گەرم نەبوو ، وە تەندروستیی باش بوو ... هتد .

هەندێ فیلی ئاسان هەیە نەخۆش بەکاریان‌دێنن وەکو گەرمی‌پێوەکە(۲۰) Thermometre لە ئاوێکی گەرم هەڵئەکێشێت ، یا نزیکی شتێکی گەرمی ئەخاتەوە ، یا زمانی لێ ئەخشێنێت ، وەیا بە هەڵەوەگێڕاوی ڕای‌ئەوەشێنی .... هتد .

کە ئەم هەموو تاقی‌کردنەوەو پشکنینە هیچیان دەرنەخست‌و نەخۆشەکە بەردەو لاوازی‌و بێهێزی‌چوو ، ئەوسا هەندێ دەرمان تاقی‌بکرێتەوە وەکو دژی ژیان Anti — Biotic بە هیوای ئەوەی نەخۆشەکە کەلکی لێوەرگرێت .

چارەکردن
TREAT MENT

۱ ـ چارەکردنی گشتی . General Treatment

(أ) حەسانەوە Rest نەخۆشەکە ئەبێ لە جێگەدا لە ژوورێکی پاک‌و خاوێن‌دا بکەوێت ، لە سەرما بپارێزرێت ، نوێن‌و جلەکانی هەمیشە پاک بێت ، ڕووناکی ژوورەکە باش بێت ، لەشی نەخۆشەکە بە پاکی ڕابگیرێت ، زوو زوو بشۆررێت‌و جلەکانی بگۆڕێت ، بە هەورێکی تەڕ (ئەسفەنج) دەموچاوو دەست‌وپەلی تەڕ بکرێت ، بۆ ئەوەی تایەکەی کەم بکاتەوە ، دەموددانی زوو زوو بشۆررێت ، پیسایی‌و میزەکەی ئەبێ بە جۆرێك لە ناو ببرێن کە نەهێلرێت ئەگەر میکرۆبیان تێدابێت ، بلاوبنەوە .

(ب) شلی‌وئاو Fluids . ئەبێ ئەوەندەی شلی‌وئاوی بدرێتێ کە هیچ نەبێ ڕۆژی 1500 cc میز بکات ، ئەگەر نەخۆشەکە وازی لێبهێنرێت ئەوەندەی پێویستیتی ئاو ناخواتەوە لەبەر ئەوە ئەبێ شلی‌وئاوی بەزۆر بدرێتێ ، چونکە بە عەرەق کردنەوەش ئاوێکی زۆر لە لەش دەرئەچێت ، لە بەر ئەوە ئەبێ ئەوەندە میز بکا کە ئەو مادە خراپانەی لە لەشی‌دا دروستئەبن لەگەڵ میز دەرچێتە دەرێ .

(ج) خواردن Food . نەخۆش ئەگەر ئارەزووی خواردنی‌کرد ئەبێ بیدرێتێ بە تایبەتی ئەگەر نەخۆشەکە لاوازو بێتین بوو ، ئەبێ ئەوەندەی بدرێتێ گەرمۆلەی(٢١) Calories تەواوی تێدا بێت بۆ ئەوەی لاواز ترو بێهێز تر نەبێ بە تایبەتی لەو نەخۆشی‌یانەدا درێژەئەکێشن ، لەبەر ئەوەی لەم جۆرە نەخۆشی‌یانەدا ئارەزووی خواردن کەمئەبێتەوە چاکتر ئەوەیە خواردەمەنیی‌سووکی بدرێتێ .

(د) نووستن Sleep. . ئەبێ نەهێڵرێ نەخۆشەکە تووشی بێخەوی بێت ، لەبەر ئەوە ئەبێ جێگەکەی پاك‌و خاوێن‌و رێکوپێک بێت ، ئەگەر بەپێویست زانرا خواردنەوەیەکی گەرم بخواتەوە لە پێش نووستن‌دا وەکو پەرداخێک شیری گەرم ، وەیا چا ، ئەگەر بە پێویست زانرا دوو دەنك ئەسپەرین ، ئەگەر ئەمانە کەڵکی نەبوو ئەتوانرێ دەرمانێکی خەوی بدرێتێ وەکو باربیچورێت Barbiturate (٢٢) ، لەبیر نەچێ ئەگەر کۆکە یا ئازاری هەبوو ئەبێ چاربکرێن .

(هـ) چارەکردنی نیشانەکان Symptomatic Treament . ئەو نیشانانەی چارەکردنی تایبەتی‌یان هەبێت ئەبێ چارەبکرێن ، ئەمانەش بەپێی نەخۆشی‌و نەخۆشەکە ئەگۆڕێن . ئازار ئەبێ کەمبکرێتەوە یا بە گەرمی خستنەسەرجێی ئازارەکە وەیا بە چەند کۆدەئین ، پاراسیتامۆل‌و.... هتد ، هەروەها کۆکە ، ئالۆش ، عەرەقکردنەوە ، گیراوی‌و زگچوون و... هتد ئەمانە ئەبێ چاربکرێن .

(و) چارەکردنی کیمیایی Chemedtherapy . هەر نەخۆشە بە پێی دەردەکەی ئەگەر دەرمانی تایبەتی خۆی هەبوو بەو دەرمانە چاربکرێت .

(ز) بەکارهێنانی ئەنتی‌سیرۆمی تایبەتی .
Use Of Specific Anti Serum.

بەکارهێنانی ئەنتی‌سیرۆم لە هەموو نەخۆشی‌یەکی پەتادا کارناکا ، بەڵام لەو دەردانەی میکرۆبەکان ژەهرەکانیان دەرئەدەنەدەرێ بەکەڵکە وەکو وناقو کۆپانەو گازگانگرین .

دوای دۆزینەوەی سەلفۆنەماید Sulphonamide و دۆی ژیان Anti Biotics ئیتر ئەنتی‌سیرۆمەکان بەکار ناهێنرێن ، لەگەڵ ئەوەش‌دا بۆ ئەو میکرۆبانەی بەرگری بۆ دەرمان پەیدا ئەکەن هێشتا ڕەنگە کەڵکی خۆی هەبێ .

PROGNOSIS پێشبینی

هەندێ نەخۆشی هەیە لە خۆیەوە تووندوتیژی‌و تین کەم ئەکاتەوە . میکرۆب‌تێدان لە درمێکەوە بۆ درمێکی تر لە تین‌وتوندی‌یا جیاوازیی هەیە ئەوەش بەندە لەسەر بەرگریی ئەو کەسانەی تووشی ئەبن‌و بە هێزو توانای میکرۆبەکانەوە بە هاوبەشی کردنی میکرۆبی ترەوە ، بۆنموونە ، ئەنفلوەنزەی ساڵی ٩١٨ ــ ٩١٩ سەرانسەری جیهانی داگیرکرد ، لە چەند مانگێکدا ئەوەندەی کوشت لە جەنگی یەکەمی جیهانی‌دا ئەوەندە نەکوژرا .

کاری گەڵێ لە میکرۆبەکانی وەکو سپایرۆکیتا Spirochaete و پرۆتۆزووا Protozoa بە تەواوی گۆڕاوە ئەوەتی ئەو دەرمانە تازانەی لەم دوایی‌یەدا دۆزراونەتەوەو بەکارئەهێنرێن ، چونکە زۆر کاریان‌تێ‌ئەکەن ، ئەمەش بەندە لەسەر ئەوەی ئەو دەرمانانە لەجێی‌خۆیان‌دا بەکاربهێنرێن‌و بە خۆراکی تەواو بدرێن بە نەخۆش‌و لە سەرەتای نەخوشی‌یەکان‌دا بە کاربهێنرێن پێش ئەوەی نەخۆشی‌یەکەیان لێ‌یان پیربکەن .

بە پێچەوانەی نەخۆشی‌یە باکتریایی‌یەکان ، نەخوشی‌یە ڤایرۆسەکان ئەم دەرمانە تازانە هیچ کاریان تێ‌ناکا ، مەگەر تەنیا کار بکەنە سەر ئەو باکتریایانەی هاوبەشیی ڤایرۆسەکان ئەکەن .

هەوڵو تەقەلایەکی زۆری هەمیشەیی هەیە لە لایەن زاناکان‌و کیمیاگەرەکان‌و هەموو ئەوانەی لە پزیشکایەتی‌دا ئیش‌ئەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەکردنی هەموو ئەو نەخۆشی‌یانەی تووشی مرۆڤ ئەبن‌و هیوا زۆرە سەرکەون ، وە لە ڕاستیش‌دا ڕۆژبەڕۆژ لە پێش‌کەوتن‌و سەرکەوتن‌دان .

(*) ئەم باسە بە دەستکاری و کورتکردنەوەوە لەم کتێبە وەرگیراوە .
THE PRINCIPLE AND PRACTICE OF MEDICINE
EDITED BY
SIR STANLEY DAVIDSON

١ ــ Infection وشەیەکی لاتینییە بە مانای ئەوەی میکرۆبی نەخۆشی هێرش بەرێتە سەر ئەندامێکی لەش وەیا بەشێک لە ئەندامێک وەیا هەموو لەشی مرۆڤ بە جۆرێک لە ئەنجامی کاردانەوەی ئەو چنراوانەی میکرۆبەکان هێرشیان بردۆتە سەر زیان پەیدابێت .
بۆ ئەم وشەیە بە زمانی کوردی لە میکرۆبزێدان بەولاوە وشەیەکی ترم نەدۆزیەوە ، ئەمەش وەکو ئەسپزێدانو کرمزێدانو ... هتد .

٢ ــ مێمڵە ــ طفیلی ــ Parasite بریتییە لە ڕووەکێک یا گیاندارێک کە لەسەر یا لە ناو گیاندارێکی تردا بژیو ئەو خواردنەی پێویستی بێت لەوی وەرگرێت ــ هەندێ جار مشەخۆر بۆ ئەم وشەیە بەکارئەهێنرێت .

٣ ــ Incubation حضانة ــ هەڵهێنان ــ ماوەی هەڵهێنان لە نەخۆشیدا بریتییە لەو ماوەیەی کە میکرۆبی نەخۆشیەک ئەچێتە مرۆڤێکەوەو تووشی ئەو نەخۆشیەی ئەکا هەتا ئەو ڕۆژەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە دەرئەکەوێت ، هەر نەخۆشە ماوەی هەڵهێنانی خۆی هەیە .

٤ ــ بووژانەوە Convalescense نقاهة .
پاش چاکبوونەوە لە نەخۆشیەک ئەو نەخۆشە ماوەیەکی ئەوێت هەتا تەواو هێزوتینی دێتەوە بەرو ئەتوانێ بچێتەوە سەر ئیشوکاری خۆی ــ ئەو ماوەیە پێی ئەڵێن ماوەی بووژانەوە .

٥ ــ هەڵگر ــ Carrier ــ حامل ــ
ئەو کەسەیە میکرۆبی نەخۆشیەک لە لەشیدایە بێ ئەوەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشیەی لێ دیاری بداو بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ کە ئەو نەخۆشیە لە لەشیدا هەیە ، بەو جۆرە ئەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە .

٦ ــ زریزەیی ــ زنجیرەیی Streptococcus (مکورّسبحی) جۆرە میکرۆبێکی خڕیلەن ئەبنە هۆی گەڵێ نەخۆشی ، ئەم خڕیلانە هەمیشە لە شێوەی زریزەدا ئەبن ، واتە یەک لە دوای یەک ڕێچکە ئەبەستن ، یا پێکەوە نووساون وەیا جیاجیان .

٧ ــ هێشووبی Staphylococccus (مکورّعنقودی) ــ جۆرە میکرۆبێکی خڕیلەن ئەبنە هۆی هەموو جۆرە دوومەڵو قونێرێک ، ئەمانە کۆمەڵ کۆمەڵ ئەبن لە شێوەی هێشووی ترێدا وەیا خورمادا .

٨ ـ گرانەتا — Typhoid تایفۆئید .
نەخۆشی‌یەکی یەتای کوشندەیە ، بەڵام ئێستا بە هۆی دەرمانی تازەوە ئەگەر زوو چارەکرێت بە ئاسانی چاکئەبێتەوە .
بە تاو سەرئێشەو ئارەزووی خواردن‌کەم‌بوونەوەو ... هتد دەستپێ‌ئەکات ـ هۆیەکەی میکرۆبێکی‌چیلکەیی‌یە Bacillus

٩ ـ تامێسک Herpes الحلأ . جۆرە سووتانەوەیەکی پێستە ، بلۆقی زۆر ورد بـە کۆمەڵ لەسەر پێست دەرئەچێت بەتایبەتی لـەو نەخۆشی‌یانەدا تایان هەیە ، بە زۆری لەسەر لچولێوو ناو لووتو هەندێ جاریش لە ناوگەڵدا پەیدائەبێ .

١٠ ـ دژی ژیان Anti Biotics المضادالحیوی .
ئەم وشەیە بە مانا هەر شتێک ژیان نەهێڵی ـ لێرەدا بـەو دەرمانانە ئەڵێن کـە لە گیانداری زۆر وردەوە وەرئەگیرێن وەکو کەڕوو ، ئـەم دەرمانانە بۆ پەرەسەندنو کوشتنی گەلێک میکرۆب بـە کارئەهێنرێن وەکو سووزەنەکو فەڕەنگیو سووتانەوەی سی‌یەکانو گورچیلەو دۆمەڵ....هتد. نموونەی ئـــەم دەرمانانەش پەنەســـلێنو ستڕپتیۆمایسینو ئەریثرۆمایسینو .... هتد .

١١ ـ چنراو — Tissue النسیج.پرێتی‌یە لە کۆمەڵبوونی یەک جۆرە خانەی وەکو یەک ، یەکئەگرن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشێکی تایبەتی لە لەشدا، سەدەها جۆرە چنراو هەیە لـە لەشی مرۆڤدا وەکو چنراوی وەک ، لیمف ، چنراوی ماسولکە ، چنراوی ئێسک ...هتد .

١٢ ـ دەردەکۆپان ـ کۆپانە Tetanus کزاز .
نەخۆشی‌یەکی پەتای کوشندەیە بە هۆی ژەری میکرۆبی کۆپانەوە Clostridium Tetani پەیدائەبێ ، نیشانەی هەرە گرنگی گرژبوونو هاتنەوەیەکی ماسولکەکانی لەشە ، دەم ئەچێتەکلیلە ماسولکەکانی ملو پشت بە جۆرێک گرژئەبنو دێنەوەیەک ، پشت بـۆ پێشەوە ئەچەمێتەوە ، بە جۆرێک ئەگەر نەخۆشەکە لەسەر پشت درێژ بێت پشتی لە زەوی ناکەوێ تەنیا سەرو سمتی ئەکەونە سەرزەوی . ئەگەر یەکێک بەرگری بۆ پەیدا نەکرابێت نەخۆشی‌یەکە زۆر کوشندەیە .

١٣ ـ گازگانگرین Gas Gangrene — الموات‌الغازی .
بۆ ئەم نەخۆشی‌یە (لاڕەشەیان بەکارهێناوە ـ لاڕەشەی‌گازی ـ) . ئەم وشەی گانگرینە وشەیێکی لاتینی‌یە، واتـا مردنی‌چنراوی لەش .
ئەم نەخۆشی‌یە لـە برینی دڕاوی پیسەوە پەیدا ئەبێو ماسولکەکانو ژێرپێستە دڕاوەکە پـڕ ئەبێت لـە گاز (غاز)و خوتناوو ئـەو جێگەیە

هەوڵەکات ، ئەمەش گەلێ جۆرە میکرۆب ئەبنە هـۆی . لەمانە
کلۆستریدیۆم ئۆدیماتیس مالیگنی Clostridium
Oede Matis Maligni و کلۆستریدیۆم ویلچی Clostridium
Welchii ...هتد . ئەم میکرۆبانە بە زۆری لە خاڵدا ئەژین
بێ ئۆکسجین . ئـەم گازگانگرینە زۆر خێرا تەشەنە ئەکا لەبەر ئـەوە
پێویستە بە گورجی چارەکرێت و بە نەشتەرکاری ئەو ئەندامە مردووە
یا ئەو چنراوە مردووانە ببڕرێن و قرتبکرێن .

١٤ ــ سووتانەوەی پەردەکانی میشک Meningitis التهاب السحایا ــ .
ئەم نەخۆشیـیە زۆر گرنگەو کوشندەیە ، بریتیـیە لە سووتانەوەی ئەو
پەردانەی میشکو مۆخی بڕبڕەیان گرتۆتە خۆیان ، ئەم سووتانەوەیە
لە ئەندامەکانی نزیکی میشکەوە تەشـەنە ئەکەن بۆ ئەم پەردانە وەکـو
لە نەخۆشیی گـوێ ، لووت ، ڕوو ، چـاو ، پێستی سەر وەیا لـە
خوێنەوە میکرۆبیان بۆ ئەچێت ــ بـە هۆی دەرمانی وەکـو سەلفاو
پەنەسلین ... هتد چارەکردنی ئاسانبووە .

١٥ ــ درم ــ Epidemic ــ وبائی ــ
کە نەخۆشیـیەک لە هەرێمێکدا بلاوبۆوەو زۆر کەس لەو ناوچەیەدا
تووشی ئەو نەخۆشیـیە بوون پێی ئەڵێن « درم » وەکو سـوورێژە ،
ئاوڵە ، میکوتەو ... هتد .

١٦ ــ شەپڵەی منداڵ Poliomyelitis ــشلل الأطفال .
ئەم نەخۆشیـیە بریتیـیە لە سووتانەوەی مۆخی موورەگەی پشت بـە
هۆی ڤایرەسـەوە ، لە منداڵی بچووکدا بلاو ئەبێتـەوە ، ئەبێتە هۆی
کرژبوونی ماسولکەکانی لەشو شەپڵەی گەڵێ ماسولکە .
بە تاو موچوڕکەو ژانەســەرەوە دەستپێئەکا ، نەخۆشیـیەکی زۆر
سـەختو قورسە بەڵام ئێستا بە هۆی بەرگریپەیداکردنەوە لە منداڵاندا
ئەم نەخۆشیـیە لە کزبوونو نەماندایە .

١٧ ــ کاسێتەر ــ Catheter ــقشطره .
ئامرازێکی نەشتەرکاریـیە ، بریتیـیە لە لوولەیەکی درێژی ناوبۆش بۆ
شلاوەدەرهێنان لە بۆشایـیەکی لەشدا ، هەروەها بـۆ فراوانکردنی
هەندێ لوولەی ناو لەش بەکارئەهێنرێت . گەڵێ جۆرە کاسێتەر هەیە
بە پێی بەکارهێنانیان ئەگۆڕرێن .

١٨ ــ تۆو — Spore — البوغ .
تۆو یا نەتەوەی باکتریا وەیـا ڕووەکی زۆر وردی میکرۆسکۆپی پێی
ئەڵێن تۆو ، ئەم تۆوانە یا ئـەم نەتەوانە کە هێشتا پێنەگەیشتوون
گەلێک زیاتر بەرگریی گەرماو مادەی کیمیایی ئەکەن لە پێگەیشتووەکان

١٩ ـ خوێناو — Plasma — پلازما .
خوێن لە لەشی مرۆڤدا لە دوانزەدا یەکی قورسایی مرۆڤەکەیە ، ئەگەر هاتو ئەو مادە ڕەقانەی لە خوێندان کە بریتین لە ١٤٪ چواردە لەسەدا ئەوی ئەمێنێتەوە بریتییە لە ئاوێکی بێ ڕەنگ ئەمێنێتەوە ئەم ئاوە بێ ڕەنگە لە مادەیەکی پرۆتینی کە بە تەواوی وەکو سپێنەی هێلکە وایە ، جۆرە شەکرێک ، چەوریو مادەیەکی پرۆتینی تر پێی ئەڵێن فایبرینۆجین Fibrinoge کە بۆ خوێنمەبین زۆر گرنگە پێکهاتووە .

٢٠ ـ پەردەی چلمین — Mucous Membrane — الاغشية المخاطية
ناوەوەی کۆئەندامی خواردەمەنی ، هەناسە ، کۆئەندامی میزو زاوزێو هەرچی بۆشاییەک هەیە لە لەشدا بە پەردەیەکی تەنک داپۆشراون ، ئەم پەردانە بە پەردەی چلمین ئەناسرێن کە هەمیشە تەڕئەکرێن بە مادەیەکی تەڕی لینج پێی ئەڵێن چلم Mucous

٢١ ـ — Ciliary — برژانگی ـ الهدبية .
سلیا Cilia وشەیەکی لاتینییە واتە برژانگ وەیا شتێکی زۆر وردی وەکو برژانگ بەرزبووبێتەوە سیلیاری واتە برژانگی وەیا وەکو برژانگی چاو .

٢٢ ـ خانەخۆر Phagocytes البلعم .
خانەخۆر ئەو خانە خڕیلە سپیيانەی ناو خوێنن کە میکرۆب یا خانەی تر وەیا هەر مادەیەکی بێگانە بچێتە ناو لەشەوە ئەی‌خۆن و هەرسی‌ئەکەن .

٢٣ ـ دژی‌تەن — Anti Body — الضد .
میکرۆب چوونەلەشەوە ، چنراوە زیندووەکان ناگادارئەکا هەندێ مادە دروستبکەن بۆ پاراستنی لەش ، بە گشتی بەم مادانە ئەڵێن دژی تەن ـ ئەنتی‌بۆدی ـ ، ئەمانە گەلێ جۆرن و کاری جۆراوجۆریش ئەکەن بەڵام هەموویان بۆ ئەوەن ئەو میکرۆبانە لەناوبەرن وەیاژەهرەکانیان لەکاربخەن ئەو مادانەی کاری ژەهرەکان ئەوەستێنن پێیان ئەڵێن دژی ژەهر Antitoxins ، ئەنتی‌بۆدییەکانی تر میکرۆبەکان وەهاڵێئەکەن خانەخۆرەکان بیان‌خۆن وەیا پرۆتوپلازمی میکرۆبەکان وێرانئەکەن (لەشی میکرۆب لە پرۆتۆپلازم پێکهاتووە) ، کە مرۆڤێک بەرگریی هەبوو بۆ نەخۆشییەکی پەتا ئەمە واتا ئەو کەسە ئەنتی‌بۆدی دژی ئەو نەخۆشییە لە خوێنیدا هەیە .

٢٤ ـ ئەنتی‌جین Antigen المستفيد . ـ بریتییە لە هەر مادەیەک کە چووە ناو خوێنەوە یا ناو چنراوێکی لەشەوە هانی دروستبوونی ئەنتی‌بۆدی ئەدەن ، بە زۆری ئەم ئەنتی جینانە پرۆتینن ، یا پۆلی سەکەرایدسن Polysaccharides وەیا ژەهرن .

٢٥ ـ هۆرمۆن Hormones
ئەو مادە شلاوە کیمیاییەیە کە لووە کوێرەکان دەریان ئەدەنو یەکسەر ئەچنە خوێنەوە بێ ئەوەی بە لوولەدا تێپەڕن .
کاری هۆرمۆن هاندانی خانەکانی لەشە بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵە خانەیە ئیشی تایبەتی خۆی جێبەجێبکا ، کاری هۆرمۆن زۆر لە کاری ڕەگەکانی ناو لەش ئەکەن بۆ هاندانی خانەکانی لەش .
لووەکوێرەکان بریتین لە پیتویتەری ، سایروید ، پاراسایروید ، لووی سەرگورچیلە Supra Renal ، گەرادان ، هێلکەی گون ، پانکریاس ... هتد .

ئەم لووەکوێرانە هەر یەکەیان چەند جۆرێك هۆرمۆن دەرئەدەنو هەر هۆرمۆنە کاری تایبەتی خۆی هەیە .

٢٦ ـ کووانەپیسە — Anthrax — الجمرة الخبيثة ـ
نەخۆشیەکی پەتای کوشندەی ڕەشەوڵاخو ماڵاتە ، مرۆڤیش لەو گیاندارانەوە تووشئەبن بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕەشەوڵاخو مەڕومااڵتو خوریدا ئیشئەکەن ـ بە هۆی میکرۆبی چیلکەیی کوانەپیسەوە Bacillus Anthrasis بڵاوئەبێتەوە ، ئەم میکرۆبە کە چووە ناو پێستی بەکێکەوە ئەبێتە هۆی ئاوسانی ئەو جێگەیە ، ئەم ئاوسانە زۆر بە ئێش و ئازار ئەبێ و ئەبێتە کوان و نەخۆشەکە لە پەلوپێ ئەخات لەبەر ئەوە ئەبێ زۆر خێراو بە گورجی چارەکرێت .

٢٧ ـ نەخۆشیی پەتا — Infectious Disease — الخمجي ـ
نەخۆشیەک لە نەخۆشێکەوە بچێتە ساغێکو تووشی ئەو نەخۆشیە ببێ ، ئەو نەخۆشیە پەتایە ، وەکو ئەنفلوەنزە ، ئاوڵە ، سوورێژە ... هتد .
هەندێ لەم نەخۆشیە پەتایانە وەکو مرخە ، سیل ، کوانەپیسەو هتد ... لەوانەیە لە زیندەوەری تردوە مرۆڤ تووشبێت .

٢٨ ـ ڤاکسین Vaccine اللقاح .
وشەی ڤاکسین لە Vaccinus ی لاتینییەوە واتا مانگایی وەرگیراوە ، چونکە خوێناوی ناو بلۆقێکی ئاوڵەی مانگایان دەرئەهێناو منداڵانیان پێئەکوتا ، وەکو لای خۆمان کێمی بلۆقێکی ئاوڵەدار دەرئەهێنن و منداڵی پێئەکوتن .
بەڵام ئێستا بۆ بەرگەپەیداکردنی نەخۆشیەك ئەهێنن میکرۆبی نەو نەخۆشیە بە لاوازکراوی یا بە مردوێتی ئەیکەنە لەشی مرۆڤێکەوە ، نەو میکرۆبانە ئەبنە ئەنتیجین Antigen و لەشی نەو مرۆڤە ئەنتیبۆدی Antibody دروستئەکا ، بەو جۆرە بەرگری بۆ نەو نەخۆشیە پەیدائەبێت .

٢٩ ــ ئەنتی‌سیرۆم Antiserum المصل المضاد .

ئەم وشەیە واتا سیرۆمی (خۆێناوی)دێ . ئەم سیرۆمە لەو گیاندارانەوە وەرئەگیرێن کە خوێنیان ئەنتی‌بۆدی تێدابێت ، ئەمەش یا ئەو گیاندارە تووشی ئەو نەخۆشیەبووە یاخود تووشی ئەکەن بۆ ئەوەی ئەنتی‌بۆدی لە خوێنیا پەیدابێ بۆ ئەو نەخوشیەی مەبەستیانە ــ بۆ ئەم مەبەستە بە زۆری ئەسپ بەکارئەهێنرێت .

٣٠ ــ دەردی هوجکن Hodgkin's Disease

ئەم نەخۆشیەیە گەلێ ناوی هەیە ، نەخۆشیەکی کوشندەیەو لە نێرینەی هەرزەکاردا ڕووئەدا ، بریتیەیە لە گەورەبوونی لووەکانی لیمف لە هەموو لەشدا ، هۆیەکەی بە باش نەزانراوە ، ئەم ناوسانی لووانە زۆر لە ناوسانی لووەپیسە ئەچێت .

لووە لیمفەکانی مل لە سەرەتادا گەورەئەبن‌و لەوانەیە ئەوانی‌تر بۆ چەند ساڵێک گەورە نەبن ، گەلێ جاریش لووەکانی بن‌باخەڵو پەناڕان تووش‌ئەبن شان بەشانی لووەکانی ژێر پێست‌و لووەقوڵەکانی ناو لەش لە سنگ‌و زگدا ، هەروەها سپڵیش دەناوسێت ، نەخۆشەکە تووشی کەمخوێنی ئەبێ ، خڕیلە سوورەکانی خوێن‌و هیمۆگلۆبین ئەبنە نیوەیی ، نەخۆشەکە کەم یا زۆر تای ئەبێ ، بە هۆی گەورەبوونی لووەکانی ناو سنگەوە کۆکەو هەناسەتوندی پەیدائەبێ .

ئەم نەخۆشیەیە لەوانەیە چەند هەفتەیەک درێژە بکێشێ وەیا چەند ساڵێک . هەندێ جار بۆ چەند مانگێک نەخۆشەکە هەست بە هیچ ناکا لەوە بەو لاوە کە چەند لوویەک لە ملیدا ئاوساون .

٣١ ــ مرخە — Glanders — الرعام .

ئەم نەخۆشیەیە کوشندەیە بە زۆری نەخۆشی ئەسپو ئەوانەی لەگەڵ ئەسپدان ، ڕەنگە تووشی مرۆڤیش بێت لەوانەی خەریکی ئەسپن وەکو مەیتەر ، لەئەسپدا لەپێشا چڵمێکی شڵی وەکو ئاو لە لووتی‌یەوە دێتە خوارێ لەپاشا خەست ئەبێت وەکو کێمی لێدێت . میکرۆبی مرخە لە ڕووشانێکەوە یا برینێکەوە ئەچێتە لەشی مرۆڤەوە ، یاخود بە هۆی باوە کە میکرۆبی مرخەی تێدابێ میکرۆبەکان ئەچنە چاوەوە یا لووتەوە ، لە مرۆڤیشدا وەکو لە ئەسپدا چڵمێکی شڵ لە لووتی‌یەوە دێتە دەرێ ، لەپاشا خەست ئەبێ‌و ئەبێتە کێم . لە تووش‌بوونی تێژدا بە دەگمەن ڕێگەئەکەوێ نە خۆشەکە لە هەفتەیەکەوە هەتا سێ هەفتە بژی ، لە تووش‌بوونی کۆندا لەوانەیە چەند مانگێک درێژە بکێشێ ، بەڵام نیوەی نە خۆش ئەمرن .

٣٢ ـ گەرمی‌پێو ـ Thermometer ـ المحرار .

ئامرازێکە بۆ پێوانی گەرمی ، بریتی‌یە لە شووشەیەکی درێژی ناوبۆش لەبنەوە فراوانە ، ئەم شووشە درێژە نەخشەکراوە بەپێی جۆری گەرمی‌پێوەکە چونکە سێ جۆر گەرمی‌پێو هەیە سەدی ، فارنهایت‌و ڕۆمەر . ئاوبەستن‌و ئاوکوڵاندن بنچینەی ئەم نەخشەیەن ، لە سەدی‌دا (Centigrade) لە سفرەوە دەست پێئەکا هەتا ئەگاتە سەد . لە فارنهایتی‌دا لە ٣٢ەوە دەستپێئەکا هەتا ١١١ لەڕۆمەردا سفرەوە هەتا ئەگاتە هەشتا .

بنی ئەم لوولە بۆشە ناوفراوانە پڕئەکەن لە جیوە یا (کحول) ، کە جیوەکە گەرمبوو ئەکشێت‌و لە لوولەکەدا سەرئەکەوێت بەپێی ئەو گەرمی‌یە بەرزئەبێتەوە ، بۆ نموونە ئەگەر بخرێتە ناو ئاوی کوڵاوەوە ئەگاتە ژمارە سەد(١٠٠) ، ئەگەر بخرێتە دەمی مرۆڤیکەوە ئەگاتە ٣٧ .

٣٣ ـ گەرمۆلە Calories — السعرة .

وشەیەکی لاتینی‌یە واتا گەرمی ـ لە پزیشکایەتی‌دا کالۆری‌یەک بریتی‌یە لەو گەرمی‌یەی گەرمایی یەک گرام ئاو یەک پلەی گەرمی بەرزئەکاتەوە بۆ نموونە ، ١٥ە بۆ ١٦ە سەنتیگراد .

ئامانجی بەرنامەکان و بنەڕەتەکانی پێخوێندنی زمانی کوردی

نووسینی
دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف

گرنگیی دەستنیشانکردنی ئامانجەکان :

یەکەم ئەرکی مامۆستا ئەوەیە پێشەکی دەستنیشانی ئەو ئامانجە بکا کە لە پێناوی‌دا وانەکە ، یان بابەتەکە ئەنجێتەوە و قوتابی‌یەکانی فێرئەکا • دانانی سنووری بابەتەکەو دەستنیشانکردنی ئامانجەکە لە کۆمەڵێ شتی لابەلاو لاوەکی دوورئەخاتەوە و پێیانەوە ماندوو نابێ ، هەروەها یارمەتیشی ئەدا لەکاتی هەڵسەنگاندنی قوتابی‌یەکانی دەربارەی قەوارەی فێربوونیان و ئاستی زانیاری‌یان •

ئامانجەکانی پێخوێندنی هەر بابەتێك لەگەڵ بابەتێکی تـــردا جیاوازن ، هەرچەندە ئامانجە پەروەردەیی‌یە گشتی‌یەکانی پەروەردە یەکن و پێویستە مامۆستا لە کاتی پێخوێندن‌دا ڕەچاویان بکا ، ئـــەو ئامانجانەش لایەنەکانی پەیداکردن و فێربوونی شارەزایی‌یەکان • پەروەردەی کـــۆن بایەخی بە فێربوونی زانستی‌یەکان ئەدا بـــە بێ گوێدانە لایەنەکانی شارەزایی ، وەك بایەخدان بـــە شێوەکانی بیرکردنەوەی دروســـت و

(*) وشەی پێخوێندنمان بەم جۆرە ڕێنووسە نووسیوە لەبەر ئەوەی وەك زاراوە بەکارمان هێناوە لەم تۆژینەوەیەمان‌دا .

ڕووکارەکانو بەهاکانو مەیلو ئارەزووەکانو لایەنەکانی چێژوەرگرتن ، کە ئەم لایەنانە بە گشتی یارمەتیی ئاراستەکردنی ڕەوشتی قوتابی ئەدەن بۆ زیاتر شارەزابوون ٠(١٦:ل١٧—٢٢) ٠

کەواتــە پەروەردەی نوێخــواز داوا لە مامۆستایان ئــەکا لە کاتی پێخوێندندا بایەخ بە فێربوونی زانیاریو شارەزاییو جۆری بیرکردنەوەی زانستی بدەن لەگەڵ دروستکردنی ڕووکارەکانو بەهاکانو گەشەپێدانی مەیلەکانو پەیداکردنی توانستی تامو لەزەت وەرگرتنیان ، هەروەها بایەخدان بە ماندوبوونی مرۆڤایەتی ٠ ئــەم لایەنانە بە گشتی جێگای بایەخپێدانی پەروەردەی نوێخوازە ٠

ڕێبازەکانی پێخوێندن هەرچەندە زۆرنو جیاوازیەکی زۆریشیان لە نێواندا هەیە ، بەڵام هەموو لە مەبەستو ئامانجدا یەکئەگرنەوە ، کەواتە مەبەستو ئامانج یەک مەبەستو ئامانجە ، وەک ڕۆیشتن لە شارێکەوە بۆ شارێکیتر بە گەڕێن بــڕۆی یان بەڕێچکەکێش (قطار) ، یان بە فڕۆکە ، سەرەڕای جیاوازیەکی زۆر لە نێوان هەرسێ ڕێبازەکانی سەفەرکردنەکەدا بەڵام هەموو ئەتگەیێنن یەک شوێنو یەک ئامانج ٠٠٠ بە پێی ئەم بۆچوونە ڕێبازەکانی پێخوێندنی (منتسوری)و Maria Montessori « دوکری »و « دالتون »و Dalton « وێنکا » Winnetka یان شــێوەکانی کۆێــژیو « المحاضرة » لێدوانو « مناقشة » پرسیارو وەڵام یان ڕێبازی « هربارت » کەواتە کۆێژیو هەموو ڕێبازەکانی تریش بۆ مەبەستی پێشخستنو ڕاپەڕاندنی فێرکردن لەگەڵ ئــەم بۆچوونەشدا پێوێستە بزانین کەوا بوارەکانی فێربوون لایەنی جیاوازیان هەیە وەک :

١ ــ فێربوونی کرداری یان ئاستی هەستکردن لە ئیشوکاری دەستی ٠

٢ ــ فێربوون بۆ مەبەستی پەیداکردنی زانیاریو ڕاستیەکان ٠

٣ ــ فێربوون لە پێ چارەکردنی گیروگرفتەکانەوە ٠

خالەکانی یەکەمو دووەم پەیوەندییان بـــە یەکترەوە هەیەو خاڵی سێیەمیش بەرزترین پلەی فێربوونەکانە ، لەبەر ئەوە چارەکردنی گیروگرفت بۆ قوتابیو چالاکیو کردەوە باشەکانی ئەگەڕێتەوە ... هەر لەم بوارەدا « جۆنديوی » لە کتێبی «چۆن بیرئەکەینەوە»دا هەنگاوەکانی ئەم ڕێبازەی شیکردۆتەوە بە :

١ ــ هەستکردن بە گیروگرفتەکە .

٢ ــ دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکە .

٣ ــ دانانی گریمانەکان . Hypothesis

٤ ــ ئەنجامدانی گریمانەکان . Verfication

٥ ــ جێبەجێکردنی گریمانەکان .

لە لایەکی ترەوە پێویستە لەســەر مامۆستایان قوتابیەکانیان فێری ئیشکردنی هاوبەشی بکەن لە نێوان خۆیاندا شــانبــەشانی چــۆنێتیی بیرکردنەوەو پشتبەخۆبەستن بە تایبەتی لە کاتی بڕیاردانـدا ، لەگەڵ دروستکردنی پەیوەندیی ئیجابی لــە نێوان مامۆستاو قوتابیو ڕێزگرتنی کەسایەتی قوتابیەکە لە لایەن مامۆستاکەیەوە بۆ ئەوەی باوەڕی بە خۆی و بە کەسایەتیەکەی بە هێز بێو هەست بە بوونو دەوری خۆی بکا وەك ئەندامێك لە کۆمەڵەکەیدا . لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین کەوا فێربوونی نوێخوازی « التعليم الحديث » لەسەر بنەڕەتی تێگەیشتنی منداڵە لــە لایەن مامۆستاوە لەگەڵ تێگەیشتنو شارەزابوونی قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ(٨) .

هەروەها پێویستە دانانی هــەر ڕێبازێکی پێخوێندن ، جگە لــــە تێگەیشتنی منداڵو قۆناغەکانی گەشەکردنی ، ڕەچاوی ئامانجو مەبەستی وانەکە یان بابەتەکە بکرێ لەگەڵ فەلسەفەی هــەر ڕێبازێك ، بــە نموونە

پێخوێندنەکە لەسەر بنچینەی پەیداکردنی زانیاری بێ لەگەڵ ڕێبازی گرێدانی زانیاریی دیمانەکی‌و ڕاپەڕاندنەکانی بە شێوەی کردەوە جۆراو جۆرەکان ، ئەگەر پێخوێندنەکە لەسەر ئەم بنچینانە دابمەزرێ ئەوا پێویستە ڕێبازەکەی « منتسوری » ڕەچاوبکەین .

لە کاتی فێربوون لە ڕێگای لێکدانەوەو پێکەوە گرێدان ، پێویستە ڕێبازی پێخوێندن پەنا Associative Learning بەرێتە بەر دروستکردنی بارودۆخو هەلومەرجێکی گونجاو بۆ ئەوەی قوتابیەکە بتوانێ لە نێوان شتەکان کە فێریان ئەبێ واتە : جۆراوجۆرێتیەکانیان لەیەکتر جیابکاتەوەو لێیان تێبگاو بێتەوە بیری لە کاتی پێویست . بۆ بەڵگە ئەگەر یەکێ لە وانەکان دەربارەی مەرومالات بوو باشتر وایە منداڵەکان ببرێنە لای مێگەلە مەڕێک یان گاڕانێک « گاگەل »و پێخوێندنەکە لەسەر ئەم ڕێبازە دابمەزرێ ... ئەم جۆرە پێخوێندنە جیاوازیی زۆری هەیە لەگەڵ ڕێبازی لەبەرکردن کە دوای ماوەیەکی کورت لە بیرئەچنەوە .

بەڵام لە کاتی فێربوون لەسەر بنەڕەتی جێبەجێکردنی گیروگرفتەکان، پێخوێندن بە شێوەی جێبەجێکردنی گیروگرفتەکان بایەخێکی گرنگی هەیە لە بواری پەروەردەدا ، لەبەر ئەوەی قوتابیان بە پێی ئەنجامدانی ئەم ڕێبازە تەواو پشت بە خۆیان ئەبەستن ... ئەم ڕێبازەش لەپێخوێندندا پەنا ئەباتە بەر پرسیارو پێوانە « الاستقراء والقياس » .

بە هەر حاڵ سەرەڕای بوونی هەموو ئەم ڕێبازانەی پێخوێندن داوا لە مامۆستایان ناکەین لەسەر ڕێبازێکی وشک بڕۆن بەڕێوە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە مامۆستا داهێنەری ڕێبازی پێخوێندنەکەی بێ بە پێی بارو دۆخو ژینگەو ئەو ڕێبازەی ئەگونجێ لەگەڵ وانەکەو بابەتەکەیدا ، بە هەر حاڵ نابێ ملکەچی هیچ ڕێبازێک بێ کە بە سەریا ئەسەپێنرێ ... بە تایبەتی کە کەسایەتیی مامۆستا کار زۆر ئەکاتە سەر فێربوون‌و پێخوێندن ،

هەر بۆیە قوتابی بایەخی تەواو ئەدا بە توانستی مامۆستاکەی و شارەزایی یەکانی زیاتر لە ناوەرۆک و بابەتەکانی وانەکانی کە فێری ئەبێ •• توانستی مامۆستا و شارەزایی و بەهرەکانی لەگەڵ کەسایەتی یەکەی و کارکردن و کارتێکردنیان لەگەڵ قوتابی یەکەی گەورەترین هۆیەکانی سەرکەوتنی پێخوێندنن • هەر لەبەر ئەم هۆیانەو ڕاستی یانەیە کە کەس نەی توانیوە ڕێبازێکی داڕێژراوی پێخوێندن بسەپێنێتە سەر مامۆستا و مامۆستاکەش نەتوانێ لە شیرازەو ناوەرۆکی ئەو ڕێبازە لابدا ، بەڵکو هەروەکو وتمان مامۆستای باش و شارەزا خۆی دادەنێری ڕێبازی پێخوێندنە •

ڕووکارە نوێخوازەکانی پەروەردە :

هەروەك جۆن دیوی J. Dewey ١٨٥٩ ــ ١٩٥٢ ئەڵێ :

(مەستمان لە فێربوونی ڕاست ئــەو دەستکەوتنە قوتابخانەیی یەیە کەوا قوتابی یان لە خۆیانەوەو بە ئارەزووی خۆیان فێری ئەبن و ئەنجامی ئەدەن ، بۆ ئەوەی شارەزایی پەیدابکەن لە بیرکردنەوەو زاڵبن بەسەر گیروگرفتەکانی ژیانی دواڕۆژدا)•بــەم تێگەیشتنە ئــەوە ئاشکرا ئەبێ کــەوا فێربوون پڕکردن و پەنماندنی مێشکی منداڵ نی یە بە شتی پڕوپووچ یان هەر شتێك مێشکی توانستی وەگرتنی نەبێ ، بەڵکو چوونە قوتابخانەو ئارەزووکردنی فێربوون و لەزەت وەرگرتنی قوتابی یانە لە وانەکان و بابەتەکانی بە جۆرێك بە توانستی خۆیان و هەوڵ و تەقەلای خۆیان چارەسەری بکەن و پەنا نەبەنە بەر کەسی تر •

لەسەر ئەم بۆچوون و بنچینەیە پەروەردەی ڕاست دائەمەزرێ و منداڵانیش بەرەنگاری گیروگرفتە بچووکەکانی ژیانیان ئەبن و خۆیان لەسەریان ڕائەهێنن • ئەمە ئەوەمان بۆ ساغ ئەکاتەوە کەوا مامۆستا خەریکی پێ لەبەرکردنی وانەکان نابێ بە قوتابی یەکانی ، بەڵکو وەزیفەی سەرەکیی مامۆستا ڕابەرکردن و هاوڕاستەکردنی قوتابی یانە بە شێوەیەکی

ئەرم‌و ناسك‌و پڕ لــە خۆشەویستی بەرەو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان ، کەواتە چارەسەرکردنی گیروگرفتە زانستیەکان‌و زانیاریەکان ، ئەمەش زیاتر بە سەرنج ڕاکێشانیان بەرەو کارەکانیان ، ئەبێ لەگەڵ خۆشەویستیی قوتابخانەکانیان • ئێمە ئەو کاتــە ئەزانین ڕامیاریی فێربوون‌و ڕێبازەکانی پێخوێندنەکانمان ڕاستن کەوا قوتابیان حەز لــە قوتابخانەکانیان بکەن‌و لێیان وەرس نەبــن •• ئەمەیە پەروەردەی ڕاست‌و نوێخوازو ڕووکاری ئێستای •

پەروەردە بەم بۆچوونەمان گەڵێ لە زاناکانی بواری پەروەردە جان جاك ڕۆسۆ Rousseau Jedn, Jacques ١٧١٢ ــ ١٧٧٨ بە نوێنەری پەروەردە لە قەڵەم ئەدەن لە چەرخەکانی تازەو بە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان دوو چەرخی پەروەردە :

١ ــ پەروەردەی کۆن ، کە دروشمی مایەکی « المادة » بووەو ناونراوە بە هێمایی « رمزی » Matreocentricism

٢ ــ پەروەردەی نوێخوازەکی ، کە دروشمی منداڵەو ناو ئەبرێ بە Paedocentricism.

جان جاك ڕۆسۆ یەکەم نوێنەری چەرخە تازەکانەو باوەڕی وایە کــە نابێ باری منداڵ قورس‌بکرێ‌و پێی‌ویستە لــەو کارانەی ئاڵۆزو قورسن دووربکرێنەوەو باوەڕیشی بە قەوارە زۆڕیی زانیاری نیە لــە فێرکردنی منداڵداو ئەڵێ : پێویست ناکا منداڵان ئەو شتانەی فێریان ئەکەین دژی ئارەزوویــان بێ یــان بــە زۆر فێــربــکرێن (١١ : ل ٢٣) • بــەپێی بــۆچــوونی ڕۆســۆ ئێمــە لەســەر منداڵێتی هیــچ نازانین ، هەرچەند لەســەر پــەروەردەکردنی منداڵان بەردەوام بین ــ کــە ئێمە سروشتیان نازانین ــ زیاتر ئەچەقێین‌و ڕێگا بزر ئەکەین‌و لە ڕاستی دوور ئەکەوینەوە • تا ئێستا خۆمان زۆر ماندووکردووە بەوەی چی فێری منداڵ‌و گەورە بکەین‌و چۆن وەك مامۆستا مامڵەتیان لەگەڵدا بکەین ، بەڵام تــا ئێستاش کــەم‌و

کورتیمان هەر زۆرە • ئــەو زانایانەی سەر بــە ڕۆسۆن ئەمانەن : بزادو بستالوتزی‌و فرۆبل‌و هەربارت ... هتد • ئەم زانایانە لە قاڵکردنەوەی ڕاکانی ڕۆسۆو پاککردنەوەیان لــە کوت‌و کۆزەر دەوری ســەرەکی‌یان هەبووە ... ئەمانە هەموو پێشڕەوی پەروەردەی نوێخوازن • ڕۆسۆ لە بیرکردنەوە لە منداڵدا دەوری سەرەکیی هەبووە • دوای ئەو بستالوتزی‌و فرۆبل دێن • لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش‌دا کانت‌و Kant هەربارت لەســەر بناغەو بنچینەی دەروونناسی داوای دامەزراندنی پەروەردەیان کردووە ، ئەمانە هەموو پێشڕەوی پەروەردەی نوێخوازن‌و بایەخیان بــە منداڵ داوەو بەرزیان‌کردۆتەوە ، بــەڵام منداڵیان وەک ئێمە ئەمڕۆ ئەیان‌ناسین نەناسیوە •

بزووتنەوەی نوێخوازیی پەروەردە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی بە چالاکی کرد ، ئەم چالاکی‌و بایەخپێدانە بە منداڵ تەنها لە ئەورووپا نەمایەوە بەڵکو لــە ئەمریکا زیاتر پەرەی سەند ، بــە تایبەتی بزووتنەوەی تاقی‌کردنەوەیی جێگای باوەڕی گەلێ لە زاناکانی ئەمریکا بوو • بزووتنەوەی تاقی‌کردنەوەیی دەوری سەرەکیی لە بڵاوبوونەوەو بایەخدان پێی بۆ زانای مەزن « ستانلی هۆڵ » ئەگەڕێتەوە کە یەکەم کارگەی دەروونناسیی لە ساڵی ۱۸۸۷ لــە ئەمریکا دامەزراند • پاشان بزووتنەوەکە لەسەر دەستی زانای بە ناوبانگ « وارنــر » Warner پەرەی سەندو گەیشــتە ئینگلستان • خاوەندکتێبی The Children How to Study Them (منالاّنو چۆنێتیی دیراسەتکردنیان) • لە ســاڵی ۱۸۸۷ • هەروەها لەســەر دەستی سللی Sully ، پاشان ئەم دوو زانایانە گۆڤاری دەروونناسی‌یان دامەزراند بە ئینگلیزی The Uritish Journal of Psychology

بوارەکانی چالاکی زمانەوانی :

ڕۆژئاوایی‌یەکان ، بەتایبەتی ئەمریکایی‌یەکان بایەخی زۆریان داوە بە

دراسەتکردنی بواڕەکانی چالاکی زمانەوانی ، ئـەو چالاکییانەی قوتابی ئەی‌نوێنێ لە ژیانی ڕۆژانەی‌دا ، کە پێویستە بەرنامەکانی خوێندن بیانگرێتە خـۆی .

زانایانی پەروەردەو دەروونناسی لە ئەمریکا سنووری ئەم بوارانەیان بە جۆرێك داناوە کە بگونجێ لەگەڵ ژینگەی ئەمریکی‌دا ، ئاشکراشە ئەو چـالاکییە زمانەوانییەی لەگەڵ ژینـگەیەك ئەگونجێ لەوانەیە لەگـەڵ ژینگەیەکی تردا نەگونجێ ، بۆ نموونە ئەو چالاکییە زمانەوانییانەی لەگەڵ ژینگەی ئەمریکی‌دا ئەگونجێن لەگەڵ ژینگەی عێراقی ناگونجێن ، یان لەگەڵ ژینگەی عەرەبی‌و کوردی ناگونجێن ... هەر وڵاتو زمانێـك ژینگەی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە پێش دیاری‌کردنی چالاکییەکانی زمانەوانی دراسەتی ژینگەی زمانەکە بکرێ .

ئەمریکاییەکان توانیویانە دەستنیشانی بواڕەکانی ئەم چالاکییانە بـکەن لە ڕێگای هەڵبژاردنو پرسـیارەکانەوە ، کەواتـە لە ڕێـگای (استفتاء) . ئەم ڕێبـازە ئەمریکاییە ، یان ڕۆژئاوایی‌یە بـۆ هەڵبژاردنی بـواڕەکانی چالاکیی زمانەوانی‌و دانانی سـنووڕەکانی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم‌و لە عێراق‌دا لە سـەری نەڕۆیشتوینـەو بەڵکو تا ئێستاش هەر بەردەوامین لەسەر ڕێبازە کۆنەکانمان ، ڕێبازە خواسایی‌یەکان ، ئەویش لەسەر خـوێندنەوەو شت لەبەرکردنو ، وەك لەبەرکردنی سروودەکانو ڕێزمانی زمانو وێـژەو دەقەکانو ڕەوانبێژی‌و ڕەخنە ... هتـد . کە پێی ئەڵێن هونەرەکانی زمان . ئەم ڕێبـازە وشکە لە خـوێندنی زمانو فێـربوونی‌و پێخوێندنی سەدان ساڵە لەسەری ئەڕۆین‌و بەری‌نادەین‌و گوڕانێکی ئەوتۆ نەکراوە تیایا .

ئێمە لە بواری چالاکییەکانی زمانو فێربوونی زمان‌دا زیاتر پێویستیمان بە خـوێندنەوەی ڕاستو تێگەیشتنی خـوێندنەوەکە هەیە ، تێگەیشتنی وشەکانو ڕستەکانو ئێوان ڕستەکانو واتا شاراوەکانی ڕستەکان ، بـۆ

نموونه خوێندنەوەی باش و دروست ، ئەو جۆرە خوێندنەوەیە کەوا قوتابی توانستی تێگەیشتنی خوێندراوەکەی ببێ و بە کەمترین ماوە .. لەوانەیە دەقێك دوو قوتابی بەخوێنەوە و هەردووکیان لێی تێبگەن بەڵام یەکێکیان دەقەکە بە پێنج دەقیقە بخوێنێتەوە و لێی تێبگاو ئەوی تر بە نیو سەعات لێی تێبگا . ئێمە کە لە چەرخی پەلەو تێژتێپەڕ ئەژین پێویستیمان بە پەلە خوێندنەوە و بە پەلە تێگەیشتنە .. نەك هەربە پەلە خوێندنەوە و بە پەلە تێگەیشتن بەڵکو تێگەیشتنی ئەو دیو وشەکانیش ، ئەمەش پێویستی بە مەشقدانی تەواوی قوتابیان هەیە لەسەر جۆرەکانی چالاکیی زمانەوانی بۆ ئەوەی بتوانرێ :

١ ــ قوتابیان بە باشی و دروستی بخوێنەوە و ئەوی ئەی خوێنەوە ، تێی بگەن .

٢ ــ توانستی جیاوازکردنەوەی واتا جیاوازەکانی وتەکانو ڕستەکانیان ببێ .

٣ ــ توانستی بەکارهێنانی زمانەکەیان بە باشی و جوانی هەبێ .

٤ ــ توانستی بەکارهێنانی وشەی جوانو دروستیان ببێ و لە شوێنی خۆی و ، وشەکانو ڕستەکان ڕوونو ئاشکرا بن دوور لە ئالۆزی و ماوەبوونی لێڵدانەوەی واتاکانی بە چەند جۆرێك .

٥ ــ توانستی لێكدانەوەی واتاکانو پەیوەندییەکانی نێوان وشەکانیان لا دروست ببێ .

دەربارەی بواری چالاکییەکانی زمان ، قوتابخانە سەرەتاییە خواسایی یەکان بواری زمانو فێربوونی زمانیان داناوە تەنها بە فێربوونی خوێندنەوەو نووسینو دەوری مامۆستاش لە فێرکردنی زمان بە فێرکردنی منداڵەو شارەزایی خوێندنەوەی باش و تەواوی ببێ .

له واقیعدا زمان له زانستە ئامێرییەکان (ئالییەکان)ە ، کەواتە ئامێری دەربڕینی دەروونییە بە ئاخاوتنو نووسین • زمان بریتییە لە هونەرو شارەزاییە جۆراو جۆرەکان وەک گوێڕاگرتنو وتە دەمییەکانو خوێندنەوەی ڕاست بە دەنگی بەرزو بێدەنگیش لەگەڵ خەتو حینجەکردنو ئینشاو وەسفکردنو شیکردنەوە ... لەگەڵ کۆمەڵێ شارەزاییتر وەک بەکارهێنانی سەرچاوەکانو قامووسەکانو شێوەکانی بیرکردنەوەو تۆژینەوەی زانستیو ڕێزمان وەک (سەرفو نەحوو مەعانیو بەیانو عەروز) (۱۲ : ل۲۲۷) •

بە هەر حاڵ فێربوونی شارەزاییەکانو هونەرەکانی زمان پێویستە ئامانجی زمان بهێنێتە دی ، قەواعیدو ڕێنووسو خەتو هەموو ئەوانی تریش تەنها کەرەستەی هێنانەدیی ئامانجەکانی زمانن ، هیچ لەمانە ئامانجێکی سەربەخۆ نین ، زمانیش هۆێکە بۆ تێگەیشتنی ئەم ئامێرو کەرەستانە •

ئێمە کاتێ بایەخی تەواو بە زمانو خوێندنی زمانو جۆری پێخوێندنو پەڵهاویشتن بۆ بوارەکانی چالاکییەکانی ئەهاوێژین ، هەموو ئەم بایەخدانانە بەزمان لە گرنگیو مەزنی دەوری زمانەکەیەو زمان واتە : مرۆڤو مرۆڤیش واتە زمان •

زانا نوێخوازەکانی زمان وا ئەبینن کەوا : « زمان سەیرترین بەرهەمەکانو بەرهەمهێنەکانە کەوا پەرەپێدانی مرۆڤایەتی پەیدای کردووە ، پێویستە هەڵوێستێکی بەرامبەر بکرێ ، بەڵکو زیاتریش لەهەڵوێست ماوەیەکی زۆر بیری لێبکرێتەوە بۆ ئەوەی ببینین چ دەورێ ئەبینێ بە وردیو بەشو دەوری چییە لە پەرەپێدانی هۆش ، پاشان پەیوەندیی تێوان تاکو کۆمەڵ چییە دەربارەی هێنانە بەرهەمی ئەم کەرەستە گرنگەو هەوڵدانی پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی لە ڕێڕەوی زماندا » (۱۳)

بنچینەکانی فێربوونی خوێندنەوەو نووسین لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی :

خوێندنەوە لە هونەرە بنچینەکانی زمانە ، هەر بۆیە زانایانی پەروەردە بایەخی زۆریان داوە بەم هونەرە • گلودماتسیل Glude Matcel ئەڵێ :

« خوێندنەوە هەنگاوی سەرەکییە لە فێربوونی زمانە زیندووەکان‌دا ، بۆیە پێویستە بناغەی دامەزراندنی هەموو لقەکانیو چالاکییەکانی تری زمان بێ لە وتوویژو گوێڕاگرتنو نووسین » (٣ : ل٥٧) •

هەروەها گرای W.S. Gray لە کتێبەکەی « فێربوونی خوێندنەوەو نووسین »دا ئەڵێ : « لە کاتی فێرکردنی منداڵان یان گەورەکان‌دا چۆن بخوێننەوە ، وەدەستهێنانی ڕووکارەکانو شارەزاییە سەرەکییەکان بە گشتی لەخۆیدا ئامانجەو زۆر کەم لە پاڵنەرەکان هاوڕ ئەداتەوە ، کە لەوانەیە هانی فێرکراوی نوێ بدا بۆ خوێندنەوە ، بە مەبەست ، یان بەرەو خوێندنەوەیێك کە زانیاریی تازە پەیدائەکا ••• هتد » (٣ : ل٥٧) •

بەڵام ئەم بۆچوونە بە پێچەوانەی ئەنجامەکانی تۆژینەوە نوێخوازەکانن کەوا ئاشکرایان کردووە کە :

١ ــ قوتابیان باشترو بە پەلەتر فێری خوێندنەوە ئەبن ئەگەر ئەو پارچانەی ئەدرێ پێیان سرنجیان ڕابکێشێو لەزەتی لێ وەربگرنو بیانوروژێنێ • بۆ نموونە با بە وردی ئەم پارچەیە بخوێنینەوە :

« بڕوانە : شایی‌یە چۆپی‌یە لەو ماڵە ،
گوێ بگرە زوڕنایە ، دەهۆڵە ، شمشاڵە !
خۆ بهەژێنن ، سەمابکەن ، جوان هەڵپەڕن (*) •
••• هتد • (١٩ : ل١٧)

با لەگەڵ ئەم پارچەیەدا بەراوردی بکەین :

(*) تا ئەگا بە نووسینی دەقی بەیتە شیعرەکانی گۆران لەم کتێبە بە هەڵە نووسراوەو بەیتی سێیەم هەر پەیوەندیی بە گۆرانەوە نی‌یە . (ع . س) .

ئێمــه پێش‌ڕەوی مەردین
هەموو بە دەستو بردین
بۆ بەجێهێنانی خزمەت
چوستو چالاکو گورجین
هتد ... (١٩ : ل١٥) .

منداڵ لە پۆلی دووەمی سەرەتایی لە تەمەنی حەوت ساڵان ، یان هەشت ساڵانـدا بە ئاسـانی لە پارچەی یـەکەم تێئەگاو لەزەتی لێوەرئەگرێو ئەی‌وروووژێنێو بە پەلەش فێری خوێندنەوەی ئەبێ ... بەڵام لەم تەمەنەدا ئەبێ چی تێبگا لە وشەی پێش‌ڕەوو ئەو بیروباوەڕانەی پارچەکەو ، ئەبێ چۆن منداڵ لەم تەمەنەدا بوروووژێنێ ...!! .

یان وانەی یەکەمی کتێبەکە (جەژنی شۆڕش) لاپـەڕە ٥١ ، لەبەر ئەوەی وشەکانو ڕستەکانی بۆ ئاستی ئەم تەمەنە دانەندراوە .

ئەو لێژنەیەی لە وەزارەتی پەروەردە ئەم کتێبەی داناوە وا دەرئەکەوێ شارەزاییی پەروەردەو دەروونناسی‌یان نی‌یە ، بە تایبەتی دەروونناسیی منداڵو قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ.. لە کاتێکدا ئەبینین لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی پۆلی سێیەم لاپەڕە (٥) وانەی یەکەم زۆر ئاسانتر لـە وانـەی یەکەمی پۆلی دووەم ، سەیری وانەکە بکە لە ژێر ناونیشانی « لە سەرەتای ساڵەوە » .

با بێینە سەر کتێبەکانی « خوێندنەوەی بە سوود »ی پۆلەکانی سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەمی سەرەتایی کە لە زمانی عەرەبی‌یەوە کراوە بـە کوردی لە لایەن لێژنەیەکەوە لە وەزارەتی پەروەردە .

ئێمە کاتێ باسی ڕێبازەکانی پێخـوێندن ئەکەین ئابێ بە هیچ جۆرێك کتێب لە ڕێبـازەکە جیـاواز بکرێتەوە لەبەر ئەوەی ڕێبازەکە لە بنەڕەتەوە دائەندرێ بۆ پێخوێندنی کتێبەکە .

کتێبی « خوێندنەوەی بەسوود »ی پۆلی چوارەمی سەرەتایی ، ئـەم

کتێبە بە زمانی عەرەبی داندراوەو لێژنەیێك لە وەزارەتی پەروەردە گۆڕیویەتیە سەر زمانی کوردی • ئێمە لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە نادوێین ، لەبەر ئەوەی بۆ قوتابی عەرەبو بەزمانی عەرەبی داندراوە نەك بۆ قوتابی کوردو بە زمانی کوردی • ئەو لێژنەیەی ئەم کتێبەی داناوە ژینگەی قوتابیانی عەرەبی ڕەچاوکردووە لەگەڵ ژینگەی زمانەکەیانو تایبەتەکانی زمانی عەرەبیو زۆر دووریشە لە شارەزایی زمانی کوردیو ژینگەی منالانی کورد •

ئێمە لە دیراسەتەکەماندا « نامەی ماجستێر » بۆمان دەرکەوتووە کەوا یەکێ لە هۆیەکانی قورسیو زەحمەتی کتێبی بنچینەی هەڵمەتی نیشتمانیی تەوزیمی نەهێشتنی نەخوێندەواری ، گۆڕینی کتێبەکە بوو لە عەرەبییەوە بۆ کوردی (٦ : ل٨٥) •

هەروەها کەمیی ئە بابەتانەی پەیوەندییان بە ژینگەی نەخوێندەوارەکانەوە هەیە • سەیری هەمان سەرچاوەی پێشوو بکە •

بۆیە پێویستە کتێبی خوێندنەوەی بەسوود بۆ پۆلی چوارەمو پێنجەمو شەشەم بە زمانی کوردی دابندرێو هەموو ئەو خاڵانە ڕەچاو بکرێ لە ڕووی پەروەردەو بواری دەروونناسییەوە کەوا بە دوورو درێژی ئەم لایەنەیان چارەسەرکردووەو کێشەی گۆڕینی کتێب لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر ئامانجەکانی پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵان ناهێنێتەدی • ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە ئەو بابەتانەی لە کتێبە عەرەبییەکان هەیە هەموویان بێسوود بن بۆقوتابیانی کورد ، بەڵکو بابەتی وایان تیایە پێویستە بگۆڕدرێنە سەرزمانی کوردیو بخرێنە ناو کتێبە کوردییەکانەوە •

خوێندنەوەی کوردی

خوێندنەوەی کوردی لە هونەرە سەرەکییەکانو بنچینەییەکانی زمانی کوردییە تا ئێستا لە بواری فێرکردنی زماندا ، خوێندنەوە بە هەنگاوی سەرەکیو یەکەمی فێرکردنی زمان داندراوە ، بەڵکو ئەبێ چالاکییەکانی تری

زمان لەسەر بناغەی خوێندنەوە دروستبکرێن • دەربارەی خوێندنەوە باڵدار ئەڵێ :

« خوێندنەوە کردارێکە بیرە نووسراوەکان وەرئەگرێ ••• کرداری دەرچواندنی واتاکانە لە هێما نووسراوەکانو ڕەسم‌کراوەکان ، نەک وەک ئەوەی هەندێ کەس وا ئەزانن تەنها کردارێکی میکانیکییە بۆ دەرچواندنی دەنگەکانی ئەم هێمایانە » (١) •

هەروەها فێرکردنی شارەزاییە پنچینەییەکانو ڕووکارەکان ئامانجی سەرەکیی خوێندنەوەنو لە ئەنجامی ئەو دیراساتانەو تۆژینەوانەی کراون لەسەر خوێندنەوە دەرکەوتووە :

١ ــ قوتابیان خوێندنەوە بە پەلەترو باشتر فێرئەبن ، ئەگەر ناوەڕۆکەکانی ورووژێنەرو بە لەزەت بنو ئارەزووی خوێنەران ئەنجام بدەن •

٢ ــ شارەزاییەکانو ڕووکارەکانی خوێندنەوە جیاوازیان هەیە ، زۆر یان کەم بە پێی ناوەرۆکەکانیو ئامانجەکانی •

٣ ــ باشترین ڕێباز بۆ وەدەستهێنانی ئامانجی باش ، گونجانی مەشقکردنە لەگەڵ بایەخدانەکانی قوتابیانو پێویستییەکانیانو شارەزاییەکانیانو پلەی ڕەسینیان (٣ : ل٥٧) •

دەربارەی دانانی ئامانجە باوەکانی پێخوێندنی خوێندنەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان ، سێ سەرچاوەی زانیاری ئەخەینە ڕوو :

١ ــ لێکۆڵینەوەی پێویستییەکانی گەشەکردنی منداڵانی بچووکو دەوری خوێندنەوە لە ئامادەکردنی ئەم پێویستییانەدا •

٢ ــ ڕاپۆرت لەسەر پێویستییەکانی خوێندنەوە لەسەر منداڵان کاتێ شوێنی خۆیان وەردەگرن لە ژیانی کۆمەڵەکەیاندا •

٣ ــ بەرنامەکانی خوێندنەوە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان کەوا تازە پەرەیانسەندووە لە بەشە جیاجیاکانی جیهان (٣ : ل٥٨) •

ئەو هەولانەی ئەیدەین کە پەیوەندییان بە بەهاکانەوە هەیەو ئەمانەوێ لە ڕێگای خوێندنەوە ئەنجامیان بدەین :

فراوانکردنی شارەزاییەکانی منداڵانە کە پەیوەندییان بە شتە واقعییەکانەوە هەیە لە بواری ژینگەکەیان ، هەروەها ژیانیانیش پڕ واتاتر بێو زانیاریانیش زیادبکرێ دەربارەی ئەو شتانەی لە دەوروپشتیانن لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دەوروپشتیاندا • هەروەها پەرەپێدانی ڕووکارەکانیانو ڕەوشتە باشەکانیان • لەگەڵ پەیداکردنی ڕۆشنبیریی گشتیو خۆشیو لەزەت وەرگرتن لە ڕێگای خوێندنەوە • لەگەڵ گەشەکردنی ڕووکارەکانی خوێندنەوەو شارەزاییە پێویستییەکانو بایەخدان بە خوێندنەوەو ئامادەکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆش بەرەو زانیاریو شارەزابوونی واتای خوێندنەوەو زانینی واتای وشەکان بە وردیو چاکردنی سروشتی خوێندنەوەی بە دەنگی بەرزو بە پەلە خوێندنەوەو پەلەکردن لە خوێندنەوەی بێدەنگ •

دەربارەی گرنگیی هونەری خوێندنەوە تا ئێستا دیراساتو توژینەوەیێکی زۆر کراوە لەم ڕووەوەو زۆربەی ئەم دیراساتانە گەیشتوونەتە ئەوەی ڕێبازی گشتی « الطريقة الكلية » باشترین ڕێبازە بۆ خوێندنەوە • لەبەر ئەوەی چاو پێشان گشت ئەبینێو پاشان پارچەکانو بەشەکان ــ سەیری دیمانەی گشتاڵت بکە لەم ڕووەوە ــ هەروەها پێویستە وشەی نامۆو قورس لە سەرەتای خوێندنەوە بۆ منداڵان بەکارنەهێنرێن ، لەبەر ئەوەی چاو کاتێ سەیری وشە نامۆکە ئەکا ئەوەستێو ئەگەڕێتەوە بەرەو دواوە بۆ ئەوەی لەو وشە نامۆیە وردببێتەوە ، ئەمەش ئەبێتە هۆی قورسیو هێواشی خوێندنەوەکە • کەواتە کاتی دانانی کتێبی خوێندنەوە بۆ منداڵان پێویستە زەخیرەی زمانەوانییان ڕەچاو بکرێ لەهەر قۆناغێ لە قۆناغەکانی تەمەنیاندا و هەر جارە وشەیێکی کەم بخرێتە سەر وشە باوەکانیان بۆ

زیادکردنی زەخیرەی زمانیان • هەروەها پێویستە لە پۆلی یەکەو دووی سەرەتایی ڕستەکانی کتێبەکەیان ڕستەی کورت کورت بێ ، نەک ڕستەی درێژ •

دەربارەی خوێندنەوەی هێواش لە لایەن منداڵانەوە لە پۆلی یەکەو دوو پێویستە مامۆستایان ئاگاداری هۆیەکانی خوێندنەوەی هێواش بن ، ئایا بە هۆی کزی چاوی منداڵەکانە کە بە هێواشی‌و قورسی ئەخوێنێنەوە یان هۆی دەروونی‌یە ؟ یان ئەگەرێتەوە بۆ هۆیەکانی ڕێبازەکەی کە پێیان ئەخوێنێ ... کەواتە پێویستە ئەگەر هۆی کزی چاویان بێ ، ئەوا چاویان چارەسەر بکرێ بە چاویلکە یان چارەکردن • هەروەها ئەگەر گیروگرفتی دەروونی‌یان هەبوو ئەوا هەوڵ بدرێ چارەسەربکرێن • خۆ ئەگەر ڕێبازی پێخوێندنەکەش ڕاست نەبوو ، ئەوا ڕاستبکرێتەوە •

ئەو منداڵانەی لە بنەڕەتەوە ئاستی هۆشی‌یان لاوازەو ئەم هۆیانەی سەرەوە هۆیەکانی هێواش خوێندنەوەو هێواش فێربوون نین ، ئەوا پۆلی جیاوازیان بۆ بکرێتەوە دوای دەستنیشانکردنی هۆیەکانی هێواش فێربوونو ، سالی یەکەمو دووەمو سێیەم بە جیا بخوێنن‌و لە پۆلی چوارەم تێکەڵاو بکرێنەوە •

دەربارەی جیاکردنەوەی پۆلەکانی منداڵان بۆ ئەو منداڵانەی بە هێواشی فێرەخوێندن ئەکرێن لەگەڵ ئەو منداڵانەی ئاسایین پێویستە زۆر وردبین‌و فەحسی تۆشداریی تەواو بکرێن ، فەحسی چاویان‌و گوێچکیان‌و لایەنە دەروونی‌یەکانیان بکرێ ، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو هەڵەوەو هەنگاوەکانمان بە پەلەو بێ وانن (دراسەت) نەبێ •

کەی دەست بە خوێندنەوە ئەکرێ ؟ :

مەسەلەی خوێندنەوەو کەی دەست بە خوێندنەوە ئەکرێ لە لایەن منداڵەوە ، ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگە ، گرنگی‌یەکەی پەیوەندی بە

پێش‌کەوتن‌و دواکەوتنی گشتیی گەلان‌و ولاتانەوە هەیە ، نەك تەنها بە منداڵەکەوە . ئەگەر بێتو لە تەمەنی حەوت ساڵان‌دا دەست بکرێ بە فێرکردنی منداڵان‌و پێخوێندنەوەو منداڵ لە تەمەنی حەوت ساڵان‌دا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەربگیرێت ئەوا گومانی تێدا نییە بەرهەمی قوتابخانە لە ئەنجام‌دا مەسەلەی ئەم حەوت ساڵانییە بمانەوێ یان نەمانەوێ کاری تێئەکا . ئەو ولاتانەی لە تەمەنی شەش ساڵان‌دا منداڵانیان ئەچنە قوتانجانەو لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی وەرئەگیرێن‌و فێری خوێندنەوە ئەکرێن ، لە ئەنجام‌دا بەرهەمی قوتابخانەکانیان ساڵێك ئەکەوێتە پێشەوە .

هەر بۆیە ئێستا یەکێتیی سۆڤێت وازی لەوە هێناوە منداڵانیان لە تەمەنی حەوت ساڵان‌دا بخەنە قوتابخانەوەو سەرەڕای بارودۆخی ژینگەی ولاتەکەیان‌و ساردیی ژینگەکە ، ئەم هەنگاوەیان بەم دواییە ناوە دوای ئەوەی هەستیان‌کرد بەوەی لە ولاتانی ڕۆژئاوایی دواکەوتوون لەم ڕووەوە .

بە پێی ئەو وانندنانەی(*) (دیراساتانەی) لەسەر منداڵ کراون ، منداڵ لە تەمەنی شەش ساڵان‌دا ــ وەك ناوەند ــ توانینی هۆشێتیی هەیە بۆ خوێندنەوە ، هەرچەندە هەندێ منداڵ پێش ئەم تەمەنەش توانینی فێر کردنی خوێندنەوەیان هەیە .

بە هەر حاڵ باشترین ڕێباز بۆ فێرکردنی خوێندنەوە ئەوەیە منداڵ پێش قوتابخانەی سەرەتایی بخرێتە باخچەی منداڵانەوە ، یان لە ماڵەوە مەشق بدرێ لەسەر خەت‌کێشان‌و ڕەسم‌کردن‌و مەتەڵ‌گێڕانەوەو گەڕان‌وگەشت‌کردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان ... هتد . ئەمانە هەموو بۆ ئەوەی شارەزایی‌یان زیاد بێ‌و زەخیرەی زمانەوانی‌یان گەشە بکا پێش چوونە قوتابخانەو دەستپێ‌کردنی خوێندنەوە .

(*) وشەی (وانندن) لە جیاتیی وشەی (دراسە)ی عەرەبی لە یەکێ لە لێژنەکانی زمانەوانی کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) بڕیاری لەسەر دراوە .

له بواری خوێندنەوەی کوردی باشترین ڕێبازی خوێندنەوەی کوردی ، ئەوەیە منداڵان پیتەکانی کە وشە کوردییەکانی پێ ئەنووسرێن بە باشی بیانناسێ ، وێنەکانیانو دەنگەکانیان ، چ بە خوێندنەوە چ بە نووسینو چوێتیی دەرهێنانی دەنگەکانیان . بە تایبەتی لە ڕێگای دووپاتکردنەوەو تا چڵپاتکردنەوەی وشەکان لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بە ڕێبازی پێخوێندنی گشتی بۆ ئەوەی لە ئەنجامی ئەم دووپاتکردنەوانەدا بە تەواوی دیمەنی وشەکانو پیتەکان بە پێی شوێنەکانیان لە سەرەتاوە یان لە ناوەندی وشەکە ، یان لە کۆتاییی وشەکە شارەزابنو بیانناسنەوە .

نووسینی کوردی

دەربارەی فێرکردنی نووسینی کوردی بە ڕێنووسێکی ڕاستو دروست ، مامۆستایان تووشی کۆمەڵێ کۆسپو گیروگرفت ئەبن ، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی تا ئێستا ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردیمان نییە . بۆ ئەم ڕێنووسەمان نییە ، ئەم کێشەیە لێرەدا باس ناکەینو دوای ئەخەین بۆ هەڵێکی ترو بە نووسینێکی تایبەت چارەسەری ئەکەین .

کەواتە بۆ فێرکردنی نووسینی کوردی پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێ :

١ ــ زمانی کوردی زمانێکی دەنگییە ، چۆن بخوێندرێتەوە بەو جۆرەش ئەنووسرێتەوە . ئەم لایەنەش لایەنە هەموارەکانی زمانەکەیە ، بۆیە نووسینی زمانەکە ئاسانترە لە چاو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسی تا ئەگا بە زمانی عەرەبیش .

٢ ــ زمانی کوردی لە نووسین لە جیاتی (سەروبۆر)ی عەرەبی ئەم بزوێنانە بەکار دێنێ :

(أ ، ە ، و ، ۆ ، ی ، ێ ، وو)کەواتە لە کاتی نووسینی وشەی

(عِماد) یان (خلود) یان (بُلبُل) لە کوردیدا : (عیماد) ، (بولبول)ئەنووسرێو ئەم رێنووسە لە رێنووسە عەرەبییەکە ئاسانترە .

٣ ــ هەندێ پیت لە زمانی کوردیدا هەن لە زمانی عەرەبیدا نین وەك : (پ ، چ ، ژ ، گ ، ڤ ، ڕ ، ڵ) .

هەر بۆیە لە زمانی کوردی چۆن بدوێی بەو جۆرە ئەنووسرێتەوە ، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی گەلێ وشەیان هەیە لە ئاخافتنو نووسین وەك یەك نین لەبەر نەبوونی هەندێ پیتی عەرەبی کە لە ئاخافتندا دەرئەچنو پیتەکانیان نیە بۆ نووسینەوەی ، وەك :

« شلون ، محیسن ، لیش ، زین »

لە زمانی کوردی ئەم لایەنە چارەسەرکراوە ، وەك :

« شلۆن ، محێسن ، لێش ، زێن »

یانوەك :

« صگر ، گال ، گلاّبە . » هتد .

٤ ــ لە زمانی عەرەبیدا هەندێ پیت لە ئاخافتندا ئەوترێن لە نووسیندا بە رێنووسی عەرەبی نانووسرێن ، وەك :

« هؤلاء ، هذا ، اولئك » ئەم لایەنەش لە لایەنە قورسەکانی رێنووسی عەرەبییەو لە زمانی کوردی ئەم قورسایییەش نەماوە .

٥ ــ لە زمانی کوردیدا هەندێ دەنگ هەیە بە پیتی عەرەبی ، کە ئێمە لە کوردستانی عێراقدا پێیئەنووسین یان لە کوردستانی ئێراندا ، ناوترێ وەك :

« گوێ ، کچێکی ، تاکێکی ... هتد » ئەمە یەکێ لە لایەنە قورسایییەکانی رێنووسی کوردییە .

٦ ــ پێش ئەوەی کۆڕی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی لە کۆڕی زانیاری عێراق «دەستەی کورد»لە بەغدا ببەسترێت لە ١٨ ــ ١٩/١٢/١٩٨٥و ڕاسپێریەکانی بڵاوبکرێتەوە ، کۆمەڵێ گیروگرفتی ڕێنووسیمان هەبوو ، بەڵام لەم کۆڕەدا زۆربەی زۆری ئەو گیروگرفتانە چارەسەرکران وەک :

(یەکەم) گیروگرفتی وێنەی دەنگەکان •

١ ــ (ڕ)ی قەڵەو ، لە هەر شوێنێکی وشەدا هەڵکەوت ، نیشانەی حەوت (٧)ی بخرێتە ژێر ، وەک : ڕاو ، بەڕوو ، مەڕ •

٢ ــ پیتەبزوێنی (وو)ی درێژ بە دوو واو بنووسرێ ، وەک ؛ پووش ، دوور ، کووڕ •

٣ ــ پێویست بە دانانی پیت بۆ نیمچەبزوێنی (ی)ی فرە کورت « کسرةمختلسة »ناکات • ئەو وشانەی وا هەڵدەکەون ، (ی)ی بزوێنیان ناوێو وەها بنووسرێن :
پیاز ، سیان ، پیاو ، پایز ، بایز ، پەین •

٤ ــ پێویست بە دانانی پیت بۆ نیمچەبزوێنی (و)ی فرە کورت « ضمةمختلسه » ناکات • ئەو وشانەی بەو ڕەنگە هەڵدەکەون ، بۆریان ناوێ ، وەک :
شوان ، گوان ، ڕوا ، وشە ، کاوڕ •

٥ ــ (وێ)ی دیفتۆنگ بە (و)یەکو (ێ)یەکی کراوە بنووسرێت ، وەک :
نوێژ ، گوێز ، گوێ ، توێژ •
تێبینی :
نابێ دیفتۆنگی (وێ) ، وبڕگەی (وێ)تێکەڵ بە یەک بکرێن ، وەک : ناوێرم ، هاوێری کە ، دەخەوێ •

٦ ــ (و)ی بزوێن له (و)ی نەبزوێن بە شێوە جیانەکرێنەوە ، وەك :

(و)ی بزوێن	(و)ی نەبزوێن
کورد	وەرە
گوڵ	کێو

٧ ــ دیفتۆنگی (وی) هەروەك خـۆی ، بە (و)یێك‌و بـە (ی)یێکی تیژ بنووسرێت ، وەك

تویرەکە ، هویر ، قویل ، سویر .

٨ ــ (د)ی‌کلۆر لـە وشەدا هەر بە شێوەی (د)بنووسرێت ، وەك . دامێ ، لە ئاوەکەدا ، بەغدا .

٩ ــ (ی)بزوێن‌و (ی)ی نەبزوێن لە یەك جوێ نەکرێنەوە ، وەك :

نەبزوێن	بزوێن
یاد	میر
پەیژە	تیر
یەك	کاری
مەی	پەری

١٠ ــ (ت)ی‌کلۆر هەر بە (ت)بنووسرێت ، وەك :

ناوت‌ناهێنم ، دەت‌بینم .

١٢ ــ (دووەم) گیروگرفتی وشەی سـادە .

وەك :

کەلله ، زلله ، مەکـکە ، شەممە .

١٢ ــ (دووەم) ــ گیروگرفتی وشەی سـادە .

١ ــ دەبێ جیاوازی لە نێوان شێوەی نووسینی (ە)ی نیشانەی سەر (فتحه)و (ھ)ی پیتی نەبزوێن‌دا بکرێ ، وەك :

هەیە ، ئاھ ، گوناھ .

٢ ــ وشەی (چ)بۆ پرسیار بێ ، یا بۆ چونیەکی بێ ، بە جیا لــە وشەی پاشیەوە بنووسرێ ، وەك :

تۆ چ کارەی ؟

چ منو چ تۆ •

چ ڕۆژ چ شەو •

٣ ــ ئامرازی پەیوەندیی وەك (ل ، د ، ب ، ژ) بە جیا لە وشەی پاشەوەی بنووسرێ ، وەك :

ل سەر چیا •

د هاوارا من دهات •

ئەف کتێبە ب دەستێ من هاتیە ئێسین •

ژ مالا من دەرکەت •

٤ ــ وشەی (ئەم) ، یا (ئەو) ئەگەر دووایی‌یەکەی سیفەت‌بوو ، بۆ ئیسناد بوو بە یەکەوە دەلکێنرێن لەم حالەتانەدا ، وەك :

ئەمڕۆ ، ئەمشەو ، ئەمساڵ ، ئەمبەر ، ئەڤسال •

٥ ــ ژمــارەی دووبارەکراوەو بە دوای یەکدا هاتــوو بۆ دیاری‌کردنی ئەمسەرو ئەوسەری ژمارە ، لە پاڵ یەکەوە دەنووسرێن ، بەڵام پیتەکانیان بە یەکەوە نالکێندرێن ، وەك :

دوو دوو ، یەکەیــەکە ، دووسێ ، چوار پێنج ، شــەش حــەوت •

(سێیەم) گیروگرفتی وشەی ناسادە •

١ ــ وشەی ناسادە ئەگەر ناو (علم) بوو ، وەك :

کانیکەوە ، دڵشاد ، چەمچەماڵ ، بێکەس ، بێخاڵ ، بێخێر ، یا زاراوە بوو ، وەك :

دەســنووس ، سێگۆشــە ، ڕێباز ، ڕێزمان ، ڕێنووس ، وشــەکانی پێکەوە بنووسرێن •

٢ ــ ئەگەر نە ناو (علم) بوو ، نە زاراوە بوو ، ئەوە وشەکانی پێکەوە نالکێنرێن ، بەڵام لە پاڵ یەکا ئەنووسرێن ، فرمان بێ ، یا چاوگ بێ ، یا ئاوەڵناو بێ ، یا هەرچی‌یەکی دیکە بێ ، وەك :

من پیاوێکی دڵسۆزم .	(دڵ سۆز)
من هەڵدەپەڕم .	(هەڵدەپەڕم)
چیرۆك‌نووسین هونەرە .	(چیرۆك‌نووسین)
من دەستی‌ێ‌هەڵ ناگرم	(دەست‌ێ‌هەڵ‌گرتن)
دەس‌نیشانم کردووە	(دەس‌نیشان‌کردن)

٤ ــ (چوارەم) (گیروگرفتی وشەی عەرەبی لە زمانی کوردی‌دا) .

١ ــ هەر وشەیێکی عەرەبی هاتبێتە ناو زمانی کوردی‌یەوە ، بە کوردی بنووسرێ ، لە هەموو ڕوویەکەوە ، وەك :

شاعیر ، فەقیر ، زاڵم ، قوونڵ ، قسە .

٢ ــ بەڵام ناوی (علم)ی عەرەبی ، ئەتوانرێ بە ڕێنووسی کوردی بنووسرێ ، یا هەر بە عەرەبی بنووسرێ ، لە ناو دوو کەوانەدا (...) وەك :

موحەمەد (محمد) ، حەزرەمەوت (حضرموت) .

(پێنجەم) گیروگرفتی تێك‌بەستنی ڕاناوی لکاو لە گەڵ فرماندا

١ ــ ڕاناوی لکاو ، ئەگەر بە دوای نیشانەی ڕێزەی (دە)و (ب) ، یان ئامرازی (نەفی)و (نەهی)دا هات ، لە فرمانی سادەی ڕابووردوو ، ڕانەبووردوو ، داخوازی ، بە مەرجێ فرمانی تێبەڕ بێ ، لە شێوازی ئەرێ (اثبات)و (نەرێ) نفی‌دا ، ئەو ڕاناوە لکاوانە بە پێشەوەیانەوە دە لکێنرێن ، بەڵام بە فرمانەکەوە نالکێنرێن ، وەك :

بم‌نووسی‌یایە	نەم‌نووسی‌یایە
بی‌نووسم	نەی‌نووسم
دەنووسم	نای‌نووسم
بم‌نووسە	مەم‌نووسە

٢ ــ ڕاناوی لکاوی کەوتووە تێوان پێشگرو ڕەگی فرمانەوە ، لە هــەر دوو شــێوەی ئەرێو نەرێدا بە پێشگرەکەوە دەلکێنرێو بە ڕەگی فرمانەکەوە نالکێنرێ ، وەك :

هەڵم گرت ، دام‌بەزاند ، هەڵیان‌بڕی ، هەڵی‌سەنگێنە •

(شەشەم) گیروگرفتی ئامرازو پاشکۆکان •

١ ــ ئامرازی (ی) :

(ی) بۆ نیشانەی ئیزافە بێ یا بۆ پێکەوەبەستنی ناوو ئاوەڵناو ، لەگەڵ وشەی پێشووی‌دا دەنووسرێ ، وەك :

هەرمێی باڵەکایەتی

تیریی ساج

ماسیی دەربەندیخان

٢ ــ ئامرازی (و)ی عەتف :

ئامرازی عەتف(و) لە تەك وشەی پێشەوەی‌دا دەنووسرێ ، بەڵام بە یەکەوە نالکێندرێن ، وەك :

منو تۆ ، گوڵو ڕێحانە ، هەنارو هەرمێ •

بەڵام ئەگەر مەعتووفو مەعتوف عەلەیهی ببوون بە یەك وشە ، ئەوە ، واوەکە بە وشەی یەکەمەوە دەلکێنرێ ، وەك :

گفتوگۆ ، کشتوکاڵ ، کوتومت ، کەلوپەل •

٣ ــ ئامرازی (ش)ی عەتف :

(أ) ئەگەر بە دوای ڕێژەی فرمان‌دا هات ئەوە بە نیشانەی ڕێژەکەوە دەلکێنرێ ، بە فرمانەکەوە نالکێنرێ ، وەك :

بشم‌گرتایە ، بشمان‌خواستایە ، بش‌چن •

(ب) ئەگەر بە دوای ئامرازی نەفی‌دا هات دەکەوێتە تەك ئامرازەکە ، وەك :

نەشمدی ، نەشهات .

٤ ــ هەر وشەیێك کۆتایی بە پیتەبزوێنی (ی)و (ێ) هاتبوو هەر شتێکی تری بە دوادا هات ، (ی) یێکی نەبزوێنی بەگەڵ دەخرێو بەجیا لە نزیك وشەی یەکەمەوە دەنووسرێ ، وەك :

١ ــ پێلاوەکەم نوێیە .

٢ ــ ئەم مراوییە مالّیە .

٣ ــ ئەم بارە خوێیە .

٤ ــ هەرمێیەك ، یان هەرمێیێك .

٥ ــ سێیەم ، سێیەمین .

٥ ــ پاشکۆی (دا)و (ڕا) نەلکێنرێن بە دوای وشەی پێشوویانەوە ، وەك : لە گیرفانمدا ، لە کەرکووکڕا .

٦ ــ فرمانی (دا) لە ڕستەدا وشەیێکی سەربەخۆیەو دەبێ بەجیا بنووسرێ ، وەك :

دزەکەم بەگرت دا. دینارێکم دا بە هەژار .

٧ ــ ئەم پاشگرە بەر قاعیدەی بەندی (٤) دەکەوێ ، بە مەرجێ لە دوای ئەو وشانەوە هاتبێ کە دواییان بە پیتە بزوێنی (ی) هاتبێ ، وەك : لە کانییەوە ، نووسییەوە ، کڕییەوە .

٨ ــ هەر وشەیێك لە هەر لایەك چۆن دەگوترێ ، بەو جۆرە بنووسرێ .

دوای لێکۆڵینەوەو لێدوانی لایەنە هەمواڕەکانی ڕێنووسی کوردی لەگەڵ لایەنە ناهەمواڕەکانی ، ئەبینین کێشەی ڕێك‌کەوتن لەسەر ڕێنووسێکی یەك‌گرتووی کوردی چەند کێشەیێکی پێویستو بە پەلەیە لە بواری پەروەردەو پێخۆێندنو زمانی کوردیدا .

زانایانی ڕێزمان بە گشتی لەسەر ئەوەی فێرکردنی ڕێزمان ئامانج نییە لە بواری فێرکردنی زماندا یەکیان گرتووە ، بە لکو ڕێبازێکە وەیان کەرەستەیێکە بۆ ڕاستکردنەوەی زمانو پێینووس ، بەلکو ڕێزمان بە تەنیاش هەر خۆی ئەم ئەرکە ناگرێتە ئەستۆ خۆی و شان بە شانی ڕێزمانیش ڕێگای تریش زۆرن بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە لەگەڵ ڕێزماندا یاری کاری ئەکەن وەك مەشق کردنی زۆر لەسەر زمانو ئاخاوتن ، یان نووسینی ڕاست ، یان ژیان لە ژینگەی زمانەوانیی پاك و خاوێندا •

دانشتووانی دێهاتەکانی کوردستان ، ئەو دێهاتانەی دوورن لە شارەکانەوە و زمانیان لەگەڵ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بە هۆی پێکەوە ژیان یان نیزیکی لەیەکتر تێکەڵاونەبووە ، ئەبینین بە کوردیێکی ڕەوانو پەتی و ڕاست ئاخاوتن ئەکەن ، لەبەر ئەوەی زمانەکەیان لە ژێر کارتێکردنی هیچ زمانێکیتر نەبووە • کەواتە باشترین سەرچاوە بۆ زمانی کوردی ، گەڕانەوەیە بۆ زمانی کوردی لە دێهاتە دوورەکانی کوردستان لە شارە گەورەکانەوە •

منداڵ لە قۆناغی پێش چوونەقوتابخانە زەخیرەیێکی زمانەوانی باشی هەیە ، لە کاتی چوونەقوتابخانەش ئەم زەخیرەیەی گەشە ئەکاو پەرەئەسێنێ ، بۆیە پێویستە لەسەر قوتابخانەکان بەتایبەتی سەرەتاییەکان بە شێوەیێکی ڕاست پەرە بەم زەخیرە زمانەوانییەی بدەنو منداڵەکە هەست بە تواندو تیژی و وشارکردن نەکا لە قوتابخانەو ئازادیێکی تەواو بدرێ پێی بۆ ئەوەی بتوانێ هەستی خۆی دەربڕێ و کەسایەتی و ئارەزووەکانی و پێویستەکانی وەك ئەیەوێ بە زمانەکەی و ئەو کۆمەڵە زەخیرەیەی هەیەتی دەری ببڕێ و کێبڕکێی خوێندنەوەی کوردی لە پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا بە زمانێکی کوردی خاوێن و دروست و ئاسان بنووسرێنەوە و لەم قۆناغەدا

هەوڵ بدرێ منداڵان ئەوی چاویان پێئەکەوێ یان گوێیان لێئەبێ بە زمانی کوردی پاراوو دوور لە هەڵە بێ ، بۆ ئەوەی پێش چوونە قوناغی دووەمی خوێندنەوەی کوردی منداڵان بە تەواوی گەشەیان بە زمانەکەیان دابێ و توانینی گواستنەوەیان هەبێ بۆ لقەکانی تری زمانەکەیان جگە لە خوێندنەوەو ڕێنووس و گوێڕاگرتن و وتووێژکردن ، ئەویش لقی ڕێزمانە .

لەم وانانە ، کەواتە وانەکانی خوێندنەوەو ڕێنووس و وتووێژو سروودو شیعرلەبەرکردن و هەموو وانەکانی تری پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ، پێویستە لەسەر مامۆستایان لە کاتی وتنەوەی ئەم وانانە منداڵ لەسەر دەربڕینی وشەو ڕستەی ڕاست و چوێتیی بەکارهێنانیان لە شوێن خۆیاندا مەشق بدەن . هەروەك زاندراوە باشترین ڕێباز بۆ فێرکردنی زمانی ڕاست و دروست باش گوێڕاگرتن و باش لاسایی کردنەوەیە . هەرچەندە گومانی تێدا نییە منداڵان لەم قۆناغەدا هەندێ هەڵەی زمانی ئەکەن و یەکسەر ڕزگاریان نابێ لە هەندێ هەڵەی وەك چوێتیی بەکارهێنانی ڕاناوو ڕاناوی لێکدەر (اسم الموصول)... هتد . ئەو کاتە دەوری مامۆستا دێتە پێشەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی منداڵان لە کاتی بەکارهێنانی ڕاناوو ڕاناوی لێکدەرو ئاوڵناو ، تا بە تەواوی شارەزای چوێتیی بەکارهێنانیان ئەبن ، بەڵام بەبێ ئەوەی بچنە بنجوبنەوانی شێوەی ڕێزمانیی .

لە قۆناغی دووەمدا ، کە لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییەوە ، دەست پێئەکا ، لەم قۆناغە دەست بە خوێندنی ڕێزمان ئەکرێ بەڵام هەمیسان بە شێوەیێکی زۆر سەرەتایی .

پەرەدان بە بەرنامەکانی زمانی کوردی :

پەرەدان بە بەرنامەکان یەکێکە لە بابەتەکانی پێویستی چەرخی ئێستامان ، مەسەلەی پەرەدان مەسەلەیێکی گرنگەو لە پێویستییەکانی

بەردەوامبوونی پێشکەوتنی ژیانو ژیاریەو ئاخاوتنو تۆژینەوەی لەسەر تەواو ئابێ هەرچەندە لەسەری بدوێین یان بنووسین •

هەر کۆمەڵێك یان هەر نەتەوەیەك یان دەوڵەتێك کە تووشی گیروگرفت ئەبێ ، یان هەست بە دواکەوتن بکا لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان یان لە چەند بوارێکدا ئەو کاتە بیر لــە مەسەلەی پەرەپێدانی بەرنامەکانیان ئەکەنەوەو چاویان پیا ئەخشێننەوە ... هەر بۆیە پەردان بــە بەرنامەکان بایەخێکی تەواوو گرنگی هەیەو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لە هەموو کۆمەڵێکدا ، لەم ڕووەوە ئەتوانین بڵێین گرنگێتیی پەردان بە بەرنامەکان لە سەرووی هەموو پەردانی بوارەکانی تری ژیانە ، لەبەر ئەوەی پەردان بــە هیچ بوارێکی ژیان بەبێ بوونی مرۆڤی ژیرو زاناو ئامادەکراو ناکرێو نەکراوە • پەردان بە بەرنامەکانیش لــە واقیعدا ئامادەکردنی مرۆڤی ئێستاو دوارۆژە ، ئامادەکردنی ئەو مرۆڤەیە بتوانێ پەرە بە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵەکەی بداو لە ڕێڕەوی ژیاریو مرۆڤایەتیدا دوانەکەوێ • هەر بۆیە پەروەردەناسەکان پەردان بە بەرنامەکانیان بە ناووکی هەموو پەرەپێدانێك داناوەو بەبێ ئەم پەرەپێدانە مرۆڤ لە شوێنی خۆی گورگەلۆقە ئەکا ، بە لکو بەرەو دواوەش ئەگەڕێتەوە •

ئێمە لێرەدا هەوڵئەدەین بە گشتی تیشکێك بخەینە سەر پەردان بــە بەرنامەکانو پاشان بگەڕێینەوە ســەر بەرنامەکانی قوتابخانەکانو دووبارە چاوێ بخشێنینەوە بە بەرنامەکانی قوتابخانە کوردیەکاندا لــە هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی(*)کوردستانو ئەوی پەیوەندیی بــە ئێمەوەش هەیە زیاتری لێوردبینەوە ، ئەویش بــە گرێدانی بەرنامەکانی ئێستامان لەگەڵ زمانی کوردیو وتنەوەی وانەکانی زمانی کوردیو گونجاندنی بەرنامەکانیش لەگەڵ سروشتی زمانەکەمان وەك زمانێکی نەتەوەیی کە خاوەند تایبەتەکانی خۆیەتیو سەربەستێتیی تایبەتی خۆی هەیە وەك هەموو زمانێکی زیندوو لە

(*) خۆبەڕێوەبەری : حوکمیزاتی . ئەم زاراوەیە لە لایەن لێژنەی کۆڕی زانیاریەوە داندراوە .

جیهان‌دا ، که‌واته زمانی هـــەر نه‌ته‌وه‌یێك نیشانه‌ی بـــوونی نه‌ته‌وه‌که‌یه‌و نه‌بوونیشی نیشانه‌ی نه‌بوونیه‌تی • « له میژووی شارستانیێتی‌و ڕۆشنبیری‌دا چه‌سپاوه که نه‌ته‌وه زمانێکی یه‌کدگیرو پێگه‌یشتووه : بوون‌و مانی به‌نده به زمانه‌که‌یه‌وه و تێك‌چوون‌و فه‌وتانی ئاکامی پچڕپچڕی‌و لاوازی‌و نه‌مانی زمانه‌که‌یه‌تی • نه‌ته‌وه‌ی کوردیش دیاره له‌م ڕاستی‌یه به‌دەر نی‌یه ، به‌ڵکو وه‌کو هه‌موو نه‌ته‌وه‌یه‌کی سه‌ر ئه‌م زه‌وی‌یه مل‌که‌چی ئه‌و ڕاستی‌یه‌یه‌و بـــه پێوانه‌که‌ی ڕاده‌ی پێشکه‌وتن‌و دواکه‌وتنی هه‌ڵده‌سه‌نگێنرێ • زانا کوردپه‌روه‌ره‌کان دیاره ئاگایان له‌و ڕاستی‌یه بووه‌و سه‌رئه‌نجام له میژه‌وه هه‌وڵیان داوه زمانێکی کوردیی یه‌کدگیرو پێگه‌یشتوو بـــۆ نه‌ته‌وه‌که‌یان وه‌چنگ‌بهێنن •» (٢ : ل٣) •

ئێمه لێره‌دا ئه‌م ڕایه‌مان بۆ نموونه هێنایه‌وه ته‌نها وه‌ك به‌ڵگه‌یێك بـــۆ بۆچوونه‌کانمان له‌سه‌ر گرنگیی ده‌وری زمان له ژیانی هه‌ر نه‌ته‌وه‌یێك ، بۆ ئه‌وه‌ی له کاتی دانانی به‌رنامه‌و پەره‌دان به به‌رنامه‌کانی پەروه‌رده‌و فێربوون لـــه قوتابخانه‌کانی کوردســـتان‌دا ئـــه‌م لایه‌نه گرنگه ڕەچاوبکرێ‌و پشت‌گوێ نه‌خرێ • هه‌روه‌ها کاتێ خه‌ریکی پەره‌دان به به‌رنامه‌کانی زمانی کوردی ئه‌بین نابێ گرنگیی زمانه‌که‌مان له ڕێڕه‌وی ژیانمان‌دا وه‌ك نه‌ته‌وه‌یێك پشت‌گوێ‌بخه‌ین • ئێمه له نووسینێکمان‌دا ئه‌ڵێین : « زمانی کوردی ئـــه‌و زمانه‌یه کورد ئێستا ئاخاوتنی‌پێ‌ئه‌کا ، زۆر له زمانناسه‌کان‌و ڕۆژهه‌ڵاتناسه‌کان له زمانی کوردی‌یان کۆڵیوه‌ته‌وه زۆربه‌ی ئه‌و زاناو تۆژینه‌رانه‌ی ئه‌م زمانه‌یان دیراسه‌ت‌کردووه گه‌یشتوونه‌ته ئه‌وه‌ی کـــه‌وا زمانی کوردی لـــه خێزانی زمانه‌کانی هیندوئه‌وروپایی‌یه‌و هۆی هاوبه‌شه بۆ یه‌کێتیی نه‌ته‌وه‌یی • زمانی کوردی گرنگترین گرێده‌ری په‌یوه‌ندی‌یه‌کانی نێوان تاکه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورده یه‌ك له‌گه‌ڵ یه‌کتردا ، جگـــه له‌وه‌ی که‌ره‌سته‌ی گواستنه‌وه‌ی بیرو ده‌ست‌که‌وته‌کان‌و ڕۆشنبیری ژیاری‌یه له ڕابوردووه‌وه بـــۆ ئێستاو بـــۆ دواڕۆژ • » (٧ : ل٤٠) •

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە گرنگیی زمانی کوردیو بایەخدان بە بواری زمانەکە لە کاتی پەرەدان بە بەر نامە قوتابخانەییەکان ، سەیری نامەی دوکتۆراکەمان بکەن .(٩) لە بەشی یەکەمی نامەکە هەندێ لە لایەنە گرنگەکانی زمانەکەمان ڕوونکردۆتەوە .

دەربارەی گرنگیی زمان (القزاز) ئەڵێ :

« زمان بەردی بناغەی هەموو نەتەوەیێکە ، زمانی عەرەبی نیشانەی بنچینەییە کە عەرەبی بە یەکترەوە گرێ داوە لە هەموو شوێنێکو بوونیانیش ئەپارێزێ لە نێو نەتەوەکانداً ، یەکێتیی سیاسی نەتەوەی عەرەب یان پێڕۆکانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریان ئەنجام نادرێو لەنگەر نابەستێ تەنها لەسەر بەردی بناغەی یەکێتیی زمانەکەیان نەبێ ، کەواتە زمان نەتەوەیەو نەتەوەش زمانە . » (١٤ : ل٧) .

وافیش ئەڵێ : « زمانی کوردیش بەردی بناغەی دروستبوونی نەتەوەی کوردە ، زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکان ، کە یەکێکە لە زمانەکانی هیندوئەوروپایی ، کە ئەم خێزانی زمانەش زۆرترین زمانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە لە جیهانداً ... هەموو دانیشتوانی ئەوروپاو هەردوو ئەمریکاو ئوستراڵیاو خواروویی ئەفریقیا ئاخاوتنی پێ ئەکەن ، تەنها هەندێ کۆمەڵانی کەمی ئەوروپایی نەبێ کەوا بە زمانی بەسکیو فینیو مەجەریو تورکی ئاخاوتن ئەکەن ... لەگەڵ دانیشتوانی کۆنو ئەسڵی هەردوو ئەمریکاو ئوستراڵیاو خواروویی ئەفریقیا کەوا زۆربەی زۆریانیش نەماونو لەناوچوون ... هەروەها بەشێکی گەورەی دانیشتوانی وەک (هندستانو ئێرانو ئەفغانستانو کوردستانو قەوقازی ناوەڕاستو ئەفریقیا ... هتد بە زمانەکانی هیندوئەوروپایی ئاخاوتن ئەکەن . » (١٧ : ل٥٤) .

دوای هێنانەوەی ئەم چەند هۆیانە لەسەر گرنگیی دەوری زمان لە مەسەلەی بوونو نەبوونی هەر نەتەوەیێکدا ئەگەڕێینەوە سەر بابەتی

خوێندنو فێربوون به زمانی زگماکو زمانی نەتەوەیی و گرنگیی ئەم لایەنەش لە بواری پەروەردەو فێربوونداو .

« زانایانی پەروەردە لەسەر ئەوە یەکیان گرتووە کەوا زمانی نەتەوەیی پێویستە مەڵبەندی سەرەکی لە بیرۆکەی ئەو زمانانەی منداڵ فێری ئەبێ داگیر بکا . هیچ جۆرێک نابێ زمانی دووەم شوێنی زمانی نەتەوەیی بگرێتەوە لە کرداری فێربووندا ، یان بە سەریا زاڵبێ بە جۆرێک فێربووەکە لە زمانەکەی خۆی باشتر فێری ببێ . پەروەردەناسەکان ئەم هەڵوێستەیان تەنها لەبەر تایبەتەکانی نەتەوایەتی نییە بەڵکو لەبەر تایبەتەکانی پەروەدەییشە . » (١٠ : ل١٥٠) .

ئەم نووسینانەو نووسینی زۆرتریش لە ڕاکانی پەروەردەناسەکان ، هەموو ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەکەن کەوا زمانی فێربوونی سەرەکی لەقوتابخانەکان پێویستە زمانی نەتەوەیی بێ ... ئەگەر ئەم ڕاستییەمان سەلماند ، ئەوا دووبارە ئەگەڕێینەوە سەر خوێندنو فێربوون لە هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەری بە زمانی کوردی ، دوای ئەوەی زمانەکە بۆتە زمانی فێربوون لەم هەرێمەداو ئەنجومەنی سەر کردایەتی شۆڕش دانی نابە مافی ڕۆشنبیریو زمانی نەتەوەی کورددا لەگەڵ وتنەوەی زمانەکە لە هەموو قوتابخانەکانو پەیمانگاکانو زانستگاکان وەک لە بەیانی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دیاریکراوە (٤) .

ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لە هەرێمی خۆبەڕێوەبەریی کوردستان گەیشتۆتە (١٦٣٥) قوتابخانە کە بە زمانی کوردی تیایا ئەخوێندرێ لە ساڵی ١٩٨٢ — ١٩٨٣ ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە ساڵی ١٩٨٢ — ١٩٨٣ بە زمانی کوردی لەم قوتابخانانە ئەیانخوێند گەیشتە (٢٢٢٦٥٥) قوتابی .

ئەم چاوپێخشاندنە کورتو بە پەلەیە بە گرنگیی زمانو زمانی نەتەوەیی رێگامان بۆ خۆش ئەکا هەمیشە لەسەر پەرەدان بە بەرنامەکانی فێربوون فێرکردنی زمانی کوردی بەردەوام بین لە قۆناغەکانی فێربوونداو لە سەرەتای دەستپێکردنی فێربوونو فێرکردنەوە تا زانستگاکانو دیراساتە بالاکان .

چەمکی پەرەپێدان :

وشەی پەرەپێدان یەکێکە لە وشە باوەکانیچەرخی تازەو لە هەموو بوارەکانی ژیانداو بەکارئەهێنرێو وەك بەکارهێنانی لە بواری پیشەسازیو تۆشداریو کشتوکاڵو بازرگانیو سەربازیو پەروەردەو فێربوونو ... هتد .

بۆ نموونە کاتێ باسی پەرەپێدان ئەکەین لە بوارەکانی سەربازیو بیر لە چۆنێتیی بەرگریکردن ئەکەینەوە ، وەك هێنانەبەرهەمو دروستکردنو پەرەدان بە چەکەکانی بەرگریکردن ، هەر لەو کاتەدا چ خۆمان یان لایەنی دووەم یان دوشمن پەرە ئەدەن بە چەکەکانی پەلاماردانو هێرش . کاتێ فڕۆکەی لە دەنگ تیژتر دروستئەکرێ بەرامبەرەکەشی پێڕۆیەکی بەرگریکردنی پەرەسەندوتر دروستئەکا ... بەم جۆرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بواری سەربازی یان شەڕ زیاتر پەرەئەسەنێ .. کە دێینە سەر بواری تۆشداریو لەشساغی دەوری پەرەپێدان بە ئاشکرا دیارەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەرمانی تازەتر ئەدۆزێتەوە بۆ چارەکردنی نەخۆشییەکانو کەرەستەو ئامرازی تازەبابەت دروستئەکرێو پەرەیان پێئەدرێ لە بواری چارەکردن تا ئەگا بە بەکارهێنان کۆمپیوتەرو تیشکەکانی لیزەرو جۆرەها شێوە تری چارەکردنو پەرەدانیان بۆ خزمەتی مرۆڤو مرۆڤایەتی . ئەمڕۆ لەم بوارەدا کاتێ بەردەکانی ناوگورچیلە بە بێ چەقۆ ئەتوێنرێنەوە، زاناکانو پسپۆڕەکانی ئەم بوارە خەریکی پەرەدانن بە هەموو لایەنەکانو لەوانەیە بۆ چەند ساڵی ئایندە بابەتی بڕینو چەقۆ لە بنەڕەتەوە ببێتە

کردارێکی دواکەوتووو بەکار نەهێنرێ .

ئەمانەی سەرەوە کە باسی ئەکەین تەنها بەڵگەو نموونەی کورتو بە پەلەن بۆ تێشکخستنەسەر وشەی پەرەپێدان . ئێستا ئەگەرێینەوە بواری پەروەردەو فێربوونو چەمکی پەرەپێدان لەم بـــواره گرنگەدا لە ژیـــانی مرۆڤو مـــرۆڤایەتیو ژیاریدا . هەموو نووســـینەکانو دیراســـەتەکانی پەروەردەو فێربوون یەکیانگرتووە لەسەر ئەو ڕاستییەی کەوا : بەرنامەو قوتابیو مامۆستا سێ کوچکەی بنچینەیینو کردارەکانی پەروەردەو فێربوونن. پەروەردەی نوێ ئاشکراو ڕوونە قوتـــابی بە ئامانجی ســـەرەکی داناوە لە بایەخدانەکانیو بەرنامەو مامۆستاشی شان بە شانی داناوەو پەیوەندییەکانی تێوان هەر سێ لاکانی سێ کوچکەکەش پەیوەندییێکی (دینامی)و ئەڵبەتیە، هەر گۆڕانێك لە هەر یەکێ لەو سێ لایەنە بکرێ یان ڕووبدا یەکسەر کار ئەکاتە ســـەر دوو لایەنـــەکەی تریش ... کەواتە لەم چەمکو بۆچوونەدا هۆیەکانی پەرەدان بە بەرنامەکانی پەروەردەو فێربوون شیئەکەینەوەو هـــەر لەم سووچەوەش ئەگوازینەوە سەر چەمکی پەرەدان بە بەرنامەکانی فێربوونی زمانی کوردی .

بەرنـــامەی قوتابخانەیی ڕێبازی سەرەکی پەروەردەیەو لێپرسراوی هێنانەدیی ئامانجەکانو ناوەڕۆکەکانی زانستیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییە. گرنگیی بەرنامەی قوتابخانەیی لە گرنگیی دەوری پەروەردەو فێربوونداو دەرئەکەوێ ، کاتێ کە زانیمـــان پـــەروەردە یەکێکە لە گرنگترین ئامرازو کەرەستەی کـــۆمەڵ بـــۆ پێگەیانـــدنی نەوەکانیو چەسپاندنی فەلســـەفە کۆمەڵایەتییەکەی .

ئایا لە بـــواری پەروەردەو فێربووندا ئـــەم پەرەپێدانە ئـــەبێ چی بگرێتەوە ؟ لە وەڵامدا ئەڵێین بەپێی شارەزاییی ئێمە پەرەدان بە بەرنامەکانو

بڕیارەکانی خوێندنو کتێبەکانی فێربوونو پەرەدان بە ڕێبازەکانی فێرکردنو ئامرازەکانی فێرکردنو پەرەدان بە شێوەکانیو جۆرەکانی ئەزموونەکان ئەگرێتەوە ، هەروەها پەرەدان بە نرخاندنی چالاکییەکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانو کتێبخانە قوتابخانەییەکانو پەرەدان بە چۆنێتیی ئامادە کردنی مامۆستایانو مەشقدانیانو ئاراستەکردنیان لەگەڵ ئاراستەکردنی هونەریو ئامرازەکانی ڕابەریو ئاراستەکردنی دەروونی ... هتد ، ئەگرێتەوە

گومانی تێدا نییە کەوا فێربوون کاری گەورە ئەکاتە سەر لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابووریو ئایینیو لەشساغیو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤو شوێنەواریشی لەم لایەنانەو بوارانەدا خۆی ئەنوێنێ ، ئەگەر وابوو ، کەواتە پەرەدان بە بەرنامەکان تەنها کار ناکەنە سەر قوتابییانو قوتابخانەکان بەڵکو کارکردنەکانو شوێنەوارەکانی بەرەو کۆمەڵو هەموو لایەنەکانی کۆمەڵیش پەڵئەهاوێژنو ... ئەگەر ئەم ڕاستییەمان زانی ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کەوا پەرەدان بە بەرنامەکان کلیلی دەرگاکانی هەموو بوارەکان ، بەڵکو پەرەدان بە دروستکردنو ئامادەکردنی مرۆڤی دوارۆژەو هەرکاتێ توانرا مرۆڤی دوارۆژیش ئامادەبکرێ ، ئەو کاتە ئەو مرۆڤە توانینی بەردەوامبوونی لە پەرەپێدانو پێشخستنی کۆمەڵەکەی ئەبێ .

ئەگەر هاتو بە تەواوی دەستنیشانی گرنگیی دەورەکانی بەرەپێدانمانکرد لە بواری بەرنامەی قوتابخانەیی ، ئەو کاتە بۆ نموونە ڕێبازێکی فێرکردنو وانەوتنەوەیەکی لاواز یان نەگونجاومان چاوپێکەوت ، ئەو ڕێبازە ئەنجامە مەبەستەکان ناداتە دەستەوە کەوا جێگای مەبەستی هەموو لایەنەکانی بەرنامەکەیە ، کەواتە پێویستە بە ڕێبازێکی زانستییانە دیراسەتبکرێو پەرەی پێبدرێو بگۆڕدرێ چ لە ڕووی دیمەنەوە چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە ...

به هەر حاڵ گۆڕینو پەرەدان بە هەر ڕێبازێکی فێرکردن پێویستە ڕێبازێکی نەرمو گونجاو بێ لەگەڵ توانێو کاتی داندراو بۆ فێرکردنەکەو جێگای وەرس‌بوونی مامۆستایانیش نەبێ لەگەڵ لێکدانەوەی هەموو لایەنەکانی دەروونیو ژینگەیی قوتابیەکان کە جێگای فێرکردنەکەن‌و نابێ لایەنەکانی ئابووریی ڕێبازەکەش لە هیچ کاتێکدا پشت گوێ بخرێ ، وەک کورد وتەنی ئەستەڕلە ڕوو گرانتر نەبێ •

هۆیەکانی پەرەپێدان :

هۆیەکانی پەرەدان بە بەرنامە زۆرن‌و لە ژماردن نایێن ، ئەوی ئێمە مەبەستمانە ، هۆیەکانی پەرەدانە بە بەرنامەکانی قوتابخانەو ئەم بەرنامانەش ڕۆژانە جێگای کارتێکردنن بە هۆی پەرەسەندنی زانستو ڕۆشنبیریو پەروەردەو کۆمەڵو بواره جۆراو جۆرەکانی ژیان‌وپێویستەکانی ژیان ... هۆیەکانی پەرەدان بە بەرنامەکان ئەتوانین بیانکەینە سێ بەشی سەرەکی‌یەوە :

یەکەم : بەرنامەکانی ڕابوردووو پێشوو کەوا بە هۆی پێش‌کەوتن‌و پەرەسەندنی بواره‌کانی ژیان دواکەوتوون •

دووەم : ئەو گۆڕان‌کاری‌یانەی بەسەر قوتابی‌و کۆمەڵو ژینگەو زانیاری‌و زانستی‌یە پەروەردەیی‌یەکان‌دا هاتووە ، لەگەڵ دوانەکەوتنی لە ڕێڕەوی پێش‌کەوتنەکانی ولاتانی جیهان‌دا •

سێیەم : پێش‌بینیی پێویستی‌یەکانی تاکو کۆمەڵ لە دواڕۆژدا •

دەربارەی خاڵی یەکەم هەر کاتێ هەستکرا بە دواکەوتوویی بەرنامەکانی قوتابخانەیی چ لە ئەنجامی ئەزموونەکانی قوتابی‌یان یان هەڵسەنگاندنەکانی شارەزاکان‌و پسپۆرەکانی ئەم بواره دەربارەی دابەزین‌و نزم‌بوونەوەی هێڵی بەیانیی ژمارەی قوتابیانی دەرچوو « الخریجین »یان

نزمبوونەوەی ئاستی زانیاریان بە شێوەیەکی گشتی ... ئەو کاتە مەسەلەی گۆڕینو پەرەدان بە بەرنامەکان دێنەکایەوە لە هەموو ڕوویەکەوە ، کاتێ کە ئەڵێین بەرنامەکانی پێشوو دواکەوتوونو ئامانجەکانی کۆمەڵ ناهێنندی وەك پێویست ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بەرنامەکان دواکەوتوون یان بەرەو دواوە گەڕاونەتەوە ، لەبەر ئەوەی بەرنامە داندراوەکان هەر ئەو بەرنامانەنو نەگۆڕاونو لە کاتی دانانیاندا تەواوو پێشکەوتوو بوون ، بەڵام قوتابیانو کۆمەڵو ژینگەو زانیاریو زانستیەکانی پەروەردەیی گۆڕاون .

پەرەسەندنی ئەم لایەنانەش زۆر بە پەلە ڕووئەدا بە تایبەتی ئەم گۆڕانکاریانەو پەرەسەندنانە لە ئاخروئۆخری سەدەی بیستەمدا ئەوەندە تێژڕەون فریاکەوتنیانو دوانەکەوتن لێیان هەروا ئاسان نیە بە تایبەتی لە بوارەکانی زانستیو زانستیەکانی پەروەردەیی ، کەواتە ئەو بەرنامانەی لە ساڵەکانی ١٩٧٠ ــ ١٩٨٠ ئەگونجانو فریای ڕێڕەوی ژیاری ئەکەوتن لە وڵاتەکەماندا و ئامانجەکانی کۆمەڵیان ڕائەپەڕاند ، هەر ئەو بەرنامانەنە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ ــ ١٩٩٠ دوائەکەونو پێویستیان بە گۆڕینو پەرەپێدان هەیە .

دەربارەی خاڵی دووەم ، ئایا ئەو قوتابیانەی ئەمڕۆ فێریان ئەکەین هەر ئەوانەن کە چەند ساڵ لەمەوبەر فێرئەکران یان جۆرێکی ترن لە جۆری بیرکردنەوەیان لە ژیانیاندا ، یان ئەو کۆمەڵەی دوێنێو ئەمڕۆ تیایا ئەژیان جیاوازی یەکی زۆری هەیە لەگەڵ کۆمەڵانی بیست ساڵ لەمەوبەر ، هەرچەندە گۆڕانکاریەکانی داب و نەریتی هەر کۆمەڵێك بە شێوەیەکی گرانو لەسەر خۆ ڕووئەدەن نەك بە پەلەپەلو تیژی وەك تیژیی گۆڕانکاریەکانی بوارەکانی تر . ئەو ژینگەیەی قوتابیان تیایا ئەژینو ئەو کۆمەڵەی کە قوتابیەکە یەکێکە لە ئەندامەکانی ، پێویستە قوتابیەکە خۆی لە گەڵ گۆڕانکاریە ڕامیاریەکانو ئابوریەکانو کۆمەڵایەتیەکان بکونجێنێ ،

بۆ ئەوەی لە کاروانی گۆڕانکاری‌یەکە دوانەکەوێ . نەك هەر لە کۆمەڵەکەی خۆی بەڵکو خۆی‌و کۆمەڵەکەی ئەبێ لە ڕێڕەوی پێش‌کەوتووی کۆمەڵانی دراوسێ‌و جیهانیش‌دا دوانەکەون ... بە تایبەتی پەرەسەندن‌و پێش‌کەوتنی کۆمەڵانی وڵاتەکانی دەوروپشتی باشترین‌و کاری‌گەرترین هۆن بۆ هاندانی کاربەدەستان‌و زانایان‌و پسپۆڕانی پەروەردەو فێربوون کە هەمیشە خەریکی پەرەدان بە بەرنامەکانی پەروەردەو فێربوونن .

بۆ نموونە لە کۆتایی ساڵی ۱۹۵۷دا لە ئەمریکا هەڵمەتێکی گشتی کرا لە بواری گۆڕینی بەرنامەکانی قوتابخانەیی،بە تایبەتی دوای ئەوەی هێرشێکی توند کرا لە لایەن زاناکان‌و زانایانی پەروەردەو دەروونناسەکان دژی بەرنامەکانی فێربوون‌و ئامرازەکانی فێرکردنی باو لە ئەمریکا لە هەموو بوارەکانی‌دا لە قوتابخانەی سەرەتایی‌یەوە تا ئەگا بە زانستگاکان ، ئەمەش هەمووی دوای ناردنی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ ئاسمان لە لایەن یەکێتیی سۆفێتەوە ... ئەوە بوو دوای ئەم هەڵمەتە گشتی‌یە چاویان بە بەرنامەکانیان‌دا خشاندەوەو پەرەی تەواویان پێیان دا بە تایبەتی لە بواری بیرکاری‌و زانستی‌یەکان‌و شێوەی فێرکردنەکان . ئەوەبوو لە ساڵی ۱۹۵۹دا کۆبوونی Woods Tole Conference on Education بەسترا لەسەر داوای ئەکادیمیای‌زانستی‌یەکانی ئەمریکی .

ئەم کۆبوونە دە ڕۆژی خایاندو سی‌وپێنج زانای مەزنی بواره زانستی‌یەکانی ئەمریکا تیایا بەشداربوون . دوای چەند ساڵێك ئەمریکاش مانگی دەستکردی خۆی نارده ئاسمان .

نموونەی دووەمی گۆڕانکاری لە بواری ڕامیاری‌و ئامانجەکانی کۆمەڵ لە عێراق‌دا دوای شۆڕشی ۱۷/۳۰ تەممووزی‌ساڵی ۱۹۶۸ ڕووی‌داو ئامانجەکانی کۆمەڵ‌و پەروەردە بە تەواوی گۆڕاو ڕێڕەوی هاوبەشێتی (الاشتراکیة) هاتە کایەوەو دەستکرا بە گۆڕینی بەرنامەکانی پەروەردەیی‌و فێربوون بە جۆرێك بتوانێ ئامانجە تازەکان ئەنجام بدا .

دەربارەی خاڵی سێیەم کە یەکێکە لە هەرە خاڵە گرنگەکانی هۆی گۆڕین و پەرەپێدان ئەویش پێشبینیی پێویستییەکانی تاکو کۆمەڵە • لەم ڕووەوە ئیمامی عەلی فەرمووێتی : منداڵەکانتان پەروەردە بکەن بۆ سەردەمێکی تری ئەم سەردەمەی خۆتان ••• کەواتە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵەکانمان پێویستە لەسەر ئەو بنچینەیە ئامادەی بکەین بۆ ژیانی دوارۆژی و بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵەکەیدا ڕووئەدا •

گەلێ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ، کاتێ کە هێڵە سەرەکییەکانی پەرەدان بە پەروەردەو فێربوون ڕائەکێشن حیساباتی سااڵنی داهاتوو ئەکەن بۆ زیاتر لە (٣٠)سی ساڵی ئایندە ، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ساڵ ٢٠٠٠ • کەواتە مەسەلەی دانانی نەخشەو بەرەپێدان نابێ بەوەوە گرێ بدرێ کەوا تووشی تەنگو چەڵەمەو گیروگرفت بووین ئەو کاتە خەریکی چارەسەرکردنیان ببین کە ئەمەش لە وڵاتانی جیهان سێیەم زۆر ڕووئەدا •

بۆ نموونە شەقامێك بکەینەوەو قیرتاوی بکەین و دوای چەند ڕۆژێك یان چەند مانگێك قیرتاوەکە هەڵبقەنینەوەو تەلی تەلەفۆنی بە ژێردا ڕەتبکەین و دوای چەند مانگێکی تریش دووبارە تێکومەکانی بدەین و بۆڕی ئاو بە ژێریا ڕەت بکەین و ••• پاشان تەلیکارەباو ••• هتد • دەها جاری تر ئەم شەقامەو شەقامەکانی تریش تێکبدەینەوە لەبەر پێویستییەکانی سەردەم •• ئەمانەش هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی نەخشەو دیراسەتکردنی پەرەپێدانەکانە •

ئامرازەکانی پەرەپێدانی گۆڕو نوێ :

١ ــ پەرەپێدان بە ڕێگای لادانو خستنەسەرو گۆڕینەوە •

٢ ــ پەرەدان بە کتێبەکانو ڕێبازی فێرکردنو ئامرازەکانی فێرکردن •

٣ ــ پەرەدان بە ئەزموونەکان •

٤ ــ هەڵبژاردنی تازەترین ڕێنمایی بەرنامەیی .

٥ ــ زیادکردنی هەندێ شتی تازەبابەت بۆ سەر ڕێنمایی بەرنامەکانی پەروەردە .

٦ ــ گۆڕینی پەیژەی فێربوونیەتی .

٧ ــ ڕۆیشتن لەسەر پێڕەوی کاتە داندراوەکان .

٨ ــ پەیڕەوکردنی قوتابخانەی گشتی (الشاملة) (١٨ : ل٢٤ ــ ١٠٢) .

بنچینەکانی پەرەدان بە بەرنامەکان :

بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە بەرنامەکانی قوتابخانەکانمان بدەین پێویستە پەرەدانەکان لەسەر بناغەی زانستیی یەکانو پەروەردەیی یەکانو ڕێبازە ئەکادیمیاکان بن ، ئەگەر هاتو ڕەچاوی ئەم بنچینە سەرەکییانە لە پەرەدان بە بەرنامەکان بکرێ ، ئەوکاتە لەسەر زەمینەیێکی سەخت دائەمەزرێنو ئامانجە دیاریکراوەکانی کۆمەڵیش دێنەدی . هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ کەوا بەردی بناغەی دروستکردنی بەرنامە بنچینەکانی پەرەپێدان چەند خاڵێکی هاوبەشن وەك :

(قوتابیو ژینگەوکۆمەڵو ڕۆشنبیری) خاڵی چوارەمیان کە ڕۆشنبیری یە بە گۆڕانکاری یەکانی سەر سێ خاڵەکانی پێشەوە گرێدراوە .

لە کاتی دانانی بەرنامە پێویستە ڕەچاوی پێویستی یەکانو ئارەزووەکانو توانیو ئامادەیی و مەودای گەشەکردنی قوتابی یەکە بکرێ ... بەڵام لە کاتی پەرەدان بە بەرنامە ، پێویستە دەستنیشانی ئەو گۆڕینانە بکرێ کە لەم لایەنانە ڕووئەدا لە ڕووی چەندو چۆنەوە... کەواتە دەستنیشانکردنی ئەو گۆڕانکاری یانەی بەسەر قوتابی یانو پێویستی یەکانیانو گیروگرفتەکانیاندا دێ ، ئەو کاتە قەوارەی پەرەپێدانەکە بە پێی قەوارەی گۆڕانکاری یەکان ئەبێ .

پەرەپێدان لەسەر کۆمەڵێ بنچینەی سەرەکی دائەمزرێ لەوانە :

١ ــ نەخشە •

٢ ــ چاوپێخشاندنەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکانو سەرلەنوێ دارشتنەوەیان •

٣ ــ پەنابردنە بەر دیراساتی زانستییانەی ژینگە بە مەبەستی پەرەپێدان •

٤ ــ پەنابردنە بەر دیراساتی زانستییانەی قوتابیان لە کاتی پەرەپێداندا •

٥ ــ پەنابردنە بەر دیراساتی زانستییانەی کۆمەڵ •

٦ ــ بەردەوامبوونی پەرەپێدان شانبەشانی ڕووکارە جیهانیکانو گیانی چەرخی سەردەم •

٧ ــ تاقیکردنەوە •

٨ ــ گشتیو تەواویو لەنگەربەستن •

٩ ــ هاریکاری •

١٠ ــ بەردەوامبوون • (١٨ : ل١٠٥ ــ ١٤٩) •

١ ــ نەخشە :

پەرەپێدانی سەرکەوتوو وەك هەموو کردارێکی تاکە ، یان کرداری کۆمەڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامێکی دیاریکراو ، پێش هەموو شتێك پێویستە پەرەپێدانی سەرکەوتوو لەسەر بنچینەی نەخشەیەکی دروست دابمەزرێنرێ ئەمەش پێویستی بە دانانی نەخشەیەکی فراوانو گشتییەو ئەبێ هەموو لایەنەکانی بگرێتەوە ، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکردنی هەموو زانیاریەکانە لەسەر ئەو بابەتەی کە جێگای پەرەپێدانەکەیە وەك کردارە ئەژماریەکانو هەموو ئەو بڵاوونامانەی لەسەر بابەتەکە هەن • ئەو کاتە دوای دەستکەوتنی هەموو ئەو زانیاریانەو دیراسەتکردنی بابەتەکە

بە شێوەیێکی زانستیانە نەخشەی پەرەپێدانو ڕاپەڕاندن بە پێی قۆناغەکان دەستئەکرێ بە دانانیانو ئەو کاتە پێویستە هەر قۆناغێك ماوە کاتیەکەی دیاری بکرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ هەر قۆناغێك کە ڕائەپەڕێندرێ ، دوای ڕاپەڕاندنەکەی هەڵسەنگێندرێ بە تەواوی ، وەك ئەو نەخشانەی دائەندرێن (نەخشەی پێنجینە)و هەر پێنج ساڵ جارێك نەخشەیەکی تازە دائەندرێ ، بۆ نموونە نەخشەکانی ساڵانی ١٩٧٠ ــ ١٩٧٥و ١٩٧٥ ــ ١٩٨٠و ١٩٨٠ ــ ١٩٨٥و٠٠٠تا ساڵی ٢٠٠٠ .

ڕێبازی نوێی دانانی نەخشە لە هەر قۆناغێكدا کە ئەبردرێو ئەنجامئەدرێ ئەو قوناغە هەڵئەسەنگێندرێو سوود لە لایەنە ئیجابیەکانو سەلبیەکانی وەرئەگیردرێتو بەردەوام ئەبن لەسەر هەڵسەنگاندنی هەموو قۆناغەکانی نەخشەکان تا کۆتایی‌یان پێدرێ . ئەم هەڵسەنگاندنانە پێیان ئەوترێ (التغذیةالرجعیة) کەرداری‌کەش ئەنجامی پڕکردنەوەو ڕاستکردنەوەی هەڵەکانو کەلەبەرەکانی پێشووتر ئەدا بەدەستەوە ، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی داهاتوو لە لادانو هەڵە دووبارەونەوە . کەرداری (التغذیةالرجعیة)یارمەتی ئەوە ئەدا کەوا هەڵەکان بە زووبی ئاشکرا بکرێنو ئەو کاتە چارەکردنیانیش هاسانتر ئەبێ ، بەڵام ئەگەر بێتو هەڵسەنگاندنەکان دوا بخرێن تا قۆناغەکانی نەخشەکە تەواو ئەبێ ، ئەو کاتە نەك چارەکردنیان قورس ئەوەستێ ، بەڵکو هەڵەی تریش لە هەڵە کۆنەکانەوە ئەنجامئەدرێ .

ئێمە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا جێگای داخە زۆر ئەکەوینە ناو ئەم جۆرە هەڵانەوە ، وەك باش ڕانەپەڕاندنی کارەکان . زۆر جار نەخشەکان باشنو ناتەواونین ، بەڵام ڕاپەڕاندنیان بە شێوەیێکی باشناکرێو ئەنجامەکانی نەخشەکان ناهێنرێنەدی . بۆیە پێویستە نەخشەش بۆ ڕاپەڕاندنی هەموو هەنگاوەکانی نەخشە سەرەکی‌یەکە دابندرێ ، بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێکی‌و لە سنووری ئەو ماوانەی بۆی دانراوە ئەنجامبدرێ .

ئەگەر بمانەوێ نەخشەکانمان دروستو باش‌بن‌و لەسەر بنچینەی زانستی دابندرێن پێویستە :

أ ــ ئەو کارانەی سوودبەخشترن‌و پێویستترن بخرێنە پێشەوە

ب ــ لە کاتی پێشنیارکردنی گەلاڵەی (مشروع)هەر کارێك مەسەلەی دەرامەت‌و توانینی ولاتەکە ڕەچاو بکرێ .

ج ــ چەمکی گەلاڵە بە گشتی‌و فراوان لێك‌بدرێتەوە .

کە ئەڵێین چەمکی گشتی‌و فراوان مەبەستمان تێڕوانینی هەموو لایەنەکانی گەلاڵەکراوەکەیە وەك نەخشەی بەرنامە قوتابخانەیی‌یەکان‌و (بڕیارەدیراسەیی‌یەکان‌و کتێب‌و ڕێبازی پێخوێندن‌و ئامرازەکانی فێربوون‌و چالاکی‌یەکان‌و نرخاندن‌و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەو پێڕۆی خوێندن‌و پەیژەی فێربوون‌و مامۆستاو چاودێری‌و سەرپەرشتی‌و خانووبەرەی قوتابخانەکان...هتد)ئەمانە بە گشتی ڕەچاو بکرێن .

ئەگەر هات‌و یەك لایەن لەم لایەنانە پشت‌گوێ‌خران لەکاتی نەخشەدانان ئەو کاتە نەخشەکە نەخشەیەکی گشتی‌و فراوان نی‌یەو لەسەر بنەڕەتێکی بەهێزو توند دانامەزرێ‌و ئامانجەکانی ناهێنێتەدی .

د ــ وردیی بڵاوونامەکان‌و ئەژمارەکان .

هـ ــ نەرمێتی .

هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵەکانی جیهان ، فەلسەفەی تایبەتی خۆێ هەیە لە ژیان‌داو ئامانجی خۆی هەیەو هەوڵ‌ئەدا بۆ ڕاپەڕاندنیان‌و ئەنجام‌دانیان لە ڕێگای دامەزراوەکانی‌و ڕێکخراوەکانی‌کە یەکێ لەوانە جیهازی پەروەردەیی‌یە پەروەردە کە بەشدارە لە ئەنجام‌دانی ئامانجەکانی کۆمەڵ ، ئەتوانین بڵێین ئامانجەکانی پەروەردەش لە ئامانجەکانی کۆمەڵ‌و فەلسەفەی کۆمەڵەکە وەرگیراوە ، بەم چەمکە بێ ، بەرنامە ئامرازی پەروەردەیە بۆ ئەنجام‌دانی

ئامانجەکانی ، کەواتە دەوری سەرەکی بەرنامە لەسەر کرداری ڕاپەڕاندنی ئەم ئامانجانە مۆڵئەخواتەوە .

هەروەکو باسمانکرد ، قوتابی ئەگۆڕێو ژینگەو کۆمەڵ هەمیشە لە گۆڕاندان (پێڕۆکانیان بارە سیاسییەکانو ئابوورییەکانو ئاینییەکانو کۆمەڵایەتییەکانو ڕۆشنبیرییەکانو سەربازییەکانیان) هەروەها وڵاتانی دەوروپشتمان زۆر بە پەلەو تیژڕەو ئەگۆڕێن ، ئەمانە هەموویان پاڵمان پێوە ئەنێن چاو بە ئامانجە پەروەردەییەکانماندا بخشێنینەوە . هەروەها بە پێی ڕوانینەدوارۆژو پێویستیکانی ، پێویستە هەندێ ئامانجی تازە دابنێین کەوا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانو پێوتسییەکانی دوارۆژدا بگونجێن ، کەواتە پێویستە :

أ ــ چاو بخشێندرێتەوە بە ئامانجەکانی پێشوودا .

ب ــ دانانی ئامانجی تازە .

ج ــ کۆکردنەوەی هەموو ئامانجەکان لە چوارچێوەیێکی گشتیو دوو بارە دابەشکردنەوەیان لەسەر قۆناغەکانی فێربوون .

٣ ــ پەنابردنەبەر دیراسەتی زانستییانەی قوتابییان لەکاتی پەرەپێدان :

گۆمانی تێدا نییە قوتابی ئەمڕۆ جیاوازیی زۆرە لەگەڵ قوتابی دوێنێ ، ئەمەش زۆر ئاشکرایە لە هەموو کۆمەڵەکان ، ئەم جیاوازییەش لە پێویستەکانو گیروگرفتەکانو توانینەکانو ئاواتەکانو بینینی دوارۆژو ئاڕەزووەکانی قوتابییانی ئەمڕۆمان دەرئەکەوێ . ئەم لایەنانە کاری گەورە ئەکەنە سەر بەرنامە ، بەڵکو لە بنەڕەتەوە بەرنامەیان پێوە گرێدراوە ، کەواتە گۆڕینەکانی ئەم لایەنانە داوامان لێئەکا چاو بە بەرنامەدا بخشێنینەوە .

ئەو دیراساتانەی تا ئێستا لە بواری دەروونناسیدا کراون هەنگاوێکی زۆری ناوە بۆ ئاشکراکردنی ئاڕەزووەکانو میولو پێویستییەکانی

قوتابیان ، بەڵام زۆربەی زۆری ئەم دیراساتانە لە ئەمریکا کراون لەگەڵ هەندێ لە وڵاتە ئەورووپاییەکانو ئەنجامە زانستییەکانیان جێگای گومانلێکردن نین ، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ پەنای تەواو ببرێتە بەریان ، لەبەر ئەوەی لە ژینگەیێکی ئەمریکیو ئەورووپایی کراوونو لەسەر قوتابیانی ئەو وڵاتانەش تاقیکراونەتەوە ، ئەو وڵاتانەی بە هەزارەها کیلۆمەتر لە وڵاتی ئێمەوە دوورنو جیاوازیێکی زۆریش هەیە لە نێوان تاك و کۆمەڵانی وڵاتەکەمان لەگەڵ تاك و کۆمەڵانی ئەوان لە جۆری بیرکردنەوەو ڕەوشتو داب و نەریتو پێوەستییەکانو گیروگرفتەکانماندا ... هەرچەندە ئەتوانین سوودیان لێ وەربگرین ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە خۆمان خەریکی دیراساتو تۆژینەوەی زانستییانە بین بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی ئارەزووەکانو مەیلو پێوەستییەکانو توانینەکانو گیروگرفتەکانی قوتابییەکانمان بکەین بە ڕێبازێکی زانستییانەو دروستو واز لە دەمەلاسکێو لاسایی وڵاتە پێشکەوتووەکان بێنین ... ئەو کاتە تا ئەگا بە سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانیان ، ئەنجامەکانی باشترو دروستتر ئەبێ .

ئەمڕۆ ئێمە زیاتر لە جارانو لە هەموو قۆناغە ڕابوردووەکان زیاتر پێوەیستمان بە ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێ دیراساتو تۆژینەوە هەیە لە بواری دەروونناسیو پەروەردەو ڕێبازەکانی پێخوێندنی گشتیو تایبەت بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێبازو شێوەکانی کرداری فێربوون .

٤ ــ پەنابردنە بەر دیراسەتی زانستییانەی ژینگە بۆ پەرەپێدان : هەنگاوەکانی پەرەپێدان

ژینگەش هەمیشە لە گۆڕاندایە وەك قوتابیان . باشترین نموونە ئەو وڵاتانەی نەوتیان تیا دۆزرایەوە ژینگەکانیان لەم دە دوانزە ساڵانی پێشوودا چەند گۆڕانکاریان تیا ڕووی داوە . ئەمڕۆ زۆر شاری گەورە هەیە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەتوانین بڵێین پێش نەوتدۆزینەوە دێهاتی گەورەش نەبوون .

یان به هۆی دروستکردنی پەنگاوو چالکردنی زەوی زۆر زەوی‌و ولاّت له دێسەکاری‌و بیابانی‌یەوە بۆتە زەوی‌یێکی کشتوکاڵی‌و شوێنەکە ئاوەدان بۆتەوەو بە دەهاو سەدەها شاری گەورەیان تیا پەیدابووە ، کە لەبنەڕەتەوە هەر نەبوونە . یان ئەو دێهاتانەی لە کوردستانی عێراق‌دا ئەمڕۆو دوای بەیانی ١١ی ئادارى ساڵی ١٩٧٠ زۆربەی زۆریان کارەبایان بۆ چووەو ئاوی خاوێنی‌خواردنەوەو گەیاندنی ڕێگای قیرتاوو کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو لە هەندێ دێهاتی گەورەش کردنەوەی بازاڕو گەڵێ ڕێکخراوی خزمەت‌گوزاریی تر... هتد . ئەمانە هەمووی نموونەی گەورەی گۆڕینی بە پەلەو تیژی ژینگەیە ، کەواتە پەرپێدان بمانەوێ یان نەمانەوێ ئەبێ پەنا بەرێتە بەر ئەم پێشکەوتن‌و گۆڕانکاری‌یانەی بەسەر ژینگەکاندا هاتووە .

ئەگەر هاتو پەرەپێدانەکە لە ژینگەیێك لە ژینگەکان لەکشتوکاڵی‌یەوە بەرەو پیشەسازی گۆڕاو پەرەی‌سەند ، ئەوا ئەو کاتە پێویستە قوتابخانەی پیشەسازیی هونەری‌یەکان بکرێتەوە تیایا ، کەوا پەیوەندی‌یان بە پیشەسازی‌یەوە هەیەو ئەو قوتابی‌یانە دەرئەچوێنێ کەوا لە بواری پیشەسازی‌دا کاربکەن ، ئەو قوتابخانانە بە شەوو ڕۆژێك دروست ناکرێن‌و ماوەیێکی زۆری پێویستە بۆ دروستکردنیان‌و ئامادەکردنی بەرنامەکانیان بە پێی تازەترین ڕووکارەکانی بواری فێربوونی پیشەسازی ، هەروەها لە هەر بوارێکی تر ئەگەر جێگای پەرەپێدان بێ .

٥ ــ پەنابردنە بەر دیراسەتی زانستی‌یانەی کۆمەڵ بۆ پەرەپێدان : ــ

کۆمەڵیش وەك تاکە لە پێویستی‌یەکانی‌و گیروگرفتەکانی‌و توانینەکانی . هەر گۆڕینێکیش لە هەر لایەنێکی ژیان‌دا لە کۆمەڵەکەدا ڕووبدا بێ گومان ئەیێتە هۆی گۆڕانکاری لە لایەنەکانی‌تریش . بۆ نموونە شەڕی نێوان عیراق‌و ئێران کە تووش بووینە ، بمانەوێ یان نا کاری کردۆتە سەر ئابووریی ولاّت‌و ڕۆشنبیری‌و پەروەردەو کۆمەڵایەتی‌و ... هتد .

دیراسەتو تۆژینەوەی زانستی بۆ کۆمەڵ یارمەتیمان ئەدا بۆ دیاریکردنو سنوورکێشانی هەندێ لە ئامانجەکانی کۆمەڵ ، کەوا خزمەتی کۆمەڵەکە ئەکەنو زۆربەی زۆری ئەم ئامانجانەش لە دەوروبەری تاك ئەخولێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر توانیمان تاك بە باش پەروەردە بکەینو ئامادەی بکەین ، ئەو کاتە تاکەکە ئەتوانێ بە دروستیو باشی خزمەتی ولاتەکەی بکاو ئەرکەکانی سەر ئەستۆی ڕاپەڕێنێ •

٦ ــ ڕۆیشتنی پەرەپێدان شانبەشانی ڕووکارە جیهانییەکانو گیانی ئەو چەرخەی تیایا ئەژین : ــ

هەر ولاتێك هەوڵ ئەدا لە ڕێڕەوی پێش کەوتندا لەولاتانی تر دوانەکەوێ • کەواتە ئاستێکی جیهانی هەیە بۆتە پێوەر بۆ هەر دەوڵەتو کۆمەڵێك لە ڕێڕەوی ژیاریو شارستانێتی هەوڵئەدا دوانەکەوێ لێی •

ئێستا کە لەدوایین چارەگە سەدەی بیستەم ئەژین پێویستە هەندێ لە سیماکانو تایبەتەکانی ئەم سەدەیە دەستنیشان بکەین کە تیایا ئەژین :ــ

١ ــ چەرخی پێش کەوتنی زانستیو تەکنەلۆژیە •
٢ ــ چەرخی تەقینەوەی زانیاریە •
٣ ــ چەرخی پسپۆڕبوونە •
٤ ــ چەرخی مایەکێتیە •
٥ ــ چەرخی گۆڕینی بە پەلەیە •
٦ ــ چەرخی بێئارامیو شەتەکدانی دەروونیە (١٨) •
٧ ــ تاقیکردنەوە :

تاقیکردنەوە دەوری سەرەکی ئەبینێ لە پەرەدان بە بەرنامە لەسەر بنچینەیێکی زانستیانە • چەندەها ولاّت ئێستاو لەمەوپێشیش هەوڵی پەرەدانیان بە بەرنامەکانیان داوەو سەرنەکەوتوونە لەبەر ئەوەی پەنایان ئەبردە بەر ڕاکانی کەسایەتیو بە شێوەی سەرەپێیی و بەو شێوەیە بڕیارەکانو

یاساکانیان ئەداو ڕایان ئەنا • ئەوەیان شێوەی پەرەپێدان دائەنا • بەڵام ئەوەی پەرەپێدانی دامەزراو لەسەر بنەڕەتی زانستی لە شێوەکانی تر جیائەکاتەوە تاقیکردنەوەیە •

ئامانجەکانی تاقیکردنەوەیی :ـ

تاقیکردنەوەیی ئامانجی زۆرە ، لەوانە :

(أ) ئاشکراکردنی ڕاستیو دروستی یان هەڵەی بابەتەکانو بیرەکان یان پرۆژەکان یان ئەو ڕێبازانەی ئەکەونە ژێر دەسەڵاتی تاقیکردنەوەیی • پاشان تاقیکردنەوەییەکە ڕێگامان ئەداتێ قەبوڵی بکەین یان ڕەتیبدەینەوە •

(ب) زانینی لایەنە بەهێزەکانو لاوازەکانی بەرنامە پێشینارکراوە کە پێش دەستکردنە ڕاپەڕاندنی ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر زەمینەیێکی توندو تۆڵ ڕابوەستێ •

(ج) تاقیکردنەوەیی ماوەمان ئەداتێ چارەکردنی گونجاو بدۆزینەوە بۆ گیروگرفتەکان بە ڕێبازێکی زانستیانە •

(د) ماوەمان ئەداتێ بۆ ئەوەی بزانین کام لایەنی بەرنامەکە کار ئەکاتە سەر لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی ئەو لایەنانە ڕاستبکەینەوە •

٨ ــ گشتێتیو تەواوەتیو لەنگەربەستن :

١ ــ گشتێتی (الشمول) :

لە کۆندا پەرەپێدانیکەرتی (جزئي)بووەو بایەخی بە لایەنێك ئەدا لە بەرنامە ، یان بایەخی بە هەموو لایەنەکان ئەدا بە بێ ئەوەی لەگەڵ یەکتری بیانبەستێتەوەو ڕەچاوی پەیوەندییەکانی نێوانیان بکا • ئەمەش شێوەیێکی هەڵەیە ، لەبەر ئەوەی بەرنامە شتێك نییە پارچەکانو کەرتەکانی

بەیوەندیان بە یەکەوە نەبێ . بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ سەیرێکی ڕێبازی پێخوێندن بکەین ئەبینین پەیوەندییێکی گەورە هەیە لە نێوان بڕیارەکانی دراسی‌و کێشبی قوتابخانەو ئامرازەکانی فێرکردنو ڕێبازی نرخاندن ، بەڵکو لەمانەش تێپەڕئەکا بۆ قوتابی‌و پەیوەندی بە وانەکەوە یان مامۆستاکەی کە وانەکە ئەڵێتەوە یان ئامانجی پێخوێندنەکە تا ئەگا بە چالاکی‌یەکانی قوتابی‌یەکەو مامۆستاکەش بۆ ئەنجامدانی ئامانجەکە .

بەکورتی پەرەپێدان پێویستە گشتی بێ ، کەواتە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە لە بەرنامەکە ، ئەم لایەنانەش ڕەچاو بکا :

(أ) ئامانجە پەروەردەیی‌یەکانو جۆری ڕێکخستنی بەرنامەیی‌و بابەتەکانی خوێندنەکانو ڕێبازی پێخوێندنو ئامرازەکانی فێربوونو کێشبی قوتابخانەو نرخاندنو چالاکی‌یە جۆراو جۆرەکانی قوتابی .

(ب) ئامادەکردنی مامۆستاو مەشقدانی بەردەوام ، بە پێی ئەو گۆڕانکاری‌یانەی لە بواری پەروەردەی نوێی ڕوو ئەدەن .

(ج) پێڕۆکانی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان .

(د) کردارەکانی ئاراستەکردنی هونەری .

(هـ) پەیوەندی‌یەکانی نێوان قوتابخانەو خێزانو قوتابخانەو ژینگەو قوتابخانەو کۆمەڵو چۆن قوتابخانە بەشدار ئەبێ لە خزمەتکردنی ژینگەو کۆمەڵ .

(و) هاریکاری لە نێوان قوتابخانەو کەرەستەکانی پەروەردەی نامەبەست (غیر مقصود) وەک ڕادیۆو تەلەفزیۆنو سینەماو ڕۆژنامەکانو گۆڤارەکانو یانەکانو کۆمەڵە ڕۆشنبیری‌یەکانو هتد .

هەنگاوەکانی پەرەپێدان

کۆمەڵێ هەنگاو هەنو پێویستە بنرێن لە کاتی پەرەدانبە بەرنامەکان ،

پێش‌خستن‌و دواخستنی هەنگاوەکان پەیوەندیی بە ڕاو بۆچوونی پەرەپێدەرەکانەوە هەیە بەپێی بارەکان‌و وەزعی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و هزریە باوەکان .

١ ــ هەستکردن بە پێویستیی پەرەپێدان .

٢ ــ هەنگاوەکانی پەرەپێدان .

١ ــ هەستکردن بە پێویستییی پەرەپێدان ، دەستناکرێ بە کرداری پەرەپێدان بە شێوەیێکی دروست‌و سەرکەوتووانە ئەگەر پێشەکی هەستکردێکی تۆندو قووڵ نەکرێ بە پێویستی پەرەپێدانەکە کەواتە پەیدابوون‌و دیاربوونی هۆیەکانی پەرەپێدان‌و گرێدانیان لەگەڵ یەکتردا ئەوە لای خەڵکی پەیدا ئەکا کەوا بەرنامەکان کەم‌وکورتی‌و هەڵەیان هەیە کەواتە ئەو هەستکردنە پەیدا ئەکا کەوا پێویستی‌یان بە پەرەپێدان هەیە .

ئەتوانین بە کورتی ئەو هۆیانە لەم خاڵانە گەمارۆ بدەین :

(أ) ئەنجامە خەراپەکانی ئەزموونەکان لە قۆناغە جیاجیاکانی فێربوون بەتایبەتی ئەنجامەکانی دەرچواندنی قۆناغەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی گشتی تا ڕادەیێک باوك‌و کەسوکاری قوتابی‌یەکان بوروژێنێ .

(ب) دابەزینی مستوای قوتابی‌یە دەرچووەکان .

(ج) شکایەتی جەماوەرلە دەست خەراپی بەرنامەکانی ئێستا ، کە زۆر جار ئەم شکاتانە لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن یان ڕۆژنامەکان‌دا چاومان پێئەکەوێ‌و گوێمان لێئەبێ .

(د) ئەنجامەکانی تۆژینەوەکان بە تایبەتی ئەو تۆژینەوانەی کە هەندێ لە لایەنەکانی بەرنامەکان وەك کتێبی قوتابخانە‌و ڕێبازی

پێخـوێندنو پێڕۆی ئەزموونەکان دیـاریئەکەن بـە خەراپی بەتایبەتی ئەو تۆژینەوانەی لە دیراساتی بالآو کۆلێجی پەروەردە ئەکرێن یان مەڵبەندەکانی تۆژینەوەی پەروەردەیی •

(هـ) ڕوانینی وڵاتانیتر کـەوا بەهـەمان قۆناغەکانی وڵاتـەکەماندا تێپەڕبوونە توانیویانە خـۆیان پێشخـەنو پەرەبسەنن ، بـە جۆرێك ئەگەر خۆمان لە گەڵیاندا بەراورد بکەینەوە ئەبینین زۆر لێیان دواکەوتوین ••• ئەم بەراوردکرانە لە خـۆیەوە پاڵمان پێوە ئەنا بەرنامەکانمان پەرەپێبدەین •

٢ ــ هەنگاوەکانی پەرەپێدان :

ئەتوانین هەنگاوەکانی پەرەپێدان لەم خاڵانەی لای خوارەوە دیاری بکەین :

یەکەم : سنوورکێشانی ستراتیژیەتی فێربوون :

لەبەر ڕۆشناییی بینینی چەرخی نوێدا فێربوون بە کەرتێ دائەندرێ لە نەخشەی گشتیی پەرەدانبە کۆمەڵو گەشەکردنی لە بوارەکانی کەلتووریو تەندروستی ، پاشـان پێویسـتە دەستبکرێ بـە سـنوورکێشـانی ئامانجەپەروەردەییەکان بۆ فێربوون لەبەر ڕۆشناییی دروستکردنی تاکو کۆمەڵو وێنەکێشانی ڕامیاریی گشتیی فێربوونو دانانی نەخشەی درێژخایەن بۆ پەرەپێدان لەبەر تیشکی ئایدیۆلۆژی کۆمەڵو پێویستییەکانی ئێستاو داڕۆژیو لەبەر تیشکی پەرەپێدانەکانی جیهانی نوێخواز •

سـنوورکێشانی ئەم ستراتیژییە فەرمانێکی پێویستو بڕواییە • زاناکانو شـارەزاکانی فێـربوون وا ئەبینن ئەنجـومەنێکی نـەتەوایەتی دابمەزرێنرێ بۆ ئەم کردارەو لەم عەناسیرانە پێك بێن :

× پیاوەکانی فێربوون (مامۆستایانو بەڕێوەبەرانو سەرپەرشتکاران) •

× هەندێ لێپرسراوانی ڕامیاری .
× لێپرسراوانی نەخشەدانانی .
× زانایانی ئایینی .
× نوێنەرانی مەڵبەندەکانی بەرهەم هێنان .
× کەس‌وکاری قوتابیان .

ئەرکەکانی ئەنجومەنی نەتەوایەتیی فێربوون :

١ ــ گەمارۆدانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەسەر بنچینەیێکی زانستیانە .

٢ ــ دیاریکردنی پەیژەی فێربوون‌و قۆناغەکانی‌و ئامانجە فراوانەکانی لە هەرقۆناغێك‌و کێشانی وێنەیێکی گشتی بۆ بەرنامەکانی .

٣ ــ وێنەکێشانی نەخشەکانی پەرەپێدان .

٤ ــ کارکردن بۆ کۆمەڵکردنی هەموو توانینەکانی بۆ ئامادەکردنی توانستە پێویستییەکان (بەشەری‌و مایەکێتی (مادی) وهونەری بۆڕاپەڕاندنی نەخشەکان .

٥ ــ دیراسەت کردنێکی زۆر بۆ زانینی هەموو لایەنەکانی ژیانی (ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و پیشەسازی‌و کشتوکاڵ‌و تەندروستی) .

٦ ــ چاوەدێری‌کردنی ڕاپەڕاندنی کردارەکان‌و نرخاندنی هەمیشەییان .

سەرچاوەکان

١ ــ بالدار ، ابراهيم امين . « الاستعداد للقراءة والكتابة » دار المثنى للطباعة والنشر ــ بغداد ، ١٩٨٣ .

٢ ــ البصير ، كامل حسن . « زمانی نەتەوایەتیی‌کوردی » چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق . ١٩٨٤ .

٣ ــ الجمبلاطي ، علي . والتوانسي ، ابو الفتوح . « الاصول الحديثة لتدريس اللغة العربية » . دار نهضة مصر للطبع والنشر . القاهرة . ١٩٧١ .

٤ ـ الجمهورية العراقية ـ وزارة الاعلام . « السلسلة الوثائقية (٣١) تنفيذ بيان ١١ أذار » . ١٩٧٢ .
٥ ـ ديوى ، جون . « الديمقراطية والتربية » ترجمة د . نظمي لوقا . مكتبة الانجلو المصرية . ١٩٧٨ .
٦ ـ شريف ، عبد الستار طاهر ، « تقييم كتاب القراءة الكردية » مطبعة علاء ـ بغداد ، ١٩٨٠ « رسالة ماجستير » .
٧ ـ شريف ، عبد الستار طاهر ، « المجتمع الكردي . دارسة اجتماعية ثقافية ، سياسية » مطبعة دار العراق للطبع والنشر ، بغداد ، ١٩٨١ .
٨ ـ شريف ، عبد الستار طاهر . « نەشونما كردنى زانيارى لاى منداڵ » مطبعة دار العراق للطبع والنشر ـ بغداد ، ١٩٨٢ .
٩ ـ شريف ، عبد الستار طاهر ، « الذخيرة اللغوية عند الطفل الكردي في منطقة كردستان للحكم الذاتي » جامعة بغداد ـ ١٩٨٤ (رسالة دكتوراه غير منشورة) .
١٠ ـ شهلا ، جورج وحربلى ، عبدالسميع وحنانيا ، الماس شهلا ، « الوعى التربوي ومستقبل البلاد العربية » ط٣ دار غندور للطباعة والنشر والتوزيع ، ١٩٧٢ .
١١ ـ عبدالعزيز ، صالح « التربية وطرق التدريس » جـ٢ ط٩ دار المعارف بمصر ، ١٩٧٥ .
١٢ ـ غالب ، حنا . « مواد وطرائق التعليم في التربية المتجددة » ط٢ ، دار الكتاب اللبنانى ـ بيروت ، ١٩٧٠ .
١٣ ـ فندريس ، ج . « اللغة » تعريب عبدالحميد الدواخلى ومحمد القصاص مطبعة لجنة البيان العربي ، ١٩٥٠ .
١٤ ـ الفراز ، عبدالجبار جعفر « الدراسات اللغوية في العراق » دار الطليعة للطباعة والنشر ـ بيروت . ١٩٨١
١٥ ـ المجمع العلمى العراقى « هيئة اللغة الكردية » توصيات ندوة الاملاء الكردى الموحد من ١٨ ـ ١٩/١٢/١٩٨٥ . مطبعة المجمع العلمي العراقي ١٩٨٥ .
١٦ ـ مطاوع ، ابراهيم عصمت « التربية العلمية واسس طرق التدريس دار النهضة العربية للطباعة والنشر ـ بيروت . ١٩٨٢ .
١٧ ـ وافى ، على عبدالواحد « نشأة اللغة عند الانسان والطفل » ط١ مكتب غريب للنشر . مصر ـ جامعة القاهرة . ١٩٧٢ .
١٨ ـ الوكيل ، حلمي احمد « تطوير المناهج » ط١ مكتبة الانجلو المصرية ـ القاهرة ١٩٧٧ .
١٩ ـ وەزارەتى پەروەردە « خوێندنەوەى نوێ » پۆلى دووەمى سەرەتايى ، چاپى (٢٣) ، ١٩٨٤ .

ملخص البحث :

اهداف المناهج واسس تدريس اللغة الكردية

تناول الباحث دراسة المنهج بالتمحيص لما يتناول من مشكلة العلاقة بين الطفل والمنهج . وقد تطرق الى مذاهب ومدارس مختلفة في مجال التربية والتعليم وبصورة خاصة في مجال التدريس .

لقد تطرق الباحث الى التربية القديمة ونظرتها الى الطفل تلك النظرة التى لم تتمكن من مراعاة حاجاته ورغباته بالعكس من التربية الحديثة التى جعلت من الطفل محورا رئيسا للتدريس وهدفا للمناهج التربوية . هذا ويؤكد الباحث على اراء « روسو » الذي هدم اسس التربية القديمة والذي نادى بضرورة اتصال الطفل بالطبيعة واستجابته لميوله الفطرية التى تحددها مقدرته ورغباته الموروثة . وان التربية هي عملية الحياة ذاتها واسلوبها وانها تستمر طوال حياة الفرد .

وقد اكد الباحث على الميادين الستة للمنهج التربوي وهي فنون اللغة والدروس الاجتماعية ومبادئ العلوم العامة والحساب والصحة والتربية البدنية والفنون الجميلة والعملية . هذا مع التاكيد على دور القراءة في تعليم اللغات الحيّة . وان الطفل يتعلم القراءة بطريقة اسرع اذا كانت نصوص القراءة المستخدمة شائقة ومثيرة لاهتماماتهم وان تكون طريقة التدريس منسجمة مع حاجاتهم وخبراتهم ودرجة نضجهم . يشير الباحث الى بعض النماذج الخاطئة في نصوص القراءة الكردية للصف الثاني الابتدائي والتي لاتنسجم مع اتجاهات التربية الحديثة .

هذا ويؤكد البحث على عدم شروع الأطفال بالقراءة قبل ان يبلغ عمرهم العقلي ست سنوات ، مع وجود اراء للبدء بتعليم القراءة والكتابة ابتداءً من الروضة .

لتحديد الأهداف السائدة لتدريس القراءة في المدارس الابتدائية يستعرض البحث ثلاثة مصادر للمعلومات :

اولا : مناقشة حاجات نمو الاطفال ودور القراءة في توفير هذه الحاجات .
ثانيا : تقارير عما تتطلبه القراءة من الاطفال اثناء اداء دورهم فى حياتهم اليومية.
ثالثا : الاطلاع على برامج القراء في المرحلة الابتدائية التى تطورت حديثا في جميع انحاء العالم .

يهتم البحث بتوصيات ندوة الاملاء الكردي الموحد التي اقامها المجمع العلمي العراقي « هيئة اللغة الكردية » ببغداد في ١٨ ــ ١٩/١٢/١٩٨٥ .

كخطوة لتوحيد الاملاء الكردي وحل مشكلة الاملاء التي كانت مزمنة .

هذا ويؤكد الباحث على دور اللغة الكردية في حياة الشعب الكردي لذلك حاول الباحثون والعلماء الكرد ولا يزالون لايجاد لغة ادبية كردية موحدة ، مشيرا الى اهمية اللغة الكردية التي تربط افراد القومية الكردية بعضها مع الأخر ، وانها ذات تأثير كبير في عواطف افراد القومية الكردية لأنها اللغة التي تكلم بها منذ طفولتها وهي لغة التنويمات والأغاني التي تربى وتنمى على سماعها الأفراد منذ الطفولة وحتى الشيخوخة .

هذا ويستطرد البحث اساليب التطوير القديمة والحديثة ومدى ما طرأ عليها من تغيير وتحسين .

يركز البحث على اسس تطوير المناهج كالتخطيط ومراجعة الأهداف التربوية واعادة صياغتها ، واستناد التطوير على دراسة علمية للتلميذ والبيئة والمجتمع ومسايرة التطوير للاتجاهات العالمية وروح العصر الحاضر عصر التقدم العلمي والتكنولوجي ، عصر الانفجار المعرفي وعصر التخصصات ، واسس اخرى عديدة كالتجريب والشمول والتكامل والتوازن والتعاون والاستمرارية بصورة مفصلة في النص الكردي .

وشەو زاراوەکانی باباتاهیر
و
بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا

د. محمد نوری عارف

[ژیانی باباتاهیری هەمەدانیو سەردەمەکەی]

زوربەی کەشکۆڵە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتو ئەو سەرچاوانەی کە ژیانو بەسەرهاتی ناودارانی تیا کۆکراوەتەوەو هەروەها لە وتاری هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان‌دا بە کورتی یا بە شێوەی بۆچوونی تایبەتی ، ناوی بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی هاتووە . بەڵام بە تەواوی نەزانراوە کە ئەم پیاوچاکە لە چ ساڵێک‌دا هاتۆتە جیهانەوەو ، ئایا شوێنێکی لەدایکبوونی هەمەدانو ناوچەکانی دەوروپشتی بووە ، یا لە شوێنێکی تر هاتۆتە دنیاوە ؟ دیسان نەزانراوە ، کە سەردەمی منالێی چۆن بووەو لای چ کەسێ پەروەردە کراوەو خوێندنی سەرەتایی لە کوێو لای‌کێ بردۆتە سەر ؟ ئایا هەر لە هەمەدان‌دا بووە یا لە تافی لاوێتی‌دا هاتۆتە ئەم شارەوەو تێدا جێگربووە ؟ یا ئەڵوەندی کردووە بە پەناگای خۆی . لە ژیانو بە سەرهاتی‌دا نە نووسراوە کە مامۆستای زانستی شەریعەت وە یا پێشوای تەریقەتی کێ بووە ، ئەوەیشی کە بە کورتی لە کە شکۆڵو سەرچاوەکان‌دا بە دەستهاتووە زوربەیان لە یەکِ ئەچنو لە هەندێ سەرچاوەوە پێچەوانەی یەکترنو هەندێ جاریش تێکەڵ بە ئەفسانەو زیادەڕەوی بووە . بەم جۆرە هەندێ کەس ساڵی (٣٢٦)ی کۆچی‌یان داناوە بۆ لەدایکبوونو ساڵی (٤١٠)ی کۆچی‌یان داناوە بۆ مردنیو بەشێکی تریش ساڵانی (٢٩٠–٢٩١) کۆچی‌یان دیاری‌کردووە بۆ لەدایکبوونو ساڵی (٤٥٠) کۆچی ، یا چەند ساڵێ دوای ئەوەیان داناوە بۆ مردنی . هەندێ لەخاوەن کەشکۆڵەکان بابایان بە هاوچەرخی ئەبو عەلی سینا داوەتە قەڵەم کە ساڵی (٤٤٨) کۆچی مردووەو دەستەیەکی تربەهاوچەرخی خواجە ناصیریان داناوە ، کە لە ساڵی (٦٧٢)ی کۆچی‌دا ئەم جیهانەی بەجێهێشتووە .

ئەوەی کە ئاشکرایە ، بابا پیرێکی بە ویژدانو لەخواترسو زاناو ، شارەزای زاراوەکانی صۆفیگەری بووەو ، بەرهەمیشی بە عەرەبیو فارسی

هەیە . بەڵام ڕێبازی دەروێشی‌و گوێنەدان بە خۆو پشتکردنە ئەم جیهانەو بایەخنەدان بـە هەموو خۆشی‌یەك ، شـێوەی هەموو صۆفی‌یە ڕاستەکانەو ئەمەیش بابا تاهیری دوور خستۆتەوە لە خۆپەرستی‌و بۆتە هۆی ئەوەی کـە هیچ کاتێ گوێنەداتە کاروبارو بەسەرهاتی خـۆی‌و لە ڕاستی‌دا ئەبێ ئـەوە بزانین ، کە ئـەم خواناسە بالاتر لە بۆچوونی ماددی‌و چەن‌وچوونی ئاسایی ڕێگای گرتۆتەبەرو ڕادەی بیرو هۆشیشی بەرزتر بووە لـە هاوشان‌و دۆستەکانی‌و ، ئەو بەرگەی کە خەڵکی هەوڵی‌ئەدا لەبەری‌بکا ئەم لەبەری خۆی دای‌ئەمالی‌و لەبەر ئەوە بوو کـە ناوبانگی دەرکرد بە عوریان . بابا هیچ کاتێ گوێی نەداوەتە خۆی‌و ئەوانەیشی کە پلەو پایەیەکیان داوەتێ ، وازی لەوانیش هێناوەو باشترە کـە بڵێین جێگاهەڵبژێری داوێنی ئەڵوەندی هـەمـەدان ، لەش‌و گیانی نەکردووە بە مەنزڵگای خۆی‌و لەم هەردووە هاتۆتەدەرەوەو دڵی ئەوانەی کردووە بـە پەناگای خـۆی ، کـە هۆگری جوانی‌و خۆشەویست‌و ئازادی پاك‌نەژادن ، بەرهەمەکانی بـە شێوەی سادەی لـوڕی تین‌و جۆش‌و گڕوکڵپەی بەرپاکردووە ، لە پەناو ئەشکەوت‌و شوێنی دوور دەست ژیاوەو ، کەچی ناوبانگیشی گەیشتۆتە هەموو گۆشەو کەنارێ . ئەو چوارینە سادانەی هێناوەتە بەرهەم ، بەڵام وردو قـووڵ‌و گران‌بەها ، وتـە کورتەکان (کلمات قصار)ی نووسیوە ، بەڵام پڕواتای بڵندو پێویست بە گەڵێ لێك‌دانەوە ، ئالاندوویەتی بە جۆرێکی عاشقانە ، خۆشەویستیی دەربڕیوە بەڵام ڕاستگۆیانە ، شکاتی لـە سـتەم‌و دوورکەوتنەوەی یارکردووە ، ئەمیشـیان بە شێوەیەکی ژیرانە . بابا تاهیر بەو هەموو پلەوگەورەیی‌یەی کە پێی‌گەیشتووە ، بە درێژایی تەمەنی گۆشەگیرو تەنها بووە ، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی ، کە ناوو نیشانێکی تەواو لە پاش خۆی بەجێنەهێڵێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا نزیکەی نۆ سەدەیەکە ، ئاوازی دڵدارانەو ، وتە کورتە صۆفیانەکانی ، وەکو زەنگێ ئەگاتە گوێی ئەوانەی کە دڵو دەروونیان وریایە .

تا ئێستا لەمە زیاترمان ، لە بارەی ژیان‌و سەردەم‌و بەرهەمی بابا تاهیرەوە پێ نەگەیشتووە ، بەڵام تا ئەو ڕادەی کـە لـە توانادا بووبێ ، لەم‌لاو ئەولای لایەڕەی کەشکۆڵ‌و ئەو کتێبانەی ، کە لە بارەی ژیان‌و بەسەرهاتی کەسانەوە نووسیویانەو ، هەروەها لە گۆڤارەکانیش‌دا ، ئەوەی کە بە دەستگەیشتووە کۆکراوەتەوە (١) .

مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ڕووسی ئەڵێ : بە پێی ئەوەی کە لە دەستنووسی کتێبی سەرئەنجام‌و سەرچاوەکانی تردا هاتووە ، هەندێ کەس بابا تاهیر بە هەمەدانی‌و بە گوێرەی هەندێ بۆچوونی‌تر ، هەندێك بە لوڕستانی دانەنێن . کە ئەڵێن لوڕە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەدرێتە پاڵ لوڕستان ، ئەتوانین بڵێین لـە سەدەی یانگزەهەمی زایینی‌دا کـە بەرامبەری پێنجەمی کۆچی‌یە پەیوەندی بەکی زۆر هەبووە ، لە نێوان لوڕستان‌و هەمەدان‌داو ، شاعیر لەم دوو

شوێنەدا ژیاوە ، ئێستایش لە خورەم‌ئاباد گەڕەکێ هەیە بە ناوی (باباتاهیر)ەوە ، هەروەها دوور نییە کە هاوبەشیی بیروڕای لوڕستانی‌یەکان لە مەسەلەی ئەهلی حەقق لەگەڵ ئەودا ، بووبێتە هۆی ئەوەی ، کە ناوی خۆی بداتە پاڵ لوڕستان ... زۆر جار لە چوارینەکانی‌دا ناوی لووتکەی ئەلوەند ئەبات ، کە کێوێکە ئەڕوانێ بەسەر هەمەدان‌دا . ئەوەی کە ڕوون‌و ئاشکرایە ، ئەوەیە کە بابا تاهیر لە هەمەدان‌دا ژیاوەو لە هەمەدانیش‌دا ئەم جیهانەی بەجێ‌هێشتووە ، ئەوەیشی کە ژیانی بابای لە هەمەدان‌دا ساغ‌کردۆتەوە ، ئەوەیە کە (راوندی) لە (راحة‌الصدور)دا ئەیگێڕێتەوە : « بیستم کاتێ کە سوڵتان طوغرول بێگ هاتە هەمەدانەوە ، سێ کەس لە وەلی‌یەکان کە بابا تاهیر و بابا جەمفەرو شێخ حمشا.... » (٢) .

وشەی (بابا)لە سەرەتای ناوی بابا تاهیرەوە ، ناونیشانی تەریقەتی ئەوە ، هەروەها بە واتای : باوکو باپیرەو ڕیش سپی‌و گەورەی خێڵ‌و کۆمەڵ‌و سەرۆکی قەلەندەران دێت . هەندێ کەس ئەڵێن (بابا) یەکێکە لە ناونیشانە زۆر باشەکانی بەرەی بەکتاشیەو بەم هۆیەوە بابایان داناوە بە یەکێ لە صۆفی‌یەکانی بە کتاشیە(٣)و دووریان کردۆتەوە لە (ئەهلی حەقق) . وە وشەی (عوریان) کە خراوەتە سەر کۆتایی ناوەکەیەوە ، بە زۆری بە هۆی ئەوەوە بووە ، کە بابا تاهیر پشتی کردۆتە هەموو خۆشی‌یەکی ئەم جیهانە ، یا بە درێژایی ژیانی ڕووتەڵەبووە .

هەندێ لە کە شکۆڵ‌نووسەکان‌و ئەوانەی ، لە بارەی ژیانی کەسانەوە نووسیویانە ، ئەڵێن ناوی باوکی بابا تاهیر (فەرەیدوون) بووە :

بورە کەز دیدە جەیحوونی بسازیم
بورە لەیلی‌یو مەجنوونی بسازیم
(فەرەیدوون)ی عەزیز ئەز دەستی مو ڕەفت
بورە ئەز نەو (فەرەیدوون)ی بسازیم

* * *

عەزیزا مەردی ئەز نامەردی نایی
نوغان‌و ناڵە ئەز بی دەردی نایی
حەقیقەت بشنەو ئەز پووری (فەرەیدوون)
کە شوعلە ئەز تەنووری سەرد نایی

* * *

خاوەنی (الذریعة) لە بەشی دووەمی جزمی نۆهەم ، لاپەڕە (٦٤٢)دا ئەڵێ : « (دیوان طاهر عریان) ، و هو بابا طاهر الهمدانی ابن فریدون کما یظهر

من شعره ، قال فی (مع ۱ ص ۳۲٦) انه کان حیاً فی (٤١٠) وفی شاهد صادق انه مات فی ٤١٠ .... »(٤) .

خوالێخۆشبوو (سەعیدی نەفیسی) لە کتێبی (تاریخ نظم ونثر در زبان فارسی ، جلد اول ، ص ۲۲٤ ئەڵێ :

« کوڕی فەرەیدوون یەکێکە لە شاعیرەکانی کۆتایی سەدەی حەوتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم و لە کوردەکانی فارس بووە ، هەندێ لە دوو بەیتی یەکانیمان پێ گەیشتووە کە بە زمانی پەهلەوی فارس داینا ون(٥) .

لەکۆمەڵە دەستنووسەکەی (نورانی) لەبارەی بابا تاهیرەوە ئەمە نووسراوە : تاهیری کوڕی فەرەیدوون کە ناسراوە بە بابا تاهیری عوریان و دێوانەی هەمەدان ... هەندێ کەس لەو باوەڕەدان کە ئەم بڵێند پایەیە خەڵکی دێ سیاوەشانی بەختیاریەو لە نەوەی سیاوەشی کوڕی کەیکاوسە ؟! هەندێکیش ئەڵێن لە بە ختیاریەکانی (وفس)ە ، کەدێ یەکە لە (سردرود)ی هەمەدان ، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی تەمەنی لە داوێنی کێوی ئەڵوەنددا بەسەربردووە ، ناوبانگی دەرکردووە بە دێوانەی هەمەدان و لە دەورو بەری ساڵانی چوارسەدو چەندی کۆچی دا ژیاوە(٦) .

دوکتۆر شەفەق ئەڵێ : باباتاهیری عوریان هەمەدانی بوو ، ڕێبازی دەروێشی و ژیانە سادەکەی کە تایبەتی یە بە صۆفی یەکان ، بۆتە هۆی ئەوەی کە بە گۆشەگیری و گومناوی تەمەنی خۆی ببات سەرو شتێکی وامان لە بارەی ژیانی یەوە بۆ بەجێنەهێڵێ ، لە هەندێ کتێبی صۆفی یەکاندا کورتە باسێک نووسراوە سەبارەت بە پلەو پایەو ریاضەتو دەروێشی و خواپەرستی و وبێنیازی ئەوەوە ، ئەوەی کە زانراوە لە بەسەرهاتی باباوە، بەیەکگەیشتنەکەیەتی لەگەڵ طوغرولی یەکەم ، پاشای سەلجووقی ، لە دەوروبەری ساڵی (٤٤٧)ی کوچی دا لە هەمەدانداو لەم دەنگوباسە ئەوەمان دەستئەکەوێ کە سەردەمی ناوبانگی بابا تاهیر ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کوچی و لەوە ئەچێ کە لەدایکبوونەکەیشی کۆتایی سەدەی چوارەم بووبێ . بابا تاهیر یەکێ بووە لە نووسەرو شاعیرە دڵوڕیاو ئازارچەشتووەکان ، ئەو ئاوازانەی کە بەڵگەی سۆزی دەروونی ئەون بەهۆنراو دەربڕیونو هەروەها چەند وردە کتێبێکیشی هەیە بە عەرەبی و فارسی . یەکێ لەمانە کۆمەڵێکە لە ژێر ناونیشانی (کلمات قصار) بە زمانی عەرەبی ، کە ببروڕای صۆفیەکەری لە زانستو زانیاری و زیکرو خواپەرستی و وەجدو خۆشەویستی ، پێشانئەدات لە ڕستە کورتە کاریگەریەکانیدا ، ناوبانگی بابا بە زۆری بە هۆی دووبەیتی یە شیرینو ئاسایی و هەروەها بە زمانێ داینا وە کە لە لوڕی ئەچێ و هەر لەبەر ئەوەیە کە لە کتێبەکۆنەکاندا بە (فەهلەویات)ناویان بردووە ، لە هەموو چوارینەکاریگەری یە سادەکانیدا باسی جیهان یەکگرتنو

دووریی نادەمیزادو پەریشانی‌و تەنهایی‌و بێ‌دەسەلاتی‌و هەژاریی خۆی کردووە ، شکات لە دوورکەوتنەوەی ئەکاو جیلوەی‌داوە بە ئارەزووی مەعنەوی خۆی . بابا تاهیر لە هەمەدانـدا ئەم جیهانـەی بەجێهێشتو لە هەمان شـاریش‌دا نێژراوە(۷) .

[سەرنجێك لە ئەدەبی سەردەمو هاوچەرخەکانی بابا تاهیر]

بۆ ئەوەی باشتر پلەوپایەی باباتاهیر بناسین پێویستە کورتەسەرنجێك بدەین لە ئەدەبی سەردەمی عوریانی هەمەدانی‌و زانایان‌و شاعیران‌و صۆفی‌یەکانی ئەو سەردەمەو هەروەها کەمێکیش لـە پێش‌و لە دوای ئەوان کە لـە زەمانی غەزنەوی‌یەکان‌و سەلجووقی‌یەکان‌دا ژیاون ، لەم بارەیەوە ئەگەر بە کورتی‌یش ناویان ببەین ، زیاتر ئاگادارئەبین لە بڵندی‌و مەزنی ئەم پیرە قەلەندەرە .

ئەتوانین کۆتایی سەدەی چوارەم‌و هەموو سەدەی پێنجەم‌و شەشەمی دابنێین بـە دەورەی ڕاپەڕین‌و بزووتنەوەی ئەدەب ، چونکە زانستە جـۆر بەجۆرەکان بە هەموو بەشەکانی‌یەوە زیاتر بەرەو پێشـەوە ئەڕۆیشتن‌و زانایان‌و نووسەرانی بەناوبانگ لەو سەدە ناوبراوانەدا پەیدا بوون ئەم گۆڕانە گەورەیەش تا ئەندازەیێ بە هۆی ئەو دەسەڵاتدارو وەزیرانەوە بوو کە خۆیشیان زانا بوون ، وەکو : (اسمعیل صاحب‌بن‌عباد)کە لە سالی (۲۸۵ یا ۲۸۷)دا مردووەو شمس‌المعالی قابوس‌بن‌وشمگیر)کە لە سالی (٤۰۲)ی کۆچی‌دا کوژرا و (بونصرمشکان)و...هتد .

لە سەردەمی غەزنەوی‌یەکان‌داو بە تایبەتی سوڵتان مەحموود(۲۸۹ ــ ٤۲۱)کۆچی ، زۆر ڕێز لـــە شاعیرو نووسـەرو زانایان ئەگیراو خەڵاتیان پێشکەش ئەکرا ، هەر بەو هۆیەوە بوو شاعیران‌و زانایانی گەورە هەڵکەوتن‌و لە دەورەی سەلجووقی‌یەکان‌دا ، هەرچەندە زۆر بایەخ بە شاعیران نەئەدرا ، بەڵام زۆر ڕێزیان لە زانایان ئەگرت‌و یەکێ لـە تایبەتی‌یەکانی سەردەمی سەلجووقی‌یەکان ئـەوە بوو کە صۆفیگەری پەرەی سەندو گـەلێ مەشایخ‌و صۆفی هەڵکەوتن ، ئەتوانین بڵێین کە درەخشان ترین دەورەی تەصەوف بوو . پاشاکانی سەلجووقی گەلێ بایەخیان بە صۆفیگەری ئەدا ، بە تایبەتی طوغرول ، پاشای سەلجووقی‌و سوڵتانی بە دەسەڵات ، بەرامبەر بـە بابا تاهیرو دوو صۆفی تـر لەشکرەکەی ڕاگرتووەو بەوپەڕی ڕێزەوە لەگەڵ بابادا کەوتۆتە گفتوگۆوە (۸) .

[زانایانی سەدەی پێنجەم « چەرخی بابا تاهیر »]

ئەمانە هەندێکن لە زانا گەورەکانی سەدەی پێنجەم‌و دەوروبەری :

× بدیع الزمان الهمدانی ابـو الفضل احمد بن حسن : داهێنەری هونەری

مەقامەنووسی لە سالی ٢٩٨ی کۆچیدا مردووە ، کە لەگەل نووسەرەکانی سەردەمی خۆیدا دۆستایەتیی هەبووە ، وەکو : (ابو حیان التوحیدی)و (ابوبکری خوارزمی) و (ابوعلی مسکویە) .

× ابوعبدالله فقیه معصومی : کە یەکێ بووە لە شاگردە نامداوەکانی شێخ الرئیش ابو علی سینا ،کە لەوە ئەچێ لە سالی (٤٢٠)ی کۆچیدا کۆڕابێ .

× ابو علی مسکویە احمد بن محمد کە فەیلەسووف و پزیشک و مێژوونووس بووو لە سالی (٤١٢)ی کۆچیدا مردووە .

× ابو علی حسین بن عبدالله سینا ، بلیمەت و فەیلەسووفی پۆژهەلات (٣٧٠ی کۆچی ــ ٤٢٨ی کۆچی) .

× ابو عبید جورجانی ، یەکێکە لە شاگردە تایبەتیی یەکانی بو علی و تا سالی ٤٢٨ی کۆچی زیندوو بووە .

× ثعالبی نیشابوری ، ابو منصور عبدالملك بن محمد کە لە سالی (٤٢٩) کۆچیدا مردووە .

× ابو ریحان بیرونی ، محمد بن احمد (٣٦٢ ــ ٤٤٠)ی کۆچی .

× ابو الحسن بهمنیار یەکێ بووە لە قوتابیەکانی بو علی سینا لە سالی (٤٥٨)ی کۆچیدا مردووە .

× ابو الفضل بیهقی ، لە سالی (٤٧٠)ی کۆچیدا مردووە ، دانەری مێژووی آل ناصرە کە سی (٣٠)جزمەو ئێستا چەند جزمێکی ناتەواوی ماوە بە ناوی تاریخی مەسعوودی ، ناسراو بە مێژووی بیهقی .

× ابو سعید عبدالحی بن ضحاك گەردیزی ، نووسەری مێژووی گەردیزی ناسراو بە (زین الأخبار) .

× کوشیار گیلانی ، زانای علومی هەیئەت و ئەستێرەوانی و (مثلثات) .

× ابو الحسن نسوی ، زانای زانستی حساب .

× خطیب تبریزی محمدبن عبدالله ، کە لە سالی (٥٠٢)ی کۆچیدا مردووە(٩) .

[صوفیەکانی سەدەی پێنجەم « سەردەمی بابا تاهیر »]

× شیخ ابو علی دقاق ، لە سالی٤٠٦ی کۆچیدا مردووە .

× شیخ ابو علی داستانی ، لە سالی٤٠٧ی کۆچیدا مردووە .

× شیخ ابوعبدالرحمن سلمی ، لە سالی٤١٢ی کۆچیدا مردووە .

× ابومنصور اصفهانی ، لە سالی٤١٨ی کۆچیدا مردووە .

× ابوعلی سیاه ، لە سالی٤٢٤ی کۆچیدا مردووە .

× ابو الحسن خرقانی ، لە سالی٤٢٥ی کۆچیدا مردووە .

× حافظ ابو نعیم اصفهانی ، دانەری کتێبی (حلیة الاولیاء)لە سالی (٤٤٠)ی کۆچیدا مردووە .

× شیخ ابو سعید ابو الخیر (٣٥٧ ــ ٤٤٠)ی کۆچی .

× ابوعبدالله شیرازی ناسراو به بابا کوهی له سالّی (٤٤٢)ی کۆچیدا مردووه.
× شیخ ابوالقاسم گرگانی ، له سالّی (٤٥٠)ی کۆچیدا مردووه .
× ابو عثمان نیشابوری ، له سالّی (٤٥٧)ی کۆچیدا مردووه .
× امام ابو القاسم قشیری ، دانەری رسالەی قشیریە ، له سالّی (٤٦٥)ی کۆچیدا مردووه .
× شیخ ابوالحسن علی ، دانەری ، کشف المحجوب‌لارباب‌القلوب .
× ابو علی فارمدی ، که مامۆستای غەزالی بووه له صۆفیگەریدا ، له سالّی (٤٧٧)ی کۆچیدا مردووه .
× حجةالاسلام امام محمد غـزالی ، دانەری احیاءالعلـوم (٤٥٠ ــ ٥٠٥)ی کۆچی(١).

(*) صـوفی‌یەکانی سـەردەمی بابا تاهیر کـه ئەوانیش (بابا)یان پێ ئەوتن شەش کەس بوون که ئەمانەن :

١ ــ باباعەلی ، کەله دێی باباعەلی (له نێوان ڕۆژئاواو سەرووی هەمەدان)دا بووه ، گۆڕەکەیشی لەوێیەو دێیەکەیش به هەمان ناو ناسراوه .
٢ ــ بابا حنجر ، کـه له دێی (بابا حنجر)لـه بەشی میهرەبانی هەمەدان‌دا ژیاوه .
٣ ــ بابا شی‌ءالله ، له دێی (اسفندآباد)نێژراوه ، که دوا خاکی هەمەدانەو بەشێکه له خاکی کوردستان .
٤ ــ بابا پەرێشان ، کـه له خاکی (گەرووس)ە نزیکی میهرەبانی هەمەدان نێژراوه .
٥ ــ بابارووذ ، که له خاکی (مەلایر)ەو گۆڕەکەی ناسراوه .
٦ ــ بابانظر ، که گۆڕەکەی لـه بەشی سەردرووذی هەمەدانه ، دێی (بابانظر)یشی بەوەوه ناسراوه .

ئەڵێن دروبرا که له سەیده ناوداره‌کان بوون لەگەڵ بابادا هاوچەرخبوونو له دێی (باباکوڕکوڕ)نێژراونو نـاوی یەکێکیان (باباجمـال)و ئەوی‌تریان (بابا علاءالدین)بووه . له کەشکۆڵی (نورانی)یەوه(١١) .

لێرەدا مەبەستە له ناوهێنانی هەندێ له ناودارانی سەدەی پێنجەمی کۆچی ئەوەیە ، تا باشتر بزانین که بابا تاهیر له چ دەورێکی زێڕینی زانستدا ژیاوەو هاوچەرخی چ زانایانێکی بەناوبانگبووه . ئاشکرایە که ژیانی بابا لـه چەرخێکی واداو له ناو زانایانی بەناوبانگدا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوه ، کـه خاوەنی پلەو پایەیەکی زۆر بڵند بـووەو ناوی ئەویش لەگەڵ زانایانی هەڵکەوتووی وەکو بوعلی‌سینا و صۆفیانی بەناوبانگی وەکو ابوالقاسم قشیری‌دا لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو نووسراوه .
به نرختربن بەڵگەی مەزنیی بابا تاهیر چوارینەکانێتی کـه بەو هۆیەوه

پێشی شاعیران‌و نووسەران‌و صۆفی‌یەکانی هاوچەرخی خۆی کەوتووە ، وەکو : (ابوسعید ابوالخیرو خواجە عبدالله انصاری)و هەروەها بە هۆی وەرگێڕانی چوارینەکانی بۆ سەر زمانە بێگانەکان ناوبانگێکی تایبەتی دەرکردووە .

لە بارەی مەزنی‌و بەرزیی ئەم صۆفی‌یە هەمەدانی‌یەوە ئەوە بەسە کە بڵێین بەو هەموو کۆششو هەوڵەی کە داوێتی بۆ ئەوەی کە ناوی خۆی گومبکات ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی زانستی‌و بلیمەتی‌یەکەی وای لێکردووە کە ناوی لە دڵی هوشیاران‌دا بمێنێتەوەو هیچ کاتێ لە ناو ناوداران هاوچەرخی خۆی‌دا گومنەبێ(١٢) .

[چوارینەکانی بابا تاهیرو چاپە جۆربەجۆرەکانی]

چوارینەکانی بابا تاهیر بە ناونیشانی جیاجیای وەکو : چوارینە ، دیوان ، تەرانە ، ئەشعارو ئەبیات ، گەڵێ جار لە ئێران‌و هەندێ وڵاتانی تردا چاپکراوە ، لە تاران‌و شارەکانی تری ئێران‌دا چوارینە ناوبراوەکان نزیکەی (٢٩)بیست‌و نۆ جار بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ‌و سادەو سەنگی‌و چاپی ئاسایی بڵاوکراوەتەوە(١٣) . لە لاهوورو بۆمبەی‌و شوێنەکانی تری هیندستان نزیکەی نۆ (٩)جار چاپکراوە ، هەروەها لە ئەستانبول دوو جار چاپکراوە ، دوور نی‌یە لە وڵاتەکانی تریش‌دا چوارینەکانی بابا تاهیر چاپ کرابێ ، کە تا ئێستا ئاگامان لێ نی‌یە(١٤) .

بەڵام بە هۆی زۆربی نووسینەوەی‌و دەستکاری‌کردنی بە پێی ئارەزووی نووسەران‌و لە ئەنجامی کاری ڕاستکاران‌و چاپکەران‌دا بەشی زۆری چوارینەکانی بە شێوەی جیاجیا چاپکراون‌و یان وان لەسەر زمانی خەڵکی(١٥) .

بۆ نموونە ئەم چوارینەی خوارەوە بە هەمان ڕێنووس ئەخەینە پێش چاو کە بە جۆری جیاجیا نووسراوەتەوە ، یا چاپکراوە .

- ١ -

اگر دل دلبرو دلبر کدومه　　اگر دلبر دله دل‌را چه نومه
دل و دلبر بهم آمیته دیرم　　ندونم دل که و دلبر کدومه

« لە نووسراوە تازەکانی ئارامگای بابا تاهیر »

- ٢ -

اگر دل دلبری پس دل چه نامی　　اگر دلبر دلی پس دل کدامی
دل و دلبر بهم آمیته وینم　　ندانم دل که و دلبر کدامی

« دەستنووسی ئەکادیمیی زانستیی سۆفیەت»

- ٣ -

اگر دل دلبر و دلبر کدام‌است　　وگردلبر دلو دل‌را چه نام‌است

دل و دلبر بهم آمیته دیرم ندانم دل که و دلبر کدام‌است
« چوارینه‌ی ژماره (۲۷)له هه‌لبژارده‌کانی فروغی »

— ٤ —

اگر دل دلبر و دلبر کدامی و گر دلبر دل دل‌را چه نامی
دل و دلبر بهم آمیته دیرم ندانم دل که و دلبر کدامی
« ده‌ستنووسی خانمی فه‌رزانه »

— ٥ —

اگر دل دلبر و دلبر کدومه و گر دلبر دلو دلرا چه نومه
دل و دلبر بهم آمیته وینم ندونم دل که و دلبر کدومه
« تاریخ ادبیات دکتر رضا زاده شفق ص ۱۰۹
وتاریخ ادبیات در ایران ، دکتر صفا ، ج۲ ص ۳۳۸ »

— ٦ —

اگر دل دلبر دلبر کدام‌است وگردلبردل و دل‌را چه نام‌است
دل و دلبر بهم آمیته وینم ندونم دل که و دلبرکدام‌است
« چوارینه‌ی پێنجه‌می دیوانی بابا تاهیر ، ڕاستکردنه‌وه‌ی
وحید دستگردی ـ چاپی چواره‌م »

— ٧ —

اگر دل دلبری پس دل کدامی اگر دلبر دلی دل‌را چه نامی
دل و دلبر بهم آمیته وینم ندانم دل که و دلبر کدامی
« ریاض العارفین هدایت ص ١٦٠ »

— ٨ —

اگر دل دلبر دلبر چه نومه و گر دلبر دله دل از چه نومه
دل و دلبر بهم آمیته دیرم ندونم دل که و دلبر کدومه
« یادداشتهای آقای قاسم برنا همدانی »(١٦)

هه‌روه‌ها له کۆمه‌ڵه ده‌ستنووسه‌کانی (نورانی)دا له باره‌ی ژماره‌ی هۆنراوه‌کانی بابا تاهیره‌وه نووسراوه : « هۆنراوه ئاوداره‌کانی به زمانی خۆی فه‌رموه ، ئه‌ڵێن هه‌زارو یه‌ك (۱۰۰۱) دووبه‌یتی = چوارینه‌یه ، که ناسراوه به چوارینه‌کانی بابا تاهیر »(١٧) .

دوکتۆر صوره‌تگه‌ر له باره‌ی چوارینه‌کانی بابا تاهیره‌وه ئه‌ڵێ : دووبه‌یتی‌یه‌کانی ئه‌م پیاوه ئه‌ندێشه‌قووڵه ئه‌وه‌نده ساده‌و ڕه‌وانه که هه‌ر که‌سه به ئاره‌زووی خۆی‌و به بێ هیچ دوودڵی‌یه‌ك شتێکی له خۆیه‌وه خستۆته سه‌ری‌و تێکه‌ڵی کردووه له‌گه‌ڵ قه‌ریحه‌ی دره‌خشانی ئه‌وداو ئه‌ویش که پشتی‌کردۆته مادی ئه‌م دنیایه وه‌کو ئه‌وه وایه که سامانی بیرو هۆش‌و

چیـژی خـۆی بە بن دریـغ هەڵڕێژتبێتە بـەردەمی خـەڵکی . لەبەر ئەوە جیاکردنەوەی ، ئەوەی کە زادەی قەریحەی ئەوەو ئەوەی کە بە ناوی ئەوەوە دانراوە زۆر سەختە(١٨) .

[دەستنووسەکانی چوارینەکانی بابا تاهیر]

گەڵێ دەستنووسی دووبەیتیەکانی بابا تاهیر لە کتێبخانەکانی ئاسیاو ئەورووپا ، بە تایبەتی لە ئێرانو هیندستاندا لەگەڵ کتێبو نووسراوی تر ، یا بە شێوەی سەربەخۆ دەست ئەکەون ، هەریەکێ لەوانە ، کۆمەڵە چوارینەیەکی بابا تاهیری تێدایە کە بەشی زۆریان سالّی نووسینو ناوی نووسـەرەکەی لە سەر نییەو لێ کۆڵینەوە لەو هەموو دەستنووسانە لە وزەی ئەم پێشەکییە بەدەرەو شایانی کتێبێکی سەربەخۆیە ، بەڵام بە گوێرەی کورتە ئاگاداریەک کە بەدەستەاتووە ، هەندێ لە دەستنووسە باشەکانی چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی بەپێی بایەخپێدانیان ، ئەمانەی خوارەوەن :

١ ــ دەســتنووسی کتێبخانــەی زانســتگای « تــوبینگن » ئاڵمانیا (Tubingen) کە پێـکهاتووە لە کۆمەڵێ لە چـوارینـەکانی بـابـا تاهیرو کورتەژیانێکی ئەو ، ئەم دەستنووسە بەپێی قسـەی دوکتۆر (اصغر کاظمی)کە دوو ســـاڵ لە زانستگای توبینگن بووە ، شــەســت (٦٠)لاپەڕەیەو ســاڵی ڕێکخستنو کۆکردنەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سەردەمی بابا تاهیر .

٢ ــ بەشی پێنجەم لەو کۆمەڵەی کە پێکهاتووە لە هەشت کتێبو ژمارەکەی (٢٥٤٦)ەو لە کتێبخانەو موزەی قۆنیە ، (لەسەر گۆڕی مەولانا جلال‌الدین محمـد بەلخی ناسراو بە مەلای ڕۆمی) ، لە تورکیادایە ، کە دوو پارچە شیعرو هەشت دوو بەیتیەیە ، بە ناوی بابا تاهیرەوەیەو ئەم کۆمەڵە ، لە سالّی (٨٤٨)ی کۆچیدا نووسراوەتەوە .

٣ ــ نامەی یـەکەمی کۆمەڵەی ئـەکادیمیی زانستیی ســۆفیەتی ژمارە (A. 97) ، ئەم دەستنووسە (٣٥) دووبەیتیەیە ، لە تەرانەکانی بابا تاهیر و ئەم کۆمەڵە ، کە دوو کتێبە بە فەرمانی حاجی جەعفەر ناوێ لە کۆتایی ربیع الثانی سالّی (١٢٠٤)دا لە کابول نووسراوەتەوە .

٤ ــ نامەی شـەشـەم لە کۆمەڵە دوانگزە بەشـەکەی خانمی مەحبووبە فەرزانە کە بە هۆی عەبدوڵلا بن ڕەمەزان عەلی هەمەدانی لە سالّی (١٢٣٠)دا بە وردی لە تاراندا نووسراوەتەوەو پێـکهاتووە لە سەدو شـانگزە (١١٦) چوارینەو یەک غەزەلی هەژدە (١٨)بەیتی بابا تاهیر .

٥ ــ نامەی چوارەمی کتێبی دەستنووسی ژمارە (٥١٢٤)ی کتێبخانەی مەرکەزیی زانستگای تاران ، لە ل ١٠٦ ــ ل ١٠٩ ، کە لە سالّی (١٢٥٤)دا

نووسراوەتەو چل و دوو (٤٢) چوارینەی بابا تاهیر .

٦ ــ نامەی چوارەمی دەستنووسی ژمارە (٤٢٤٣)ی کتێبخانەی زانستگای تاران . (ل ١٥٩ ــ ل ١٦٢)بە خەتی نەستەعلیق لە سالی (١٢٦٩)دا نووسراوەتەوە و ، پێکهاتووە لە بیستو حەوت (٢٧) دووبەیتیی بابا تاهیر

٧ ــ نامەی چواردەهەمی کۆمەڵەی ژمارە (٤٩٤٨)ی مەجلیسی شووڕای میللی ، کە چل و هەشت (٤٨) چوارینەی بابا تاهیرە و لە پەراوێزی کتێبەکە لە (ل ١١٢ ــ ل ١١٦) ، بە خەتی نەستەعلیقی چەلیپا ، لە ربیع الاول سالی (١٣٠٠) وەیا ذو القعدة الحرام (١٣٠١)دا نووسراوەتەوە .

« فهرست مجلس شوارى ملى ج١٤ ص ٢٠٨ »

٨ ــ نامەی چوارەمی دەستنووسی ژمارە (٢١٩٧)ی کتێبخانەی مەرکەزیی زانستگای تاران ، (ل ١٦٢ ــ ل ١٦٥) ، بە خەتی نەستەعلیقی بیدل تەبریزی لە سالی (١٣٠١)دا لە تاران نووسراوەتەوە ، بیستو حەوت چوارینەی بابا تاهیری تێدایە .

٩ ــ کۆمەڵە کۆکراوەکەی خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی فەروغی کە پێکهاتووە لە پەنجاویەک (٥١) چوارینەو یەک غەزەلی هەژدە (١٨) بەیتیی بابا تاهیری عوریانی هەمەدانی ، کە لە سەرەتای سەدەی چواردەهەمی شەمسیدا کۆکراوەتەوە .

١٠ ــ کۆمەڵە پاکنووسی ژمارە (٧٢٠)ی کتێبخانەی سەڵتەنەتی کاخی گوڵستانی تاران (ل ٩٦ و ١١٧)کە بە خەتی شکستەی نەستەعلیقی عالی چەلیپاو موستەقیم ، میرزا عەلی ئەصغەر هەمەدانی لە سالانی (١٢١٢ ــ ١٢١٤)دا نوسیوێتیەوە و پێکهاتووە لە هەشت چوارینەی بابا تاهیر .

« فهرست ناتمام کتابخانەی سلطنتی ص ٥٤٢ »

دەستنووسەکانی تر

دەستنووسەکانی تری دووبەیتیەکانی بابا تاهیر ، وەرگیراوە لەو یاداشتانەی کە (احمد منزوی)بۆ بەرگی سێیەمی (فهرست نسخه‌های خطی فارسی)ئامادەی کردووە بۆ چاپ ، کە ئەمانەن :

١١ ــ نامەی شەشەم ، کۆمەڵەی (٥١٢٥)کتێبخانەی **میللیی ملك لە** تاران (ل ١٠١ر ــ ١٠٤ر) سالی ٩٥٧ نووسراوەتەوە .

١٢ ــ نامەی چوارەمی کۆمەڵەی (٥٥١٤)ی کتێبخانەی ملك (ل ٧٩ر ــ ٨٢ ر) لە سالی (١٢٦٥)دا نووسراوەتەوە .

١٣ ــ نامەی سێیەم لە کۆمەڵەی (٥٧٩)ی کتێبخانەی ملك (ل ١١٣ ــ ١٢٠)

له ۹ ی ذیقعده‌ی (۱۲۸۱)دا نووسراوه‌ته‌ه‌ . [فهرست ملك ، مجموعه‌ها : ۸۹] .

۱٤ ــ نامه‌ی حه‌وته‌می کۆمه‌ڵه‌ی (٥٦٠٦) کتێبخانه‌ی ملك (ل ۸۰ پ ۹٤ پ)له سالی (۱۳۱۲)دا نووسراوه‌ته‌ودو پێك‌هاتووه له (۹٤)نه‌وه‌دو چوار دووبه‌یتی .

۱٥ ــ نامه‌ی سێ‌یه‌می کۆمه‌ڵه‌ی (٥٥۳٦)ی کتێبخانه‌ی ملك (ل ۱۳۲ پ ۱٦۲ ر) ، نووسراوی ع۲ ، ۱۳۳۹ ئه‌م ده‌ستنووسه سێ سه‌دو بیست (۳۲۰) دووبه‌تیی بابا تاهیری تێدایه .

۱٦ ــ که‌شکۆڵی ژماره (٤۳٥۱)ی کتێبخانه‌ی مه‌رکه‌زیی زانستگای تاران ، که به‌شێکی له باره‌ی بابا تاهیره‌وه‌یه . [فهرست کتابخانهء مرکزی دانشگاه ج۱۳ ص ۳۳۰٦] .

۱۷ ــ که‌شکۆڵی ژماره (٤٤۳۰)ی کتێبخانه‌ی مه‌رکه‌زیی زانستگای تاران به‌شێکی له باره‌ی بابا تاهیری عوریانی هه‌مه‌دانی‌و چوارینه‌کانێتی له ل ۱٦۹ ــ ل ۱۷٤ . [فهرست مرکزی ج۱۳ ص ۳۳۹۰] .

۱۸ ــ که‌شکۆڵی ژماره (۲۳۳٥)ی کتێبخانه‌ی مه‌جلیسی شووڕای میللی. له ل۱٤۷ تا ل۱٥۲،چوارینه‌کانی باباتاهیری تێدایه .

[فهرست مجلس ج ۸ ص ۲٤]

۱۹ ــ نامه‌ی (٥۷) که‌شکۆڵی ژماره (٥۹۹٦)ی کتێبخانه‌ی مه‌جلیس له (ل ۱۷٦ تا ل ۱۸۹) ، چوارینه‌کانی بابا تاهیری تێدایه .

[فهرست مجلس ج ۱۷ ص ۳۷۷]

۲۰ ــ نوسخه‌ی ژماره (۲ر٤۳٤۳) مه‌جلیسی شووڕای میللی ، (برگ ٦ ــ ۷) .

۲۱ ــ نامه‌ی دوانگزه‌هه‌می کۆمه‌ڵه‌ی (۹٦٦)ی کتێبخانه‌ی میللیی تاران (ل ۲٥۱ ــ ۲۷۰)له سه‌ده‌ی سیانگزه‌هه‌مدا نووسراوه‌ته‌وه . [فهرست ملی ج۲ ص ٥۱٦] .

۲۲ ــ نامه‌ی شه‌شه‌می کۆمه‌ڵه‌ی (۱٤۸)ی کتێبخانه‌ی مه‌دره‌سه‌ی عالیی سپه‌هسالار ، تاران . (ل ٥۰ ــ ٦٤) ، له سالی (۲۷٦)ی کۆچی‌دا نووسراوه‌ته‌وه . [فهرست سپهسالار ج ٤ ص ٥۲] .

۲۳ ــ نامه‌ی سێ‌و شه‌شه‌م ، له کۆمه‌ڵه‌ی (۲۹۱۳)ی کتێبخانه‌ی مه‌دره‌سه‌ی عالیی سپه‌هسالار ، له لاپه‌ڕه (٥٥۳)وه .

[فهرست سپهسالار ج ٥ ص ۲]

۲٤ ــ نامه‌ی دووه‌م ، کۆمه‌ڵه‌ی (۱۲۱)ی دوکتۆر مفتاح ــ تاران ، له سالی ۱۲٥۸ ــ ۱۲٥۹ی کۆچی نووسراوه‌ته‌وه .

٢٥ ــ نامەی دووەم ، کۆمەڵەی ژمــارە (٩٣٠)ی کتێبخانەی (رضوی مشهد) ، لە شنەعبانی ١٢٢٢دا نووسراوەتەوە .

[فهرست رضوی ج ٧ ص ٧٤١]

٢٦ ــ نامەی دوانگزەهەم ، کۆمەڵەی (٥٧٤) ، هینی حاجی عبدالحمید مەولەوی ، لە مەشهەد . لە ساڵی (١٢٦٠)دا نووسراوەتەوە . [نسخه‌های خطی ، نشریه کتابخانه‌ی مرکزی دانشگاه تهران ش ه ص ٩٥ .

٢٧ ــ دەستنووسی کتێبخانەی میللی تەبریز ، ژمارە (٢٩٠٠) . لە ساڵی (١٢٨٠)ی کۆچی‌دا نووسراوەتەوە .

[فهرست ملی تبریز ج ١ ص ٣٦٤] (١٩)

(٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠)سێ دەستنووس بۆ تەواوکردنی ئەوانەی پێشەوە (٢٠)

٣١ ــ دەستنووسی کتێبخانەی (ڤیەنا) کە لە لاپەڕەی (١٥ تا ٢٢)ی کۆمەڵەی ژمارە (٦٤٤)ەو لە ســاڵی ١٢١٣ی کۆچی‌دا لە لایەن لاهیجی گیلانی نووسراوەتەوە .

٣٢ ــ دەستنووسی کتێبخانەی میللیی پاریس ، ژمارە (١٠٧٢) کــە (١٧٤) چوارینەیە ، ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی نووسراوەتەوە .

٣٣ ــ دەستنووسێکی تری کتێبخانەی میللیی پاریس ، ژمارە (٢١٨٣)لە ساڵی ١٢٧٢ی کۆچی‌دا نووسراوەتەوە (٢١) .

دوای ئەوە دوکتۆر جواد مقصود ئەڵێ : دەستنووسی زۆر باشی تر لە هیندستان‌دا هەیە ، بەڵام دەستمان نەگەیشتە هیچ یەکێ لەوانە (٢٢) .

[شێوەی لۆڕی‌و زمانی بابا تاهیر]

بەشی زۆری ئەو سەرچاوانەی کە لە بارەی شێوەی زمان‌و زمانی بابا تاهیرەوە شتێکیان نووسیوە ، دانیان بەوەدا ناوە کە بابا لۆڕ بووەو چوارینەکانی بە هەمان شێوە زمانی خۆی داناوە (٢٣) ، لێرەدا بیروڕای (دارمیستەتیر)و (م.کلیمان هوار) ئەخەینە پێش‌چاو کە ئەڵێن ، زمانی ئەڤێستا زمانی مادەکانەو (هوار) شێوەی چوارینەکانی بابا تاهیر کە لۆڕی یە ، ئەباتەوە سەر ئەڤێستا . دوای ئەوە ، ئەو بیروڕایانە ئەخەینە پێش‌چاو کە (لۆڕی)یان داناوە بە یەکێ لە شێوەکانی زمانی کوردیو ، باسەکەیشمان کە : (وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرو بەراوردکردنێتی لەگەڵ شێوەکانی تری کوردیدا) ، ئەو ڕاستیەیە بە بەڵگەوە ئەسەڵمێنێ و لە جێگای خــۆیدا دێت . ئێستا لێرەدا دێینە ســەر بیروڕاکان :

دارمیستەتیر Darmesteter بۆ ئەوەی بیروڕاکەی خۆی ساغبکاتەوە کــە زمانی ئەڤێستا زمانی مادەکانــە ، بەڵگەیەك لە بارەی (فقه اللغــة) وە دێنێتەوەو ئەڵێ : وشەی (ســەگ لە فارسیی نوێدا هەمان (ساکا)یە ، لە

فارسیی کۆندا . هیرۆدۆت ئەڵێ : بـە زمانی مادەکان بـە (سـەگ) ئەڵێن (سپاکا)(٢٤)کە بە ئەڤێستایی پێی ئەڵێی (سپەن)و لە سانسکریتدا (سڤەن)و بۆنانیدا (کوان Kuon)(٢٥) .

م.کلێمان هوار M. Clement Huart لەسەر بیروڕاکەی (دارمیستەتیر) ئەڕوات‌و هەوڵئەدات ئەوە بسەلێنێ کە چەند شێوەیەك لە شێوە زمانە جیاجیاکان ، لە شوێنە دوورو شاخاوی‌یەکانی ئێراندا (بـە تایبەتی لە پۆژئاوای ئێران واتە ماد)(٢٦) بەکارئەهێنرێ لە ئەڤێستاوە هاتووەو بەم شێوە زمانانە ئەوترێ (مادی نوێ) .

(هوار) ئەڵێ : ئەو جیاوازی‌یەی کە هەیە ، ڕەگی (کەر) ، لـە فرمانی (کردن)ە لە زمانی ئەڤێستایی ، کە چی لە فارسی‌کۆندا فەرمانی (أمر)ی ئەم فرمانە (فعل)ە ، وەکو فارسیی نوێ (کن)ە . هەروەها ڕەگی فرمانێ کـە لە زمانی ئەڤێستادا بە واتای (گفتن)ە ، (واچ Vach و ئوج aoj)ە ، کەچی لە فارسیی کۆندا gaub هاتووە . (وەکو بینیمان فارسیی نوێ ئەچێتەوە سەر فارسیی کۆن) ، لە فارسیی نوێدا ئەو فرمانانەی کە بە واتای (کردن)و (گفتن)ن ، داڕشتنی فەرمانی (أمر)ی ، ئەمانە (کن)و (گوی)یە .

لەو شێوە زمانانەی کە (هوار) پێیان ئەڵێ (مادی نوێ)بنجی وشەکە (کەر)ەو لە هەموو شوێنێك‌دا ، وەکو خۆی ماوەتەوە ، لەباتی (کنم=کونەم) ئەڵێن (کەرەم)و ، بەم ئەندازەیە ئەپێورێ . ئـەو وشانەی کە بەڵگەن بـۆ (سخن=سوخەن)و (سوخەن‌گوفتەن = سخن‌گفتن) ، لە ڕیشەی (واچ)ەوە ، وەرگیراوە ، یا لە بنەڕەتێکی تردەوە هاتووە ، کە بەرامبەرە بە (ئوج= aoj)یا (واچ Vach)ی ئەڤێستایی . (هوار)ئەم لێکۆڵینەوەی بۆ دابەش‌کردنی شێوە زمانەکان کردووە ، بەم هۆیەوە ئەوە دیاری ئەکات کە کامیان (مادی) وە کامیان (فارسی)یە ، بە گوێرەی ئەم بۆچوونە زانستی‌یە ، تواناو داهێنانو بۆچوونی وردی (هوار)مان بۆ دەرئەکەوێ ، کە هێشتا لە ئێراندا چەندەها شێوە زمان هەیە ، زمانی ئەڤێستامان پێئەناسێنی‌و لەوانەیش ، شێوە زمانی چوارینەکانی بابا تاهیرە ، کە سەرەتای سەدەی پانزەی زاینی‌یە(٢٧) .

دیسان (هوار) ئەڵێ : یەکێ لـەو شاعیرانەی کە بەشێکی زۆری لـە هۆنراوەکانی بـە شێوەی تایبەتی خۆی داناوە ، بابا تاهیری عوریانە ، کـە چوارینەکانی بە شێوەی هەمەدانی ، یا شێوەی لوڕی داناوە ، بەڵام لەم دوو شێوەیە کامەیان بووە ، گەڵێ قسەی جیاجیا لەم بارەیەوە کراوە ، هەروەها (هوار) چوارینەکانی بابای لـە ساڵی ١٨٨٥ی زاینی‌دا لـە گۆڤاری ئاسیایی Joarnal Asiatique لەگەڵ وەرگێڕانی‌دا بۆ سەر فەرەنسی چاپکردووە و بابا تاهیری خستۆتە ڕیزی ڕۆبێرت برنز Robert Burns (١٧٥٩ تا ١٧٩٦ زاینی) کە یەکێ بووە لە شاعیرە بەناوبانگەکانی سکوتلاندە(٢٨) .

وکتۆر خانلەری ئەڵێ : لەوە ئەچێ کە زمانی کوردی بچێتەوە سەر زمانی مادی کۆن(٢٩) .

ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی ، میژوونووسی بەناوبانگی کورد ، کە شەرەفنامەکەی لە ساڵی (١٠٠٥)ی کۆچیدا تەواوکردووە ، کوردی بە گوێرەی زمانەکەی کردووە بە چوار بەشەوە : کرمانج ، لوڕ ، کە لهوڕ ، گۆران(٣٠) .

میژووی مەردۆخ ، لە باسی تیرەو هۆزەکانی کورددا ، لەبارەی بەختیاریو لوڕەوە ئەڵێ : (بەختیاری) بەشێکە لە (لوڕیگەورە)و دوو بەشن (چوارلنگ)و (حەوتلنگ) ، بەشی یەکەم وان لە کرماشانو ئیسفەهانو شووشتەرو زەردکووە و بەشی دووەم وان لە (بروجرد)و (گولپایگان) . نزیکەی شەست هەزار خێزانو هەر دوو بەشەکە سیوپێنج (٣٥) تیرەن . « بڕوانە : جغرافیای سیاسی ایران ص ٧٢ » . هەروەها دوکتۆر (فریج)لە کتێبی (کردلر)دا ، دانی بەوەدا ناوە کە بەختیاریەکان کوردن . ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ (کیرزن) ئەڵێ : ژمارەی بەختیاریەکان لە ساڵی (١٩١٨)دا (١٧٠٫٠٠٠)کەسبوون(٣١) .

(لوڕ) : تیرەیەکی گەورەیە ، دوو بەشن ، (فەیلی)و (مامەسەنی) ، هەروەها بە فەیلی ئەڵێن (لوڕی کوچك) یا (فضلویە) . وە مامەسەنی واتە مامحەسەنیو لوڕی گەورەیشی پێئەڵێن ، هەندێ کەس لوڕیان کردووە بە دوو بەشەوە (پیشکووە)و (پشتکووە) . لوڕ بیستو هەشت (٢٨)تیرەن ، لوڕی (پیشکووە)و پشتکووە) هەشتا هەزار خێزانو بەشی زۆریان شیعەن.

یاقووتی حەمەوی لە (معجم البلدان)دا و ، جەودەت پاشا لە میژووەکەی خۆیدا ، لە بەرگی یەکەم لاپەڕەی (٣٤٢)و ، دوکتۆر (فریج) لە (کردلر)و (سرمالکوم)و (لوریە)و (هاسل)و (براون)و (ئینسیکلوپیدیای ئیسلام) لەبارەی (لوڕ)و (بەختیاری) یەوە ، بە درێژی نووسیویانەو دانیان بەوەدا ناوە کە کوردن(٣٢) .

مامۆستا خاڵ ئەڵێ : زمانی کوردی بە چواربەش دابەش ئەکرێ :

١ ــ زازا .
٢ ــ کرمانجیی دەستە چەپ « شمالی » کە (بۆتانی)و (بادینانی)و (هەکاری)و (بایزیدی)و (شەمدینانی)یە .
٣ ــ کرمانجیی دەستەڕاست کە (سۆرانی)و (بابانی)و (موکریانی)و (ئەردەڵانی)و (کەلهوڕی)و (گۆرانی)یە .
٤ ــ لوڕی ، کە (بەختیاری)و (لەکی)و (فەیلی)یە(٣٣) .

[لێکۆڵینەوە لە وشەو زاراوەکانی بابا تاهیر]

تا ئێستا گەلێ جار چوارینەکانی بابا تاهیر چاپکراوەو ، لە کۆتاییی

زۆربەی چاپەکانیدا ، چەند لاپەڕەیەک تەرخانکراوە بۆ فەرهەنگۆکی وشەو زاراوەکانی و دانیشیان بەوەدا ناوە کە بابا ، لور ، یا لوڕستانی ، یا بەختیاری بووەو ، بە شێوەی لوڕی یان وەکو لوڕی یا ... هتد هۆنراوەکانی داناوەو ئیتر باسێک لەوەوە نەکراوە ، کە بەیەکێ لە شێوە زمانەکانی کوردی جوارینەکانی داناوە . ئەو کەسانەی کە دیوانی بابایان چاپکردووە یان لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان هەیە ، ئەوەیان خستۆتە پێش‌چاو ، کە بە درێژایی ماوەی سەردەمی بابا ، تا ئەگاتە ئەمڕۆ گەلێ گۆڕانو دەستکاری ڕووی داوە لە هۆنراوەکانیدا ، هەر یەکە لەو کەسانە ، بە ئارەزووو سەلیقەی خۆی ، چەند وشەیەکی گۆڕیوەو لە جیاتی‌یاندا وشەی فارسیی داناوە ، خۆ ئەگەر واتای چەند وشەیەکی لوڕی تێنەگەیشتبێ ، یان بۆی نەخوێندرابێتەوە ، ئەوا خۆی چی بۆ هاتووەو چۆنی بۆ سازکراوە ، وای لێکردووە ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە : (بابا تاهیری هەمەدانی ــ ڕۆشنبیری نوێ ــ ژمارە (١٠٨) ساڵی ١٩٨٥ ل ١١٨) . لەبەرئەوە گەلێ گۆڕان هاتووە بە سەر چوارینەکانیداو زۆر وشەی تایبەتی بە سەردەمی بابا تاهیرمان لەکیس‌چووە ، تەنها ڕێگای بەدەستهێنانی بەشێکی زۆریان ئەوەیە کە پەنابەینە بەر کۆمەڵێ لە باشترین دەستنووسە هەرە کۆنەکانی هۆنراوەکانی باباو ئەو کەشکۆڵانەی کە یارمەتیمان ئەدەن بۆ ئەم کارە ، ئەوانەیە کە هێشتا دەستی دەستکاریان نەگەیشتۆتێ‌و سەدەها ساڵە لە نێوان لاپەڕەکانی ئەو دەستنووسانەدا لە گۆشەو کەناری دوورەدەستو لە کتێبخانەکانی ئاسیاو ئەوروپادا وەکو خۆیان ماونەتەوە ، بێگومان ئەم کارە زانستی‌یەش پێویستی بە زانایەکی شارەزایە ، تا بتوانێ بەشێکی زۆر لە وشەو زاراوەکانی بابا ساغبکاتەوە ، بێگومان گەلێ وشەو زاراوەیشی ئەمێنێتەوە کە ناتوانرێ وەکو چۆن بووە لە سەردەمی بابادا بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە ، چونکە نە فەرهەنگێکی لوڕیی وامان دەستئەکەوێ کە واتای هەموو وشەکانی بزانین و نە بە ڕێنووسێ نووسراوەتەوە کە بتوانرێ بزوێنە کورتەکان یان هەموو دەنگەکان بگرێتەوە ، بەڵام هەرچۆنێ بێ ، ئەتوانرێ بە هۆی بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو هەموو شێوە زمانانەی کە کوردی هەیەتی ، لەگەڵ ئەو هەموو زمانە زیندووو مردووانەی کە پێوەندی‌یان پێوە هەیە ، گەلێ لایەنی تاریکو نووتک ڕوونبکرێتەوەو پەردە لەسەر زۆر وشەو زاراوە لابدرێ ، کە بە درێژایی ڕۆژگار ، یا بەجێهێڵراوەو ئیتر بەکارنەهێنراوە ، یان بە جۆرێکی تایبەتی بە شێوەکە گۆڕاوەو چۆتە قاڵبێکی ترەوە . ئەوەی کە شایانی باسە ئەوەیە ، کە زۆربەی زۆری ئەوانەی کە لە بارەی شێوەی زمانی باباوە نووسیویانەو بیروڕای خۆیان دەربڕیوە ، یا هەر کوردی‌یان نەزانیوە ، یا لەوانەیە چەند وشەیەکیان زانیبێ ، ئەم کارە زانستی‌یە وردە پرپێچو پەنایەش بەم شێوەیە چارەسەرناکرێ‌و نایشگاتە ئەنجامێکی تەواو .

هـەر کاتێ کـە چوارینەکانی بابا تاهیرم ئەخوێندەوە ، گەلێ وشەو زاراوەکانی بابا تاهیرم بەرچاو ئەکەوت ، کە لە شێوەکانی ئەمرۆی کـوردیدا هەن هەندێ وشەو زاراوە نەبێ ، کە ئەتوانم بڵێم تایبەتین بە شێوەی لوڕیو ئەمەیش شتێکی زۆر ئاسـایی‌یە . ئـەگەر ئەمڕۆ ئێمـە بمانەوێ کارێکی وا بکەین ، کە هەر شێوە زمانێ لە زمانەکەمان ، کۆمەڵە وشەیەکی تایبەتی بە خۆی لێدەربهێنین ، بە مەرجێ لە شێوەکانی تردا نەبێ ، ئەوا بە ئاسانی ئەم کارە ئەکرێ ، مەبەستم لێرەدا ئەمە بوو ، ئەو وشەو زاراوانەی کە بابا تاهیر بـە کاری‌هێناون بەشێکیان تایبەتین بە شێوەی لوڕیو ئەوانی تریان ئەتوانین لە شێوەکانی تردا بدۆزینەوەو بەشی زۆریان لە شێوەی کرمانجیی خـواروودا هەنو هـەر کۆمەڵێکی لـە ناوچەیەکدا بەکارئەهێنرێن ، هەندێکیشیان لـە شێوەی هەورامی‌دا بەکاردێنو بەشێکیشیان لەکرمانجیی ژووروودا ئەمانە لە شوێنی خۆیان‌دا دێن .

بنچینەی ئەم‌لێکۆڵینەوەیە لەسەر کتێبی (شرح احوال و آثار دو بیتی‌های بابا طاهر عریـان ـ بـە کوشش دکتر جـواد مقصـود ـ چاپ دوم ١٣٥٤ خورشیدی) یە ، کە بێجگە لە دیراسەیەکی دوورودرێژی بابا تاهیر سێ سەدو شەستو پێنج (٣٦٥)چوارینەو چەنـد غەزەلێکی ئەویشی تێدایەو لەگەڵ چەند دەستنووس‌و چوارینە چاپکراوەکانی بابادا بەراوردی‌کردوون‌و دوای ئەوە ئەرهەنگۆکێکی بۆ داناوە ، لە ژێر ناونیشانی : (هەندێ لە وشەو زاراوەکانی دووبەیتی‌یەکانی بابا تاهیر) ، لەم فەرهەنگەدا چەنـد وشەیەکی عەرەبی تێدابوو ، لەبەر ئەوەی کە پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە نەبوو ، جیامان‌کردنەوە ، چەند وشەیەک نەبێ ، کـە بـەپێی دەستووری کـوردی بەکارهاتوون وەکو :بەلایە، قەفایە ، موبتەلایە . . . یان وشەی (سمك = سەمەك) کە عەرەبی‌یە ، بەڵام بابا بە واتای (زەوی) بەکاری هێناوە ، بە گوێرەی بیروڕای پێشینان لە کوردەواری‌داو بـە بەڵگەوە ڕوونم کردۆتەوە لە شوێنی خۆی‌دا پێش‌چاوتان ئەکەوێ .

ئەو وشانەیشی کە لە زمانی کوردی‌و فارسی‌دا وەکو یەك دەرئەبڕێنو واتایان وەکو یـەکە ، ئەمە شتێکی ئاسـایی‌یەو لە گەلێ زمانی تری هینـدۆ ئەوروپی‌دا بەشێکی زۆریان بەکاردێن ، لەبەر ئەوەی کە لە فەرهەنگۆکی وشەو زاراوەکانی بابادا نەبوون ، بەراوردم نەکردن ، بۆ نموونە هەندێکیان لێرەدا پێشان ئەدەم :

گول ، هەرگیز ، شـادی ، دەریا ، دەست ، سوود ، زیان ، یار ، ئەگەر ، دلبەر ، تاریك ، دەرد ، دەرمان ، دوست ، دوور ، سەر ، دەشت ، بەهار ، باغ ، جەنگ ، گەرم ، بازار ، گەوهەر ، هیچ ، تەخت ، فەرهاد ، خەنجەر ، گورگ ، نامـە ، ڕەنگ ، بـار ، هەزاران ، خـاك ، میوە ، پـیر ، تیر ، دەرخت ، تەنگ ، تەڕ ، مار ، لانە ، چارە ، کەس ، دەرویش ، هەمیشە ، خشت ، ئاواز . . . . هتد .

هەندێ لە وشەو زاراوەکان کوردیی پەتین ، کەچی لە فەرهەنگۆکی وشەو زاراوەکانی بابادا نەهاتوون ، دەرهێناونو خستومنەتە ناو وشەو زاراوەکان ، بۆ ئەوەی کە دیاربن خەتم بە ژێریاندا هێناوەو ، واتاکانیانم نووسیوەو نموونەی شیمریم بۆ زۆریان هێناوەتەوە ، ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لەو وشانە :

بر ، کر ، بەرینە ، بکە ، بوو ، بوینە ، بوینی ، بیم ، چش ، ڕۆ ، ڕۆج ، زانی ، زوان ، سووتەنی ، کەرە ، لەو ، نەسووتە ، نەوی ، نەوینەم ، نەوینە ، وا ، وابم ، وابوو ، واجە ، یە ...هتد .

وشەو زاراوەکانی بابام وەکو خۆی نووسیوەتەوەو لە دوای نیشانەی (=)خستوومنەتە سەر ڕێنووسی کوردیو ، ئەمڕۆ چۆن ئەخوێنرێنەوە ، بەو جۆرەم نووسیونەتەوەو ، واتاکانیانم وەکو خۆی بە فارسی نووسیوەتەوەو تیپی (ف)م لە کۆتایی‌یان‌دا ، داناوە لەباتی وشەی (فارسی)و دوای ئەوە وەرمگێڕاون بۆ سەر کوردی ، ئەو وشانەی کە لە زمانی کوردی‌دا واتای تر ئەبەخشن ، بەو واتایانەش لێکمداونەتەوەو ، ئەو وشانەیشی کە تا ئەمڕۆ گۆڕانیان بە سەرداهاتووە ، لە شوێنی خۆیان‌دا ڕوونم کردوونەتەوەو دوای ئەوە ، وشەو زاراوەکانی بابام بەراوردکردووە لەگەڵ فەرهەنگە کوردی‌یەکان‌دا .

بۆ هەر وشەو زاراوەیەک نموونەم لە هۆنراوەکانی بابا هێناوەتەوە ، چەند وشەیەک نەبێ کە لە چوارینەکان‌دا ، دەستنەکەوتن هەروەها لە غەزەلەکانیش‌دا نەبوونو هەندێ لە وشەکان تەنها لە غەزەلەکان‌دا هەبوونو کە هەمووی ئەکاتە چل‌و پێنج(٤٥) بەیت .

بەشێکی زۆرم لە وشەو زاراوەکانی بابا ، لە هۆنراوەکانی شاعیرە کوردەکانمان‌دا دۆزی‌یەوەو بۆ هەریەکێ لەوانە بەیتێکم بە نموونە هێناوەتەوە .

وەکو باس‌کرا بنچینەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر کتێبی (شرح احوال آثار دوبیتی‌های بابا طاهر عریان....)ەو هەموو نموونەی هۆنراوەکانی بابام لەمەوە وەرگرتووەو لە کۆتایی‌یان‌دا ناوی باباو ژمارەی چوارینەو لاپەڕەکەیم بە نیشانەی (با ، ڕ ، ل)داناوە .

بۆ وشە هەورامی‌یەکان ، وەکو سەرچاوەیەک کەڵکم لە مامۆستا حەمەکەریم هەورامی وەرگرتووەو لە پاڵ ئەو وشە هەورامی‌یانەدا نیشانەی (هە)م داناوە . زۆر سوپاسی مامۆستای ناوبراو ئەکەم .

نیشانەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

ف : واتای وشەو زاراوەکان بە زمانی فارسی نووسراوە ، لە کۆتایی‌یان‌دا نیشانەی (ف)م داناوە ،کە کورتکراوەی (فارسی)یەو ، دوای ئەوەکردوومن بەکوردیو لە شوێنی پێویست‌دا سەرنجەکانی خۆمم نووسیوە .

(با.ژ.ل) : لەناو کەوانەدا ، لە کۆتایی هۆنراوەکانی بابا تاهیرەوە نووسراون بۆ ئەم مەبەستانە : با = بابا تاهیر . ژ = ژمارەی چوارینەکانی بابا تاهیر ، کە لە (شرح دوبیتی‌های بابا طاهر عریان ــ بە کوشش دکتر جـواد مقصود) وەرگیراون . ل = لاپـەڕەی هـەمان سەرچاوە .

پ : پەراوێزی هەمان سەرچاوە .

ن.خ.ف : دەستنووسی دیوانی بابا تاهیری (خانـم فرزانە) . « پەراوێزی هەمان سەرچاوە » .

نو : رباعیات بابا طاهـر از نسخهٔ مجموعهٔ چاپی ١٢٧٤ق « پەراوێزی هەمان سەرچاوە » .

هرن : رباعیات بابا طاهر بتصحیح (هرن آلن) بنقل از وحید دستگردی « پەراوێزی هەمان سەرچاوە » .

ش : شـــمارە ، مەبەست ژمـارەی چوارینەیە « پـەراوێـزی هەمان سەرچاوە » .

هه : بەرامبەر بەو وشە هەورامی‌یانە نووسراوە کە لە (ماموستا حەمە کەریم هەورامی)یەوە ، وەرگیراوە .

خـال : فەرهەنگی خال .

مەردۆخ : فەرهەنگی مەردۆخ .

مەهاباد : فەرهەنگی مەهاباد .

وشـــەو زاراوەکانی بابا تاهیر
و
بەراوردکردنیان لەگەڵ شێوەکانی زمانی کوردیدا

ئاجرین = ئاجورین ئاجەرین : آذرین (ف) . ئاگرین ، ئایرین (ه) . لەوە ئەچێ که وشەی (ئاجور) ، واتا خشتی سوور ، ئەو خشـتەی که لە نـاو ئاگردا سوورئەکرێتەوە ، لە وشەی : (ئاگر ، ئایر ، ئاور)ەوە هاتبێ .

ئاجور : خشتی سووربووگ . (مەردۆخ)

مەنەم ئان (ئاجرین) مورغی که فیلحال
بسووجەم عالەمی گەر بەر زەنەم بال (با . ژ ٨٧ل ١١٩)

× **ئاذەرین = ئاذەرین :** آتشین (ف) . ئاگرین ، ئایرین (هه) .

تویی لەو شـەککەرینو یاســـەمین بەر
مو ئان تەن (ئاذەرین)ەم دیدەگان تەڕ (با . ژ ٥٧ل ١١٣)

من ئـان شەمعەم که ئەشـکەم (ئاذەرین)بـی
کەسی که سووتە دل ئەشکەش هەمین بی (با.ژ٣٢٢ل١٦٣)

× **ئالاله = ئالاله :** لاله ، گل شقایق (ف) . گوڵاڵە ، گوڵاڵێ (هه) .

خوڕەم کووهان خـوڕەم هامون خـوڕەم دەشت
خوڕەم ئانان که ئین (ئالاله)یان کیشت (با.ژ ١٠ل ١٠٤)

(ئـالاله)ی خـوم که خـوش ڕەنگەستو خـوشبوو
سەرەفرازی هەمە (ئالاله)یان بی (با . ژ٣١٣ل ١٦١)

× **ئالاوه و ئالاو = ئالاوه و ئالاو :** الوو شعلەو زبانه (ف) .

گڕ ، گڕسەندنو هەڵگیرسان ، کڵپەکردن .

ئەمڕۆ وشەی (هالاو) هەرچەندە بە واتای هەڵمی گەرم دێت بە زۆری بەڵام لەگەڵ وشەی (ئالاوه ، ئالاو)دا یەکئەگرنەوەو یەک ڕیشەن .

هالاو : ئاو . ع ــ لهیب وهج ، شرر ، شرارة ، حرارة ، شواظ (مەردۆخ)

ئالاو : ئاڵۆزکاو ، هالاو . (خاڵ) .

ســـەحـەرگاهان کـه ئەشـکەم لاوەگیـرە
ز ئاهەم هەفت چەرخ (ئالاوه)گیرە (با.ژ.٢٤ل١٤٦)

ز چـە شـمان ئـان قەدەر ئەخگەر ببـارەم
که دنیا سەربەسەر (ئالاوه)گیری (با.ژ٢٤٤ل١٦٨)

× **آماجگه = ئاماجگه** : نشانگاه (ف) .

ئامانجگه ، شوێنی ئامانج ، جێگای ئامانج ، نیشانگا .
دەر ئین (ئاماجگه) دنیای فانی
یەکی ئەشکەستە تیری بی پەڕەستەم (با.بەیتی۱ ل۱۷۵)

× **آمو = ئاموو** : هات .

ئاما (هه) .
موسوڵمانان سێ دەرد (ئاموو) بە یەك بار
غەریبی‌یو ئەسیری‌یو غەمی یار (با.ژ .٥. ل ۱۱۲)

× **آمیته = ئامیته** : ئامێخته (ف) .

تێکەڵاو . ئامێته : شتی تێکەڵ (خاڵ) . بەیتێکی فۆلکلۆری :
ئەگەر وە بێ تۆ شایم وە دڵ وێ
یاخوا شایی‌یەکەم (ئامێته)ی گڵ وێ (٢٤)
دڵو دڵبەر بە هەم (ئامیتە) وینەم
نەذوونەم دل کی‌و دڵبەر کودامەست (با . ژ ل ۱۰۳)
موسەلسەڵ زوڵف بەر ڕوو ڕێتە دیری
گوڵو سونبول بە هەم (ئامیته) دیری (با.ژ۳٤۳ل۱٦۸)

× **آوا = ئاوا** : مخفف آواز ، بانگ ، ندا ، و بمعنی خواندنو طلبیدنو دعاهم آمده . (ف) کورتکراوەی ئاواز ، بانگ ، هاوار ، واتای بانگکردنو خواستنو دوعایش ئەگەیەنێ .
سەحەر بولبول زەنە (ئاوا) بە گولبون
کە هەرکە عەشق نەداره موردە ئەولا (با.ژ۳٥ل۱٦۹)
ز ئاهەم هەفت گەردوون پوڕشەرەر بی
ئەگەر (ئاوا) کەرەم خوونی جگەر بی (با.ژ..۳ل۱٥۸)

× **آوه و آوا = ئاوه وئاوا** : آب و اشك چشم (ف) .

ئاوو فرمێسك . وەکو ئەڵێن : ئاو لە چاوی هات . یا ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە . ئەمڕۆ لە کوردیدا بە هەر دوو واتاکە بەکاردێت ، هەروەها لە شێوەی هەورامیشدا .
ئاوی (هه) ، ئاوەو چەما ئاما . واتە : ئاو لە چاوی هات .
زەنەم ئەز بەهری یاری گیجو ویجی
شەوانەم (ئاوه)ئەز چەشمان بریجی (با.ژ۳۳.ل۱٦٥)

× **آویته = آویخته (ف)** . هەڵواسراو .

ز جادووئی دەر ئان چاهی زەنەخدان

دلی هارووتـرا (ئاویته) دیری (با . ژ ۳٤۰ ل ۱٦۷)
پەریشـــان چـــون کـــەری ئـــان تـــاری زولفان
بە هەر تاری دلی (ئاویته) دیری (با . ژ ۳٤۳ ل ۱٦۸)

× **آیو = ئایوو** : آید (ف) . دێت .

بی تە گولشـــەن بـــە چەشمەم گولخەن (ئایوو)
واتە گولخەن بە چەشمەم گولشەن (ئایوو) (با.ژ۷۰۲ل۱٤۰)

× **ابی واجی = ئەبی واجی** : بیا بگو (ف) . بێ بڵێ ، وەرە بڵێ .

بۆ واچە (هە) . واتە : وەرە بڵێ .
لە شێوەی لوڕیدا (ئەبی) واتە (بێ)و لە هەورامیدا (بۆ) .
(واجی) لە لوڕیدا واتە بڵێو لە شێوەی هەورامیدا (واچە) .
تـــەکت مـــوشـــکینـــە گیســـــو دەر قەفایە
(ئەبی واجی)کە سەر گەردوون چرایە (با.پ۱۵۱ هرن)

× **اخگر = ئەخگەر** : پارە آتش رخشنده (ف) . پشکۆ .

خەلیلی عەشقە حەمدی موستەعیددی ســـووتنە نەمروود
چرا نەیوبستووە ئەمما لە شوعلەی (ئەخگەر)ی زیاتر (۳۵)
دەرئین ئالالە دەرکوویەش چـــــو گـــولخـــەن
بە داغی دل چو سووزان (ئەخگەر)ەستەم (با.بەیتی۹ل۱۷۵)

× **اخستان** : ئێسقان ، ئێسك ، ئیستیخوان . میرزا ئۆلقادر ئەڵێ :

کزەی زۆخیو زام نادیاریمـــەن
قرچەی (ئیستیخوان)دەردکاریمەن(۳٦)

× **اشتاو = ئیشتاو** : شتاب (ف) . پەلە ، خێرا .

وەرینی تـــە کـــە میهـــر ئـــەز مـــا ورینی
بەرینە روزگار (ئیشتاو)مەکە (با.پ۱ ۱٤۷ هرن) ؟

× **اشمرت = ئشمورت** : شمرد (ف) . ژمارد .

هەزاران داغو ریش ئەز سینەم (ئشمورت)
هەمی نەشمورتە ئەز ئشمورتە ویشی (با.ژ۳٤۷ل۱٦۹)

× **اشمرته = ئشمورته** : شمردەوشمار (ف) . ژمارده ، ژمارە .

هەزاران داغی ویش ئەز ویشـــەم ئشمور
هەنی نەشمورتە ئەز (ئشمورتە)ویشە (با.ژ۲٤۷ل۱٤۸)

× **افروته = ئەفرووته** : افروخته (ف) . داگیرساو .

هەزاران غەم بە دل ئەندووته دیرەم
بە سینە ئاتەشی (ئەفرووته) دیرەم (با.ژ۱۱۸ل۱۲٤)

× **انبان ، انبانه = ئەنبان ، ئەنبانه** : کیسهٔ چرمی از پوست دباغی شده (ف) .

کیسەی چەرمی خۆشەکراو . واتە : هەمانە .
فەلەك ئەندەر دلی مسکینی مووئە
ئەزئین غەم هەرچ دەر (ئەنبانە) دیری (با.ژ۳٤۱ل۱٦۷)

× **انداتەن = ئەنداتەن** : هاوێشتن ، فڕیدان .

بە کەس دەردی دلی موو واتە نیئە
کە سەنگ ئەز ئاسمان (ئەنداتەن)ی‌نە (با.ژ۲٥٤ ل ۱٤۹)

× **اندوته = ئەندووته** : اندوخته (ف) . کۆکراوە .

هەزاران غەم بە دل (ئەندووتە) دیرەم
بە سینە ئاتەشی ئەفرووتە دیرەم (با.ژ ۱۱۸ ل ۱۱۹)
نەوای نالە غەمی (ئەندووتە) دونو
عیاری قەلبو خالیص بووتە دونو (با.ژ ۲۰٦ ل ۱٤۰)

× **او = ئەو** : ئاو .

گولی کیشتەم پەیی ئەلوەند دامان
(ئەو)ەش ئەز دیدە دادەم صوبحو شامان (با.ژ۱۷٦ ل۱۳٤)

× **اون = ئون** : آن (ف) . ئەوە . ئونە ، یا ، ئا نە(هە) .

مەن (ئون) مسکین بی‌قەدرو بەرەستەم
مەن ئان سووزەندە شەمعی بی‌سەرەستەم
نە کاری ئاخیرەت نە کاری دنیا
مەن (ئون)خوشکیدە نەخلی بی‌بەرەستەم (با.ژ ۹۲ ل ۱۲۰)

× **ای = ئەی** : این (ف) . ئەی ، ئەمە . ئینە (هە) . خانا ئەڵێ :

عەرضی وەصفی ذات ختم الانبیا
تا بە ئینقیراض (ئەی)دەورەی دنیا (۳۷)
بورە (ئەی) ڕوویی تە باغو بەهارەم
خەیالەت موئنیسی شەبهای تارەم (با.ژ ۱۰۲ ل ۱۲۱)
بە شاخی گول سەحەر بولبول هەمی‌گوفت
کە (ئەی) گول بی‌وەفا بی ، بی‌وەفایی (با.ژ ۲٦۹ ل ۱٥۲)

× **ایمون = ئیمون** : ایمان ، هستیم (ف) . ئیمان ، هەین .

بەرایی خاطری یەك سەبز رەنگی
هەمی تەرسەم کە (ئیمون)م بسووزەد (با.ژ ۲۱ ل ۱۰۹)
ئەگەر مەستانی مەستیم ئەز تو (ئیمون)
ئەگەر بی‌پاوو دەستیم ئەز تو (ئیمون)

× **اینە = ئینە** : این است (ف) . ئەمەیە . ئینە (هه) . **صەیدی ئەڵێ** :

(ئینە) تۆ دەلیل کام دەردەداری
عەرزەی کام فەرهاد بە شیرین ماری ؟ (۳۸)
هەمی جورمەم کە مو تە دوست دیرەم
نەهەر کە ت دوست دیرە حالەش(ئینە) (با.ژ۲۵۷ ل ۱٤۹)
جورمەم (ئینە) کە مو تە دوست دیرەم
هەرکە تە دوست دیرە حالەش ئینی (با.ژ ۳٦۱ ل ۱٤۹)

× **باز** : مرغ شکاری و نیز سلاطین آنرا شکار نمایند . (ف) .

باڵندەی ڕاوەو هەروەها پاشاکان ڕاوی ئەکەن .
جورە (باز)ی بودەم ڕفتەم بە نەخجیر
سیەهچەشمی زەدە بەر بالی مو تیر (با.ژ٥٢ل١١٣)

× **باشە** : ئەبێ ، دێ ، باشە .

بیلا ڕەمزی ز بالایی تە (باشە)
جنون قیسمی ز سەودایی تە (باشە)
بە صووڕەت ئافەرینەم ئین گومانە
کە پەنهان دەر تەماشایی تە (باشە) (با.ژ ۲٤٥ ل ۱٤۷)

× **باغوانان** : باخەوانان ، باغەوانان . **هەردی ئەڵێ** :

(باخەوان) بۆ ئەو مەبەستە گول ئەلاوێنێتەوە
بۆ ئەوەی گەورەی بکاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە (۲۹)
حەمدی ئەڵێ :
عەرەقڕێژی خەجالەت گول لە شەرمی تۆ نەبوو
تەی ئەزانی (باغەوان) بێچارەیە باسی گولاب (٤۰)
لالەکاران دیگەر لالە مەکارید
(باغبانان) دوو دەست ئەز گول بدارید (با.ژ۲۷ ل۱۰۸)
پ ل ۱۰۸ ن.خ.ف : (باغوانان) ە لە باتی (باغبانان) .

× **بالان** : دامەتلە ، باللندە ، متحرك (ف) .
داووتەڵە ، مەل ، ئەوەی کە بجووڵێ .

هـەزاران قـەول بامـەن بیش کـەردی
هەمە قەولانی تە (بالان) (بالان) (با.ژ ١٧٤ ل١٣٤)

× **ببو** : بوده باشه (ف) . ببو ، ببـوایه ، بووبوو . ببـو (هه) له شـێوەی هەورامیدا ، ئەڵێن : ببوو نەبو . واته : هەبێو نەبێ .
صەیدی ئەڵێ :
یـا موعجیزەی دەسـت مەسیحای مـەریەم
ئێشی دیـدەی یـار ئێشـەو (ببـۆ) کەم (٤١)
چ پورسی کە چرا قەددەت (ببو) خەم
خەمی قەددەم ئەز ئان پیچو خەمی تە (با.ژ٢١٨ ل١٤٢

× **ببی** : باشی (ف) . ببی ، ببی (هه) .
ئـەگەر گەوهەر (ببی) خـواهون نەداری
هەمین ئین جـوونی تو کەبێڕەواج (با.ژ١٨ ل ١٠٦)

× **بتو بتان = بوتو بوتان** : زیباو زیبایان ... (ف) .
بتو بتان : شۆخو شەنگەکان .
بوت (زەبیحی) . بێخود ئەڵێ :
بێخود بە کردەوەو قسە ، خاکم بەسەر وەهام
هـەروەك دەمو جێـوی (بتان)نیشمو هەشم (٤٢)
هەردی ئەڵێ :
دڵێ گوڵزاری دڵداریو بە هەشتی خۆشەویستی بوو
وەکو بتخانە مەبدانی (بت)ی جوانیپەرستی بوو (٤٣)
(بوت)ی مـەن کەعبەیی مەن قیبلەیی مـەن
تەیی هەر سوو نەظەر سوویی تە دیرەم (با.ژ١١٥ل١٢٣)
لالەچین کـە (بـوتان) لالـە چـین دل
هەرچ شان واتەیی بەس لالە چینـدل (با.ژ ٨١ل١١٨)

× **بدس = بەدەس** : بدست (ف) . بەدەس .
دو (دەس)بەر سـەر زەنـە چـون طیفلی بەدخـوو
ز هەجرەت رووزو شەو ئینەش مەدارە (با.ژ٥٣ ل١١٣)

× **بر** : برد . (کرمانجیی ژوورو : بر)
برن : مصـدر بمعنی الذهاب بالشیء فعله الحالی (دبـه) (الهدیـة الحمیدیة) پەرتو ئەڵێ :

وی ژ نـو جـەذبا ئەڤینێ دل ژمـن (بر) دل ژمـن
عشوەیەك وێ حور عەینێ دل ژ من (بر)دل ژمن (٤٤)
هـەزارەت دل بـە غارەت (بـر)تـە ویشـە
هەزارانەت جگەر خونکر تەویشـە (با.ژ٢٤٧ ل ١٤٨)

× **برانن = برانەن** : برانند (ف) . دەربکەن ، لێخوڕن .

ڕاندن : لێخوڕین (خال)
هەمـە گەر مـو (بروونـەن) واتـە ئـایەم
تە ئەز دەر گەر بروونی واکیاشم (با.ژ ١٣٠ ل ١٢٦)
پ ل ١٢٦ ن خ ف : (هەمە ئەز دەر برانەن) هاتووە لەباتی (هەمە گەر مو بروونەن) .

× **برزیگرك = بەرزیگەرەك یان بەرزیگەرێك** :

لە فارسیدا (برزیگری) ، (ی)ی کۆتایی‌یەکەی یا بۆ تاکە ، یان بـۆ نەناسراو ، بـەو شێوەیەی کە لە پەراوێزدا هاتووە ، کە (بەرزیگەرەك یا ، بەرزیگەرێك)ە ، تایبەتی‌یە بە زمانی کوردی ، واتا :
وەرزێرێك ، جووتیارێك . لە مەتنەکەدا ئەڵێ :
بـەکی (بـەرزیـگەری) نالان دەرئین دەشـت
بە چەشمی خون‌فشان ئالالە میکیشت (با.ژ١٤ل١٠٥)
لە : پ ل ١٠٥ ن خ ف : برزی گرك = (بەرزیگەرەك = بەرزیگەرێك) .

× **برکیاشم = بەرگیاشم** : نزد چەکسانی بروم یا باشم (ف) بۆ لای چ کەسانێ بڕۆم ، یا لای چ کەسانێ بم .
کیا : واتە چ کەسانی . پێك‌هاتووە لە : کی + ا
(کی) = کێ . وە (ا) بۆ کۆیە . ئەمڕۆ لە کوردیدا ، لە شێوەی هەورامی (ئەلف) ئەچێتە سەرناوو کۆی‌ئەکاتەوە .
بـە ئین بی ئـاشنـایـی (بـەرکیاشـم)
بە ئین بی خانمانی (بەرکیاشم) (با.ژ ١٣٠ ل١٢٦)

× **برنائیم = بورنائیم** : جوانیم (ف) . گەنجێتیم ، لاوێتیم

وابیـد پیـرو (بورنائیـم) نـەمـونده
بە تەن تووش‌و تەوانائیم نەمونده (با.ژ٢٢٨ ل ١٤٤)

× **بریجم = بریجەم** : بریزم (ف) . بڕێژم .

ئـەگەر دەسـتەم ڕەسـەد خـوونەت (بریجـەم)
بوینەم تا چ ڕەنگی ئەی دل ئەی دل (با.ژ ٨٠ ل ١١٨)

× **برینه = بەرینه** : پانه ، فراوانه ، دوورودرێژه .

هەمی خـواهی که میهر ئـەز مـو ببـەری
(بەرینه) روزگار ئیشتاب مەکەرە (با.ژ ٢٤٢ ل ١٤٧)

× **بساجه** : بسازێ ، ئەسازێ .

دلی عاشـق بـه پەیامی (بسـاجه)
خـەمـار ئالوده بـا جـامی (بسـاجه)
مـەرا کـەیفییـەتی چـەشمی تـو کافیست
قەناعەت گەر به بادامی (بساجه) (با.ژ٢٢ ل١٤٣)

× **بساژم = بساژەم** : بسـازم (ف) . بسازێم ، رێك بکەوم .

بیـا دەردی که داری بـەر دلـەم نی
بمیرەم یا بسووزەم یا (بسازەم) (با.ژ١٢ ل١٢٥)
لەباتی (بسازەم) له : پ ل ١٢٥ هرن : (بساژەم)ه .

× **بسه = بەسه** : بـس‌است (ف) . بەسه . مەلاوەسمان ئەڵێ :

له خوشکی‌و سەردی تەبعه وا له زەلکاودا زەل‌و ژووژی
(بەسه) ڕووزەردی خۆ تۆ سەبزەپۆشی قەت درۆ ناکەی (٤٥)
بشـــەم ئەز حاجیانی حەج بپورســـەم
که ئین دیری (بەسه)یا دیرتەر شەم (با.پ١٢٦هرن)

× **بشم = بشەم یا بشم** : بشـوم ، بروم (ف) .

ببم ، بچم . لـه شێوەی هەورامی‌دا (بشـێ) واتـه برۆین ، بچین . صەیدی ئەڵێ :

ئێمـــەو دل هـەردوو بـه زاری‌و لاڵان
با (بشـێ) وەســـەیر بارگەی عـەودالان (٤٦)
(بشـەم) واشەم که تایاری کەرە دل
به بەختەم گریەو زاری کەرە دل (با.ژ٨٢ ل١١٨)
(بشـــەم)ئالاله زاران دل کـەرەم شـــاد
دیم ئالاله هەم داغی ته دیـرە (با.ژ٢٣٩ل١٤٦)

× **بشن = بەشن** : قد و بالا و تن ، سر و بن و طراف هر چیزی (ف) .

بەژن‌و بالاو لەش‌و تەن ، سەروبن‌و دەوروپشتی هەر شتێ .
مـوئان ئیسـپیده بـازەم سینەسـووهان
چراگاهی مو بی ســەر (بەشن)ی کووهان (با.ژ١٨٢ل١٣٥)

× **بشیم** : بشویم ، برویم (ف) . ببین ، برۆین ، بچین

بشیەیمێ (هە) .

(بشم) با بولبولی شەیدا بە گولشەن
ئەگەر بولبول نەناڵە ما بنالیم (با.ژ.۱۷ ل۱۳)

× **بکە** : ئەمرۆیش بە هەمان شێوەو هەمان واتا بە کاردێ . دڵدار ئەڵێ :

دەسا بیرێ لە حاڵی خۆت (بکە)و هەستێ بە زیللەتەکە
بەڵێ دوێنێکە ڕاوکەر بووی‌و ئێستاکە بە خۆت ڕاوی (٤٧)
(بکە) ئەندیشە ئەی بیداد پیشە
کە ئاهەم تیر بوو ناڵە کەمانەم (با.ژ١٤٨ ل ١٢٩)

× **بلایە = بەلایە** : بلایست (ف) . بەڵایە ، بەڵان (هە) . سالم ئەڵێ :

بە ئومێدی وەفای گوڵ بلبلی مسکین چ سوودی بوو
(بەڵایە) ڕامی عاشق کەی ئەبێ مەعشووقی بێپەروا (٤٨)
(بەلایە)دل (بەلایە) دل (بەلایە)
گونەهـ چەشمون کەرون دل موبتەلایە (با.پ‌ل ١٥٥هرن)

× **بلابی = بەلابی** : بەڵا بوو ، بەڵا بی .

(بە لابی) دل خودایا دل (بەلابی)
گونەهـ چەشمان کەرو دل موبتەلا بی (با.ژ٢٨٣ل١٥٥)

× **بمو = بەمو** : بما (ف) . بە ئێمە ، لەگەڵ ئێمە ، لە گەڵ من .

(مو) ل . من (خاڵ) .
مەگەر شیرو پلەنگی ئەی دل ئەی دل
(بەمو) دایم بە جەنگی ئەی دل ئەی دل (با.ژ ٨٠ ل١١٨)

× **بنوشە = بەنەوشە** : بنفشە (ف) بەنەوشە . وەنەوشە .

وەنەوشە (هە) .
بەنەوش ـ وەنەوش (مەردۆخ) .
ئالالەی کوهساران هەفتەبی بی
(بەنەفشە)ی جوکەناران هەفتەبی بی (با.ژ ٢٧٧ ل١٥٣)
لەباتی وشەی (بەنەفشە) لە : پ ل ١٥٣ هرن و نخ‌ف وشەی (بەنەوشە) هاتووە .

× **بو = بوو** : بود ، باشد (ف) . بوو ، ئەبێ . بی (هە) . گۆران ئەڵێ :
وێنەی ئەو ، جوامێر (بوو) بەرامبەر دوژمن شێر (بوو) (٤٩)

حـەرامەم بی تـە (بـوو) ئـالالەوو گول
حەرامەم بی تە (بوو) ئاوازی بولبول (با.ژ٨٦ل١١٩)
هـەرکە ڕازی دلەش واجـە بـە مەردوم
یا ئەز دیوانەگی (بوو) یا ز گیجی[؟] (با.ژ٣٣٠ ل١٦٩)

× **بو = بوو ، بۆ .**

لەم بەیتەی خوارەوەدا ئەتوانرێ بۆ هەردوو مەبەستەکە بەکاربهێنرێ .
نەپەندارى کە بوستان خـۆشتەرەم بی
سـەرەم (بوو) گوویی مەیدان خـوشتەرەم بی
نـەپەنـدارى کە بوستان خـوشتەرەم بی
سەرەم (بۆ)گویی مەیدان خوشتەرەم بی (با.ژ٣٠٩ ل١٦٠)

لێرەدا مەلاوەسمان ئەڵێ :

زوڵفت کە لە ڕووی ڕوخا شامێکە لە سەر صـوبحە
(بۆ)شـامی غەریبانـە مەیلی وەطەنـم سـەردە (٥٠)

× **بواج : بگوید (ف) . بڵێ .** واچە (هە) ووتە . (خاڵ)

(بـواج)نـدەم کە تـو شـووری نداری
سەراپا شوور دارەم شەڕ نەدارەم (با.ژ ١١٠ ل١٢٢)

× **بوتە = بووتە ، بۆتە . بۆتە (هە) . حاجی قادر ئەڵێ :**

خالیصـە سیککەیی ئیخلاصی دڵی موخلیصی مـن
بیخە نێو (بۆتە) چ حاجەت بەمە بیدەی لە مەحەك (٥١)
ز عیشـقەت ئاتـەشی دەر (بـووتـە) دیـرەم
دەرئان ئاتەش دڵوجان سووتە دیرەم (با.ژ١١٩ ل١٢٤)
نـەوای نالـە غـەمی ئـەندووتە دوونـو
عیاری قەلبو خالیص (بووتە) دوونـو (با.ژ٢٠٦ل١٤٠)

× **بورە :** بیا (ف) . وەرە ، بێ .

زۆر جار لە شێوەی کرمانجیی خواروودا تیپی (ب)ئەکەوێ . (بووە) بووە بە (وەرە) . بو ، بۆرە (هە)
زۆر جار کە تیپی (ب)ئەکەوێ ، تیپی (و)جێگای ئەگرێ . وەکو لەم بەیتە فۆلکۆریەدا دەرئەکەوێ :
وە قـوروانتوم کـەلـەکـە بـاریك
مردوویە ، نی تـۆ لە قەوری تاریـك (٥٢)
لە هۆنراوەی سەرەوەدا وشـەی : (وە ، قوروانت ، وم ، قەور = بە ، قوربانت ، بم ، قەبر) . هەروەها وشـەی (بێرۆ)و (بێرە) ، لە شارەزووردا لەباتی (وەرە) بەکار دێت . وەك :

(بێـرۆ) بابیـکەین گـەمـەی منـالی
ژن پیاوی پیر بێ خوا بیـوڕێ حالی (٥٣)
(بێـرە) یانـەکەم سـاحێو یانـە نیم
خـزمی خـۆتانم خـۆ بێگانە نیم (٥٤)
(بورە) (بورە)کە جانانەم تویی تـو
(بورە) (بورە)کە سـولطانەم تویی تو
تە خود ذوونی کە غەیرەز تـو نەذوونەم
(بورە) (بورە) کە ئیمانەم‌تویی تو (با.ژ.٢٠ ل١٣٩)

× **بوم = بووم : جفد ، سرزمین (ف) . کونەبەبوو ، زەوی**

بووم (هە) = کونەبەبوو . بووم (هە) : زەوی ڕەق کە بە کەڵکی کێڵان نەیەت .
بووم : خاکو زەوی‌زار . (خال)
بووم : نیشتمان ، خاک ، زەمین . (مەردوخ)
خانای قوبادی ئەڵێ :
دەستمالی زەڕبافت تافتەی ئـەرمەنی
گوڵ‌قرمز (بووم)زەرد سەرگوڵ سۆسەنی (٥٥)

وشەی (بووم) لێرەدا واتە : زەمینـە ، تەخت ، بـۆ پارچـەو قوماش بەکاردێت ، ئەڵێن : ئەم پارچەیە ، یا ئەم قوماشە ، تەختەکەی زەردە ، یان سـەوزە یان .. هتد ، هەرچەندە ، هەمان وشەیە بەڵام لێرەدا بۆ مەبەستێکی تر بەکارئەهێنرێ .

وشەی (بووم) بە واتای کونەبەبوو ، عەرەبی‌یە .

لە کرمانجیی خواروودا کە ئەوترێ (بوومەلەرزە) واتا (زەمین‌لەرزە)و (بووم) لێرەدا بە واتای (زەوی) دێت ، هەروەها لە وشەی (بەروبووم)دا ، وشـەی (بـووم) بە واتـای زەوی‌وزار دێت کە ئەڵێن (بەروبووم) ، واتە (بەری بـووم) . ئەو (و)ە کە وتوێتە نێـوان (بەر ــ بووم) ، لێرەدا بـۆ (اضـافە) بەکارهاتووە ، وەکو لە وشـەی (قەڵوعام) ، هەردوو وشـەی (قەڵ ، عام) بە (و)ی اضافە بووە بە (قەڵوعام) واتە (قەڵی‌عام) ، کوشتنی خەڵکی بەکۆمەڵ ، قڕکردن ، هەندێ جار ، لە شێوەی هەورامی‌دا بۆ (اضافە) لەجاتی (ی) ، تیپی (و) دێ ، وەکو : باغ‌ومیری .

واتە : باغی‌میر . نان‌وگەنمێ . واتە : نانی گەنم .
لێرەدا بابا (بووم)بە واتای زەوی ، زەمین بەکارئەهێنێ :
موئـان میحنەت کەشی حەسرەت نـەصیبەم
کە دەر هەر مولکو هەر (بووم)ی غەریبەم (با.ژ.٩٠ ل١١٩)
(بـووم)بە واتای کونەبەبوو :

غەم ئەندەر سینەیی مو خانە دیری
چو ویرانە کە (بووم) ئاشانە دیری (با.ژ٢٤١ ل١٦٧)
هەروەها بابا لێرەدا (بووم‌وبەر)ی لەباتی (بەروبووم) بەکارهێناوە :
بە دل چون یادەم ئەز (بووم‌وبەر) ئایو
سریشکەم بیخود ئەز چەشمی تەڕ ئایو (با.ژ٢٠٩ ل١٤٠)

× **بوە = بووە** : بود (ف) . بیەن (هە) . مەلاوەسمان ئەڵێ :

کەتانی تەن لە دەوری ماهی ڕووت چاك
(بووە) پیراهەنی یەعقووبی غەمناك (٥٦)
شەوان ئەستارەگان یەکیەك شومارەم
(بووە)نیمە شەبان گووش واتەدارەم (با.ژ١٠٤ ل١٢١)

× **بوین** : ببین (ف) . ببین ، ببینە . زۆر جار لە شێوەی کرمانجیی خواروودا تیپی (ب ، و) جێگای یەکتری ئەگرن ، وەکو لە ناوچەی شارەزووردا ئەڵێ : بوین ، بوینە . وەکو :
هەرکاڵ (بوین) سفید جەمینەن
حاشیەش سیابیم چەند شیرینەن (٥٧)
دەمی بورە (بوین)حاڵەم تە دڵبەر
دڵەم تەنگە شەبی با مو بەسەربەر (با.ژ٥٥ ل١١٣)
مەیەم خون ، گریە ساقی ، نالە موطریب
مو صاحیب ئین سێ دیرەم بورە (بوین) (با.ژ١٩٠ ل١٣٧)

× **بوینە** : ببینێ .

طەبیبەم چون (بوینە)بەر موی زار
کەرە دەرموونی دەردەمرا بە ناچار (با.ژ٥٦ل١١٣)

× **بوینی** : ببینی ، بوینی ، ببینێ ، بوینێ . بەیتێکی فۆلکلۆری :

وەرگیرە جەڕە بڵەئاوبارە
با (بوینی) باڵات ئازیز جارجارە (٥٨)
بە قەبرستون گوذەر کون تا (بوینی)
کە دنیا با ڕەفیقوونەت پ کەردە (با.ژ٢٢٥ل١٤٤)

× **بوینم = بوینەم** : ببینم (ف) . ببینم ، چاوم پێبکەوێ ، بوینم ، وینووش (هە) . مەنصوورخان ئەڵێ :

مەر قاتر بزای کێکف بگرێ بەر
ئەوسا (بوینم) باڵای شاپەروەر (٥٩)
ئەگەر دەستەم ڕەسەد خوونەت بڕیجەم

(بوینەم) تا چ ڕەنگی ئەی دل ئەی دل (با.ژ.۸۰ل۱۱۸)
شـــەوی نایە کە مو خوابەت (بوینەم)
بە بەختی مو بە چەشمەم لالە نائی (با.ژ.۲۷۰ل۱۵۲)

× **بی** : بود (ف) . بوو ، بێ (هە) . مەلاپەڕیشانئەڵێ :

ژ نووری حوســـەین بەهەشت کەرد بینـــا
جیلوەگەر (بی) نووربەتوول عەزرا (٦٠)
چون کە ڕەوشـەنکەرد کوللی ماسیوا
موڵەقەب (بی)وەو زوهرەیی زەهرا (٦١)
حەرامـــەم (بی) ئـــەگەر بی تـــە نشینەم
کەشەم دەر پای گولبون ساغەری مول (با.ژ٨٦ل١١٩)
ز موشکی چین سیەهتەر سونبولەت (بی)
هەزاران دل بە قەیدی کاکولەت (بی) (با.ژ٨٧ل١٥٥)

× **بیـــدەم** : بـــووم .

وا (بیـــدەم) پیـــرو بوڕنائیـــم نـــەمونـــدە
بە تەن تووش‌و تەوانائیم نەموندە (با.ژ٢٨٨ل١٤٤)

× **بیم : بووم** . میرزا ئۆلقادر ئەڵێ :

هەتا چەنی بەخت سەعادەتیار (بیـــم)
جە لای ئـــەو نازار دایم نازار (بیـــم) (٦٢)
ز حالی خویشتەن مـــو بیخەبـــەر (بیم)
نەزوونەم [نەذوونەم]دەر سەفەر یا دەر حەضەر (بیم)
فوغان ئـــەز دەستی تـــو ئـــەی بیمرووەت
هەمین [هەمی]زوونەم [ذوونەم] کە عومری دەربەدەر (بیم) (با.ژ١٦٥ل١٣٢)

× **پسالاو پالائیدن = پـــالاو پالائیـــدەن** : زیادکردن ، پرنمودن وافزون‌گشتن‌و صافشدن (ف) .

(ف) .
زیادکردن ، پرکردن‌و زۆربوون‌و سافبوون‌و پالاوتن .
لەوە ئەچێ کە (پالا)بە واتای (بالا)یش هاتبێ‌و وشەی (پالائیدەن)یش چاووگەو ڕەگەکەی (پالا)و (ن)ی چۆتە سەرو حاڵەتپیشانئەدا ، بووە بە (پالان)لە نیوە بەیتی دووەمدا .
دلـــەم ئـــەز دەستی تـــە نالانـــە نالان
دەروونی دل ز خونەم گەشتە (پالا)ن (با.ژ١٧٤ل١٣٤)
دو چەشمەمرا تـــە خـــون (بالا)کـــونی تـــە
کولاهی عەقلەم ئەز سەروا کونی تە (با.ژ.٢٢٠ ل١٤٢)

× **تاو** : تاب (ف) . تین ، تاو ، گەرمی . تاو (هه) = تینوگەرمی ، هەروەها بە واتای گرژکردنو لوول کردنو توندکردنیش دێت .
بە واتای تینو گەرمایی نالی ئەڵێ :
فەصڵی هاوینی جەهەننەم ، فەصڵی ئێستای زەمهەریر
زەمهەریر کەی وابە تەئثیرەو ، جەهەننەم وا بە (تاو)ۆ (٦٣)
بە واتای گرژیو لوولی هەڵی کەمال باپیر ئەڵێ :
دڵی زوریرم لە حەلقەو پێچو (تاو)ی کۆتو زنجیرا
خەلاصی بوو کەچی دوایی بە قوللابی مژەتگیرا (٦٤)
دیسان بە واتای گرژو لوولی دێت :
پەریشان سونبولان پوڕ (تاو) مەکە
خومارین نیرگسان خوناو مەکە (با.پل ١٤٧)

× **تذرو = تەذەرو** : مرغ صحرائی شبیه به خروس که اورا قراقاولو ... نیز گویند (ف) .
باڵندەیەکی بیابانیەو وەکو کەڵەشێرە ، کە قەراقاولو ... پێئەڵێن .
مو ئان مسکین (تەذەرو)بی پەڕەستەم
موئان سووزەندە شەمعی بێبەرەستەم (با.بەیتی١ل١٧٦)

× **تلواسە = تەلواسە** : بیقراری‌و اضطراب ، میل مفرط(ف) پێئارامی‌و شێوان ، ئارەزووی زۆر .
ئەمڕۆ لە کوردیدا بە شێوەیەکی کورتکراوە بەکارئەهێنرێ‌و بە هەمان واتا . وشەی (تاسە) لە ناوچەی شارەزووردا واتە ئارەزووی زۆر . هەروەها : تاسە(هه) .
تاسە : بیرو ئارەزووی شت . تاسەکردن : ئارەزووکردنی شتێك . (خاڵ)
هۆرێزا مەجنوون وە پای نەجددا
جە (تاسە)ی لەیڵێ دڵ وە وەجددا (٦٥)
بێ تە (تەلواسە) دیرەم بورە بوین
زە هر دەرکاسە دیرەم بورە بوین (با.ژ.١٩٠ل١٣٧)

× **تە : تو** (ف) . تۆ ، تە . تە : ز . تۆ (خاڵ)
خانی ئەڵێ :
هەرچی کو (تە) چێکر ئەی نیکوکار
هەرێەك د حەددێ خوەدا سزاوار (٦٦)
صەیدی ئەڵێ :
میان باغو بستان ئانچە سروند
فدیۆ باڵاو (تە) بۆ باڵا بوڵندێ (٦٧)

(ته) دووری ئەز بەرەم دل دەربەرەم نیست
هەوایی دیکەری ئەندەر سەرەم نیست (با.ژ٩ل١٠٤)
سەرەم سەودایی گیسووپی (ته) داره
دلەم میهری مەهی ڕووپی (ته) داره (با.ژ٢٣٣ل١٤٥)

× **تو** : تب (ف) . تا ، تەو . واته : بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش‌و تێپەڕبوونی لە ڕادەی ئاسایی خۆی .
تەو (مەهاباد) .
(تە تەب دیرەم نەجایەم میکونەد دەرد)
حمیدوونەم کە نالوونەم شەوو ڕووژ (با.ژ٦٦ل١١٥)
لەباتی نیوبەیتی یەکەم لە (پ‌ل١١٥ هرن)دا ، بەم جۆرە هاتووە :
[نە (تەو) دیرەم نە جانەم میکەرەد دەرد]

× **توش ـ تووش** : تاب‌و طاقت‌و زورو قدرت (ف) .
تین‌و وزەو هێزو توانا .
هەروەها بە واتای‌بەیەک‌گەیشتن دێت ، وەکو ئەڵێن : تووشی فلان‌بووم .
دیسان بە واتای گیرۆدەبوون دێت ، وەکو : باش تووش‌بووم . لەم دووبەیتەی خوارەوە بێکەس بۆ هەردوو واتاکە بەکاری‌هێناوە :
(تووش)ی لافاوی عیلم بووم‌و بەڵام زوو دەرپەڕیم
سواری واپۆڕی جەهل بووم‌و بە ناویا تێپەڕیم (٦٨)
خۆشە سەرخۆشی ئەگەر تووشی ڕەفیقی (تووش) نەبی
ڕابوێری هەر بەگۆرانی‌و قسەی عەنتیکەوە (٦٩)
هەروەها بە واتای سەختی‌و ناخۆشی دێت ، لە سەرمادا ، کاتێ کە دنیا ساردەو باران ئەباری ، ئەڵێن : تەڕوتووشی‌یە .
تووش (هە) ـ سەخت ، پەرێشان .
تووش : گیانداری چەتوون ، ڕۆژی سەرماوسۆلە ، ڕێوبانی سەخت . (خال) .
تووش : سەخت : توند (مەردۆخ) .
وا بیدەم پیرو بوڕنائیم نەمونده
بە تەن (تووش)و تەوانائیم نەمونده (با.ژ٢٢٨ل١٤٤)

× **توه ـ تەوه** : تبە و تباه و ضایع شده و نابود گردیده و ... (ف) بە دو خراپ‌و گوم بووو لەناوچوو .
تەوا : زایە ، لە کڵ‌کەوتوو ، نابوو ، واتە « ضایع‌و لەکەڵکەوتووو فەوتاو» (مەردۆخ)

سیەهەبەختەم کە بەختەم سەرنگوون بی
(تەوە) ڕۆژەم کە ڕۆژەم واژگوون بی (با.پل ١٦٣ هرن)

× **جرە = جوڕە** : چست و چالاك ، تیز و تند (ف)

چست و چالاك ، تیژوتوند .
ئەمڕۆ لە کرمانجیی خواروودا بۆ هەمان واتا وشەی (جیر) بەکاردێ .
جڕ (هە) : تۆندوگیر .
جوڕە = نێرە (مەردۆخ) .

× **جرەباز = جوڕەباز** : باز سپید نر (ف) .

بازی سپی نێر .
جوڕەباز : بازی نێر (مەردۆخ) .
جوڕە : باڵندەیەکی بۆرە لە چۆلەکە بچووکترە . جۆرە دەنگێکە وەك جیڕەی دەرگا . (خاڵ) .
لە کرمانجیی خواروودا (جوڕە) بە جۆرە باڵندەیەك ئەوترێ ، کە ، کەمێ لە چۆلەکە گەورەترەو ڕەنگی بۆرەو کەمێ کونجکونجە ، لەچاو بچووکیی خۆیدا بەمێزەو کە ئەڤرێ دەنگی باڵەکانی دێت .
(جوڕەباز)ی بوودەم ڕەفتەم بە نەخجیر
سیەهەچەشمی زەدە بەر بالی مو تیر (با.ژ ٥٢ ل ١١٣)

× **چاوش** : نقیب قافلەو لشکر (ف) . قافلەچی ، سەرقافلە ، سەرلەشکر .

چاوش : نقیب القافله ، نقیب الفوج (مەردۆخ)
خانا ئەڵێ :
جەو دما صەدای زومرەی (چاوەش)ان
ویەرد نە سارای کۆهی کەهکەشان (٧٠)
صەدایی (چاوش)انی موردە ئایە
بە گووش ئاوازە ....ئایە (با.ژ ٢٥٨ ل ١٥٠)

× **چارو = چاروو** : جوارت .

شەوی تارەت بوینەم تاری تارو
گرفتە ظولمەتەش هەر بورجو بارو
خودایا ڕەوشەنائی بەر دلەم دە
کەتا وینەم جەمالی هەشتو (چاروو) (با.ژ١٠١ل١٣٩)
لەوە ئەچێ کە وشەی (تارو ، چاروو)بەم جۆرە بن :
تارو = تار + وو چارو = چار × وو
تار : واتە تاریك چار : واتە جوار

له هەردوو وشەکەدا (وو) ڕاناوەو بە واتای (ت)ی ڕاناو دێت واتە تۆ .
وەکو چۆن ئەڵێ : تارت ، واتا تاریکت ، چارت:واتە چوارت. لێکدانەوەی چوارینەکەی سەرەوە بەم جۆرەیە : شەوی تاریك تاڵی زوڵفی تاریکت ، واتە زوڵفی ڕەشت ئە بینم ، تاریکیو ڕەشیی ئەو زوڵفە هەموو بورجو قەڵایەکی داپۆشیوە ، ئەی خوایە ڕۆشنایی بدە بە دڵم ، تاوەکو جوانی هەشتو چوارت واتە دوانگزە ئیمامت ببینم .
هەروەها بابا ئەڵێ :
خوداوەندا بە حەقی (هەشتوچارت)
ز مو بگوذەر شوتر دیدی نەدیدی (با.ژ٣٣ ل١٦٦)
لە بەیتی سەرەوەدا (هەشتو چارت)ی بە کارهێناوە ، دیارە ، چ (وو)و، چ (ت) هەردووکی ڕاناوی لکاوەو بۆ یەك مەبەست بەکارهاتوون و واتە (تۆ) . ئەمڕۆیش لە کوردەواریدا بە هەمان شێوە ئەو ڕاناوی لکاوە بەکار دێت، وەکو : باوکوو ، دایکوو . واتە :
باوکت ، دایکت .

× **چرە = چەرە** : چرد(ف) . ئەلەوەڕێ ، بلەوەڕێ ، بخوات . لە کوردەواریدا ، ئەوەی شەوان دوای نانخواردن ئەخورێ پێی ئەوترێ (شەوچەرە) وەکو گوێزو مێوژوو برێشکەو ... هتد
چرابوون : فێربوونی ساوا بۆ خواردنی لەوەڕ . (خاڵ)
بورە غافل مەچەر دەر چەشمەساران
هەرئان غافل (چەرە) غافل خورە تیر (با.ژ٥٢ل١١٣)

× **چرایە** : چراهست (ف) . بۆچی هەیە ، بۆچیە ، بۆچی .
تەکت مشکینە گیسو دەرقەفایە
ئەبی واجی کە سەرگەردوون (چرایە) (با.پ ل١٥١)

× **چش** : فیروسیا ، لە کاتێکدا ئەم زاراوەیە بەکارئەهێنرێ ، کە هیوات بە شتێ نەمێنێو ئیتر گوێش نەدەیتە ڕوودانەکەی .
چش : چاوپۆشین ، چشی لێبکە = وازی لێبێنە . (مەردۆخ)
هەمە واژەن بە مو بی نامو نەنگی
کەسی کە عاشقە (چش)نامو (چش)نەنگ (با.ژ٧٣ل١١٦)

× **چنو = چونو** : چطور و چگونە . (ف) . چۆن ، چلۆن ، چ جۆرێ .
مەنو واجەن کە یارەت خوابی نازە
(چونو) خوابە کە بیداری نەدارە (با.ژ٣٤ل١٠٩)

× **چنون = چونون** : چنان . (ف) . بەو جۆرە ، بەو شێوەیە .

هەمە شەو سووجەم گریەم هەمە رووز
(ز تە شامەم چونان)رووزەم چونین بی (با.ژ٣٢٢ل١٦٣)
لە جیاتی (ز تە شامەم چونان)لە (پ‌ل١٦٣ هرن)دا ، : (ز تە شامەم چونون)ە .

× **چیناد = جنب و جمع‌نمایدو ... (ف)** .

ڕای‌بکێشێ‌و کۆی‌بکاتەوە ، بی چنێتەوە .
چنینەوە : کۆکردنەوەی شتی ڕژاوودەنک دەنک (خال) .
دو چەشمەم دەردی چەشموونی تو (چیناد)
نەوا دەردی بە چەشموونەت نشیناد (با.ژ٢١ل١٠٦)

× **خان** : خانەو سرا و کاروانسرا (ف) .

مالو سەرا (خانووی گەورەو کۆشک)و کاروانسەرا .
خان (هە) . خان : مال ، خانو (مەردۆخ) . شێخ یوسف ئەڵێ :
خانەیی وێرانە ئەم وەك (خان)و مانی عەنکەبووت
رزقی ڕۆژم تا شەوێ وڵڵاهی قووتی لایەموت (٧١)
مو ئان ڕەندەم کە نامەم بی قەلەندەر
نە (خان) دیرەم نە مان دیرەم نە لەنگەر (با.ژ٨ل١١٢)

× **خاور = خاوەر** : مشرق‌و ... (ف) . ڕۆژهەڵات .

خاوەر : مشرق (مەهاباد) . خاوەر : خۆرهەڵات (مەردۆخ)
قەیس ، حەیرانی ڕەنگ شەمسی (خاوەر) بێ
جە سۆزی دەروون دەردش بەتەر بێ (٧٢)
ڕوخەش تا کەردە دەر دل جیلوە ئەز میهر
بە خووبی ئافتابی (خاوەر)ەستەم (با. بەیتی ١١ ل١٧٤)

× **خنیاگر = خونیاگەر** : خواننده ، سازنده (ف) .

گۆرانی‌بێژ ، ئەو کەسەی کەشتێ بەجێ‌بهێنێ یا سازی بکات .
بە یەك ناله بسووجەم هەردوو عالەم
که ئەز سووزی جگەر (خونیاگەر)ەستەم (با.بەیتی١٣ ل١٧٣)

× **خوبون = خووبون** : خوبان (ف) .

جوانەکان ، شۆخ‌وشەنگەکان ، باشەکان .
دلا (خووبون) دلی خوونین پەسەندەند
دلا خوون شەو که (خووبون) ئین پەسەندەند (با.ژ٤٢ل١١١)

× **خـور** : خورشید (ف) . خۆر ، هەتاو ، ڕۆژ .

وەر(هە) = خۆر . وەرەتاو (هە) = خۆرەتاو .
میرزا ئۆلقادر ئەڵێ :
زەمین مـن بـەی تـۆ صـەد دەلیـل مـاروون
سـتارەی شـەریف ماهـەو (خـۆر)داروون (٧٣)
ز عیشقەت سـەرفـەرازان کام یابـەنـد
کە (خـور) ئەووەل بـە کوهساران بەرایو (با.ژ٢١١ ل١٤١)
ز چ خالی ڕوخـەت ذوونی سیاهـە
هەر ئان نەزدیکی (خور) بی‌سووتەڕبی (با.ژ٢٩٤ل١٥٧)

× **خـوره** : خورد (ف) . ئەخوات ، ئەیخوات .

خوره (خۆرە) برێنێکە بە هەر شوێنێك بگا دای‌ئەوەشێنێ (خال) .
بێ‌گومان ئە چێتەوە سەر هەمان وشە . مەبەستی خورە(خۆرە)وەکو باس‌کرا
ئەو برینەیە کە تووشی هەر شوێنێك بێت ئەیخواتەوەو دای‌ئەوەشێنێ .
مەبەستی بابا لەم بەیتەی خوارەوە ئەوەیە کە ئەڵێ :
خورەتیر = تیرئەخوا ، واتە تیری بەرئەکەوێ .
بـورە غـافل مـەچـەر دەر چـەشـمەسـاران
هەر ئان غافل چەرە غافل (خورە) تیر (با.ژ٥٢ ل١١٣)

× **خوم** : خودم (ف) . خۆم . مەلا وەسمان ئەڵێ :

بە بادەی مەعریفەت مەخموورو عومری (خۆم) بەبا نادەم
لە شوربی غەیری مەی نادەم ئەگەرچی کەوئەرو زەمزەم (٧٤)
گـولی کـە (خـوم) بـدادەم پـێچـو تابـەش
بە ئابی دیدەگانەم دادەم ئابەش (با.ژ ٧١ ل ١١٦)
ئـالالەی (خـوم) کـە خـوشبۆەنگەسـتـو خوشبو
سـەرەفرازی هـەمـە ئالالیان بی (با.ژ٣١٣ ل١٦١)

× **خـون** : خان (ف) . خانو ، ماڵ .

نـە (خـون) دیرەم نەمـون [مان] دیـرەم نـە سـامون
دەمی مـوردەن پەڕو بالەم کەفـەن بی (با.ژ ٢١٩ ل١٦٢)

× **خوناو = خووناو** : خوناب (ف) . خووناو ، خوێناو . وناو(هە) = خوێناو
مـوسـەلسـەل گـیـوان پـوڕتـاب مەکەرە
خومارین نیرگسان (پوڕخواب) مەکەرە (با.ژ٢٤٢ ل١٤٧)
لە (پ ل ١٤٧ هرن)دا بەم جورە هاتووە :
پەڕیشان سـونبولان پوڕتاو مـەکە
خـومارین نیرگسان (خـووناو) مـەکە

× **خوی** : بر وزن (می) ، عرق انسان و حیوانات . دیگر بر وزن (موی) به معنی عادت‌و طبیعت‌و . . . (ف) .
لەسەر وەزنی (می) (۷۵) ، عەرەقی ئادەمیزادو گیان لەبەران هەروەها لەسەر وەزنی (مووی) واتا (خوو)و سروشت‌و . . .
(خوه) با . ئارەقی ئەندام : من (خوه)دایە ، واتە : ئارەقم کردۆتەوە . (خال)
(خوو) : العادة ، الصرع (مەهاباد) .
(خوویە) : عرق (مەهاباد) .
(خوو) : پەوشتێکە کە گیاندار هۆگری بووبێ (خال) .
مەولەوی ئەڵێ :
شەوقی زەرقو بەرق فەرق زەرکلاو
ورشەو پرشەی (خوی) کولمی بۆگولاو (۷۶)
ز خوونی نەز حەیا (خوی)ریتە دیری
دو موژگانی بە زەهر ئامیتە دیری (با.ژ.۳٤۰ل۱٦۷)

× **خین** : خون (ف) . خوین . خین : دم (مەهاباد) بەیتێکی فۆلکلۆری :
ڕوومەتی تۆپەگورە
لە (خین)ی سۆرکردیە (۷۷)

× **دنگ = دەنگ** : ناهشیار و احمق ، صدای بهم‌خوردن دوچیز (ف) .
گێژو نەزان ، دەنگی بە یەکاکێشانی دووشت .
ئەمڕۆ لە کرمانجیی خواروودا بە گێژو نەزان ئەڵێن : دەبەنگ .
دلا (دەنگ)م دلا (دەنگ)م دلا (دەنگ)
ز دەستەم شیشەیی ناموس بەرسەنگ (با.ژ۷۳ل۱۱٦)
دلی دیرەم دلی دیوانەوو (دەنگ)
نەزوونەم مو کە دیرەم نام یا نەنگ (با.ژ۷٤ ل۱۱۷)

× **دوتە = دووتە** : دوختە (ف) . دووراو .
ئەگەر چەشمەم بدووزی (دووتە) خواهەم
وەگەر جیسمەم بسووزی سووتە خواهەم (با.ژ٦۱ل۱۳۲)

× **دیر** : دور (ف) . دوور .
چ (دیر)ە ئین کە دارەش ئاذەرینە
چ دەشتە ئین کە خونخوارەش زەمینە (با.ژ۲٥٦ل۱٤۹)

× **دیرەم(۷۸)** : دارم (ف) . هەمە .
بە دل (دیرەم) تەمەننایی کەسانی
کە ئەندەر دل تەمەننایی تو دیرەند (با.ژ۳۱ ل۱۰۹)

باغبـان دیـد کـه مـو گول دووست (دیرەم)
هەزاران خار بـەر گول پاسبان کەرد (با.ژ٣٥ل.١١٠)

× **دیرن = دیرەن** : دارند (ف) . هەیانە .

هـەمە مـاران‌و مـووران لانـە (دیـرە)
مەنی دیـوانەرا ویـرانەیی نـە (با.پ‌ل١٤٨)

× **دیرو** : هەیە ، ئەکا .

دلـەم مـەیلی گولی باغی تـە (دیرو)
سـەراسـەر سـینەئـەم داغی تـە (دیرو)
بشـەم ئـا لالـەزاران لالـە چینـەم
دیم ئالاله هەم داعنی ته (دیرو) (با.ژ١٨ ل.٩٢٠)

× **دیرە** : هەیەتی . هەیە .

دلـەم مـەیلی گـولی باغی تـە (دیـرە)
سـەراسـەر سـینەئـەم داغی تـە (دیرە)
بشـەم ئـالاله زاران دل کەرەم شـاد
دیم ئالاله هەم داغی تـە (دیرە) (با.ژ٢٣٩ ل١٤٦)

× **دیری** : داری (ف) . هەتە ، هەیە .

غـەم ئـەنـدەر سـینەیی مـو خانـە (دیری)
چـو ویرانـە کـە بـوم ئاشـانە (دیری)
فـەلـەك ئـەنـدەر دلی مسـکینی مـونە
ئەز ئین غەم هەر چ دەر ئەنبانە (دیری) (با.ژ٣٤١ل١٦٧)

× **دیرتر** : **دیرتەر** : دوورتر (ف) . دوورتر .

بشـەم واشـەم ئـەزئین عـالەم بـەدەر شـەم
بشەم ئەز چین‌و ماچین (دوورتەر)شەم (با.ژ١٣٢ل١٢٦)
لەباتی وشەی (دوورتەر) ، له : پ ل ١٢٦ هرن وبرون)دا وشـەی (دیرتەر) هاتووه .

× **دیل** : دل . (ف) . دڵ .

دلا پووشـەم ز دەسـتەت جامـەیی نیـل
نەهەم داغی غەمەت چون لاله بەر (دیل) (با.ژ٧٧ل١١٧)

× **دیم** : دیدم (ف) . دیم ، چاوم‌پێ‌کەوت . دیم (هه) .

میرزا ئولقادر ئەڵێ :

بەڵام ئەی یاران دۆسان دڵداران
عەجەب کارێ (دیم) جە ڕۆزگاران (٧٩)
بشەم ئالاله زاران دل کەرەم شاد
(دیم) ئالاله هەم داغی تە دیره (با.ژ٢٣٩ل١٤٦)

× **ذانم = ذانەم** : دانم (ف) ئەزانم .

× **ذانو** : ئەزانێ . ذانۆ (هه) = ئەزانێ .

خودا (ذانو) که جوز تە دەر سەرەم نی
به غەیرەز عیشقی ته دەر پەیکەرەم نی (با.ژ٢٧ ل٩٢٢)

× **ذونم = ذوونەم** : دانم (ف) ئەزانم .

ئەگەر یەك لەحظەئەم بی غەم ببینی
یەقین (ذوونەم)که زین غەم سەرنگون شی (با.ژ٣٤٦ل١٦٨)

× **ذونه = ذوونه** : بداند (ف) . بزانه ، ئەزانێ .

زانه (هه) = بزانه .
خودا (ذوونه) که دەر دنیایی فانی
به غەیری عیشق ته کاری نەدارەم (با.ژ١٠٣ ل١٢١)
مەرا سووزو گودازه تا قیامەت
خودا (ذوونه) قیامەت تا بەکەی بی (با.ژ٣٢٣ ل١٦٣)

× **ذوونی** : دانی (ف) ئەزانی .

ته که (ذوونی) به مو چاره بیاموز
که ئین تیره شەوان وا کەرەم ڕووز
ئیلاهی گەر بواجەم وەر نه واجەم
تو (ذوونی) حاجەتەمرا مو چ ساجەم (با.ژ٩٨ل١٢١)

× **رسه = ڕەسه** : رسد (ف) . ئەگات .

ڕەسەد ئاخر به دەرمان دەردی هەر کەس
دلی ما بی که دەرمانەش بەلا بی (با.ژ٢٨٦ ل١٥٥)
له : (پ ل ١٥٥ هرن) دا ، نیوبەیتی یەکەم بەم جۆرەیە :
ز دەردی ما (ڕەسه) ئاخر به دەرمون .

× **ڕۆ** : ڕۆژ ، له کرمانجیی خواروودا ، که ئەوترێ : نیمەڕۆ ، یا نیوەڕۆ ، بەشی دووەمی که (ڕۆ)یه ، واتا ، ڕۆژ ، له شێوەی هەورامیدا (ڕۆ) ، به

واتای ڕۆژ بە تەنهایی بەکاردێ ، هەروەها ، نیوە ڕۆژ ، نیمەڕۆیش بەکار ئەهێنرێن . ڕۆ = ڕۆژ (هە) (خال)
خانای قوبادی ئەڵێ :

جە مەدداحی ذات شای خیر البشر
شەفاخوای ئوممەت (ڕۆ)ی دەشتی مەحشەر (٨٠)
ڕووزەم ئەز شەو شەوەمئەز (رو) بەتەربی
بەختی ئاشوفتەئەم زیروزەبەر بی (با.ژ٢٨٨ ل١٥٦)

× **ڕوتە = ڕووتە** : روفتە (ف) . ماڵڕاو ، گسکدراو .

سەگەت گەر پا نەهەد بەر چەشمەم ئەی دووست
بە موژگان خاکی ڕاهەش (ڕووتە) دیرەم (با.ژ١١٩ ل١٢٤)

× **ڕوج** : ڕۆژ .

(ڕۆجیار)د. ڕۆژگار ، ڕۆچیار = ڕۆژگار . (خال)
(٨١)

ڕۆجیار : خۆر ، خۆرەتاو . (مەردۆخ) .

بورە یەک دەم بنالیمو بووجیم
ئەز ئان ڕووئی کە هەردوو تیرە(ڕوج)یم
تە بولبول حاش لله میشلی مونی
نبو جوز دەردوغەم یەک عومر (ڕوج) یم (با.ژ١٦٦ل١٣٣)

× **ڕود = ڕووڕ** : مانند عود ، فرزند ، پسر ، دختر (ف)

وەک عوود ، فەرزەن ، کوڕ ، کچ .
ئەمڕۆ لە کرمانجیی خواروو هەورامیدا ئەوترێ (ڕۆڵە)و ، وشەی (ڕۆڵە)یش ئەچێتەوە سەر وشەی (ڕوود)و ، پاشگری (لە) یان (ۆڵە)ی چۆتە سەر کە بۆ خۆشەویستی بەکاردێتو بە درێژاییی ڕۆژگار تیپی(د)ی کەوتووەو سوواوە بووە بە (ڕۆڵە) (٨٢) .

بەر ئون پیری هەمینالەم دەر ئین دەشت
کە (ڕوود)ان جەوونەش مورده باشەند (با.ژ٤٣ل١١١)

× **ڕوژ** : روز (ف) . ڕۆژ .

ڕە نجووری ئەڵێ :

فەردی بێ شەریک واقیف بە هەر حال
گەڕاننەدەی دەور (ڕۆژ)و ماهەو سال (٨٣)
سیەهبەختەم کە بەختەم سەرنگون بی
تەوە (ڕوژ)ەم کە (ڕوژ)ەم واژگون بی (با.پ ل١٦٣ نوسخەی هەرن)

قـــه کـــه ذوونی بـــه مـــو چـــاره بیاموز
که ئین تیره شەوان (واکی کەرەم رووز) (با.ژ ٦٤ ل ١١٥)
له پەراوێزی هەمان لاپەرەدا له باتی (واکی کەرەم ڕووز) له نوسخەی :
(ن خ ف)دا (باکی کەرەمڕوژ) هاتووه .

× **ڕیته** : ریخته (ف) . ڕژاو .

ڕێتنو ڕیتن : ڕشتن (خاڵ) و (مەهاباد) .

وەفایی ئەڵێ :

خوێنی دڵی (ڕیتم) له هەوا دڵ نەبوو خاڵی
عاشـــق به خـــودا وایه وەکوو من به وەفایی (٨٤)
ز خـــوونی ئـەز حـەیا خـوی (ریته) دیری
دو موژگانی به زەهر ئامیته دیری (با.ژ ٣٤٠ ل ١٦٧)
موســـەلسـەل زولف بـــه ڕوو (ڕیته) دیری
گولو ســـونبول بـــه هەم ئامیته دیری (با.ژ٣٤٣ل١٦٨)

× **ریجه** : ریزد (ف) . ئەڕێژ .

ریجه : ڕێژە . (مەردۆخ) .
ریجه : د. ریژه . (خاڵ) .
دلـم ئـەز عیشقی خـووبان گیـجوویجه
مـوژه بـەرهەم زەنـەم خـوونابه (ریجـه)
دلی عاشـــق میشـالی چـــووبی تـەڕ بـی
سەری سووجه سەری خوونابه (ریجه) (با.ژ٢٤٤ل١٤٣)

× **ریژه** : ریزد (ف) . ئەڕێژ .

ڕێژ : لێوانلێو ، پڕ ، سەرشار (مەردۆخ) .
دڵزار ئەم بەیتەی بابای گۆڕیوه :
لـه عـەشقی جـوانان دڵ گیژوویژه
برژانگ کـه لێكدەم خـــوناوه (ڕیـــژه) (٨٥)
دلەم سووجه ز غوصصەوەر بـه (ریژه)
جەفای دووستـرا خواهانتەرەستەم (با.بەیتی٦ل١٧٥)
جگەر ئـەز شـەوقی لەعلەت ریژریـژه
ز چەشمانەم ئەزان خوونابه (ریژه) (با.ژ٢١ ل٩٢١)

× **زانی** : ئەزانی . زانی (هه) .

گەرەم رانی وەرەم خـــوانی تـه (زانی)
وەرەم ئاخـر بســـووزانی تـه (زانی)

وەرەم بەر سەر نەهی ئەلوەندو مەیمەند
نەمیوازەم خودا (زانی) تە (زانی) (با.ژ۳۵۱ل۱٦۹)

× **زنار = زوننار** : رشتەایست کە ترسایانو بتپەرستان بر خود بندند (ف) .
پشتینیکە کە مەسیحیەکانو بتپەرستەکان ئەیبەستن .
زونار : کەمەربەن ، ئەوپشتوێنەیە کە مەسیحیەکان ئەیبەستن (مەهاباد) .

حاجی قادر ئەڵێ :

لە نەشئەی دیدەیی مەستی هەموو مەیخانە ویرانن
هەموو کەس بەستە (زونار)ە لە سەودای زوڵفی تاتاری (٨٦)
مو کە دوور ئەز توئەم (زونار) بەندەم
یەهوودو بوتپەرستەم گەھ بخەندەم (با.ژ ١٠٠ ل ١٢١)

× **زندەوابی = زیندەوابی** : زندەشد (ف) . زیندووبووەوە .
وا زیندوو بووەوە .
ئیلاهی گەردەنی گەردوون شەوەد خورد
کە فەرزەندی جیهانرا جوملەگی بورد
یەکی نایە فولانی (زیندەوابی)
هەمی گوویەند فولانی بنی فولان مورد (با.ژ٣٠٨ ل١٠٨)

× **زوان** : زمان ، زوان .
زوان ، زمان ، زبان (هە) .
زوان = زمان (مەردۆخ)
زووان = زبان (خاڵ) .
بەیتێکی فۆلکلۆری :
ئاخ لەیلو داخ لەیل ، لەیل هاتە باوان
وە (زوان)ی شیرین ، کۆرپەی ئەلاوان (٨٧)
بە جوز ذیکری تە نی ویردی (زوان)م
بە جوز فیکری تو ئەندەر خاطیرەم نی (با.ژ٢٧ل٩٢٢)

× **ژاڵە** : شبنم ، تگرگ ، باران (ف) .
شەونم ، تەرزە ، باران .
مەلا خاکی ئەڵێ :
لە لالەی ڕووی خۆیو سەبزەی سەحابەی (ژاڵە) ساپرژێ
هەزاری وەك منو تۆ بین هوزاری ئەو گولستانە (٨٨)

هەروەها وشەی (ژالە) لە کوردیدا : جۆرە درەختێکی هەمیشە سەوزەو گەڵاکانی وەکو گەڵای بی وایەو ئەستوورترەو تامێکی زۆر تاڵی هەیەو گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ئەکات . حەمدی ئەڵێ :

بە ڕەنگو بۆ نیە ئیحسانی دنیا هەر بە ڕێکەوتە
لە نەی شەکەرئەبارێ (ژالە) بەو شیرینیە تاڵە (۸۹)
بە سوویی باغو بوستان لالە وا بی
هەمە مووها میشالی (ژالە) وا بی (با.ژ۲۸۵ل۱۵۵)
ز دل بیرون بە بەختەم نالە نائی
ژ موژگانی تەڕی مو (ژالە) نائی (با.ژ ۲۱۸ ل ۱۵۲)

× **ساغر = ساغەر** : پیالە و شرابو ... (ف)

پێکو شەرابو ...
حەمدی ئەڵێ :
گەهێ سەرمەستی نەشئەی (ساغەر)ی یاقووتی لێوانە
گەهێ زنجیرەبی ساقی ملی مینایە ئەو زڵفە (۹۰)
ز دەوران گەرچی پوڕ بی جامی عەیشەم
وەلی بی دووست خوونین (ساغەر)ەستەم (با.بەیتی۱۱ل۱۷۵)

× **سایە** : سایست (ف)

سێبەرە ، سێبەر ، سایە .
سایە : سێوەر (مەردۆخ) .
شێخ عومەر ضیائوددین ئەڵێ :
لە (سایە)ی نەخلی میحنەتدا شەرابی عەیشی من کوانی
لە نەخلی خیللەتی جانان خود تەقدیری واهانی (۹۱)
گلش در زیری سونبول (سایە) پەروەر
نیهالی قامەتەش نەخلیئەست نەوبەر (با.ژ۵۸ل۱۱٤)

× **سربشن = سەربەشن** : سەرلووتکە .

بەشی دووەمی وشەکە ، کە (بەشن)واتە ، بەژن ، بالا ، لووتکە ، بەرزایی.
مو ئان ئیسپیدە بازەم سینەسووهان
چراگاهی مو بی (سەربەشن) کووهان (با.ژ۱۸۲ل۱۷۷)

× **سنبل = سونبول** : گلی خوشبووی و نوعی از زنبق و ... (ف)

گوڵێکی بۆنخۆشەو جۆرێکە لە زەمبەق .
سونبول : زهر ازرق طیب الرائحة (الهدیة الحمیدیة ــ ضیاءالدین باشا الخالدی ــ بیروت ۱۹۷۵) .

لە هۆنراوەی کوردیدا ئەوەندە زولف‌و پرچ چوێنراوە بە (سونبول) ، وای‌لێ‌هاتووە وشەکە خۆی ، بە واتای زولف‌و پرچ هاتووە ، وەکو لەم بەیتەدا ، بابا ئەڵێ :

گولەش دەر زیری (سونبول) سایەپەروەر
نیهالی قامەتەش نەخلبست نەوبەر (با.ژ٥٨ ل١١٤)

بورە بورە کە دیداری تە وینەم
گول‌و (سونبول)ز دیداری تە چینەم (با.ژ١٥٥ ل١٣١)

× **سمك = سەمەك** : ماهی‌و .. (ف) . ماسی‌و ...

بەڵام لێردا مەبەست زەوی‌یە ، ئەمەیش ئەگەڕێتەوە بۆ بیروڕای پێشینان کە وتوویانە : (ئەرز لە سەر بەردی‌یە ، بەرد لە سەر جووتی‌یە ، گاجووت لە سەر ماسی‌یە ، ماسی لە سەر ئاوی‌یە ...) (٩٢)

حاجی قادری کۆیی بۆ هەمان مەبەست وشەی (سەمەك)ی بەکارهێناوە لەم بەیتەی خوارەوەدا ، کە ئەڵێ (لە سەما تا بە سەمەك) واتە :

لەئاسمان تا زەوی :
تابڵێی فەرقی هەیە میهری منو ماهی فەلەك
لە ئەرا تا بە ثورەیا لە سەما تا بە (سەمەك) (٩٣)

هەروەها بابایش بۆ هەمان مەبەست وشەی (سەمەك)ی بەکارهێناوە :

دەمادەم دوودی ئاهم بەر سەما بی
پەیاپەی ئەشکی چەشمەم بەر (سەمەك) بی (با.ژ٣٠٦ل١٦٠)

× **سمندر = سەمەندەر** : جانوری ذوحیاتین شبیە بە چلپاسە و بطور افسانە، گویند در آتش زندگی می‌کند (ف) .

گیان‌لەبەرێکە لە ئاوو وشکایی‌دا ئەژی‌و وەکو مارمێلکەوایەو بە شێوەیەکی ئەفسانەیش ، ئەڵێن لە ناو ئاگردا ئەژی سەمەندەر : گیان‌لەبەرێکە لە ناو ئاگردا ئەژی (مەردۆخ) .

[سەمەندەر : Samandar = سالامەندرا = سەمەندور = سەمەندول . وشەیەکی یۆنانی‌یە ، گیان‌لەبەرێکە لە وشکایی‌و لە ئاودا ئەژی ، کڵك‌دارە ، ئەوپەڕی درێژایی‌یەکەی ئەگاتە (٢٥) سانتیمەتر . پێستەکەی مەیلەوڕەشو پەڵەی زەردی تۆخی پێوەیە ، لە شوێنی شێ‌دارو تاریك‌و ئەشکەوتەکان‌دا ئەژی ، کرم‌و جڕوجانەوەر ئەخوات ، لەشی کەمێ قەڵەوەو بە کڵکێکی خڕ کۆتایی دێت ، گیان‌لەبەرێکی بێ‌ئازارە ، پێستەکەی شتێکی لینجی سووتێنەر دەرئەدات ، ئەڵێن ، لە ناو ئاگردا ناسووتێ ، بەڵام ئەمە ڕاست نی‌یە . (فرهنگ معین . د. محمد معین)] .

حەمدی ئەڵێ :

گەر صەحەنی چەمەن بێتو ئەگەر کووڕەیی ئاگر
ئەبڕێتەوە هەردوو چ لە بلبل چ (سەمەندەر) (٩٤)

کاکەی فەلاح ئەڵێ :

منیان زیندەبەچال ئەکرد
لە ئاگردا
منیان بە (کۆی زوخاڵ)ئەکرد
بەو هەموو خاکو خۆڵەوە
چاڵم ئەگرت بە کۆڵەوە
وەك (سەمەندەر)
لە پشکۆ هێڵانەم ئەکرد (٩٥)
(سەمەندەر)وەش میانی ئاتەشی عیشق
یەکی پەڕکەندە مورغی بیپەڕەستەم (با.بەیتی.١ل١٧٣)

× **سو = سوو** : سوی (ف) . بەرەو ، لای .

دڵدار ئەڵێ :

جا لە ڕێگەوە ئاوازی زەمین (سوو)یی سرووڕ (٩٦)
بسووتە ئەم گوڵی ئاڵاڵە بی سەر
(سوو)ی مو تە کەمان باران چ حاصیل (با.ژ٤٨ل١١٨)
نە خور نە خواب دێرەم بی تە گووڵی
کە دەرتەن هەر (سوو)مو خەنجەرەستەم (با.بەیتی٣ل١٧٣)

× **سوتە = سووتە** : سوختە ، آتش‌زنە (ف) .

سووتاو ، چەخماخ ، بەردەچەخماخ .
سووتە : د. شتی سووتاو (خاڵ) .
سووچێو : مەقەڵی . (خاڵ) .
سووتە : سووتیاگ (مەردۆخ) .
سووچیا (هە) = سووتاو
دڵزار ئەم بەیتەی خوارەوەی بابای کردووە بە سۆرانی :
لەگەڵ (سووتە) دڵانم چۆن نەنالم
لەتەك بێ حاصڵانم چۆن نەنالم(٩٧)
بە یەك ئاهی سەحەرگاهە ئەز دڵی تەنگ
هەزاران موددەعیرا (سووتە) دێرەم (با.ژ٨ ١ل٢٤

× **سوتنی = سووتەنی** : ئەوەی کە بەکارئەهێنرێ بۆ ئاگرکردنەوە ، سووتەمەنی .
سووتەنیی : سووتەمەنی . (خاڵ)و (مەهاباد) .

سوچیا (هه) = سووتاو .
کوردی ، وشه‌ی (سووتن)ی به‌کارهێناوه به واتای (سووتاون) :
دلی مو ز ئاته‌شی غه‌م (سووته‌نیی) بی
به جانه‌م سووزی عیشق ئه‌فرووته نی بی (با.ژ٣٢٧ل١٦٤)
سه‌راسه‌ر مالی دنیا (سووته‌نیی) بی
نه‌ظه‌ر ئه‌ز مالی دنیا دوو ته‌نی بی (با.ژ٣٢٨ل١٦٤)

× **سوجم = سووجه‌م** : سوزم (ف) .

ئه‌سووتێم . سوچیوم (هه) .
به ئاهی گونبه‌دی خه‌ضرا به (سووجه‌م)
فه‌له‌کرا جومله سه‌رتاپا بـ (سووجه‌م)
بـ (سووجه‌م)ئه‌ر نه‌کارم‌را بساجی
چ فه‌رمائی بساجه‌م یا بـ (سووجه‌م) (با.ژ٩٩ل١٢١)

× **سیر = سه‌یر** : ته‌ماشا .

دوو سێ جامی خورەم با شادکامی
وا بم مه‌ست به (سه‌یر)ی لالیان شه‌م (با.ژ١٣٥ل١٢٧)

× **سوجه = سووجه** : سوزد (ف) . ئه‌سووتێ .

سوچیو (هه) . سووچنای : هه . سووتان (خال) .
دلی عاشق میثالی چووبی ته‌ڕ بی
سه‌ری (سووجه) سه‌ری خوونابه ریجه (با.ژ٢٢٤ل١٤٣)
دله‌م (سووجه)ز غوصه‌وه‌ر بریژه
جه‌فای دووست‌را خواهان‌ته‌ره‌ستەم (با.به‌یتی٦ل١٧٥)

× **شم = شه‌م** : شوم ، روم (ف) .

ئه‌بم ، ئه‌ڕۆم .
بشه‌م واشه‌م ئه‌زئین عالەم به‌دەر (شه‌م)
بشه‌م ئه‌ز چین‌و ماچین دوورته‌ر (شه‌م)
به‌ری دلدار به‌یغامی فرسته‌م
که گه‌ر دووری خوشه مه‌ن دوورته‌ر (شه‌م) (با.ژ١٣٢ل١٢٦)

× **شو = شه‌و** : شب (ف) . شه‌و .

عه‌لی که‌مال باپیر ئه‌ڵێ :
به جارێ ڕۆژی ڕووناکم له‌به‌ر چاو بوو به (شه‌و) ئه‌مڕۆ
که ده‌ستی ئه‌و نیگاره‌م دی له ده‌س به‌دکاری سه‌گ بابا (٩٩)
هه‌می (شه‌و) شه‌وه‌د که مو جوونه‌م بسووزه‌د
گریبان تا به دامونه‌م بسووزه‌د (با.ژ ٣١ ل ١٠٩)

چەند کێشەیەکی دیمۆگرافی و مێژوویی و سیاسی و پەیوەندیی گۆمەڵایەتی و ئابووری کورد

نووسینی م.س لازاریف
وەرگێڕ لە ڕووسییەوە
د. کاوس قەفتان
مامۆستا لە کۆلێجی ئەدەبیات
زانستگای بەغدا

لە سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، کورد لە ناوچەیەکی فراوانـدا ئەژیا • لە ڕۆژهەڵاتەوە ، لە هەمەدانو ورمێ (ئیستە ڕەزائیەی پێ ئەڵێن)و خووی و ماکۆوە ، هەتا هێڵی بریجیکو مەلاتیاو ئەرزنجان لە ڕۆژئاواوەوە دردێژئەبێتەوە • لێرەشـەوە بەرەوخـوار هـەتا خانـەقینو کەرکووکو مووسڵو حەڵەب ئەکشێت • لە باکووریشـەوە لە جـوڵفەو قارسو ئەرزڕوومـەوە دەستپێئەکات • ئەگەر هەموو ئەم ناوچانـە بە درێژی بێوین ، ئـەوە نزیکەی هەزار کیلۆمەتر ئەگرێتەوە ، پانایشـی ٣٠٠ ــ ٥٠٠ کیلۆمەتر ئەبێت • بەم جۆرە پانتاییی کوردستان لە ٤٠٠ هەزار کیلۆمەتر زیاترە • (ئەم پانتاییە نەختێك لە بەریتانیاو ئیرلەندەو بەلچیکاو هۆڵەندەو دانیمارك گەورەترە) •

ئەم ناوچە فراوانە ، کە زۆربەی زۆری میللەتی کوردی دەستبەسەری تیا ئەژی ، ناوی کوردستانە • ژمارەیەکی باشی کوردیش لەچەند ناوچەیەکی تردا ئـەژی ، ئـەو ناوچانـە کەوتوونەتە ڕۆژهـەڵات یان ڕۆژئـاوای کوردستانەوە • هەر بۆ نموونە ، کوردێکی زۆر لە هەرێمی قۆنیە لە تورکیا هەیە ، ناوچەی خۆراسانیش لە ئێران کوردێکی زۆری تێدایە[1] •

کوردستان ناوچەیەکی شاخاویی سەختە ، ڕیزە شاخە قووچەکانی کورد لەگەڵ ڕیزە شاخەکانی ناوەوەو ڕۆژهەڵاتی (تاڤرا)ی ئەرمەن یەکترئەبڕن • هەر لێرەدا ، لەناوئەم شاخو هەردانەوە سەرچاوەکانی دیجلەوفورات هەڵ

ئەقوڵێن • هەر لەم شوێنەش دووگۆڵاوە هەرە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێیە ، واتە گۆڵاوی ورمێو وان • کوردستان وڵاتێکی بە پیتە ، مەرتاڵێکی زۆری تێدایە ، بەتایبەتی نەوت ، کە ئەوسا ، واتە لەو ساڵانەدا کە لەم وتارەدا باسکراون ، دەرنەئەهێنرا • لە دەشتو دۆڵەکانی کوردستانەوە هەموو ئەو مەرجو هۆیانە هەن کە ببنە مایەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵێکی پێشکەوتوو • لەناو دۆڵەکانو قەدپاڵی شاخەکانەوە گژوگیایەکی زۆرو ڕووەکی ئەڵپی هەیە ، باشترین لەوەڕن بۆ ئاژەڵو مەڕومااڵت •

لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە ، کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئێراندا دابەشکرا • لە سەدەی نۆزدەهەمداو لە ئەنجامی شەڕەکانی نێوان ڕووسیاو دەوڵەتی عوسمانیدا بەشێك لە کوردەکان کەوتنە ژێر دەسەاڵتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیاوە •

دووای شەڕی گێتیبی یەکەم زۆربەی هەرە زۆری کورد لەم ویالیەتانەدا بوون : ئەرزڕووم ، وان ، بتلیس ، خارپووت (مامۆستا عەزیز) دیاربەکرو حەڵەبو ویالیەتی مووسڵ لە دەوڵەتی عوسمانی • موتەسەڕڕیفیەتی سنەو ورمێو خانەکانی ماکین لە ئێرانو موتەسەڕیفیەتی یەریڤانو ناوچەی قارس لە ڕووسیا •

ژمارەی دانیشتوانی کورد ، کێشەیەکی ئاڵۆزەو هەتا ئەمڕۆش بە تەواوەتی ڕوونەکراوەتەوە • لە سەرەتادا وەها بەبیردا دێت ، هۆی ئەو ئاڵۆزیەیە ، لەسەر ژماردنی ناڕاستو ناتەواوەوەیە ، بەاڵم ڕاستیەکەی لەوەشدایە لە کوردستانەوە کەمایەتیی نەتەوەیی هەیە • کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران ، هەمیشە هەوڵیانداوە ژمارەی کوردو کەمایەتیەنەتەوەییەکان کەم بکەنەوە • هەروەها نەتەوەپەرستە ئەرمەنەکانیش هەوڵیانداوە ژمارەی ئەرمەن بە زۆرو هی کوردیش بە کەمدابنێن • ئەوەش لەیادناکرێت سەرۆکە سیاسیەکانی کوردیش ژمارەی کوردیان زیاد لە پێویستدائەنا •

جا ئەگەر چاوێك بەم سەرچاوانەدا بگێڕین ، کە لەم ڕووەوە دووانن ، ئەبینین ئەلیزابێتکلۆ کەمترین ژمارەی بۆ کورد داناوە • واتە ٠٠٠ر٨٠٠ر١ ، لەوانە ٠٠٠ر٣٠٠ر١لە ئاسیای تورکیاو نیو ملیۆنەکەی تریشی لە ئێران[٢] ، ئەمەش جگە لەوەی هەڵەیەکی گەورەو ناڕاستە ، دووبارەکردنەوەی ئەو ژمارەیەشە کە ڤیکتۆر بیراری فەڕەنسی بۆ کوردی داناوە • واتە [٠٠٠ر٥٠٠ر١لە تورکیاو ٦٠٠ ــ ٧٠٠ هەزاریش لە ئێران][٣] • گومان نییە ژمارەی کورد هەتا لەو ڕۆژانەشدا لەمە زیاتر بووە • ئا ، کارسێفی کۆلۆنێڵێ ڕووس ژمارەی کوردی لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٨٩٠دا بە ٥ر٢ ــ ٣ ملیۆن لە تورکیاو ئێران داناوە[٤] • بە پێی ئەو ژمارەنەی ، پ ، ی ، ئەڤێریانۆڤ کردوویە ، ژمارەی کورد دووای شەڕی گێتیی یەکەم لە تورکیا ١ر٧٤٠ بووە ، لەوانە ١ر٤٧٥ سوننی مەزهەب و ٢٠٠ هەزاری قزڵباش ، واتە عەلی ئیلاهی و ٤٠ هەزاریش یەزیدی و ٢٥ هەزاریشیان شیعە بوون[٥] • لەوە ئەکات ئەم ژمارەیە لە هەموویان ڕاستتر بێت یان لە ڕاستیەوە نزیکتر بێت ، چونکە لێژنەکەی کۆمەڵی نەتەوەکانیش ژمارەی کوردی بە ٣ ملیۆن داناوە ، ٥ر١ ملیۆنی لە تورکیاو ٧٠٠ هەزاری لە ئێرانو ٥٠٠ هەزاری لە عیراق و ٣٠٠ هەزاری لە سوریاو ناوچەکانی تر[٦] • بەڵام هەتا ئەم ژمارانەش تەواو نین و ژمارەی کوردیان کەمتر داناوە ، هیچ نەبێ لەبەر ئەوەی سەدەها هەزار کورد لە شەڕی گێتیی یەکەمدا ، لە بەرەکانی قەفقاس و میسۆپۆتامیاو ئێراندا ، بە هۆی برسێتی و زۆر لێکردنو سەرماو نەخۆشیەوە لەناوچوون[٧] • لەبەر ئەمە ژمارەی کورد لەپێش شەڕداو لە ساڵانی شەڕەکەدا لە ٤ ملیۆن کەمتر نەبووە • هەرچەندە ئەم ژمارەیەش خۆی نییەو بە کەم دائەنرێت ، بەڵام زۆربەی نووسەرەکان بە ڕاستی ئەزانن و دانی پیا ئەنێن ، لەوانە ، زارێتکی کۆنسۆڵی ڕووس لە فەڕەنسا ، کە ژمارەی کورد لە تورکیا بە ٣ ملیۆنو لە ئێران ٧٠٠ هەزارو لە ڕووسیاش بە ٣٠٠ هەزار دائەنێ[٨] • هەرچی ئەدمۆندزە ، ئەوە ژمارەی کورد تەنیا لە تورکیا ، دووای

شـــەڕی گێتیی یەکەم پتر لە دوو ملیۆن دائـــەنێو ئیستە بە ٣ ــ ٤ ملیۆن دائەنێ[٩] .

گاوانیش ژمارەی کورد لەم ڕۆژانەدا بەم جۆرە دائەنێ . لە تورکیا ٤ ملیۆن ، لە ئێران ٥ر٢ ملیۆن ، لە عیراق ٥ر١ ملیۆن ، لە سووریا ٤٠٠ هەزار ، جگە لە ١٠٠ هەزار کوردی تریش کە لە وڵاتانی تردا ئەژین . واتە زیاتر لە ٨ر٥ ملیۆن ، جـــا ئـــەگەر ئەم هەمـــوو ژمارانە ئاڵوگۆڕ بکەینو ئـــەو ڕاستییەش لەیادنەکەین کە لە ماوەی ئەم چل ساڵەی دووایییەدا ژمارەی دانیشتوانی کوردستان پەرەیسەندووە ، ئەوسا بۆمان هەیە ژمارەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە ٥ر٤ ــ ٥ ملیۆن دابنێین . لەمە ٣ ملیۆن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، واتە تورکیاو عیراقو سووریا ، نزیکەی ٥ر١ ملیۆن لە ئێرانو ٣٠٠ هەزاریش لە ڕووسیا[١١] .

هۆی ئەم کەمو زۆر نووسینەی ژمارەی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێـــوەناو کەمکردنـــەوەی ژمارەیان[١٢] . نیازو مەبەستی کاربەدەستانی عوسمانیو ئێران لەسەر ژماردندا ، بەرژەوەندیی خۆیانو باجو ســـەرانە کۆکردنەوە بوو . لەبەر ئەمە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەم دوو وڵاتە بۆ ئەوەی خۆیان لە باجو سەرانەدان ڕزگار بکەن ، هەوڵیان ئەدا خۆیان نەنووسن یان هیچ نەبێ ژمارەیەکی ڕاست نەدەنبەدەستەوە . هەرچی کوردە شـــارنشینەکانیشە ، بـــۆ ئەوەی خـــۆیان لە زۆرداریو دەســـت درێژیی مووچەخۆرە تورکەکان بپارێزن ، ناچار خۆیان بە تورک ئەنووسی[١٣] .

زەحمەتە ئەوە بڵێین کوردە کۆچەرەکان خـــۆیان نووسیوەو ژمارەی ڕاستەقینـــەی خـــۆیان داوە بە میری . چونکە سروشتی ژیانیانو زرووفی سیاسیو ئابووریان ناچاری ئەکردن لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن کۆچ بکەنو قەت گۆێنەدەنە سنووری ئەم وڵاتو ئەو وڵات . بە کورتی کوردستان وڵاتێکی هێند ســـەختە ، چەند ناوچەیەکی وەک (هەکاریو ناوچـــەکانی

ناوەوەی شاخەکانی تاقراو دەرسیمو چەند شوێنێکی‌تر) ، تاڕادەیەك ، هەر بەناوو بەسەرزاری سەریان بۆ میری شۆڕ ئەکرد • ئەگەر مووچەخۆرێکی میری ، بیویستایە لەو ناوچانەدا بژی یان پیایانا بڕوات ئەبوو هێزێکی سوپایی لەگەڵ خۆی ببرادیە[١٤] •

لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی تێروتەسەل دەربارەی کێشەی جۆری پێکهاتنی نەتەوەیی ناوچەکانی کورد لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیو ئێرانی قاجاریەکاندا نەکراوە • ئەڤێریانۆڤ لەم ڕووەوە ئەڵێت : نیوەی دانیشتوانی ئەرمینیای تورکیا سوننیمەزهبن ، واتە ویلایەتەکانی (ئەرزەڕووم‌و زۆربەی تەرابزوون‌و سێواس)و لە ٤٦٪ی ویلایەتی وان‌و لە ٥٥٪ی[١٥] بتلیس‌و ٦٤٪ دانیشتووە موسڵمانەکانی ویلایەتی مووسڵ ، هەروەها دانیشتوانی هەرێمی دەرسیم‌و ویلایەتی خارپووت‌و ناوچەکانی دەوروبەریان کوردی قزڵباشن ، واتە (عەلیئیلاهین) • کوردە یەزیدییەکانیش لە ویلایەتی وان‌دا ئەژیان ، بەتایبەتی لە شاخەکانی سنجاری ژووروی مووسڵ[١٦] • لە ١٥٪ی دانیشتوانی ویلایەتی حەڵەب لە سووریا ، کوردن[١٧] • دووایی بۆمان هەیە بڵێین زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی ئێران کوردە •

بەم جۆرە ، لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا ، زۆربەی دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (زۆربەیەکی زۆر ناوچە جگە لە ناوچەکانی سەر دەریای ڕەش)یش ، هەروەها باکووری عیراق‌و باکووری ڕۆژئاوای ئێران کورد بوون • ئەڤێریانۆڤیش هەر ئەم ڕایەی هەیە ، ئەویش وایدائەنێت پێش شەڕی گێتیی یەکەم بە ماوەیەکی زۆر درێژ نا ، سێ ملیۆن کورد لە تورکیا ژیاوە • تەنیا لە ویلایەتەکانی ئەرزڕووم‌و خارپووت‌و وان‌و بتلیس‌و دیاربەکرو مووسڵ ، پتر لە ١ر٥ ملیۆن کورد هەبووە • لە کوردستان‌دا کەمایەتیی نەتەوەیی هەیە ، هەرە گەورەکەیان میللەتی ئەرمەنە کە زیاتر لە یەك ملیۆن ئەبێ • دووای ئەو ئازەری‌و ئاسووری دێن کە زیاتر لە ١٥٠ هەزار ئەبن •

جا ئـەگەر واز لە ژمارەی کورد بهێنین ، کە بەو جۆرەی سەرەوە باسمان کرد وبێینە سەر باس‌کردنی مێژووی گەلی کورد ، ئەبینین مێژووی کۆنو سەدەکانی ناوەڕاستی کورد زۆر بە ناتەوای باس کراوەو نووسراوە • چـەند دەنگو باسـێکی کورد لە نـووسراوەکانی ئاسـووری‌یەکان‌دا بەرچاوئەکەوێت • بەڵام یەکەم باس‌کردنێکی کورد کە بە ڕاستی نووسرابێت، لە (ئاناباسیسی) کسینۆفۆنا بەدی ئـەکرێت • ئەوە لە کۆتایی سـەدەی پێنجەم‌و سـەرەتای سەدەی چـوارەمی پ • ز نووسراوە • لە سەدەکانی فەرمانڕەوایی ئارشاکی‌یەکانەوە ، واتە سێ سەدە پێش زایین‌و تا سێ سەدە دووای زایین‌و لە سەدەکانی ساسانی‌یەکان واتە لەسەدەی سێیەمەوە ، هەتا سەدەی حەوتەم ، لە سەدەکانی خەلافەتی ئەمەوی‌و عەباسی‌یەکانەوە ، واتـە لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی یانزەهـەم ، هەروەها لە دەورو زەمانی سەلجوقی‌یەکانەوە لە سەدەی یانزەهەمەوە تا سەدەی سیانزەهەم ، کوردەکان لەم سەدانەدا ژێردەستەی ئیمپراتۆریەتی گەورە گەورە بوون ، هەر یەکێك لەمانە لە عەشرەتێکی زۆر پێـك هاتبوون • لە دەوروبەری هێـرشـە کاول‌کەرەکەی مەغۆل‌دا ، کە لە ناوەڕاستی سەدەی سـیانزەهەم‌دا هات‌و بەغدای وێران‌کرد ، کوردیش زیاتێکی بێشوماری لێ‌کەوت • کوردەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە کوشتارو قەلاچۆی مەغۆلەکان ڕزگاربکەن ناچار بوون پەنا بەرنە بەر شاخو کێوە هەرە بەرزەکان‌و بە تەواوەتی ببنە شاخاوی • دۆخی میللەتەکانی کوردستان لەو دوو سەدو پەنجا ساڵەی دووایی‌یەدا باش نەبوو • چونکە ناوچەکانیان کەوتنە بەر هێرش‌هێنان‌و داگیرکردن‌و کوشتن‌و بڕین‌و وێران‌کردنی هۆلاکۆو تەیموری لە نگو قەرەقۆیونلووو ئاق‌قۆیونلووەکان، کوردستان بووە مەیانی شەڕو کوشتاری بێوەستان •

لە سەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە ، گۆڕانێکی گەورە بەسەر مێژووی کوردا هات • لە ساڵی ١٥١٤دا ، کاتێك سۆلتان سەلیمی یەکەم (یاوز) ، لە شەڕی چاڵدێران‌دا بەسەر هێزی شائیسماعیلی سەفەوی‌دا سەرکەوت ، لـە

ئەنجامی ئەم شەڕەدا ، ڕۆژئاواو خواروو ناوەڕاستی کوردستان کەوتنە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو تەنیا ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ ئێران مانەوە • ئەم دابەشکردنەی کوردستان لـە نێوان دوو دەوڵەتی مەرکەزیی بەهێزو دەسەلاتداردا ، کە جاران دوو دەوڵەت بـوون لەسەر هێزو دەسەلاتی دەرەبەگە خۆخۆرەکان ڕاوەستابوون ، سەرفرازیو ئاسایشی بۆ کورد نەهێنا • بە پێچەوانەوە لە ماوەی ئەو سێ سەد ساڵەی دووای ئەو شەڕە ، کوردستان بووە شانۆو مەیانی شەڕە جەنگی بێوەستانی ئەم دوو دەوڵەتە • زیاد لە چەند جار ناوچەکانی کوردستان ئەم دەستو ئەو دەستیان پێئەکراو هەر جـارە ئەکەوتنە ژێر دەستی یەکێکیانەوە • سـوڵتانەکانی عوسمانیو شاهەکانی ئێران ، بە ناوی ئایینەوەو ، عوسمانی لە ژێر پەردەی سوننیمەزهبیو ئێرانیش بە ناوی شیعیمەزهبەوە ، ئاگری شەڕو هەڵایان خۆشئەکرد • بەڵام لە ڕاستیدا ، ئامانجو مەبەستی هەردوو لایان ، ئەوەبوو دەستبەسەر کوردستاندا بگرنو ناوچە ستراتیجیی گرنگەکانی دەوروپشتی وەک قەفقاسو دەریای سپیو ڕەشو دەریای قەزوینو کەنداوی عـەرەب بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان •

میللەتی کوردو میللەتەکانی تر ، لەم شەڕوهەراو بەیەکچوونانەدا ، لـە برسێتیو مااڵکاولی بەولاوە هیچیتریان بۆ نەئەمایەوە • بگرە هەتا دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانیش سوودو کەلکێکی ئەوتۆیان دەستنەکەوت • چونکە پاش ئەو هەموو شەڕو خوێن ڕشتنە ، لە ساڵی ١٨٥٣دا ڕێکەوتنو پەیمانی ئەرزڕوومیان بەست • لەم پەیمانەدا ، هەر ئەو سنوورانە دەست نیشانکران کە سەد ساڵ لەوەوبەر (دووای شەڕی چاڵدێران) دەستنیشانکرابوون •

ئەمشەڕو هەرا درێژە دووانەهاتووانەی چەند سەد ساڵێک درێژەیان کێشا ، بوونە کۆسپێکی گەورە لە ڕێی پێشکەوتنو نەشونومای ئابووریو کۆمەاڵیەتیو سیاسیو زانیاری کـورد • بوونە هۆی ئەوەش یەکگرتنی

میللەتی کـوردو دروستبوونی دەسـتگایەکی نەتەوەییکوردو تەتەوری دووابخات ، رێگاشی لەوە گرت ئیسلاحاتی باش‌و بە فەرِ بکرێت .

کورد ، ئەو میللەتەی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵە ، لە وڵاتی خۆیدا ئەژی ، ئەم میللەتە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، لە ڕووی بەراوردکردنەوا لەگەڵ میللەتە دراوسێیەکانیا وەك تورك‌و فارس‌و ئازەری‌و عـەرەب ، لەوان دووا‌کەوتووترە . لـە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، مـەترسیەکی گەورەو دوژمنێکی‌دڕیش بـۆ کورد پەیدا بـوو ، ئـەویش دەوڵەتە ئیمپریالیستیەی ڕۆژئاوایی‌یەکان بوو . ئەو دەوڵەتانە ئەیان‌ویست سوود لـە لاوازی‌و داڕزاندنی هەردوو ئیمپراتۆری‌یەتە دەرەبەگی‌یەکەی عوسمانی‌و ئێران ببینن‌و لەسەر حیسابی ئەوان ئیمپراتۆری‌یەتەکانیان لـە ناو خۆیانا دابەش‌بکەن .

لەسەرەتادا ، کاربەدەستانی تورك پشتیان بەوە قایم‌بوو ، سوپایەك لە کوردەکان دروستبکەن‌و بـەو سـوپایە سنووری ڕۆژهەڵاتیـان لـە دەست‌درێژکردنی ئێران بپارێزن . لـە سەدەی شانزهەمدا کاربەدەستانی عوسمانی ، هەموو ئەو کوردانەی (تێدرابوون بۆ ناوچەکانی ئەرزڕووم‌و یەریڤان‌و قارس) لە هەموو جۆرە باجێك بەخشی ، بە مەرجێك بەشداریی ئەو سوپایە بکەن‌و ئەو سنووره بپارێزن . بەڵام ئەم مەبەستەی نەهاتەدی . چونکە ئەو لاوازی‌و داوەشاندنە سیاسی‌و سوپایی‌یەی لـە سەدەی حەڤدەهەم‌و هەژدەم‌دا تووشی دەوڵەتی عوسـمانی بـووبـوو ، وای‌کرد دەسەڵات‌و هێزی حکوومەتی مەرکەزی کزببێت‌و ئارەزووی ڕاکـردن‌و خۆدوورخستنەوە لـە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی لـە هەموو ئیمپراتۆری‌یەتەکەدا سەردەرکات‌و ببووژێتەوە . بووژاندنەوەی ئارەزووی خۆقورتارکردن لـە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی ، ئـەم ئارەزووە لای کوردەکان شێوەو ڕوخساری جیابوونەوەی لە تورکیا وەرگرت . پیاوە هەرە گەورەکانی کورده کۆچەرەکان سەرکردایەتیی ئەم بزووتنەوانەیان کرد .

ئـەم لاوازیو بێدەسەلاتیيەی تووشی دەولەتی عوسمانی بـوو ، ئێرانیشی گرتەوە . لـە ئەنجامی شەڕو هەرای بێپشووی نێوان دەولەتی عوسمانیو ئێران کـە هۆی لاوازیو بێدەسەلاتیی هەردوو لایان بـوو ، کوردەکانی فێری ئەوە کرد چۆن ئەملاو ئەولا بکەنو بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بجوولێنەوەو لابدەنە تەك ئەو لایەی سەرکەوتنی پێئەبڕا . واتـە خۆیان ئەخستە ئەو تای تەرازوویەی ئامانجی شەڕبردنەوەی پێئەکراو وازیان لەو لایەی تر ئەهێنا کە بۆنی دۆڕاندنی لێئەهات .

ئەم شەڕو شۆڕە بێ وچانە مۆری دوواکەوتنی نا بە کوردەوەو ڕێگای پێشکەوتنی لێگرت . بەڵام سوودی ئەوەشی هەبوو ، کوردەکە بە هۆی ئـەو شەڕانەوە کەمێك سەربەستیو سـەربەخـۆیی وەرگرێتو نەختێك سـەرفرازی لەو دوو دەولەتـە زۆرداڕە بسێنێ ، چونکە هەردوو لایـان پێویستیان بە کورد هەبوو .

بەمجۆرە ، لە کۆتاییی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، زۆربەی عەشرەتە کوردەکانی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلو باکووری ئێران ، بـــە تەواوەتی دەسەلاتو سەربەخۆییی خۆیان هەبوو . دەولەتی عوسمانیو ئێرانیش دەسەلاتێکی ئەوتۆیان بە سەریانەوە نەبوو . هـەر لەبەر ئەمە ئەبینین ، لەم ماوەیەدا ، ژمارەیەکی زۆری میرنشینی سەربەخۆی کورد پەیدابوو . میرنشینەکەی ڕەواندزیش لە هەموویان گەورەتر بوو . میرنشینی بۆتانو پاشاکانی بایەزیدو میرنشـینی یەزیدیەکانی سـنجارو بەگەکانی دەرسیمیش لەوانە بوون[٣] .

کوردستانی ئێرانیش بوو بـە چەند میرنشینێکی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆو ناوی خانیان لێدەنرا . والیی کوردستان بە سەرزاری دەسەلاتی بەسەریانا هەبوو . هەر لە ئەنجامی شەڕو شۆڕی نێوان دەولەتی عوسمانیو ئێران میرنشینی هەکاری لە جولەمێرگ پەیدابوو . ئەو میرنشینەی توانی

دەسەلاتی خۆی بەسەر سولەیمانیدا بسەپێنێو هەولیدا بە یارمەتیی ئێران ناوی پاشای کوردستان لە خۆی بنێت(٤) .

جگە لەمانەش ژمارەیەکی زۆری سەرۆکی ئاینیو دەرەبەگ پەیدابوون هەندێك لەمانە ناوونابانگێکی باشیان بۆ خۆیان پەیدا کردبوو . ئەوی ڕاستیبێت ئەمانە سەریان بۆ هیچ یەکێك لەو حکوومەتانە شۆڕ نەئەکردو تەواو سەربەخۆ بوون . نموونەش شێخەکانی هەورامانو شەمدینان بوون . بەم جۆرە کوردستان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا ، لەچەند میرنشینێکی دەرەبەگی بچووك پێکهاتبوو . ژمارەیەکی زۆری میرو خانو پاشاو بەگو سەرۆکە ئاینیە کوردەکان خەریکی دوژمنایەتی بوون لەناو خۆیانا ، لەتەك ئەوەشدا دوژمنایەتییان لەگەڵ ئێران یان لەگەڵ تورکیا ئەکرد ، جاری وەهاش هەبوو لەگەڵ هەردووکیانا دوژمنایەتییان ئەکرد .

لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر دۆخی سیاسیی ناوەوەی کوردستاندا هات . ئەوەبوو لە کۆتاییی سێیەکی ئەو سەدەیەداو لە ئەنجامی شەڕەکەی نێوان ڕووسیاو تورکیا ، سنووری ڕووسیا تەواو لە سنووری کوردستان نزیك بۆوەو بەشێك لە کوردەکان بووە ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا . شکاندنی سوپاکەی تورك لە قەفقاس‌و چەند شوێنێکیتر ، ئەو دارزانو داوەشانەی تووشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو ، پەرەسەندنی پشتبەستنی بە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ناوو دەسەلاتی تورکیا لە کوردستاندا لەکەدارو سووکبێتو تووشی نەهامەتیبێت . ئەم ڕاستیبە بە ئاشکرا لە شەڕەکەی ساڵی ١٨٢٨ — ١٨٢٩دا دەرکەوت . ئەوەبوو دەرەبەگە هەرە گەورەکانی وەك (سەلیم پاشای ئەخالیو بالوول پاشای بایەزیدو ئەمین پاشای مووش) ، لە کاتی شەڕەکەدا، لایاندا بە لای ڕووسا . یان وەکو چەند دەستەو تاقمێکیتر ، کە یان بێلایەنگیریی وەستان ، یاخود لەسەر دووپەت یاریان ئەکرد . ئەمانەش وەك میری هەکاریو میری کوردستانی عیراق(٢٠) . پاش ئەم شەڕەو

لەسەرەتای سالی ١٨٣٠دا بەشێکی گەورەی کورد لـە دەسەلاتی تورك رزگاری بوو • بەگشتی لـەوە ئەچوو ، هەموو رۆژهەلاتی ئەنادۆل بـە دەست دەرەبەگە کوردەکانەوە بێت • هاتوچۆکردنو هەواڵهێنانو بردن لە تێوان بەغداو ئەستەمبووڵدا پچڕا •

دۆخی دەوڵەتی عوسمانی تەواو تێکچوو ، گەیشتە ئەوەی دەستی لێ بشۆردرێت ، بەتایبەتی دووای ئەوەی موحەمەدعەلی سەرداری میسر لە سالی ١٨٣١ــ١٨٣٢ بەسەر هێزەکانی تورکیادا سەرکەوت • پاش پەیمانەکەی (کیوتاخ) لە مایسی سالی ١٨٣٣داو پەیمانەکەی (ئونکار ئەسکەلەسی)لەگەڵ ڕووسیادا لـە ٨ی تەمووزی ١٨٣٣دا ، پاش ئەمانە دۆخی جیهانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەمێك باشترو قایمتر بوو • هـەر پاش ئەمە ، سوڵتان موحەمەدی دووهەم ، بریارێدا پێش هەموو شتێك حیساب لەگەڵ کوردەکاندا پاکبکاتەوە • ئەوەبوو لە سالی ١٨٣٤دا ، بیست هەزار سەربازی تورك بە سەرکردایەتیی ڕەشید پاشا ، بە ئاگرو ئاسن کوردستانیان تەنی • ئەمە دووهەم جار بوو بە دڵڕەقیەکی وەها لەڕادەبەدەر وا لە کوردستان بکرێت • پاشا کوردەکان لابرانو هەتا مافی ئەوەشیان بۆ نەهێشتنەوە نەوەکانیان شوێنیان بگرنەوە • لە بزووتنەوەی جیابوونەوەی کورد درا • بە سەرزاری وا دەرئەکەوت ، کوردستان بـۆ ماوەیەك هێمن بووبێتەوە[٢١] ، بەڵام لەچەند شوێنو جێگایەکی سەختدا ، لـە خواروو‌ی گۆلی وان ، لە هەرێمی هەکاری ، کاربەدەستانی تورك بۆیان نەکرا دەسەلاتی سەرۆکە کوردەکان لەناوبەرن •

لە سالی ١٨٤٣دا ، یەکێك لە سەرۆکە هەرە گەورەکانی کورد کە بەدر پاشای جزیرە بوو ، بزووتنەوەکەی دەستپێکرد • بزووتنەوەکە زۆر بـە خێرایی تەشەنەی کردو ناوچە دراوسێیەکانی گرتەوەو ماوەی سێ سـاڵ درێژەی کێشـا • پەیوەندیی شۆڕشگێڕەکان لـەم ماوەیەدا لەگەڵ

ئاسووری‌یەکانی هەرێمی هەکاری‌دا باش نەبوو ، بگرە دڵڕەقیشیان بەرامبەریان بەکار هێنا • وەنەبێ هەر چەند دەرەبەگێکی کورد لەم ڕەفتارەدا تاوانبار بـــوون ، بەڵکو مسیۆنێرە ئینگلیزی‌و ئەمەریکایی‌یەکانیش گوناهباربوون ، ئەوانەی لەناو گاورەکان‌دا دەستیان ئەڕۆشت‌و دەستێکی بالآیان لـــە هاندانی گاورەکان‌و خۆش‌کردنی ئاگری دووبەرەکی نانەوەدا هەبوو • کە ڕاپەڕینەکەی بەدرخان پاشاش تەشەنەی کرد ، ڕووسیاش بـــە دەنگی‌یەوە هات‌و ئەوساش سوپای‌تورك دڵڕەقانە ڕاپەڕینەکەی‌کوژاندەوە • بەم جـــۆرە میللەتەکانی کوردستان یەکەم دەرســـێکی ڕووبەڕوویان لـــە دەست‌کردنی دەوڵەتە ئیمپریالیستە ئەوروپایی‌یەکانەوە وەرگرت •

وا دەرئەکەوت میللەتی‌کورد دەستەپاچە کەوتبێت • بەڵام ڕاستی‌یەکەی وەهانەبوو • کوردەکان وازیان لە هەوڵ‌و کۆشش‌کردنی خۆیان نەهێنابوو ، چاوەڕوانی هەلێك بوون ، هەتا ڕاستببنەوە‌و خۆیان لە دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی ڕزگار بکەن • ئـــەم هەلەشیان زوو بـــۆ هەڵکەوت ، ئەوەبوو شەڕەکەی قرم لـــە ساڵی ١٨٥٣ ــ ١٨٥٦دا لـــە نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و ڕووســـیادا داگیرسا • زۆربەی زۆری کوردەکانی دەوڵەتی عوســـمانی نەیان‌ئەویست یارمەتیی سوپای عوسمانی بدەن‌و بەو یارمەتی‌دانەیان بەهێزی بکەن • ژمارەیەکی زۆری کورد لە پشتەوە پەلاماری سوپای عوسمانی‌یان‌دا ، بەڵام نزیکەی هەشت هەزار سوارەی کورد وازیان لـــە سوپاکەی عوسمانی نەهێنا • کەچی سوودێکی ئەوتۆیان بۆ سوپای عوسمانی نەبوو • بە واتەی ئەڤیریاتۆف ، هەتا ئەو کوردانەش بەلایانەوە گرنگ نەبوو سوپای عوسمانی سەر ئەکەوێت یان نا ، بگرە لە دڵا حەزیان لە دەوڵەتی عوسمانی نەئەکرد • ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ناحـــەزی‌و ناخـــۆشی‌و کۆسپ‌و قۆرتێکی زۆر بێتەڕێی جموجۆڵی سوپاکەی عوسمانی لە قەفقاس‌دا[٢٢] •

کار هەر لەوەدا نەبوو کوردەکان سەر بۆ دەوڵەتی عوسمانی شـــۆڕ نەکەن ، بـــەڵکو لەو ڕادەیە ترازاو گەیشتە ڕادەی هەستانو ڕاپـــەڕین •

ئەوەبوو ، لەم ماوەیەدا یەکێك لە ڕاپەڕینە ڕزگاری‌خوازە هەرە گەورەکانی کورد دەستی پێکرد • ئەوەش ڕاپەڕینەکەی یەزدانشێری ئامۆزای بەدرخان پاشا بوو کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٥٤دا داگیرسا • یەزدانشێر شکاندنی سوپاکەی عوسمانی لەقەفقاس‌دا بە هەل زانیو ڕاپەڕینەکەی داگیرسان •

ڕاپەڕینەکەی یەزدانشێر لە ماوەیەکی کورتدا ناوەرۆك‌و سروشتێکی جەماوەرانەی پەیداکرد • جگە لە عەشرەتەکانی خواروو ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلو باکووری عیراق ، یەزیدیەکانی سنجاریش هاتنە ڕیزیەوە • ئەوەی مایەی سەرنج ڕاکێشانە ، ئەوەیە ئاسووریەکانو هێندێك لە عەرەبەکانیش پشتگیریان کرد •

لە سەرەتای کانوونی دووهەمی ١٨٥٥دا ، ڕاپەڕیوەکان توانیان واسپوورەکانو موسڵ بگرن • لەکۆتاییی ئەو مانگەدا ژمارەی چەکدارەکانی یەزدانشێر گەیشتە سی‌هەزار چەکدار • بە واتەی چەند سەرچاوەو دەنگو باسێك ژمارەی چەکدارەکانی لە مانگی شوبات‌دا خۆی دا لە سەد هەزارکەس •

ڕاپەڕینەکە خێرا بە ناوچەیەکی زۆر گەورەو فراوان‌دا تەشەنەی کرد • لە وانەوە هەتا بەغدای گرتەوە • کاتێك والیی بەغدا ویستی ڕووبەڕووی یەزدانشێر بوەستێ ، کوردەکان خێرا شکانیان • ڕاپەڕیوەکان توانیان شاری بتلیس‌و سیعرت‌و چەند شارێکی‌تر بگرن • بێ بەزەییانەو بە دڵڕەقی‌یەوە سزای موچەخۆرە تورکەکانیان‌دا • هەر لە موتەسەڕیفی شارەکان ، شانزەیان لێکوشتن •

یەزدانشێر پەنای بردە بەر ڕووسیاو داوای یارمەتیی لێکرد ، بەرامبەر بەو یارمەتی‌دانە بەڵێنی‌دا دژی عوسمانی بوەستێ • بەڵام ئەو چەند جار داواکردنەی ، لە لایەن ڕووسەوە پشتگوێخرا •

ئەم یارمەتی‌نەدانە [بە زۆری لەبەر هۆی تاکتیکی شەڕو لەبەر ئەوەش وا بە ڕووسەکان ڕاگەیێنرا بـوو ، کە دۆخی سیاسی ناوەوەی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی دەولەتی عوسمانی لە نوشـوستی‌دایە] ، ڕاپەڕیوەکانی خستە دۆخێکی ئێجگار قورس‌و ناهەمواروە • چونکە بەو هێزو توانایەی هەیان‌بوو دەرەقەتی هێزی سوپایی عوسمانی پڕچەك نەئەهاتن •

ئەم یارمەتی‌نەدانەی ڕووسیا ، سـوودێکی باشی بۆ هاوپەیمانەکانی عوسمانی [واتە بـەریتانیا] هەبـوو • ئینگلیزەکان لەوە ئەترسان کە بـە هێزبوونی ڕاپەڕینەکەی کورد ئەبێتە هۆی نوشوستی هێزەکانی عوسمانی لە جەبهـەی قەفقاس‌دا(٢٣) • کۆنسۆلی ئینگلیز لە مووسڵ لەگەڵ یەزدان شێرو سەرۆکە کوردەکانی‌تردا کەوتە گفتوگۆو هانی‌دانو پاڵی پێوەنان لەگەڵ تورکیادا ئاشت‌ببنەوە • گیرفانی سەرۆکە کوردەکان بەزێڕ پڕکرا • هەتا یەزدانشێریش چوارسەد قرۆشی بەرکەوت(٢٤) • لـە ئەنجام‌دا چەنـد دەرەبەگێك وازیان لە ڕاپەڕینەکە هێنا • سەیر ئەوەیە هەتا یەزدان شێریش بە قسەی لووسی کۆنسۆلی ئینگلیزو پاشای تورکەکان هەڵخەڵەتاو کۆیرانە چوو بۆ شوێنێکی دەستنیشانکراو ، بۆ ئەوەی لەوێ لەگەڵ نوێنەرەکانی دەولەتی عوسمانی‌دا گفتوگۆ بکات • لەوێش بوو بەتەڵەوەو بە ئاسـانی گیراو ڕەوانەی ئەستەمبـوڵ کرا • ڕاپەڕینەکە بێ سەرۆکو سـەرکردە مایەوە • ئەوسا شەڕکەرەکان پایدۆستیان کردو وازیان لە خەبات‌و تێکۆشان هێنا •

ڕاپەڕینەکەی یەزدانشێر سەری نەگرت‌و نەگەیشتە ئەنجام ، نەك هەر لەبەر ئـەوەی ڕووسیا یارمەتیی‌نەداو پشتی نەگرت ، بەڵکو لەبـە ئەوەش ڕاپەڕینەکە سەرکردایەتی‌یەکی یەکگرتووی نەبوو • جگە لەمەش دەرەبەگە کوردەکانیش ئەو دووربینی‌یەیان نەبوو ، هەوڵ بدەن سوپایەکی ڕێکوپێك دروست‌بکەن‌و میللەت لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو تەقەللای ئەوە بدەن

دووبەرەکی و دوژمنایەتیی نێوان خۆیان لەناو بەرنو ئاوێك بکەن بە ئاگری ئەو دوو بەرەکییەدا .

شکاندنی کوردەکان لە شەڕی قرمدا ، وای نەکرد لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانیدا ئاشتببنەوە . لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٦دا ، کاتێك ئەو دەنگو هەواڵە بڵاو بۆوە گوایە ڕووسیا نیازی هێرشهێنانی هەیە ، سەرلەنوێ ئاشووبەو پەشێوی لە کوردستاندا سەریدەرهێنایەوە .

لە زەمانی سوڵتان عەبدولعەزیزدا ١٨٦١ ــ ١٨٧٦ ، دەستدرێژی کردنە سەر کوردو چاوترساندنی عەشرەتە کوردەکان تینی سەند ، ئەوانەی ڕازی نەئەبوون سەر بۆ دەوڵەت شۆربکەنو لە ئاستیا سەرکێشییان ئەکرد . ئیسماعیل حەقی پاشا ، کە یەکێك بوو لەوانەی ناوی بە لێدانی کوردو دامرکاندنەوەی دەرکردبوو ، (خۆشی بە ڕەچەڵەك کورد بوو) ، توانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەموو کوردستاندا بچەسپێنێ .

تەنیا چەند ناوچەیەك مابوون ، دەستیان نەئەگەیشتێ ، وەك ناوچەی دەرسیم . لەوێ کوردە ئازادیخوازەکانی قزڵباش (عەلیئیلاهی) ئەژیان . کاربەدەستانی عوسمانی بۆیان نەکرا نە بە قسەی خۆش و نە بە کوتەك سەریان پێ شۆڕبکەن[٣٦] .

بە سەرزاری لەوە ئەچوو کوردەکان لووتیان بەو دۆخەدا داژەنیبێو پێی ڕاهاتبن . بەڵام هەر ئەوەندەی قاو کەوتەوە کە ڕووسیاو تورکیا خەریکن ئەدەن بەیەکدا کوردستانی عوسمانی یەك پارچە خرۆشاو کەوتە جموجۆڵو جمان .

لە ساڵی ١٨٧٦دا ، گەلێك لە سەرۆکە کوردەکان ، ئەوەیان پیشانی ڕووسیا دا ، ئەیانەوێ لەگەڵیابنو بچنە تەك ڕووسیا ، بەڵام جارێکی تریش ڕووسیا دەستی نا بە ڕوویانەوە[٣٧] . ئەنجامی ئەمکردەوەیەش ئەوەبوو ، کوردەکان لە شەڕەکەی ساڵی ١٨٧٧ ــ ١٨٧٨دا ، نەچوونە تەك ڕووسیا .

لەوانەش سەرۆکی عەشرەتێکی بچووك لە (ئەورامار) لە ناوچەی هەکاری و هەروەها شێخ عوبەیدوللاش کە سەرۆکێکی ئایینی زۆربەی کوردەکان بوو دەسەلاتێکی گەورەو فراوانی لە کوردستاندا هەبوو خۆی بە نەوەی خالیدی ئامۆزای پێغەمبەر دا ئەنا . کەچی سەرەڕای ئەمەش کوردەکان لە شەڕەکانی ناوچەی قەفقاس‌دا یارمەتیەکی ئەوتۆی سوپای عوسمانیان نەدا . چەند عەشرەتێکی تری کوردیش بە تایبەتی لە ناوچەی قارس‌و دەرسیم‌دا ، لەگەڵ ئەوەش‌دا لەو شەڕەدا بێلایەن وەستان ، بەڵام ناحەزی‌و دوژمنایەتیی خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی نەئەشاردەوە .

ئەنجامی سەرنەکەوتنی عوسمانی لەم شەڕەدا ، لە کوردستان دەرکەوت . ئەوەبوو عوسمان‌و حوسەینی جووتە کوڕی بەدرخان ، لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٨دا ، ڕاپەڕینێکی گەورەیان پێك‌هێنا . ڕاپەڕینەکە ئەوەندە بە تەوژم بوو ، کاربەدەستانی عوسمانی بە شەڕەشەق دایان‌مرکانەوە[٢٨] .

کوژاندنەوەی ئەم‌ڕاپەڕینە چەند ئەنجامێکی چاوەڕوان‌نەکراوی هێنایە کایەوە : ئەوەبوو سەرکردەکانی کورد ، گەیشتنە ئەو ڕایەی کە هەوڵو کۆششیان بۆ سەرفرازی‌و ڕزگاربوون لە چنگ دەوڵەتی عوسمانی بێسوودەو نایەتەدی . لەبەر ئەوە ڕوویان کردە ئێرانی دراوسێ ، لەبەر ئەوەی دەسەلاتی حکوومەتی مەرکەزی لەوێ تەواو کزو لاوازبوو . ئەم سەرکردانە ، لەو ڕایەدابوون کە لە ناوچوونی دەسەلاتی شای ئێران لە ناوچەکانی کورددا ، ڕێگایان بۆ تەخت ئەکات دامودەستگایەکی کورد دابمەزرێنن . شێخ عوبەیدوللا زۆر بە گەرمی‌و لە قوولاییی دڵەوە پشتگیریی ئەم ڕایەی ئەکرد . لە تەموزی ساڵی ١٨٨٠دا ، کوبوونەوەیەکی گەورەی لە شەمدینان پێك‌هێنا ، هەموو سەرۆکەکانی کوردستان بەشداری‌یان‌کرد . لەو کۆبوونەوەیەدا ، باسی یەك‌گرتنی هەموو عەشرەتە کوردەکان خرایە بەردەم . شێخ عوبەیدوللا چاوی بڕیبووە ئەوەی میرنشینێکی سەربەخۆی کورد لە ئێران دروستبکات‌و ئەو میرنشینە بکاتە بەردی بناغە بۆ ئەوەی لە

دووارۆژدا کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانیش بخاتە ژێـر سایەی خۆیەوە • دەوڵەتی عوسمانی لە ژێرەوە پشتگیریی ئـەم هەوڵەی شێخ عوبەیدوڵلای ئەکرد •

بێگومان لەمەشدا نیازی ئەوەبوو تەوژمی بزووتنەوەی کورد ئاراستەی ئێرانی دراوسێ بکاتو سەرئێشەو تەنگوچەڵەمەش بۆ ڕووسیای کۆنـە دۆژمنی دروستبکات • ئەو ڕووسیایەی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا بەرژەوەندییەکی سیاسیو ئابووریو جەنگی گرنگی هەبوو •

لەوسالانەشدا ، بەریتانیا زۆر بە تووندی ، دژی ڕووسیا ، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا وەستابوو • لە ژێرێشەوە بە نهێنی بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵلای پەسند ئەکرد • عوبەیدوڵلا ڕووی کردە باکووری ڕۆژئاوای ئێـران • بە خێـرایی بەرەو گۆلی وان کەوتە ڕێ • لە سەرەتادا هەمـوو هێزەکەی لە ٣ ــ ٥ هەزار تێنەئەپەڕیو هەموشیان لە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی بوون • بـەڵام زۆری نەبرد خـزمو عەشرەتو دەروێشەکانی لە ئێران هاتنە ڕیزی سوپاکەیەوە • کوردەکان گەمارۆی ورمێیان دا ، بەڵام بزووتنەوەکەی عوبەیدوڵلا سەری نەگرت • سوپاکەی پرشوبڵاو بـۆوەو بوو بە چەند پارچەیەکی بەرەڵای بێلغاوو کەوتنە تاڵانکردنی موسوڵمانو گاورەکانی ئەو ناوچانە • نزیکەی ٦٠٠ گوند وێران بوونو زیانیان لێکەوتو ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەناوچوون •

هۆی بناغەیی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکانی کورد لەو ماوانەدا ئەوەبوو ، ئەو ڕاپەڕینانە لەسەر بناغەیەکی سـیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری دانەمەزرابوون ، ئـەم هۆیەی مەرجێکی گەورەی سـەرکەوتنی هـەموو ڕاپەڕینێکە ، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کوردەکان نەتوانن لە دەوری بیروڕایەکی نەتەوەیی کۆببنەوەو یەکبگرن • ڕووسیا دەستێکی باڵای لـە ژێرخستنی ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵلا هەبوو • ڕووداوەکانی ئێـران

ڕووسیای تۆقاندبوو ، لەبەرئەوە یارمەتیی حکوومەتی ئێرانی ئەداو سوپاو هێزی چەکداری بۆ ڕێکئەخست ، بەو نیازەی ملی ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوللاّ بشکێنێ • شانبەشانی ئەوەش هەڕەشەو گوڕەشەی لە دەوڵەتی عوسمانی ئەکرد هەتا دەستبەرداری هانداندو یارمەتییە نهێنییەکەی بێت بۆ شێخ عوبەیدوللاّ(۲۹) • (بۆ ئەم مەبەستە ڕووسیا هێزێکی گەورەی ناردە ناوچەی هەکاری) • ئەوسا عوبەیدوللاّ ناچار بەرەو سنووری تورکیا کشایەوەو لەوێش گیراو بە دەستبەسەری ئێردرا بۆ (مەکە) • بەم جۆرە گەورەترین ڕاپەڕینی کورد کۆتاییی هات ، ڕاپەڕینێك بەڕاستی هەوڵی ئەدا حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد پێكبهێنێ •

لە ساڵانی هەشتای سەدەی نۆزدەهەمدا ، دۆخی کوردستان شڵەقابوو ، جاروبار ئاژاوەو پشێوی دائەگیرسا ، گەورەترینیان هینەکەی (مووسابەگ)بوو کە لە ناوچەکانی نزیك سنووری ئێران ڕووی دا(۳۰) •

دەوڵەتی عوسمانی کەوتە ئەوەی زیاتر ئاوڕ لە کێشەی ئەرمەنەکان لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بداتەوە • ئەو کێشەیەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کوردەکانەوە هەبوو دەستێکی باڵای لەوەدا هەبوو کێشەکەی کورد بکاتە کێشەیەکی جیهانی •

کۆمەڵگای کورد لە کۆنەو تا ڕادەیەکی زۆریش لەم ڕۆژانەدا ، لە بنەڕەتدا سروشتێکی خێڵەکیی هەیە ، ئەم سروشتەشنەك هەر کۆچەرەکان بەڵکو نیشتەنیەکانیش ئەگرێتەوە • [واتە دانیشتوانی گوندو شارەکانیش ــ وەرگێڕ] • هەرچەندە پەیوەندیی خێڵەکییان ڕووکەشو سەرزارییە ، بەڵام ئەم سروشتە ڕەگی بە قووڵی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسییاندا داکوتاوە • هەموو کوردە کۆچەرەکان بەسەر چەند عەشرەتێکی یەکگرتوو یان بەسەر چەند عەشرەتێك و لقەکانیا دابەشن • گەورەترینی ئەو عەشرەتانە عەشرەتی حەیدەرانلییە کە لەم عەشرەتانە پێکهاتووە : (زیلیان ،

سپیکی ، جوبران ، میلیان ، زیرکان ، ئەدامانو هی‌تر) . ئەم عەشرەتانە لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەژین . دووای ئەو ، عەشرەتی شکاك دێت ، کە لە نێوان تورکیاو ئێرانو لە نزیك سەلماسەوە ئەژی . هەروەها کۆمەڵە عەشرەتی هەکاری کە لە عەشرەتەکانی (ئورامارو شەمدینانو جیلو ، هەرکی ، بادینان ، بۆتان ، جەلالیو هەندێکی‌تر) پێك‌هاتووە . ئەم عەشرەتانە لە ناوچەکانی نێوان خواروو گۆماوی وانەوە تا زێی گەورە ئەژین . هەروەها عەشرەتی موکری‌کە لە ناوچەی ساوجبلاق واتە ڕەزائیەیان مەهابادا نیشتەجێن . هەروەها عەشرەتی جاف کە بە دریژاییی ناوچەکانی سەر ڕووباری دیالەو ئاوی سیروان لە عیراقدا ئەژین . لەوانەش عەشرەتی هەمەوەندو بابان لە سولەیمانی ، هەروەها عەشرەتی کەڵهوڕو سنجابی لە ناوچەی کرمانشاو گەلێك عەشرەتی‌تر کەوەك ئەوان ناسراو نین‌و ناوبانگیان نی‌یە[٣١] .

سروشتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری عەشرەتە کوردەکان ، لەم ماوەیەدا ، لەو جۆرە سروشتانەیە کە ناوی (دەرەبەگی کۆچەریی) پێدەوترێت . ژیانی ئابووری ئەمانە لەسەر بەخێوکردنی مەڕومالات بە تایبەتی (مەڕ) وەستاوە[٣٢] . لەبەر ئەمە مولکایەتی‌و خاوەنێتیی مەڕومالات بەسەر زۆر کەساندا دابەش‌کراوە . ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندیی عەشرەتی لە ناویانا لاوازبێت . پەیوەندیی عەشرەتی لە ناو خۆیانا بریتی‌یە لە جۆرە دیموکراتی‌یەکی سەربازی ، (واتە هەرە ئازاو بەجەرگی خێڵەکە بۆی هەیە ببێتە سەرۆك ــ وەرگێڕ) . سەرەکی‌عەشرەت ، بەگ بێ یان ئاغا ، یاخود خان بێ ، تاقە کەسی دەسەلاتداری خێڵەکەیە ، دەسەلاتێکی تەواوی بەسەر عەشرەتەکەدا هەیە . بەڵام پەیوەندی‌یەکی پەتریارکالی (واتە پەیوەندیی باوك‌و فەرزەندی ــ وەرگێڕ)لەگەڵ عەشرەتەکەی‌دا هەیە .

ڤارۆچێنکۆ ، ئەوەی کێبێکی دەربارەی سەرمایەداری لە تورکیادا نووسیوە ، کە دێتە سەر باس‌کردنی ئاغاو بەگە کوردەکان ئەنووسێ :

« میللەت نەك هـەر بەو چـاوەوە سەیری ئاغاو سەرۆکەکانی ئەکات وەك قازیو سەرۆكو گەورەیان بن ، بەڵکو بەچاوی پارێزەریش دایانئەنێنو بەو چاوە سەیریان ئەکەن نەك هەر لە خاوەندەسەڵاتەکانیتر ، بەڵکو لـە دەسەڵاتی میریش ئەیانپارێزنو عەشرەتەکە یەكئەخەنو ناوی بەرزئەکەنەوەو رێزلێ گرتنی بە سەر ئەمو ئەودا ئەسەپێنن »(٣٣) .

ژیانی ئابووری کـورد لایەنێکی تریشی هەبوو ، واتـە شان بە شانی پەیوەندیی خێڵایەتی ، پەیوەندیی تێوان دەرەبەگەکانو نیشـتەنیەکانیش هەبوو ، ئەوانەی خەریکی کشتوکاڵ بـوون . ئەم پەیوەندییە لایەنێکی نەتەوەییشی هەبوو ، چونکە لە ناوچەکەدا ئەرمەنیش ئەژیا ، واتە لە تەك زۆرداریو چەوساندنەوەی ئابووری هی نەتەوەییش هەبوو ، هـەر یەکە لەوانەش ئەوی‌ترپانی تیژو قووڵتر ئەکرد .

بەگـە کوردەکان دڵڕەقانە جووتیارە ئەرمەنە بێ مافەکانیان ئەچەوساندەوەو خوێنیان ئەمژین . وەکـو سەدەکانی ناوەڕاست ، مافی ئەڵقەلەگوێکردنو کوێلەیەتی لـە کوردستاندا بووژابۆوە . جێگـری کۆنسۆلی ڕووس لە وان لەم ڕووەوە ئەنووسێت : لە سەرەتای سـەدەی بیستەمدا ، ئەرمەنەکان لە هەموو ڕوویەکەوە وەك موستیلەی پەنجەی ئاغا کوردەکان بـوون ، هەموو ئەرمەنێك ئاغایەکی کوردی هـەبـوو هەمیشە سەرانەی ئەدایە . ئاغا کوردەکان کە پێویستیان بە پارە ئەبوو ئەرمەنە مسکێنەکانیان ئەفرۆشت . ئەگەر کوردێك ئەرمەنێکی بکوشتبایە ، ئاغای ئەو ئەرمەنە کۆڕاوە ، ئەهات ئەرمەنیەکی مسکێنی ئاغای ئەو کـوردە پیاوکوژەی ئەکوشت . چەند ئاغاو بەگێکی کورد هەتا ئەو مافەشیان بـە خۆیان دابوو ، ئەگەر ئەرمەنێك بووکەکەی بگواستایەوە ، خـۆیان یەکەم شـەو ئەچوونە پەردەوە . وەکـو لێنج ئەڵێ ، کوردەکان نازناوی (بەزێرکڕاویان)لە ئەرمەنە مسکێنەکان نابوو ، چونکە بە پارە یان بەزێڕ

ئەفرۆشرانو ئەکرران . چاوی مەرومالات سەیریان ئەکردنو لەگەڵ ئەو زەویەی ئیشیان تیاکردو لەسەری ئەژیان ئەفرۆشران(٣٤) .

کوردەکان کە بەم جۆرە ناڵەبارە لە گەڵ ئەرمەنەکاندا ڕەفتاریان ئەکرد ، بە زۆری لەبەر ئەوە بوو بە کافریان دائەنان . پێگولیان ، ئەوەی شارەزایی بەکی تەواوی دەربارەی دۆخو ژیانی ئەرمەنەکان پەیداکردبوو ، دەربارەی ئەم بە کافر دانانەی ئەرمەن ، لە سەرەتای شەڕی گێتیی یەکەمدا ، ئەنووسێت : کافرێتی مانای زۆرداریو بێیاساییو بێمافیی ئەرمەنەکان ئەگرێتەوە . پەیوەندیی نێوان ئەرمەنو شێخە کوردەکان ئەو پەیوەندییەمان ئەخاتەوە یاد کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە نێوان دەرەبەگو بارۆنو جووتیارەکانیانا باو بوو(٣٥) . هەموو گوندێك ــ پێگولیان لە سەری ئەڕوات ــ لە ژێر سایەو دەسەلاتی ئاغاو بەگێکی کوردا بوو . هەموو بەرهەمێك بەشی ئاغای پێوە بوو پێویست بوو هەموو خێزانێك بۆ چەند ڕۆژێکی دانراو بە خۆڕایی لە زەویو زارەکانی ئاغادا ئیش بکات . هەر ئەو ئاغایەش بۆی هەبوو باجو سەرانەیان لێبسێنێ ، ئەمانە بەسەریەکەوە پێیان ئەوترا « کافرانە » بە باجەکانیش ئەوترا « باجی کافر »(٣٦) .

ئەم بەیتی « کافری »یە ، زیاتێکی باشی بە کاربەدەستانی عوسمانی ئەگەیاندو هێندەی تریش دەسەلاتدارە کوردەکانی بە هێزترو دەوڵەمەندتر ئەکرد . نووسەر لەسەری ئەڕواتو ئەنووسێت :

نە سۆلتانی عوسمانییەکانو نە تورکە لاوەکانیش (تورکیاالفتاة) هەوڵیاننەدا ئەم مافی کافرێتییە لابەن ، ئەنجامی هەوڵو کۆششی ئەرمەنەکانیش بۆ لابردنی ئەم زۆرداریيە ، ئەوەبوو دۆخی ژیانیان هێندەی تر خراپبوو . « لە ئەوروپاو لای ئێمەش لە ڕووسیا ــ پێگولیان ئەنووسێت ــ ئەم ڕووداوانەی ئەرمینیا ، واتە ئەو زۆرداریيەی لە ئەرمەن ئەکرا ، وەها ڕوونئەکرایەوە ، گوایە لە ئەنجامی خووڕەوشتی جەردەیی

کوردەکانەوەیە ، بـەلام پێویستە بیر لـەوە بکەینەوە کـە هۆیەکانی زۆر جیددیترو قوولترن • هۆیەکەی ئەم مافی کافرێتیە خۆیەتی ، کـە ئاغاو بەگە کوردەکان پڕیان پیاداکردووەو دەستبەرداری نابن[٣٧] •

ئاغاو بـەگە کوردەکان بـە جۆرێکی تریش خوێنی جووتیارە ئەرمەنەکانیان ئەمژی • بەگـە کوردەکان زەوی‌و زاریان لـە ئەرمەنەکان ئەکڕی ، بـەو جـۆرە ژیانی مەڕو مالاتەکانیشیان ئەخستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە ، دووایی بـە کـرێ پێیانئەدانەوە ، بەرامبەر بەوە بەشـداری بەرهەمی ئـەو زەوی‌وزارەیان ئەکردن‌و دەیەکیشـیان لێئەسەندن[٣٨] • بەم جۆرە هەموو زەوی‌وزاری گوندەکە ئەکەوتە چنگی بەگەکەوە هەر وەك تێرمانی جێگری کۆنسۆلی ڕووس لە وان ئەنووسێت ، بەگەکان قەرزیان ئەدا بە جووتیارەکان‌و تۆویشیان ئەدانێ ، بەڵام بە جۆرێك سوودێکی باشی بۆ خۆیان تیا هەبێت • لە کاتی دروێنەش‌دا بەشێکی زۆریان بـۆ خۆیان ئەبرد • ئەم قەرزە ناوی « سەلەم » یا « سەلەف »بوو • ئەوانەی خەریکی سەلەم بوون دەوڵەمەند ئەبوون • خـۆ ئەگەر جووتیارەکە مەسەلەکەی نەدابایەوە ، ئاغا زەوی‌یەکەی زەوتئەکرد • ئـەو جووتیارانەی قەرزیان لە بانقەکان ئەکردو پێیان نەئەدرایەوە ، ناچار پەنایان ئەبردە بەر ئاغاکان ، ئەوانیش لە بریتیی قەرزدانەوەکە زەوی‌یەکانیان بۆ خۆیان ئەبرد •

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسـمانی چـاویان لـەم دەوڵەمەندبوونەی دەرەبەگە کوردەکان ئەپۆشی ، چونکە خـۆشیان دیاریی باش‌و بـەنرخیان وەرئەگرت • هەر لەبەر ئەمەش ، وەك تێـرمان ئەڵێ ، هەموو گوندەکان کەوتنە ژێر دەستی کوردەکانەوە • ئەرمەنەکانیش بە دەستی بەتاڵ ئەمانەوەو ئەبوونە (میرەبێ) ، واتە ئـەوانەی ولاخ‌و تۆویان لە ئاغـا کـوردەکان وەرئەگرت ، بەو مەرجەی نیوەی بەرهەمەکانیان بدەنێ ، دووایش بەرەبەرە زەوی‌یەکانیان لە چنگ دەرئەهێنان‌و ئەبوونە کرێکار واتـە کۆیلەی ئاغا کوردەکان ، ئەم سەلەمە بـووە مایەی سامان‌و دەوڵەتێکی بێشومار بـۆ

ئاغاو بەگە کوردەکان • هەر بۆ نموونە گوندێکی کە ناوی (خەسکی) بوو ئەکەوێتە دۆڵی مووشسکەوە ، بە هۆی سەلەمەوە ئەم گوندە (٢٠٨)پارچە زەوی‌و (٢٨) خانوو (٦) ئاشی لەدەست چوو • ئەمانە هەموویان بوونە مولکی سەلەمدارەکان • لە گوندی (ئەرێنج)یش لە (ئەدلژیف) لە ١١٥ خانوو تەنیا (٥٥) خانووی هی خاوەنەکانیان بوو ، ئەوانی تری هەموویان بوونە (میرەبێ)واتە بوونە کرێکارو کۆیلە • لە گوندی (مارموس)یش ، لە ویلایەتی وان ، بەگە کوردەکان هەموو زەوی‌وزاری ئەرمەنەکانیان زەوتکردو دووایش کردیانن بە مسکێنی خۆیان‌و ئەو زەوی‌وزارانەیان بەکرێ پێ ئەدانەوە(٤٠) •

جارەهای جار ڕووی‌ئەدا گوندە ئەرمەنی‌یەکان ئەگەوتنە ژێر دەستی ئەو کوردانەی لە سوپای حەمیدی‌دا سەربازبوون • ئەمانە ، وەك جێ‌گری کۆنسۆلی ڕووس لە بتلیس باسیان ئەکات ، سوودیان لە یارمەتی‌و پشت‌گیریی کاربەدەستان ئەدی‌و خۆیان ئەکردە ئاغاو پارەیان بە قەرز ئەدا بە ئەرمەنە هەژارەکان‌و بەرامبەر بەوەش ولاخ‌و مەڕومالات‌و گەنم‌وجۆیان لێ ئەسەندن، دووایش دەسەلاتیان پەیدائەکردو ئەبوونە ئاغای گوندەکان • ئەرمەنەکانیش چیان لەسەر بوایە ئەیاندانێ ، کچەکانیان ئەدانێ ، ولاخیان پێشکەش ئەکردن بەلام قەتلە قەرزاری ڕزگاریان نەئەبوو(٤١)•زۆر جار ڕووتاندنەوەی ئەرمەنەکان بە ناوی پاراستنیان‌و لە ژێر پەردەی یارمەتی دانیانا ئەچووە سەر • نازم بەگ کە یەکێك بوو لە دەرەبەگە گەورەکانی کورد ، توانی لە ناوچەی بتلیس‌و مووش‌دا دەسەلاتی خۆی بەسەر چەند گوندێکی ئەرمەن‌دا بسەپێنێ‌و سەرانەیان لێ‌بسێنێ • هەر ئەو ئەرمەنانە ، باجیشیان بە کاربەدەستانی عوسمانی ئەدا بۆ ئەوەی خۆیان‌و زەوی‌یەکانیان بپارێزن(٤٢) •

ئەم زۆرداری‌و چەوساندنەوەیەی دەرەبەگە کوردەکان لە ئەرمەنەکانیان ئە کرد ، ئاگری دوژمنایەتیی نێوان کوردو ئەرمەنی خۆش

ئەکرد • کاربەدەستانی عوسمانیش خۆیان لەم کەلەبەرەوە ئەبردە ژووریّو هیوای ئەوەیان ئەبووژایەوە بتوانن جێپێی خۆیان لە ویلاتە ڕۆژهەلاتەکانی ئیمپراتۆریەتەکەیانا قایم بکەن • دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش بە تەمای ئەوە بوون دەستی خۆیان بەم ئاگری دوژمنایەتییە گەرمبکەنەوە • بەڵام پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە جووتیارە کوردەکان بە ئاسوودەیی دۆستانە لەگەڵ ئەرمەنە دراوسێیەکانیانا ئەژیانو هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ یەکتردا نەبوو[٤٣] •

نابێ چاو لەو دۆخەش بپۆشین کە کۆنەپەرستەکان کردبوویانە یاریی دەستیانو دژی مەسەلەی کوردو ئەرمەن بەکاریان ئەهێنا • ئەو دۆخەش یان ئەو ڕاستییەش ، ئەوەبوو ئەرمەنەکان لە ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووکدا کلیلی دۆخی کشتوکاڵیو چالاکیو جموجۆڵی ئابووریان بە دەستەوە بوو ، ئەمەش کرا بە داردەستێك ، دژی ئەرمەنەکان پروپاگاندەی بۆ ئەکرا ، بە تایبەتی لە ناو چینە هەژارە موسڵمانەکاندا بە تایبەتی تریش لە ناو کوردەکاندا بۆ نموونە : لە سیواس (کە لە ٣٥٪ی داینشتونی ئەرمەن بووە)لە ١٦٦ بازرگانی گەورەی موسەدیر ، لەوانە (١٢٥)یان ئەرمەن بوون • لە (٣٧) خاوەن بانکەکاندا (٣٢)یان ئەرمەن بوون ، لە (٩٨٠٠) بازرگانی بچووکدا ، (٦٨٠٠)یان ، دیسان ئەرمەن بووون ، لە (١٥٣) کارخانەی پیشەسازیدا (١٣٠)یان بە دەست ئەرمەنەکانەوە بوون[٤٤] • لە ویلایەتی وانیش لە ٩٨٪ی بازرگانێتی بە دەست ئەرمەنەکانەوە بوو ، لە ٨٠٪ی ئیشکەری سەر زەوییو لە ٢٠٪ی خاوەن مەڕومالاتیش بە دەست ئەرمەنەکانەوە بوو • گەورەترین ئەو دەوڵەمەندانەی شتومەکیان ئەکڕی (١٨)کەس بوون ، هەموویان ئەرمەن بوون • لە ناو (٥٠)سووخۆردا (٣٠)یان ئەرمەنو (٢٠)یان تورک بوون • تەنیا (٢٠) کەس پارەیان ئەگۆڕیەوە ، هەموو ئەوانە ئەرمەن بوون • لە ناو (١١٠٠) خاوەنپیشەدا تەنیا (٨٠) کەسیان تورک بوونو ئەوانی تری واتە (١٠٢٠)کەسیان ئەرمەن بوون • لەوانەی زەویوزاریان ئەدا بە کرێ ،

(۲۰)یان ئەرمەنو (۳۰)یان تورک بوون • بازرگانەکانی میوە کە (۲۰۰) بوون ، نیوەیان ئەرمەن بوون • هەموو خاوەن پیشە سەربەستەکان ، وەک پزیشـــک و دەرمانفرۆش و پارێزەرو هتـد ...! هەمـوویان ئەرمـەن بوون(٤٥) •

بەم جۆرە ئەمەی لەســەرەوە باسمان کرد ، بووە هـۆی ئـەوەی لە ناوجەرگەی خـەباتی چینایەتیدا ، لە ڕۆژهـەلاتی ئاسیای بچـووکدا ، خەباتێکی نەتەوایەتیش پەیدابێت • بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ وەک کوردو ئەرمەنە نەتەوەپەرستەکان ئەڵێن ، خەباتی نەتەوایەتیی تێکۆشانی چینایەتی داپۆشیێت و دەستی بە سەردا گرتبێت، یان شوێن خـۆی خستبێت •

ئەوی ڕاستی بێت ، ئەو ئاگری دوژمنایـەتیەی لە نێوان کـوردو ئەرمەندا ، لە کۆتاییی ســەدەی نۆزدەهەمدا داگیرسا ، هۆی ئابـووری و کۆمەڵایـەتی دەورێـکی گەلێک زۆروگرنگتری لە هۆیـە سـیاسـیەی سەرزاریەکان یان داپۆشراوەکانیا هەبوو • ئەوەش بەم جۆرەی خوارەوە ڕوونئەکەینەوە •

تەنگوچەڵەمەو چەرمەسەرێی زەحمەتکێشی کوردو ئەرمەن سەرومڕ لە شتێکی تردا بوو • ئەو زۆرداریەی لەجووتیارو خاوەنپیشە ئەرمەنەکان ئەکرا ، لە میللەتی کوردەوە نەبوو ، بەڵکو لە دەرەبەگە کوردەکانەوە بوو ، لە موچەخۆری تورکەکانو کۆمپرادۆرو نیمچە بۆرجوازیی ئەرمەنەکانەوە بوو • زەحمەتکێشە کوردەکان ئەوەندەی لە لایەن بەگو ئاغا کوردەکانەوە ئەچەوسێنرانەوە ، هێندەش لـە لایەن ئەرمەنە بۆرجوازیەکانەوە زۆریان لێئەکرا • باسی زۆرداریی کاربەدەستانی تورکو فارسیش با هەر نەکرێت • زۆرداریلێکردنو چەوساندنەوەی خێڵە کوردەکان ، لەژێـر پـەردەی خێڵایەتیدا ئەچووە سەر • هەرچەند پەیوەندیی خێڵایەتی بەرەو کزبوون ئەچوو ، ئـەو چەوساندنەوەیە پەرەی ئەسەند ، لـەم ماوەیەدا ژمارەیەکی

زۆری کورد نیشتەجێ بوون ، یان بەرەو نیشتەجێبوون ئەچوون ، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو پەیڕەوی کۆچەرایەتیی خاوەنمەڕو مالآت هاتە ڕووخاندن . ئەمەش لە دووارۆژدا کۆچەرەکانی بەرەو خراپبوون بردن ، چونکە ناچار بوون واز لە ژیانی خێڵایەتی بهێنن و لە نزیک شارەکانەوە دامەزرێن و خەریکی کشتوکاڵ بن . ئەم کوردانەی کەوتنە زەوی چاندن و مەڕومالآت بەخێوکردن جیاوازی یەکی ئەوتۆیان لەگەڵ جووتیارە تورک و ئەرمەنەکان دا نەبوو . بە واتەی لێنچ : « ژمارەیەکی زۆر لە وانە ــ واتە لەو کوردانە ــ کەوتنە زەوی چاندن و خواردنی بەری ئەرک و هەوڵ و تەقەللای خۆیان »(٤٦) . ئەرمەنەکان ــ وەک یەکێک لە هەواڵنامە ئەرمەنی یەکان ئەنووسێت ــ « زۆرداری یان لێ ئەکرێت ، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕێکی ئایینیی جیاوازن ، چونکە شانبەشانی ئەوانیش زۆرداری لە جووتیارە تورکەکانیش ئەکرێت کە هاوئایینیانن و جووتیارە کوردەکانیش ئەچەوسێنرێنەوە کە هاوعەشرەتیانن »(٤٧) .

ڕۆژنامەی (ئەمادر ــ ئازاد)ی ، ئەرمەنی : نووسیوێتی کە داخوازیی زەحمەتکێشە کوردەکان وەک داخوازیی زەحمەتکێشە ئەرمەنەکانە(٤٨) (پێگولیان)یش ، باسی مسکێنەکانی موسابەگ و نازمبەگ ئەکات و ئەنووسێت :

« ئەو دوو خۆێنخواره ، چۆن ئەرمەنەکانیان ئەچەوساندەوە وەهاش عەشرەتەکانی خۆیان ئەڕووتاندەوە » . هەر ئەم نووسەرە بە درێژی باسی چەوساندنەوەی جووتیارە کوردەکان ئەکات و لە توانادا هەیە نموونەیەکی زۆر بخەینە بەرچاو .

کورده نیشتەنیشتەکان بە زۆری لە باکووری سووریاو لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی ئێراندا (بە تایبەتی لە موتەسەڕڕیفییەتی ساوجبلاق)دا ئەژیان . ئەمکورده نیشتەنیشتانە کەوتبوونە ژێر باری ژیانێکی

کوێلەیەتی‌و نیمچە کوێلەیەتی‌یەوە • دەرەبەگەکان ، کـە زۆربەیان (فارس یان تورك بوون)بێ ویژدانانە ئەیان چەوساندنەوە • کاربەدەستانی تورك‌و فارسیش باج‌و سەرانەیەکی قورسیان خستبووە سەر شانیان ، بۆ ئەوەی هەرگیز لە ئاستیانا مل‌کەچ‌و دەست لەسەر سنگ بن[٥٠] •

لە کوردستانی تورکیا ، زۆربەی دانیشتوانەکەی خەریکی مەڕومالآت بەخێـوکردن بوون ، قورسـترین باج کە ژیـانی لێ‌تاڵ‌کردبوون ، باجی مەڕومالآت بوو • باجە زۆرەکانی میری زەحمەت‌کێشانی کوردی پەریشان کردبوو ، زۆربەی زۆری ئەو باجانە ئەێردران بۆ ئەستامبوول‌و بۆ پێ‌ویستی ناوچەکان خەرج‌نەئەکران[٥١] •

دۆخی ژیانی کوردەکانی ئێرانیش باشتر نەبوو • میرو بەگەکانی ئەو ناوچانە بووبوونە هۆی تێزبوون‌و پەرەسەندنی دەسەلآتی شایەکانی ئێران ، هەر ئەمانەش خۆیان سوودیان لە دەسەلآتیی دەستگای شاهێتی ئـەدی‌و دڵڕەقانە خەڵك‌وخـواکەیان ئـەڕووتاندەوە • تیگران ئاو لـەم ڕووەوە ئەنووسێت : « درندەیەتی‌و زۆرداری لە ئێران‌و ڕژێمەکەی‌دا هەتایێت زیاتر تین ئەسێنێت‌و تەشەنە ئەکات»[٥٢] •

بەشێك لە کوردەکان لە شارەکانی تورکیاو ئێران‌دا ئەژین (نیازی لە شارە کوردەکانی تورکیاو ئێرانە ــ وەرگێڕ)وەك شاری مووسڵ ، ورمێ ، سنە ، وان ، دیاربەکر • بۆ یەکەم جار لەم شوێنانە چینی کرێکاری پێشڕەوو دەستەی ڕۆشـنبیران لەدایك‌بووو پەیوەندیی کـوردە نیشتەنی‌یەکان بـە تایبەتی دانیشتووانی شارەکان ، بەرەبەرە لەگەڵ عەشرەتەکانیانا کز ئەبوو ، بەو جۆرە لە دەسەلآت‌و زەبری ئاغاو پیاوە ئاینی‌یەکان ڕزگاریان ئەبوو ، لە تەك ئەوەش‌دا لـە پێوەندی‌و خووڕەوشت‌و نەریتی چەوتی خیـلآیەتی دائەپچڕان • بە هـۆی ئەو زۆرداری‌یـەی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێـرانی قاجاری‌یەکان‌و لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی بۆ تواندنەوەی میللەتە بچووکەکان

بەکار ئەهات ، لە ئەنجامی ئەمانەدا کوردە نیشتەنیبەکان بەرەبەرە نیشانەی نەتەوەیی خۆیان لێ ونئەبووو لە ئاو تورک‌و فارس‌و عەرەبەکاندا ئەتوانەوە دووا‌کەوتوویی کوردەکانیش لە مەیـانی ڕۆشنبیری‌دا یارمەتیی ئەدا ئەم سیاسەتە سەربکەوێت • هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کە لە سەرتای سەدەی بیستەم‌دا لە هەموو کوردستان‌دا ، لە کوردستانی تورکیاو ئێرانو عیراق‌دا یەک دانە قوتابخانەی کوردی نەبوو • ئەگەر ئەو ژمارانە بکەین بەرابەر کە گاوان دەربارەی ڕادەی ڕۆشنبیریی کورد لەم سەردەمەدا ئەمان‌داتێ ، واتە وەک ئەو ئەڵێ : ٩٥٪ کوردەکانی ئێرانو لە ٩٠٪ی کوردەکانی تورکیاو لە ٨٥٪ی کوردەکانی عیراق‌و لە ٨٠٪ی کوردەکانی سووریا نەخوێندەوار بوون ، ئیتر بۆمان هەیە بڵێین کە لە سەدەی نۆزدەهەم‌دا بە دەگمەن یەکێک بەدی‌ئەکرا خوێندنەوەو نووسین بزانێت • زۆربەی ئاغاو بەگە کوردەکانیش نەخوێندەوار بوون • لە سەرانسەری ئەم ماوەیەدا یەک دانە کتێب بە کوردی دەرنەچـوو • یـەکەم کتێبی چاپکراو بە زمانی کوردی سـاڵی١٨٩٧ لە ئەستەمبوڵ بڵاوکرایەوە • یەکەم ڕۆژنامەی کوردیش لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە دەرچوو(٥٤) •

هـەتا لەو بێدەرامەتی‌و هەژاریەی چینی زەحمەتکێشی تورکیاو ئێرانی تێکەوتبوو ، بەشی کوردەکە زیاتر بوو • جێگری کۆنسوڵی ڕووس لە خووی ، بەکوردستان‌دا ئەگەڕێ ، لەو گەشتەی‌دا ژمارەی منداڵکەمی‌و ژمارەزۆریی کوێران سەرنجی ڕاکێشاوە • بە ڕای ئەو لە ٥٠٪ی منداڵان پاش لەدایکبوون ، لە بەر بێپزیشکی‌و دەرمان ئەمرن • لە ٣٠٪ی ئەوانەی تەمەنیان ١ ــ ٣ ساڵانە ، بە هۆی نەخـۆشیی ئاوڵەو سوورێژەو گرانەتاو گەلێک نەخۆشیی‌تر ئەمرن •

هەروەها لە ئەنجامی مارپێوەدانەوە کە لە ماڵەکوردەکان‌دا بڵاوە گەلێک منـالان ئەمرن • بە دەگمەن کوردێکی چاوساغ بەدی‌ئەکرێت ، چـونکە نەخۆشیی تەراخوما زۆر بڵاوە(٥٥) •

بێ گومان ئەو گۆڕانەی بەسەر کوردەکاندا هات ، واتە لە کۆچەرەوە بوون بە نیشتەنی‌و نەمانی پەیوەندیی خێڵایەتی ، ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی‌پێش‌کەوتوو بوو لەو ڕۆژانەدا ، بەڵام هەر ئەو هەنگاوە لەو دۆخەی ئەوسا دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێرانی قاجاری‌یەکانی تێدا بوو ، هەڕەشەو مەترسی‌یەکی گەورەی بۆ خێڵە کوردە نیوە سەربەخۆکان‌و بگرە بۆ نەتەوەی کوردیشی‌تێدابوو • [چونکە کە وازیان لە ژیانی خێڵایەتی ئەهێناو نیشتەجێ ئەبوون ، ئەکەوتنە بەردەست دەرەبەگە تورک‌و فارسەکانەوە ، ئەوانەی سیاسەتی تواندنەوەیان بەرامبەر بەکار ئەهێنان) • هەر ئەمەش بوو وای کرد خێڵە کوردەکان لەم سیاسەتە ڕاستبینەوەو بۆ وەستاندن‌و لە ناوبردنی بچنە مەیانی خەباتێکی سەختەوە •

خەباتی خێڵە کوردەکان دژی سیاسەتی لغاوکردنیان‌و سەپاندنی حوکمی مەرکەزی بەسەریانا ، دژی ئەو سیاسەتی تواندنەوەیەی دەوڵەتی عوسمانی‌و ئێران بەرامبەریان بەکاریان ئەهێنا ، ئەو خەباتە لەسەر بناغەی شەڕی خێڵایەتی دامەزرابوو • ئەو شەڕەی بڕێتی بوو لەوەی کەسانی هەموو خێڵێك ، دەستی تفەنگ بگرێت‌و خۆی لەسەر پشتی ولاخ ڕاگرێت ، بە دەنگ سەرۆکی خێڵەکەوە بچێ • ئەم بزوتنەوانەی کورد کە دژی کاربەدەستان ڕووی‌ئەدا بە سەرۆکایەتیی سەرەک خێڵەکان‌و دەرەبەگەکانەوە بەڕێوەئەبران •

لەبەر ئەوەی ئەم بزووتنەوانەی کورد ، لە سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، بوونە هۆی لاوازبوون‌و بێهێزیی ڕژێمی شای ئێران‌و سوڵتانی عوسمانی‌و کەم‌و زۆر دەستیان هەبوو لە ڕووخاندن‌و ڕماندنی ئەو دوو دەوڵەتە داڕزاوەی لەچەند نەتەوەیەك پێك‌هاتبوون ، ئەگەر لەم لایەن‌و لەم ڕووەوە سەیریان بکەین ، ئەبینین کارێکی باش‌و کردەوەیەکی بێهاوتا بوو ، بەڵام ئەوەش هەیە سەرکردایەتیی ئەم بزووتنەوانە وای ئەکرد ئامانجی ئەو بزووتنەوانە کۆنەپەرستانە بێت • ڕەگ‌و هەستو پەیوەندیی

خیلاپەتیی سالەهای‌ساڵ ، وای ئەکرد کاری خۆی بکاتە سەر کوردە نیشتەنی‌و کۆچەرەکانی کوردستان • لەبەر ئەوەی دەرەبەگە کوردەکان کە لە هەستی بەرژەوەندی گشتی‌یەوە دوور بـــوون [ئەوانەی ســـەرۆکایەتیی بزووتنەوەکانیشیان ئەکـــرد ــ وەڕگێڕ]و ، زۆر بەخێرایی ئەکڕانو بـــە بەڵێن‌و قسەی شیرین هەڵئەخەڵەتانو لەگەڵ کاربەدەستانداً ، بگرە لەگەڵ بێگانەکانیشدا ڕێـــك ئەکەوتن‌و خێراش ڕوویان لە بەرژەوەندی گشـــتی وەرئەگێڕاو ئەیانکرد بە هی خۆیان‌و دووایش لە ناو خۆیانا ئەکەوتنە شەڕو کوشتار •

بەم جۆرە بزووتنەوەی کورد لە سەدەی نۆزدەهەم‌داو سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا ، دیاردەیەکی مێژوویی ئاڵۆزی پڕ لە تەناقوزات بوو ئەبێ لـــە بنەڕەتەوەو لەسەر بناغەی شۆڕش‌و کات سەیری بکەین‌و لێی ورد ببینەوەو نرخی خۆی بدەینێ •

کە بێینە سەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بزووتنەوەی کـــورد ، ئەبێ زرووفی جیهانیمان لەبەر چاو بێت‌و پشت‌گوێی نەخەین ، چونکە کێشەکەی کورد هەر کێشەیەکی ناوەوەی تورکیاو ئێران نەبوو ، بەڵکو پەرژەوەندی تریشی پێوە لکابوو ، بە تایبەتی بەرژەوەندی ڕووسیاو بەریتانیاو دووای ئەوانیش هی دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکانی تر • ڕووسیا گەورە ترین دەوری لە کێشەکەی کوردا هەبوو • ئەو ڕووسیایەی سنووری لەگەڵ کوردستانداً هەبوو ، خاوەنی بەرژەوەندی ئابووری‌و سیاسی‌و جەنگی بوو لەوێ ، جگە لەوەش ، لـــە ڕووسیا ژمارەیەکی کـــورد هەبوو • بەرژەوەندی ئابووریی ڕووسیا لە کوردستان ، دووای ئەوەی قەفقاس داگیر کراو بوو بە بەشێك لە ڕووسیا (لـــە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم‌دا)دەستی پێکـــردو دووای ئەوەش هەتا ئەهات پەرەی ئەسەندو تەشەنەی ئەکرد • بازرگانە ڕووسەکان ، هەر بـــەو چاوەوە سەیری کوردستانیان نەئەکرد بازارێکەو کەلوپەلی تیـــا

ئەفرۆشن ، بەڵکو بـەو چاوەشەوە سەیریان ئەکرد ڕێگایەکی سەرەکییە ، ئابووری و بازرگانێتیی قەفقاس بەرەو ئاسیای نزیک و ئێرانی پیادا ئەڕوات • لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدوواوە ماناو نرخی کوردستان بۆ بازرگانە ڕووسەکان دەرکەوت لەم ماوەیە بە دوواوە ، بازرگانێتیی بـە کوردستانەدا بەرەو پێگەیشتن و فراوان بوون پەلی هاویشت • ئەمەش لەو ڕۆژانەدا ڕووی دا ، کـە ڕووسیا کەوتە خۆی و دەستی کرد بە ئیسلاحات کردن و سەرمایەداری کەوتە بووژانەوە • دەس کەوت و سەرکەوتنی ڕووسیا لەم ڕووەوە ، بە زۆری لـە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانەدا بوو ، ئـەو ناوچانـەی کەوتبوونە سـنووری ئێرانەوە •

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ، ئەم ناوچانە وەک ناوچەکانی دەوروپشتی گۆمی ورمێ ، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئابووریی ڕووسیاوە • لە ماوەی ئەم سەد سالانەی دووایی یەدا ، ساوجبلاق (سابلاخ) بووە گەورەترین بنکەی بازرگانیی ڕووسیاو لەوێوە پەلی بۆ ناوچەکانی تر ئەهاویشت و بڵاو ئەبۆوە • ژمارەیەکی زۆری کـورد لێرە بوون ، کە هەمیشـە سەریان لە بازاڕی ماکاریشک ئەداو پەیوەندی یەکی تونديان لەگەڵ ڕووسیادا هەبوو •

بازرگانە ڕووسـەکان ، بازاڕێکی باشیان لـە ڕۆژهەڵاتی باکووری کوردستانەدا بۆ خۆیان پەیداکردبوو • زۆربەی ئەو بازرگانانە ئەرمەن یان ئازەری بوون • ئەوانە زەوی وزارو مووڵکێکی زۆریان هەبوو ، بەشێکی هی خۆیان بـوو ، بەشەکەی تریشیان بەرامبەر ئـەو قەرزانەی بـەمو بەویان دابوو بەکرێ گرتبوو • ئـەو پارەو پوولەی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەم ناوچانە بڵاوی کردبۆوە لە نیو ملیۆن ڕۆبڵ زیاتر بوو[٥٦] • دەسەڵاتی بازرگانی ڕووسیا ، سەرکەوتووانە تا خارووی ئەم ناوچانەی باسمان کـردن بڵاوبۆوە • زیاتر لـە ٣٠٪ بازرگانەکانی سنە پەیوەندیی بەهێزیـان لەگەڵ ڕووسـیادا هـەبوو • لـە میاندواو پیـاوی ڕووسی خاوەن مووڵکی گەورەی وەک نزاربەگو نەگیبۆف هەبوو • باشترین شت کە

یارمەتیی بووژاندنەوەو تەشەنەکردنی بازرگانێتیی ڕووسیای ئەدا ، ئــەو حاجیـیە شیعیـیانە بوون کە هەموو ساڵ بە هەزاران لە قەقاسەوە بە سنەو سەقزدا بەرەو کەربەلا ئەچوون بۆ حەج • هەموو ساڵێك ڕووسیا کەرەستەی خاوی لە کوردستان ئەکڕی ، وەك پێست‌و گوێزو کشمیش‌و شتی‌ترو هەتا ئەهات زیاتری ئەکڕی[٥٧] •

ڕووسیا دەسەلاتێکی ئەوتۆی لە کوردستانی تورکیادا نەبوو ، واتــە لاوازتر بوو لەوەی لە ئێرانی دراوسێیا هەیبوو ، لێرە کەلوپەلی ولاتــە ئەوروپاییـیەکان تەنگیان بە کەلوپەلی ڕووسیا هەڵچنیبوو • هەرچەندە کەلوپەلەکانیان لە هینەکانی ڕووس خراپتر بوو بەڵام هەرزان تر بوون • ســەرەڕای ئەمــەش ڕووسیا بــە یەکێك لــە ولاتە نێــردەرە گەورەکان دائەنرا • ئــەو شتانەی ئەیناردە بریتیبوون لە : نەوت ، شەکر ، ئاسن‌و (ئەو کەلوپەلانەی لێی دروست ئەکران) ، هەروەها قاپوقاجاغو پێست‌و پێڵاوو شتوومەکی‌تر • ڕووسیا لە مەیانی کەلوپەڵناردن بۆ بتلیس ، لــە دووای نەمساوە ئەهات[٥٨] • (ئەلفیرییف)ی ، یاریدەدەری کــۆنسۆلی ڕووس لە وان ، دەربارەی دەوڵەمەندیی ئەم ناوچەیە ئەنووسێت : « ئێمە (واتە ڕووسیا ــ وەرگێڕ) پێویستە بە هەموو توانامانەوە هــەوڵ بدەین بازاڕی کوردستان بەرەو خۆمان ڕاکێشین‌و ڕێگا لەوە بگرین بکەوێتە ژێر باڵو سایەی ئەڵەمانیاوە »[٥٩] •

بەم جۆرە کوردستان ، جا کوردستانی عوسمانی بێت یان ئێران ، ماناو گرنگیـیەکی گەورەی بــۆ ڕووسیا هەبوو ، کوردستان بۆ ئەو ، جــۆرە بازاڕێك بوو کەلوپەلی تیا ئەفرۆشت‌و سەرچاوەیەکیش بــوو کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی لێوەدەست ئەخست • ئاشکرا دیاربوو ئەم پەل هاویشتنە ئابووریـیە بــۆ کوردستان ، تەشەنەکردنی دەسەلاتی سیاسیشی بەدووادا بێت ، ئەو دەسەلاتی سیاسیـیەی بۆ ڕووسیای قەیسەری گرنگیـیەکی زۆر گەورەی لە ڕۆژهەلاتی نزیك‌دا هەبوو •

بە پێچەوانەوەی ڕووسیا ، ولاتە سەرمایەدارەکانی‌تر ، بەرژەوەندێکی ئابووریی ئەوتۆیان لە کوردستان‌دا نەبوو ، چونکە لە کوردستان‌دا ، تاڕادەیەکی زۆر کارگەو کارخانە کەم بوون ، بانکو بنکەی بازرگانیی گەورەش نەبوو ، هەروەها کێلگەی گەورەو ڕێگاو بانو ڕێگای ئاسنینو دەریایی‌و هاتوچۆکردنی ڕۆباری نەبوو • کاندەرهێنانیش ناوی نەبوو ، بە کورتی سەرمایەی بێگانە لە هیچ لاو شوێنێک‌دا بلاونەبوو • بە هۆی ئەو دۆخە شڵەقاوەی ناوەشەوە دامەزراندنو بەکارهێنانی سەرمایە کارێکی پڕ لە سەرکێشەیی بوو • لەبەر ئەم هۆیانە ، ئەبوو ولاتە ڕۆژئاوایی‌یەکان ، بۆ ئەوەی دەست بخەنە ناو کوردستانەوەو دەسەڵاتو نفوزی خۆیان گەشەدار بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە پێویست بوو ڕێگایەکی تر بدۆزنەوە(٦٠) • ناردنی میسیۆنێرەکان بۆ کوردستان ، باشترین کلیل بوو دەرگای کوردستانی پێبکەنەوە • وەک چۆن سەردەمەکانی دۆزینەوە جوغرافی‌یەکان ، ڕێگای بۆ داگیرکردنی ئەو ولاتە دۆزراوانە تەختکرد وەهاش ئەم میسیۆنێرە ئایینی‌یانە چەکی دەستی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمەکان بوون • لە سەرەتادا بە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی دەستی پێکردو کۆتاییشی بە داگیرکردنی ولاتەکەو کۆیلەکردنی میللەتە دووا‌کەوتووەکان هات •

هەوڵو تەقەلای ئەم میسیۆنێرانە ، لە کوردستان‌دا کە ئەهاتەدێو سەری ئەگرت ، بە تایبەتی لەبەر ئەوە بوو گاورو هەمە جۆری تەریقەی ئایینی لەکوردستان‌دا هەبوو • لەبەر ئەمە زۆربەی کلیسەکانی ئەوروپا ، هەزارو یەک فرۆفێڵیان ئەدۆزی‌یەوە ، بۆ ئەوەی تێدراوەکانی خۆیان ڕەوانەی کوردستان بکەنو لەوێ جێ پێ بۆ خۆیان پەیدابکەنو دەستەتاقمی بڕواپێکراو بدۆزنەوەو بەلای خۆیانا ڕایانبکێشن •

ئەم میسیۆنێرانە ، لە هەموو سوچێکی کوردستان‌دا بنکەیان دامەزراند• میسیۆنێرە فەرەنسی‌یە کاسۆلیکەکان لە هەموان زیاتر لە جموجۆڵدا بوونو

چالاکی‌یان ئەنوان . لە مووسڵ ، ئەرزرۆم • دیاربەکر ، خارپووت ، وانو سیرت‌و گەلێك شوێنی تر بنکەیان دامەزراندو جێپێی خۆیان قایم کـرد • بەڵام بنکەی هەرە بەهێزو بە تواناو خاوەن چالاکی بنکەکەی مووسڵ بوو • میسیۆنێرە ئەمەریکاییەکان سەرکەوتووانە مونافەسـەی کاسۆلیکەکانیان ئەکردو توانیان لـــە ناوچەیەکی فراوانـدا بجوولێنەوەو چالاکی بنوێنن‌و پڕوپاگاندە بـۆ خـۆیان بکەن‌و وا بکەن کاربەدەستانو سەرمایەدارەکانیش یارمەتیان بـدەن • ئەبێ ئـەوەش بزانین ژمـارەی پڕوتستانتەکان لە کاسۆلیکەکانی سەر بە پاپای ڕۆما گەلێك کەمتر بوو •

میسیۆنێرە ئەمەریکاییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی ، بـە زۆری لە شاری خارپـووت گردبووبوونەوەو ڕەگیـان داکوتابوو • لـە وانو بتلیس‌و ئەرزڕووم‌و ماردینیش بنکەیان هەبووو دەسەڵاتیان پەیداکردبوو[٦١] ، بەڵام لە کوردستانی ئێران‌دا، بە زۆری لە ناوچەی گۆلی‌ورمێ خۆیان چەسپاندبوو•

لە مەیانی تێکۆشان‌دا لە پێناوی (تاساندن‌و خنکاندنی دانیشتوانی ئەم ناوچانە) ، میسیۆنێرە ئەمەریکاییەکان بێ سێودوو هەموو جۆرە ڕێگایەکیان ئەگرتەبـەر • پروپاگاندەی ئایینیان لـەسـەر بناغەیـەکی بازرگانیتی دامەزرابوو • لەبەر ئـەوە دووکانیان کردبۆوەو کەلوپەلیان تەنیـا بـە پڕوتستانتەکان ئەفرۆشت[٦٢] •

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، مونافیسێکی پڕ لە مەترسیی بـۆ میسیۆنێرە فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و ئەمەریکاییەکان هاتـە کایەوە ، ئەویش میسیۆنێرە ئەڵمانەکان بوون • ئەمانە لە زۆر شوێن‌و جێگای کوردستانی تورکیاو ئێران‌دا بنکەی خـۆیان دامەزران‌و گورجوگۆڵانە هەوڵیان ئەدا دەسەڵات‌و نوفووزی فەرەنسیەکان‌و ئەنگلۆسەکسۆنەکان لاواز بکەن‌و لە ناوی بەرن[٦٤] • هەرچی میسیۆنێرە ڕووسەکان بوون ، کە (پرەتسلاف) بوون‌و بە ئەرتۆدوکس ناویان ئەبرا ، لەو مەیانەدا کەمتر دەستیان ئەڕۆیشت‌و

تەنیا لــە ورمێ چالاکیان هەبوو • لــە ساڵی ١٨٩٧دا بنکەیەکیان لەوێ دامەزراندو پڕوپاگاندەیان بە تایبەتی لە ناو ئاسووریەکاندا بۆ خۆیان ئەکرد • پڕوپاگاندەی ئایینی لە کوردستاندا لە لایەن میسیۆنێری هەمەجۆرەوە بەڕێوە ئەچووو ناوەرۆکێکی سیاسیشی هەبوو • موستەفاخەلیلو عومەر فارووقی جووتە نووسەری عەرەب لەم ڕووەوە ئەنووسن : « میسیۆنێرەکان دەستو چاووڕای وڵاتەکانی خۆیان بوونو هەمیشە هەوڵیان ئەدا ئاژاوەو پشێوی لەو ناوچانەدا بنێنەوە ، بۆ ئەوەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی خۆیان دەسەڵاتی سیاسیو ئابووریان لەو ناوچانە بچەسپێنن • خۆ ئەگەر جاروباریش چاودێری کردێکی دۆخی ئابووریو زانیاریان لێوەشابێتەوە ، هەتا ئەوەش بەو مەبەستە بووە کارو نیازی خۆیان ببەنەسەر »[٦٥] .

لــە ســەرەتای پەیــدابوونی (کێشەکەی ڕۆژهەڵات)دا ، وڵاتــە ئەورووپاییەکان ، هەڵوێستی خۆیان لەو مەبدەئەوە ئەخستەڕوو ، گوایە پارێزەری ڕەسمیی گاورەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانین (ڕووسەکان هی ئەرثۆدۆکسو فەرەنسییەکانیش هە کاسۆلیکەکان) • ئەم مەبدەئە مایەوە هەتا ئەو ڕۆژەی کێشەکەی ڕۆژهەڵات تەواو یەکلا بۆوە •

میسیۆنێرە ئەڵەمانو ڕووسو فەرەنسییەکان ، وەک چۆن لە ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا،وەهاش لەکوردستان،لە لایەن حوکوومەتەکانیانەوە پشتگیری ئەکرانو بەپارەو پوول یارمەتی ئەدران[٦٦] • هەوڵو کۆششی ئەمانە لەو سنووردا نەئەگیرسایەوە ، خەڵکیی تر ، خەڵکی خاوەن بیروڕای ئایینیی تر بهێننە سەر ئایینی خۆیان ، بەڵکو هەوڵیان ئەدا دەرەبەگە شێخەکانو سەرمایەدارە کۆمپرادۆرەکانی ئێرانو دەوڵەتی عوســمانیو ئەفسەرە گەورەکانیش ڕاکێشنە ڕیزی خۆیانەوە هەتا کردەوە مرۆڤایەتیەکانیشیان ، (کردنەوەی قوتابخانەو خەستەخانە) وەک دەرئەکەوێت لە هەستو مەبەستی مرۆڤایەتیەوە نەبووە • بەڵکو هەتا لــەم مەیانەشدا نیازیان سیاسەتو

پرۆپاگاندەکردن بووە بۆ خۆیانو لە پەنای ئەمانەدا سوودو بەرژەوەندی ولاتەکانیان پاراستووەو بەخێوکردووە.

کالیوباکێن لەم ڕووەوە ئەنووسێت : « پروپاگاندە بەلای ئەم میسنێرانەوە لە سەروو هەموو شتێکەوەیە . هەر بۆ نموونە ، لە قوتابخانەکانی ئەواندا ، ، قوتابیەك ئەگەر زۆر هوشیارو زیرەکیش بووایە ، ئەگەر نەهاتبایە سەر بیروباوەڕی ئەوان نەیانئەهێشت خوێندن تەواو بکات »[٦٧] . جا ئەگەر لە نزیکەوە لەمە وردببینەوە ، دەرئەکەوێت ، پروپاگاندە بە لای ئەمانەوە ، نەک هەر کارێکی گەورەو گرنگ بووە ، بەڵکو ئامانجی بەرەو دوواشیان بووە[٦٨] . هەموو ئەو قوتابخانانەی بە ناوی چاکەخوازیو مرۆڤایەتییەوە کردبوویانەوە ، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجو مەبەستانە بوو . ئەگەر ئامانجیان ئەمە نەبووبێت ، بۆچی ڕووی نەدا ، هەوڵبدەن دۆخی ئابووریی ئەو ناوچانە چاک بکەن ، دەستێك بێنن بە جۆگەو ئاوەڕۆکاندا ، یا هەوڵ بدەن زەوی‌وزار لەگەڵیاندا چاک بکەن ، پیشەسازییە دووانەکەوتووەکەیان پێش‌بخەن ، یان هیچ نەبێ لە مەیانی‌تەندروستی‌دا دەستی یارمەتی‌یان بۆ درێژ بکەن . یەکێك لە نووسەران لەم ڕووەوە ئەنووسێت : ئەمەریکاییەکان چاویان لە مەیانێکی وەها گرنگی وەك تەندروستی پۆشیبوو ، لە هەموو ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی ئاسیای تورکی‌دا ، یەك دانە خەستەخانەی تیا نەبوو . « ئەگەر داوەرمانو چارەکردن لای پزیشکەکانی ئەم میسنێرانە دەستکەوتایە ، بە جۆرێك بەکار ئەهێنرا میللەت سوودی لێ‌نەبینێ»[٦٩] . ناوەرۆکی سیاسیی ئەم میسنێرانە لەوەدا دەرئەکەوێت ، چۆن لەناو کوردەکان‌دا دەستکەوتێکی ئەوتۆیان چنگ نەکەوت ، چونکە کوردەکان موسڵمان بوونو هەرگیز بە دوو دڵی‌و بڕواپێ‌نەکردنەوە سەیری هەموو جۆرە پڕوپاگاندەیەکی گاورەکانیان ئەکرد . هەر لەبەر ئەمەش میسنێرەکان پرۆپاگاندەی خۆیان لە ناو گاورەکانی ناوچەکەدا ، بە تایبەتی لە ناو

ئاسووری‌و ئەرمەنەکان‌دا ئەکرد . بەلام هەتا لە ناو ئەمانەش‌دا شتێکی ئەوتۆیان دەست‌گیر نەبوو . بە واتەی تێرمەنی یاریدەدەری کۆنسوڵی ڕووس لە وان ، ئەمانە [واتە ئەرمەنو ئاسووری‌یەکان ـ وەرگێڕ] ، بڕوایان وابوو کاروپیشەو هەوڵی ئەم میسیۆنێرانە تەنیا بۆ چاکەو بەرژەوەندی خۆیانو بیرو باوەڕە ئاینی‌یەکەیانەو قەت گوێ‌نادەنە چاکردنی دۆخی ئابووری‌یانو یان چارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوەو دەستی یارمەتی‌یان بۆ درێژبکەن »[٧٠] .

کاسۆلیکەکان دەستکەوتێکی زۆر کەمیان دەست‌کەوت ، ئەوەبوو هەر ئەوەندەیان بۆ هاتەدی ، ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەرمەنەکان بێننە ڕێزی خۆیانەوە[٧١] .

بەلام ئەرسۆدۆکسەکان بە پێچەوانەوە ، لەگەڵ ئەوەش‌دا بە ژمارە کەم بوون ، بەلام دەست‌کەوتێکی باشیان چنگ‌خست . هیچ نەبێ توانی‌یان نفوزی ڕووسیا لە ناو ئاسووری‌یەکان‌دا بلاوبکەنەوە ، ئەوەش لەو ڕێ‌یەوە هاتەدی ، بەڵێنی یارمەتیی سیاسی‌یان پێ‌دانو پارەو پوولیان دانێو دەمیان چەورکردن . بە واتەی تێرمان ، ڕووسیا لای ئاسووری‌یەکان بووبوو بە (تاقە ڕزگارکەریان لەو دۆخە خراپەی تیا ئەژیانو تروسکەی ڕزگار بوونیان تەنیا لەودا بەدی ئەکرد)[٧٢] . ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٩٨دا ، ئاسووری‌یە نەستووری‌یەکانی ورمێ چوونە سەر مەزهەبی ئەرسۆدۆکس . ئەمەش سەرکەوتێکی گەورەی بۆ سیاسەتی ڕووسیا لە کوردستانی ئێراندا بەدی‌هێنا . تەئسیری میسیۆنێرە ئەرسۆدۆکسە ڕووسەکان لە کوردستان‌دا ، لە ناو دانیشتووانی شارەکان‌دا لەوە ئەچوو هەر نەبێت . بە کورتی ئەم میسیۆنێرانە ، دەست‌کەوتێکی ئەوتۆیان لەکوردستان‌دا چنگ نەکەوت . بەلام

هەتا ئەم‌دەست‌کەوتە کەمەش سەروزیاد بوو وا لە دەولەتە مەزنەکان بکات سنگی خۆیان بهێننەپێش‌و گەزافی پارێزەریی هەموو گاوەرەکانی کوردستان لێبدەن ، لە ڕێی ئەمەشەوە ڕێگایان بۆ خۆیان پاککردەوە ، بە ئاشکراو بە تۆندی دەست بخەنە کاروباری ناوەوەی ولاتەکەوە • کۆنسۆلخانەکان کە لە گەلێك شارەکان‌دا هەبوون ، یارمەتی‌دەرو ڕێپیشاندەری تەئسیری ولاتە بێگانەکان بوون لە کوردستان‌دا لە ساڵەکانی هەشتای سەدەی نۆزدەهەم‌دا •

لە کوردستانی تورکیادا ، ڕووسیا کۆنسۆلخانەیەکی گشتیی لە ئەرزڕووم‌و لە مووسڵ هەبوو(٧٣) • لە شاری وانیش کۆنسۆلخانەیەکی جێگری کۆنسۆلی هەبوو • بەریتانیاش کۆنسۆلخانەی لە ئەرزەڕۆم‌و وان‌و مووسڵ‌و دیاربەکر هەبوو • فەرەنساش لە مووسڵ‌و دیاربەکرو ئەرزەڕۆم‌دا هەیبوو(٧٤) • لە دووایی‌دا ، ڕووسیا کۆنسۆلخانەیەکی پۆستەی لە بایەزیدو بتلیس دامەزراند•هەرچی ئەڵەمانیایە ئەوە تەنیا لە مووسڵ هەیبوو• هەرچی کوردستانی ئێرانە ، ئەوە پڕبوو لە کۆنسۆلخانەی ڕووس • لە کرمانشاو لە ورمێ دووایی‌ش لە خووی‌و سابڵاخ‌و ماکۆش کۆنسۆلخانەی کردەوە • هەموو کۆنسۆلخانەکانی ئینگلیز لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات‌دا لە ژێر دەست‌و چاودێریی کۆنسۆلخانەکەی ئەرزڕۆم‌دا بوون • هەتا کۆنسۆلخانەکانی تری ئینگلیزیش لە دیاربەکرو بتلیس‌و واندا لەژێر چاودێریی ئەم کۆنسۆلخانەیەدا بوون لەناو بنکە سیاسیی‌یەکانی ڕووسیا لە کوردستانی تورکیادا کۆنسۆلخانە گشتیی‌یەکانی وان‌و ئەرزڕۆم لە هەموویان گرنگ‌تر بوون‌و کۆنسۆلخانەکانی ورمێ‌و تەورێزیش لە ئێران زۆر گرنگ بوون • میسیۆنێرە ڕووسە ئەرسۆدۆکسەکان لە ژێر دەست‌و چاودێریی ئەم کۆنسۆلخانانەدا بوون • ئەم کۆنسۆلخانانە لە دەولەتی عوسمانی‌و ئێران‌دا ماناو ناوەرۆکێکی سیاسیی گەورەیان هەبوو •

ئەم دوو ولاتە ژێردەستەی دەولەتە ئەوروپاییەکان بوون کە هەمیشە لەسەرشۆڕکردنو واز لە مافیخۆهێنانەدا بوون ، وای کردبوو ئەو کۆنسۆڵخانانە ببنە دەولەتێك لە ناو دەولەتێکیتردا • کۆنسۆڵ بۆی هەبوو نەك هەر چاودێریی بەرژەوەندی هاوولاتیەکانی بکات ، بەڵکو ئەو مافەشی هەبوو موحاکەمەیان بکات‌و حوکمیشیان بەسەردا بدات • بگرە مافی ئەوەشی هەبوو چاودێری‌و پارێزگاریی گاورەکانی دەولەتی عوسمانی‌و ئێرانیش بکات• ئەمەش هەمیشە ئەکرا بە هەڵێك بۆ ئەوەی دەستبخەنە کاروباری ناوەوەی ئەو دوو دەولەتەوە(٧٥) • کۆنسۆڵخانەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ڕووسیاو ئەڵەمانیا چالاکانە ڕێیان بۆ چەسپاندنی سیاسەتی ئیستیعماریی خۆیان لە دەولەتی عوسمانی‌و ئێراندا تەختەکرد • ئەم دەورەشیان بەزۆری‌و بە ئاسانی لە کوردستاندا ئەگێڕا ، چونکە شەڕی ناوخۆیی بە هۆی دوژمنایەتیی نەتەوەیی‌و ئایینیەوە لە گڕوکف‌و کوڵاندا بوو • دەولەتی عوسمانی‌و ئێرانیش ئاگری ئەو دوو بەرەکییەیان خۆشتر ئەکرد ، دەستێوەردانی دەولەتە مەزنە بێگانەکانیش ئەوەندەی‌تر ئاڵۆزتریان ئەکردو زیاتر دایانئەگیرساند •

جگە لەو دەورەی کۆنسۆڵخانە بێگانەکان‌و میسیۆنێرەکان لە کوردستان ئەیان گێڕا ،دیبلۆماسییە ڕەسمییەکان‌و ڕابەرە بێگانەکانیش وەک :

گەڕۆکەکان‌و بازرگان‌وێردراوە زانیارییەکان‌و هەروەها سیخوڕە ئاشکرانیش ، دەوری خۆیان لە کوردستاندا ئەگێڕا • ئینگلیزەکان لەناو ئەمانەدا لە ڕیزی پێشەوەو لە سەروو هەموانەوە بوون • هەرچی ئەڵەمانەکانە ئەوە بە ناوی زاناناردن‌و بازرگانییەوە لەگەڵ نەمساوییەکاندا سیخوڕێتیی خۆیان ئەکرد ، فەرەنسی‌و ئەمەریکاییەکانیش سیخوڕێتیی خۆیان لە بەرگی

ئایینی‌دا ، له ڕێی میسیۆنێره‌کانیانه‌وه ئه‌برده‌ســـه‌ر • له دووایی‌دا واتـــه ، له ده‌وری ئیمپریالیسته‌کان له هه‌موو ده‌وروزه‌مانێك‌دا له کوردستان‌دا بـــه دووروودرێژیی ئه‌دوێین •

ئه‌وه‌ی پێویسته بوترێت‌و ده‌ست‌نیشان بکرێت ئه‌وه‌یه ، گومان له‌وه‌دا نی‌یه ، ئیمپریالیسته‌کان زیانێکی بێشوماریان بۆ کورد هێنا ، هه‌روه‌ها بـــۆ ئه‌رمه‌نو میلله‌ته‌کانی تری ڕۆژهه‌لاتی نزیك • ڕاسته‌وخۆ تاوانباری هه‌موو ئه‌و ڕووداوه تراجیدیانه‌ن که له‌م ڕۆژانه‌دا ڕوویان‌دا هه‌تا ئه‌مڕۆ نیشـــانه‌و ئاسارو شوێنه‌واره‌کانیان هه‌ر ماون •

پەراوێزەکان :

١ ــ ((Bulletin du centre dëtudes kurde)) پانتاییی ئەو ناوچانەی کوردیان تێدایە بە (٦٠٠) هەزار کم٢ دابەشە . (١٩٤٩ ، ژمارە ٦ ، لاپەڕە ٣ ــ ٤) . لەسەر بەرگی هەموو ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا ، نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەسەر نەخشکراوەو شوێنە سوورکراوەکانی ، ناوچەکانی کوردستان بەو جۆرو شێوەیە پیشان ئەدات ، وەکو کوردە نەتەوەپەرستەکان دایانەنێن . بە ئاسانی ئەوە دەزانرێت کە لەسەر ئەو نەخشەیە ، ئەو شوێنانەی تورکیاو عیراقو ئێرانو سووریای ئەمڕۆش بە جۆرێك ڕەنگکراون ، ژمارەی کوردەکانی ئەو ناوچانە لە هی میللەتەکانی تر کەمتر دیار بێت .

هەتا ئەمڕۆ ، لە باری سەرنجدانی جوغرافیی‌یەوە ، چوارچێوەیەکی تەواوی ڕاستەقینەی کوردستان نی‌یە . ئەمەش بەوە ڕوونئەکرێتەوە ، کە لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێرانو ڕۆژهەڵاتی تورکیاو باکووری عیراقدا ، کوردەکان زۆربەی هەرە زۆر نین‌و لە شوێنانی تریشدا زۆربەن . لەبەر ئەمە ، لەسەر ئەوەی کام خاکو کام ناوچە لە چوارچێوەی کوردستاندایە ، یان هی تورکیایە ، یاخود هی ئەرمینیای ڕۆژهەڵاتە ، یان هی ئازربایجانی ئێرانە ، یاخود هی عەرەبی عیراقە ، گێرمەو کێشەیەکی زۆری لەسەرە . بۆ نموونە سەرچاوەکانی پێش شۆڕش ، ناوچەکانی باکوورو باکووری ڕۆژئاوای گۆماوی وان بە « ئەرمینیای تورکیا »یان « ویلایەتە ئەرمەنی‌یەکان »دائەنران بەڵام ناوچەکانی خواروو‌ی گۆماوەکە « کوردستان »بوون . لەم کارەدا وشەی کوردستان بەو مانایە دێتو ئەو ناوچانەی دەوڵەتی عوسمانی (لەوانەش ناوچەکانی باکوورو هەتا گۆماوی وان)و ئێران ئەگرێتەوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هەتا سەرەتای بیستەم ، زۆربەیەکی تەواوی کوردی تیا ژیاوە . نووسەر ئەمەی وەرگرتووەو وەک هەیە وەها بەکاری ئەهێنێو بە هیچ جۆرێك ناوەڕۆکێکی سیاسی نی‌یە .

٢ ــ ئێ ، ریکلۆ ، زەوی‌و مەردم ، بەشی نۆهەم ، س‌پ‌ب.، ١٨٨٧ ، لاپەڕە ، ٩٤ .

٣ ــ ف ، بێرا ، ئێران‌و فیتنەکەی ئێران س‌پ‌ب . ، ١٩١٢ ، لاپەڕە ، ١٣٠ ــ١٣٢ .

٤ ــ ئا ، کارتسیف ، تێبینی دەربارەی کوردەکان ، تفلیس ، ١٨٩٦ ، لاپەڕە ٧ .

٥ ــ پ . ئی . ئەفێریانۆف ، تێبینی ئەتنۆگرافی‌و جەنگی‌و سیاسی دەربارەی ناوچەکانی ئاسیای ژێردەستی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی ،

L. de contenson, les rèforfes en turquie d' Asie, 3., ed paris, 1913, P. 12. لاپەڕە . ١٢ ، هەروەها سەیری بکە

٦ — C.J. Edmondes, Kurds, turks, and Arabs. P. 3

٧ — ((the massacres of kurds in turky)), Cairo, 1928, P. 9

٨ — ((La revuet de Paris)), 1914, No 8, P. 884

٩ — لە بلاوکراوەکانی ئەو ڕۆژانەدا ژمارەی زۆرتر دانراوە ، بۆ نموونە : ٥ ملیۆن کورد لە تورکیا ، ٢ ملیۆن لە ئێران ، سەد هەزار زیاتریش لە ولاتەکانیتر . سەیری :

(E. Jung, La révolte arabe, vol. 1 — 2, Paris, 1924 — 1925, PP. 187 — 188). بکە

بەڵام ئەمە تەواو نییە .

٩ — C.J. Edmonds, Kurds, turks . . . . , PP. 3 — 4

١٠ S.S. Gavan, Kurdistan : divided nation of the middle East, P. 11

((Bulletion du centre dëludes Kurdes) No 6, 1919 PP. 3 — 4.

هەر بۆ نموونە هەمان ژمارە ئەدات .

١١ — بە پێی چەند سەرچاوەیەکی تر ، ژمارەی کورد لە ڕووسیا لە ١٠٠هەزار تا ١٥٠ هەزارە (بەڵام بڕ یەزیدیەیە دامەزراوەکان) .

١٢ — بۆ نموونە ، بەپێی سەرژماردنی ساڵی ١٩٤٥ ، ژمارەی کورد لە تورکیا ١٤٧٦هەزاربوو (سەیری C.J. Edmonds, Kurds . . P.4 :
ئی . ف لودشوفیت ، تورکیا ، مۆسکۆ . ، ١٩٥٥ بکە) .

١٣ — لە سەرچاوە کۆنەکانداً ، لەوانەش ئەڤیریانوف و کارتسیڤ ، کە ناوی کورد دێت مەبەست تەنیا کۆچەرەکانە . بەڵام لە تورکیای ئەمڕۆدا ، بە زۆری کوردە کۆچەرەکان بە « تورکە شاخاوییەکان » ناو ئەبرێن .

١٤ — ئا . کارتسیف تێبینی دەربارەی کوردەکان ، لاپەڕە . ١٩ — ٢٠ .

١٥ — لە شاری بتلیس ، ٣٠هەزار کەسن . بەرامبەر هەموو هەزار بنەماڵەیەکی ئەرمەن پێنج هەزار کورد هەبوو .

(P. Müller, Simonis, vont kaukasus, zuu Persischen meerbusen - Durch Armenien, Kurdistan and Mesopotamien, Mainz, 1897, 5. 228).

١٦ — پ . ئی . ئەڤیریانۆف ، تێبینیئەتنوگرافی و جەنگی و سیاسی . . . . ، لاپەڕە . ١٣ . ژمارەی تەواو نزیك لە ڕاستییەوە لە وتارەکەی :

S. Zarzecki, La question, Kurdo — Arménienne, La revue de Paris, 1914, No 8, P. 874.

١٧ — « راپۆرتەکەی موقەددەم (تومیلۆف)ی ، ئەفسەری بارەگای گشتی ، دەربارەی گەشتێك کە بە ئاسیای تورکیادا کردوویەتی لە ساڵی١٩٠٤دا » . س‌پ‌ب ، ١٩٠٧ ، بەشی یەکەم ، لاپەڕە . ٤٣٨ — ٤٣٩ .

١٨ — ((Modern turky)) ed. by E.C. Mears, Newyork. 1924, P. 580.

هەر بەم بۆنەیەشەوە ، پۆلێن ژیمکێن « ئەرمینیاو ئەرمەنو پەیمانەکان» کە لە کۆکراوەکەی « دۆخی ئەرمەن لە تورکیادا پێش دەستێوەردانی دەوڵەتە مەزنەکان » ، بڵاوکراوەتەوە ، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیێکی نەوتۆ بەدەستەوە بدات ، ئەڵێ ، گوایە لە چوارچێوەی ئەو شوێنەی بە « ئەرمینیای گەورە »ناو ئەبرێت ، واتە لە (ئەرزرۆم‌و وانو بەشەکانی باکووری ویلایەتی دیاربەکردا) تەنیا (١٢٠)هەزار کورد هەبووە . (بەرامبە بە ٥٣٠هەزار تورك‌و ٣٣٠ر١هەزار ئەرمەن) ، (لاپەرە . ١٠ — ١١) . بە پێی ئەو سەرژمارەنەی ئەستەمبوول خۆی کردوویەتی ، ژمارەی کوردەکان لە ویلایەتەکانی ئەرزرۆم‌و وانو بتلیس‌و خارپووت‌و دیاربەکرو سیواس‌دا ، ٩ر٢٥٪بووە ، واتە (٧٠٠هەزاربووە) . سەیری (ئی . ک . سارکیسیان ، سیاسەتی کشتوکاڵیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕۆژئاوای ئەرمینیادا ، لە بەشی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم‌دا ، یەریڤان ، ١٩٥٧ : لاپەرە . ١٥) . بەم جۆرە ئەبینین چۆن لەو ڕۆژانەدا هەوڵ ئەدرا ژمارەی کورد کەم بکرێتەوە .

١٩ — پ . ئی . ئەفێریانۆف ، کورد لە شەڕەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیاو ئێران‌دا .. لاپەرە . ٢ — ٣ .

٢٠ — هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ٤٣ — ٥٥ ؛ ن . ئا . خالفین ، خەبات لە پێناوی کوردستان‌دا ، (کێشەکەی کورد لە چوارچێوەی پەیوەندیی جیهانی‌دا ، لە سەدەی نۆزدەهەم‌دا) . موسکۆ ، ١٩٦٣ . لاپەرە . ٤٠ — ٤١ .

٢١ — هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ٨١ — ٨٢ ؛ ئا . کارتسێف ، تێبینی دەربارەی کورد ، تفلیس ، ١٨٩٦ ، لاپەرە . ١٥ — ١٦ ؛ ن . ئا . خالفین ، خەبات لە .. ، لاپەرە . ٤٩ — ٥٠ .

٢٢ — پ . ئی . ئەفێریانۆف ، کورد لە شەڕەکانی .... ، لاپەرە . ٨٢ ، ١٤٠ — ١٤١ .

٢٣ ــ « ... هــەر نەویستنی ئیمــە بۆ هەڵســووڕاندنی ڕاپەڕینــەکەی یــەزدان‌شێر ، وای کرد ــ ئەڤێــریانۆف ئەنــووسێت ــ تــورکیا لە ڕووخاندنێکی تەواو لە ویلایەتەکانی ئاسیای بچووکدا ڕزگار بکات » . (کورد لە شەڕەکانی .... ، لاپەڕە . ١٤٠) .

٢٤ ــ کوروش « قرش » ، پارەیەکی بچووکە نزیکەی پێنج کۆپیکی زیوی‌یە .

٢٥ ــ م . لیدۆگین ، ڕووسەکان لە ئاسیای تورکیادا لە ١٨٥٤ ــ ١٨٥٦ ، س‌پ‌ب ، ١٨٦٣ ، لاپەڕە . ٢٥٦ ــ ٢٥٩ ؛ پ . ئی . ئەڤێریانۆف ، کورد لە شەڕەکانی ... ، لاپەڕە . ١٥٠ ــ ١٥٢ ؛ ن . ئا . خالفین ، خەبات لە ... ، لاپەڕە . ٦٨ ــ ٨١ .

٢٦ ــ ئەڤێریانۆف ، کورد لە ... ، لاپەڕە . ١٥٩ ــ ١٦٠ ؛ خالفین ، خەبات لە ... ، لاپەڕە . ٨٢ ــ ٩٦ .

٢٧ ــ ئا . کارتسیف ، تێبینی دەربارەی ... ، لاپەڕە . ١٨ .

٢٨ ــ ئەڤێریانۆف ، لاپەڕە . ٢٢٣ ــ ٢٢٥ . دەربارەی هەڵوێستی کوردەکان لە سەرەتاو ڕۆژانی شەڕەکەی ١٨٧٧ ــ ١٨٧٨دا ، سەیری : ج . جەلیل ، کوردۆ شەڕەکەی ڕووسیاو تورکیای ساڵی ١٨٧٧ ــ ١٨٧٨ بکە . کورتە هەواڵی زانکۆی‌گەلانی ئاسیا » ، ١٩٦٣ ، ژمارە ، ٥٦ . لاپەڕە . ٥١ ــ ٥٩ ؛ هەروەها : خالفین ، لاپەڕە . ٩٧ ــ ١٠٧ .

٢٩ ــ ک . پ ، کامساراکان ، پەلاماردانەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سەر ئێران ساڵی ١٨٨٠ ، « کەرەستەی جوغرافی‌و تۆپۆغرافی‌و سەر ژمارەن دەربارەی ئاسیا » ، چاپی . ١١ ، س‌پ‌ب ، ١٨٨٤ ، لاپەڕە . ٤٤ ــ ٤٦ ؛ خالفین ، لاپەڕە . ١٠٨ ــ ١٣٤ . دەربارەی ڕاپەڕینەکەی عوبەیدوڵڵا سەیری : ج . جەلیل ، بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازیی کورد بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا ، دژی تورک‌و ئێرانی‌یە داگیرکەرەکان، « کورتە دەنگ‌و باسی زانکۆی‌گەلانی ئاسیا » ، ١١ ، ١٩٦٣ ، ژمارە . ٣٩ ، لاپەڕە . ٧٢ ــ ٨٥ .

٣٠ ــ ف . ئــا . گەردێفسکی ، دەربارەی جــوبران مووسا بەگی ســەرۆک ئەنووسێت : « نزیکەی هەشتا هەزار کوردی لەبــەر دەستدابوون ، ئەوانە لەئاستی‌دا ئەلەرزین‌و قەت لە قــەی دەرنەئەچوون » .؛ (ف.ئا. گەردێفسکی ، تارمایی‌یەکەی تورکیا ، لاپەڕە . ١٢١) .

٣١ ــ دەربارەی دۆخی خێڵە کوردەکان هەتا ســەرەتای سەدەی بیستەم ، سەیری پاشکۆی ئەم کتێبانە بکە :

M. Sykes, the Caliph's Last heritage.
E.B. Soane, to Mesopotamia and Kurdistan in disguise.

٣٢ ــ سەیری : ئـــۆ . ل . قلچێفسکی ، دۆخی ئابووری‌و کشتوکاڵیی کورده کۆچەرەکانی ئەودیو قەفقاس‌و هەرێمەکانی دەورو بەری ، لە بەشی دووهەمی ســـەدەی نۆزدەهەمدا ؛ ــ « ئێتنـــۆگرافیای ســـۆڤێتی » ، ١٩٦٣ ، ژمارە ، ٤ ــ ٥ ؛ ئا . ش . شامیلۆف ، دەربارەی کێشـــەی دەرەبەگایەتی لای کورد ، پەریژان ، ١٩٣٦ .

٣٣ ــ م . ب . ڤرۆنچینکۆ ، ئاسیای بچووك‌و دۆخی ئەمرۆی ، س‌پ‌ب ، ١٨٣٩ ــ ١٨٤٠ . بەشی دووهەم ، لاپەرە . ٢٢٥ .

٣٤ ــ خ.ف.ب ، لینچ . ئەرمینیا ، نەخشەو کورتە وتاری گەشتی ، بەشی دووهەم ، تفلیس ، ١٩١٠ ، لاپەرە . ٥٥٤ .

٣٥ ــ پ . پێگولیانتس (سیڤێریانین) . بە ناو ئەرمینیای تورکیادا ... ، ڕۆستۆف بە دانووبدا ، ١٩١٤ ، ، لاپەرە . ٧٤ .

٣٦ ــ هەمان سەرچاوە ، لاپەرە . ٧٤ ــ ٧٥ . میولێر ــ سیمونیسی گەڕۆکی ئەڵەمانی ئەنـــووسێت : ئاغای بـــۆتان باجی وەهای لـــە جـــووتیارە ئەرمەنەکان ئەســـەند ، هەتا ناچار بوون سەر هەڵگرن .

(P. Müllers — Simonis,. Vom Kaukasus Zuu Persischen Meerbusen. Durch Armenien, Kurdistan and Mesopotamien, S. 228).

٣٧ ــ پێگولیانتس (سێڤێریانین) ، بە نـــاو ئەرمینیـــای ... ، لاپـــەرە . ٧٥ ــ ٧٦ .

٣٨ ــ ئاشـــار (یاخـــود عوشر) ، دەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو ، باجی سروشتی هەرە گـــەورەی ئیمپراتۆریـــەتی عوســـمانی بوو کـــە لـــە جووتیارەکانی ئەسەند . بە ســەرزاری٦٣ر١٢٪بوو ، بەڵام لە ڕاستیدا دوو سێ جار زیاتر بوو .

٣٩ ــ ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا ، بـــەشی « باڵیۆزخانە لـــە ئەستەمبـــوڵ » ، ١٩٠٨ . ، باسی . ١٥٩٥ ، لاپەرە . ٤٩٥ . لـــە (دووایی‌دا . ئاف پەر) .

٤٠ ــ De cholet, Arménie, Kurdistan et mèsopotamie, P. 172.

٤١ ــ ئاف پەرف . « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوڵ » ، ١٩٠٧ ، باسی . ٨٧ . لاپەرە . ٧٧ ــ ٧٨ .

٤٢ ـ ئاف پەرف ، « ئەرشیفی سیاسی » ، ١٩٠٧ . ، باسی . ٥٤١ ، لاپەرە . ١٥٦ . هەمدیس سەیری : خ.ف.ب. لینج ، ئەرمینیا . . . ، بەرگی . ٢ ، لاپەرە . ٥٥٤ بکە .

٤٣ ـ De cholet, Arménie . . ., P. 245.

ف.ئا. گەردلیڤسکی ، لەوە ئەدوێ کە دووای شەڕەکەی تورکیا ، پەیوەندیی نێوان کوردو ئەرمەنەکان باش بوو . « بەڵام لە دووایی‌دا دۆخی ئەرمەنەکان بەرەو خراپبوون چوو ، چونکە کاربەدەستانی تورك کەوتنە بەکارهێنانی سیاسەتی دوژمنایەتی نانەوەو سەرکەوتن (فرق تسد) بە نیازی ئەوەی کوردو ئەرمەنەکان بکەن بە گڕ یەکدا . لە ژێرەوە کوردەکانیان هان ئەدا زەوی‌وزارو لەوەڕگا چوڵەکانی ئەرمەنەکان بۆخۆیان بەرن ، کوردەکانیش کە لەوە دڵنیابوون کاربەدەستانی مەرکەزی کزو بێدەسەڵاتە ، ئەو هەموو زەوی‌وزارانەیان داگیرئەکرد . (تارمایی‌یەکەی تورکیا ، لاپەرە . ١٢٦) .

٤٤ ـ ئا . چیڤیلیکۆف ، دواڕۆژانی ئەرمەنەکانی تورکیا ، ـ کۆکراوەی « دۆخی ئەرمەنەکان لە تورکیا پێش دەستێوەردانی دەوڵەتەکان لە ساڵی ١٨٩٥دا » . موسکۆ ، ١٨٩٦ ، لاپەرە . ١٧٤ ، هەمدیس سەیری : ئاف ، ئا ، گەردلیڤسکی ، تارمایی‌یەکەی تورکیا ، لاپەرە . ١٢٧ بکە .

٤٥ ـ ئەرشیفی مەرکەزیی میریی شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەر بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم ، ڕێکخراوە باڵاکانی میری ، یەکێتی‌وەدستگاباڵاکانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە یەکێتیی‌شووڕەوی ، فایلی . ١ ، کێبی . ٢ ، باسی . ١٥٢٢ ، لاپەرە . ٢ ـ ٣ . لەدووابیدا ، تاگ ئاتو رس س .

٤٦ ـ خ.ف.ب. لینج ، ئەرمینیا . . . ، بەرگی . ٢ ، لاپەرە . ٥٤٠ ـ ٥٤١ .

٤٧ ـ « پەیامی ئەرمەنی » . ١٩١٧ ، ژمارە . ٢٣ ، لاپەرە . ٥ ـ ٦ .

٤٨ ـ لە . ئاڤپەر ، بەشی « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوول » ، ١٩١٠ ، باسی . ١٥٩٩ ، لاپەرە . ٦٧ وەرگیراوە .

٤٩ ـ پ . پێگولیانیتس (سیڤیریانین) ، بەناو ئەرمینیای تورکیادا . . . ، لاپەرە . ٣٢ .

٥٠ ـ بۆ نموونە کاربەدەستانی تورك ، کوردە نەخوێندەوارەکانیان ناچار ئەکرد ناوی خۆیان بۆ کڕینی ڕۆژنامەکان بنووسن و بۆ ئەمەش باجێکی تایبەتی‌یان لێئەسەندن . [پ . پێگولیانتس (سیڤیریانین) ، بە ئەرمینیای تورکیادا . . . ، لاپەرە . ٣٢] .

٥١ ــ ك.ن. سميرنۆف ، گەشتێك بە كوردستانی باكووردا ، ــ « دەنگ‌و باسی جەبهەی قەفقاس » ، ئی . رگ‌ئو ، بەرگی . ١٧ ، ١٩٠٤ ، لاپەرە . ٣٢١ .

٥٢ ــ ل.ف. تیگرانۆف ، دەربارەی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی‌و ئابووری لە ئێران‌دا ، سرپب ، لاپەرە . ٩ .

٥٣ ــ S.S. Gavan, Kurdistan ..., P. 14.

٥٤ ــ ف . ف ، مینۆرسكی ، تێبینی‌و سەرنج ــ ، « دەنگ‌وباسی وەزارەتی كاروباری دەرەوە » ، ١٩١٥ ، كتێبی ٣ : ئۆ.ل. ڤلچێڤسكی ، تێبینی بیبلۆگرافی دەربارەی بڵاوكراوە كوردیی‌یە بێگانەكان لە سەدەی بیستەم‌دا ، ــ « زمانە ئێرانی‌یەكان » ، ١ ، مۆسكۆ ــ لینینگراد ، ١٩٤٥ ، لاپەرە . ١٦٤ ، « كەرەستە دەربارەی لێكۆڵینەوەی رۆژهەڵات » ، چاپی . ١ ، لاپەرە . ٧٦ .

٥٥ ــ ئاڤ‌پەر ، بەشی « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوول » ، ١٩١٢ ــ ١٩١٤ ، باسی . ٣٥٧٣ ، لاپەرە . ٢٦ ، ڤ.ئا . گەردلێڤسكی ، بەم جۆرەی خوارەوە ، بە وردی باسی خانووە ژێر زەمینی‌یەكانی گوندەكانی كوردو ئەرمەن ئەكات : لەم « خانووانە »دا ، ڕووناكی تەنیا لە كلاوڕۆژنەكانەوە دێتە ژووری . كە بە نیازی گەرم‌كردنی ماڵەكەش دائەخرێت ، بە جۆرێك تاریك ئەبێت ، چاوچاو نابینێ . خەڵكی لەم كونەگورگانەدا ئەژین لەوێ دائەنیشن‌و ئەخۆن‌و ئەنوون ، لەوڵاشیانەوە ئاژەڵەكانیان ئەژین . چونكە هەرچەند لێیان نزیك‌تر بن ، ئەوە بێدەنگ‌ترو بێمەترسی‌ترو ..... گەرم‌تره » . « تارمایی یەكەی توركیا » ، لاپەرە . ١٦) .

٥٦ ــ د.د. پیلیایێف ، كورتە باسێك دەربارەی ناوچەكانی باكوورو ڕۆژهەڵاتی كوردستانی ئێران ، ــ ئی ش ك ف ئۆ ، ١٩١٠ ، ژمارە ، ٣٠ لاپەرە . ٨ ــ ٩ .

٥٧ ــ ئاڤ‌پەر ، بەشی . « بیعسەیەك لە ئێران » ، ١٩١٢ . ، باسی . ٧٩ ، لاپەرە . ٢ ــ ٣ ؛ بەشی « ئەوراقی وەزارەتی كاروباری دەرەوە » ، بەشی . ١٢٤ ، لاپەرە . ٢٢٨ .

٥٨ ــ ئاڤ‌پەر ، بەشی . « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوول » ، ١٩١٣ ، بەشی . ١٤٠٥ ، لاپەرە . ١١٣ .

٥٩ ــ هەمان سەرچاوە ، ١٩١٠ ، بەشی . ١٥٩٩ ، لاپەرە . ٣٠ .

٦٠ ــ لـەم ڕووەوە دۆخی ڕووسـیا لە دۆخی دەوڵەتـە ئەورووپایی‌یەکان باشتر بوو . ئەمەش نەك هەر لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سنووری لەگەڵ کوردستان‌دا هەبوو (کە لە ڕووی پەیوەندیی ئابووری‌و جوغرافی‌یەوە زۆر شتی لەیەکچووی لەگەڵ ئەودیو قەفقاس‌دا هەبوو) بەڵکو لەبەر ئەوەش لەو شوێنە نزیکانەوە لە کوردستان ڕێگاوبانێکی باشی هەبوو ، لەوانەش ڕێگاوبانی هێڵی ئاسنین .

٦١ ــ ئا.م. کالیۆباکین ، تێبینی دەربارەی کەرەستەی جەنگی ــ ژماردن لە ئاسیای تورکیا ــ بەشی . ١ ، تفلیس ، ١٨٨٨ ، لاپەڕە . ١٦٩ .

٦٢ ــ یو . کارتسۆف ، حەوت ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ، س‌پ‌ب. ، ١٩٠٦ ، لاپەڕە . ١٨٤ . دەربارەی چالاکیی نێردراوە ئاینی‌یەکانی ئەمەریکایی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك‌دا ، دیسانەوە سەیری : ز.ز. عەبدوڵلایێف ، سەرەتای داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە ، مۆسکۆ . ، ١٩٦٣ ، لاپەڕە . ٣ ــ ٧ .

٦٣ ــ پێوەستە ئەو ڕاستی‌یە بخرێتە بەرچاو ، کە نێردراوە ئاینی‌یەکانی ئەمەریکایی‌یەکان ، لەم ماوەیەدا ، لە وڵایەتە کوردی‌و ئەرمەنی‌یەکانی ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی‌دا ، خزمەتی « ئینگلیزەکانیان »ئەکرد . ئەمەش یارمەتی‌یەکی زۆری دا بۆ ئەوەی سیاسەتی داگیرکەرانەی بەریتانیا سەرکەوێت‌و ڕێگای بۆ تەخت بێت ، چونکە ئەمەریکایی‌یەکان بنکەیەکی زۆریان بە ناو کوردستان‌دا بڵاوکردبۆوە . . (ئاڤ‌پەر ، بەشی « مێزەکەی تورکیای نوێ » ، ١٩٠٦ ، باسی ٦٢٠٢ ، لاپەڕە . ٦ ــ ١٠؛ بەشی « باڵیۆزخانە لە ئەستەمبوول » ، ١٩٠٦ . ، باسی . ٤١١٩ ، لاپەڕە . ١٧ .

٦٤ ــ ئەرشیفی جەنگی ــ مێژوویی حکوومەتی مەرکەزی ، بەشی . ٢٠٠٠، باسی . ٢٦٥ ، لاپەڕە . ١ ، لە دووایی‌دا : تساگ ف ئی ئا .

٦٥ ــ موستەفا ئەلخالیدی ، عومەر فاروق ، نێردراوە ئاینی‌یەکان‌و ئیستیعمار لە وڵاتەکانی عەرەب‌دا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، لاپەڕە . ٢٢ ــ ٢٣ .

٦٦ ــ ئەبێ ئەوە بزانین کە لەم ماوەیەدا لە فەرەنسا ، بزووتنەوەی دژ بە کلیریك سەرکەوتوانە تەشەنەی کرد . لە ماوەی وەزارەتی کۆمباو ڕووفی (١٩٠٢ ــ ١٩٠٥) کێشەی جیاکردنەوەی کلیسەو دەوڵەت سەری‌گرت‌و کۆتایی پێهات .

٦٧ ــ ئا.م. كالیۆباكین ، چالاكیی نێردراوەپرۆتستانتەكان لە بەشەكانی باكووری ڕۆژهەلاتی ئاسیای تورکیادا ، ــ « دەنگوباسی بەشەکەی قەفقاس ،ئی‌ڕگ‌ئۆ » ، چاپی . ١ . بەرگی . ٩ ، تفلیس ، ١٨٨٧ ، لاپەڕە . ١١٥ ــ ١٢٠ ، ١٢١ . عەقید پوتیاتا ، ئەوەی ماوەیەکی درێژ بە کوردستان‌دا گەڕاوە ئەنووسێت : « نێردراوە ئاینی‌یە ئینگلیزو ئەمەریکایی‌یەکان ، بایەخێکی زۆر ئەدەن بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی لەو قوتابخانانەی لە ژێر دەست یان لە ژێر چاودێریی خوێان‌دایە ، ئەو ئامانجەیان خستۆتە بەرچاو « دەسەلاتو تەئسیری ئەو قوتابخانانە بە هەموو ولاتەکەدا تەشەنە بکاتو بڵاو ببێتەوە . ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەمەریکا نە لە یەک دوو شۆێن‌دا جێ‌پێی بۆ خۆی دۆزیبۆوە ، بەڵکو بە هەموو ئاسیای تورکیادا تەشەنەی کردبوو». (پوتیاتا ، چەند سەرنجێك دەربارەی ئاسیای بچووك ، ــ «کۆکراوەی جوغرافی‌و تۆپۆگرافی‌و سەرژمارین دەربارەی ئاسیای بچووك » ، بەشی ، ٦٦ ، س‌پ‌ب ، ١٨٨٦ ، لاپەڕە . ٣٧ ــ ٤٣) .

٦٨ ــ ئا.م. كالیۆباكین ، چالاكیی نێردراوە پرۆتستانتەكان ... ، لاپەڕە . ١٢٥ .

٦٩ ــ تساگ ف ئی ئا ، بەشی ، ٢٠٠٠ ، باسی . ٢٦٥ ، لاپەڕە . ١ .

٧٠ ــ هەمان سەرچاوە ، باسی . ٣٠٩ ، لاپەڕە . ٩١ .

٧١ ــ هەمان سەرچاوە ، باسی . ٢٦٥ ، لاپەڕە . ١ .

٧٢ ــ زۆری نەبرد ئەم کۆنسۆڵخانەیە داخرا .

٧٣ ــ ئا.م. كالیۆباكین ، كەرەستە .... ، لاپەڕە . ١٦٩ .

٧٤ ــ سێر هامۆندی گەورە پیاوی حکوومەتی ئینگلیز لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا وتی :

ئەرکی سەر شانی کۆنسۆڵەکانی‌بەریتانیا لە تورکیا ، هەر ئەوە نی‌یە لە دۆخی بازرگانی بگەن ، بەڵکو ئەبێ زیاتر لەوەش لە دۆخی سیاسی بگەن بەریتانیا ئەوەی دووپات کردەوە کە هەرگیز هەوڵ ئەدات ئاشتی‌و ئاسایش لە ئیمپراتۆری‌یەتی عوسمانی‌دا بچەسپێت . بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کۆنسۆڵەکان ئەوەندەی پێیان ئەکرێت کاربکەنە سەر کاربەدەستانی تورکیا ، هێندەش بتوانن کار بکەنە سەر دانیشتووەکان . (ف.ف. مارتینس ، دەربارەی کۆنسۆڵەکان‌و شارەزایی لە ئەرکی کونسۆڵچێتی‌دا لە ڕۆژهەلات ، س‌پ‌ب ، ١٨٧٣ ، لاپەڕە . ٥٩٦ ــ ٥٩٨) .

پەراوێزەکانی وەرگێڕ :

١ ــ پانتاییی‌هەموو ئــەو دەوڵەتانــە بــە یەکەوە ٤٢٩٫٣٣٢ کیلۆمەتــری چوارشەیی‌یە .

٢ ــ ڕەنــگە تاکوتەرا لە بــۆ چاکەو ســوودی خــۆیان شتی وەهایان لێ وەشابێتەوە ، بەڵام ئەوەندە زۆر نەبووە ببێتە دیاردە . هەر مێژووی نوێی کوردیش لە سەراپای کوردستان‌دا باشترین بەڵگەیە .

٣ ــ نووسەر لە بیری چووە ناوی میرنشینی بابان بهێنێ ، ئەو میرنشینەی نەک هەر ماوەیەکی زۆر درێژ مایەوەو دەورێکی زۆر گرنگی لە ناوچەکەدا هەبوو ، بەڵکو گەورەترین و فراوانترین میرنشینەکانی کوردیش بوو .

٤ ــ کتێبی « مێژووی میرنشینەکانی کورد »ی ، ئەمین زەکی باسی ئەوە ناکات میری جوڵەمێرگ دەسەڵاتی خۆی گەیاندبێتە سلێمانی .

٥ ــ ئەوسا عیراق بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی‌و نازناوی کوردستانی عیراق لە کایەدا نەبوو ، هەبێ‌و نەبێ نیازی یان لە میری ڕەواندز یاخود لە میری بابانە .

٦ ــ شێخ عوبەیدوللاّ کە لە ئێران شکاو بزوتنەوەکەی کۆتایی هات ، ناچار ڕووی کردەوە مەڵبەندە گەورەکەی لە کوردستانی عوسمانی ، لەوێش پاش ماوەیەك لــە دەوڵــەتی عوسمانی ڕاستبۆوە ، لــە ئەنجام‌دا سەرنەکەوت‌و ، بە دەست بەسەری ڕەوانەی (مەکە) کرا .

٧ ــ ڕاپەڕینەکەی مووسا بــەگ لەوەدا نی‌یە لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوللاّدا بەراوردبکرێت‌و بخرێنە یەك تەرازووەوە .

٨ ــ بابان عەشرەت نی‌یە .

٩ ــ ژمارەی کورد لە سووریا ، لە ئاست بەراوردکردن‌دا لەگەڵ ژمارەی کورد لە ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانی‌دا ، ئەوەندە کەمە ، ئەوە ناهێنێ بکرێتە نموونە . ســەیر ئەوەیە هــەر نووسەر خــۆی لــەدووایی‌دا کوردستانی تورکیا ئەکاتە نموونە .

١٠ ــ ڕەنگە ئەمو ئەو شتی وەهایان کردبێت‌و لە دووایی‌دا توانبێەوە ، بەڵام ئەوەندە زۆر نەبووە ببێتە دیاردەو ئەوە بهێنێ باسی بکرێت .

١١ ــ گومان لــە نیازپاکی نووسەر ناکرێت ، بــەڵام قسەکەی موبالەغەی تێدایە . نە پاشای ڕەواندزو نە بەدرخان‌و بگرە هەتا یەزدان شێریش [دووای ئەوەی دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاستبۆوە]و سەرۆکەکانی تریش ، خۆیان نەفرۆشت‌و ئامانجی ڕاپەڕینەکانیان بۆ دۆست‌و دوژمن ئاشکرا دیار بوو . میللەتانی تریش هەر بەم جۆرە دەستیان پێکرد ، بەڵام جیاوازی‌یەکە لەوەدایە ، سیاسەتی جیهانی بۆ ئەوان لەباردا بوو ، بۆیە گەیشتنە ئەنجام ، بەڵام بۆ کورد قەت لەباردا نەبوو ، بۆیە هەتا ئێستا نەگەیشتە ئەنجام . هــەر لەبەر ئەمەشە مێژوونووسانی ئــەو میللەتانە مێژووی خــۆیان ئەنووسن ، کەچی ئــەمو ئەوو خەڵکانی‌تر مێژووی کورد تۆمار ئەکەن .

گۆڵوەچنی

لە گۆڵزاری فۆلکلۆری کوردی

عبداللطیف عبدالمجید گلی
بۆ لە چاپدانی ئامادەکردووە

بەشی یەکەم(١)

پاش دامەزرانی کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٠دا ، یەکێ لەو کارانەی کۆڕ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەر شانی گرتنیە ئەستۆ ئەوە بوو لە پشووی هاوینی ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣دا لەگەڵ ناوچەکانی کوردستان ، لە سلێمانی‌و هەولێر چەند تیپێکی لە مامۆستایانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی پێکهێناو ناردنی بۆ گەڕان بە دێهاتەکانا بۆ کۆکردنەوەی هەموو جۆرە فۆلکلۆرێکی سەرزارەکی لە پیاوانی پیرو لە شارەزایانی تر ، وەک گۆرانی‌و پەندی پێشینان‌و چیرۆکی میللی‌و لاوک‌و حەیران‌و هەروەها بۆ دەس‌خستنی دەسنووسی کۆن ئەگەر دەس‌گیریان بوو .

زۆر لەم تیپانە ڕێکۆردەریشیان پێ درابوو بۆ ئەوەی ڕاستەخۆ و قسە تایبەتە فۆلکلۆریەکان لە دەمی خەڵکەکەوە بخەنە سەر شریت بۆ ئەوەی کاتێکی زۆر بە نووسینەوەیەوە لەو دەرەنگ وەختەدا لەکیس نەدەن‌و بۆ ئەوەش زمانی فۆلکلۆر بپارێزن کە چۆنەو چۆنی ئەڵێ تێکستەکە بەو جۆرە وەربگیرێ‌و ، پاشان نووسینەوەی بە شێنەیی زەحمەت نابێ .

---

(١) ئەم بەشە فۆلکلۆرە لەلایەن : ئەمین موحەممەد مەحموود و زاهیر عەبدوڕەزاق‌و عومەرشێخ ئەڵڵاو فەیسەڵ مستەفاوە کۆکراوەتەوەو پێوەی‌ماندووبون خودا کاریان ڕاستبێنێ .

مەبەست لەم کارە ئەوە بوو پرۆژەیەکی سالانەی بەردەوام بۆ کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی فۆلکلۆر هەبێ ، ڕاستەکەشی ئەمە ئەرکێکی پیرۆز بوو ، خەڵکیش زۆر بە سۆزەوە هاتن بە دەمەوەو ئەندامانی تیپەکانیش کاری خۆیان مەردانە بەجێهێنا ، بەڵام ناشوکری نەبێ کاری کۆڕ بەو جۆرە نەڕۆیی کە بە هیوا بووین ، ئەوەبوو کۆڕەکە لە ساڵی ١٩٧٨دا بەیەکجاری نەماو دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عیراقی هاتەجێ ، ڕێگەخستنو بابەتبەندیوبژارو گەلاڵەکردنی ئەو کەرەستانەی لە ساڵانی ١٩٧٢ و ١٩٧٣دا کۆکرانەوە هەروا مایەوە .

تا لەم دواییەدا من وەک یەکێ لە کارگوزارانی کۆڕ ئەم ئەرکە پیرۆزە ، دەستەی کوردو ، وەک دڵسۆزێکی کەلەپووری کورد ، ئەم ئەرکە پیرۆزە ، ئەرکی زیندوو کردنەوەی ئەو بەرهەمە کۆکراوانەوەم وەرگرتو ئەم بەرگەم بۆڵەچاپدان ئامادە کرد ، ئومێدەوارم بتوانم بەرودوا بابەتە کۆکراوەکانی تریشی ڕێگ بخەمو ئامادەی بلاوکردنەوەیان بکەمو بەمە نەهێڵین ئەم بەرهەمە بفەوتێ .

گۆرانی : خەزێمو خەزێم بۆ دروونەو شایی

خەزێم خەزێمی یارێ
خەزێم بزر بوو دوونێ ئێوارێ
جوابەکی بەرنە جزیری بۆتان
دوو جوابان بەرنە جزیری بۆتان
لەخۆ حەرامکەن کراوو فۆتان
خەزێم بزربوو لە داکو دۆتان
جوابەکی بەرنە سەری سەفینی
دوو جوابان بەرنە سەری سەفینی

هـەتا حەفت سـالآن چ گیای نـەهینی
هـەتا حـەفت سـالآن بـەفری نـەبینی
جـوابەکی بـەرنـە میـری خـۆشناوان
دوو جـوابان بـەرنـە میـری خۆشناوان
بـا چی دی نـەکەن مێوژو دۆشـاوان
خەزێـم بزربـوو لە بـەرەکچـاوان
جـوابەکی بـەرنـە ئاغـەی برباسـان
دوو جـوابان بـەرنـە ئاغەی برباسـان
بـا کێژیـان نـەچنـە کوارگو رێواسان
خەزێـم بزربـوو لە سـەربـەتاسـان
جـوابەکی بـەرنـە میـری ئاکۆیـان
دوو جـوابان بەرنـە میـری ئاکۆیان
بـا چی دی نەکەن تـوتنو پـەمۆیـان
خـەزێـم بزربـوو لـە چاوهـەڵۆیـان
جوابەکی بـەرنـە میـری پشتەرێ
دوو جـوابان بەرنە میـری پشتەرێ
بـا چی دی نەکەن شـەرِەخەنجـەرێ
خەزێـم بزربـوو لە دەست گەوهـەرێ
جـوابەکی بەرنە حەسـەن زاهیـری
تـاژیـەکی هـەیـە لەبـۆم بنێـری
ڕاوێی پێدەکـەم لـە دەشتی ژێـری
خـەزێـم بزربـوو لـە مـەشتی ژۆری

گۆرانی : گانیو گانی بۆ دروونەوشاهی

هـــەی گانیو گانی ئـــەو گانیـــەی لە چیایە
دوو کێژ دێنە سەر کانی هەردووك ملبەهەوریە
مەمکی ئەوان کێژۆلان یەك سێوە یەك هەرمێیە
هەی گانیو گانی ئەو گانیلەی بنی بەردن
دوو کێژ دێن لۆ سەر کانی هەردووك ملبەدەستمارن
مەمکی ئەوان کێژۆلان یەك سێوە یەك هەنارن

هەی گانیو گانی ئەو گانیۆکەی تانۆکێ
بەخۆم لێدا بە تەورۆکێ
کێ ئاو لێبرد تازەبۆکێ
هەی گانیو گانی ئەو گانیەکەی قەتپاری
بەخۆم لێدا بە گۆپاری
کێ ئاو لێبرد کێژێ خاری

گۆرانی : هەی لەیلم لەیلم

هـــەی لەیلم لەیلم لەیلم ناز مەکە
دەگرم شەمامان تـــو خودا دەنگ مەکە
شەمامـــەی حەفتڕەنگ تەرحی لیمۆێ
بـــەدیاریم لۆ هـــات لـــە لایێ کۆێ
حـــەوزەکەی هیـــران شـــینو بێبنـــە
دوو ماســـی تێـــدا خـــار لـــە گەردنـــە
لەم جـــۆتە خۆشکە یەك یاری منـــە
هـــەی لەیلم لەیلم لەیلم نازەمـــەکە
دەگرم شـــــەمامان یـــارێ دەنگ مەکە!

شەمامەی حەفتڕەنگ تەڕحی گوراوێ
بـە دیاریـم لۆ دێ لە لای شـەقراوێ
هەی لەیلم لەیلم ناز مەکە
باخـەکـەی هیران بـە قورینگ‌و بازە
دوو کۆتری تێـدا هەن تـەقـرەبـازە
لەم جۆتە خۆشکە یەکیان چاوبازە
شـەمامەی حەفتڕەنگ تەرحی تێرگزی
بە دیاریـم لـۆ هات لای ڕەواندزی
چیایەکەی هیران بڵندەو بەرزە
تێچیری تێدا دوو کارمامزە
لەم جۆتە خۆشکە یەکیان لێم زیزە
شەمامـەی حەفتڕەنگ تـەرحی کنێری
بە دیاریـم لۆ هـات لە لای هەولێری

(هیرانو نازەنین ،لە زاری محەممەد ئەحمەد عومەر وەرگیراوە . ١٩٧٢/٧/٢٣) .

(١) گۆرانیی گەمەی منداران .

ئـەلور بلـور تـەکامـە زەردو شـوتك شـەمامە
ئاڵنجی بڵباڵنجی قامی قنجی قامی قنجی
عەیشێ مامان ، لە خۆشناوان ، دەگری چاوان ،
چاوێ بەگۆ ، پێم تێوەرچۆ ، هەگرە ئەتۆ
گێتە گێتە ، گورزی من نیە گورزی عەلیە
وەت لێبدا هەگرە ئەتۆ

★ ★ ★

(۲) گەمەی حوحانێ ـ تایبەتیەیە بەکچان ٠

حـــوحانێ بللی بللی
چـاوی ڕەشـــی لـە کللی
کل نـەبـوو تـۆتیا بـوو
لـە بنی بـەردم نـا بـوو
هەتـا کو چـووم نەمابـوو
کوڕان دەریانهێنـابـوو
حـوحـانێ بللی بللی
پێکەوە بچینـە قـەبـری
قەبـری تـەنگو تـارە
پڕ لـە مشـــکو مارە
مشـــکومـار عـەزیایـە
خـۆی لە ڕمبێ دایە
ڕمبـێ هۆکـە هۆکـە
بردیان جـۆتـە بـۆکە
جـۆتە بـۆکێ میـری
بردیان بـە یـەخسیری
یـەخسـیری قـەراتـێ
ئـەحمەد بـەگم گاتێ
دوو دەسرۆکەم داتلاّ
دەسرۆکەی هـەوریـە
لـە برینـم پێچیـیـە
بـرینی گامێشـــان
بـەردان دەقـەریشـان

بـەردی ئـەولای مـاران
پێـــدادەن دەســماران
دەســماروو پێرۆز بێ
لـە ماینـەکی بـۆز بێ

(هیران ، لە زاری شێخ عەبدولکەریم وەرگیراوە)

تۆرانیی شایی :

لـەســەر لێرە لێـرِان
لـەســەر لێـرەواران
کێـژێ گچکە جـوانن
قـەد شووشو باریکن
مـارێ لـەنـاو ماران
بـە خێر نـەچنە واران
لێمان دەبڕن یاران
مارێ لـەمـەڕ دۆسـتان
بـە خێر نەچنە کوێستان

لێمان دەبڕن دۆستان
کێژێ مـەڕۆ جـــوانی
باغی مەجیدخانی
چـەند لەبـەر دڵانی
ســێوێ ســەر لکانی

★ ★ ★

پیـرۆز کچێکی چـاکـە
ئینسـانەکی دڵپاکە

ڕۆژێك لـه فەسڵی زسـتان
مـارەکی دیت لـه کۆران
وا لـه سەرمان سـڕ ببوو
بـه عەینی وەك مردبـوو
دەستوبرد ماری هەرگرت
خێرا لۆ مارەوەی بـرد
ئـاگـری لـۆ کـردەوە
مـارەی گەرم کردەوە
ئنجا کە مـاری بـەدخـوو
سەرمای لە بەدەن دەرچوو
پـەلامـاری کچـەی‌دا
دەی‌ویست کە پێـوەی بدا
کچ دەستی کرد بـه هاوار
تا باوکی بـوو خەبەردار

گوتی : کچم چاکەی لەگەر ، کەسانێ بکە کە پێ‌بزانێ •

(لە تاهیر ئەنوەر وەرگیراوە)

بەستەی ساوارکوتانەوەو شایی‌و دروونەو پێمەڕە •

هاتە خـوار کەشـان کەشـان
خێڵی مەنگوڕو مامەشـان
پاژنەی خڕە لۆ کەوشـان
بە قوربانی بالآت بێ
سـەد سـۆفی بەرماربەشـان

★ ★ ★

دەردت لەمارم زیێـد
ئەو تاڤگەو دووڕێ‌و ئامێـد

ئــەو مێردەی تۆ کردووتە
یاخودا موبارەك نەبێت

★ ★ ★

مەلا نیم مەندیلم بێ
حاجی نیم وەکیلم بێ
ســۆفی نیم بەرمارم بێ
سەیزادە نیم شــارم بێ
کورد نیم دیموکراتم بێ
عەجەم نیم تارانم بێ
ئاغە نیم چەکدارم بێ
کێخوا نیم مولکانم بێ
ســارێ لەوەی دەگەڕێم
دوو کچی جــوان لە پارم بێ
داوم کەوتووتە داوی
زەحمەتە نەجاتم بی

★ ★ ★

چەندە خڕی چەندە مەستی
دەرێی سەعاتی دەستی
ئاوەدان بی مێ‌مەندان
چونکە تێدایە ئەستی

★ ★ ★

سەقزو بانەو تیلەکۆ
دای‌ناوم دەستەو ئەژنۆ
مێوانی چاوی کاڵیم
سوبەی نوێژی نیوەڕۆ

یاخودا موبارەکت بێ
نایلۆنو کراسی مەڵۆ
بەخمێ گیرێ سەرگەرۆ
ئاوەدان بێ دوڵە تۆ
کێژێکی جوانی لێ بوو
ڕۆیی‌و لە دەستم دەرچوو

★ ★ ★

دانە زیوەکەت مسقاڵو نیمە
بێنە خەرجی کەین خودا کەریمە
مارێ داخریا بە تیسکە تیسکە
دەگەر مەیلت هەس
مارمان نیزیکە

★ ★ ★

کەس نەیزانی ئەمن کێم
خەڵکی ئەو بەری مەرگێم
دەستم لێدەی دەتەقێم
سوێندم بە وەڵلاو بیللا
خولقت نەبێ بە خۆم دێم

❁ ★ ❁

کۆیێ لەگەڵ کورداوە
جەلی لەگەڵ سناوە
لاسە لەگەڵ شـــەقلاوە
گۆمەشینی‌و تۆبزاوە
کرژە لەگەڵ قازیاوە
دەک مارم بەخمێ گیرێ

هەموم بە ماچێك داوە
مەرگەو پشدەر دەفرۆشم
پێنج دینارم بڕاوە
ئەو ناوەی هەڕاج دەکەم
نەختێ پێکەم تەواوە

مارێ بابم هەر کچە
بۆنی بۆنی گورخونچە
ئارەقەی سینگ‌و مەمکی
دەی‌خۆم وەك دیشلەمەو چا
سێ فرسەخم لێ‌دووڕە
جەرگم لەبۆی هەرقڕچا
لە تاوانی شێت‌بوویمە
پێم‌دەرێ ناکەس بەچە

یارم بەحری موحیطە
بە خۆم نەهەنگ‌و ماسی
یارم گوری‌کوێستانە
بە خۆم گوری ڕێواسی
یارم کیژی مەلایە
بە خۆم ئیبنولعەباسی
لەبەر ئەو مەمکەی دەمرم
جۆتە لە بن کراسی
لە تێو شەنگە بیری‌یان
دوور بە دوور یارم ناسی

داوای دوو ماچم لێکرد
ئەو دەرێ کوڕەکی خاسی
عەیبێکی زۆرت هەیە
ڕۆژێ یەکێ دەناسی

★ ★ ★

ئەو کێوە خاڵ خاڵ
با بیکەین بــە ماڵ
تێدا بســووتێین
بێ خەمو خەیاڵ

★ ★ ★

قەسرو خانەقین
سەر حــدوود ئێران
گشتی بــە قوربان
بارای کچە جیران

❋ ★ ❋

هاتەوە بۆ بێتەوە
تەنکێ لە حەمامەوە
دەمی بە پێکەنینە
باوەش بە منداڕەوە
دەرێ جێگەم بۆ داخە
ماندوومە حەسامەوە

❋ ★ ❋

هاتم لە لای ئەمەلی
بە دەستماری مەلەلی
قوتنی یا موسەلسەلی
کابانێ بزنەگەلی

تەحویلی شۆڕشم کەن
لەکن ئامیرمەخفەری
چەند ساڵە یاری خۆمی
ئێستا ئەڵێی کێندەری

★ ★ ★

سەد کۆت بە زنجیرەوە
سەد ماشین بە سوکانەوە
عەلیاغا لە سەرم دا
لەو شارە نایگۆزمەوە

★ ★ ★

هەرمۆتەت ڕەگەڵکەوێ
بە ووردو بە خێرییەوە
عێنکاوەت بە قوربان بێ
بە جحێڵو پیریەوە

★ ★ ★

لەبەر کێژی باڵەکیان
دەڕۆین بۆ دیانان
لە ڕێگایێ تووشیان بووم
ماستم لێکڕین بە هەرزان

★ ★ ★

داوای ماچم لێکردن
سەدان گوتیان بە چاوان

★ ★ ★

بەری ئاکرێ بە ئاشە
پشتی ئاکرێ بە ئاشە
کراسی ئاسۆی قوماشە
نەختی ئاسۆی حەفت ئاشە

کا دەرویشی کوێستان
بێن بۆ سەر خیابانان
بە مەشهوریان زانیبووم
لە پایتەختی تاران

★ ★ ★

هاتم لە لای ئەو خوارە
تانك‌و توپ‌و تەیارە
زێڕی هەژدە عەیارە
لە تیو مرۆوان دۆلارە
پتی لێدەی دەپەڕی
دەڵێی قونچە خەیارە
تو خودا وازم لێ بێنن
ئەو دڵم بۆی بریندارە
ئەگەر زۆر دەوڵەمەندی
من چاکم بۆ شوانکارە
پێت لەسەر چاوم دانێ
جێگەی ناڵچەکەت دیارە

★ ★ ★

هاتم لە لای ئەو دۆرە
بەلکی دەڵێی تۆرە
سنگ دۆشەك‌و مافۆرە
کافرە لە خودا بە دوورە
ئەڵێ ماچت نادەمێ
هەتیمۆ سمێڵت زۆرە

★ ★ ★

بۆت دەڵێم بۆت وەستێنم
وەك بولبول بۆت دەخوێنم
ئەو جاحێڵی ئەو شارەی
هەموویان وەجۆش دێنم
دایکی نۆمندالآن بی
بە شان بۆی ڕادەژێنم

❋ ★ ❋

قەڵآتی هەولێر هۆدە هۆدەیە
وەرە لۆم تێکە سیفۆنو سۆدە
ئارەقو شەراب مەستی نەکردم
ماچی چاوکاڵی سەرخۆشی کردم

❋ ★ ❋

یادی بە یاری تەختی مرادێ
دەستێ جوانێم گرت بردم لۆ لادێ
پرسیم چاوەکەم لۆچ بێ مرادی
زەرد هەرگەڕایی گەڵێ بێ مرادی

❋ ★ ❋

چەند زەردی دەڕێی زەردووی
چەند خڕێ دەڕێی کدووی
دەڕێی مانگی سیو دووی
ئەووەلی چەندە باش بووی
ئەڵئان بە درۆزن دەرچووی
سبیانەکی نەمنومان
دوو سوار وا دێن بە لینگدان
دەتەقێنن دەمارچانە

هەردوو سوار ئامۆزانە
شەڕ لە سەر تێڵعەیشانە
کەزیی خانێ بیستو یەکە
لەسەر ملان ڕێگو پێکە
مەمکی فاتیم زەردە فەریکە
هەی کیژۆرێ بەرم تێکە
شەو درەنگە زووم بە ڕێکە

★ ★ ★

کەزیی فاتیم بیستو دۆتە
لەسەر ملان تاقو جۆتە
مەمکی فاتیم زەردە لۆتە
کوڕ عەسکەرن کچ لە دۆتە

★ ★ ★

کەزیی فاتیم بیستو سێنە
لەسەر ملان چەند جوان دێنە
کوڕ عەسکەرن کچ لە کێنە

★ ★ ★

کەزیی فاتیم بیستو چوارن
لەسەر ملان بە هەژمارن
کوڕ عەسکەرن کچ لە دیارن

★ ★ ★

شێتان شێت دەبن دەچوون لۆ کایە
خۆ من شێتی تۆم بە چل ئەحمایە
شەدە شڵومل هەستە بەیانە
هەتا پێکدەبڕێین ئاخرزەمانە

هاتم له لای چیمەنێ
بەو خارەی لە گەردەنێ
یانەکە مارێم بارکەن
یانە ئەو کچەم دەنێ
(گوندی نەکەوور لای کۆیێ لە ئەحمەد ڕەشید وەرگیراوە)

★ ★ ★

ئەمان سێوە (گۆرانی شایی) :

ئەمان سێوە دەخیل سێوە
بەسم چاوان لێ ببزێوە

بریندارم مەمئاخێوە
بریندارم بە خەنجەرێ
چەند حەکیمم هاتنە سەرێ
چشتاق پێم نابەن زەفەرێ
دەستی یارم گەیە سەرێ
ساغو سەلیم چوومە دەرێ

دوونێ چوومە ناو باژێڕی
چاوم کەتیە بە گواربەزێڕی
ئاشقان لە دین وەردەگێڕی

دوونێ چوومە سەیری جندان
چم پێ نەما غەیری گریان
زۆر زەحمەتە دەستلێكبەردان

ئەو شەو شەوە مانگەشەوە
تاقمەی کێژان تێکردڕەوە

هاتن لۆ لای ماری مەوە
ئەوی جوان بوو گێڕامەوە
ئەوی پیس‌بوو ناردمەوە

مانگ وا هەڵات ئاوا نابی
قیامەت لە داکێی ڕابی
قەت لە کێژەی خافر نابی
قەت لە دەرکەی خافر نابی
ئەو مارەکەی ئاگر گەشە

لێیان بمرێ بیستو شەشە
بێجگە لە لەیلەی چاوڕەشە
داکی دەرێی سەگی ڕەشە
کێژە بە خۆی خونچەی گەشە
ئەو شەو شەوەکی سارەدە
سڕ بووم لەبەر سەرسەرێ
بە ئەمری پیرە دایکت
جێم کەوە لە بن بەرێ
لێم مەعلوومە حەرامە
شەیتان لێمان ناگەرێ
کێژە بە قوربانت بی
دایکە دە سەرت گەرێ

وەپێش ماریاندا دەچووم
لۆ خۆم ئاورم دەداوە

یارێ تیرەکی لێدام
لێی دەکردمە تیراوە
بێ عیلاجو بێ مەفەڕ
لەوێ پارم دەداوە
هەندی بڕێی یەکو دوو
کێژە لۆ لام گەڕاوە
سەری برند دەکردم
لەسەر ڕانی داناوە
هەتیم هەربێنە
سەر مەمك بەرەلاوە
سۆرگورمان لە دەورە بی
ڕەشەڕێحانەی ساوا
خودایە ، لۆ وە ناکەی !
پیران دەگری ڕاکەی !
گەنجانیش پێك دی شاکەی

(گوندی سناوە لە قادر مامعومەر وەرگیراوە)

گۆرانی دروونە :

کێژەك چوویتە بزن دۆشینێ
بە خۆم دەچمە کامژینێ
ئەو کاریلەی نامژینی
بەلەباقەی پێدەروینی
خۆم لەسەر ڕێگا دەمرینم
یا شیرەکەی پێدەڕژینم
یا ماچەکی لێدەستینم

گیژە نەی‌کردە نامەردی
جامی دانا لەسەر عەردی
گەردنی زەردی کەرەم کردی

گەردنی زەردی بە من دایە
داك بەدیارکەت لەو لایە
دەرێ کیژم لۆ چم ناردی ؟
بەفران بردی ماچیان کردی ؟
کیژ : دەرێ دایە بە سوێندەکەی بەوەڵلایە
کوڕ ماچی ویست ، من نەمدایە
دایك : دەرێ کیژم چەند عەیبارى
درت تەڕە وەك خەیارى
کیژ ماچ ناکرێ بە زۆرداری
کیژ : دەرێ دایە مەمکە لۆمە
ئەو هەتیوە جەرگی خۆمە
دایك : دەرێ کیژم نات‌کەم لۆمە
سەرم سپیە پشتم کۆمە
حیزە فێرە لەمەڕ خۆمە
کیژ : بەپێش ماریان‌دا ڕابردم
سەیان درِ بوو پێی پاس‌کردم
گۆزەم خواربوو ، لۆی ڕاست‌کردم
دەستی ڕاستیی لە ملی کردم
بە دەستی دی مەمکی گرتم
بە لێوو زار ماچی کردم
کیژ : ئەرێ دایە ئەتو کوو بووی لەگەڵ بابم ؟

دایك : لەگەر بابت جاروبار بووم
لۆ عالەمێ تەبەڕا بووم
کیژ : ئەرێ دایە ، ئەتو شیشی ، من کەبابم
خۆ من لە تۆ چاتر نابم

(گوندی دۆری لە کاك سەباح مام قادر وەرگیراوە)

گۆرانی شایی‌و دروونەو ساوارکوتانێ

ئەو کێوە خار خار بەفری ناچتەوە
لەیلێ تۆرایە ئاشتیش نابتەوە

قەسەم بەو ڕۆژەی جومعەیە
پێنجسەت یاری وەك تۆم هەیە
ئەتۆم نەبی بێ فایدەیە

قەسەم بە بالای چین چینت
بەو ئەگریجەی ژێر پۆشینت
کافر بووم ، هاتمە سەر دینت

ڕۆژئاوابوو زەردەی مابوو
شەماڵ قاقەزی هێنا بوو
ناوی لەیلێی لێ نووسرابوو

ڕۆژئاوا بوو لە منی فەقیر
لە ملم تۆقە لە پێم زنجیر
حەیفە یارم لۆ پیاوی پیر

قەسەم بە سوورەتی عەمە
داییم درم پڕ لەغەمە
پیاوی بێ دۆست عومری کەمە

ماریان له کن مارێ مه‌یه
مه‌مکی ده‌رێی زه‌رده به‌یه
چایان نی‌یه دیشله‌مه‌یه
ڕۆژی دوو ماچم مووچه‌یه
هه‌تا ده‌مری ته‌مام پێ‌یه

ماریان له سیله‌ی قه‌برانه
چاو گچکه‌له‌ی ڕوومه‌ت‌پانه
ماچێکمان ده‌یه گێژ‌نانه

ئه‌گه‌ر ده‌مزانی به زمانی بولبول
باخێکم ده‌چاند پڕ له خونچه‌گوڵ
ئه‌من نه‌مده‌کرد ئیشی نابه‌دڵ

چاوت وه‌کو چاوی مارى
خۆم لۆ هه‌رده سه‌ر دیوارى
کورمه‌م ده‌گه‌ست پڕ به زارى

چاوی وه‌کو چاوی بازه
ئه‌و بێ دینه چه‌ند به‌نازه !
داکی پێم‌ده‌رێ بی‌خوازه

ئه‌گه‌ر ده‌مزانی له کێ ده‌نووستی
سینگم دۆشه‌ك بوو لۆم ڕاده‌خستی

چاوت ڕه‌شه به خوماره‌وه
مه‌مکت سێوه به داره‌وه
خوا هه‌رناگرى مه‌ى شاره‌وه

چنادو لاولاو له مەند دەبوون گیر
من کوشتەی کێمە ، بە کێم دەکەن ژیر !

شەڕەك کراوە لە لای تێلخانە
خەتای من نییە ، گوللەی شەشخانە

داری تەختەبەند نەمامی سێوە
دەگرم سەر کورمت لێوان مەبزێوە

گچێکی جوانو ڕەندی
مەمکت سێوی پەیوەندی
ماچی کورمت بە چەندی ؟

چەند خۆشــە خەوی بەیانیان ؟
لەسەر دووکانی ڕێحانان

چەند خۆشە خەوی سەهەندی !
لەگەڵ کێژی دەوڵەمەندی

بەژنت ڕێحانەی ناو وەردان
هەتا ئەمنێن لە چار بەردان
نائێم مەیلی گەردەنزەردان

چاوت ئەستێرەی بەیانی
هەڵدێ لە هەیبەتسوڵتانی
گوڵ پشکوت بولبول نەیزانی

(گوندی جەلی لە کاك محەمەد فەتاح وەرگیراوە)

گۆرانیی شـــووژن :

مەلای گۆتە ژنێ
جێی ڕاخە لە قوژبنێ
ئەو شەوت دێمە کنێ

شەرتو بێ شەرتیت دیاریی داوە
داخوا لە کێندەر بنیاتت ناوە !

چاوت ئەستێرە ، ئەستێرە
دە جوابەکمان پێ بسپێرە !
هەر ئەورۆمان مایە لێرە

ماریان لە سیلەی قەراتێ
تازە خونچەگور دەگاتێ
گەورەبی ماچمان دەداتێ

هەروا دەڕوا لۆ چواراغی
کەزی لە ملان دەبوون یاغی

چاوان مەڕێژە هێشتا منداری
خۆخی نەگەیی هەڵووژەی کاری
نازانم قوربانی کێت بم !
قوربانی گوارەی لە گێت بم

سێ کەس لەم گەڕەکە شاژن
عەیشێو فاتمو گورنازن
بە جوانیی خۆیان دەنازن

باراکەت بەرزە وەك بەیداخی ڕۆم
عالەم دەیزانی من موفتەلای تۆم

دیسان شەو هات لۆ حاری من
لۆ دری پڕ خەیاری من !

کەس نازانێ بە کێ دەڕێم
ئاشقی شەمامەی باخەڕێم

سوندیان داوم بە کەس نەڕێم
سوندم خواردووە بە قورعانی

شەق شەق نەکڕێم لە مەیدانی
دەست هەرناگرم لە چاوجوانی
تۆ بڕوانە کێژی شێخی

کە هێواران جێی ڕادێخی
چاوت وەک ئەستێرەی ڕۆژی

هەردێ لەگەر گەلاوێژی
ڕێم پێمەگرە دەچمە نوێژی

خۆزگەم بە دوونێ ئێوارێ
بە سەلامەتیی چاوی یارێ
خونچە پشکوت لە حەسارێ

هەروا دەڕوا دەڕێی پۆڕە
گوارەی ئالتوون لە گوێی شۆڕە
تو خوا یاری دی مەگۆڕە

دەچمە باغی نازەنینێ
دەستدەکەم بە گورچینێ
گور دەرمانە لۆ برینێ

کیژێ مەڕۆ هاتم
قەد بە قەد بالآتم
شووشەی زێڕ نەباتم
خاری بەر گۆناتم

هەستە لە خەوێ
بزانە چیم دەوێ
لە خاری گەردنت
دوو ماچم دەوێ
میوانی ڕۆژێم
مەمخەرە شـــەوێ

چوومە ماریان بە میوانی
پەنجەم گوشی لەگەر ڕانی
داکی زۆزران بوو پێیزانی

چوومە ماری کەونە دۆستم
دەسکەڵ ڕێحانەی لۆ بەستم
بە دەستی خۆی دایە دەستم

شەوێ نانووم تا بەیانی
سەبارەت بە چاوە جوانی
دەست لەسەر سینەو مەمانی
دەخیلت بم ئاغازادە
بەس بە لەنجە خۆت بادە

ئەمان نەشمیل چەند بەنازی !
دەرێی کۆتری تەقرەبازی
جەرگت دەرهێنام بە گازی

وەرە وەرە نەشمیل وەرە !
لۆ دەمکوژی بەو کەسەرە ؟
درم لۆ تۆ سەوداسەرە

قەسەم بەو خارەی لە ڕووتە
درم لە گەر درت جووتە
سەر هەرێنە جەرگم سووتە

چەند خۆشە خەو لە ڕەشماران
لەگەر کێژی گەورەماران

یاخوا هەر شەوێت ڕۆژ نەبێتەوە
دەستم لە یەخەی یار نەبێتەوە

شەمار وەرە فێنکی درم
قاقەز دەنووسم لۆ گورم
شەماری وەلی دێوانە
دەگەڕێ وەکو پەروانە
لەیلم لە کێندەر میوانە ؟

لۆمەم مەکەن سیاپۆشم
شەو عەودارو ڕۆژ دەرۆشم
جزیای باری خۆم دەکێشم

بم‌ێن لە تاوە بم‌توێننەوە
بم‌ێن لە باوەش بم‌لاوێننەوە

ماریان باردەکرد لەبۆ هەواران
کەلەکەی بڕیم زێدە لە یاران
لە شوێنەواری جێگەی بەهاران

هەرچەند دەکەم در پیر نابێ
دەستم لە مەمکان گیر نابێ
یار منداڕە لۆم ژیر نابێ

هەرم گرن بە چاردەستی
بمبەن لۆ حوجرەی چاومەستی
شینم لۆ بکەن بە تەرزەستی

هەرم گرن بە پێنجو دوو
بمبەن لۆ گەڕەکی ژێروو
شینم لۆ بکەن بووکۆ خەسوو

چاوی مەستت بە خۆمارەوە
مەمکت سێوە بە دارەوە
خوا هەرناگری مەی شارەوە

با بچین لۆ بانە شەدە هەرزانە
شەدە قابیلی بارا بەزرانە

بە سەفەر دەچمە سندووسی
مەمکت سێوی عوروسی
چی بکەم کاری خودایە
چارەت لە گولەی نەنووسی

(گوندی نازەنین لە کاك کۆسرەت کەریم وەرگیراوە)

مانگ لە عاسمان ڕاوەستاوە
ئەستێران دەورەی لێداوە
یاری خۆمەو لێم تۆراوە

بڵێن به له‌یلم نه‌بێ به ته‌مام
قورعه‌م ڕه‌ش ده‌رچوو کرام به نیزام
هه‌ی‌داد هه‌ی بێ‌داد ، ته‌نیا مامه‌وه
ئه‌و خۆشی‌یه‌ی دیتم یه‌ك یه‌ك دامه‌وه

هه‌سته له خه‌وێ بزانه چیم ده‌وێ !
له خاری کورمت دوو ماچم ده‌وێ

هه‌ر هه‌نده‌م ماوه بم‌ێنن له قه‌فه‌س
نه چاو تێرده‌بێ نه در ده‌رێ به‌س

ئه‌و کچه له‌و ماره قه‌وری داوه‌پێم
ده‌رکی ده‌روازه داخراوه لێم

هه‌سته با بڕۆین لۆ ولاتی خۆمان
خێره‌ومه‌ند زۆرن خێر ده‌که‌ن پێسان

مانگه‌شه‌و خۆشه داوێه له هۆبه
ماچ‌کردن خۆشه نۆبه به نۆبه

که‌پره‌کت لۆ بکه‌م له بناری گوندی
ده‌چمه کن داکت به زاوابه‌ندی
داوێسه که‌پری په‌لکی گیابه‌ندی
ده‌ست له ملان بکه‌ین هه‌ر به بێ‌وازی
سه‌ر په‌نجه‌ت نه‌رمه بۆ شه‌و ده‌ستبازی

مانگه‌شه‌و خۆشه چرپه‌ی ناوکۆران
ده‌م له‌سه‌ر ده‌م بی ، ده‌ست له مه‌مکۆران

باراکەت بەرزە ، شەو پەرژینم بێ
زوڵفە لوولەکەت بە سەرینم بێ

خۆزگەم بەو ماڵەی دەستاڕی لێیە
شەققەی ماچو مووچ شەو لەناو جێیە

هەر دەڕوا لۆ سەر بێری
چاڕۆك مەڕەزی چوشتیری
یاخوا ئێرە بە قوڕێ گیرێ
بەدکار زۆرن دۆست ناگیرێ

هەروا دەڕوا لۆ سەر ئاوێ
زڕەو پۆیلەی دەکا ڕاوێ
دۆستی گرتیبەو ئەتۆی ناوێ

هەروا دەڕوا لۆ کۆڵی
بازیبەندی زێو لە قۆڵی
ڕوومەت گۆری ئەستەمبۆڵی
ماچەکمان دەیێ لە ڕێی کۆڵی

هەروا دەڕوا خۆی دەشڵێنی
ئێمەنی سۆر پێی دەگوێنی
حەیفە گولە بت گەوزێنی

هەروا دەڕوا بناوبنە
سۆڵی زەردی دەرزیچنە

خۆی لێمەدەن بێوەژنە
خۆی لێمەدەن یاری منە

هێل‌و جه‌زۆو قه‌نه‌فر
ئه‌گه‌ر یار له حوزووری بی
بۆنی نادا خونچه‌گور

دانیشتی‌یه له‌سه‌ر جۆنی
قه‌یتانی ڕه‌ش وا ده‌هۆنی
شه‌و تاریکه کردی ڕۆنی

دانیشتی‌یه له بن تویێ
ئاروو‌ی ده‌خوا به چه‌قوێ
سوبحانه‌ڵڵاڵ ته‌بعم چوێ

دانیشتی‌یه له‌سه‌ر بانی
کل‌و کلدان له‌سه‌ر ڕانی
سوبحانه‌ڵڵاڵ چه‌نده جوانی

(گوندی‌سناوه له کاك مه‌ولوود که‌ریم وه‌رگیراوه)

به‌سته‌ی شایی :

هانای به‌به‌ر خوای ده‌به‌م
دوومین به‌به‌ر سوبحانی
کارسازی کاران ئه‌توی
به خۆت ئیشان ده‌زانی
عاشقی نازداریێ بووم
ئه‌مشه‌و ده‌بمه میوانی

به‌ژنی یارم شه‌نگه‌بی‌یه
سه‌یری ده‌عیه‌و عینوانی

عەباو پێچەی لە خۆدا
دەستووری شارستانی
کەیفی گۆتنێم هەستایە
وەك عەلی بەردەشانی
دەستم کرد بە گۆتنێ
با بکەم مەدحی زولفانی
زولفو پەرچەمی زەردن
بەرێداوە کۆیێیانی
کلاوی ڕەواندوزی
تێئالاندوە کاشانی
دوو هەوری لە ملیدایە
دەستەسرِ لە گیرفانی
کەوایەکی لەبەردا
کراس پەلکی ڕحانی
ئاوێنەی لە بەڕکێیە
شەوقی دایتە کلدانی
پشتو پشتبەندی جوانی
گرێیداوە دزەیێیانی
زڕەو کۆیلەی لە خۆدا
خۆی ڕێك دەخست کێژانی
ڕیشووی هاتە خوار
کەوتۆتە سەر ڕانانی
چاوی دەلالێم ڕەشە

هەر وەك چاوی جەیرانی
چاوی خۆی پڕ دەرمان کرد
نەی‌کردوە بارگرانی
شێتو شەیدای سەحرامە
جەرگم بوویتە بریانی
گۆشتم لە خۆم حەرام‌کرد
هەر وەك گورگی کەنعانی
خواردنم گیاو گۆڵە
لە میسالی حەیوانی
خزمینە چیم لێدەکەن
ئەی برادەرانی جانی
دوو پیاڵەی گوڵسوورم دیت
لەو قەیسەری‌و دووکانی
قیمەتیان تەواو نابێ
نەینم خەزنەی سوڵتانی
ئەگەر بابی بمری
شەوەك دەبمە میوانی
لەبەر خاتری چاوی ڕەش
دەکوژمەوە قوربانی
خێری مەلائیکەتان
سەیدی ئاخری زەمانی

* ★ *

هانایێت وەبەر دەبەم
ئەوجا بەبەر تۆ خوایە
کێوت کردیە بە لەنگەر

دروستت کردیه چیایه
ئەو ئاسمانی ڕەفتوڕوون
بێ ئەستوون ڕاوەستایه
کانی هەموو ئاون
سەحرا هەمو گیایه
ماری بابی نازداری
لەسەر گۆر هەریاندایه
بە کراسی مەڵەس کتان
یەخەو بەری نەخشایه
دوو مەمکی دومبەڵانی
بە جووتە هەڵیاندایه
لە مابەینی دوو مەمکان
دوو مامزی لێنووسرایه
پڕ بە چاو تەماشام کرد
چاوم وا لێوی ڕسکایه
سێ ڕۆژە یارم زیزە
دەیگۆ کلم نەمایه
لێوم لێگەست ئەی نەفام
لۆ خەبەرت نەدایه
گوارەو خەزێمی زێڕە
لە ڕەواندزێ کرایه
چاوت ئەستێرەی جەدی
لە مەولەق ڕاوەستایه
ددان ڕێزەی مرواری
بە نەشتەر هەرقەنایه

ڕوومەتی شەکرەسێوە
تازە خینی تێزایە
لێوو زاری چەند تەنکە
شیرنتر لە خورمایە
زمان کەللەی شەکری
لەناو دەمی گەڕایە
قوربانی ئەو دایکەمە
مەمکی لە زارت نایە
حەوت سارە بە تەمایمە
تازەم هێنایتە ڕایە
ئەگەر یارم ناناسی
بەهیەی کێژێ مەلایە

* ★ *

هانای بەبەر خوای دەبەم
دوومین بەبەر ڕەسووری
عاشقی نازدارەکی بووم
ماریان وا لە مەخموری
دەبڕی گورینگی مافووری
تەنکتر لە فەخفووری
دوێنێم چاو بە یارێ کەوت
شیرنە دەستو کەوگیری
لە کنی وایە گێژنەیە
خۆی خەملاندیە بە سۆری
ناوقەد شووشەی بلەورە
چاو مێوژی ڕەشمیری

ده کچێ بێنه ماچت کهم
سهڵهی مهلا باپیری
حهوت ساران له دووی گهڕام
گهڕاوم به فهقیری
یارێ خۆم بهکێ دهشباند
به خانزادێههریری
بهخۆم در بریندارم
ئهورۆ سهرم زۆر دێشی
حهیفه لۆ دهشتی کۆیه
چۆل بوو پێرار زستانێ
ههر سێ مانگی زستانێ
گهواره‌ی لا نهدانێ
دمغرو دانیان لۆ نهما
مهڕو ماڵیان بهردانێ
شهدهم لۆ یارێ دهکڕی
ههرم دهگرت له توکانێ
ههر نیو دینارم مایه
لهبۆ گورینگ لێ نانێ
چیبکهم یارم لێم زیزه
ئهورۆ له سهری نانێ
گورو ڕهیحان خهمریوه
بای هێنانه ههژانێ
داکی کارمامزان سڕن
تاژیلهم بهر دهدانێ
بهسته باریکه‌ی دهگرت

لە نشێوی حاجیلانێ
هاوار لە منی غەریبیان
کوشتیان بەوێ بوهارێ
دەچمە پێشی خێڵەکیان
لێیان دەکەم پسیارێ
ئەو دێ ڕوو وەکی بۆریان
لە بەحرێ بێنە خوارێ
خۆ عەبدالی بەڕێیە
دیتمان ڕووەکی سیا
قازو قورینگ هەردەفڕین
دەچوون لۆ گوراوێیا
شاپەڕی خۆ شۆڕ دەکەن
دەچنە سەری تۆتیا
لەوێندەر هەرنانیشن
لە ترسی تفەنگچێیا
بۆن دەکەم گەردەنێ زەرد
دەستم لەسەر کەزێیا
سێ ڕۆژە بریندارم
بە دوو چاوی بەنگێیا
یارێ دەستێ خۆ بگرین
لۆ وراتی عەریبێیا
دەرێن قەومەکی باشن
لۆن دەکەن مەسرەتێیا

* ★ *

ئەورۆ سەرم زۆر دێشی
دەردێ لە درم بەژانە
دەچمە بن دێدەوانی
ئەو بەر ئەو بەر پاوانە
ئەو گەرمێنی بامەندان
مولکی مامەسێنیانە
بەرگردی قەرەبەگی
ئەو بەر ئەو بەر بیستانە
دەراوی گۆمە تارێ
جێگای چاوبەکلانە
بیری مەحموودی سەنتان
لەسەر ڕێی کۆچەرانە
کێژی سەر دۆریان هاتن
دیار بوو کۆریان لێدانا
دەسووتامو دەبرژام
لەبەر شەدەو شیلانا
لەبەر ناسکو چاوجوانان
لەبەر گێبەگوارانە
لەبەر بازنزیوانە
پۆڕیجەی سمایلاغەی
ئەو گوند لەسەر هەموانە
بیرەکانی شێخعەلی
قەدیم هەر جێی شێخانە
بستی شاقازیم خۆشە
وا دیارە لەو بستیانە

وەرە یارێ با بڕۆین
لۆ سماقوری سەیدانە

گۆرانیی‌شایی : دەك نەمێنێم نەمێنێم

دەك نەمێنێم هەر ئەزە
سینگێ بیستانو ڕەزە
بە درێ خۆم لێ‌کرد حەزە

حەزم کردیە لە چاوی
لە سێ‌بەندەی کراوی
ناوێرم بینم ناوی
لەبەر باوکە گراوی

دەك نەمێنێم وەك نەمام
سینگت باغی بە تەعام
منداڕ بووم پێ بووم تەمام
بەو کەعبەی ناوت دێنم
لەپێش یارێ ڕاوەستام
بەژنو بارای ببینم

وەك بولبولی خۆش‌ئاواز
بەندانی لۆ دەخوینم
چەکی زێڕ تەمام ئابێ
خەزنەی شای لۆ دەشکێنم

چ ماری زۆرم‌نێیە
لەبۆ خۆ دەری دێنم

چ ماینی چاکم‌نیە
لەبۆ خۆ دەیڕفێنم
چ حاکمەکی عەدل‌نیم
بە زۆر لە برای بستێنم
ئەگەر بە مانگەشەوێ
پارێزی لێ‌بستێنم
دەستی بگەینمە قۆری
لە پار داکی دەڕێنم
چی دیکەم لە مست نایێ
هەر ئاخی لۆ هەردێنم

* ★ *

بە ئاخان لۆم پێك‌نایە
دەستم دامەنی تۆبی
غەوسی مار لە بەغدایە
شێتو شەیدای سەحرایمە
گەڕیدەم لە دنیایێ
هەر وەك مەجنوونە شێتەی
عەشقی چاوی لەیلایە
ئەمنیش وەك کاکەمەمی
بێ مرادم لە دنیایە
حەفت سارە بە تەمایمە
تازە هاتیتە ڕایە
قوربانی شەمامانم
سووربوون لەبەر شەوبایە
مەمك سێوی مەجلیسان

چاوت پیارەی چایە
گەردەن ماینی کەحێلە
بە خۆم تەورم دەدایە
دە کچێ بێنە ماچت کەم
جوانی هەموو دنیایە ..

* ★ *

هانایێت بەبەر دەبەم
دەردێ لە درم بەتاوە
زەینمدا بەژنێ باریك
هەشتێ زولفی بەرداوە
سینگت چیای کۆسرەتێ
تازە لێی‌شین‌بوو خاوە
بە شەو تەمو تومانە
بە ڕۆژ خۆرو هەتاوە
تیرەکی لە جەرگی دام
لە درم بووینە تیراوە
دەستی شۆڕێم نەگاتێ
بێشکە کارم کراوە

* ★ *

بەو خالقەی بە هەواوە
هەزارو یەکی داناوە
ڕەش‌بەڵەك دەست‌گیراوە
زەردو سوور تێکەڵاوە
پەنجەم لە پەنجەی ناوە
تازەی ڕەش‌کرد دووچاوە

دەڵێی پێنسەدم پێداوە
دەرێی بازی سەربەکڵاوە
هەروا دەبی بوکێوزاوا
ڕەبی خوایە مارت ئاوا

❋ ★ ❋

بای شەماڵ دەبزێوێ
دەمەک دێو دوو دەم نایێ
دەیدا لە گورینگی شۆڕێ
گوارەی هێنا سەمایێ
سینگ مافووری خۆراسان
هێنام لە لای بەغدایێ
ڕۆژێ یارم مێوان بێ
ڕای بێخم لە بێرایێ
چاوی نازرداری ڕەشە
مامزی ئەشکەوسەقایێ
دەعوای سێ ماچم لێکرد
پرسی دەکرد بە دایێ
بای شەماڵ دەبزێوێ
دێتنبە چلەی هاوینێ
سینگ مافووری کاشانێ
هێنام لە لای دووێنێ
ڕۆژی یارم مێوان بێ
ڕایدێخم لەسەرینێ
چاوی یارم جوانە
خۆری مەغریبزەمینێ

سەلامەکم لێ دەکرد
ماندی نەبی هەمینێ
دوو ڕۆژە بریندارم
بە دوو چاوی ئامینێ

❋ ★ ❋

بای شەماڵ دەبزێوێ
دێتن بە چلەی زستانێ
سینگ مافووری شکاکێ
هێنام لە لای لاجانێ
ڕۆژێ یارم مێوان بێ
ڕاێ دێخم لە دیوانێ
چاوی یارم زۆر ڕەشە
کارمامزی بەلەبانێ
دوو ڕۆژە بریندارم
بە دوو چاوی گوستانێ

❋ ★ ❋

لۆت نمایمە نمایمە
لۆت نمایمە لە ڕێزا
کێژوکاری گوندی مە
گرتیان دەراوو ڕێزا
ڕاموسانی گەردەنیان
بابە چەندە لەمجێزە !
یاری خۆم بە کێ دەشباند
دەڵێی خاتوو تەورێزە

❋ ★ ❋

هانایێت بەبەر دەبەم
خالق گەلەك گەورەیە
بێ جێگەو بێ مەکانە
حوکمی لە هەمووی هەیە
ئاشقی نازدارەکیمە
ماریان جیرانی مەیە
خانیان لەسەر پەڕێیە
حەوشیان بە قەمتەرەیە
بەکراسی مەڵەس کتان
چارۆگی عەتیکەیە
بڕۆنە قەفەی کەزیان
هەمووی بە گوروازەیە
قورینگی دەشتی گەرمێنە
سەر پەنجەی بە خەنەیە
گۆریەی لەپێ چەلینە
قۆندەرەی بن عانەیە
تیرەکی لە جەرگی دام
لێی کردیمە تیراوە
خزمینە بڕوام پێبکەن
ناوم لە هەمووی هەیە
ئەوەی خودا نەی نووسی
هەوڵدان بێفایدەیە

گۆرانیی دروێنە

کاکە نۆبەی سینگیە
دوو شەمامەی گرتیە
یەك سۆرە یەك سپیە

هەرچی شەمامەی سۆرە
قیمەتی کیسەی مۆرە
لە دەست منداران زۆرە

هەرچی شەمامەی سپیە
خەت خەت ڕۆستەم بەگیە
لە سولەیمانێ هاتیە

بە پێنج سەتیم کڕیە
ئۆباڵ بە ملی یەختیاران
دەڵێن گران قیمەتە
ئۆباڵ بە ملی جاحێران
دەڕێن بە خوا هەرزانە

* ★ *

هەی نارێ هەی شۆڕێ
لەسەر کانیێ پیرزینی
هەی نارێ . . . . .
مەمکت شانەی هەنگوینی
. . . . . .
